


# ڕاستیی ڕووداوەکان

جەلیل گادانی

# راستیی ڕووداوەکان

خوێندنەوەیەك بۆ ١٤ کتێب
لەسەر حیزبی دێموکراتی کوردستان

جەلیل گادانی

# پێرست

پێشەکی ........ ٥

بەشی یەکەم

ئاوێنەی راستییەکان ........ ١١
ژیان و بەسەرهاتی عەبدولڕەحمان زەبیحی ........ ٣٣
خاطرات و دردها(جلد نخست) ........ ٥٣
خاطرات و دردها(جلد دوم) ........ ٥٥
سەردەمی کارەسات ........ ٧٣
کوردستان و بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد ........ ٩٥
کۆماری کوردستان ........ ١١١
کورتە مێژووی بنەماڵەی قازی لە ویلایەتی موکری ........ ١١٧
پشکۆیەك لە خۆڵەمێشدا ........ ١٢٥
سەربردەی ژیانم ........ ١٣٣
مێژووی کۆماری کوردستان لە وێنەدا ........ ١٦٥
یای مینای قازی هاوسەری پێشەوای نەمر ........ ١٧٣
١١ مانگ و ٢٠ ڕۆژ بەختەوەری ........ ١٨٩
نسکۆ و دابڕان ........ ١٩٧

بەشی دووەم

بیرەوەریەك ........ ٢١٧
بۆ عەجەمی شینپۆش بێزار بووم؟ ........ ٢٢١

چوار پیاوی ئازای شار ........ ٢٢٧
دامەزرانی مەدرەسەی کوردی شەوانە "گەلاوێژ" ........ ٢٢٩
هاتنی بارزانی‌یەکان بۆ مەهاباد ........ ٢٣٣
گیرانی شارەوانی "ئیدارەی پۆلیسی مەهاباد" ........ ٢٣٧
شاری مەهاباد لە زەمانی ژ-ك و کۆماردا ........ ٢٤٣
کۆمەڵەی ژ-ك چۆن بوو بە حیزبی دێموکراتی کوردستان؟ ........ ٢٤٥
رۆژی راگەیاندنی کۆماری کوردستان ........ ٢٤٧
دوو بیرەوەریی ناخۆش ........ ٢٥٥
تێکچوونی کۆمار ........ ٢٥٧
بارزانی‌یەکان مەهاباد چۆل دەکەن ........ ٢٦١
ناخۆشترین بیرەوەری ژیانم ........ ٢٦٥
لە بواری نیزامی ........ ٢٧٣
لە بواری بێهداشت و فەرهەنگەوە ........ ٢٧٩
شەهێد کرانی سلیمانی معینی ........ ٢٩٣
کۆچی دوایی کاك عەزیزی یوسفی ........ ٣٠١
بەربوونی کاك غەنی بلووریان لە بەندیخانە ........ ٣٢١

# پێشەکی

بە پێچەوانەی ڕابردوو کە خەڵك زۆری گرینگی بە نووسینی بیرەوەری و بۆچوونی خۆی نەدەدا و زۆر بە بێ خەمی لە مێژووی دەروانی و پێیان وابوو دەبێ هەر خەڵك نە هەر مێژوو بەڵکوو کەسانێکی وەك ئۆسکار مان یا مینۆرسکی مێژوو و جوغرافیا، بەیت و باوەکان و فۆلکلۆر و نەریتەکانیان بۆ بنووسنەوە و بە دیاریی بۆ خۆمانی بنێرێتەوە کە بە هەرحاڵ ئەوەش کە بۆیان پاراستووین و کۆیان کردۆتەوە جێگەی سپاس وپێزانینە.

بەخۆشی‌یەوە ئێستا بە تایبەتی ئەوانەی کاری سیاسی و لێکۆڵینەوە دەکەن و بیروباوەڕی نەتەوەییان هەیە زۆر بەرپرسانە لەسەر فۆلکلۆر، مێژووی ڕوداوەکانی ڕابردوو، ڕووداوەکان کار دەکەن و هەر کەس لە ڕوانگەی خۆیەوە چی لە بیرمابێ دەینووسێ و بۆ نەوەکانی کەم ئەزموون بەڵام تینووی زانست و زانیاری ئەمڕۆ و بگرە بۆ نەوەکانی داهاتووشی بەجێ دیڵێ.

دیارە هەموو کەس لە هەموو تەمەنێکدا شتەکانی وەك بوون و ڕوویانداوە لەبیر نامێنێ، سەرەڕای ئەوەی ئەو لێکۆڵینەوە و نوسینانە هەرکام بە بارستایی زانیاریی و هەوڵی خاوەنەکانیان شتی بە کەڵك و بەسوودیان تێدایە و ڕەنگە هەر نووسەرێك لە ڕوانگەی تایبەتی خۆی ڕووداوو هەڵسوکەوتەکان بێنێتە سەر کاغەز و زۆریان بەپەلە و بەهەر مەبەستێك هەیانە هەوڵدەدەن بێ ڕاپرسی بە دەورووبەری خۆیان یا کەسانی خاوەن نەزەر بێ ئەوەی پێیدا بچنەوە چاپی کەن و بیخەنە بەر دیدی خوێنەران هەرچەند لە سەریەك هەموویان کەڵکیان هەیە گەلێك جار ئەو بەرهەمانە بەم هۆیەی لە سەرەوەدا باسم کرد هەڵەیان تێدەکەوێ بەڵام لە ڕوانگەی خوێنەرەوە بۆتە ئەمری واقیع و بە ڕاحەتی وەریدەگرێ و لە بیروزەینی‌دا دەچەسپێ و بە ناحەق دەبێتە مێژوو، ئەگەر خوێنەر پرسیارێکیشی بۆ

بێتە گۆڕێ دەستی بە نووسەر ڕاناگا پرسیارەکەی لێ بکا و وڵام وەرگرێتەوە و لە ئاکامدا ئیشکالەکانی بۆ حەل نابێ.

منیش عادەتم وایە هەر کتێبێك دەخوێنمەوە، ئەو شتانەی پێم نادروست بن عەلامەتیان لێ دەدەم و دوایە بۆ ڕاست کردنەوەی هەڵەکان بۆچوونی خۆمیان لەسەر دەنووسم و ئەگەر بۆم بلوێ چاپیان دەکەم تا ئەگەر خوێنەرانی پێشووی ئەو کتێبانە سرنجیان نەدابێتێ و شتێك ناروون بێ بۆیان روون بێتەوە، یەکێك لە مەبەستەکانیشم ئەوەیە ئەگەر نووسەری هەرکام لەو کتێبانە بۆچوونەکانی منیان قبووڵ بێ لە چاپەکانی دواتردا بیخەنە بەرچاوو ئەوەندی دەکرێ هەڵەکان ڕاست کەنەوە و کتێبەکەیان بە کەمترین کەم و کووڕی چاپ کەنەوە.

ساڵی ٢٠٠٠ کتێبێکی لەو بابەتەم لەژێر سەردێڕی "با نەبێتە درۆی پاش مردوو" چاپ کرد و پێشوازیەکی باشی لێکرا. بەدوای چاپی ئەو کتێبە و ڕەنگە هێندێك پێشتریش وێڕای موتاڵای ڕۆژانە کتێبی جۆراوجۆرم خوێندوونەوە بەڵام لەنێو ئەوانەدا دە پازدە بەرگیان لەسەر ژ ـ ك و کۆمار و حیزبی دێموکرات و کەسایەتی‌یەکان نووسراون کە لەسەر هەرکامیان بە کورتی بۆچوون و ڕوانگەی خۆم نووسیوە، لەمێژیشە رامگرتوون بەڵام خۆ ئەمنیش بە تەمای عومری نووح نیم و لەجێ‌یەك ماڵئاوایی لە گەل و نیشتمان دەکەم.

بۆیە بە پێویستم زانی لە بەرەبەری ٧٠ ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا، ئەوانەی ئێستا ئامادەی چاپن لەبەرگێكدا کۆ بکەمەوە و بە مەبەستی داکۆکی لە حیزب و پێشەوا و کۆمار دەگەڵ چەند بیرەوەرییەکی خۆم بیخەمە بەردەستی خوێنەرانی بەڕێز تا ئەگەر نووسەرەکانی ئەو کتێبانە بەتایبەت و خوێنەران بە گشتی کەوتە بەردڵیان لە شوێنی خۆیدا کەڵکی لێ وەرگرن.

بۆهاسانکاری ناوی هەر کتێبێك و بۆچوونەکان بە پێی لاپەڕەی کتێبەکە دیاریی کراوە و لەمڕیزبەندیەدا دیارە تا نووسەر یا خوێنەر ڕاست بتوانێ بچێتە سەر بابەتی دڵخوازی خۆی.

هیوادارم ئەگەر لە هێندێك شوێن چەمکی نووسینەکەتان بەدڵ نەبوو، تووڕە نەبن و بێ دەمارگرژی بەدەلیل وڵامم بدەنەوە منیش بە سینگ فراوانی قبووڵی دەکەم یا وڵامی مەنتقی و پێویستتان دەدەمەوە.

لە کۆتاییدا سپاسی هەموو ئەو هاوڕێ و دۆستانە دەکەم کە بە هەر شێوەیەك بۆیان لوابێ لە تایپ کردن و دیزاین و ئامادەکردنی بەرگ و چاپکردنی ئەم کتێبەدا هاوکاریان کردووم.

پووشپەڕی ١٣٩٤

# بەشی یەکەم

# ئاوێنەی ڕاستی‌یەکان

بـۆ سـەفەر چووبـوومە دەرێو کۆمیتەکـانی حیـزبو هاوڕێیـانم بە سـەر کردەوەو بە وڵاتو شارەکاندا دەگەڕام. لە شاری "ئـۆروبرۆ"ی سـوئید شـەوێکی میوانی میرزا خدر مەرەسـەنە بـووم کە بەسـتەیەك نووسـراوەی خـۆی هێنـاو پێـی نیشـان دامو گـوتی: ئەوە بیرەوەریەکـانم نووسـیوەو حەز دەکەم چـاوێکی لـێ بکەیو ئەگەر مەجالت هەبوو پێیدا بچیەوە.

منیش هەر ئەو کات لاپەڕەکانم هەڵداوەو لە هێندێك جێم ڕوانـیو چـاوم بە چەنـد ڕسـتەیەك کەوت کە بە بـاوەڕی مـن نەدەبـوو بنووسـرێنو هێنانیـان لەو یادداشتانەدا زیان بارە.

پێم گوت: کاکی برا من هەر سبەی لێرەمو مەجـالم نـیە پێیـدا بچـمەوە بەڵام ئەگەر بتەوێ لە حیزبی دێموکرات دا بمێنیو تێکۆشـانت هەبـێ پێویسـتە چـاوی پێدا بخشینیەوەو بیدەی بە یەك دوو کەسیش لێی بڕوانو لە جیـاتی منـیش پێیـدا بچنەوە.

گوتی: جا بیدەم بە کێ؟

ـ بیدە بە کاك سەعیدی بەگزادەو کاك بێهروزی کوردئەحمەدی، ئەو دوانە لە بواری سیاسیو ئەدەبیدا خاوەن ڕاو لێزانن.

گوتی: جا بۆ خۆت پێیان بڵێ با ئەو کارەم بۆ بکەن.

ـ بە چاوان سبەینێ پێیان دەڵێم.

بەیانی تەلەفونم بۆ هەردوکیان کرد وەڵامیشیان یەك بوو: "خۆ دەزانی ئێمە کار دەکەینو گرفتی خۆمان هەیە بەڵام مادام تۆ دەفەرمووی بە چاوان وێمان دا بۆی تەماشا دەکەینو ئەوەی لە دەستمان بێ دریغی ناکەین.

منیش زۆرم سپاس کردنو ئاکامەکەشم هەر بە تەلەفون پێ ڕاگەیاند کە ئەوان ئامادەن هاوکاریت بکەن. دوای چەند ڕۆژێك گەڕامەوە کوردستان. ساڵێك زیاتری پێ چوو ڕێگەم کەوتەوە سوئیدو هەر لە شاری "ئۆروبرو" وێڕای سەردانی هاوڕێیانو بنەماڵەکانیان شەوێك سەردانی ماڵە میرزا خدریشم کرد.

دوای بەخێر هاتنو چاكو چۆنی دەگەڵ خۆیو خاووخێزانی کە بە تێکڕا خۆشم دەویستنو ئەوانیش زۆریان لوتف هەبوو، ئێستاش هەر وایە، میرزا خدر گوتی :

کتێبەکەشم چاپ بوو.

زۆرم پێ خۆش بوو گوتم کوا حەز دەکەم هەمبێ.

چووە لای کتێبەکانیو نوسخەیەکی بۆ هێنام. کە تەماشام کرد هەڵەو پەڵەکانی هەر وەك خۆی بوو.

پرسیارم کرد دات بەو دوو برادەرە لێی بڕوانن یان خێر؟

گوتی: دام بە کاك بێهرووز بەڵام بە کاك سەعیدم نەدا.

گوتم: ئەو شتانە هەر لە جێی خۆیەتی ئەدی چاکی نەکرد.

وڵامی داوە: داومەتێو تەماشای کردوە.

گوتم: ئەدی جاران بێهروزو بەهار دراوسێتان بوون لێرە نین بنێرین لە دوایان بێن چاوێکم پێیان بکەوێ؟

وڵامی داوە: چوونەتە سەفەرێو نەهاتوونەتەوە.

زۆری پێ نەچوو دیار بوو هەر ئەو شەوە لە سەفەر گەڕابوونەوە کە زانیبوویان من هاتوومو لە ماڵی میرزا خدریم هاتن بۆ لام پاش ئەحواڵپرسی گوتم:

ئەرێ بۆ باشت چاو لە کتێبەکەی میرزا خدر نەکردوە، ئەوە چاپیش بووە بەڵام هێندێك شت هەروا لە جێگەی خۆیانن.

گـوتی: بـاوەڕکەن مـن زۆر بە وردی پێیـدا چـوومەوەو کەم لاپەڕەش هەیە دەستکاریم نەکردبێ بەڵام میرزا خدر خـۆی حەزی لەوەی بـووە بە دڵـی خـۆی چاپی کاو گوێی نەداوەتێ. کوا پێش نووسەکەت بێنە بـا پێـی نیشـان دەم چۆنم دەستکاری کردوە.

میرزا خدر گوتی وەڵا لێرە نیەو لە ستۆکهۆڵمە.

دیار بوو قسەی بێهرووز ڕاست بوو میرزا خـدر ویسـتبووی بە کەیفـی خـۆی چاپی بکا.

زۆری پـێ نەچـوو هەر کە کـاتم دەسـت کەوت خوێنـدمەوەو هەر دوای تەواوبوون ئەو یادداشتە کورتەی ژێرەوەم لە لاپەڕەی یەکەمو ژێر ناوی کتێبەکە نووسی.

ڕێکەوتی ١٣٨٠/٩/١ لە خوێندنەوەی کتێبـی ئـاوێنەی ڕاسـتییەکان بـوومەوە شتی ڕاستی زۆر تێدایە بەڵام باس کردنی هێندێکیان لەو هەلومەرجەدا دروسـت نیە. هیچ کەسو هیچ ڕێکخراوێك نەپارێزراون هێرشی بۆ زۆر لایەن تێدایە، باش تەنزیم نەکراوەو تێکەڵ پێکەڵە، زۆر شتی تێدا کە دەبێ وڵام بـداتەوە یـان ڕوون بکـرێتەوە" وێـڕای خوێنـدنەوەی کتێبـەکە زۆر شـوێنم نیشـانە کـردوە ئێسـتا کە مەجالم دەست کەوتـوە جێگەی خـۆیەتی کە هێنـدێك پرسـیار بـکەمو هێنـدێك شتیش لەسەر ناوەڕۆکی ئەو کتێبە ڕوون کەمەوە .

زۆریشم پێ خـۆش بـوو کە وەك ئەمەگناسـیش بـێ کتێبـەکەی پێشـکەش بە بـاوکی کـۆچ کـردووی "مـام ڕۆسـتەم"ی ڕەحمەتـی کـردوە کە تێکۆشـەرێکی دێرینی حیزبی دێموکرات بوەو من لە بەندیخانەی قـزل قەڵاو قەسـری قاجـار لە تاران بە خزمەتی گەیشتم. تا ئەوپەڕی کوردایەتی کورد بوو، تا بڵێی لەسەرەخۆو هێمن بوو و بە تەمەنی نزیك ٨٠ تا ٩٠ساڵیەوە حەزی دەکرد شتی تازە فێر بێو پێی خۆش بوو بخوێنێو خوێندەوار بێ.

بەر لە هەموو شت لە کتێبەکەدا هەڵەی چاپیو ئیملایی زۆر بەرچاو دەکەوێ کە پێویستە لە چاپ کردنەوەدا راست کرێنەوە. بەڵام لە عەینی کاتدا زانیارییەکی باش لە زێدو ناوچەکەی خۆی وەك سەردەشتو سوێسنایەتی هێناوە کە بەکەڵكو بەجێن.

لە لاپەڕەی ١٢دا دەنووسێ: "شۆڕشی نوێی کوردستانی گەرمێنێ کە یەکیەتی نیشتمانیو حیزبی شیوعی هەڵیانگیرساندەوە لە ساڵەکانی ١٩٧٦ ـ ١٩٧٧ دەستی پێکردەوەو ناوچەی سوێسنایەتی جێگەو پێگەی پێشمەرگەکانیان بووە ".

ئەوەی وەك مێژوو دیارە هەڵایسانەوەی شۆڕشی نوی بە ناوی یەکیەتی نیشتمانی سەبت کراوە، نەمبیستوە حیزبی شیوعی خۆی بە خاوەنی ئەم دەست پێکردنەوەی شۆڕش زانیبێ بەڵام دواتر بە بەشی خۆیان تێدا بوونو لە پێناو گەل و خەڵكدا و زۆریش تێکۆشاون.

هەر لەو لاپەڕەیەدا دەنووسێ: "رێبەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان دوای شۆڕشی گەلانی ئێران بۆ ماوەی پێنج ساڵ لە ١٩٧٨ بنکەو بارەگای لەو مەڵبەندەدا داناوەو لێی ماوەتەوە "

یەکیەتی نیشتمانی رێکەوتی ( ١٩٧٦/٦/١) بە دامەزرانی خۆی دادەنیو هەموو ساڵی لەو رۆژەدا یادی دەکاتەوە.

شۆڕشی گەلانی ئێران ساڵی ١٩٧٩ سەرکەوتوە، رێبەری حیزب وەك دەفتەری سیاسی حیزبیش بۆ ماوەی پێنج ساڵ لەو ناوچانە ماوەتەوە. بەینێك لە شەڕی سێ مانگەدا لە ئاشی پشکاوی بوون لە دوای هەڵگیرسانەوەی شەڕیش بەینێك لە "سەر ئەشکەوتان"ی دۆڵی شێخانی مەنگوڕایەتی مەهابادو دوایەش بۆ ماوەیەك لە شیوەجۆی ناوچەی رەبەتو دواتریش بەینێك لە ناوچەی ئالانی سەردەشت ماوەتەوە. پاشانیش لە ژێر تەوژمی هێرشەکانی هەمەلایەنەی کۆماری ئیسلامیدا گەڕاوەتەوە کوردستانی گەرمێنو لە پێشدا لە گوندی گەلاڵی ناوچەی شینکایەتیو دواتریش لە گوندی گەورە دێ کە بە فەرمانی رژێمی بەعس چۆڵ

کرابوون‌و لەسەر ناوچەکانی موحەڕەمەو قەدەغەکراو حیساب بوو جێگیر بووین‌و ... کە وابوو ڕێبەری حیزب ماوەی پێنج ساڵ لەو ناوچەیە نەماوەتەوە. مانەوەی دەفتەری سیاسی لە کوردستانی ئێران ئەوپەڕەکەی سێ ساڵی خایاندوە نە پێنج ساڵ. دیارە ئەندامانی ڕێبەری لە ماوەی ئەو سێ ساڵەو تا چەند ساڵ دواتریش بە پێی لێپرساوی خۆیان لە هەموو ناوچەکانی کوردستان حوزوریان هەبوە.

لە لاپەڕەی ٢١دا دەنووسێ: "دواتر بە هۆی ڕێکەوتنی زلهێزەکان‌و قەرارومەدار لەگەڵ ڕێژیمی شاهەنشاهی‌و سەفەری پێشەوا بۆ سۆڤیەت ناوی کۆماری کوردستان کرا بە کۆماری خودموختاری کوردستان".

زلهێزەکان هەر لە کۆنفرانسی تاراندا کە لە ساڵی ١٩٤٣ واتە بەر لە دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەستراوە قەراریان دا شەش مانگ دوای تەواوبوونی شەڕی دووەمی جیهانی ئێران بەجێ‌بێڵن.

بەر لە چوونی پێشەوا بۆ سۆڤییەت کە هەر وەك سەفەری بەر لە پێکهاتنی کۆمار بووە باسێك لە کۆمار نەکراوە لەو سەفەرانەدا کێشەی زۆر دەگەڵ باقرۆفی سەرۆکی ئەوکاتی کۆماری ئازەربایجان‌و نوێنەرانی مۆسکۆ کراوە تا توانیویانە بیسەلمێنن کە کورد دەبێ حکومەت‌و ئیدارەی خۆی هەبێ. بە باوەڕی من ئەگەر ئەو سەفەرانە نەکرابان‌و ئەو هەموو دەلیل‌و بەڵگانە لەوێ نیشان نەدرابان کوردستان ئەو کۆمارەشی نەدەبوو کە ئێستا دوای دەیان ساڵ شانازی پێوە دەکەین. ناوی حکومەتەکەشمان وشەی خودموختاری پێوە نەبووە چونکوو ئەو زەمان وشەی کۆمار هەر لە قامووسی کورددا نەبووە. ناوی ئەو حکومەتە "جمهوری دێموکراتی کوردستان" بووە. ئەو ناوە لە هەموو بەڵگەکانی پاش ماوەی کۆماردا هەیە ئەو وشەی خودموختاریە دوایی لە ترسی ڕێژیم‌و ئێرانیە توندەکان هاتوەتە ئاراوە. من هەرچی بیر دەکەمەوە تابلۆکانی ئیدارات‌و شوێنەکانی ئەودەم دێنمەوەبەرچاوم وشەی "خودموختاری"م لەو سەردەم دا نەدیوە و لەسەر هیچ تابلۆیەك نەنووسراوە.

لە لاپەڕەی ٣٢دا باسی خوێندنی خۆی لە لای مامۆستا عەبدولخالق دەکا کە دەرسی پێ گوتوە، ئەوە راستە کە پیاوێکی بە رەچەڵەك خەڵکی سنە بووەو هاتوە لەو ناوچەیە گیرساوەتەوەو زۆری خزمەت بە خەڵك کردوە، بەڵام میرزا خدر دەنووسێ دواناوەندیم لە سەردەشت خوێندوە. دیارە بۆ خوێندن چوەتە سەردەشت بەڵام ئێمە لەساڵی ١٣٣٩ی هەتاوی کە لە زیندانی قەسر بووین کلاسێکمان بۆ بەندییە لاوەکانی خۆمان دانا کە تا کلاسی شەشی سەرەتایی دەرسمان دەگوتەوە. ئەو پۆلە لاوە تاقیکاری پۆلی شەشیان هەر لە بەندیخانەدا بە رەسمی لێ وەرگیرا زۆریشیان قبووڵ بوون. میرزا خدر لەو کلاسەدا بەشدار بوو دوایەش من بەینێك دەرسی تایبەتیم پێ گوت نازانم ئەو کەنگێ چۆتە دواناوەندی؟وەك پرسیومە ئەو کات کە ئەو باسی دەکا بۆ خوێندن پۆلەکانی سەرەتایی لە سەردەشت بوە.

لە لاپەڕەی ٢٦دا هێندێك شتی سەیرو سەمەرە لەسەر کۆنگرەی یەکی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەنووسێ کە جگە لە میرزا خدر نە کەس پێی وایەو نە کەسیش ئەو بیروباوەڕەی قبووڵە.

میرزا خدر لەم لاپەڕەیەدا دەنووسێ:

ئەوەی راست بێت تا ئێستاش وەك پێویست روون نەکراوەتەوە کە کۆنگرەی یەکەمی حیزب لە چ رۆژێك‌و بە چ شێوەیەك گیراوە. بە پێی سەرچاوەکان لەسەر کۆنگرەی یەکەم بۆچوونی جیاواز هەیە. هێندێك کەس ئەو کۆبوونەوە ناو دەنێن کۆنگرەی یەکەم کە ناوی ژێکاف گۆڕاوەو بۆتە حیزبی دێموکراتی کوردستان، بەشێکیش پێیان وایە رۆژی راگەیاندنی کۆمار لە لایەن پێشەوا قازیەوە لە مەیدانی چوارچرا وەك کۆنگرەی یەکەمی حیزب دێتە ژماردن. هێندێك لەو کەسانەی کە دوای رووخانی کۆمار لە رۆژی ٢٦ی سەرماوەزی ١٩٤٦دا بۆ زیندووکردنەوەی حیزب خەباتیان کردوەو تێکۆشاون کۆبوونەوەی دە پازدە کەسی خۆیان لە پاییزی ١٩٤٦دا بە کۆنگرەی یەکەمی حیزب دادەنێن.

بەڵام من پێم وایەو هەر دەبێ واشبێت، لەبەر ئەوەی کۆنگرە هێندێك دیاردەی تایبەت بە خۆی هەیە وەك گۆڕانکاری لە حیزبداو دانی چەندین بڕیاری گرینگ کە ئاڵوگۆڕی سیاسی‌و ستراتیژی‌و تەشکیلاتی بەدواوە بێت، ئەویش تەنیا لەو قۆناغەدا کە حیزبی دێموکرات خەباتی تێدا کردوە. لە گۆڕانی ناوی حیزب لە ژێکافەوە بۆتە حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ٢٥ی گەلاوێژی ١٩٤٦دا، بە پێی بەرنامەو پێڕەوی هەر حیزبێك‌و بە پێی ئوسولی تەشکیلاتی هەر ئەو رۆژە دەبێتە یەکەم کۆنگرەی حیزبی دێموکراتی کوردستان، چونکە ئەوە مێژووی حیزبێکەو گۆڕانکاری تێدا پێك هاتووە، ناوی حیزب لە ژێکافەوە بۆتە حیزبی دێموکرات. بەم جۆرە کۆنگرەی یەکەم دیاری دەکرێت...!"

کاك میرزا خدر! ئەگەر لە رابردوودا بەڵگە کەم بوە لە دەیەکانی دواییدا بەر لەو کتێبەی تۆ (ئاوێنەی راستی‌یەکان) چەند کتێب‌و مێژوو بە بەڵگەوە لەسەر حیزبی دێموکراتی کوردستان نووسراوە یا جەنابت هیچ کام لەوانەت نەخوێندۆتەوە یان دەبێ قبووڵت نەبن، ئەگەر قبووڵت نین بۆ؟ چ بەڵگەیەکی زیندووترت لەبەر دەست دایە کە ئێمە نیمانە بۆمان دەست نیشان بکە.

بۆیە لێرەدا بۆ خۆت‌و خوێنەرانی کتێبەکەی خۆت‌و خۆم جارێکی دی روونی دەکەمەوە کە لە ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢٤ی هەتاوی ساڵرۆژی ساڵگەردی دامەزرانی کۆمەڵەی ژ ـ ك مەسەلەی گۆڕانی ناوو بەرنامەکەی ژ ـ ك و بوونی بە حیزبێکی دێموکرات دێتە گۆڕێ‌و مەودایەکی دوو سێ مانگی بۆ راوێژکاری‌و تەدبیرو ڕا دەدرێ بە لێپرسراوان‌و ئەندامانی ژ ـ ك. سەرەنجام ئەو بۆچوونەو ئەو رێبەری‌و ئەندامانەی کە موافقی گۆڕانی ژ ـ ك بوون لە بەرنامەیەکی٨ ماددەییدا لە رێکەوتی ١٣٢٤/٨/١ واتە (هەوەڵی مانگی خەزەڵوەری ١٣٢٤)دا پەسەند و بڵاو دەکەنەوەو هاتنە وجوودی حیزبی دێموکراتی کوردستان رادەگەیەنن. پێشتریش لە زۆربەی کەسایەتییەکانی ژ ـ ك گێردراوەتەوە بۆ بەشداری لە کۆنگرەدا بێن بۆ مەهاباد. رۆژێ پێشتر ئەو بەرنامەیە بە دەست نوێنەرانی دەگاو رێکەوتی دووی

خەزەڵـوەر کـۆنگرەی یەکەم دەبەسـترێو دوای بـاسو وتـووێژ لەسـەر بەرنـامە هەشـت مـاددەییەکە ئـاڵوگۆڕێکی بەرچـاوو قـووڵتر لە پەیڕەوێکـی بیسـتو دوو ماددەییـەدا پەسـەند دەکـرێو کـۆمیتەی ناوەنـدی کە نیـزیکەی بیسـت کەسـن هەڵدەبژێردرێنو سەدری حیزب قازی موحەممەد دیاری دەکرێ. بـۆیەش ئەو بە سەدری حیزب دیاری کراوە کە پێشنیاری گۆڕانی ژ ـ ك و هەروەها ئاڵوگۆڕ لە بەرنامە هەشت ماددەیی پێشووی حیـزب دا بەشـێکی بەرچـاوی لە پێشـنیارەکانی پێشەوادا بوون کە میزانی زانیاری سیاسییو نەتەوەییو زانستی زۆر لە سەرەوەتری ئەندامانی دیکەوە بووە.

جا کە وابوو ئەو شتانەی لەسـەر دیـارنەبوونی کـاتو چلۆنـایەتی کـۆنگرەی یەكو هەڵبژێرانی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی حیزبـی دێمـوکرات نووسـیوتە بـێ بنەمایەو ناڕاستە.

لە لاپەڕەی ٢٩دا بە ناشـارەزایی هێنـدێك شـت لەسـەر چلۆنـایەتی پێوەنـدی حیزبی توودەو حیزبی دێموکراتی کوردستان دەنووسـێ کە سـەرچاوە لە بیسـتنی هێندێك زانیاری کـرچو کـاڵ دەگـرێ کە لێـرەو لەوێـی بیسـتوەو نەچـۆتە بـنجو بناوانی مەسەلەکانەوە.

هەروەها لەسەر دوکتۆر قاسملوو هەر لەو لاپەڕەدا هێندێك مەسەلەی راستو ناڕاستی نووسیوە کە زیاتر هەروەك لە پێشدا ئاماژەم پێکـرد ئەوەو هێنـدێك شـتی تـر بـۆ کـاك خـدر بـوونەتە ئەسـبابی دەردی سـەرو ئەنـدامەتی حیزبیـان بـێ موحەکەمەو لێپرسینەوەو مافی بەرگریکردن لە خۆ لێ ئەستاندەوە.

بەڵام میـرزا خـدر بەپـێچەوانەی ئەوانەی ئێسـتاش لە ترسـی لە دەسـت دانـی کورسیو مەوقەعییەتو لەبەر حورمەتی دوکتۆر قاسملوو ناوێرن باسی خەیـانەتی گەورەی سمایل قاسملوو بکەن زۆر بە روونی باس دەکاو منیش پێم وایە ئەگەر خزمی دوکتۆر نەبا نە هەر لێپرسینەوەی لێ دەکرا بەڵکـووو سەزاشـی بـۆ دیـاری دەکرا.

لە راستیدا سمایل قاسملوو بۆ خۆی ئەو مایەی تێدا بووە کە ئەو خەیانەتە گەورەی کردووە بەڵام لەم بابەتەوە نە دوکتۆر قاسملوو و نە عەبدوڵا ئیسحاقی تاوانبار نین. حەق وابوو لە کاتی خۆیدا وڵام بدەنەوە بۆ قەولیان پێدا بەرپێی کەن بۆ خوێندنو هەوڵیان بۆ نەدا؟ بەر لەوەی سمایلو رووحیەتی بناسن بۆ ئەو بەرپرسایەتییە عاستەمەیان پێ ئەسپارد کە هەموو کادرو ئەندامانی حیزب لە زۆربەی شوێنەکانی کوردستان بناسێ؟

بەپێچەوانەی ئەوەی کە کاك خدر لە لاپەڕەی ٣٢دا دەنووسێ ساڵی ١٩٥٧ سمایل خەیانەتی کردو لە ساڵی ١٩٥٩ واتە دوو ساڵ دواتر ئەو زەربە گورچووبڕە وە حیزب کەوت. گیرانی سمایل لە ناوچەی بانەو ئیعترافە بەربەرینو بێ سنوورەکەی رەشەممەی ١٣٣٧ی هەتاوی بووە و گیرانی خەڵك لە ساڵی ١٣٣٨ی هەتاویدا بووە کە دەبێتە ١٩٥٩ی زایینی، واتە شەش حەوت مانگ دوای گیرانی سمایل. سمایل جاری یەکەم کە دەگەڵ کاك رەحمان قاسملوو لە تاران دەگیرێ نە هەر بەرپرسایەتی حیزبی نەبوە رەنگە هەر ئەندامی حیزبیش نەبووبێ. کاك رەحمان وەك خزمو ئامۆزاو جێی متمانە سمایلی لەگەڵ خۆی بردووە. بۆ چاوپێکەوتنی بەرپرسانی حیزبی توودەو دوای تەواوبوونی دیدارەکەو هاتنە دەر دەگیرێنو دوو سێ رۆژ لە لایەن فەرمانداری نیزامی تاران کە ئەو کات تەیموری بەختیار بوە و دوایە دەبێتە بەرپرسی ساواك، دەست بەسەر بوون.

لە لاپەڕی ٣٦دا باسی ناکۆکی و ناتەبایی نێوخۆمان لە بەندیخانەی قەسر دەکاو لەم بوارەدا کاك عەزیزی یوسفیو کاك غەنی یەك لایەنە بە تاوانبار دەزانێ.

ئەوە راستە کە هەتا ئەوانو دوکتور مەولەوی لە بەندیخانەی دژبانی تارانەوە نەهاتبوونە قەسر ئێمە زیاتر لە ٨٠ کەس بەوپەڕی تەباییو برایەتی دەژیاین بەڵام کە ئەوان هاتن ناتەبایی ساز بوو. بەڵام ئەوەندەی من ئاگام لە هێندێك شت هەبوو بۆم دەرکەوت دوکتۆر مەولەویش فریشتە نەبوو ئەویش بۆ دەربازبوون لە

بەندیخانە فرتو فێڵو دارو دەستەی خۆی هەبوو. دوای ئەوەیش کە ئازاد بوو تخونی سیاسەت نەکەوتەوەو زۆریش لە کوردو کوردستان دوور کەوتبۆوەو دەیگوت: بۆیە مەتەبم لە ئاخری تاران دانەوە لە کورد دوور بم.

لە لاپەڕی ٣٧دا باسی ئەوە دەکا کە کاك غەنی لە ئالە کۆك دا بە خراپە باسی مام ڕۆستەمو هومەر پاشا دەکاو بە چەتە ناویان دەبا.

دیارە کاك غەنی لە کتێبی "سەدەی کارەسات"یش دا هەر وای گوتوە.

ئەوە غەدرێکی گەورەیە لەم دوو پیاوە کوردو نیشتمان پەروەرە کە مامە غەنی لێی کردوون. ئەوانە جگە لەوەی کە لە زەمانی ڕەزاشاش کوردایەتییان کردوەو دەگەڵ کوردپەروەرانی ئەو دیو وەك شێخ لەتیفی کوڕی شێخ مەحموود کە بەینێك بۆتە قایمەقامی سەردەشت تێکەڵ بوون بۆ کوردایەتی تێکۆشاونو سەربازیان بە حکومەتی پەهلەوی نەداوە. جووڵەی ئەمەر پاشا لە سوێسنایەتی دەنگی دابۆوەو دوایەش بە سەداقەتەوە بوونە ئەندامی کارای حیزبو لە ناوچەدا کەسایەتی دیار بوونو دوو سێ ساڵیش لەسەر حیزب لە ژێر دەستی ساواك لە بەندیخانەکانی ڕێژیمی شادا بوون بەڵام هیچ کات تەسلیمی حکومەت نەبوونو هەتا لە تەمەنی ٨٠ ـ ٩٠ ساڵیدا کۆچی دواییان کرد بە ڕێبازی حیزب وەفادار مابوونەوە.

لە لاپەڕەی ٣٩دا لە ژێر سەردێڕی "زیندانو فێرگە" لوتف دەکاو باسی من(جەلیل گادانی) بە چاکە دەکاو ئاماژە بە هێندێك لە کارەکانم دەکا کە جێگەی سپاسەو ئێستاش ئەو کارانە بە ئەرکی خۆم دەزانمو حەز دەکەم چیم لە دەست بێ نەتەنیا بۆ هاوڕێیانی حیزبی بەڵکوو بۆ هەر کوردو مرۆیەکی بەشەرەف ئەنجامی بدەم، دواتر لەبەندیخانەی (برازجان)یش بۆ هێندێك زیندانی عادی کوردو هەروەها لە قەڵای "فلك الافلاك"یش کلاسم داناوەو هەوڵم داوە ئەوەندەی لە دەستم بێ خزمەت بە هاوبەندیەکانم بکەم.

میرزا خدر لە لاپەڕەی ٥١دا باسی گەڕانەوەی کادرەکانی حیزب لە ساڵی ١٩٦٤و دامەزراندنی "کۆمیتەی دمچۆم" لە ناوچەی سەردەشت دەکاو گویا مامۆستا عەبدولا حەسەن زادەشی لێ کراوەتە بەرپرس.

مامۆستا عەبدوڵا بۆ خۆی لە کتێبی "ئەزموونی خەبات"دا دەڵێ: ئەوکات کە شەهیدان مەلا ئاوارەو سولێمان موعینی هاتوچۆیان دەکرد من ئەندامی تەشکیلاتی حیزب نەبووم بەڵام برادران مەشوەرەتیان پێ دەکردم. ئەدی ئەو کە ئەندام نەبووە چۆن میرزا خدر کۆبوونەوەی دەگەڵ کردووەو بۆتە بەرپرسی کۆمیتەی دمچۆمیش؟

لە لاپەڕەی ٦٥دا دەنووسێ: سەیر ئەوەیە کە تا ئێستا جارێك لە جاران رێبەری حیزبو جووڵانەوەکانی کوردستان هەوڵی ئەوەیان نەدا کە دەسەڵات لە رێگای زانیاری سیاسیو زانستیەوە بە دەست بێنن، هەر بە زۆر خۆیان بەسەر حیزبەکانو خەڵکدا سەپاندووە.

ئەرێ کاك میرزا خدر تۆ ویجدانت بەو شێوە موتلەقەو هەموو لایەك وەك یەك تەماشا کردنو ئەم تەرزە قەزاوەتە راستە؟ ئەدی ئەو خەڵکە کە لە شانەکاندا دەچن بۆ کۆنفرانسەکانو لەوێرا بۆ کۆنگرەکان دەچن ئەوە هەمووی گاڵتەیەو نادێموکراتیكو غەیرە ئوسولیە؟ ئەدی بۆ خۆت لە چەند کۆنفراسو کۆنگرەشدا بەشداریت نەکردووە؟ ئەگەر غەیرە دێموکراتیك بوون بۆچی بەم شێوە نەدواوی کە پێشی ئەو شتانە بگری؟

ئینساف شتێکی باشە، لانی کەم جێگایەك بۆ رێژەیی بوونو نیسبەتەکە بهێڵەوە.

کەس ناتوانێ حاشا لەوە بکا کە شایستەسالاری لە نێو هێزە سیاسییەکانی کوردستان زۆر باو نیە بەڵام واش نیە کە هەر کەس لەولاڕا هات ببێتە ئەندامی رێبەریو دەستی ئەوانی دی لە پشتەوەڕا ببەستێ.

هەر لەو لاپەڕەی ٥٦دا سەرەڕای ئەوەی بۆ خۆت هەر لە لای من باسی سیفەتە باشو تایبەتمەندییەکانی ئەحمەد تۆفیقت کردووە بە سەریدا دەڕووخێیو رووناکایی بۆ ناهێڵیتەوە. ئەرێ کامیان راستن؟ یاخوا کەس باری نەکەوێتە لێژی.

لە لاپەڕەی ٦٢دا باسی ئەوە دەکا کە مەلا ئاوارە (مەلا ئەحمەد شەڵماشی) دۆزیوەتەوەو کردویەتە حیزبیو بە دیاری هێناویە بۆ ماوەتو لای هاوڕێیانی لە کۆمیتەی ساغ کەرەوە.

دیارە لە حیزبایەتیدا دوور نیە لاوێك مرۆیەکی ٥٠ساڵی بکاتە حیزبیو شانازیشە، بەڵام بریا خۆتو هاوڕێیانی کۆمیتەی ساغ کەرەوە هێندێك شتو بە تایبەتی ئەخلاقی شۆڕشگێڕیتان لە مەلا ئاوارە وەرگرتبا کە ئەو بەیاننامە ناحەزو پڕ بوختانو جنێوەتان نەنووسیبا کە رەنگە ئێستا هیچ کام لە نووسەرانو ئیمزاکەرانی یەکەم بەیاننامەی کۆمیتەی ساغ کەرەوە هەر لە روویان هەڵنەیە بیخوێننەوە. تو ویژدانتان ئەحمەد تۆفیق گوێڕایەڵو پیاوی سازمانی سیای ئەمریکا بوو؟!

لە لاپەڕەی ٦٨دا باسی تەحویلدانەوەی "مەلا رەحیم وێردی" ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی دەکا کە لە مەرزی بانەوە تەحویلی ئێران دراوەتەوە. مەلا رەحیم کە بە مەلا ئەحمەد دەناسرا ، لە ناوچەی تەوێڵە لە لایەن عبدالوهاب ئۆتروشی کە کارگێڕی ئەوکاتی ئەو میحوەرەی پارتی بووە شەهید کراوە بە زیندوویی تەحویل نەدراوەتەوەو ئێستاش کەس بە گڵکۆکەی نازانێو بێسەروشوێنیان برد.

لە لاپەڕەی ٧١دا باسی تەحویلدانەوەی تەرمەکانی شەهیدان سلێمان موعینیو خەلیل شەو باش بە ئێران دەکا.

تەنیا تەرمی شەهید سلیمانیان تەحویل داوەتەوە کە لە مەهاباد بە حورمەتەوە لە نێو ئاپۆڕای خەڵکدا نێژرا بەڵام ئێستاش کەس نەیزانی چیان بەسەر خەلیل

شەوباش هێنا کە دەگەڵ سلیمان گیرابوو. ئەویش بە دەردی مەلا ڕەحیم وێردی چوو.

لە لاپەڕەی ٨٣و ٨٤دا باسی ئەوە دەکا کە موخابەراتی عێراق لە بەغدا میرزا خدریان بردۆتە لای تەیمووری بەختیار مەحرەمی پێشووی شاو قولە چۆماغی کودەتای ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٣٢ کە لە کرماشان ڕا بۆ یارمەتی کودەتاچییان هات بۆ تارانو بوو بە فەرمانداری نیزامی تارانو بەرپرسو دامەزرێنەری ساواك.

ناوبراو چەند ساڵ بەرپرسی ئەو ساواکە بوو کە خۆمان دەزانین چیان بەسەر ئێمەی کوردو هەموو خەباتکارانی ئێران هێنا.

سەیر ئەوەیە کە "تەیمووری بەختیار" نۆکەری شا بووە کە ئەویش خۆی نۆکەری ئەمریکا بوو بە قەولی میرزا خدر هەر ئەو پیاوە بە ئەحمەد تۆفیق دەڵێ: ئەمریکاییو بەکرێگیراوی سازمانی "سیا"یە!

ئەری ئەگەر تۆ سەرت لە هێندێك شت نەدەخوراو گۆڵمەزت بە دەستەوە نەبووە، موخابەرات لەبەر چی ئەتۆی بردە لای بەختیارو جاری دووهەمیش بۆ خۆت چوویەوە لای؟

ئایا لە ڕووانگەی تۆوە بەختیار لە بەشی زۆری جینایەتو تاوانەکانی شادا بەشدار نەبووە؟ هەر بۆ خۆشت دەفەرمووی کەمترین هەستی کوردایەتیت تێدا بەدی نەدەکرد. وەباڵ بە ئەستۆم ئەوەت زۆر ڕاستە!

دیارە هەر وەك بۆ خۆت نووسیوتە کاك ئەحمەدیش هەر وەك سەرەتاکانی خۆمان سادەو ساکار ماوەتەوە کە جەنابت بەو بۆچوونانەی ئێستا لە سەری دەنووسی جێ باوەڕی بووی!

ئەتۆیەکی کە وەك بۆ خۆت نووسیوتە نە لە ڕێگەی حیزبەوە بەڵکوو لە ڕێگەی بابەکر ئاغای پشدەریەوە کە کاربەدەستی ناسراوی حکومەتی بەعس، وەزیرو جێ باوەڕی سەددام بوە، پەنابەریت لە بەغدا وەرگرتووە، هەروا سادەو ساکار بە سەرتدا تێپەڕیونو هەروا بە سووکی دەتبا بۆ لای بەختیارو لەو

ڕێگەشەوە وەك لە ئاخری ئەو بەشەدا باس دەکەی زۆر شتت لەسەر پێوەندی ئەحمەد تۆفیقو سیا بۆ روون بۆتەوە! ماشاالله لە کاری خوای!

کاك خدر لێرەدا لەبیری دەچێتەوە کە لە لاپەڕەکانی پێشوودا چی لەسەر کاك ئەحمەد تۆفیق گوتوە. لە لاپەڕەی ٨٩دا لەسەری دەنووسی "کاك ئەحمەد مرۆیەکی نەتەوە پەرستو ئازاو نەترسو ماندوویی نەناس بوو، هەرچی لە دەستی هاتبا بۆ رزگاری گەلی کورد دەیکرد... بەڵام بە ناحەق هێندێك کەس کە مێژووی حیزبیان نووسیوە ناوبراویان وەك مرۆیەکی بێ کەڵك لە نێو حیزبدا ناساندووە، بەپێچەوانە یەکێك لە ئازاترینو دڵسۆزترین ڕێبەرانی حیزبی دێموکرات بووە".

بە کام لەو دوو بەشە لە بۆچوونەکانت لەسەر کاك ئەحمەد باوەڕ بکەم کە ١٨٠ دەرەجە لەگەڵ یەکتر بەینیان هەیەو دژی یەکترن؟!

میرزا خدر لە لاپەڕەی ١٠٨و ١٠٩دا حەشری بە ڕێبەرانی کورد کردووەو هەمووان بە نەزانو پاوانخوازو ... دادەنێو بێ رەحمانە هەڵیکوتاوەتە سەریانو بەتایبەت ناوی مەلا مستەفا دەباو هیچی پێوە ناهێڵی بەڵام لە خوارەوە لە لاپەڕەی ١٠٩دا بە شێوەیەك بەرپەرچی دەداتەوە. ئەری ئەو هەموو تۆمەت لێدانو سووکایەتی پێکردنەت لە چیو ئەو بادانەوەت لە چیە؟

کاك میرزا خدر! بریا رۆژێکت لە جیاتی هەموو ئەو رێبەرانە کە بە بێ کەڵكو نادێموکراتو پاوانخوازو بێ سیاسەتو بە نۆکەری دوژمنانی کوردیان دەزانی، ڕێبەرایەتی گوندێك یان ناوچەیەکی گچکەت کەوتبایە دەست یا بیای بە بەرپرسی حیزبێك تا بمانزانیبا چۆنی ئیدارە دەکەی! خۆ خەریك بووی چەند ساڵ پێش ئاماڵ حیزبێکیشت وەرێ خستو یەك دوو کەسی ئەودیویشت وەختێك گیرووده کردبوون ئەرێ کوا چی لێهات؟ بۆ بێ ئەوەی بتوانی شکڵی پێ بدەی بوو بە بڵقی سەر ئاوو نەما.

براله! مرۆڤـ دەبێ ئینسافی هەبیو له قەدەر خـۆی قسـان بکا.براگیـان گـوتنو نووسینی ئەو قسە زەلامانە بۆ منو بۆ تۆ نابێ!

ئەمــن دەڵــێم ئەگەر ئەو ڕێــبەرانەو ئەو شۆڕشــانە جــا چ شــێخو مەلاو چ ڕۆشەنبیرو سیاسی کردوویانە بە هەموو کەموکوڕیەکانیانەوە نەبانو نەکرابان ئێستا نەتەوەیەك بە ناوی کورد نەدەماو کوردستان لەوە پارچەترو بەشکراوتر دەبـوو و خاکێك بە ناوی کوردستان نەدەبوو.

ئەرێ کاك میرزا خدر خۆ ئەوکات هێنـدێك لە هاوڕێیـان وەك بـاس دەکەی گەڕابــوونەوە ئەورووپــا، ئەتــۆش وەك بــۆ خــۆت دەنووســی لە ڕۆژی بیســتی سەرماوەزی ساڵی ١٣٥٤ی هەتاوی گەڕایـتەوە ڕۆژهەڵات مـن نەمزانیـوە شـا لەو سەردەمدا عەفووی دابێ. گەڕانەوەت هەر لەبەر ئەوە بوو کە برادەران لە سەرەوە حوکمی ئیخراجیان دابووی یا شتی دیکە دەگۆڕێدا بوو؟ ئایا لەو سـێ مـانگەدا کە بە قەولـی خـۆت لە زینـدانی سـاواکی سەردەشـت دا بـوویو دوایەش سـێ مانگ وەك لە لاپەڕەی ١١٤دا باس دەکەی لە ژێـر چاوەدێری سـاواك دا بـووی بەڵام حیزب هەر لێت دردۆنگ بوو. ئەوەندەی مـن بـزانم تـا مـاوەیەکیش دوای هاتنەوەی هاوڕێیانی حیزب جەنابت وەك ئەندامی حیزب وەرنەگیرابوویەوە.

ئەدی چۆن وەك لە لاپەڕەی ١١٦دا باس دەکەی خەریکی شانەو شانەبەندیو حیزبــایەتی بــووی؟ ئەی چــۆن بە قەولــی خــۆت جــاران سەردەشــت شــوێنی تێکۆشانت بوو بەڵام لەو سـەردەمدا بە نەهێنـی پێوەنـدیت دەگەڵ بـانەو سـەرقزو بۆکان گرتوەو سەردەشتت وەپـاش داوەو هەسـتەو شـانەت تێـدا دانەمەزرانـدوەو بەسەر مەهابادیش دا بازت داوەو لەو تێکۆشانەت بێبەشت کردوە؟

لە لاپەڕەی ١١٩دا دەنووســێ: هەر لە نێوەڕاســتی ســاڵی ١٩٧٥دا یەکیەتــی نیشتمانی دامەزرابوو لە حاڵێکدا وەك پێشتر ئاماژەم پێ کردوە یەکیەتی نیشـتمانی هەموو ساڵێ لە ڕێکەوتی ١٩٧٦/٦/١دا جێژنی دامەزرانی خۆی دەگرێ.

له لاپەڕەی ١٢٦دا باسی هاتنی دوو ئەفسەر بۆ گوندەکەتانو سەفەرێك بۆ تاران بە هێلیکۆپتێرو مەئمووریەتێك دەکەی کە هەر لە تاران مەحرەمانە پێیان داوی بچی بۆ بەغدا بۆ لای بابەکر ئاغای پشدەری وەزیری حکومەتی سەددام بەڵام لە بیرت چووە ئەوە بنووسی ئایا هەر بە هێلیکۆپتێر هاتیەوە یان بە ماشین!؟

ئەو مەئمووریەتە گرینگە کاری هەموو کەس نەبووە، هەر ئەودەم هەم لە ئاغاوەتی سویێسنایەتی زۆر کەسیان دەگەڵ بووە، هەم لە نێو خودی میرئاودەلیەکانیش کەسانی ناسراوو بەتوانایان لە ئیختیاردا بووە. زۆر سەیرە هەر ئاوا گوزوگونبەد مەئمووریەتێکی ئاوایان بە تۆ ئەسپاردووە! تۆش وەك بۆ خۆت دەڵێی بێ ترسو خۆف کارەکەت بۆ ئەنجام داونو نەتیجەکەشت داوەتەوە بە روکنی دووی سەردەشت. لە حاڵێکدا ئەوان لە پێشدا نەیانویستوە روکنی دووی سەردەشت بزانێ مەسەلە چیە تۆیان بە هێلیکۆپتێر بردۆتە تارانو راستەوخۆ لە هەرەسەرەوەڕا دەگەڵت دانیشتوونو زۆر بە نەهێنی ئەو مەئمووریەتەیان پێ ئەسپاردی!!

ئێستا لێم حاڵی بوو کە لەبەر چی بوو لێزانانی سیاسی ئەودەم دەیانگوت: "هێندێك لەوانەی سەر سنوور چەند سەریان هەیەو بە چەند سەران دەڕۆن" بەو مانایە کە دەگەڵ هەموو لایەکیان کار دەکەن .

لە لاپەڕەی ١٣٤دا دەنووسی: حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ خۆناساندنو نیشاندانی هێزی خۆی لە بەهاری ساڵی ١٩٧٨دا خەڵکی ناوچەکانی لە هەموو لایەك لە مەهاباد کۆکردۆتەوەو لە میتینگێکی ٥٠هەزار کەسیدا، بە بەشداری حیزبەکانی دیکە پێك هێنا.

وادیارە میرزا خدر ئەودەمی هێشتا نەبۆتەوە حیزبیو لەو میتینگەدا نەبووە. ئەو میتینگە بۆ ئاشکرابوونەوەی تێکۆشانی حیزب بوو، ڕێکەوتەکەشی بەهار نەبوو، حەوتوویەك دوای دەست بەسەرداگرتنی پادگانی مەهاباد واتە ڕێکەوتی یازدەی

ڕەشـەمەی ١٣٥٧ بـوو. زۆربەی ڕۆژنامەوانەکـان بە بەشـداری ١٠٠هەزار کەسـیان خەملاند. پێم وایە ساڵەکەش بە میلادی ببوو بە ١٩٧٩

لە لاپەڕەی ١٣٧دا بە نوقسانی باسی شەڕی نەغەدەو مانەوە لە گردی غەزاڵیو بوونی خۆی بە ئەندامی شوورای نیزامی دەکا.

یەکەم، بەرپرسی نەغەدە ڕەحمان حاجی ئەحمدی بوو نە ئەحـمەدی. دووەم، لەحاجیڕا بگرە هەتا دەفتەری سیاسیو ئەندامانی کۆمیتەی نەغەدە لە هەڵبژاردنی شوێنی میتینگەکەدا هەڵەیان کردوە. سێهەم، مـن لەو مەسـیرەدا شـوێنێك بە نـاوی گردی غەزاڵـی ناناسـمو نەمبیسـتوە، ڕەنـگە مەبەسـتی کێـوی خەزایـی بـێ کە لە باکووری مەهاباد هەڵکەوتووەو لە بـوونی تـۆش وەك ئەنـدامی کـۆمیتەی نیزامـی شکم هەیەو پێم وانیە ئەنـدامی ئەو کۆمیسـیۆنە بـووبی. نـاوی ئەو "ڕەحمان"ەشـم نەبیستوە کە تۆ لەو کۆمیتەدا بە نەفەری چوارەمت داناوە.

لە لاپەڕەی ١٣٨دا دەنووسی: "دوکتۆر قاسملوو، کاك عەبدوڵا حەسـەن زادە، کاك ئەمیری قازیو کاك حەسـەنی ڕەسـتگار هـاتنە سەردەشـتو ڕایانگەیانـد کە "کاك فەتاحی کاویان" بەرپرسی کۆمیتەی سەردەشتو کاك "فەتاح باساوەیی"ش وەك بەرپرسی کۆمیتەی نیزامی دیاری دەکرێ. ئەو هەیئەتەئەگەریش هاتبن کـاك حەسـەنی ڕەسـتگاریان وەك بەرپـرس دیـاری کـردووە کە مـاوەیەك لەو کـۆمیتە بەرپـرس بـوو. کـاك فەتـاح کاویـان هـیچ کـات نەك هەر بەپرسـی کـۆمیتەی سەردەشت نەبووە بەڵکوو بەرپرسی هیچ کۆمیتە شارستانێك نەبـوە، نـاوبراو دوای کۆنگرەی چوار بەرپرسـی کۆمیسـیۆنی بازرەسـی بـووە کە لە کـۆنگرەدا بـۆ ئەو کۆمیسیۆنە هەڵبژێردرا.

لە لاپەڕەی ١٤٠دا باسی شەڕی حیزبو مەنگوڕان دەکاو دەنووسـێ بە دانـی چەند شەهیدی وەك "مەلا قادری پیشنماز" بەسەر مەنگوڕەکاندا سەرکەوت .

مەلا قادر لەو شەڕەدا بریندار بوو بەڵام شەهید نەبوو، ناوبراو دواتر لە دەوری قەشقۆنەی مەنگوڕان کەوتە ژێر بۆڵدزیرو شەهید بوو.

لە لاپەڕەی ١٤٦ دا ئاماژە بە پەیامی خۆمەینی لە پاییزی ساڵی ١٩٧٩ دەکا کە گوایە لە پەیامەکەیدا باسی ستەمی میللی لەسەر گەلی کوردستانو ناسینی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کوردی کردووە.

پەیامی خومەینی بە هیچ شێوەیەك باسی مافی نەتەوایەتی تێدا نەبووە. ئەو لە بنەڕەتدا بڕوای بە نەتەوەو مافی هیچ نەتەوەیەك نەبوو، هەمیشە دەیگوت: "همە باید مسلم باشند". پەیامەکەشی تەنها بۆ فریودانو کەسبی وەختو خۆ ئامادەکردن بۆ سەرکوتی حیزبی دێموکراتو هێزە ئێرانیو کوردستانیەکان بوو.

ئەو پەیامەش ئاکامی فیداکاریو شەڕی قارەمانانەی پێشمەرگە بوو کە خومەینی هێنا سەر ئەو باوەڕەی پەیام بدا لە عەینی کاتدا بۆ ئەوە بوو کاتی پێویستی هەبێ بۆ ئامادەکردنی سوپاو ئەرتەش بۆ شەڕێکی قورسترو درێژخایەنتر.

لە لاپەڕەی ١٥٦دا باسی کۆنگرەی چوار دەکاو دەڵێ: پێڕەوی حیزب پێشێل کراوەو هێندێك کەس پێشتر ئەندامی حیزب نەبوون بەڵام بۆ کۆنگرە دەعەوەت کرابوونو لە کۆنگرەشدا بە هەڵبژاردن بوون بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی.

ئەوە تا رادەیەك راستەو کەسانێکی لەو بابەتە هاتبوونە کۆنگرە، بەڵام رادەیان لە قامکی دەستان تێنەدەپەڕی. ئەوانە تەنیا وەك میوان دەعوەت کرابوون بەڵام پێویستی بێ ئەم لاو لای بەهێزکردنی کۆمیتەی ناوەندی حیزب بۆ ئەو کوردستانە بەربڵاوە، بوونی کەسانی خوێندەوار و خاوەن سەوادی سیاسی پێویست بوو. دەنا کۆنفرانسەکانو هەڵبژاردنی نوێنەر بۆ کۆنگرە لە هەموو شوێنێك بە جێو ڕێ بوو.

دوکتۆر شەرەفکەندی، دوکتۆر خوسرەوی، موهەندیس ئاریا، قادر شەهابی، عەلی حەسەنیانی، سەعید سوڵتانیانو زۆر لەوانەی لە لاپەڕەی ١٥٧دا ناوت هێناون ئەندامی حیزب بوونو زۆریش لەوانی تر ئەندامی پێشووتری حیزب بوونو تاقمێکیشیان لە سەرەتای شۆڕشو ئاشکرا بوونی حیزبی دێموکرات هاتونەتە ناو ریزی حیزبو کاریان کردبوو. زۆربەیان لە کۆنفرانس دا هەڵبژێردرابوون، راستە

هێندێك لەوانە خێریان بۆ حیزب نەدایەوە بەڵام زۆربەیان ساڵانێکی دوورو درێژ لە سەنگەری خەباتدا مانەوەو هێندێکیان تا ئێستاش هەرچەندە بەساڵاچوون بەڵام وەفادارانە لە ریزی خەباتدا ماونەتەوە.

لە لاپەڕەی ١٥٨دا باسی جیابوونەوەی تاقمی ٧کەسی دەکاو دەڵێ لە زستانی ١٣٥٨دا جیابوونەوە.

نەخێر ئیعلامی جیابوونەوەکەیان چەند مانگ دواتر واتە لە رێکەوتی ١٣٥٩/٣/٢٥ بە هۆی دەرکردنی بەیانێك ئاشکرا بوو. نوسخەیەکی ئەو ئیعلامیە کاك برایمی قەزاق لە مەهابادڕا بۆی هێنایە دۆڵە شێخان.

لە لاپەڕەی ١٩٣دا پرسیاری کاك ئەحمەد نستانی لە سەر مەسەلەی ماڵی حیزب لە کۆنگرەی ٦ دینێتە گۆڕێ کە لە دوکتۆر قاسملوو دەپرسێ: "لە راپۆرتەکەدا باسێك لە داهاتو دەرکەوتو بوونو نەبوون نەکراوە، بۆمان روون بکەوە بزانین ئەو حیزبە چی هەیەو چی نیەو سەرچاوەی داهاتمان چیەو لە کوێیە؟"

دوکتۆر وڵام دەداتەوە: "تا من سکرتێر بم نابێ کەس بزانی چیمان هەیەو سەرچاوەی داهاتمان چیەو لە کوێیە".

ئەو پرسیارو وڵامە راستە بەڵام هی کۆنگرەی شەش نەبوو بەڵکووو لە کۆنگرەی حەوت دا بوو کە لە گوندی کانی میو گیرا.

لە لاپەڕەی ١٩٧دا باسی بۆمبارانی کەمپی زێوەی دەکا کە پەنابەرانی کوردی باشووری لێ بوو لە لایەن عێراقەوەبە فڕۆکە لێی دراو دەڵێ: گوندی زێوە سەر بە شاری شنۆیە.

زێوە لە ناوچەی مەرگەوەرەو سەر بە ورمێیە نە شنۆ.

لە لاپەڕەی ٢٠٣دا باسی هاوکاری پێشمەرگەکانی یەکیەتی دەگەڵ پاسداران دەکاو دەڵێ: "هێندێك جار بە حوکمی نیزیکی یەکیەتی‌و حیزب پێشمەرگەکانی یەکیەتی دەچوونە مەقەڕی حیزب بۆ پشوودانو نان خواردن، وا هەبووە

پاسدارەکانیشیان دەگەڵ خۆیان بۆ ئەو مەقەڕانە بردووە، هەر ئەو پاسدارانە لە دیوارەکانی مەقەڕ بە دژی حیزب شتیان نووسیوە ".

ئەمن دیتوومن کە پێشمەرگەی یەکیەتی دەگەڵ پاسداران بە بەر مەقەڕەکانی حیزب دا تێپەڕیونو چوونە عەمەلیاتی هاوبەش بە دژی هێزەکانی عێراقیو جنێویشیان بە دێموکرات داوە بەڵام نە هیچ کات دیومەو نە بیستومە کە پاسداریان بردبێتە مەقەڕەکانی حیزب.

لە لاپەڕەی ٢٠٨دا دەنووسێ "لە کۆنگرەی حەوتەم دا کە لە گوندی گەورەدێو لە ڕێکەوتی ٢٦ی سەرماوەزی ١٩٨٥ گیرا لەوی نەبووم".

ئەو کۆنگرە وەك لە سەرەوە باسم کرد لە گوندی کانی میو گیرا نە لە گەورەدێ کە مەقەقەڕی دەفتەری سیاسیو رادوێوو کۆمیسیۆنەکانی لێ بوو.

لە لاپەڕەی ٢٠٩دا باسی هاتنە دەر لە شوورا دەکا کە گوایە لە کۆنگرەی حەوت قەرارمان داوە لە شوورا بێینە دەر .

جارێکی دیکە تەئکید دەکەمەوە کە ئێمە لەبەر پابەند نەبوون بە وەعدەو وەعیدەکانمان دەگەڵ شوورا زۆر زووتر لە کۆنگرەی حەوت لەو ڕێکخراوە ئیخراج کراینو دواتر حیزب ئیعلامیەی داوە کە ئەوە هاتینە دەرێ.

لە لاپەڕەی ٢١٨دا باسی جیابوونەوەی هاوڕێیانی حیزبی دێموکراتی کوردستان ـ ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ دەکا.

باسەکە هێندێك کاڵو کرچە، دەوڵەتی عێراق لە سەرەتادا بە سەختی موخالیفمان بوو. زۆری پێ چوو کە بە واسیتەو واسیتەگەری هەیئەتێکمان چوو بۆ کەرکوكو دەگەڵ ئەبوو مێزەر کە بەرپرسی گشتیی مخابەراتی شمال بوو قسەمان کردو قەناعەتمان پێ هێنا کە دەگەڵ مەرکەز باس بکا کە ئێمەش وەك حیزبێکی تێکۆشەرو ئۆپۆزیسیۆنی ڕێژیم بە ڕەسمی بناسنو پەیوەندیمان هەبێ. ئێمە لەسەر ڕاسپاردەی دوکتۆر قاسملوو جێگەو ڕێگەشمان پێ نەدەدرا فەرمووبویان دەبێ لە عێراق دەرمان بکەن. ئێستاش زۆر مەمنوونی کوڕەکانی

هەباس ئاغای سەر کەپکان (سوار ئاغا، مامەند ئاغاو کاك ئـاکۆین) کە بە ئیزنـی حکـوومەت لە دۆڵـی شـاورێ جێگـاو رێگایـان بـۆ پەیـدا کـردین‌و تەواوی ئەو هەشت ساڵو نیوە بەشێك لە هێـزو دەفـتەری سیاسـیمان لەوی مـایەوەو بارەگـای ئەسڵیمان لەوێ بوو.

لە لاپەڕەی ٢١٩دا هەر لە ســـەر ئەو مەوزووعە دەڕواو دەنووســـێ: " تـــا سـەرئەنجام ١٨ کەس لە ئەنـدامانی رێـبەری پێشـوو لە ١ی خـاکەلێوەی ١٣٥٧ بە راگەیەندراوێك مەوجوودیەتی ئەو حیزبەیان راگەیاند".

ئەو کەسانەی ئەندامی رێبەری پێشـوو بـوون‌و بەیانییەکەیـان ئیمزاکردبـوو ١٥ نەفەر بووین ١٠ نەفەر لەوانە ناویشـیان وەك ئەنـدامی رێـبەری لە لیسـتی فیکسـی دوکتـۆر قاسـملوودا هەبـوو بەڵام ئەو کـارە نادێموکراتیکەیـان بـۆ تەحەمـوول نەکرابوو و خۆیان لە لیستەکە دەرهاویشت.

لە لاپەڕەی ٢٢١دا دەنووسێ: " رێبەرایەتی حیزب فەرمانی دابـوو کە چونکـو ئێمە دەگەڵ هاوسـەنگەرانی پێشـوومان شـەڕ نـاکەین‌و ئەوە ئەوانـن شـەڕمان پـێ دەفرۆشن، ئەگەر هاتوو شەڕیان دەگەڵ کردین ئێوە چەکەکانیان تەحویل بدەن‌و وەرنەوە مەقەڕەکانتان".

رێبەری حیزب هیچ کات بڕیارێکی ئاوای نەدابوو کە چەکەکانیـان تەحویـل بدەن. بڕیاری حیزب وابوو کە ئێمە شەڕ بە کەس نافرۆشین بەڵام ئەگەر شەڕمان پێ بفرۆشن مافی دیفاعمان هەیەو بۆ پاراستنی خۆمـان شـەڕ دەکەیـن. تەنیـا یەك جار کاك فەتاحی ئیلخانی زادە کە بەرپرسایەتی تیمێکی لە ئەستۆ بوو لە رێگەی چوونەوەی ناوخۆ تووشی پەلامـاری پێشـمەرگەکانی ئەوان دەبـێ، بە پـێچەوانەی قەراری حیزب ناهێڵێ کوڕەکان دیفاع بکەن، چەکەکانیـان تەحویـل دەداو دوای چەند رۆژ بە بێ چەك گەیشتنەوە ناوەندی حیزب لە دۆڵی شاورێ.

لە لاپەڕەی ٢٢٨دا لیستی ١٧ کەسـی هێنـاوە کە گۆیـا بەیاننـامەی ئیعلامـیەی مەوجوودیەتی حیزبیان ئیمزا کردوە .

لەو لیستەدا ناوی دوو کەس ژمارەکانی ١٦ و ١٧ زیادی‌یە. ئەو دوو کەسە شەهیدان (عوسمان فەتاحی‌و رەشاد حسێنی) پێشتر ئەندامی رێبەری نەبوون‌و ئیمزاشیان نەکردوە بەڵام دوای کۆنفرانسی چوار کرانە راوێژکاری کۆمیتەی ناوەندی‌و بەداخەوە هەر بەو پلەی حیزبیشەوە لە رێگەی خەبات‌و تێکۆشانی بێ‌وچان لە ناوخۆی وڵات(یەکێکیان لە بانەو یەکێکیان لە سنە) شەهید بوون.

٢٠٠١/١١/١٥

# ژیان و بەسەرهاتی عەبدوڵڕەحمان زەبیحی

کاك عەلی کەریمی خوشکەزای عبدالرحمان زەبیحی هەولی زۆری داوە و بێ گومـان بـە زەحمـەتێکی زۆر کتێبێکـی لـەژێر سـەردێڕی "ژیـان و بەسـەرهاتی عەبدالرحمان زەبیحی" (مامۆستا عولەما) نووسیوە لە زۆر شـوێن و زۆر سـەرچاوە بۆ ئەم کارە کەڵکی وەرگرتووە. دیارە مەرج نیيە هەموو کەس و سەرچاوەکانی ئەو کەڵکی لێ وەرگرتوون، راست بن چونکو لە زمان هێنـدێك کەسـەوە شـتی هێناوە کە تا دوارۆژی ژیانیشیان گوماناوی بوون بەلام بەهەر حاڵ زەحمەتەکـەی کاك عەلی بـۆ خـاڵی بـەڕێزی و ناسـاندنی زیـاتر و باشـتری بـە خـەڵك جێگـەی سپاسە.

بێ گومان ئەو کتێبەش کە لە بنکەی چاپەمەنی زاگرۆس لە شاری گۆتێنبێرگی سوئێد چاپ کـراوە وێـڕای هـەموو لایـەنی باشـی و بیـر خسـتنەوەی کەسـایەتی ناوداری کورد " عولەما"و زۆر لە رووداوەکانی ئەو دەوروزەمانە و تێکۆشانی ئەو سەردەم هێندێك کەم و کووریشی تێدا بەرچاو دەکەوێ کە من زۆر بە کـورتی ئاماژەی پێ دەکەم.

١ـ لە پێشەکی کاك ئەمیر حەسەنپووردا کە بۆ ئەو کتێبەی نووسیوە لـە لاپـەڕەی ٢١دا لە زمان زەبیحی‌یەوە دەڵێ " کۆمەڵە لەساڵی ١٩٣٧ دامەزراوە" بـەڵام ئـەوە ناتوانێ راست بـێ، هـەروەك رەوانشـاد مامۆسـتا محەمـەد شاپەسـەندیش بـۆ منـی نووسیوە دەبێ مەبەستی زەبیحی حیزبی ئازادیخواز بـووبێ کـە لـەو سـەروبەندەدا دامەزرابێ و ڕەنگە ئەویش هاوکاری کردبن. بەڵام ئەوەی کـە ژ - ك لـە ١٩٣٧ دامەزراوە ناتوانێ راست بێ.

٢ــ لە لاپەڕەی ٥٥ نووسەر بە بۆچوونی خۆی کە ئەو کات باوەری زۆر بە نەتەوە و کوردایەتی نەبووە و راپەرینەکانی پێش رێك خستنی حیزبە مۆدیرنەکان بە کەم دەگرێ. من بە پێچەوانەی ئەو لەسەر ئەو باوەرەم کە هەر کام لەو شۆڕشانە ئەگەر بە ئاکامی دڵخوازیش نەگەیشتبن و شکستیان خواردبێ کاریگەریی خۆیان لەسەر نەفەوتانی کورد و مانەوە و خۆڕاگری دواتری نەتەوەکەمان هەبووەو سەرجەمی ئەو شۆڕشانە ئەگەر بەرپرسەکانیشیان خان و مەلاو شێخ بووبن بوونە هۆی بەهێز بوونی خۆ ناسی و هەستی نەتەوەیی و کوردایەتی.

٣ــ لە لاپەڕەی ٧٩دا نووسراوە " بەڵام چون میژووی گەلی کورد بە داخەوە بە دەستی مرۆڤی وەك دوکتور عبدالرەحمان قاسملوو لەو پەری ناشارەزایی و تەعەسوبی حیزبایەتیدا نووسراوە، تا ئێستا راستیەکانی ئەو گەلە بەشخوراوە بەو چەشنە چووەتە دەمێشکی لاوازو خوێنەرەوانی کورد و بێگانە."

من ناڵێم کتێبی کوردستان و کوردی دوکتور قاسملوو هیچ کەم و کووڕێ تێدا نییە بەڵام ئەو کتێبە بەشێکی زۆری لە رووداوەکان و رابردووی کورد و بە تایبەتی وەزعی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانی تێدایە کە پێشتر لە کەم کتێبی مێژووییدا ئاماژەی پێکراوە و دەکرێ بڵێین کتێبێکە تەواو بە شێوەیەکی زانستی نووسراوە، هەر بۆیەش بۆتە یەکێك لە مەرجەعە ئاکادمێکانی کورد و بێگانە و لە کاتی خۆشیدا پیشوازیەکی گەرمی لێکراوە و بە چەند زمانی زیندوو وەرگێڕدراوە و چەند جار چاپ کراوەتەوە، حەق نییە ئاوا بە سووکی لێی بڕواندرێ.

لە لاپەڕەکانی ١١٠ و ١١١دا بەشێك لە کتێبی سەید عەزیز شەمزینی هێناوە کە ئاماژە بە بوونی ناکۆکی لە بەینی قازی و زەبیحیدا دەکا. بە باوەرێ من ئەو بۆچوونە راست نییە و ئەگەر واباو قازی حیسابی تایبەتی بۆ زەبیحی نەکردبا ئەو نامە پڕداوایانەی بەویدا بۆ کۆنسوولخانەی سۆڤیەت نەدەنارد کە سەر لەشکر

زەنگەنەی بەرپرسی نیزامی ورمێ لەو کاتەدا ئاماژەی پێدەکا. هەروەها قازی محمد وەك مرۆڤێکی کارئامەو ئەمەگناس لە زەبیحی روانیوەو وێنەکانی کە بەیەکەوە لەو زەماندا هەیانە نیشانەیەکی روونە بۆ حورمەتی ئەو دووکەسە لە بەرامبەر یەکتردا.

لە لاپەڕەی ١١٥دا وا نیشان دەدرێ کە قازی محمد بۆ بەردانی زەبیحی و قاسمی قادری قازی و دڵشاد رەسوولی لە بەندیخانەی تاران کەمتەرخەم بووە و گۆیا دەبێ لە ژێر زەخت و خۆپێشاندانی خەڵك لە بەردەرگای ماڵی قازی بەو قەناعەتە گەیشتبێ هەوڵیان بۆ بدا. قازی محمد کە خۆی مرۆڤێکی رۆشەنبیرو خەباتکارو لەو کاتدا بەرپرسی یەکەمی ژ - ك بووە قەدر و بایەخی ئەو کەسانەو بۆچوونەکان و قەڵەمەکانی باش زانیوە و گومان لەوەدا نی‌یە بەوپەڕی دڵسۆزی‌یەوە هەوڵی بۆ داون. ئەو خۆپێشاندانەی ئاماژەشی پێ دەکەی راست نی‌یەو قسەیە و ساز کراوە.

سەیرە کە لە ئاخریەکانی لاپەڕەی ١١٥دا باسی ئەوە دەکا کە دوای تێکچوونی کۆمار و هاتنەوەی جەللادانی رێژیم هیچ کام لەو کەسانە "رەحمان حەلەوی، مەلا عبداله داودی، ئەحمەد عیلمی، محمد یاهو... " کە لە دامەزرێنەرانی ژ ــ ك بوون نەبوونە ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران.

بەر لە هەموو شت لەو کاتەوە کە حیزب دامەزراوە و دەستی کردوە بە تێکۆشان و هەتا کۆنگرەی ٣ وشەی "ئێرانی" بەدواوە نەبوە. خاڵە مەلای داودی و ٢ کوڕی لاوی محمد و برایم کە هەردووك مامۆستای مەدرەسەی کوردی شەوانەو رۆژانەی گەلاوێژ بوون لە ماوەی چەند مانگ دوای کۆمار، لە خەفەتباری دیقیان کردو فەوتیان کرد. کاك ئەحمەد و محمد یاهوش دوای گیران و بەربوون چوونە تاران و لە وێ لە کاری حکومەتی‌دا دامەزرابوونەوە و حەلەویش دوای گەرانەوە لە سۆڤیەت درێژەی بە خوێندندا و دوکتورای حقوقی وەرگرت. هیچ کام لەوانە وێڕای ئەوەی پیاوی باش بوون بەڵام دوای

کۆمار قەت نەیانوێرا تخوونی سیاسەت بکەونەوە. بەڵام لەبیرمان نەچێتەوە ئەو کات کە کۆمەڵە بوو بە حیزبی دێموکراتی کوردستان و کۆمار دامەزرا ئەوانە هەموو بەرپرسایەتیان هەبوو هەر لەو حیزبەدا بە گیان و دڵ کاریان کرد. ئەحمەد عیلمی بەرپرسی دارایی و محمد یاهۆ لە ئەنجوومەنی وەزیران و وەزارەتی داد کاریان دەکرد.

کاك عەلی لە لاپەڕەی ١١٦دا دەیەوێ قازی محمد و... ئەوانیتر بە کودتاچی لە قەڵەم بدا کە ئەوە زۆر دووره لە پێشەوای دێموکرات و خۆ بەخش. کاك عەلی پێی وایە دەبوو ناوی ژ - ك و سیاسەتی نەگۆڕدرابا تا خالی و دوو کەسەکەی دیکە لە بەندیخانە دێنە دەرو کارەکە وە دەرەنگ بکەوێ و ئیعلامیەی ٨ مادەیی مەوجوودیەتی حیزب بە ئیمزای زۆربەی بەرپرسانی ژ - ك دەرنەچێ، کۆنگرەی یەکەمی حیزبیش نەگیرێ و ئاڵای کوردستان هەڵنەکرێ و کۆماریش ئیعلام نەکرێ. لە حاڵێكدا بە باوەڕی من کورد لە مێژووی خۆیدا تا ئەو کات بە هیچ شێوەیەك هەل و مەرجی هەڵکەوتووی وەك پێویست نەقۆستۆتەوە بەڵام لەو هەلەی بۆی هەڵکەوت کەڵکی وەرگرت، یەکەم کۆماری کوردستانی دامەزراند کە ئەمڕۆ بۆتە جێگەی شانازی هەموو کوردێك. هەر بۆیەش جگە لە عەزیز زەندی وەك یەکێك لە کادره بەوەجەکانی ژ - ك کە چووە تاران و قەت نەگەڕاوە کوردستان، باقی ئەندامان و بەرپرسانی ژ - ك بە گیان و دڵ ئەندامەتی حیزبی دێموکراتیان وەك درێژەدەری ڕێگای ژ - ك و کوردایەتی قبووڵ کردو لە کۆماریشدا بەرپرسایەتی گرینگیان هەبوو. زۆریش لەوان ساڵانی دواتریش ئەوەندەی مەجالی تێکۆشان بووبێ وەك ئەندام یا لایەنگری حیزب تێکۆشاون.

سەیره کە کاك عەلی کەریمی قسەیەکی دەکا کە خاڵی "زەبیحی" هیچ کات نە بە نووسراو لە هیچ جێگەیەك هێناویەتی و نە لە لای کەس باسی کردووە " گویا " بە دوای گیرانی ئەودا ژ - ك هەتیو بووە و کوژراوە" بەڵام عەلی بێ هیچ بەڵگەیەك بۆتە کاسەی لە ئاش داغترو ڕەوتی مێژوو دەشێوێنێ.

لە لاپـەڕەی ١١٧دا دەنووسـێ: " ئەگـەر کۆمەڵـەی ژ - ك خـۆی بڕیـاری خـۆ کردن بە حدکی داوە بۆچی پـاش تێکچـوونی کۆمـار و چـوونی کەسـانی وەك زەبیحـی، سـەدیق حەیـدەری، دڵشـاد رەسـووڵی، محەمـەد شاپەسـەندی و.... بـۆ کوردستانی‌خواروو، هیچ هەوڵێکیان نەداوە وەك حدك درێژە بـە حـەیاتی حیـزب بدەن؟!

ئاخر ئەوانـەی تـۆ دەڵێـی و ناویـان دەبـەی ئەگـەر نەبوونـەوە ئەنـدامی حیزبـی دێموکراتی کوردستان هەوڵیان نەداوە کۆمەڵەی ژ - کیش زیندوو بکەنەوە یا بە هەر شێوەیەکی دیکەی شۆڕشگێرانەو جیددی خەباتیش بکەن. خاڵت لە جێگەی سەیر و سـەمەرەی وەك هاوکـاری دەگـەڵ تـەیمووری بـەختیار بەرپرسـی چەنـد ساڵەی فەرمانداری نیزامی تاران بە دوای کودتای ساڵی ١٣٣٢ی هەتاویی شـاداو هەروەها سەرۆکی چەنـدین سـاڵەی سـاواکی سـەرکوتکەر و جنایـەتکاریش کە دوایە هاتبووە عێراق لە عێراق هاوکاری بکەن و بەناوی درۆزنانـەی خزمـەت بـە کورد هەموو تاوان و جینایەتەکانی کە لە پێناو خزمەت بەشادا نەهەر بەرانبەر بـە کورد بـەڵکوو بەرانبـەر بـە هـەموو تێکۆشـەرانی نەتـەوەکانی ئێـران کـرد بـووی داپۆشن و پاکی بکەنـەوە. دڵشـاد رەسـووڵی لە لایەن شۆڕشـی ئەیلـوول کـوژرا، سـەدیق حەیـدەری گەڕاوە مەهابـاد و ببـۆوە بە ئەنـدامی حیـزب، محەمـەد شاپەسـەندیش لە سـاڵانی دواییـدا هەتـا فەوتـی کـرد دەگەڵ ئـێمە وەك حیزبـی دێموکراتی کوردستان پەیوەندیی توندوتۆڵی هەبوو.

چاپ کردنەوەی گۆڤاری نیشتمانیش هەروەك کاك غـەنی دە نامەکـەی خۆیـدا وڵامی داویەوە لە بنەڕەتدا درۆیەو تا ئێستا نموونەیەکی لە هیچ شوێنێك دەست نەکەوتووە. بەڵام وەك بۆخۆت لە لاپەڕەی ١٢١دا دەنووسی گۆڤـاری "رێگا"ـت دەست کەوتووە و بە دوو زمانی کوردی و فارسی چاپ کراوە. ئەگەر نیشتیمان خۆت گوتەنی چاپیش بووبێتەوە بۆ شەڕە دندووکەی شێخ لـەتیف و پـارتی ئـەو کات بووە کە دەڵی بە ناوی " مرۆڤ دەرچووە و لە ژمـارە ٢دا هێـرش دەکاتـە

سەر گۆڤاری نیشتیمان و دەنووسێ نیشتیمان لە دەوری دووهەمیدا ئەبێتە زمانحاڵی کۆمەڵێك ئاژاوەچی"

بەراستی کاك عەلی نازانم ئەو تەرحو نەخشە کێ بۆی موهەندیسی کردووی کە هەرچی تۆمەت و بوختانە بە پێشەواو حیزبی دێموکراتی دەکەی خۆ ئەتۆ نوێنەری حکوومەتی شاو کۆماری ئیسلامی ئیستا نی. م.عولەما بۆخۆی ئەو کاتی دەسەڵاتیشی هەبووە و زەمانێك ئەندامی دەفتەری سیاسی پارتیش بووە و هیچ کات شتی ئاوای بەزمان و قەلەمی‌دا نەهاتووە. ئەتۆ نەتبیستووە کە ژ - ك بۆ چاپی گۆڤاری نیشتیمان پارەیان لە قاسمی ئیلخانیزادە وەرگرتووە و هەر ئاغاو پووڵدارەکان یارمەتیان داون. ئەتۆ تووشی رەشبینی بەرانبەر حیزبی دێموکرات بووی کە وابیر دەکەیەوە پێشەوا داردەستی باقرۆف بووە. مێژوو سەلماندوویەتی کە ئەگەر راوەستانی پێشەوا لە بەرانبەر باقرۆف و سۆڤیەت‌دا نەبا بە خەونیش کۆماری کوردستان نەدەهاتە وجوود. ئاخر خۆ ئەندامەکانی ژ - کیش بەشێکی زۆریان مەلا و شیخ و ئاغا بوون کە دوایە بوونە ئەندامی حیزبی دێموکرات. هێندە باسی وشەی شۆڕشگێر و... دەکەی. ئەو کات ئەو زاراوە هەر باو نەبووە، ئەدی بەقوربان ئەتۆ کە خۆت بە شۆڕشگێر دەزانی بۆ چەند ساڵ هاوسەنگەرەکانی کۆمەڵەی خۆت بەجێ هێشت، چوویە هەندەران خەریکی کاروکاسبی بووی و ئێستاش گەراویەوە سەر حازری وەك بۆخۆت دەڵێی قەسرو باغ و باغاتت لە ئاسمانێ دروست کردوە، یا بۆیان دروست کردووی. ئەرێ ئێستاش ئەگەر برادەرە دەسەڵاتدارەکان دەوڵەمەندەکان و خاوەن مڵکەکان نەبن ئەتۆ دەتوانی لەو کوردستانە ڕەنگینە بمێنیەوە؟

زەبیحی، ئەو پیاوە زانایە هیچ کات بۆخۆی پێی وا نەبووە ئەگەر ئەو بگیرێ ماڵی کوردی وێران دەبێ و تازە جووقەواری کورد دەبڕێ. ئەو لەسەر ئەو باوەڕە نەبوو کە لە ماوەی پێنج مانگ‌دا وەك جەنابت لە لاپەڕەی ١٢٥دا نووسیوتە سێ ڕووداوی گرینگ و مێژوویی روودەدەن و یەکیان بە گرتدانی

خاڵتە کە بە فەرمایشتی تۆ بوو بە هۆی لەناو بردنی تاقەرێکخراوی ناسیۆنالیستی کورد. ئاخر جوانەمەرگ بەر لەو دەمی دوو سێ حیزبی ناسیۆنالیستی هەبوون و ئیقدامی خۆشیان کردوە و گیانی زۆرکەسیشیان لەسەر فیدا بووە. ئەدی قیامی شیخ عبیداله راسته وەك حیزب نەبووە بەڵام ئەگەر ناسیۆنالیستی نەبووە چ بووە؟ ئەدی ئەو هەموو قیام و راپەڕینانەی شێخ مەحمود و سمکۆ و شێخ رەزا و ئاگریو... لە پێناو چیدابووە؟

بە باوەری تۆ بەڕیوەبەران و ئەندامانی ژ - ك دوای گیرانی خاڵت و دوو کەسەکەی دیکە ئیمشیان خواردبووەوە گێژ بوون بۆیە تووشی مل راکێشان بۆ گۆڕانی ژ - ك بە حیزبی دیموکرات بوون.

تەنیا ئەتۆی کە لە لاپەڕەی ١٢٥دا دەڵیی درەنگ هەوڵ بۆ ئازادیان دراوە. لێرەدا ئەتۆ بوویە " تەیانی لەدایك دڵسۆزتر" ئەرێ قابیلە پێشەوا زۆر لە ئێستای تۆ قەدرو قیمەتی خاڵە رەحمانت و میرزا قاسمی قادری قازی کە یەك پارچە فەرهەنگ و ویقار بوون، هەروەها بایخی دڵشادی قەلەم بەدەستی ئەو کاتی نەزانیێ و دەستی لەسەر دەستی دانابێ. بەڵام ئەتۆ ئێستاش لە بوروکراسی و کاغەز بازی و پەروەندەسازی حکوومەتەکانی ئەوساو ئێستای ئێران نەگەیشتووی.

ئەوە پێچەوانەی بیرکردنەوەی تۆ کە گۆیا بە گۆرینی ژ - ك بە حیزبی دێموکرات خەیانەتێکی گەورە رووی داوە و.... ئەو داستانەم دەخاتەوە بیر کە دەگێرنەوە:

لە کووچەو کۆڵانی بۆکان ئیعلامیەی حیزبی بڵاو دەبێتەوە کە تێیدا هاتووە "حکوومەتی شا خراپەو دەبێ برووخێ و چی و چێ" ئەم لاو ئەولا کێ کردوویەو کێ نەیکردووە، بەسەر لاوێکی تیژ کەڵەی بەلەباریکی دادێنن خڕوچۆمی دەکەن و راست دەیبەنە مەهابادێ بۆ لای وەرەهرام کە ئەو کات بەرپرسی سپای غەرب بوو، سپاش وەك سپای پاسدارانی ئێستا هەموو شتێك بوو.

لاوەکەی بە ناوو نیشان پێ دەناسێنن و دەڵێن ئەوە بووە ئەو کارەی کردووە و ئیعلامی یەکەی بڵاو کردۆتەوە، کوڕەش حاشا دەکاو دەڵێ ئەمن نەبووم و راست ناکەن و کەسیان نەدیوەتەوە بۆ خۆشیرین کردن بەسەر منیدا دێنن و بەتاوانبارم دەناسێنن.

وەرەهرامیش برێکی تێدەفکرێ و لێی حاڵی بوو کوڕە راست دەکا، بۆ رەفعی تەکلیف ئەویان گرتووە و هیناویانە.

رووی تێدەکاو دەڵێ: "کورِم حکوومەتی شاهەنشاهی بە تۆو بەو کاغەزانە نارووخێ، ئەگەر پێشت وایە دەیرووخێنی هەستە ئازادی برِۆ بیروخێنە و چشت پی دەکرێ بیکە". پیلی دەگرێ و وەدیوی دەرێی دەنێ و ئازادی دەکا.

جەنابیشت ئازادی برۆ هەر موخالیف بە!

ئەرێ کاك عەلی خۆ خاڵە رەحمانت لەتۆ هەزارجار وریاتر، خوێندەوارترو خەباتکارتر بوو ئەدی بۆ لەو هەموو ماوەدا نەهات ئەو شتانە لە کتێبێكدا نە بە گەورەیی کتێبی تۆ بەڵکوو لە پەرتووکێکی سەت لاپەرەییدا بنووسێ و ئەو شتانە روون کاتەوە، ئەتۆ ئەو هەموو ریسو گوریسەت لە کوێ هێناوە و بۆ خۆت کردۆتە وەکیلی ئەو پیاوە مەزنە؟

ئەوەی کە لە لاپەڕەی ١٤٩دا لە زمان باجە رەعناوە دەیگێریەوەو دەڵێی لە کاتی تێکچوونی کۆماردا " کاکە رەحمان هاتەوە کوتی ١٧ ماڵ لە رێگەی کونسوولخانەی سۆویەت لە ورمێ دەرۆین" ئەسل و ئەساسی نییە. جگە لە تۆ هیچ کەس لە هیچ شوێنێك باسی ئەوەی نەکردوە. بێ گومان ئەگەر پێشەوا و بەرپرسان و ویستبایان برۆن رێگە زۆر بوو، هەم دەیانتوانی بەراحەتی بگەنە جولفا یا سەر چۆمی ئاراس و هەم دەیانتوانی بچنە عێراق، ئاخر هەر ئەو کات ئەرتەشبود حیجازی کە فەرماندەی گشتی سپای عێراق یا وەزیر بوە لە رێگەی شێخ عەلائەدینی زینوێ راسپێردراوە کە وەرگرتنیان لە سنووری عێراقەوە دەگونجێ. شێخیش کوڕە گەورەکەی خۆی شێخ عبدالقادر دەنێرێتە لای

پێشەواو مەسەلەکەی پێ رادەگێنێ. بەڵام ئەوو هەموو بەرپرسانی پایەبەرزی کۆمار جگە لە بارزانی نەمر بڕیاریان دابوو نەڕۆن و زۆریشیان دەیانزانی عەجەم و قەول و قەراری مەئمورینی پاشا جێگەی باوەڕ پێ کردن نی‌یەو پێشتر ئەو ئەزموونانە کرابوون و هێندێك لێیان سوور بوو ئێعدام دەکرێن بەڵام وەك کورد دەڵی: " مردن لەگەڵ ئاوالان جێژنە پیرۆزەیە."

کاك عەلی ئەوەندەی هەوڵ بۆ ئەوە دەدا کە لە شوێنێك شتێك بۆ حیزبی دێموکرات سازکاو بیهێنێتە ژێر پرسیار و بیکوتێ ئەگەر لە زەمانی زیندووبوونی خالە ڕەحمان سەدایەکی ئەوەی هەوڵ بۆدابا ڕەنگ بوو توانیبای خزمەتی گەورەی پێ بکا. لە پێناو بەندو باو سازکردن بۆ حیزبی دێموکرات پەنا دەبا بۆ کەسانێکی وەك مەلا عبداله ئیسماعیل "مەلا ماتۆڕ" کە ماوەیەکی زۆر سەر بە حکوومەتی سەدام بووە دەگەڵ بارزان و بەرپرسانی هەرە پایەبەرزدا تێکەڵ بووە و بە دژی مەسڵەحەتی نەتەوەکەی خزمەتی پێکردوون و لە بەغدا هەمەکارەی پارتی کارتۆنی بووە.

هەر ئەو جەنابە واتە مەلا مۆتۆر لە چەند جێگا حیزبی دێموکرات بەبێ هیچ بەڵگەیەك لەسەر نەمانی م. عولەما تۆمەتبار دەکا. بۆ نموونە لە لاپەڕەی ١٦٩دا دەڵێ:

" لێرە تێداچوو بێ یا لە ئێران قاسملوو سەری تێدا برد. ئەمن هەر لەوە سەرم سور دەمێنێ ئەو پیاوە لەگەڵ جیهازە تایبەتێکانی حکوومەت زۆر تێکەڵ بوو، زۆر خاتریان دەگرت و ئاخر جار پڕ جیبێك کەلاشینکۆف بە مەخزەن و فیشەکەوە پێیاندا نارد لە بۆ عیزەدین حوسێنی! لەلای مەریوان جەماعەتی قاسملوو هاتن و سیلاحەکانیان لێ ستاند بردیان پاشان دایانەوە."

ئەرێ عەلی گیان تۆ شەرەفت ئەو مەلا عبدالەیە کە ئەوەندە دەگەڵ خالت تێکەڵ بووە، ئاگای لە هەموو هەست و خوست و سەفەرەکانی و کەینەو بەینەکانی بووە و باش دەزانێ ئەحمەد تۆفیق، ناظم گزار کوشتوویە، ئەگەر

حەزی کردبا و بەراستی و پاکی دەگەڵ تۆ دوابا دەیتوانی گڵکۆکەشت پێ نیشاندا؟

ئەتۆ گلەیی چی لە حیزبی دێموکرات دەکەی، ئەوە تا مەلا عەولاکەی تۆ لە لاپەڕەی ١٨٠دا دەڵی: " بەبڕای بە بڕای لەگەڵ برادەرانی ئەو دیو ئینسجامی نەدەکرد."

ئەرێ ئەتۆ ئەگەر بە فەرمایشەکانی شێخ لەتیف کە لە لاپەرەی ١٨١دا هاتووە و دوایە مەلا عەولاش بۆ شێخی دەسەلمێنێ پێت وانی‌یە زەبیحی دوورە پەرێزو نەحاواوە بووە. ئایا توانای وی لەو حەدەی زۆر زیاتر نەبوو ئەگەر ویستبای دەیتوانی بۆخۆی یا ژ - ك ببووژێنێتەوە یا حیزبێکی دیکە سازکا، ئەدی بۆ نەیکردووە؟

کاك عەلی ئەتۆ ئێستاش نازانی ئەو جنێوو قسە سووکانەی مەلا عەولای کارتۆنی ساز لە زمان زەبیحی و خۆیەوە بەرانبەر بە دێموکرات لەم وتووێژەدا بە کاری هێناوە نە دەبوو لە کتێبەکەتدا بیهێنی، کە هێناوتن لە راستیدا بۆ خۆت جنێوەکانت بە ئێمەداوە، بەراستی تۆ رێت دەکەوێ ئەو قسانە بە دێموکراتەکان بڵێی کە نیزیکەی ٧٠ ساڵە لە پێناوی گەل و نیشتماندا فیداکاری دەکەن و شەهید دەدەن.

کاك عەلی! لە لاپەڕەی ٢٠٦دا لە وتوویژێکدا کە دەگەڵ کاك حەمەدەمینی سیراجیت کردوە، ئەو وڵامانەی ئەو داویەتەوە و ئاماژە بە هاوکاری راستەوخۆی کاك رەحمان دەگەڵ تەیموری بەختیار لە بەغدا دەکاو لەشکرو قۆشەنی بۆ ساز کردوە کە گویا بە گژ شادا بچن و حکوومەتی شا بۆ سەدام برووخێنێ و بەداخەوە رەوانشاد کاك محمد شاپەسەندی و عالەمێکی زۆری دیکەش دەو داوە دەخاو چەکدارێکی زۆریشی بۆ پەیداکردبوون. پێت وایە بەو شتانە پرەستیژو کەسایەتی خاڵت بردۆتە سەر؟!

لە لاپەرەی ٣١٠دا لە بەریز مام جەلال دەپرسی: " بیستومە مەلا مستەفا زۆری ڕق لە زەبیحی بووە تەنانەت جائیزەی بۆ کوشتنی داناوە؟" مام جەلال وڵامی داوەتەوە کە ئەوە راست نی یە.

باشە زەبیحی لە کوێ و کەی ئەو ئیدعایەی کردوە؟! بۆ دەتەوێ لە لایەك بۆ خاڵت ئەوەندە دوژمن داتاشی و پێت وایە بەوەی گەورەی دەکەی و لە لایەکی دیکە مەلا مستەفای ئەوەندە چووك دەکەیەوە کە بە پیاو کوژوو تێروریستی لە قەڵەم دەدەی، پێم ناڵێی ئەوە چ فایدەیەکی هەیە؟

لە لاپەرەی ٣١٢دا باسی چوونی خاڵت بۆ تاران لە بەڕێز مام جەلال دەپرسی و هەر ئەو پرسیارەت لە م. برایم ئەحمەدیش کرد بوو کە گویا کاك سەلاح موهتەدی یا رەحمەتی دوکتور شیرازی ئەوەیان کوتوە. هەر دوو ئەو بەڕێزەی ئەو پرسیارەیان ئاراستە دەکەی وڵامی رەد دەدەنەوە. مام جەلال دەفەرموێ من خۆم پێم ناخۆش بوو بچینە ئێران تەنانەت مان دەگرێ بۆ ئەوەی لە ئێران دەرچێ هەتا دەگا بە زەبیحی کە هیچ کەس پێی وانی یە خاڵت تا دوای رووخانی شا جارێك لە سنووری ئێرانیش نیزیك بوبێتەوە. ئەوانەی تۆ بۆ ئەم مەسەلە بە شاهیدت گرتوون و دەڵێن زەبیحی چۆتە تاران بە راستگۆ نەناسراون.

لە لایەکی دیکەوە ئەتۆ هەوڵ دەدەی نیزیك بوونی خاڵت هەر لەو بەشەدا لە عیسی پەژمان ئەو ساواکی یە درۆزنە کە هەموو تەمەنی پیاوی شای ئێران بووە نیشان بدەی. دۆستایەتی خاڵت دەگەڵ خائین و خۆفرۆشێکی ئاوا چ سوودێکی بۆ خاڵت یا بۆ تۆ هەیە. دۆستایەتی زەبیحی وەك مرۆیەکی کە کاتێك نەفەری یەکەمی ژ - ك بووە، دەگەڵ پەژمان سووکایەتی و ئابڕووچوونە.

لە لاپەڕەکانی ٣١٤ و ٣١٥دا لەسەر حیزبی دێموکرات و بە جۆرێك لەسەر بەرپرسانی حیزبی دێموکرات شەهیدان دوکتور قاسملوو ئەحمەد تۆفیق " عبداڵە ئیسحاقی" پرسیار دەکەی و لە زۆر جێگای دیکەش ئەو پرسیارە بۆ چووك کردنەوەی کەسایەتی و بەرپرسانی حیزب دێنی یە گۆڕێ بۆ ئەوەی خۆت و ئەو

ریکخراوەی پێ گەورە نیشان بدەی کە بۆخۆت ئەندام یا لایەنگری بووی. ئەوی راستی بێ مام جەلال تا لە ئێران شۆڕش نەکراو بە تایبەتی تا جەماوەری دەوری حیزبی دێموکرات و نفوزی ئەو حیزبەی لە ناو کۆمەڵگادا نەدی و بە تایبەتی تا ئەو کاتی پادگانی مەهابادێ لە لایەن دەرەجەداران و ئەفسەرەکانی ئەندام یا لایەنگری حیزب نەگیرا هیچ حیسابیکی ئەوتۆی بۆ حیزبی دێموکرات نەدەکرد. یەك دوو نامەشی کە لە زەمانی شادا بۆ من نووسیبوو ئەوەی بە تەواوی تێدا دیار بوو. لە باری مەعنەویشەوە بۆ دامەزرانی کۆمەڵە هەموو هەوڵێکیدا بەلاّم ئەوە حیزبی دێموکرات بوو کە لە کاتی یەکەم هەڵبژاردنی پارلەماندا نیزیکەی ٨٥٪ دەنگەکانی کوردستانی هێناو هەر حیزبی دێموکرات بوو بە دەرەجەی یەکەم و بە کردەوە لە بەرانبەر هێرشی کۆماری ئیسلامیدا بەرگری لە گەل و نیشتمان کرد.

لە لاپەڕەکانی ٣١٨ و ٣١٩دا باسی چلۆنایەتی تێداچوونی زەبیحی دەگەڵ مام جەلال دێنییە گۆڕێ و دەش لێی مامۆستا عبدالەش کوتویەتی: " زەبیحی بە دەستی قاسملوو تێداچووە" مام جەلالیش دەڵێ: " ناتوانم بڵێم بە دەستی قاسملوو بەلاّم موتەئەکیدم کە حیزبی دێموکرات لە لای عێراقییەکان قسەیان لەسەر کردووە!"

ئەرێ حیزبی دێموکرات ئەگەر ویستبای زەبیحی لەناو بەری، بۆچی و لەبەر چی لەناوی دەبرد. زەبیحی چ هێزێکی هەبوو کە حیزب لێی بترسێ و لێی نیگەران بێ. ئایا بەراستی ئەگەر حیزبی دێموکرات ویستبای کارێکی ئاوا بکا کێ دەیتوانی پیشی بگرێ. زەبیحی لە مەهاباد کە من تەنیا یەکجار لە کتێبفرۆشی موەفەقی دیتم تەنانەت یەك پێشمەرگەشی دەگەڵ نەبوو.

حیزبی دیموکرات ئەهلی ئەو کارانە نەبووە و نییەو هەتا ئێستاش کە ئەو هەموو بەڵگەو فایلانەی دەزگای مخابراتی عێراق دەست یەکیەتی و پارتی کەوتوون بەڵگەیەك لە خەیانەتی حیزب بەرانبەر بە کورد و هێزەکانی کوردستانی

بەرچاونەکەوتوە. بە دڵنیایەوە ئەو رووداوە دەگەرێتەوە بۆ هاوکاری و پەیوەندی زەبیحی دەگەڵ یەکیەتی نیشتمانی و هاوکاری دەگەڵ ئەوان. دە با بەس بێ و بە نارەوا ئەو دەستە شیراویە دەسەری حیزبی دێموکرات هەڵنەسووریٚ.

لە لاپەڕەی **٣٢٤**دا باسی سازکردنی ئۆپۆزیسیون لە لایەن زەبیحیەوە دەکرێ. بە باوەڕی من زەبیحی کە بە قەولی مەشهور هاودەورەکانی زۆر کەم لە مەهاباد مابوون و لە راستیدا ئەوەندە دوور کەوتبوەوە لەبیر کەم کەس مابوو، بە تایبەتی بەو دورە پەرێزی و بێ پەیوندیەی ئەو دەگەڵ خەڵك، هیچ کات نەیدەتوانی نە ئۆپۆزسیوون ساز کاو نە خەتی پان دەگەڵ مامۆستا شێخ عزالدینو.... بینێتە گۆڕێ. ئەو ئیدعایە زیاتر لە چوارچێوەی قسەدا ماوەتەوە و هیچ هەنگاوێکی بە کردەوەی بۆ هەڵنەگیراوە.

لە لاپەڕەکانی **٣٢٥** تا ئاخری وتوویژەکە بە توندی هەڵی کوتاوەتە سەر حیزبی دیموکرات و دیسان باسی ئەوە دەکا ژ - ك بۆ بوو بە حیزبی دیموکراتو...

چونکو لە پەیوەندی دەگەڵ کتێبەکەی رێزدار مام جەلالدا لەسەر ئەم بابەتە دواوم لەسەری نارۆم. دڵنیام مام جەلال ئاڵ و گۆڕی زۆری بەسەر داهاتووە و ئێستا کە بە خۆشییەوە بۆ یەکەم جار وەك کوردێك بۆتە سەرۆك کۆماری عێراقیش وەك ئەو دەم بیرناکاتەوە.

لەو لاپەرانەی دەگەل م. شێخ عزالدین وتوویژت کردووە.

لە لاپەڕەی **٣٤٤**دا گویا مامۆستا دەفەرموێ: " حیزبی دێموکرات ئەغلەب لەوێ واتە لە شێنێ بوو، دەهات لەگەڵ کۆمەڵەو ئەوان شتێك پێك بێنێ هەموو جارێ دەهات بە ناوی لێکۆڵینەوە، هەموو کەرەتێك دەهات قەراردادەکەشمان دەنووسی و ئیمزای دەکرد بەڵام دوایە پاشەکشەی لێ دەکرد و بۆخۆی دەچوو بە دزی لەگەڵ دەوڵەت دادەنیشت و دەست و پێوەندی لە ناو دەوڵەت زۆر بوو."

گومان ناکەم ئەوە قسەی مامۆستا بێ و بۆخۆت رێکت خستووە دەنا دەبوو لانی کەم یەکێك لەم قەراردادانە نیشانبدا. مامۆستا ماوەیەکی کورت لەشێنێ بوو

دوایە چووە بێژوێ. هەموو دنیا دەزانێ ڕێژیم ئامادە نەبوو دەگەڵ چریك و کۆمەلە دانیشێ، ئەوە تەکبیر و زەختی حیزبی دێموکرات بوو کە ئەوان کەوتنە بازنەی وتوێژەوە و مامۆستاش کرا بە سەرۆکی لیژنەی وتوویژوو د.قاسملووش بوو بە وتەبێژو قسەکەری لێژنەکە. حیزبی دیموکرات ٣٥ ساڵە هەوڵ دەدا دەگەڵ کۆمەڵەو چریکان ڕێك کەوێ و خەباتی هاوبەش بکەن بەڵام هەتا ئێرەش کۆمەڵەکەی دوێنێی تۆ ئامادە نەبووە پابەندی قەرارو مەدارێك بێ و لاپەڕەیەك دەگەڵ حیزبی دیموکراتی کوردستان ئیمزا بکا.

دوای شەری سێ مانگەش حیزبی ئێمە دەگەڵ چریکەکان لە ناوچەی مەنگوڕایەتی مەهاباد قەرارێکیان بە یەکەوە ئیمزا کرد بەڵام ئێستا جەوهەری قەراردادەکە ویشك نەبووەوە کە نەتەنیا هەڵیانوەشاندەوە و لە ژێریاندا بەڵکوو بڕیاریاندا هەر چەك و چۆڵێکی هەشیانە تەحویلی ریژیمی بدەنەوەو بەداخەوە نرخی ئەو تەسلیم بوونەوەشیاندا. جگە لەو جەمعەی ئێعدامیان کردن، بۆخۆشیان تووشی لێکدابڕان و کەمایەتی و زۆرایەتی هاتن و دەربەدەر بوون.

لە لاپەڕەی ٣٥٠دا مامۆستا شێخ عزالدین شاهیدی ئەوە دەدا کە زەبیحی ئەسلەحەیەکی زۆری هێناوە، بەشێکی زۆری بە یەکیەتی و بەشێکیشی بە کۆمەڵەداوە.

من پێموایە لەناوبردنی زەبیحی راست لەو پەیوەندییەدا بووە.

هەر لەو لاپەڕەدا م. شێخ عزالدین دەڵێ زەبیحی و جەماعەتی ژ - ك زۆر موخالیفی ئەوە بوون کۆمەڵە ببێ بە دێموکرات.

ئەرێ ئەگەر ئاوا بوو بۆچی بەشی زۆری ئەندامانی ژ - ك یەکەم بەیانی‌یەی ٨ مادەیی حیزبی دێموکراتیان ئیمزا کرد و دوایەش هەموویان لە حیزبدا تێدەکۆشان و بەرپرسایەتیشیان لە کۆماردا هەبوە؟

ئەدی ئەگەر کۆمار و حیزبی دیموکراتی کوردستان میراتگری کۆمەڵەی ژ - ك نەبوون، بۆ رۆژی ٢ی ڕێبەندان پیشەوا ئاوا بە ئاشکرا لە قسەکانیدا باسی لە

سەربەستی و سەربەخۆیی دەکا. ئەرێ ڕۆژنامەی کوردستانی ژمارە ١١ــ ١٢و.... بۆ لە سەرەوەی ڕیپۆرتاژی رۆژی ئیعلانی کۆماردا بە مانشێتی گەورە نووسیویەتی جیژنی سەربەخۆیی و ئیستقلالی کوردستان.

هەروەك مامۆستا شێخ عزالدین لە لاپەڕەکانی دواتردا وڵامی داویەوە بۆت باس دەکا و دەفەرموێ: " قازی محمد بە کەسایەتی و ئیمان بە کوردایەتی و زانایی و زانستی خۆی کرا بە سەرۆك کۆمار، نە بە پشتیوانی هێزی دەرەکی".

بەڵام بە پێچەوانەی بۆچوونی مامۆستا شێخ عزالدین حیزبی دیموکرات هیچ کات هەوڵی ئەوەی نەداوە شتەکانی کۆمەڵەی ژ - ك ون کاو باسیان نەکا بەڵکوو هەموو کات کە باسی دامەزرانی حیزبی دیموکرات دەکرێ دەکوترێ: " حیزبی دێموکراتی کوردستان لەسەر بنەمای کۆمەڵەی ژ - ك یا ژیانەوەی کورد دامەزراوەو رێکەوتی دامەزرانی " ژ - ك"ی وەك ڕۆژی دامەزانی حیزبی دێموکراتی کوردستان دیاری کردوە.

ئەدی بۆ کاك عەلی و ئەوانەی ئاوا دژی قازی محمد، کۆمارو حیزبی دێموکراتی کوردستان دەدوێن و دەنووسن بیر لەوە ناکەنەوە ناوی حیزب هەر لە ڕۆژی یەکەمەوە "حیزبی دێموکراتی کوردستان" بووە، ئەدی بۆ ناوی کۆمار "جمهوری کوردستان" بوە ئەویش لە وڵاتێکدا کە حاکمیەتی پاشایەتی‌یەو ناوی ئێرانە.

ئەرێ ئەگەر ئێوەش و مامۆستا زەبیحیش هێندە دڵسۆزی کۆمەڵەی ژ - ك بوون لەو هەموو ساڵەی دوای کۆماردا بۆچی هەوڵتان بۆ نەدەدا و خەباتتان بۆ نەدەکرد زیندووی کەنەوە و گەشەی پێ بدەن و کاری تێدا بکەن بەڵکوو توانیباتان کوردستانەکە سەربەخۆ بکەن؟!

ئەدی ئەگەر هێندە دڵسۆزی کورد بوون و لە ساڵەکانی ٤٦-٤٧دا نەدەچوونە ریزی ئەوانەی گیانی خۆیان لە پێناو کوردستاندا بەخت کرد. ئەو کات ئێوە لە کوێ بوون.

ئەدی بۆ ئەگەر حاکمیەتی شا ڕووخا لە جیاتی داوای سەربەخۆیی کوردستان ناوی کۆمەڵەیەکتان لە خۆتان نا کە بە تەواوی موخالیفی خەباتی نەتەوەیی بوو. هەموو دروشمەکانی لە چوارچێوەی مارکسیەتدا دەگونجاندو مامۆستاش بۆ فریودانی لاوەکان دەیفەرموو: " هەرچی سوور نەبێ پەسندی ناکەم."

هەموو دەزانن من خۆم هەموو کات باڵی چەپی حیزبێ دێموکرات بووم کە لە بنەڕەتڕا خۆشی هەر لە بەرەی چەپدا بووە بەڵام مافی نەتەوەکەم و خەباتم لەو پێناوەدا پی لە هەموو مەسەلەیەکی دیکە گرینگتر بووە، ئێستاش موخالیفی سۆسیالیزمی واقعی نیم و عەداڵەتی کۆمەڵایەتیم بە لاوە زۆر گرینگە.

نۆرە دەگاتە کاك سەلاحی موهتەدی بۆ مەیدانداری دژی پێشەوا قازی و حیزبی دیموکراتی کوردستان.

جا بۆ کوتانیان داستان ساز دەکا. ئەو نامەی بۆ کاك عەلی ناردوە لە لاپەڕەی ٣٦٥ تا ٣٨١ی ئەم کتێبەی داگرتووە و زیاتر لە زمان هێندێك کەسی بنەماڵەی خۆیانی بیستووە کە زەمانێك بۆ دژایەتی دەگەڵ کۆمار دەگەڵ خەڵکی زەحمەتکیش و.... زۆریان هەوڵداوە و هێندێك جار بۆ سەرکوتی خەباتکاران هاوکاری ڕێژیمەکەی حەمە ڕەزاشیان کردوە.

من پێم وایە پێشەوا نە تەنیا دژایەتی دەگەڵ زەبیحی نەکردوە بەڵکوو خۆشیشی ویستووە. پێشەوا هەموو کات مرۆی خوێندەوار، تێکۆشەرو نیشتمانپەروەری خۆش ویستووە. من بە پێچەوانەی بۆچوونی کاك سەلاح پێم وا نییە پێشەوا چووبێتە ژێر کاریگەری ڕووسەکان. ئاخر ڕووسەکان و ئازەربایجانییەکان بە هەموو هێزەوە لەسەرەتادا دژی ئەوە بوون کورد وەك یەکەیەکی جوغرافیایی و نەتەوەیی بەرچاو بگیرێ بەڵکوو زۆریان هەوڵدا زەمیمەی ئازەربایجان بێ. ئەوە پێشەوا و ستافی هاوکاری بوون کە توانیان خۆڕاگرانە لەبەرانبەریاندا ڕاوەستن. ئەگەر ئازەربایجان نەیتوانی کۆمار ئیعلام بکاو ناوی خۆی نا "حکومەتی میللی

ئازەربایجـان" کـورد تـوانی لـەناو حکومـەتی پاشـایەتی ئێـراندا " جمهـوری کوردستان" رابگەیێنێ.

هەر ئەوەی بە قسەی باجە رەعنای دایکی کاك عەلی کە فەرموویەتی: "کـاکی کە لەزیندان بەربوو قازی و مەلا مستەفا دەچنە مـاڵێ و سـەری دەدەن" نیشـانەی خۆشەویستی و حورمەتی ئەوان بۆ زەبیحـی بـووە. هاتنەوەکەشـیان لە رۆژنـامەی کوردســتانی ئەوســەردەمدا بە دەق و هەڵبەســت رەنگــی داوەتەوە و بە چەنــد نووسراو و هەڵبەست بەخێرهاتنەوەیان لێ‌کردون.

بەڵام مرۆڤ حەق بڵێ دە ئاخری نامەکەی‌دا کاك سـەلاح سـەبارەت بـە زمـان درێژی هێندێك کەس بەرامبەر بە کەسایەتی‌یەکانی کورد و تۆمەتبارکردنیان کـە ئەو کتێبەش پڕە لەو شتانە دروستی نووسیوە کە دەڵێ:

"لاوەکانی ئێمە وایان بیر کردەوە کە:
هەژار مریدی مەلا مستەفاو کۆنەپەرستە
زەبیحی دۆستی مام جەلال و پیلانگێڕە
قزڵجی سەروە حیزبی توودەیەو سازشکارە
هێمن لادەرو ساویلکەو سەرخۆشە"

کاك سەلاح ئەوەش زیاد دەکاو دەنووسێ: "ئێمـە کـە بەرانبـەر سـەرکردەکانی پێش خۆمان ئاوا بێ‌وەفا و بێ ئەمەگ بووین چ چاوەڕوانییەکمان دەتوانێ هـەبێ لە نەسلی نوێتر بۆ قەدر گرتن و پێزانین؟!"

ئەگەر کاك عەلی هەر ئەو رستەی ئاخری خستبا بەر سەرنج و لەبیری نـەکردبا زۆر باشتر دەر دەچوو، کتێبەکەشی زۆر سەنگین‌تر دەبوو.

من نازانم گەورە کەسانی سیاسیی کورد و رێبەرە فیـداکارەکانی لەو کتێـبەدا بـۆ بەم شێوە دەکەونە بەر هێرشی لەفزی و قەڵەمی؟!.

رەحمەتی کاك یوسف رێزوانی لە نامەیەکـدا وڵامـی هێنـدێك پرسـیاری کـاك عەلی داوەتەوە. دو سێ مەتڵەب دەنووسێ.

١ـ دەنووسێ "کوردستانی نێوێك" کە هەتا ئێستاش نێوم نەبیستووە بە یوسفی کوتووە "پیشەوا دەستووری داوە کە غەفووری محمودیان بکوژن و دەبێ لە بەرانبەرڕەخنەی ئەودا پێشەوا کوتبێتی ئەوە دەستوورە دەبێ بەڕێوەی بەری" گۆیا ئەو کابرایە ڕەئیسی ئیتلاعاتی شاری بۆکان بووە.

٢ـ باسی محمدی شاپەسەندی هاورێ و هاوخەمی کۆنی مامۆستا زەبیحی دەکاو دەڵێ هەرچی زەبیحی هەیبوو، شاپەسەندی بردی!

٣ـ دەنووسێ زەبیحی پیاوێکی گرێدار بوو کەس سەرەو دەرەی لێ دەر نەدەکرد.

بەڵام من دەڵیم ئەو کابرایە کە بەرپرسی ئیتلاعاتی زەمانی شا یا زەمانی خومەینی بووبێ تا چەند قسەکەی جێگەی باوەڕە. لە حاڵێکدا، پێشەوا خۆی چووبوو بۆ سەرە خۆشی محمودیان و ڕایگەیاندبوو حیزب و کۆمار ئاگایان لەو جنایەتەنی‌یە و لە لایەکی دیکە وەك ڕێزوانی دەڵێ مام قادر و هاشم سەعید دەستی ڕاستەوخۆیان لەو کارەدابوە و لەسەری دەربەدەربوون.

بەڵام من، جەلیلی گادانی لەو پێوەندییەدا پرسیارم لە مام هاشم کرد و ئەویش لە وڵامدا کوتی: "ئەو کارە کە کرا بە دارودەستەی ڕووسەکان بوو، حکوومەتی کوردی ئاگای لێ نەبووە."

٤ـ لەسەر محەمەدی شاپەسندی و بردنی ماڵی زەبیحی دەبێ بە مەنتق بۆی بچین. ڕاستە ئەو لە کۆنەوە زۆری لێ نیزێك بووە و هەر بە فیتی زەبیحیش دەگەڵ تەیمووری بەختیار هاوکاریان کردووە و زۆری دیکەشیان لە دەوری کۆ کردۆتەوە و ئەو ماجرایە بە دەنگ و تەسویری شاپەسندی لە لای من هەیە. بەڵام محمدی شاپەسندی چی هەبووە، تا کاتی مردنیشی لەژێر زەمینێك لە شاری سلێمانی دەژیا ڕەنگ بوو ئەگەر کەسانێکی دڵسۆز و کوردپەروەری بەدەورەوە نەبا هەر بۆ پارەی کفن و ناشتنیش مەحتەل بان. مەلا عەولا ئیسماعیلیش

ئیدعایەکی وا لەسەر محمد شاپەسندی دەکا بەڵام من پێم وایە ئەو مەسەلە لە بنەڕەتدا درۆیە. ئەو هیچ کات تەماحی دەماڵی زەبیحی نەکردووە.

لە سەر بەگرێ بوونی زەبیحیش راستە، کەم کەس لە کارو پێوەندی‌یەکانی سەری دەرچووە، زۆر بە نەهێنی کارەکانی کردوە. مەلا موتۆریش هەر دەڵێ زۆر جێ متمانەی بەرپرسانی حکوومەتی بووە و دەگەڵیان تێکەڵ بووە. گەرانەوەشی بۆ ئێران دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلان و رووخانی ڕێژیمی شا هەر بە ئاگاداری ئەوان بووە، بەڵام کە بڵاوکردنەوەی چەك و چۆڵەکەی لێ ئاشکرا بووە و دەرکەوتووە کە بەشێکیشی داوە بە یەکیەتی نیشتمانی زۆر وێدەچێ بەو هۆیەوە بووبێتە قوربانی و سەربەنیستیان کرد.

خاکەلێوەی ٢٠٠١

کاك عەلی بەڕێز هیوادارم زمان و قەڵەمت بە چاکە بگەرێ و هێندەشی لە ئاشی سەرێ لێ نەکەی. وەك دەڵێن لەم دوایانەدا دەگەڵ کاناڵی **NRT** وتوێژت کردوە و خۆت کردۆتە نوێنەری هەموو خەڵکی کوردستانی رۆژهەڵات و هەرچی بەسەر زارتدادێ دەیڵێی و بێ حورمەتی بە خەڵك دەکەی. ئەو کارە لە هیچ شوێنێك پەسند نی‌یەو جەنابت ئەگەر قسە بکەی دەبێ وەك خۆت قسە بکەی و نەبی بە وەکیل و دمڕاستی خەڵکی رۆژهەڵات.

هەروەها شتێکت بۆ ژمارە ١ی گۆڤاری.... نووسیوە لەوێشدا قسەی گرنی گرنی زۆر دەکەی و بێ حورمەتی بە هەموو حیزب و لایەنەکان دەکەی و بە تایبەت حیزبی دیموکرات دەکوتی.

سیاسەتی شەلم کوێرم ناپارێزم لەو زەمانەدا نایخوا، پێویستە لەمە بەدوا وردتر بی و مەسئولانە بدوێی و بنووسی.

## خاطرات و دردها(جلد نخست)

شوکر بۆ خوا کاك سەننار لە کۆڵ کێشەو هەرای کوردستان بۆتەوە یا وا باشترە بڵێین دنیای لێ وەتەنگ هاتو دوای ئەو هەموو بەزمو هەراو فەرتەنەی ناویەتەوە، لە هەڵات هەڵاتی ئێرانو عێراقو ئەمبەر ئەوبەری سیاسیو هاوکاری شاپەرستو پاسداران ماندوو بوو، کێوو شاخی کوردستانیشی لێ بەرتەنگ بوەوەو چوو لە سوئید وەقرەی گرت.

سەیر ئەوەیە ناوبراو هیچ کات زەحمەتی بە خۆی نەدا بە خەتی موبارەکی هەر نەبێ راپۆرتێکی تەشکیلاتی بۆ ئەو حیزبەی کە خۆی تێیدا بە ئەندام دەزانیو بەینێکیش ئەندامی ڕێبەرییەکەی بوە بنێرێ ئێستا بە ئاوو هەوای دەرەوە قەڵەمەکەی لە جیاتی زمانەکەی جارانیشی وەگەڕ کەوتوەو خەریکی نووسینی بیرەوەریو پێداچوونەوەی مێژووی خێڵو عەشیرەتو هێرش کردن بۆ سەر حیزبو ڕێکخراوانە. دیارە وێدەچێ لە سوئیدیش کۆماری ئیسلامی کوردی نووسینی ـ ئەگەر بزانێ ـ لێ قەدەغە کردبێو بۆیە هەر بە فارسی دەنووسێ. ئەوەی جارێ وەدەستم کەوتوە بەرگی یەکی "خاطرات و دردها"یە. بەشی هەرەزۆری ئەم کتێبە لەسەر عەشیرەتی شکاکو ڕووداوەکانی ئەو کاتو دەوروبەری خۆیانەو بە کەڵکن بەڵام لە ئاخریدا فەسڵی ٥و ٦ی لەسەر کۆمەڵەی ژ ـ ك و حیزبی دێموکراتی کوردستانە. کاك سەننار کە هەم لە تازە لاویەوە دەگەڵ پیاوی گەورەو سەرۆك عەشیرەتان تێکەڵ بوەو وەك بۆخۆی باس دەکا بابیشی مرۆیەکی مەزنو سەر ئێلی مامیدیان بووە دەبوو زمانو قەڵەمی هەر بە چاکە بگەڕێ. بەداخەوە لەم ٢ فەسڵەدا زۆر بە کورتی بڵێم بە ناحەزی باسی گەورە پیاوانی کوردو کۆمارو حیزبی دێموکراتی کوردستان دەکا.

جگە لە خۆی هەرچی ناوی بردوە ئیشکالێکی تێدایەو جا نازانم ئەوانەی بە خاتری ئەوە نووسیوە کە عەجەم پێمان خۆش بن یان لە ترسی ئەوەی مەبادا سوپای پاسداران‌و ئیتلاعات بیکوژن‌و خودای نەخواستە تۆمەتی دێموکرات بوونی لێ بدەن .

دوایەش لە لاپەڕەی ٢١٤دا باسی "پایگاە مردمی" خۆی دەکاو زۆر بە خۆی هەڵدەڵێ‌و هەموو دنیایە منەتبارو خەڵکی کوردستانی قەرزدار دەکا.

جا چاوەڕوان دەبین بزانین لە کتێبەکانی دیکەی دا چ دەفەرموێ‌و چ دەنووسێ؟

لە لاپەرەی ٢١٤دا دەڵێ: "بارزانیەکان نیزیکەی ٢٠٠٠ کەسیان بە نەخۆشی تیفۆئید لە رۆژهەڵاتی کوردستان مردن" ئەو رەقەمە زۆری ئیغراق تێدایە. رەنگە سیفرێکی زیادی بێ چونکو هەموو ئەوانەی کە هاتبوونە رۆژهەڵات ئەوپەڕەکەی ٤٠٠٠ کەس بوون. ئەو نەخۆشیە زیاتر لە ٢٠٠ کەسی لێ نەکوشتوون.

پووشپەڕی ٢٠٠٣

کاك سەننار مامیدی کە زەمانێك ئەندامی ڕێبەری حیزب بووە لەبەر ئەوەی بە قەولی خۆی لە کوردایەتیدا سووتاوە نەیتوانیوە فێری نووسین‌و خوێندنەوەی کوردی بێ دوو کتێبی بەو ناوەی سەرەوە بە فارسی نوسیوە. من پێم وایە بۆیە بە فارسی نووسیوە لە ڕوانگەی فارس زمانەکانەوە حیزبی دێموکرات بێنێتە ژێر پرسیارو بێ حورمەتی لە پێشدا بە خۆی‌و دوایە بە کوردو حیزبی دێموکراتی کوردستان بکات.

لە لاپەڕەی ٤٠دا باسی گۆڕانی کۆمەڵەی ژ ـ ك بە حیزبی دێموکراتی کوردستان دەکات‌و وا دەنوێنێ کە قازی محەممەد کودەتای لە کۆمەڵەی ژ ـ ك کردوەو کردویەتە حیزبی دێموکراتی کوردستان.

کاکە ئەگەر وات دەزانی دوایە بۆ بوویە ئەندامی حیزبی دێموکرات‌و بە پلەی ئەندامی ڕێبەریش گەیشتی‌و بۆ ئەوکات لە سیمینارێك یان کۆبوونەوەیەکی کۆمیتەی ناوەندیدا باست نەکردووە. ئێستا کە لە حیزبدا نەماوی‌و بۆ هەمیشە کوردستانت بە جێهێشتوەو لە سوئید دەژی‌و خەریکی نووسینی (خاطرات و دردها)ی‌و بیرەوەرییەکانت دەنووسی، لانی کەم لێرەدا ڕاست ڕۆیشتبای‌و خوارەکەو پێچەکەت نەکردبا، بەڵکوو بە دوای ئەو هەموو هەراو بەزمەی‌دا کە کردت‌و پاش یاغی بوون لە حیزب‌و خەڵکی ناوچەکەو چەك‌و چۆڵ وەرگرتن لە سوپای پاسداران لە ڕێگەی تاقمی حەوت کەسی‌و کوشتنی نیزیکترین هاوکاری خۆت (ڕەحمان کەریمی.) ئەگەر سەرت ناوە ویجدانت هێندێك ڕاحەت بێ!

هەر لە لاپەڕەی ٤٠دا بە پڕرِوویی دەنووسێ: "کۆمەڵەی ژ ـ ك بە دەستووری مەقاماتی شووڕەوی یەك جێ خامۆش بوو، لە ناو چوو. هەروەها قازی محەممەد بە ئەمری ڕووسەکان بە کۆکردنەوەی جەمعێك لە سەرۆك عشیرەتەکانی

موکری‌و دۆستان‌و خزمانی خۆی کۆ کردەوەو "حدکا"ی بەو بەرنامە خاوێنەوە ڕاگەیاند، هەروەها ئیراد لە پێشەوا دەگرێ کە گوتوویەتی "چاوو گوێتان بکەنەوە" ئەوەشی بە بێ حورمەتی بە خەڵك داناوە"

کاك سەنناری بەڕێز ئەتۆ ئەگەر هێندە زاناو ماندوو و دڵسۆزی کوردو کوردستان بووی بۆ لەو هەموو تەمەنە دوورو درێژەت دا هەوڵت نەداوە وەك سادەترین پێشمەرگەی ئەم زەمانە فێری خوێندن‌و نووسینی زمانی کوردی بی.

تۆ چۆن بە خۆت حەق دەدەی تۆمەتی ئاوا لە پێشەوای شەهیدی کورد قازی محەممەد بدەی کە گوێ ڕایەڵی رووس بوەو هەر موکریانی مەبەست بووەو خزم خزمێنەی کردوە؟

لە هەموو تەشکیلاتی حیزب و کۆماردا چوار کەس لە بنەماڵەی قازی بەرپرسایەتییان هەبووە.

پێشەوا شکاك یان هەر کەسێکی دیکە تێکۆشانی هەبووبێ زۆر زیاتری لە کەسێکی خەڵکی مەهاباد خۆشتویستوە.

بۆ ئەو میلاك کارو باوەر بە کوردایەتی بووە، هەر لەسەر ئەو بنەمایەش بوو کە مەلا مستەفای بارزانی‌و ئەمەر ئاغای تۆی کردە ژەنەراڵ، بەڵام وەك دەزانین بارزانی هەتا دوا هەناسە بە کوردایەتی وەفادار ما بەڵام ئەمەر خان تووشی خەیانەت بوو، کۆماری بە جێ‌هێشت‌و کوڕەکەی بە بارمتە ناردە لای شاو پشتی دەکۆمار کرد.

ئەدی ئەگەر هەموو مۆکریانی بوون ئەو جەنابانەی لە پاراگرافی ٣ی لاپەڕەی ٤٢دا ناوت هێناون: "عمرخان شەریفی، تاهرخان سمکۆ، عەباس فنك، قوتاز مامیدی، حاجی وەسمانی، شیرۆ ئیسماعیل‌زادە،عەبدی ئەیبوری، زەبید یا زەبی ئەیبوری، حەسەن هەنارە، تەمەرخان هەنارە، عەزۆ فەنەك، موراد نیسانی‌و نۆرکۆ عەبدۆیی"و زۆری دیکەی کە دواتر هەر لە باکووری کوردستانی رۆژهەڵات ئەتۆ ناوت نووسیون بەڵام هەر بە پێی وتەی تۆ لە قەڵەم کەوتوون چۆن لە

کۆنگرەی یەکەمی حیزبدا کە لە شاری مەهاباد بەستراوە بەشدار بوون؟ دیارە بە باوەڕی من بەشی دووهەمی ئەوانەی ناوی بردوون دەگەڵ ئەوانەی لەسەرەوە باس کراون بە تێکڕا بۆ رۆژی راگەیاندنی کۆمار هاتوونە مەهاباد نە بۆ کۆنگرە.

ئەمن لەسەر ئەو باوەڕەم کە هەر ئەوانەی سەرەوە لە کۆنگرەدا بەشداربوون و هەر ئەوەش فەرمایشی جەنابت بەرپەرچ دەداتەوە. حیزبی دێموکرات لەسەر هەموو بەشەکانی کوردستان حیسابی کردوەو موخالفی ناوچەگەرایی بوە.

وادیارە تا ئەوکاتەی ئەو کتێبەت چاپ کردوە نەتزانیوە کە ناوی حیزب لەو سەردەمدا حیزبی دێموکراتی کوردستان بوەو ئێرانی دەگەڵ نەبوەو کورتەکەشی دەبوو بە "حدك" ئەو "ئێران"ەی لە کۆنفرانسی سێدا لێ زیاد کراوەو بۆتە "حدکا" هەر لە سەر ئەو بنەمایەشە کە یەکەم کۆمار ناوەکەی "کۆماری دێموکراتیکی کوردستان"ـە.

لە لاپەڕەی ٧٢دا بە بێ حورمەتی باسی نوتقی پێشەواو سەیفی قازی لە رۆژی ئیعلامی جمهوری کوردستان دەکاو تەعنەو تەشەر لە رۆژنامەی کوردستان دەدا کە گوایە بە ئابو تاب نوتقی ئەو دوو کەسەی چاپ کردوە.

ئاخر پیاوی عاقڵ چۆن ئاوا لەسەر کەس یا کەسانێك دەدوێ کە تا ئاخرین نەفەس لە دادگاو لە بن داری ئیعدامیش کۆرنیشیان بۆ دوژمنان نەکردوە. بەر لە قازی محەممەد کێ قسەی ئاوا حیسابی کردوەو کێ بە قەرایە ئەو لە مێژووی کوردستان ئاگادار بوە، کێ توانیویەتی بە ئەندازەی پێشەوا ئێل و عەشیرەت و تیرە جۆراوجۆرەکانی کورد رێك بخاو بەم شێوەیە کۆمار دابمەزرێنی، هەر چەند تەمەنی کۆمار یازدە مانگ زیاتر نەبوو بەڵام هەر بەو ماوە کورتە بۆتە سەمبولی کوردایەتی و پێشکەوتنخوازی، هەر بۆیەشە پاش ٦٥ ساڵ تێپەڕین لەو کۆمارە جوانە مەرگە ئێستاش لە هەموو شوێنێك لە دەرو ژوور لە لایەن کوردانی نیشتمان پەرەوەرو دڵسۆز یادی دەکرێتەوە.

بێ‌گومـان ئەگەر عەجەمێکـی وەك مـحەمەد رەزا شـا کە جەنابـت وەدوای کەوتیی‌و چـووی لە تـاران دەسـتت مـاچ کـرد بە فارسـی قسـەی کردبـا لە لات پیرۆزو گەورە بـوون ئەگەر هەمـوو رۆژنامەکـانی ئێـرانیش بڵاویـان کردبـاوە تـۆ ئافەرینت لێ دەکردن، بەڵام زەمی رۆژنامەی کوردستان دەکەی کە بۆ بە ئـاب‌و تاب قسەکانی پێشەواو سەیفی قازی چاپ‌و بڵاو کردۆتەوە.

رۆژنامەی کوردستان لە چەند ژمارەدا (١٠ تا ٢٢) وتاری هەموو وتـار بێژانـی ئەو ڕۆژە مێژوویەی چاپ و بڵاو کردۆتەوە.

سـەیفی قـازیش کە قسـەی کـردوە ئەرکـی سەرشـانی بـوە کە بەو پەڕی حورمەتەوە باسی سەرۆك کۆماری کوردستان بکاو قسەکانی لە جێی خۆیدا بوە.

سـەنار بە سـەر سـەریگەری هەمیشـەیی خـۆی لە لاپەڕەی ٨٠دا بە نـاحەزی باسی جل‌و بەرگی رەسمی پێشەوای کردوە کە تەنیا بۆ یەکجار پۆشیویەتی.

دیارە پێشەوا ئەوەندی شـانازی بە کـوردایەتی‌و ئەو بەرپرسـایەتیە دەکـرد کە گەل خستبویە سەر شانی ئەوەندەی وەك تـۆو کەسـانی وەك تـۆ حەزی لە پـۆزو گیف نەکردوە. هەر بۆیەش تەنیا ئەو یەکجارە بەرگی رەسمی لەبەر کردوە.

بـۆ یەکەمجـارە بـڵاوی دەکەمەوە کە ئەو سـیمایەی پێشـەوا دەگـەڵ گـەورە پیاوانی ئەو سەردەم بە بەرگـی رەسـمی دیـارە هـی رۆژی ئیعلامـی کۆمـار نـیە، پێشەوا لە رۆژی نەورۆزی ١٣٢٥ی هەتـاوی لە میتینگێکـی بەشـکۆ کە بە بـۆنەی نەورۆزەوە لە چوارچرا بەرێوەچوو ئەو جـل‌و بەرگە رەسـمیەی بـۆ یەکەم جـارو ئاخر جار دەبەرکردبوو. ڕۆژی ئیعلامی کۆمـار بـەرگی عـادی و کـەوا شـۆرەی خۆی دەبەردابوو.

ئەگەر وەك هەر لەو لاپەڕەشدا نووسیوتە پێشەوا بە پیر ئەرتەشـەوە چـووە بـۆ ئەوەی بـووە کە هێنـدێك سـەرۆك عەشـیرەتی نـان بە نرخـی رۆژ خـۆری وەك جەنابت ڕێگە نەدرێن خۆ دەشاری مەهاباد هاوێن‌و خەڵك تاڵان بـکەن‌و شـەڕ بە خەڵك بفرۆشن.

جەریانی دادگای پێشەواو ئەو دیفاعە ئازایانەی لەو دادگایەدا لە خاك‌و نەتەوەکەی کردوەو هەرچی بە پێویستی زانیوە بە سەرۆکی دادگاو ئەندامانی دادگا فەرمایشەیەکەی نیزامی گوتوە خۆی نیشانەی لەخۆبردوووییو نەترسی ئەو زاتە بوون.

پێشەواو هاوڕێیانی بە مەرگی شەرافەتمەندانە وەفاداری خۆیان بەو سوێندەی خواردبوویان سەلماند.

سەننار لە لاپەڕەی٨١دا هێرش دەکاتە سەر دوکتور قاسملوو و کەسانیتر کە رووداوە مێژووییەکانیان نووسیوەو گێڕاوەتەوە.

سەننار ئەوەشی هەر بۆ سووك کردنی قەڵەم بە دەستان‌و تێکۆشەرانی کوردەو ویستوویەتی خۆی لە لای حوکم بە دەستانی رێژیم‌و غەیرە کوردان ڕابنێ‌و خۆی پێ گەورەکاتەوە. ئەو دەیەوی بەم قسە ناحەزو نەزانانەی خۆی عوقدەکانی کە سەراسەری وجوودی داگرتوە خاڵی بکا.

مەگەر تۆ هەمان سەننار نەبووی کە لە ئاخریەکاندا بۆ ئەوەی حیزبی دێموکرات راتگرێتەوە رەحمانی کەریمی هاوخزمەتی خۆت بە رێژیم‌و سوپای پاسداران‌و قەرارگای هەمزەو رەمەزانت کوشت[1]؟ بەڵام جگە لە بەدناوی هیچ ئاکامێکی بۆت نەبوو. تەنانەت بە ئەندامی سادەی حیزبیش وەرنەگیرایتەوە.

---

[1]- رەحمانی کەریمی دوای تێکەڵبوونی بە کردەوە دەگەڵ ئەرتەش و سپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی و چەندجار خەیانەتی حاشاهەڵنەگر و هاوکاری دەگەڵ سەننار مامیدی لە پلینۆمی خاکەلێوەی ١٣٦٠ی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە لە ١٦ تا ٢٠ی مانگ بەڕێوەچووە، قەراری دەرکردنی درا و بڕیاردرا بۆ سزادان بدرێتە دادگای شۆڕش. هەر لەو پلینۆمەش‌دا لەسەر سەننار بڕیار دەدرێ و بڕیارنامەکە لە ژێرەوە دەخرێتە بەرچاوی خوێنەران:

خاڵی ٦ی بڕیارنامەکە:

پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندی دوای گوێدان بە راپۆرتی لێژنەی لێپرسینەوە بە لەبەرچاوگرتنی بەڵگەی مەوجوود بڕیاری دا کە : ئەلف – رەحمان کەریمی بە تاوانی پیلانگێڕی دژی حیزب، خەیانەت بە ئامانجەکانی گەلی کورد، جاسووسی بۆ هێزی حاکم و بڵاوکردنەوەی نهێنییەکانی حیزب، پەیوەندی گرتن گەگەڵ سپای پاسداران و ئەرتەش بە بێ ئیزنی حیزب، ئەنجام و تەواوکردنی عەمەلیاتی پیرانشار بە سوودی دوژمن (لەسەر ددان پێداهێنانی خۆی بەم تاوانە بە نووسراوە) پیلانگێڕی لە ناوحیزب‌دا بۆ تێکدانی ریزەکانی، بڵاوکردنەوەی دەنگۆ و

لە لاپەڕەی ٨٣و٨٤دا باسی سێ هۆی گەڕانەوەی ئێلو عەشیرەتەکانی باکووری رۆژهەڵاتی کوردستانو پشت کردنیان دە کۆمار دەکا.

١ـ کوژرانی غەفووری مەحموودیان کە سەننار بە رۆژنامەفرۆشی لە قەڵەم دەدا.

٢ـ بێ حورمەتی زێرو بەگ بە سەید عەبدالله گەیلانی زادە .

٣ـ تەرکیبی وەزیرەکانی کۆمار کە بە وتەی ئەو هەموو چەقاڵ بەقاڵ بوون.

بۆ خوێنەری بەڕێزی ئەو کتێبەی روون دەکەمەوە:

یەکەم قەرار نەبووە ئەوەی بۆ بەشداری لە رێورەسمی کۆماردا هاتوون هەمووی بمێننەوە چونکو ئەو چەند رۆژەی کە ئەو هەموو خەڵکە لە مەهاباد بووە لەسەر مالان بوونو مانەوەیان بەم شێوە لە شارێکی چکۆلەی وەك مەهابادی ئەوکات لەوە زیاتر عەمەلی نەبووە. هەموو عەشیرەتەکان لە هەر جێگایەك ڕا هاتوون گەڕانەوە شوێنی خۆیان دواتر لە نێو عەشیرەتەکاندا رێکخستنی هێز دەست پێدەکاو ئەوەی خوازیاری چوون بۆ بەرەکانی شەڕ بووە وەك لە رۆژنامەی کوردستانی ئەو سەردەمدا چاپ کراوە هەر عەشیرەتەی هێزی خۆی هێناوەتەوەو لە بەرەکانی شەڕدا بەشدار کراون.

---

بوختان هەڵبەستن بۆ رێبەریی حیزب و هاوکاری دەگەڵ سەننار مامیدی، بە خائین بە حیزب و گەلی کورد ناسرا. لەبەر ئەوەی لە حیزب دەردەکرێ و بۆ سزادان بە دادگای شۆڕش دەسپێردرێ.

ب ـ سەننار مامیدی بە تاوانی پێکهێنانی پەویوەندی دەگەڵ ئووەیسی و دارودەستەی سەڵتەنەتخوازان، وەرگرتنی پووڵ و چەك لەوان، چەوساندنەوەی زەحمەتکێشانی گوندەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆی و دەرکردنیان لەسەر جێگا و رێگای خۆیان، بەکارهێنانی رەفتاری دەرەبەگانە لە کاروباری حیزبی‌دا، هەروەها بەشداریی راستەوخۆ دەگەڵ رەحمان کەریمی بۆ خەیانەت بە حیزب و گەل بە خائین ناسرا. هەر بەو دەلیلانە ئەویش لە حیزب وەدەردەندرێ و بۆ سزادان دەدرێ بە دادگای شۆڕش.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەم بڕیارە لە بەرپرسانی حیزب لە ناوچەی سەلماس داوادەکەین بۆخۆیان شووڕایەکی سێ کەسی دیاری بکەن و دەگەڵ وەلانانی خۆبەدەستەوەدەرانی وەك سەننار مامیدی تا دیاری کردنی بەرپرس لە لایەن حیزبەوە کاروبارەکانی خۆیان بەڕێوەبەرن.

دووەم غەفــووری مەحموودیــان رۆژنــامەفرۆش نەبــوو بەڵکــۆ بازرگــانو دەوڵەمەندی ناسراوی مەهاباد بوو. چەند رۆژ دوای ئیعلامی کۆمار بە ناحەق کوژرا، پێشەواش لە پرسەکەیدا بەشدار بووەو رایگەیاندوە کە کۆمارو حیزب ئاگاداری ئەو جینایەتە نینو مەحکوومی کردوە.

سێهەم، راستە زیرۆبەگ بێ ئیحترامی بە سەید عەزیزی کوڕی سەید عەبدوڵا ئەفەنـدی کـردوە بەڵام ئەو مەسـەلە هەر لەوێ حەل بـووەو دوایەش عەشـیرەتی هەرکی هێزی خۆیان بە کۆمار ناساندوەو بەشدار بوون، بنەماڵەی سەید عەبدوڵا ئەفەندیش وەك ساداتی نەهرێ هێزی خۆیان لە ئیختیاری کۆمار ناوە هەر وەك ئێوەو عەشیرەتی ئەمەر خانو...

چوارەم، کابینەی کۆمار شەش رۆژ دوای ئیعلامی کۆمار واتە لە ١٣٢٤/١١/٨ یا ١٩٤٦/٢/٢ بە رەسمی ئیعلام کراوە.

خۆ ئەوان کاتی گەڕانەوە وەك هەموو کەس نەیانزانیوە کێ دەبێتە وەزیرو کێ نابێتە وەزیر تا لەسەر ئەوە توورە بنو بڕۆن بۆیە هەم ئیدیعاکەت ناراستەو هەم دەلیلەکانت هیچی لەو پێوەندییەدا جێ ناگرن.

لە لاپەڕەی ٨٦دا دەنووسی: "قازی محەممەد برازا یان ئامۆزای خۆی کردبوە وەزیرو جێگری خۆیو هەموو بەقالو چەقالی مەهابادو دۆستانو خزمانی خۆی کردبوو بە وەزیر".

دیـارە ئەو قسـانەی سـەننار لەم بـارەوە دەیکـا قسـەی شـای ئێـرانو داروەستەکەیەتی. رەنگە وشەی "موتەجاسیر"ی نەزانیبێ دەنا ئەوەشی بۆ بەکار دێنان کە حکومەتی شا وای بە کارگێڕانی کۆماری کوردستان دەگوت.

مەردی حیسابی لە هەموو دنیادا باوە شا یا سەرۆکی حکومەت کەسێك دەکا بە بەرپرسی هێزی نیزامیو جێگری خۆی کە ئەوپەڕی باوەڕی پێیەتیو بە ئەمینی دەزانێ. ئەویش سەیفی قازی ئامۆزای بۆ ئەو کارە دانا کە دەگەڵی ژیاو دەگەڵی مرد.

ئەوانەی جەنابیشت بە بەقال‌و چەقالیان دەناسی هەموو پیاو ماقووڵ‌و بە نیسبەت ئەو زەمان خوێندەوارو پێشتر ئەندامی کۆمەڵەی ژ ـ ك بوون و دوایەش بوون بە ئەندامی حیزبی دێموکرات. ئەوەش لە کاتێکدا بووە کە هەشتا لە سەدی خەڵکی کوردستان نەخوێندەوار بوون‌و لە هەزار گوند یەکێك مەکتەبی لێ نەبووە. ئاغایانی وەك تۆ موخالفی سەرسەختی کوڕە کرمانج‌و رەعیەتان بوون‌و دژایەتیان دەگەڵ دانانی مەدرەسە کردوە .

شەرت نیە هەر ئەرباب‌و فیۆدالێکیش ببێتە وەزیر. مەلا مستەفاش ژەنراڵی کۆمار بوو، ئەمەر خانی تۆش هەر دەرەجەی ژەنراڵی هەبوو، ئایا بەراستی یەکەمیان سەدا سەد خزمەتکارو سادق نەبوو دووهەمیشیان خەیانەتی نەکردو هێزی خۆی لە بەرەی شەڕ نەکشاندەوەو بەرەو شا گەڕاوە؟

لە لاپەڕەکانی ٩٢و ٩٣دا دیسان بە بێ حورمەتی لە قازی محەممەد دەدوێ‌و هەوڵ دەدا وەك کەسێکی ناسیاسی‌و نەناسراوی لە قەڵەم داو باوکی خۆی‌و ئاغاکانی زل دەکاتەوەو وا دەنوێنێ کە تەنیا سەننار پیاوێکی ئەهلی موتالاو بەفەرهەنگ بوە. لە حاڵێکدا هەموو کوردستان ئاگای لە رەفتارو کەسایەتی قازی محەممەد هەبوە. ئەو زۆر بەر لە ژ ـ ك‌و حیزبی دێموکرات خۆبەخشانە بۆتە بەرپرسی ئیدارەی مەعارف‌و ئەوقافی ئەوکاتی مەهابادو لەو شوێنەش خزمەتی زۆری کردوە. لە لایەکی دیکەشەوە بنەماڵەی قازی لانی کەم دەیان ساڵ بەر لەو سەردەمیش خاوەنی کەسایەتی خوێندەوارو زانا بوون‌و چەند دەورە پێشتر باب‌و باپیرانی قازی بوون‌و لە ناو خەڵکدا ناسراو بوون. تەنانەت خاریجیەکان چ وەك رۆژنامەوان‌و چ وەك کەسایەتی سیاسی ئەگەر هاتبنە مەهاباد لە پێش هەموو کەس چاویان بەو دەکەوت.

قازی محەممەدیش لە روانگەی هەموو کوردێکی دڵسۆز مرۆیەکی ناسراو، رووناکبیرو بە مانای وشە کۆمەڵایەتی بووە، بەو قسانەی سەنناریش بچووك نابێتەوەو لە دڵی هەموو کوردێکی دڵسۆزدا جێگەی خۆی کردۆتەوە. ئەگەر

سەفەرەکەی بابت بۆ لای ئەفسەرانی رووس شی کەینەوە کە بۆخۆت باسی دەکەی هەوڵیان ئەوە بووە پارەو پوولی زیاتر وەرگرن.

لە لاپەڕەی ٩٦ ـ٩٧ باسی ناکۆکی ئازەربایجانو کوردستان دەکاو دەڵێ: "قازی محەممەد لە لایەکو سەرانی باکوورو رۆژهەڵاتو سەر ئێلەکان لە لایەکیتر دەچنە تەوریز بۆ حەللی موشکیلەکە، بەڵام دیسان فرسەت دێنیو هێرش دەکاتە سەر پێشەواو دەڵی ئەو بە خاتری مڵکەکانی خۆی چۆتە ئەویو بۆ بەڵگەش کەڵك لە قسەگێڕانەوەی براکەی خۆی "فەهیم" کە لە جیاتی قۆیتاسی بابی چۆتە ئەو سەفەرەو هەروەها لە زمان جیهان شاهلو دەگێڕێتەوە کە بە قەولی سەننار دووروو و درۆزن بووەو ئەوکات جێگری پیشەوەری بوە.

ئەدی بۆ باسی ئەوە ناکەی کە پێشەوا هەر بۆ ئەوەی بە ئازەربایجان بسەلمێنێ باکووری رۆژهەڵات هەمووی خاکی کوردستانە سەفەرێکی پڕزەحمەتی وەبەر خۆی داو هەتا پای کێوی ئاگریو ناوچەی جەلالیان چوو خەڵکەکەش یەکجار دڵخۆش بوون و پێشوازی گەرمیان لێ کرد.

مەردی حیسابی پێشەوا حازر نەبوو لە بستێکی کوردستان چاوپۆشی بکاو بەو فیداکاریە توانی خەونێکی لەمێژینەی کورد لە چوارچێوەی کۆماردا بەدی بێنێ، دەبێ ئاوای پێ بگوترێو ئەو تۆمەتانەی لێ بدرێ!؟ بەڕاستی ئەوە هەریەکی وەك سەنناری خیرەسەرو نۆکەرانی شا یان کۆماری ئیسلامین کە دەتوانن بە بێشەرمیەوە ئیدیعایەکی ئاوا بکەن.

لە لاپەڕەی ٩٨دا رێکەوتنی کوردستانو ئازەربایجان بە مەسخەرە دەگرێو دەیهێنێتە ژێر پرسیارو بە شتێکی زۆر زۆر خراپی دەزانێ بۆیە دەنووسێ کە قەرار بووە لە شنۆیەڕا هەتا ئاگری بدری بە ئازەربایجان .

بۆ بەرپەرچدانەوەی بۆچوونی سەننار عەینی رێکەوتن نامەکە لە ژێرەوە دێنین.

## پەیمانی دوو لایەنە لە نێوان حکومەتی کوردستانو ئازەربایجاندا

بە مەبەستی بەرەنگاربوونەوەی ئەو پلانو رووداوە چاوەڕوان نەکراوانەی کە گومان دەکرا دوای کشانەوەی هێزەکانی سۆڤیەت لە ئازەربایجانو کوردستان سەر هەڵبدەنو هاوهەڵوێستی لە نێوان هەردوو حکومەتدا لە بواری وتوێژکردن لەگەڵ تارانو بەرنگاربوونەوەی چەکدارانە رۆژی ۱۳۲٥/۲/۳ لیژنەیەك بە سەرۆکایەتی پێشەوا قازی محەممەدو ئەندامیەتی محەمەد حوسێن خانی سەیفی قازی وەزیری هێزی پێشمەرگەی کوردستان، سەید عەبدوڵا گەیلانی زادە، عومەر خانی شەریفی، رەشید بەگی جیهانگیریو زیرۆ بەگ بەهادوریی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتو قازی محەممەد خزری نوێنەری خەڵکی شنۆ چوون بۆ تەورێزو لەگەڵ نوێنەرایەتی حکومەتی میللی ئازەربایجان سەید جەعفەری پیشەوەری سەرۆك وەزیران، حاجی میرزا عەلی شەبستەری سەرۆکی پەرلەمانی میلیی ئازەربایجان، سادق پادگان جێگری سەرۆکی فیرقەی دیموکرات، دوکتور سەلامولاّ جاوید وەزیری ناوخۆی حکومەتی ئازەربایجانو محەممەد بێریا وەزیری فەرهەنگی حکومەتی میللیی کۆبوونەوەو لەسەر ئەم حەوت خاڵانەی خوارەوە رێك کەوتن.

١ـ لەو جێیانەی پێویست بێت هەردوو حکومەتی میللیی نوێنەر دەگۆڕنەوە.

٢ـ لە ئازەربایجاندا ئەو جێیانەی کە دانیشتوانی کورد بن کاری بەڕێوەبەرایەتی دەوڵەت بە دەست کوردەوە دەبێتو لە کوردستانیش ئەو جێیانەی کە بەشی زۆری دانیشتوان ئازەربایجانی بن کاری بەڕێوەبەرایەتی لە لایەن کارەمەندانی حکومەتی میللیی ئازەربایجانەوە بەڕێوە دەچێت.

٣ـ بۆ چارەسەر کردنی گرفتی ئابووری لە نێوان هەردوو نەتەوەدا، کۆمیسیۆنی هاوبەش دادەمەزرێتو بڕیارەکانی ئەو کۆمیسیۆنە بە کۆششی سەرانی ئەو دوو حکومەتە جێبەجێ دەکرێت.

٤ــ لە کاتی پێویست دا لە نێوان حکومەتی میللیی ئازەربایجانو کوردستاندا هاوکاری پێشمەرگەیی (نیزامی) دەکرێتو دەبێت بە گوێرەی پێویست هاوکاری یەکتر بکەن.

٥ــ هەر کاتێك پێویست بکات کە لەگەڵ حکومەتی تاران وتوویژ بکرێت دەبێت وتوویژەکان بە هاودەنگی هەردوو حکومەتی میللیی ئازەربایجانو کوردستان بێت.

٦ــ حکومەتی میللی ئازەربایجان بۆ ئەو کوردانەی کە لە خاکی ئازەربایجاندا دەژین بە گوێرەی توانا بۆ پێشکەوتنی زمانو گەشە پێدانی فەرهەنگی میللییان هەوڵ دەداتو بە پێچەوانەشەوە حکومەتی میللی کوردستانیش بۆ ئەو ئازەربایجانییانەی کە لە خاکی کورستاندا دەژین دەبێت هۆی پێشەکەوتنی زمانو گەشەپێدانی فەرهەنگی میللییان دابین بکات.

٧ــ هەر کەسێك هەوڵی تێکدانی دۆستایەتی مێژوویی دوو نەتەوەی ئازەریو کوردو لە ناوبردنی برایەتیو هاوپەیمانی دوو حکوومەتی دیموکراتی میللی و لەکەدار کردنی یەکیەتی نێوانیان بێت هەردوو لایەن بە یەك دەست ئەو کەسانە بە سزای خۆیان دەگەینن.

ڕۆژنامەی کوردستان لەگەڵ بلاوکردنەوەی دەقی ئەو ڕێکەوتنەدا نووسی:

چونکو دوو حکوومەتی میللی ئازەربایجانو کوردستان هەموو کاتیك لە قازانجو زیاندا پێکەوە شەریك بوونو لە عەینی حالیشدا تا ویستا بە دەست استعمارو استیلاجویانەوە بو ئەو دوو میللەتە بە یەك ئەندازە فشارو لەتمە وارد کراوە حکومەتی میللی ئازەربایجان بۆ رزگاری تەواوی دانشتوانی ایران لە ژیر استبدادو دیکتاتوری هەولی داوە هەورەها حکومەتی میللی کوردیش لە ریگای ئازادیدا فیداکاری زۆری کردوە و قوربانیەکی بێ ئەژماریشی داوە بەلام فتنەو دەسیسەی دەلالەکانی سیاسی استعمار بوونە سەبەبی نەگەیشتنی ئەو دوو میللەتە بە ئاواتی خۆیان.

هه‌تاكوو ئه‌و شه‌ری ئاخری دنیایه ده‌ست پیكرا و به هیزی به قوه‌تی ده‌وله‌تی علمداری ئازادی ده‌ستگای فاشیستی كه ئاله‌تی ده‌ستی استعمارچیان بوو تیكوپیك چوو، بۆ ئه‌و دوو میلله‌ته ئازادی خواهانه‌ش هه‌ل هه‌ڵكه‌وت له نیوان خۆیاندا بـۆ له به‌ین بردنو مه‌حو كردنی فاشیستی دیكتاتوری قه‌دی پیاوه‌تیان به‌رز كـرده‌وه‌و شان به شانی یه‌كتری به‌ربه‌ره‌كانیان ده‌ست پیكردو ئالای دیموكراسی و ئازادیان بلیند كردو له‌به‌ر ئه‌وه‌ی ئه‌م دوو میلله‌ته برایانه نه هه‌ر بو جیكـردنه‌وه‌ی ئـازادی خویان به‌لكوو بو ده‌مه‌زراندنی ئازادی له سه‌رتاسه‌ری ایران بو هه‌موو وه‌ختیكـی ده‌ستیان داوه‌ته ده‌ستی یه‌كدی.

جا له‌به‌ر ئه‌وه‌ی له رۆژی (سی شه‌موو ۳ بانه‌مه‌ری اردیبهشت)ی ۱۳۲۵ ساتی ٥ی ئیواره له شاری ته‌وریز له عه‌ماره‌تی میللی ئازه‌ربایجان به حزووری سـه‌رانی حكومه‌تی میللی كوردستان، رئیسی حكومه‌تی میللـی كوردسـتان جه‌نـابی آغـای قازی محه‌ممه‌د، آغای سه‌ید عه‌بدولا گیلانی عضـوی كـومیته‌ی مركـزی حزبـی دیموكراتی كوردستانو عمرخان شه‌ریفی رئیسی عێلی شـكاك، آغـای محه‌مـمه‌د حسینی سـه‌یفی قـازی وه‌زیـری هیـزی حكـومه‌تی میللـی، آغـای ره‌شـید به‌گـی جیهانگیری عضوی كۆمیته‌ی مه‌ركه‌زی حیزبی دیموكراتی كوردسـتانو ره‌ئیسـی عێلی هه‌ركی، آغای زێروبه‌گی به‌هادووری عضوی كـومیته‌ی مه‌ركه‌زی حیزبـی دێمـوكراتی كوردسـتان، نـوێنه‌ری كـوردی شـنۆ آقـای مـحه‌مه‌دی خـزری به حـزووری سـه‌رانی حكـومه‌تی میللـی ئازه‌ربایجـان: ره‌ئیسـی مجلسـی میللـی ئازه‌ربایجـان، جه‌نـابی آغـای حـاجی میـرزا عه‌لـی شه‌بسـتری، سـه‌رۆك وه‌زیـری حكومه‌تی میللی ئازه‌ربایجـان جه‌نـابی آغـای سـید جعـفه‌ر پیشـه‌وه‌ری ، معـاونی سه‌دری فیرقه‌ی مركزی حیزبی دیموكراتی ئازه‌ربایجان، آغای پادگان، وه‌زیـری داخله‌ی ئازه‌ربایجان دوكتور سـه‌لام اللەجاویـد، وه‌زیـری فه‌رهه‌نگـی حكـومه‌تی ئازه‌ربایجان آغای محه‌ممه‌دی بی‌ریا بۆ قایمو محكه‌م كردنـی دوسـتایه‌تی كه له به‌ینی ئازه‌ربایجان و میلله‌تی كوردستاندا بۆ پایه‌دارو صمیمیتو دوستایه‌تی زیـاتر

بوون له بەینی ئەو دوو میللتەدا ئەو قەرارانەی خوارەوە قبول کرد و هەردووکیان له ئایندەدا لەگەل ژیانی خۆیان تطبیقی دەکەن.

١ـ لەو جیگایـانەی پیویسـت بزانـری هەردوو حکـومەتی میلـی نـوینەر دەگورنەوە. ٢ـ له ئازەربایجاندا ئەو جیگایانەی که دانیشتوانی کـورد بـن کـاری ئیداراتی دەولەتی به کوردان دەبێ و هەروەهـا له کوردسـتانیش لەو جیگایـانەی که بەشی زوری دانیشتوان ئازەربایجانی بن له تەرەف مەئمورانی حکومەتی میلی ئازەربایجان ایدارە دەکری.

٣ـ بو حەل بوونی وەزعی ئیقتصـادی له بەینـی هەردوك میلەتـان کومیسـونی تـیکەلاو دادەمەزری و قەراری ئەو کومیسـیونەی بەکوششـی سـەرانی ئەو دوو حکومەته ئیجرا دەکری.

٤ـ له کاتی پێویستدا له بەینـی حکـومەتی میللـی ئازەربایجـان و کوردسـتان هاوکاری پیشمەرگەیی دەکـرێ و دەبـی ئەوەی لازم بـی به کـومەگی یەکتـری ئەنجام بدرێ.

٥ـ هەرکاتیك پێویست بی لەگەل حکومەتی تـاران گوفتـار بکـری دەبـێ به نەزەری موافقی حکومەتی میلی ئازەربایجان و کوردستان بی.

٦ـ حکومەتی میلی ئازەربایجان بو ئەو کوردانەی که له خـاکی ئازەربایجـان دا دەژین تا ئەو ئەندازەیەی که بتوانێ بو پیشکەوتنی زمانو تەرەقـی فەرهەنگـی میللی وان هەول بدا. هەروها حکومەتی میلی کوردیش بـو ئەو ئازەربایجانیـانەی که له خاکی کوردستاندا دەژین بو پیشکەوتنی زمانو تەرەقی پیدانی فەرهەنگـی میلی وان ئەو ئەندازەی که بتوانی هەول بدا.

٧ـ هەر کەس بۆ تیکدانی دۆسـتایەتی تـاریخی دوو نەتەوەی ئازەربایجـان و کوردو له بەین بردنـی برایەتـی دیمـوکراتیو میللـی یـان لەکەدار کردنـی ئەوان هەول بدا هەردوولا به یەك دەست ئەو مرتکبانه به سزای خویان دەگەیەنن[٢].

[٢] - بۆیە هەردووکم هێناون له وەرگێڕاندا هێندێك وشە فەرقیان هەیە.

آغای حاجی میرزا عەلی شەبستەری رەئیسی مەجلسی میلی ئازەربایجان
آغای پیشەوەری سەروك وەزیری حکومەتی میللی ئازەربایجان
آغای پادگانی معاونی صدری کومیتەی مەرکەزی فیرقەی دیموکراتیکی ئازەربایجان
قازی محەممەد رئیسی حیزبی دیموکراتی کوردستان و رەئیسی حکومەتی میللی
محەمەد حسین خانی سەیفی قازی وەزیری حکومەتی میللی کوردستان
سەید عبدالله گیلانی ئەندامی کمیتەی مرکزی حزبی دیموکراتی کوردستان
ئەمەر خانی شەریفی ئەندامی کومیتەی مرکزی حزبی دیموکراتی کوردستان رەئیسی عیلی شکاك
رەشید بەگی جیهانگیری ئەندامی کومیتەی مرکزی حزبی دیموکراتی کوردستان و نمایندەی عێلی هەرکی
زیرۆبەگی بەهادوری ئەندامی کومیتەی مرکزی حزبی دیموکراتی کوردستان و نوێنەری عێلی هەرکی.

کاك سەننار لە لاپەڕەکانی ١٠١و ١٠٢دا ئیدیعا دەکا کە گوایە مەلا مستەفا ئەوەندە لە وەزع ناڕازی بوە کە ویستوویەتی لە دژی پێشەواو کۆمار کودەتا بکات بەڵام ئەمەر خان رازی نابێو لەو پێوەندییەدا داستانێکی درێژ سازدەکا.

بێ‌گومان کۆماری کوردستان کەموکووڕی هەبوە بەڵام لەو یازدە مانگەدا ئەوەندەی کاری باش کردوە کە کەس ناتوانی حاشای لێ بکا.

ئەرێ ئەگەر مەلا مستەفا ئەوەندە لە پێشەواو بێ نەزمی حکومەتەکە ناڕازی بووبێ بۆچی کاتێك خەریکە مەهاباد بە جێبهێڵێو بڕوا رەجا لە پێشەوا دەکا بۆ ئەوەی عەجەم ئیعدامی نەکەن دەگەڵ ئەو بڕواو لە شار دەرکەوێ.

کاك سەننار! نە شاهیدەکانت بۆ ئەم مەسەلە بە شاهید دەشێن و نە ئەو ماڵەی ئەو وتوویژەی ئەمەر خان و مەلا مستەفای بە قەولی تۆ تێدا کراوە جێگەی ئەو قسانە بوە . بێ گومان مەلا مستەفا زانیویەتی کە میرزا رەحمەت شافعی نەتەنیا هاوکاری کۆماری نەکردوە بەڵکو موخالفیش بوە، ئەمەر خانیش هەر لەو پێوەندییەدا چۆتە ئەو ماڵە تا بەستێنی خۆ تەحویل دانەوە خۆش کاو وەك بۆ خۆت دواتر لە لاپەڕەی ١٠٤و ١٠٥دا باس دەکەی خەڵك لە پشتیوانی و پاراستنی کۆمار سارد دەکاتەوە، خەریکە پاشەکشە بە ئامادەبوانی بەرەی شەڕ بکاو پاشان بە نەهێنی رەزم ئارا ببینێ و بەرەی شەڕ بەجێ هێڵێ و بە رواڵەت لە ماڵە خۆی لە زیندەشت دانیشێ، بەڵام لەگەڵ تاران پێوەندی هەبێ و بۆ خاترجەم کردنی شاگیانەکەی کوڕێکی بنێرێتە دەربارو بۆ چەند مانگ لەوێ بمێنێتەوە.

کاکی برا وادیارە لەوەی ئەمەر خان بە خائین ناسراوە نارەحەتی! بۆ خەیانەت کلك و گوێی هەیە، ئەدی ئەو پڕوپاگەندەو سەمپاشیانەی دژی کۆمار کردوویەتی و هەر ئەوەندەی لە ماڵە خۆی لەسەر کۆمار بە ئێوەی گوتوەو لەو کتێبەدا نووسیوتە بەس نیە بۆ ئەوەی بە خائین بناسرێ؟

لە لاپەڕەی ١٠٨دا باسی بەربەرەکانی و خۆڕاگری ئێلی شکاك لە دوای کۆمار دەکا، ئەوە درۆیەکی ئاشکرایەو دوایە هەموو بوونەوە پیاوی شاو (ئەمەرخان)یش بە شانازیەوە وێنەی دەگەڵ شا دەکێشاو پارەی دەدا لە رۆژنامانەدا چاپی بکەن. وێنەکەشی گەورە کردبۆوەو لە دیوەخانەکەی هەڵی ئاوەسیبوو. دەعوەتەکانی کە دواتر و پاش کودتای ٢٨ی گەلاوێژ لە ئێوە عەشیرەتگەلی کورد دەکرێ و دەچنە دەربار بۆ زیارەتی شا نیشانەی راستی ئەو بۆچوونە چەوتانە بووە کە جەنابت و کەسانی وەك تۆ تێیدا پەروەردە بوون.

سەننار لە لاپەڕەی ١٠٩و ١١٠دا باسی کۆبوونەوەی سەرانی عەشیرەتی شکاك دەکاو ئاکامەکەی دەبێتە ئەوە سەننار لە جیاتی باوکی مەئموریەتی دەدرێتی بچێ دەگەڵ حکومەتی تورکیا قسە بکاو داوای پەنابەرێتی بۆ ئێلی شکاك بکا بەڵام

سەرکەوتوو نابیٚو دەمانچەکەشی لیٚ دەستیٚنن‌و بیٚ ولاٚم بەڕیٚی دەکەنەوە. وا دەردەکەویٚ پەنا بردن بۆ تورکیا لە بەرامبەر هەڕەشەی سەرهەنگ غەففاری لە قامووسی سەننار‌دا بە بەرەنگاربوونەوەو خۆڕاگری حیساب دەکریٚ!

دیارە من لیٚرەدا رووم لە عەشیرەتی شکاك نیەو لە ئازایەتی ئەواندا گومانم نیە بەلاٚم سەننار بە نەزانی خۆی دەیەهەویٚ خۆی بەو ئیٚلەوە هەڵواسیٚو خۆی پیٚ گەورە بکا. ئیٚلی شکاك تەنیا شۆڕشی سمکۆی بەسە بۆ ئەوەی لە میٚژوودا بمیٚنیٚتەوەو کورد بە گشتیی‌و شکاك بەتایبەتی شانازی پیٚ بکەن. روونیشە کە بارزانیەکان لە سەفەری دریٚژیاندا بۆ سۆڤییەت بە نیٚو عەشیرەتی هەرکی، سەیدەکان، بەگ زادە، شکاك، میلان‌و جەلالی دا تیٚپەڕیون. جگە لە چەند تاق‌و لۆقیٚك خۆفرۆش ئەوانی دی شەڕیان دەگەڵ نەکردون‌و یارمەتیشیان داون. ئەگەر کەسانی وەك سەننار کە ژیانیان پڕ لە گریٚ‌و گۆڵە لیٚگەڕیٚن شتەکان وەك هەبوەو رووداوەکان وەك خۆیان باس کەن میٚژوو ئەوانەی لە بیر ناچیٚ.

ئەو کتیٚبەی سەننار لیٚرە بەدواوە دەبیٚتە شتیٚکی سەیرو سەمەرەو زیاتری هاتوەتە سەر دیدارو چاوپیٚکەوتنەکانی دەگەڵ شاو دۆستان‌و سپهبودو سەر لەشکرەکانی ئەرتەشی شاو ئیتر من لەوە زیاتر سەرەو دەری لیٚ ناکەم‌و لە سەری ناڕۆم.

ئاخرین شتیشم ئەوەیە کە ئەو جەنابە ئەوەندە لە خۆ رازیە کە کاتیٚك دوای کودەتای ٢٨ی گەلاویٚژی ١٣٣٢ سەرهۆزەکانی ئەو ناوچە بۆ زیارەتی شا دەچنە کاخی سەڵتەنەتی‌و ناوی هەموویانی بردوەو ناوی عەلی قازیشی تیٚدایە، وەك لە لاپەڕەی ١٥٨و ١٥٩دا دەنووسیٚ :

"محمدرضا شاه در حالی که تنی چند از ژنرال‌و شخصی به دنبال داشت از پلکان طبقه‌ی بالا به پایین آمده، وقتی که تقریبا نصف پلکان را پایین آمده بود توقف کرد، سیگارش را روشن کرد، مطلبی را از یکی از ملتزمین پرسید، او سرش را به سوی شاه دراز کرد و پاسخ سوال شاه را داد."

"به احتمال زیاد شاه پرسیده بود که سننار کدام یکی است".
ماشاالله دیاره ئه‌و کابرایه عیلمی غه‌یبیشی هه‌بوه!!
گه‌لاویژی ۲۰۰۳

# سەدەی کارەسات

لەو دوایـانەدا کتێبێـك لە ژێـر سـەردێڕی "سـەردەمی کارەسـات"م لە لایەن دۆستێکەوە بە دەسـت گەیشـت کە گفتوگـۆیەکی بـرایم فەرشـی‌یە کە لە سـاڵی ١٩٨٩دا لە ئاڵمان دەگەڵ کۆچ کردوو غەنی بلووریانی کردووە و لە ساڵی ٢٠٠٨ لەلایەن بنکەی ژین چاپ کراوە. دیـارە کـاك غەنـی یەکێـك لە کـادرە دێـرین‌و تێکۆشەرەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بووەو خەباتێکی بەرچـاوی کـردوە لە پێنـاو ئـازادی‌و گەیشـتنی گەلـی کـورد بە مـافی ڕەوای خـۆی، گەلێـك کوێرەوەری دیوەو نزیکەی ٣٥ سـاڵیش لە بەنـدیخانەی حەمەرەزاشـادا مـاوەتەوە. بێ‌گومان ئەگەر هەڵەیەکی مێژوویی نەکردبا یەکێك لە خۆشەویستترین سیماکانی سیاسـی کوردسـتان دەبـوو. بەڵام بەداخەوە لە سـاڵی ١٣٥٨ی هەتـاوی دوای کۆنگرەی ٤ بە توندی کەوتە ژێر کاریگەری حیزبی تودەو بە بیانوویەکی سەیرو سەمەرە لە حیزبی دێمـوکرات جیا بـوەوەو جەمـاعەتێکی زۆری لە کـادرو لاوە تێکۆشـەرەکانی حیزبـی لەگەڵ خـۆی بەرەو چارەنووسـێکی نادیـارو ڕێگـایەکی نـاهەموار بـرد کە نە تەنیـا دژی حیزبـی دێمـوکرات کـاری زۆر خراپیـان کـرد بەڵکـووو بە کـردەوە دژی حیـزب وەسـتانو شـان بە شـانی پاسـداران لەگەڵ پێشمەرگەی حیزبیش شەڕیان کرد .

کاك غەنی لەو وتووێژەشدا هەروەك لە کتێبی "ئاڵە کـۆك"دا باسـی سـەربردەی خۆی و کۆمەڵەی ژ ـ ك و حیزبی دێموکراتو زۆر مەسەلەی دیکە دەکـا، کـاك بـرایم فەرشـیش هەر بەو لەحـنەی کە وڵامـی پرسـیارەکانی داوەتەوە پیـادەی کردوەو بە چاپکراوی لە بەردەست دایە.

حەز دەکەم سەرنجی خوێنەری ئەو یادداشتانەی خۆم لەسەر هێندێك لە کەسایەتیەکانو رووداوەکان راکێشم کە بێ گومان یارمەتی بە روون کردنەوەی زیاتر دەدا بە خوێنەری کتێبی ناوبراو.

لە لاپەڕەی ٣١ دا ناوی دوو کەس دەبا کە بریتین لە حۆسێنی زێرینگەران(فروهەر)و حەمەدی مەولوودی. ئەو دوو کەسە لە زەمانی رەزا شادا بە نۆمەتی تێکۆشانی سیاسیو هێنانی گۆڤاری گەلاوێژ لە عێراق ڕا بۆ کوردستانی ئێران تەبعید کراون . بەڵام وا باشترە ئەو دوو پیاوە خەباتکارو بە جەرگە باشتر بناسین.

زۆر بە کورتی دەیبڕمەوە کە ئەو دوو کەسە لە ئازاترینو وەفادارترین کەسانێك بوون کە هەتا ئاخری تەمەنیان کۆڵیان نەداو خەباتیان کرد، حوسێن فروهەر جگە لەوەی کە یەکێك لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی ژ ـ ك بوو لە حیزبی دێموکراتدا کادرێکی چالاكو لە کۆماردا ئەفسەرێکی لێوەشاوەی سیاسی بوو. دوای کۆمار چەند ساڵ گیراو دوایەش لەمەهاباد بۆ تاران دوور خرایەوە. سەرەڕای ئەوەی چەند جار گیراو تا پای ئیعدام چوو سەرجەم نزیکەی پازدە ساڵ لە بەندیخانەکانی شادا لە مەهابادو ورمێو تەورێزو قەسری قەجەرو خاركو برازجان دا مایەوەو پیر ببوو، تووشی ئازاری سیل بوو بەڵام هیچ کات میلی بۆ رێژیمی شاو کار بەدەستانی شۆر نەکرد،دوای ئەوەی کە دەیانزانی زۆر ناژی ئازادیان کردو لە تاران دەژیاو تا دوا نەفەسی ژیانی بە حیزبو رێبازەکەی پێشەواو کۆماری کوردستان وەفادار مایەوەو لە گۆڕستانی بەهەشتی زەهرا بە خاك سپێردرا.

حەمەدی مەولوودی مرۆیەکی ئازاو نەترس بووو لە زەمانی کۆماردا دەرەجەی کاپیتانی هەبوو. لە بەرەی شەڕدا ناوبانگی هەبوو، دوای کۆمار لە پێشدا پەڕیوەی کوردستانی عێراق بوو، دوای چوار پێنج ساڵ بەرەو ئازەربایجانی سۆڤیەت چوو لە باکۆی پایتەخت گیرسایەوە. هەرچەند ئارەزووی ئەوە بوو دوو

سێ مانگ دوای شۆڕشی گەلانـی ئێـران بگەڕێـتەوە، بە داخەوە مەرگ مـۆڵەتی نەداو لە ئازەربایجانی سۆڤیەت فەوتی کرد.

لە لاپەڕی ٣٢دا ناوی هێندێك لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی ژ ـ ك دەبا، لە نێـو ئەوانەدا ناوی "قادر قادری" دێنـی ئەو نـاوە راسـت نـیە بەڵکـووو "قاسـم قـادری قازی" راستە، ناوی رەحمان زەبیحیو مەلا عەبدوڵلا داودیشی لە بیر نەبووە، زۆر کەس پێیان وایە رەحمان حەلەویش دەگەڵ بووە.

هەر لەو لاپەڕەدا دەنووسی: "سـاڵی ١٣٢٠ کـۆمەڵەی ژــ ك سـەری گـرتەوەو جیددیتر دەستی پێکردەوە".

ئەو بۆچوونە درووست نیە بەر لە کۆمەڵەی ژـ ك کە بە پێی هەموو بەڵگەکان لە رێکەوتــی ١٣٢١/٥/٢٥ دامەزراوە رێکخراوێــك بەو نــاوە نەبــووە بەڵکــووو تێکۆشانێك بە ناوی رزگاری هەبووەو ئەو خەڵکەش کە گیـراون یـان لە زەمـانی رەزاشادا دوورخراونەتەوە هەر بەو تۆمەتە گیراون.

دەتوانین بڵێین لە دوای رووداوی سێی خەرمانانی ١٣٢٠ کە سۆڤیەتو بریتانیا واتە هاوپەیمانان ئێرانیـان داگیـر کـردو رەزا شـا لە پاشـایەتی کەوتو حەمەرەزا شای کـوڕی لە جێـی دانـدرا تێکۆشـانی سیاسـیو نەتەوەیـی دەسـتی پێکـردەوە، جموجۆڵی نەتەوەیی پەیدا بۆوە.

لە لاپەڕەی ٣٢ دەنووسێ: "ساڵی ١٣٢٠ (١٩٤١) دەسـتیان کـرد بە دەرکردنـی گۆڤـاری نیشـتمان کە لە تەورێـز بە هـۆی عبـدالرحمان زەبیحـی چـاپ دەکـراو مەقالاتیش خۆی دەینووسیو مامۆستا هەژارو مامۆستا هـێمن شـیعریان تێـدا بـڵاو دەکردەوە، شایەد سەید محەمەد حەمیدیش تێیدا نووسیبێ".

ئەوەش وانیە چوونکە ئێستا کە ٩ ژمارە گۆڤـاری نیشـتمان چـاپ کـراوەتەوە دەردەکەوێ کە زۆر کەس بە ناوی خۆیان یان ناوی خوازراو لەوگۆڤارەدا شتیان نووسیوەو بنکەی ژین لەگەڵ چاپ کردنەوەیان عینوانی مقالەکانو نووسەرانیشـی

هێنـاوەو یەکەم ژمارەشــی لە مـانگی پووشـپەڕی ١٣٢٢دا واتە جـولای ١٩٤٣ لە چاپخانەی خەلیفەگەری ئەرامەنەی تەوریز چاپ بووە.

لە لاپەڕەی ٦١دا باسـی قـادر مەحمـودزادە دەکـا کە گـوایە لە ئاخریەکانـدا گەڕاوەتەوە سۆڤیەت، راسـتە عەزیـز فەرهـادیو کـاك قـادر دوای ئەوەی دەگەڵ کاك غەنی هاتنەوە مەهاباد پـاش مـاوەیەکی کـورت گەڕانەوە بـاکۆ، پـاش یەك دوو ساڵ عەزیز هەر لەوێ خۆی کوشت، کاك قادر خویندی و بوو بە دوکتۆر. دوایە بۆ تەبابەت چوە عێراقو چەند ساڵێك لە بەغدا مایەوەو دوایەش لە هەولێـر خەریکی تەبابەت بوە. دوای تێکچوونی شۆڕشی ئەیلول گەڕاوەتەوە مەهابـادو بە ناوی دوکتۆر ئاسۆ خەریکی تەبابەت بووە لە شێستەکاندا سـەربردەی خۆشـی لە کتێبێکـدا بە نـاوی (خـاطرات دکتـر آسـو) لە سێسەد،چوارسـەد لاپەڕەدا بـلاو کردۆتەوە. ناوبراو تا چەند سـاڵ لەوە پێشیش کە فەوتـی کـردوە هەر لە شـاری مەهاباد ماوەتەوەو خەریکی کاری پزیشکی بووە.

لە لاپەڕەی ٦٢دا بە شێوەی پەراکەنـدە باسـی کـۆمیتەی نەهێنـی بەڕێـوەبەری حیـزب دەکـا. بـۆ ئەوەی بـکەونەوە سـەر یەكو یادێکمـان لـێ¬یـان کـردبێتەوە ناوەکانیان لە سەر یەك دەنووسمەوە چوونکە زەحمەتـی زۆریـان کێشـاوەو دوای کۆمار بوژێنەرەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستان بـوون. ئەوانە بریتـی بـوون لە: رەحیم سوڵتانیان، کەریم وەیسـی، رەحـیم خەڕازی، عەبـدوڵلا ئیسـحاقی، عەزیـز یوسـفی (کە سـاڵی ٢٧ گیرابـوو)، عەزیـز حیسـامی. بە بـاوەڕی مـن مـحەمەد شاپەسەندیو سەدیق خاتەمیو قادر یوسـفیش کە بـراگەورەی کـاك عەزیـز بـوو چەنـد سـاڵیش لە بەنـدیخانەدا مـایەوە مرۆیەکـی مـایەدار بـوو هەروەهـا قـادر مەحموودزادە، قادر ریحانیو عەزیز فەرهادیش لە بوژانەوەی حزبیدا کـاریگەری خۆیان هەبووە.

راستە ئەوانە هەموو مەهابادی بوون بەڵام توانیان لە بانەو سەقزو سەردەشتو نەغەدەو بۆکانو شنۆو خانێ کۆمیتە دانێنو لە هێندێك گوندی ناوچەکانیشدا هەستەو شانە دابمەزرێنن.

با ئەوە بۆ مێژوو بڵێین سەرەڕای ئەوەی هێندێك لەوانە زۆر فیداکار بوونو لە تێکۆشان رانەوەستان بەڵام هێندێکیان وەك رەحیم سوڵتانیانو کەریم وەیسیو عەزیز حیسامی تا رادەیەك رەحیم خەڕازی دوای کودەتای ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٣٢ کە حکومەتی دوکتۆر موسەدیق تێکچوو ئیتر لە تێکۆشان دابڕانو درێژەیان بە خەبات نەدا.

هەر بۆ خۆم نووسەری ئەم دێڕانە مەئموریەتم هەبوو کە دەعوەتیان بە کارو تێکۆشان بکەمەوە، بەڵام راستەوخۆ ئامادە نەبوون وەك ئەندامو کادری تێکۆشەری حیزب بمێننەوەو کار بکەن.

لە لاپەڕەی ٦٧دا باسی ئەوە دەکا کە رێکخراوی سنەش لە پاش ساڵی ١٣٣٠ لە لایەن حیزبی تودەوە تەحویلی حیزبی دێموکرات درایەوە. ناوی رەحمەتی شەریعەتیو برایانی قوسەیری دەبا بەڵام ناوی کاك ساڵح ئۆقلیدوسی لە بیرچووە کە مرۆیەکی زۆر فیداکار بوو لە زەمانی کۆماریشدا بۆ بەشداری لە خەبات هاتبۆوە مەهابادو دواتر من لە دەربەدەریدا لە تاران ناسیم.

هەر لە ژێرنووسی ئەو لاپەڕەیەدا کاك برایم فەرشی تەوزیحێکی داوە کە ئەوە راستەو جگە لە وەستا رەئوفی خەیات زۆر کەسی دیکە وەك حسێن فاتحی لە شارو دێهاتی دەوری بۆکانیش کەسانی زۆر تێکۆشەرو حیزبی وەك عەلیو عومەری بابامیری، قادر خورسەندی، ئەحمەد خوسرەوی، مەلا عبدالە مشیرئاباد، برایم ئەفخەمیو رەحمەتی برایم لیتانو کوڕەکانی هەبوون کە تێکۆشانی حیزبیان دەکرد حاجی قاسمیش هەر خەییات بوو دوای کودەتای ٢٨ی گەلاوێژ بە دژی موسەدیق لە رێگەی مەهابادەوە چوە گەرمێنیو تا ئاخری ژیانی بە ناوی حاجی

عەزیز لە هەولێر بوو. وەستا رەئوفیش لە ساڵی ١٣٣٨ بە خۆشیەوە نەگیراو هەڵاتە عێراقو دانیشتووی سلێمانی بوو، دوو سی ساڵ لەمەوبەر فەوتی کرد.

لە لاپەڕەی ٩٦دا باسـی سـازمانی قوتابیـان دەکـا، بەڵام ئەو سـازمانە نـاوی یەکیەتی لاوان بوو، لاوی قوتابیو غەیرە قوتابیشی تێدا بوو، زۆریش تێکۆشـەرو خەباتکار بوونو کاری گرینگیان دەکرد.

لە لاپەڕەی ١٠٣دا نـاوی (حەمە غەریـب دەبـاغی) دەبـا، ئەو کەسـە نـاوی رەئوفی دەباغی بوو کە لە چوارڕێیانی مزگەوتی سوور دووکـانی بەقـالی هەبـوو برایەکی مامۆستای هەبوو بە ناوی غالب کە حیزبی بوو.

لە لاپەڕەی ١٠٦دا باسی مەلا خەلیل نێویك؟ دەکا، ئەو ناوەش راست نیە ئەو مەلایە ناوی مەلا خالیدی دەربەندی، ئیمامی مزگەوتی سوور بوو، مرۆیەکی زۆر ئازاو نیشتمانپەرەوەر بوو. دوای کودەتای ٢٨ی گەلاوێژ بەینێك گرتیان بەڵام هەتا سەر بە سەربەرزی ژیا.

لە لاپەڕەی ١٠٧دا باسـی مزگەوتـی میـرزا رەسـوڵ دەکـا، ئـێمە لە مەهابـاد مزگەوتمان بەم ناوە نیە، حەمامی میرزا رەسوڵمان هەیە.

لە لاپەڕەی ١١٤دا زۆر مەدحی عەبدوڵلا ئیسحاقی دەکاو لە دوایەدا دەنووسێ بەداخەوە بە رێگەی ئینحرافیدا کێشرا.

بە بـاوەری مـن ئەحـمەد تۆفیـق بە رێـگەی ئینحرافیـدا نەکێشـرا، دوایە بیـری کردبۆوە کە ئەگەر لە خزمەت نەتەوەکەیدا بـێ باشـترە، هەربـۆیەش لە شۆڕشـی ئەیلـول دا خزمەتـی بەرچـاوی کـردو لە زۆر شـوێنو شـەڕەکانی دژی عێراقـدا بەشدار بووەو ناوبانگی دەرکردبوو. هەر لەبەر ئەو ئازایەتیو سەداقەتەش بووە کە مەلا مستەفا خۆشی ویستوە.

لە لاپەڕەی ١١٥دا کە باسی هاوکاری شەهید سەدیق ئەنجیـری دەکـا بە هەڵە دەنووسێ ساڵی ٢٣، ئەوە ساڵی ٣٢و چەند مانگ دوای کودەتای ٢٨ی گەلاوێژە

کە رۆژنامەی کوردستان بۆ دووهەمین جار دەردەچێتەوەو کاك سەدیقیش هاوکاری دەکا.

لە لاپەڕەی ١٤٤دا باسی دێی چوارتا دەکا کە لەوێ کۆبوونەوەیان کردوە، ئەم گوندە ناوی چوارگایەو قادرئاغاش کە مالکی ئەو گوندە بوو یەکێك لەو دڵسۆزانەو ئەفسەری زەمانی کۆمار بوو کە چەند ساڵ بە پیری سەری لە ناو ئەم شۆڕشەدا ماوە بەداخەوە لە نەخۆشخانەی حیزب لە گوندی "بۆڵێ"ی کوردستانی باشوور کۆچی دوایی کردو هەر لە گۆڕستانی وێ بە خاك سپێردراوە.

لە لاپەڕەی ١٣٣دا باسی میتینگی باغی عەزیز ئاغا دەکاو دەنووسێ: "حوسێن رەمەزانی ئەندامی سازمانی قوتابیان بوو لەوێ کوژراو بوو بە هۆی ئەوەی لە شاری مەهاباد خۆپیشاندانێکی زۆر گەورە سازبێ‌و خەڵکێکیش بگیرێ."

ئەم سەیرانو میتینگە بە بۆنەی فستیواڵی لاوان لە ١٥ی جۆزەردانی ١٣٣٢ لە باغی میکاییل گیرا کە بۆ یەکەم جار چەند نوێنەر بۆ تاران هەڵبژێردرابوون کە بچن بەشداری بکەن (کەریم حیسامی، خەلیل سەدیقی، عیسمەت خانم کچی ماڵە سەلیمۆکەی) چوون بۆ تارانو ئاکامەکەشی بوو بە ئەوە کە کاك کەریم حیسامی وەك نوێنەری لاوانی کورد چوو بۆ بوخاریست پایتەختی رۆمانی‌و لە فستیڤاڵی جیهانی لاواندا بەشداری کرد.

لەو میتینگەدا ئەو کوڕە کە ئەندامی لاوانو قوتابیان نەبوو، منداڵتر بوو لەوەی کە بتوانێ ببێتە ئەندامی لاوان، ناویشی حەسەن رەمەزانی بوو، کوژرانەکەی هەلێکی رەخساند کە بۆ یەکەم جار دوای کۆمار خەڵكو تەنانەت ژنانیش لە شەقامی شاپووری مەهاباد بەرەنگاری پۆلیس‌و ژاندارم بوونەوە دوای ئەو بەرنگاربوونەوەیە جەماعەتێك گیران.

لە لاپەڕەی ١٥٣دا باسی کۆبوونەوەیەك دەکا لە تاران کە بە بەشداری کۆمەڵێك لە هاوڕێیان گیراوە کە رەحمان قاسملوو و سەدیق ئەنجیریش تێیدا بەشدار بوون. ناوی "حەمەدی میرراتبی"ش دەبا کە بەشدار بووە، ئەو کەسە ناوی

بە هەڵە نووسراوە ناوی ڕاستی "حەمەد ئەمینی ڕاتبی" بوو. ناوبراو بـرای حەمەدی مەولوودی بوو کە پێشتر باسی کراوە،کادرێکی چـالاکی حیـزب بـوو کە چەنـد ساڵێك زیندانیو دەربەدەری کێشا دوایە شێت بوو و چەند ساڵیش بەر لە ئێستا لە مەهابادی زێدی خۆی فەوتی کرد.

لە لاپەڕی ١٥٨دا هێندێك مەسەلەی تێکەڵ پێکەڵ کـردوە زۆر نـاڕوونە بەڵام لە گەڕانەوەیدا لە تارانو هەمەدان بۆ کوردستان دەنووسێ: "چۆتە ماڵ جەوانمەرد قازیو دوایە چۆتە گوندی پیر وەلی باغی لە ماڵە مەلا کە بەرپرسی حیزبی بووە میوان بووە."

مەنزووری لە جەوانمەردی قازی کاکە ڕەحیم بووە کە لە سـاروقامیش بـوو، مرۆیەکی یەکجار کوردو ڕاستو دروست بوو لە زەمانی کۆماریشدا یەکێـك لە نزیکەکانی پێشەوا بووە چوونکە بن ئامۆزای بوو. لە پیرەوەلی باغیش ئێمە زیـاتر چووینە

مـاڵە میـرزا بـرایم کە هەر لە کـۆنەوە حیزبـی بـووەو مەحرەمـی بنەمـاڵەی پێشەواش بووە.

لە لاپەڕی ١٦٦دا باسی خولەی ئیسحاقی برای عەبدوڵڵا ئیسحاقی دەکا. ناوی ڕاستی ئەو مستەفایە کە لە نێو هاوڕێو بنەماڵەدا چونکو بە پێچەوانەی عەبدوڵڵای برای زۆر ڕەش بوو پێمان دەگوت "قولە" کە بە "قولەی ئیسحاقی" دەناسرا.

لە لاپەڕەی ١٧٦و ١٧٧دا باسی گیرانی ئەندامانی حیزبی دەکـرێو دێـتە سـەر گیرانـی سـمایل قاسـملوو و شـێرو ڕێـوی زۆر بـۆ دێنێـتەوەو دەڵـێ: هاوڕێیـانی کـۆمیتەی بـانە بە چەکەوە چـوونە سـەر ڕێگـا کە هەرچۆنێـك بـێ بە چەك وەریگرنەوە بەڵام ژاندارمەکان بە شوێنێکی دیکەدا بردوویانەو ئەوان نەیاندیون.

نەخێر، بەرپرسانی دێهـاتی بـانە تەگبیـر دەکەنو دەگەنە ئەو قەنـاعەتە کە ئەو کـارە بـکەن بەڵام کە پـرس بـە سـەرەوەتر دەکـەن موافقەتیـان دەگەڵ نـاکەنو ئەوانیش واز لەو بەرنامە دێنن.

لە لایەکی دیکەوە سمایل بۆ خۆی ئامادەگی هەبوە ئەو خەیانەتە گەورە بکاو لە کوردستان هەرکەسی دیوەو ناسیویەتی ناویان بداو ئاشکرایان بکا. ئەوە نە هەڵە بووەو نە سادەگیو نەزانی. هەروەك بە نیوە رەسمی لای کاك غەنی وەك لە لاپەڕی ١٧٧دا دەنووسێ: "ئەو کە سەرەڕای ئەو قەولەی پێیان دابوو نەنێردراوەتە چەکوسلواکی کە بخوێنێو تووشی گیران هاتوەو پێی وایە خەیانەتیان پێ کردووە."

وەك لە بەرگی یەکەمی ٥٠ ساڵ خەباتدا باسم کردوە سمایل نەك هەر ئەندامانی ڕیبەری بەڵکوو ئەندامە سادەکانیشی لە هەموو شوێنێك لەو داوە و بۆ ڕێژیمی ئاشکرا کردوون.

کاتێك منو کاك عەزیز پایزی ١٣٣٨ لە ساواکی تەورێز بۆ ماوەیەکی کورت لە سلولدا دەگەڵی دانیشتینو داوامان لێکرد پاشگەز بێتەوە، زۆر بە سەراحەت گوتی من لە رقی رەحمان قاسملوو و عەبدوڵلا ئیسحاقی کە نەیانناردم بۆ دەرەوە بخوێنم ئەو کارەم کردووەو پەشیمانیش نیم. دیارە بۆ تەوجیهی پاشگەزنەبوونەوەکەی لەو خەیانەتە گەورە دەیگووت: ئەمن نامەوێ خەڵکی وڵاتەکەم لە داهاتوودا بکەونە ژێر فەرمانی ئەو جۆرە کەسانە.

هەر لەبەر ئەو خەیانەتە گەورەیەش بوو کە تەبەسوم خانمی شەتەوی ناوزەدی سمایل ئەوی بە خائین زانیو هەر لە زیندان بوو کە وازی لێ هێناو لێی جیابوەوە. بەڵام پێم سەیرە کە هیچ کات نە دوکتۆر قاسملوو و نە مامە غەنی ددانیان بە خەیانەتی ئەو کابرایەدا نەهێناو کاك غەنی لە زیندانی قەسریش دەگەڵی بوو بە هاوبەندو هاوخەرج. دوکتۆر حەسەنی شەتەویش سەرەڕای ئەوەی کە دەیزانی تەبەسومی خوشکی لەسەر ئەو خەیانەتە وازی لە ناوزەدی سمایل هێناوە لەو کتێبەدا کە لەسەر بنەماڵەی قاسملوو نووسیویەتی نە هەر لەسەر سمایل ڕاستیەکان باس ناکا زۆریشی بە بەژنو باڵایدا هەڵدەڵێ.

بەڵام بە شاهیدی هەموو ئەندامانو لایەنگرانی حیزب لەو سەردەمەدا ئەو خەیانەتەی سمایل زۆر ئاشکرا بوو بە هیچ کەسیش پینە ناکرێو بۆ خۆشی وەك کاك غەنی لە زمانی سمایلەوە دەنووسێو دەڵێ: "رەحمم بە کەس نەکردوەو ئەوەی ناسیومەو زانیومە گوتوومە." ئەو تەوجیهاتە نابەجێیەی کاك غەنی زۆر کارێکی نادروستەو داپۆشینی تاوانی ئەو تاوانبارە خۆی تاوانێکی دیکەیە.

باشە ئەگەر کاك غەنی دەنووسی: "بە عیلەتی بێتەجرەبەگی وای کردوە بۆ کرابوو بە بازرەسی تەشکیلاتو لە تاران را بگرە هەموو شارو دێهاتی کوردستانی بۆ بازرەسی کردن پێ ئەسپێردرابوو؟!"

کاك غەنی لە لاپەرەکانی ١٧٨ تا ١٨٢ باسی گیرانی بەکۆمەڵی ئەندامانی حیزب لە مانگی ئابان(خەزەڵوەری)١٣٣٨ دەکا وێرای ئەوەی پێ لە کەمتەرخەمی خۆی دەنێو سەرەرای ئەوەی ئەسعەد خودایاری وەك کادرێکی لە مێژینەی حیزب کە خۆی پێی گوتبوو دەکەڵ تێکەڵ ساواك بێو زانیاریان بۆ بێنێتەوە، هەروەها کاك رەشە بە کاك غەنیان گوتبوو خەڵك دەگرن بەڵام ئەو گوێ ناداتێ، هاشم حسێن زادەو یوسف ریزوانی دەگەڵ ئەسعەد بەرێ دەکا بۆ عێراق بەڵام خۆی دەمێنێتەوەو دەگیرێ.

لەو لاپەرانەدا دەڵێ دوای سمایل، هاشم جەلالیو دوای ئەویش جەلیل گادانی گیران. بەڵام من "جەلیل" حەوتوویەك تا ١٠ رۆژ بەر لە هاشم گیرامو تا ١٨ رۆژیش هەم لە سلوولی تاکەکەسی پادگاندا بوومو هەم دوای ئەوەش کە هاشم گیرا بەرپرسانی حکومەت هیچکام منیان نەدەناسیو ناوم کەریم بوو، خۆم وەك پیاوێکی نەخوێندەواری کاسبی دێهاتی ناساندبوو. دوایە رەحمان مودەررسیو رەحمان شەمسی بورهان منیان لە شوێنی کاری سەرهەنگ مودەرسی ناسیەوەو بە ئەویان گوت ئەوە جەلیل گادانیەو ئاشکرا بووم. کە ئاشکرا بووم سەرهەنگ مودەرسی بە منی گوت: چیدی خۆت بە لێدانو کوتان مەدە، ئەتۆ بەرێ دەکرێی بۆ تاران بەڵام ئەوە بزانە ئەو کابرایەی تۆ دەتگوت

ناویم نەبیستوەو قەتم ئەو حسین نێوەی تۆ دەڵێی نەدیتوە کە مەبەستی سمایل قاسملوو بوو هەر لە سەرەتاوە هەموو شتی بێ‌پەردە پێ گوتوەو هیچ شتێکی شاراوەی نەهێشتوەتەوە. لە تارانیش هەتا نەیانهێناوەتە بەرەوڕووم دوای یازدە ڕۆژ تەحەمولی شکەنجە نەمگوتوە دەیناسم، هەر دەمگوت من لە تاران بوومو هاتوومەوە مەهاباد خۆم تەحویل دەمەوەو کەسانێك بەو تاوانەی ئێوە دەڵێن ناناسم.

دوای ئەوەی کە سمایل بەرەوڕووی هاشمیش ڕاوەستابوو ئەویش بەسەردا کەوتبوو و بە قەولی سمایل قاسملوو کە دەیگوت لە داخی رەحمانو عەولا وام کردوە، ئەویش لە داخی سمایل وا بە ئاواڵەیی هەموو شتی گوتبوو کە دوایە بوو بە جێی باوەڕیانو بەر لەوەی محاکمە بکرێ ئازادیان کردو بەرێیان کرد بۆ عێراق کە لەوی کاریان بۆ بکا. ئەو بەدبەختە دەگەڵ ئەوەی ڕاستەوخۆ مەئموریەتەکەی ساواکی دەگەڵ بەرپرسانی حیزبی لە عێراق باس کردبوو تووشی چەرمەسەرێکی یەکجار زۆر بوو. دوای شۆڕشی ١٣٥٧ کە لە عێراق گەڕاوەو جارێك لە تاران لە ماڵی کاك ڕەحمان نەسووری ئەندامی لەمێژینەی حیزب دیتم دەستی نەدەوەشاند بەڵام شێتی پێوە دیار بوو.لەسەر خۆشم کاك غەنی هەر لەو چەند لاپەڕەدا دەڵێ جەلیل گادانی کە گیرا ناوی ١٢٠ کەسی پێبوو ئەو ناوانە هەموویان ڕەمزی بوون، وە خۆم نەگرتو حاشام لێکرد، بەڵام منیش دوای بەرەوڕووکردنم دەگەڵ سمایل وردە ئیعترافێکم کرد لەو ناوچانەی کە من کارم تێدا کردبوو دەمناسینو بە دەگمەن خەڵك گیرا. هەر بۆ نموونە لە شاری مەهاباد کە کاتی خۆی بەرپرسی یەکەم بوومو دوایەش بەرپرسانی تەشکیلاتی شارو دەوروبەرم ناسی تەنانەت پەیوەندیم بە شارەکانی دیکەشەوە هەبووە، لەو هەموو کەسەی کە گیرابوون با یەکێك گوتبای جەلیل ناوی منی درکاندوە، هەروەها لە شوێنەکانی دیکەو کۆمیتە شارستانەکانی دی.

ئەگەر ئیعترافی من ئاوا بەرین با منیشیان وەك سمایل‌و هاشم دەگەڵ هەیئەتی بەرپرسانی دەستگیری خەڵك کە سەرهەنگ ئەمجەدی‌و تاقمێکی زۆر بوون بۆ ناسینەوەی خەڵك دەبردەوە مەهاباد. ئەوان یەکێکیان مەئمووریەتی درایە بۆ عێراق‌و ئەوی دی دوای دوو ساڵ ئازادکراو نێردرایەوە زانکۆی تاران بۆ درێژەپێدانی خوێندن‌و دوایەش لە کارخانەی تراکتۆرسازی تەورێز دامەزراو هەتا مرد لەوێ بوو، منیش ئەگەر وەك ئەوان بایەم ٢ ساڵ لە ژێر ئیعدام نەدەمام‌و دوایە دەگەڵ کاك عەزیزو کاك غەنی بۆ تەبعیدگای بەندیخانەی دژی (قلا)ی برازجان بەڕێ نەدەکرام‌و ماوەی نۆ ساڵ‌و نیو رایان نەدەگرتم‌و دوایەش دوو سی جاری دیکە نەیاندەگرتمەوەو دوایەش بۆ ماوەی ٩ ساڵ لە زێدی خۆم مەهاباد بۆ تاران دوور نەدەخرامەوە .

لە دێڕی یەکەمی لاپەڕەی ١٨٢دا باسی کافەی "ئەرمەناچی" دەکا ئەو ناوە "ئەرمەناکە" کە بە ئەسڵ هەرمەنی بوو پێشتر کەوشدروو بوو، زیاتر کەوشی ژنانی دەدروو، بەڵام دوایە لە دەوری مەیدانی چوارچرا کافەرەستورانێکی دانابوو خەڵك زیاتر بۆ خواردنەوە دەچوونە لای. بە حوکمی ئەوەی ئێمە دووکانی کەوش فرۆشیمان هەبوو هەر منداڵ بووم دەمناسی، مرۆیەکی یەکجار باش‌و ساغ‌و لەسەرەخۆ بوو دە سەنعەتەکەشیدا دەغەڵی نەدەکرد.

لە لاپەڕەی ١٨٢دا باسی گرتنی دەرەجەدارەکانی سنە دەکا. زۆرم پێ سەیرە کە دەنووسێ تۆفیق رەجەبی بۆ خۆی سازمانی دابوون‌و پەیوەندیان بە حیزبەوە نەبووە. ئەوانە شەبەکەی نیزامی حیزب بوون‌و تا ئاخریش بە حیزب وەفاداربوون. راستە ئیستوار تۆفیق رەجەبی لەژێر ئەشکەنجەدا شێت بوو، دوایە خۆی کوشت بەڵام زۆربەیان وەك عابدو عەبباس کەرباسی‌و محەمەد خاکی‌و باقر خوشبین‌و ئەحمەد شابازی لە هەموان زیاتر رەحیم بەغدادی بە ڕێبازی حیزب وەفادار بوون‌و بە گومانی من لە لایەن سمایل قاسملوو یا بەرپرسانی حیزبی سنە رەحمەت شەریعەتی‌و شێخانی لەو درابوون.

خێزانی تۆفیق رەجەبی ئێستاش هەر لە سنەیە و یەکجار پیرو پەك کەوتەیە بەڵام توانی کچەکانی بە کوێرەوەریو بەدبەختی گەورەو بەخێو بکا تا گەیاندنیە رادەی مامۆستایەتیو یەکێکیان بە ناوی گەلاوێژ ئێستا لە هەولێر دەژیو سەرەڕای ئەوەی مامۆستای خانەنشینە بە زەحمەتی زۆر لە خزمەتی کۆمەڵگادایەو ناوەندێکی کچکەی خواردنی داناوە بە ناوی (خواردنگەی پورپەری) خەڵکیش زۆری لێ رازینو یەك دوو جار تلویزیۆنەکان وتوویژیان دەگەڵ کردوە.

ماڵە کاك غەنی ئاوەدان بێ لەو کتێبەدا باسی ١٢٠ کەس دەکا کە لەو پەلامارەدا گیراون بەڵام لە لایەن ساواکەوە دوای ئەو هێرشە، یەك دوو جاریتر هەر لە پەیوەندی دەگەڵ ئیعترافی گیراوەکاندا پەلاماری خەڵکیاندا، خەڵکی دیکەیان گرتو هێنایانن بۆ تەورێز بۆ نموونە ئەوەی لە بیرم بێ لە مەهاباد تەها دەفزەنی، کەریم کابانیو فەتاح کاویان دواتر گیران.

لە لاپەڕەی ١٣٩دا لەمەڕ لێژنەی وتوویژی هێزەکانی کوردستانی دەگەڵ لێژنەی کۆماری ئیسلامی دەنووسێ کە "داریوش فرووهەر داوای لێ کردین "ئێوەی کورد هەموو کات بە چەك کردووتانە لە من قبوڵ بکەن ئەمجارە بە سیاسەت بیکەنو لە شەڕ واز بێنن".

من لە وڵامدا دەڵێم ئەرێ رەوانشاد داریوش فرووهەرو خێزانت زۆر لە پێش بوونو جەنابت وەزیر بوویو هەر بە سیاسەتیش دەگەڵ رێژیم کەوتی، ئەدی بۆ لە ماڵە خۆتدا کوشتیانیو لەتو پاریان کردی؟

تاوانتان هەر ئەوە بوو کە بۆچوونە هەڵەو کردەوە جینایەتکارەکانی رێژیمتان پێ غەدرو نادروست بوو، خۆ تیرو شێرتان لە رێژیم هەڵنەگرتبوو، تەنیا قسەی سیاسیو داخوازی رەوای خەڵکتان دەگەڵ باس کردبوون. با لەو کونەوە بێ لە داهاتوودا شتی زۆر لەوە خراپتریش دەبینین کە دەگەڵ ئێوە کرا کە بە سیاسەت کردتان ئیمەش قەت پەلاماری خەڵکمان نەدا، ئەوە رێژیم بوو بە مەبەستی

دژایەتی کردن دەگەڵ داخوازە رەواکانمان شەڕی پێ فرۆشتین‌و لە هەموو لاوە پەلاماری داین، ئیمەش دیفاعمان کرد.

لە لاپەڕەی ١٩٤دا دەڵێ: "گرتنی پادگانی مەهاباد هیچ پێویست نەبوو، راستە جەنابت هەر موخالف بووی هەموو خەڵکی شاری مەهاباد دەزانن کاتێك ویستیان ژاندارمری بگرن لە پادگان ڕا بۆ سەرکوتی خەڵك هاتبوون‌و جەماعەتێکیشیان لێ کوشتن.

لە لایەکی دیکە خەڵکی شار نەك هەر وەسیلەی دیفاعیان نەبوو بەڵکوو کێشکی شەوانەشیان بە داردەست‌و پەیاغ دەدا بۆ ئەوەی پێشی هێرشی گومانای بگرن.

جگە لەوانە خۆ بۆخۆت دەڵێی رێگە چارەی موناسب بۆ ئیدارەی پادگان بە شێوەی هاوبەشت پێشنیار کردبوو. کاربەدەستانی رێژیم بۆ بە قسەیان نەکردی؟

سەرەڕای هەموو ئەوانە پادگانەکانی هەموو شوێن‌و شارێك کەوتبوونە بەردەستی خەڵك تەنیا لە کوردستان بە دەست ئەرتەشەوە مابوون.

جگە لەوانە خۆ ئێمە دوای گرتنی پادگان چووین بۆ چاوپێکەوتنی خومەینی لە قوم بە هیچ شێوەیەك باسی ئەو مەسەلەیەی نەکرد. بەڵام نەك هەر موافقەتی لەگەڵ داخوازی ئێمە وەك خودموختاری نەکرد قسەی ئاخریشی ئەوە بوو "همە باید مسلم باشند"

بە باوەڕی من ئەگەر پادگانمان نەگرتباو هێندێك ئیمکاناتی دیفاعی نەکەوتبا دەست حیزب‌و خەڵك، ئیمام و دەوروبەری بەو بەرنامە شەڕ پێ‌فرۆشتنەی بۆ کوردو کوردستانیان هەبوو نەك هەر بە جارێك دەیانهارین‌و بە واتای وشە ژینۆسایدیان دەکردین‌و زۆر لەوە خراپتریان بە سەر کورد دێنا کە تا ئێستا لە ماوەی ٣٥ ساڵدا بە سەریان هێناوە.

لە لاپەڕەی ١٩٩دا باسی گرتنی پادگان دەکاو دەڵێ: شەوێ لە ماڵ بووم کە خەبەریان هێنا لە پادگان تەقە بووەو سەرتیپ پزشك پوور فەرماندەی پادگان

بریندار بووە. وادیارە کاك غەنـی لێـی تـێکەڵ بـووە، پادگـان بە ڕۆژی ڕووناكو بەینـــی ســـەعات ١و٢ی پـــاش نیـــوەڕۆ لە لایەن تاقمێـــك دەرەجەداری ئـــازاو شۆڕشگێڕو چەند ئەفسەری لەخۆبردووی خاوەن هەست بێ تەقە دەستی بەسەردا گیـرا. ئەو ڕۆژە تەنیـا تەقە ئەوە بـوو کە ئەو سـەربازە بـرووجەردیە بە بـێ هـیچ حیسابو کتابێك پزشك پووری لە شوێنی کارەکەی بریندار کرد. هەر حیـزبیش بە پەلە داریوش فرووهەری کـە ئەنـدامی لێژنـەی وتـوێژی حکوومـەت و ئـاواڵ زاوای پزیشك پوور لە برینداربوونی ئاگادار کردبـۆوە هەر ئەو هەڵێگـرت بـردی بۆ ورمیو لەوێڕا بردی بۆ تارانو عیلاجی کرد.

کۆبوونەوەی وتووێژکارانی کورد دەگەڵ لێژنەی حکومەت تەواو ببوو، قەرار بـوو هەر ئەو ڕۆژەی هەیئەتـی دەوڵەت بگەڕێـنەوە بـۆ تـارانو ئاکـامەکەی بە خومەینیو بازرگـان کە سـەرەك وەزیـران بـوو بگەیەنـن. گرتنـی پادگـان کە لە ڕوانگەی منەوە کارێکی زۆر باش بوو لە تارانیشـڕا هەر بەو مەبەسـتە چەنـد ڕۆژ پێشـتر دەگەڵ سـەرگورد عەباسـی هـاتمەوە مەهابـادو ئەوم بە دوکتـۆر قاسـملوو ناساندو ئەوەندەی لە دەستی هات هەوڵیدا دوای گرتنی پادگان لە لایەن حیزبەوە بـۆ مـاوەیەکی کـورت کـرا بە فەرمانـدەی پادگـان، دوایە ڕێـژیم ڕازی نەبـوو کەسێکی دیکەی دیاری کردو ناردی کە ناوەکەیم لە بیر نیە.

لە لاپەڕەی ٢٠٠دا دەڵێ: " ئەو ٢٦ مـاددەیەی لێـژنەی کوردسـتان دابـووی بە ڕێژیم ئیشکالی ئیجاد کرد لە درێژەدانی وتووێژدا" ئـاخر کـاك غەنـی بـۆ خـۆی ئەندامی لێژنەکە بـوو کە ئەوەیـان ئامـادە کـردوە. دوای ئەوەیـش حیـزب ئەوەی کـورت کـردەوەو کـردی بە شـەش مـاددەو پاشـان کە گوتیـان خودموختـاری ئیسـلامی یـان خـودگەردانی ئیسـلامی دەدەن ئەوەشـمان قبـووڵ کـردو دوکتـۆر قاسملوو لە میتینگێکـی بەرینـدا لە چـوارچرای مەهابـاد ڕایگەیانـد کە ئەوەشـمان قبووڵە، بەڵام لەو جێگایەی کە ددان داهێنان بە بوونی هیچ نەتەوەو کەمایەسـیەك

لە لایەن کۆماری ئیسلامیەوە جگە لە ئۆممەتی ئیسلام دانایە ئەو ئەو چاوەڕوانیانە لەو ریژیمە شتێکی سەیرو بێ سەمەرە.

ئاخر خۆ تاقمی ٧کەسی کە بە سەرۆکایەتی مامە غەنی لە ژێر ناوی لایەنگرانی کۆنگرەی ٤ لە حیزب جیابوونەوەو خۆیان تەسلیم کردەوە ئەگەر ریژیم شتی ئاوای دەماهیەتدا با دەبوو هەر نەبا خودموختارییە ئیسلامیەکەیان بداتێ. ئەدی کوا بۆ ئاوای بەسەر هێنانو کردنی بە تۆی زەوی. هەرچەند رەسمەن خۆتان لە حیزبی توودەدا دەغم کرد بەڵام ئەو بەڵایەی بەسەر حیزبی تودەو ئێوە هێناو تەفروتونای کردن.

لە لاپەڕەی ٢٠٢و ٢٠٣دا ئاماژە بە هاتنی ئەرتەش بۆ مەهاباد دەکاو دەنووسێ: "مقاوەمەت نەکرا هێندێك پێشمەرگەی پەڕاکەندە بۆ خۆیان هێندێك تەقەیان کرد"

ئیدی ئەوە زۆر سەیرە، وادیارە کاك غەنی لە کاتی ئەم وتویژە دەگەڵ کاك برایم فەرشی حەواسی زۆر پەرت بووە. ئەوە زیاتر لە مانگێك شەڕو بەربەرەکانی لەگەڵ ئەرتەشو هیلیکۆپتەرو تۆپو تانکەکانی ڕیژیم لە ئەمیرئابادی خەتی میاندوئاو، لە دریازو کۆزەکەریزی خەتی ورمێ مقاومەت نەبوو چ بوو؟ ئەودەم کە ئەرتەش واریدی شار بوو کاك غەنی لەسەر بڕیاری پێشووی دەفتەری سیاسی کە قەراریان دابوو لە شار شەڕ نەکەن دەگەڵ ئەندامانی دەفتەری سیاسیو سکرتێری حیزب چووبوونە سەردەشت، دوایە چوونە بێورانو چوونە بنوخەلیفو ئاخری لە ئاشی پشکاوێ گیرسانەوەدوای چەند رۆژو شەویش کە من لە لایەن ئەو دەستەی لە گویچکەدەرێ قەرارمان دا دوورتر نەڕۆینو بچەقینەوە. مەئموریەتم درایە بچم بۆ سەردەشت لۆریان بێنم بۆ بارکردنی ئەو ئیمکاناتە نیزامییەی مەلا رەسوڵ پێی دەزانی کە لە کوێیە. لە سەردەشت لۆری نەبوو ئەوەندە بە دوای دوکتوردا گەڕام گەیشتمە بنوخەلێفو لەوی لەسەر پێشنیاری دوکتۆر قاسملوو بۆ سبەینێ گەڕامەوە سەردەشتێ ماڵو منداڵی کاك غەنیم هێنا

بەردەپانیو تەحویلی کاك حامید گەوهەریو حەسەن بلووریانی زاوای مامە غەنیم دان کە بیانبەن بۆ قەلادزێ ئەگەر هەڵە نەکەم یەکەمماڵی حیزبی بوون کە لەو سەردەمەدا ئاواکران بۆ دیوی عێراقێ.

لە لاپەڕەی ١١٢و ١١٣دا باسی چلۆنایەتی جیابوونەوەی خۆیان لە حیزبی دێموکراتو پەیڕەوی لە خەتی حیزبی توودە دەکا بە قەولی خۆی دەیانویست "مەسەلەی کورد لە چوارچێوەی ئەنترناسیۆناڵی پرۆلیتێردا مەترەح بکەن" ئەدی دوای ئەوەی کە زانیتان ئیعلامیەکەشتان توودەییەکان نووسیویانە کە بۆ خۆت باست کردوە، زانیتان کە حیزبی توده دەیەوی بتانکاتە گوێ لە مستی خۆی بۆ خۆتان لێ نەکشاندەوەو بەداخەوە دواتر خۆتو کاك حەمەدئەمین بوون بە ئەندامی دەفتەری سیاسی ئەو حیزبەو کاتێکیش خۆتان چوونە ئوورووپا بە ئەندامەکانتان وت خۆ تەحویلی حیزبی توده بدەن. ئەوە چی بوو؟ بۆچی ئەم کەلافە ئالۆزەتان بۆ ئەندامانو لایەنگرانتان روون نەکردەوە؟

لە لاپەڕەی ٢١٨دا دێتەوە سەر شتێکی بە ناوی حەوت ماددەییو ددان بەوەدا دێنێ کە خەریك بووە لە کۆبوونەوەی گوندی برایمە کودەتا بکا. دیارە بەو مەبەستە مەلا رەسووڵ پیشنەمازو کۆمەڵێك پێشمەرگەشی دەگەڵ خۆی هێنابوو. هەرچەند دە کتێبی "با نەبێتە درۆی پاش مردوو "دا ئاماژەم بە هێندێك لەو مەسەلانە کردوەو لە پێوەندی دەگەڵ کتێبی "ئاڵە کۆك"و کاك غەنیدا گەلێك مەسەلەم روون کردۆتەوە بەلام ئەمن پێم سەیرە کاك غەنی بۆ نە لە "ئاڵە کۆك"داو نە لەم وتوویژەدا ئەو حەوت ماددەیەی روون نەکردۆتەوەو هیچ بەڵگەیەك نیشان نادا. دڵنیام ئەوە هەر خەیاڵەو منو چەند ئەندامێکی دیکەی دەفتەری سیاسی ئەو شتانەمان نەدیوە، تا ئێستاش هیچ کەسو لە هیچ شوێنێك ئەو بەڵگە نەبیندراوە. حەق وابوو ئەگەر شتێکی ئاوا دەگۆڕیدایە بە خەڵکی نیشان دابا

هەروەها لەو لاپەڕەدا هاتوە کە کۆنگرەی چوار بەو مەبەستە گیراوە کە شەڕ نەمێنێ. بەڵام کۆنگرە هەر دەبوو بگیرێ چونکو چەند ساڵ بوو کۆنگرە نەگیرابوو. دیارە وەزعی دنیاو ئێران ئاڵوگۆڕی بەسەردا هاتبوو بەڵام بەراستی ئاڵوگۆڕ لە ئێراندا بە هاتنە سەر کاری کۆماری ئیسلامی بەرەو پێش چووبوو کە ئێمە پێی دڵخۆش بین؟ ئەو کۆماری ئیسلامیو سیاسەتە چەوتو شەڕەنگێزەکانی نەبوو کە لە تورکمەن سەحرا، خوزستانو تاران هەموو دەنگە ئازادیخوازەکانی کپ کردو لە کوردستان شەڕی یەکەمو دووەمی سنە لە نەغەدەو لە پاوەو لە ئاخریدا لە بانەو مەهاباد شەڕی پێ فرۆشتینو گەیاندیە رادەیەك کە ئیعلامی جیهادی بە دژی کوردستان داو سەدان تۆمەتی ناڕەوای لە کوردو حیزبی دیموکرات داو چەند ساڵ ئاگرو ئاسنی بەسەر خەڵکی کوردستاندا باراند؟

لە لاپەڕەی ٢٢٠دا دەڵێ: "سەنار مامیدی بەر لە کۆنگرەی چوار خۆی جیاکردبۆوەو حیزبی تایبەتی پێك هێنابوو." ئەوە راست نیە سەننار زۆر دوای کۆنگرەی چواریش هەر ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی بوو چەند جاریش بۆ کاروبار هاتە دەفتەری سیاسی لە مەهاباد دوایە یاغی بوو، هەرچەند حەولیشمان دەگەڵ دا نەهاتە رەدایەو دواتریش دەگەڵ ئێوە کە جیاببوونەوەو هاوکاری رێژیمتان دەکرد ببووە هاوکارو هاو خەباتو تا ئەو جێگایەی بۆ حیزب دەرکەوتبوو هێندێك چەكو چۆڵی خەڵاتی رێژیمیشیان بۆ ناردبوو. هەر ئەویش رەحمان کەریمی فەرماندەی هێزی چەکداری ئێوەی کوشت کە زۆریش جێگەی بڕوای رێژیم بوو.

لە لاپەڕەکانی ٢٥٥و ٢٥٦ باسی ئەوە دەکا کە گوایە دەبوو بە شتێکی کەمتر لە خودموختاری رازی بین چونکو ئەو رێژیمە شتی وا نادا. باشە ئەدی ئێمە وەك حیزبی دێموکرات بە خودموختاری ئیسلامیو خودگەردانی ئیسلامیش رازی بووینو دوکتۆر قاسملووش لە نێو جەماوەرو لە میتینگدا رایگەیاند کە قبووڵمانە

بەڵام پێیان نەداین. ئەدی بە ئێوەیان بۆ نەدا کە بە ڕێنوێنی حیزبی تودە سڵەواتتان لە دیداریان لێدەدا؟

سەیرە لە لاپەڕەی ٢٥٧دا دەڵێ: قاسملوو هێندێك خەسڵەتی تەك ڕەوی کە تایبەتی توودەییەکان بوو تێدا بوو بەڵام بۆ خۆشی ببوو بە ئەندامی دەفتەری سیاسی حیزبی تودەو هەر ئەو تەماحەو هەر ئەو خۆ بە زلزانیەو ئەو سەرەڕۆییەش ئەوەی بە سەر مامە غەنی هێنا کەتووشی هەڵەیەکی ئاوا گەورە بوو، هەم تەسلیمی کۆماری ئیسلامی ئێران بوو، هەم بوون بە پاشکۆو دوایەش دەگەڵ سیراجی بوون بە ئەندامی مەکتەبی سیاسیی حیزبی تودە.

لە لاپەڕەی ٢٥٨دا کاك برایم فەرشی لێی دەپرسێ: ئایا ئەم حەرەکەتە سیاسییەی کە ئێوە دەستتان پێکرد دەرئەنجامێکی یەکجار ناخۆش‌و بەر ئەساسی تەحلیلێکی یەکجار غەڵەت‌و نادرووست نەبوو؟

کاك غەنی وڵام دەداتەوەو دەڵێ: "بەڵێ ئەڵبەتە ئەلعان بەو نەتیجەیە گەیشتووین قەبلەن ئەوەمان نەدەزانی بەتایبەتی کە دوای تیرۆرکردنی مەلا کەریم شاریکەندی کۆماری ئیسلامی قەرارگای هەمزەی بۆ سەرکوتی کوردستان دانا ئەو دەم حاڵی بووین کە ڕێژیم کەمترین تەفاهوممان دەگەڵ ناکاو دانی هیچ شتێکی بە کورد دە ماهیەتی دا نیە. دیتمان ئەوانە خەریکی سەرکوتن".

وادیارە لە قامووسی ئەواندا ئەو هەموو کوشت‌و کووشتارەو ئیعلامی جیهادو ئیعدامانەی بەر لە شەڕی سێ مانگەو دوای ئەوەش کردبووی لە ڕوانگەی کاك غەنی‌و لایەنگرانی کۆنگرەی ٤ سەرکوت نەبوە!

دواتر لە لاپەڕەی ٢٩٠دا کاك غەنی درێژە دەداو دەڵێ: " بۆمان دەرکەوت ئەسڵەن ئەو موزاکرە بەو شێوە کە ئێمە کردوومانە لەگەڵ حاکمیەت شێوەیەکی غەڵەتەو دەبوو هەر موسەللەح بمێنینەوەو شاخیش بەر نەدەین. گەورەترین هەڵەمان ئەوە بوو کە لە تاران‌و تەورێزو ورمێ‌و شارەکانی کوردستان دا ماینەوە

بێ ئەوەی کارێکمان لە دەست بێ‌و چووبوینە ژێر سیاسەتی حیزبی توودەو چریکەکان.

دیارە ئەو حیزبەش سەرەڕای ئەوەی کۆنترین حیزبی بە رواڵەت چەپ‌و پیشکەوتنخوازی ئێران بوو هێزێکی باشیشیان هەبوو و فێر ببوون حیزو سلامەت بژین‌و کوێرانە گوێ بە فەرمانی خومەینی‌و ڕێژیمەکەی بدەن".

لە لاپەڕەی ۲٦٦دا دەڵێ: "ئەگەر ئێمە رۆژی ئەوەڵێ دەرکمان کردبا کە ئەو حاکمیەتەی کۆماری ئیسلامی زیددی ئینقلابە، لەگەڵ ئەو ڕێژیمە رازی بە موزاکرەش نەدەبووین بەڵکووو شیعاری سەرنگونیمان هەڵدەگرت "

ئەرێ بۆ مرۆی سیاسی‌و پێشکەوتنخواز، هێنانی ولایەتی فەقێ، ڕێکخستنی ئەو ریفراندۆمە بێ‌مانایەی وەرێیان خست، سەرکوتی حیزبەکان‌و ئەو نەتەوانەی کە داوای کەمترین مافی رەوای خۆیان دەکرد، ئەو رەفتارە خراپانەی دەگەڵ ژنان، خوێندکاران، زانستگاکان‌و بەتایبەتی شەڕفروشتن بە کوردی چەوساوەو دیموکراسی خوازو ئەو هێرش‌و کوشت‌و کوشتارەی کردی کافی نەبوو تا ماهیەتی ئەو ڕێژیمە بناسێ‌و تووشی ئەو هەڵە گەورانە نەبێ‌و رابردووی پڕ لە شانازی خۆی لەو حیزبەدا کە خۆی لە بووژانەوەیدا نەخشی بەرچاوی هەبووەو ۲۵ ساڵ زیندانی لە پێناودا کێشابوو نەباتە ژێر پرسیارو رەنج بە خەسار نەبێ؟

لە لاپەڕەی ۲٦۹دا باسی وتوویژخوازی حیزبی دێموکرات دەکا.

بە باوەڕی من (جەلیل) وتوویژ دەگەڵ ئەو ڕێژیمە کە جگە لە بەدبەختی‌و نەکبەت، بێ‌بەشی خەڵك لە مافە نەتەوەیی‌و مەدەنی‌و دیکتاتۆرییەت‌و کوشت‌و کوشتارو دەربەدەر کردنی زۆربەی تێکۆشەرانی ئێران‌و کوردستان‌و کوشتنی بەکۆمەڵ‌و بێ مەحاکەمەی بەندیە سیاسییەکان‌و بەفیڕۆدانی سەرەوەت‌و سامانی میللی لە پێناو گواستنەوەی بە قەولی خۆیان شۆڕشی ئیسلامی بۆ هەندەران‌و رەواجی تیرۆرو شکڵدان بە تیرۆریزمی جیهانی هیچ خێرێکی بۆ خەڵك نەبووەو

لە ئەنجامدانی هیچ جینایەتێك درێغی نەکردوە نە هەر جایز نیە بەڵکوو تاوانەو لە بیربردنەوەی رەوشتی پڕ لە جینایەتی ڕێژیمە.

لە لاپەڕەی ٢٧٤دا دەڵێ: "قاسملوو کەریم خاڵداری ناردبوو بۆ چەك کردنی سەنار مامێدی.

ئەوە لە بنەڕەتدا درۆیە، کەریم خاڵدار هیچ کات بە تەنی نەچووە بۆ ئەو ناوچە، ئەگەر چوە لە بەرپرسانو ئەندامانی ڕێبەری حیزب نەفەری دەگەڵ بووە. هەر هەیئەتێکی چووشە کە یەکەم جار من چووم بۆ لای سەنار، بەو مەبەستەش چووم کە واز لەو یاغی‌گەرییە بێنێو دەگەڵ حیزب بمێنێتەوە هەر وەك چەند جار بەر لە جیابوونەوەیان ئەو داوایەمان لە جەنابی کاك غەنیش کرد بەڵام بە قسەیان نەکردین.

لە لاپەڕەی ٢٧٩ دەڵێ: "بە کۆمەگی قاسملوو هێزی ئەرتەشی عێراق واریدی ئێران بووە کە مەنتەقەی خوزستانو بەشێکی داگیر کردووە، ئەو هێزی کۆمەگی بۆ قاسملوو بوو تا هێزەکانی کۆماری ئیسلامی بچنە ئەوێو زەخت لە سەر قاسملوو لاچێ".

ئەی لەو بوختانە گەورەو تەحلیلە سەرنج ڕاکێشو سەیروسەمەرەیە! منداڵی حەوت ساڵەش شتی وا ناڵێ کە نەزانێ شەڕی ئەو دوو دیکتاتۆڕە(خومەینیو سەددام) لەسەر دەسەڵاتو بەرین کردنەوەی ئیقلیمی ژێر حوکمیان بوو. کێ هەیە کە نەزانێ حیزبی دێموکرات لە سەرەتای شەڕی ئەواندا ڕایگەیاند کە ئەگەر خومەینی خودموختاریمان بداتێ ئێمە شان بە شانی پاسداران بەرەنگاری ئەرتەشی عێراق دەبینەوە؟ کێ هەیە کە نەزانێ کە لە هیچ شوێنێكو هیچ سنوورو بەرەیەکدا پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات بۆ یەك خولەکیش هاوکاریو هاوئاهەنگی دەگەڵ ئەرتەشی عێراق نەکردوە؟ بەڵام حیزبی تودە، تەسلیم تەڵەبانو لایەنگراتی کۆنگرەی ٤ بە ڕێبەری کاك غەنی شەوو ڕۆژ بە دژی حیزبی دێموکرات دەدوانو تۆمەتباریان دەرکرد.

بەڵی دە راستیدا هەر وەك كاك برایم فەرشی دە پرسیارەکەیدا هێناویەتی، بەو کارەی کردتان زەربەیەکی گەورەتان لە حەرەکەتی کورد بە گشتییو حیزبی دێموکرات بەتایبەتی داو بەستێنێکی گەورەتان بۆ پەلاماردانی زیاتری نیزامیو سیاسی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر حیزبی دێموکرات فەراهەم کرد.

بەڵام لە لاپەڕەی ٢٨١دا دەڵێ: "ئینشعاب لە هەر جێگایەکدا بێ نادرووستە".

لە لاپەڕەی ٢٨٤دا دەڵێ: "وابەستەگی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە عێراقو فرۆشتنی هێزی میللی کورد بە عێراق بۆتە هۆی لاوازی حەرەکەی کورد".

ئەرێ لەو دونیایەدا کەسێك هەیە کە قبوول بکات حیزبی دێموکرات رۆژێك بۆ مەسڵەحەتی حکومەتی عێراق شەڕی کردووە؟ ئایا تەواوی کاروکردەوەی لە خزمەتی نەتەوەی کورددا نەبووە؟ ئایا لە هەموو ئەو بەڵگانەدا کە دوای شۆڕشی ٩١ی کوردستانی عێراقو رووخانی سەددام لە ٢٠٠٣دا بەردەستی کوردو هێزەکانی بیانی کەوتوە کە گوایە ٦٠ تۆن هەر ئەمریکا بردوویە، بەڵگەیەك دەست کەوتووە کە نیشان بدا حیزبی دێموکرات رۆژێك هاوکاری رێژیمی بەعسی کردووە یان بە شێوەیەك خەیانەتی بە یەکێك لە حیزبەکانی کوردستانی کردبێ؟

رەزبەری ٢٠٠٩

# کوردستان و بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد

بەڕێز مام جەلال سالانی زوو کتێبێکی بە عەرەبی لەسەر بزوتنەوەی نەتەوەیی کورد نووسیوە کە لە لایەن (ح-١) ناوێك کراوەتە کوردی و لە ژێر ناوی " کوردستان و بزوتنەوەی نەتەوەیی کورد" بە ژمارەی رەسمی ١٧٢٦ ساڵی ٢٠١١ چاپ و بلاوکراوەتەوە. بێ گومان مام جەلال زەحمەتی زۆری پێوە کیشاوە و بە باوەڕی من سەردەمێك نووسیویەتی کە بە توندی لەژێر کاریگەری مارکسیەت و دوایەش مائوئیزم دابووە. دیارە لە درێژایی کتێبەکەیدا زیاتر لە بەڵگەی ئەجنەبیەکان کەڵکی وەرگرتووە کە بەخێرا خۆیان زۆر جار لە ئاکامی بێ قەڵەمی و بێ کەسی و بێ دەسەلاتی کوردان ئەوان مێژوەکەیان بۆ نووسیوین و سەرەڕای ئەوەی هێندێك جار یا بە ئانقەست یا لە رووی نەبوونی ئیمکانی لێ کۆڵینەوە تووشی هەڵە بوون، بەلام نازانم ئێمە نووسراوەکانیان بە وەحی مونزەل دەزانین.

مام جەلالی بەڕێز لە لاپەرەکانی ١٠٤ تا ١٥٠ بە تایبەتی و هێندێك لاپەڕەی دواتردا کە باسی پێشکەوتنەکانی کوردستانی ئێران دەکا بێ ئەوەی بارودۆخی کۆمەڵگای ئەو کاتی کوردستان لە باری چینایەتی و هەڵ و مەرجی ناونەتەوەیی دوای شەڕی دووهەمی جیهانی و قەرارەکانی هاوپەیمانان لەسەر چلۆنایەتی هەڵس و کەوتیان دەگەڵ خەڵك و بە رەسمی ناسینی تەواویەتی خاکی ئێران باس کردبێ هێندێك رستەو وشە بەکار دێنێ کە دوور لە ئینساف و راستییەکانی ئەو رۆژگارەن.

بۆیە بە پێویستم زانی لەژێرەوە ئاماژە بە یەك یەکی ئەو خالانە بکەم کە لە ڕوانگەی منەوە ناتەواون و بەدوای هەر خاڵێکیشدا بۆچوونی خۆم دەخەم ڕوو.

**١. لە لاپەڕەی ١٠٥ ناوی دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی ژـك لە قەولی ئیگلتون دێنێ و لە لاپەڕەی ١٠٦دا دەنووسێ " کۆمەڵەی ژـك بنکەکەی پێكهاتبوو لە جەماوەری شار و گوند، کاسبکاران، خوێندکاران، خوێندەواران، پیاوانی ئایینی و جوتیاران و زەحمەتکێشان و سەرکردایەتیەکەشی میلی بوو، دیارترینیان تێکۆشەری جەماوەریی عبدالرحمان زەبیحی بوو...."**

پێكهاتەی بەڕێوەبەری و دامەزرێنەرانی "ژـك" هەر ئەو کەسانە بوون کە دواتر بە قەناعەت گەیشتن واباشترە ژـك ببێتە حیزبی دیموکڕاتی کوردستان و داخوازەکانیشی بە شێوەیەکی رەسمیترو ئاشکراتر لە پێرەوی حیزبی دیموکراتی کوردستاندا بگونجێ. زۆربەی هەرە زۆریشیان دواتر بوونە کاربەدەست و بەرپرسی کۆمار. عبدالرحمان زەبیحیش یەك لەوانە بوو کە بەرپرسایەتی هەبوو و وێنەکانی دەگەل پێشەوا قازی و وەزیرو بەرپرسانی پلە بەرزی کۆمار نیشانەی روونی ئەو بۆچوونەن. لە تەرکیبی ژـكیشدا مەلا و شێخ و بازرگان و روشەنبیرو جوتیارو مالکی تێدابووە. هەر بۆیەش مام جەلال دەنووسێ سەرکردایەتیەکەش میللی بوو.

**٢. لە لاپەڕەی ١٠٨دا باسی باقرۆف سەرۆك کۆماری ئازەربایجانی سۆڤیەتی دەکا و دەنووسێ" باقرۆف قازی محمدی بە سەر ژـك دا سەپاندو هەروەها سەپاندی کە ژـك ببێتە حیزبی دیموکراتی کوردستان، هەروەها سەپاندنی مەلا مستەفا بارزانی بەسەر پارتی دیموکراتی کوردستان لە کوردستانی عیراقدا و ئەوانە بکاتە سەرکردەی تاکرەو سەپاندنی لیژنەیەکی ناوەندی لە خاوەن موڵکەکان و سەرۆك هۆزەکان و پیاوانی ئایینی بوون لەگەڵ ئەندامەکۆنەکان لەسەرکردایەتی "ژـك" نموونەشی عبدالرحمان زەبیحییە."**

باقرۆف قازی محەممەدی نەسەپاند بەسەر ژ-ك دا و نەیکردە سەرۆکی حیزبی دیموکراتی کوردستان. بەڵکوو هەروەك مام جەلال بۆخۆی دواتر لە لاپەڕەی ٢٤٤دا باسدەکا ئەوە کۆمەڵەی ژ-ك بوو کە چەند جار هەوڵیدا بوو رووسەکان رازی بکا یارمەتیان بدەن بەڵام ئەوان نەهاتبوونە سەر ئەو باوەڕە کە دەستی دۆستی بە کردەوەیان بۆ درێژ کەن، بەڵام پیویستیان بە کەسایەتییەکی وەك قازی محەممەد هەبوو کە لە پێشدا دەگەڵ باقرۆف و حکومەتی ئازەربایجانی سۆویەت، دوایی دەگەڵ فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجانی ئێران کە هەموو هەوڵیان ئەوە بوو کوردستان بکەنە پاشکۆی ئازەربایجان بدوێ و قەناعەتیان پێ بێنێ. قازی محەممەد ئەوەندەی جەدەل دەگەڵ کردن تا بە قەناعەتی گەیاندن کە کورد دەبێ حکوومەتی خۆی هەبێ و لە ئازەربایجان جیا بێ. هەر ئەوەش بوو توانی بۆچوونی رووسەکان لەو بوارەدا بگۆڕێ و نەتەنیا لە کوردستان کۆمار سازکا بەڵکوو یارمەتیش بە کورد بدا، هەرچەند زۆر کەمتر لەوەی بوو کە بە ئازەربایجانییەکانیان کردبوو. ئەویش لە پێشدا بۆ ژ-ك و دوایەش بۆ حیزبی دیموکرات وەرگرێ. قازی محەممەد بە حەق ببوو بە خاوەن دەسەڵاتی ژ-ك و بەرەو دیموکرات بوون و تەعدیل بوونی برد تا گەیشتە ئەوەی حیزبی دیموکراتی لێ بڕوێ و بە کۆمار بگا.

هەر لەو شوێنەدا ئاماژە بە سەپاندنی مەلا مستەفاش دەکا بە سەر پارتیدا کە بەداخەوە ئەوەش بێ ئینسافییە. مەلا مستەفا لە رووسیا بووە کە خەڵکەکە شانازی پێ کردوە و دواتریش کە هاتۆتەوە عێراق ئەو پێشوازییەی لە بەسرا ڕا هەتا بەغداو دواتر لە کوردستان لێی کراوە نیشانەی باوەڕی خەڵك بەو کەسە بووە. مام جەلال بۆخۆشی یەکێك لەو کەسانە بووە کە زەعامەتی ئەوی قبووڵ کردوە و بۆخۆیان وەك سەرۆك دیاریان کردوە. خۆ ئەو کات باقرۆف و رووسیە لە عیراقدا دەسەڵاتیان نەبووە ئەو بسەپێنن و بیکەنە زەعیمی کوردان و دوایە هەر ئێوە تووشی شۆڕشی پێش وەختتان کرد. ئاخریەکەشی بەداخەوە لێك ترازان.

دیارە ئەوەش بەو مانایەنی‌یە کە ئێمەی کوردستانی ڕۆژهەڵات لە ئێوە تەباو رەباترین!

دیارە لە هەموو شوێنێك باسی عبدالرحمان زەبیحی وەك نموونە دەکا. زەبیحی مرۆڤێکی خوێندەوارو نووسەر و رۆشەنبیر بووە بەڵام لە نێو جەماوەردا ئەو پێگەو نفوزەی نەبووە کە بتوانێ ڕێبەرایەتی شۆرش و کۆمارێك وەئەستۆ بگرێ. هەروەك بەداخەوە دواتریش نەیتوانیوە وەك چاوەڕوان دەکرا بێتەوە ناو شۆڕش و هەڵس و کەوتەکەی وەك شۆڕشگێڕێکی لێ براو بێ و بە کردەوە درێژەدەر بێ. یەکی وەك رەوانشاد حوسینی زێرینگەڕان کە چەند جار تا پای ئیعدام چوو زیاتر لە ١٥ ساڵ لە بەندیخانەکانی شادابوو و هیچکات وازی لە خەباتی جیددی لە ڕۆژهەڵات نەهێنا.

**٣. لە لاپەڕەی ١٠٩دا دەنووسێ:**

**"ئەم وەرچەرخانە لە بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردیدا بە تەنیشت لایەنە ئیجابیە گرینگەکانی و دەستکەوتە نیشتمانیە ترسناکەکانیەوە، لایەنێکی سلبیشی هەبوو، ئەویش گێڕانەوەی بنەماڵەی "عەشایری" و " ئایینی " بوو بۆ سەرکردایەتی‌کردن لە بزوتنەوەی نیشتمانی کوردی‌دا کە مێژوو سەلماندویەتی ئەم دەستە کۆمەڵایەتیە ناتوانن هەستن بە سەرکردایەتیکردنی.... بۆیە ئەم هەنگاوە گەڕانەوە وکۆنخوازی بوو لە بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردیدا و پاشانیش لاوازکردنێك بوو لە مەودای ستراتیژی دووردا... هەروەك چۆن سەپاندنی شەهید قازی محمد و سەپاندنی سەرۆك هۆزێك لە عێراق و گۆڕانێکی ترسناك بە شێوازێکی نادیموکراسیانە. هەروەك چۆن سەرەتایەك بوو بۆ زۆرداری تاکە سەرۆك."**

**"راستە گۆڕانی ژ-ك بۆ حیزبی دیموکراتی کوردستان لە رووی بنچینەو بنەماوە کارێکی ڕاست و دروست بوو... بەڵام سەپاندنی سەرکردایەتییەکی خاوەن**

**مۆرکێکی عەشایری یان ئایینی بە سەر حیزبی پێشڕەودا دژ دەوەستێتەوە لەگەڵ سروشتی حیزبی پێشڕەودا."**

لەو بەشەدا دەمارگرژی زۆر پێوە دیارە. هەست دەکەم مام جەلال تا کاتی نووسینی ئەو کتێبە لایەنی ئیجابی لەم ئاڵ و گۆڕەدا بە لاواز دەزانێ و لایەنی سلبی زەق کردۆتە. کوردستانی ڕۆژهەڵاتی ئەو کات تەرکیبی چینایەتی‌یەکەی جۆرێك بووە کە دەبوو هەموو چین و توێژێکی تێدا بەشدار بێ لە کۆمەڵگایەکی‌دا کە مالك هەرچەند کەم دەسەڵاتیش با خاوەنی هەست و نیستی جووتبەندەو قەرەبووە، ٨٠٪خەڵکی کوردستان نەخوێندەوار بووە، هەژاری و چارەڕەشی بەسەر گەلی چەوساوەی کورددا باریبوو، ئەگەر تەرکیبی ژ-ك، حیزبی دیموکراتی کوردستان و کۆماری کوردستان ئاوا نەبا ئەو کۆمارە جێگە شانازیە یازدە مانگەشمان نەدەبوو. ئاخر کۆمەڵەی ژ-ك دەماوەی سێ ساڵ و چەند مانگ تێکۆشانی خۆی‌دا ڕاستە هەستی کوردایەتی زۆر جولاند، بەڵام تەنیا توانی گۆڤاری نیشتمان چاپ کا و یەك دوو کلاسی کوردی شەوانە دابمەزرێنێ. بەڵام بە قەولی مام جەلال هەر لەو بۆ دواوە گەڕانەوەدا، حیزب توانی لە ماوەی دوو سێ مانگ بەر لە پێك هاتنی کۆمار و یازدە مانگ دەوری کۆمار ئەو هەموو کارە گرینگانە بکا کە کردی. بە باوەڕی من تەنیا یەك دەنگی، هاوکاری گشتی و باوەڕ بەخۆ بوون و دیموکراسی بوو کە مەجالی ئەنجامی ئەو هەموو کارە گرینگەی رەخساند.

ئێستاش ستراتژی کورد هەر ئەوەیە کە ئەو کات دیاری کرابوو. ئەویش رزگاری کورد و گەیشتن بە سەربەخۆییەکە مام جەلال تا دوسێ ساڵ لەمەوبەریش بە خەونی تەعبیر دەکرد. دیارە خەونی خۆشیش هەر خۆشە.

دەگەڵ ئەوەی من دیموکراتم و دژایەتیم دەگەڵ هەر تاکرەوی و تاکە سەرۆکی هەیە، بەڵام بەراستی ئەگەر مەجال هەبا کۆماری کوردستان بمێنێ و

هێندێك سەقامگیربا، یا ئەگەر شۆڕشی ئەیلوول یا شۆڕشی دوایی حیزبی دیموکرات لەبەریەك نەترازابا و بە تەبایی و پێکەوە ژیانێکی دیموکراتیانە کاروبارەکان بەڕێوە چووبان زۆر لەوە باشتر نەدەبوو. ئایا هەر ئێستا لەو حکومەتەی هەرێمدا ئەگەر هەموو چین و توێژەکان بە یەکەوە هەر کەس بە گوێرەی بەرپرسایەتی خۆی کاری نەکردبا ئەو هەرێمە سەرەرای کەم و کورتیەکانی کە ئێستاش هەیەتی بەو شێوەیە دەمایەوە و ئەو پێشرەفتانەی لە زۆر بواردا کردوویەتی بە خۆیەوە دەدی؟

ئایا بەراستی ئەگەر بەرەی کوردستانی لە ٩١ هاوکاری سەرۆك هۆز و ئەمیرسیریەو.... بە شێوەیەکی ژیرانە بە نامەو بە قسەو قەول و قەرار ئامادەی هاوکاری نەکردبا شۆڕشی ٩١ لە کوردستان ئاوا بە هاسانی سەردەکەوت؟

ئەدی بۆ ئێستاش پاش ٢٢ ساڵان پارتی و یەکیەتی بۆ دڵنەوازی سەرۆك عەشیرەتەکان و بەخشینی ئیمکانات و ئیمتیاز پێدانیان رکابەرایەتی دەکەن، وا دیارە بە مەسلەحەتی دەزانن. ئەوەش نیشانەی ئەوەیە شێوەی بەرپرسایەتی لە شاخ و شار لە لایەك و لە حوکمداری و دەولەتمەداری دەگەڵ دەورەی کەم دەسەڵاتی و ئۆپزیسیون بوون فەرق پێ دەکەن.

**٤. لە لاپەرەی ١١١دا نووسیویەتی " ئەوە وایکرد کە لەسەرکردایەتیکردنی رزگاریخوازی گەلی کورد موڵکدارەکان و سەرۆك هۆزەکان بە تەنیشت رۆشەنبیران و شۆرشگێرانی زەحمەتکێش سەرکردایەتی‌کردنی بزوتنەوەکەیان گرتە دەست... دوای ئەوەی کە "ژ-ك" گۆرا بۆ حیزبی دیموکراتی کوردستان لە نۆڤەمبری ١٩٤٥، دوای دانانی قازی محمد بە سەرۆکی و سەپاندنی سەرکردایەتیەکەی کە زۆرینەی لە موڵکدار و بازرگانەکان بوون دەسەڵات و هەژموونی خۆی سەپاند بەسەر کۆماری دیموکراتی کوردستاندا."**

ئەوە پێویستی حەرەکەی ئەوکاتی کوردستان بوو کە تەرکیبی کومیتەی ناوەندی حیزب دەبوو ئەو کەسانەبن. ئەوانەش هەموو ملکدارو دەربەگ نەبوون و لەژێرەوە دەنووسم کێ چکارە بووە. لە لایەکی دیکە ئەرێ کرێکار و زەحمەتکێش لەو کاتدا جگە لە فەعلەی ساختومان و حەمبال و جوتیار و سەپان کەسی دیکە هەبوو؟ ئایا ئەو فەقیر و هەژارە زەحمەتکێشانە مەجالی ئەوەیان پێدرابوو خوێندەواریەکی سەرەتاییشیان هەبێ؟ ئایا خوێندەواری لەو سەردەمدا هەر بۆ خاوەن تەلار و عانە نەبووە؟ هەر لە بنەرەتڕا زەحمەتکێش لەبەر کوێرەوەری و نەداری مەجالی ئەوەی پێدرابوو بیر بکاتەوە و لەگەڵ مافی خۆی ئاشنا بێ و هەستی نەتەوەیی گەشە بکا؟ ئاخر زەحمەتکێشی بێچارەی نەخوێندەوار چۆن دەیتوانی ئەو کاروبارانە بکا. قازی محەمەد لەو کاتدا هەم لە ژ-ك دا و هەم لە حیزبی دێموکراتداو تەنانەت لە کۆنگرەی یەکەمیش چونکو بیرو خوێندەواری و مودیریەت و زانستی سیاسی و زمانزانی لە هەموان لەسەرتر بووە، وەك سەرۆکی حیزب هەڵبژێردراوە.

**٥. لە پاراگرافی دووهەمی لاپەڕەی١١٢ دەنووسێ " بەڵای منەوە کۆماری کوردستان لە مەهاباد بەو خێراییە و بە بێ بەرگریکردن نەدەرووخا ئەگەر پێکهاتە سەرکردایەتیەکەی جەماوەریی شۆڕشگێڕ بوایەو حیزب و حکومەت لە لایەن سەرکردایەتیەکی شۆڕشگێڕەوە ببرایە بەریوە کە لە جەماوەری میللییەوە هەڵقوڵابوایە. سەرکردایەتیەکی هوشیار بە ئەزمون لە خەباتی شۆڕشگێڕیی ڕێکخراودا کە پشت بە هێزە زەحمەتکێشەکانی گەل ببەستێت و ئامۆژگاریەکانی باقرۆف بە ئایەتێکی دابەزیو نەزانێت کە نابێ سەر پێچیان لێ بکرێ."**

بەر لە ڕووخانی کۆماری کوردستان پیشەوا قازی محەمەد ویستی رووحیەی خەڵکەکە بۆ بەرنگاربوونەوە هەڵسەنگێنێ، هەر بۆیە بەرپرسەکانی دەگەڵ

کۆمەڵێك ڕیش سپی و پیاو ماقووڵان لە مزگەوتی هەباس ئاغا کۆ کردەوە. وەزعیەتی سیاسی ناوچە، تێکچوونی تەنیا هێزی هاوپەیمان واتە حکومەتی میللی ئازەربایجانی بۆ باس کردن و دوو ڕێگای لەپێش‌دانان یا خۆراگری و بەربەرەکانی یا خۆ بەدەستەوەدان بە کەمترین زیانەوە. وەك من بیستوومە لە نێو ئەو جەماعەتە ٣٠٠ـ٢٠٠ کەسی‌یەدا تەنیا "مەلا مستەفا و سالاری میرزا فەتتاحی" موافقی بەربەرەکانی و خۆڕاگری بوون، باقی خەڵکەکە بەتایبەتی بەدوای کوشتارە (١٢-١٠) هەزار کەسی‌یەکەی لە ئازەربایجان بەشەری ناوخۆیی و هێرشی ئەرتەش‌دا ورەیان بە تەواوی هاتبووە خوار و توانای بەرەنگاربوونەوەیان لەخۆیاندا نەدەدی. کاتێك بەرپرسانی کۆمار بۆیان دەرکەوت ورەتا ئەورادەیە نزمە فەرمان درا پێشمەرگە و فەرماندەکان لە بەرەکانی شەڕ بە هێدی و هێمنی پاشەکشە بکەن و بێنەوە مەهاباد.

با پرسیارێکیش لە خۆمان بکەین، ئایا لەو سەردەمدا سەرکردایەتی‌یەکی بە ئەزموون لە خەباتی شۆڕشگێری‌دا لە هەموو کوردستان‌دا هەبوو کە لە جیاتی ئەوان شۆڕش بەرێوە بەرێ؟ ئەدی دوای ڕاپەڕینی ٩١ لە کوردستانی باشوور، ئەو کۆڕەوە ترسناك و دڵتەزێنە بۆ هاتە گۆڕێ کەرکوك و سلێمانی و.... بۆ چۆل کراو چوونەوە ناو زەنگ.

بە دڵنیایەوە سەبارەت بە پەیوەندی پێشەواو باقرئۆفەوە دەڵێم کە ئەوە تەنیا پێشەواو چەند کەسێکی وەك ئەو ئازاو دەخۆڕادیوو بوون پاشەکشەیان بە باقرۆف لە بۆچوونی خۆی بە دژی کوردان کردو هیچ کات قسە ناحیسابیەکانی ئەویان بە ئایەت نەزانیوە و قەبوڵیان نەکردوە.

با ئەو ڕاستی‌یەش بڵێین کە ئەوە تەنیا باقرۆف یا سۆڤیەت نەبوو کە ئاوای بەسەر کوردستان و ئازەربایجان هێنا و دەولەتی بریتانیا و ئەمریکاش لە تەواوی دەورەی شەڕی دووهەمی جیهانی بە تایبەتی دوای کۆتایی شەڕ هەڕەشەی ڕاستەوخۆیان نەهەر لەو دوو حکومەتە میللی‌یە دەکرد بەڵکو هەڕەشەیان لە

سۆڤیەتی شەر لێدراوو شەق و شڕیش کرد کە هەم لەبواری ئابووری و هەم لەبواری نیزامی تووشی قەیرانێکی توندو وەزعێکی زۆر خراپ هاتبوو. دەبێ هەڕەشەی چەکی ئەتۆمیی ئەوکاتی ئەمریکاش کە ئەو بەلایەی بەسەر ژاپۆن هێنا بۆ سۆڤییەتیش دەگۆڕێدابوو لەبیرنەکەین.

**٦. لەژێرنووسی لاپەڕەی ١٢٧دا دەنووسێ: " خۆبەدەستەوەدانی شەهید قازی محمد هەڵەیەکی سیاسی گەورە بوو کە هەرگیز شایەنی ئەوە نەبوو ئەو تێکۆشەرەی کە سەرکردایەتی بزوتنەوەیەکی شۆرشگێڕی بکات نابێ ریزەکانی بەجێ بهێڵێت لە هەموو رەوش و بارودۆخەکاندا."**

راستە قازی محەمەد لەسەر بڕیاری تەواوی بەرپرسانی ئەو کات خۆی بە دەستەوە داوە، بەڵام پێشەوا نەهەر خەڵکەکەی جێ نەهێشت بەڵکوو سەرەڕای ئەوەی دەیزانی دەکوژرێ خەڵکی جێ نەهێشت بە پێچەوانەی ریبەرانی ئازەربایجان کە زۆربەیان بەر لە هاتنەوەی ئەرتەش هەلاتن بۆ سۆڤیەت و خەڵکیان بە قەزاو قەدەر ئەسپارد و بوونە سەبەبی ئەو کارەساتەی کە (١٢-١٠) هەزار کەس لە خەڵك بکوژرێ، پێشەوا بە مانەوەی خۆی نەیهێشت کارەساتێکی ئاوا لە شارەکانی کوردستان رووبداو مەجالی بە عەشیرەتەکانی لایەنگری شاو تالانچی نەدا بێن خەڵك بکوژن و شارەکان بە تایبەتی مەهاباد تالان کەن. بۆ پێشەواش هەموو ئیمکاناتێك هەبوو برواو تەنانەت پێشنیاری بارزانی نەمریشی لەم بوارەدا قبووڵ نەکرد. بەلام بەو قسانەی لە دادگا کردی و هەموو بەرپرسایەتی‌یەکی کۆماری وە ئەستۆی خۆی گرت بۆ هەمیشە لە دڵی خەڵكدا زیندوو مایەوە.

ژنراڵ بارزانیش کە پاش کۆمار ئازایانە شەڕیان کرد تا رێگایەك بۆ دەرباز بوون بدۆزنەوە، هەر بە هاوکاری هێندێك کەس و عەشایری هەڵپەرست کە

پێش لەشکری ئێران کەوتبوون مەجبور بوو خاکی ئێران جێ بهێڵێ بچێتەوە عیراق و لەوێوە قارەمانانە بە شەڕو پاشەکشێ دەگەڵ ٥٠٠ کەس خۆ بگەیێنێتە سۆویەت.

**٧. ل ١٦٢ ـ " دوای جەنگی جیهانی دووهەم بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد گۆڕا بۆ بزوتنەوەیەکی جەماوەریی میللی خاوەن سروشتێکی دێموکراتی... بە تایبەتی دوای دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان ١٩٤٦ و مایەپوچبوونی سەرکردایەتی عەشایەریی و بورجوازی سازشکار."**

حیزبی دیموکراتی کوردستان و کۆماری کوردستان کە بەشێکی دیارو بەرچاو لە بزوتنەوەی رزگاری‌خوازی کوردن دوای کۆتایی شەڕی دووهەمی جیهانی پێك هاتن و زۆریش جەماوەری و میللی بوون و هەتا ئێستاش سەرەڕای ئەو هەموو قسە زل و قەلەمیانەی کە بە ناوی مارکسیەت و مائۆئیەت و چینی زەحمەتکێش کردوومانە نەمانتوانیوە شتێکی وەك کۆماری کوردستان ساز کەینەوە. کۆماری کوردستان و حیزبی دیموکراتی بەدیهێنەری کۆماری کوردستانیش مایەپووچ نەبوون و لە قەدەر خۆیان خزمەتیان کردوە و نەتەنیا خەباتی بێ پسانەوەیان درێژەی هەبووە و هەیە بەڵکوو بە شکست و سەرکەوتن و ئەزموونە چاك و خراپەکانەوە ئیلهام دەر و ڕێنوێن و یاریدەدەری زۆر کەسی دیکەش بوون.

هەموومان پاش ئەو تەمەنە درێژەی دە خەبات و مەیداندا بووین بۆمان دەرکەوتوە کە نە هەر لە شۆڕشی کورداندا بەڵکوو لە زۆر شۆرشی خەلکانی دیکەی دنیاش سەرکەوتن و سەر نەکەوتن، چوونە پێش و پاشەکشە دێتە گۆڕێ گرینگ ئەوەیە ڕێگاکە ڕێبواری هەبێ و خەبات نەوەستێ. ئاخریەکەی ئەگەر بە

ئاکامی دڵخۆازیش نەگا لە ئامانج نیزێك دەبێتەوە و ڕۆژێك پێی دەگا و ئەگەر خەونیش بێ وەدی دێ.

**٨ ل ١٦٧ " نیوەڕاستی پاراگرافی ٢ ( هەشتەم) بەڵام بە هۆی بایەخی تایبەتی ناوچەی ستراتژی کوردستان و سامانە نەوتیەکانەوە و بەهۆی ئەوەی کە کوردستان کەوتۆتە ژێر دەسەڵاتی سێ حکومەتەوە لەخۆرهەڵاتی ناوەراستدا ئەوا سەرکەوتنی بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کورد دەبێتە هۆی رووخانی ڕێژیمە کۆنەپەرەستەکان لە گرینگترین ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەراستداو...."**

باسی سێ دەوڵەتی داگیرکەر دەکا، ئەدی بۆ چوار نین، کام لەوانە تا ئێستاشی دەگەڵ بێ کە ٢١ ساڵ بەسەر راپەڕینی کورد لە باشووردا تێدەپەڕێ مافی کوردیان داوە و ددانیان بە رەوا بوونی ئەو مافە داهێناوە؟ بێ گومان فەرامۆش کردن و پشت گوێ خستنی هەر کام لەو بەشانە بە هەر هۆیەکەوە نە هەر خزمەت بە کورد ناکا بەڵکوو بەخشینی بێ ئەم لاو ئەولای ئەو بەشە لە کوردستانەو لە سەر کورد گران دەکەوێ. رەنگە ئەو مەتڵەبە کاتێك نووسرابێ کە سوریە هاوکاری یەکیەتی دەکرد! بەڵام کوردستان چوار پارچە کراوە و داگیرکەران تا ئێستاش چوار دەوڵەتن.

هیچ بەڵگەیەکیش ئەوە ناسەلمێنێ کە لەبەر ئەوەی نەفتمان هەیە دەتوانین دیکتاتۆرەکان بروخێنین. لە زەمانی شۆرشی ئەیلوولدا ئەو کات کە لە بەندیخانەی دژی برازجان لە باشووری ئێران بووم لە ڕۆژنامەی کەیهان یان ئیتلاعاتدا وتوێژێکی مام جەلالم خوێندەوە کە بە حەق کوتبووی " نەفتی کەرکووك بۆ ئێمەی کورد بەڵایە و بۆیەش تا ئێستا نەفتخوازانی دنیا نەیانهشێتووە ئێمە بە مافی خۆمان بگەین."

**٩. ل ٢٤٤ " لەژێر کاریگەری ئارەزووی ئەوەی کۆمەکی کرداری لە یەکیەتی سۆڤیەت بە دەست بخرێت کۆمەلەکە لە خوالێ خۆشبوو قازی محەمەد نیزیك بۆوە و ویستی بە دەستی بهێنێت، سەرەڕای نارەزایەتی دەستەیەکی هۆشیار لە سەرکردایەتی ژ-ك کە دەرکیان بەوە کردبوو قازی بە هۆی ئەو دەسەڵات و قەڵەمرەوەیەوە کە هەیەتی زاڵ دەبێت بەسەر کۆمەڵەکەو بەسەرکردایەتیە میللیەکەیدا کە پێگەو ماڵ و ناوەندی کۆمەڵایەتی بەرزیان نەبوو بەڵکوو دەستەیەکی نیشتمانی و هەڵقوڵاوی ناو جەماوەری میللی بوون."**

ئەوەتا دوای ٢٢ ساڵ تێپەڕین لە راپەڕینی گەلی کورد کە بوو بە مایەی رزگاری هەموو عێراق لە دەست بەعس و سەدام، جەنابی مالکی تەنانەت بە پێی یاسای نوێی عێراقیش مافی کورد ناسەلمێنێ و ناهێڵێ شاری کەرکووکی کوردان و زۆر شوێنی دابڕاوی دیکەی کوردستان بکەوێتەوە سەر هەرێم و مادەی ١٤٠ بەڕێوە نابا و دژایەتی دەگەڵ دەرچوونی نەوت لە کوردستان دەکا. جارێ بە ناشکوری نەبێ هەر چوار دەورەمان کۆنە پەرەست و دیکتاتۆر دایان گرتووە و ئەگەر بە خاتری مەسلەحەتی خۆیان نەبێ ناهێڵن هەواش هەڵمژین. ئەوە مالیکی مووچەو معاشی کارمەندو کارگێڕانیشی بڕی و بەشە بودجەش قووت دەدا و دەفەوتێنێ.

**١٠. لە لاپەڕی ٢٤٥دا شوکر بۆخوا مام جەلال تۆمەتی خۆسەپاندن بەسەر ژ-ك و حیزبدا رەت دەکاتەوە و دەنووسێ: " کۆبوونەوەکە ڕەزامەندی دەربڕی لەسەر پێشنیارەکانی قازی محەمەد بۆ بوونی ژ-ك بە حیزبی دیموکراتی کوردستان و قازی محەمەد بوو بە سەرۆکی حیزب."**

لە لاپەڕەی ٢٤٧دا دەنووسێ رەحمانی ئیلخانیزادە وەزیری دەرەوە بووە، ئەوە وانیە و لە بنەڕەتڕا کابینە وەزیری کاروباری دەرەوەی تێدانەبوو. دەکرێ

بڵێین راوێژکار بووە. ئیسماعیل ئیلخانیزادەش وەزیری ڕێگەوبان بووە نە ڕاگەیاندن، سەدیق حەیدەری وەزیری ڕاگەیاندن بووە. لە لاپەڕەی ٢٤٨ ناوی دوو کەسایەتی ئازەری نادروست نووسراوە. ١ـ عەلی شایستەری " عەلی شەبوستەری"یەو "صادق بادگانی" دەبێ سادق پادگانی بێ.

**١١. ٢٥٢ — ٢٥٣ چەند کەس لە شەهیدەکان کەمن.**

لە لاپەڕەی ٢٥٢ و ٢٥٣ ناوی چەند کەس لە شەهیدان نەهاتووە کە بریتین لە: ئەو شەهیدانە لە ڕێکەوتی ١٠ی خاکەلیوەی ١٣٢٦ی هەتاوی لە چوارچرای مەهاباد لە سێدارە دراون بریتی بوون لە:

١. پێشەوا قازی محمد
٢. حەمە حوسێن خانی سەیفی قازی
٣. ئەبولقاسمی سەدری قازی

ئەو شەهیدانەی لەژێرەوە ناویان هاتوە حەووتوویەك دوای شەهید کرانی دەستەی یەکەمی شەهیدەکان لە ڕێکەوتی ١٧ی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٢٦ی هاتاوی لە چوارچرای شاری مەهاباد لە سێدارە دراون:

١. حامید مازوچی
٢. ڕەسووڵ نەغەدەیی
٣. عەبدووڵڵا رۆشەنفکر
٤. محەمەد نازمی

**لەبۆکانیش:**

١. عەلی بەگی شێرزاد

**لە سەقز:**

١. شێخ ئەمین ئەسعەدی

٢. شێخ سەدیق ئەسعەدی

٣. عەلی ئاغای جەوانمەرد

٤. ڕوسووڵ ئاغای مەحموودی

٥. ئەحمەد خانی فاڕوقی "سالار"

٦. عەبدوڵڵا خانی مەتین

٧. محەمەد خانی دانیشوەر

٨. ئەحمەد خانی شەجیعی

٩. عەلی خانی فاتیح

١٠. محەمەد خانی فەیزووڵڵا بەگی

١١. حەسەن خانی فەیزووڵڵا بەگی.

**١٢. ل٢٩٥ " لە واقیعدا بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردی هەر لە جەنگی جیهانی دووهەمەوە دروشمی دەولەتێکی کوردی سەربەخۆی جیا لە عیراقی خستۆتە لاوە و لەبری ئەوەی دروشمی حوکمی زاتی بۆ گەلی کوردی هەڵگرتووە بە چەمکە دیموکراتیەکەی لە چوارچێوەی دەوڵەتی عیراقیدا.**

بە باوەڕی من کۆماری کوردستان کە پاش شەری دووهەمی جیهانی هاتۆتە وجوود بە زۆر دەلیل کە لە ژێرەوە ئاماژەیان پی دەکەم سەربەخۆیی خوازبووە.

١ـ وتاری پێشەواو ئاماژە بە شۆرشەکانی پێشوو لە پارچەکانی دیکەی کوردستان و بە راشکاوی ناوبردنی سەربەستی و سەربەخۆیی لە ڕۆژی ئیعلامی کۆماردا کە لە رۆژنامەی ژمارە ١٠ و ١١ی "کوردستان"ی ئەو سەردەمدا چاپکراوە. هەروەها مانشێتی ڕۆژنامەی کوردستان کە دەنووسێ " جێژنی ئیستقلالی کوردستان".

٢ـ ئیعلامی کۆماری دیموکراتی کوردستان لەو بەشە لە کوردستان لەحاڵێکدا جگە لە ئازەربایجان لە هەموو ولاتەکەدا سیستمی پاشایەتی حاکمە.

٣ـ سەرەوژێر کردنی ئالای ئێران و هەڵگرتنی شیروخورشید و دانانی ئارمی حیزبی دیموکرات لە جێگای ئەو.

٤ـ بەرقەرار کردنی پەیوەندی بازرگانی و سیاسی دەگەڵ دەرەوەی ولات وەك ئازەربایجانی سۆڤیەت و ناراستەوخۆ دەگەڵ مسکۆ.

٥ـ دانانی سوپای میللی جیا لە ئەرتەشی شا و گۆڕینی دەستەواژەکانی نیزامی لە سەربازەوە بۆ پێشمەرگە و تا دوایی.

٦ـ بەشداری کوردانی بەشەکانی دیکەی کوردستان لە سوپاو ئیداراتدا بێ فەرق و جیاوازی بە پێی پێویست.

٧ـ هاوپەیمانی و ڕێككەوتنی رەسمی دەگەڵ حکوومەتی میللی ئازەربایجان.

٨ـ لە هەمووی گرینگتر لە سەرەتاوە ناوی حیزب "حیزبی دیموکراتی کوردستان" بووە و تا زۆر دواتر ئێرانی پێوە نەبووە. ئەوەی راستی بێ زۆر دواتر واتە لە کۆنفرانسی سێدا حیزبی دێموکراتیش دروشمەکەی بوو بە خودماختاری و ناوی ئێرانیشی لێ زیادکرا.

ڕەشەمەی ٢٠١١

# کۆماری کوردستان

بەڕێز کاك حامید گەوهەری لە ساڵی ٢٠١٠دا کتێبێکی لە ژێر سەردێڕی کۆماری کوردستان چاپ کردوە دیارە کاك حامید بە خۆشیەوە لە بواری نووسینو لێکۆڵینەوەدا زۆر بە کارەو بەختەوەرانە شوێنی باشیشی بۆ چاپ کردنی بێ راوەستانی کتێبەکانی پەیدا کردوە، وەك بەشێکی بەرچاو لە نووسراوەو چاپکراوەکانی بەرگێکی کوردی ئەو کتێبەو بەرگێکیشی لە وەرگێڕدراوی فارسی کە لە لایەن کاك حەسەنی ماوەرانی بە رەوانی وەرگێردراوەتەوە بۆ ناردووم و سوپاسی هەردووکیان دەکەمو هیوادارم لە کاری لێکۆڵینەوەو کۆکردنەوەی بەڵگەکان دا هەروا بەردەوام بن.

دیارە لەو کتێبەدا کاك حامید بە حەق وەك سەرچاوە بە زۆریو بە جێ لە رۆژنامەکانی کوردستانی زەمانی کۆمار ئەو پەڕی کەڵکی وەرگرتوەو بۆ ئامادەکردنی ئەم کتێبە زۆری خۆ ماندوو کردوە. من بەش بە حاڵی خۆم لە خوێندنەوەی کەڵکم وەرگرت. بۆ هەموو کوردێك بەتایبەت بۆ خوێندکارانو توێژەران جێگەی ئەوپەڕی بەهرە لێ وەرگرتنە.

بەڵام لە عەینی کاتدا هێندێك تێبینی تایبەتیبشم لە هێندێك شوێنی ئەم کتێبە هەیە کە لە ژێرەوە ئاماژەیان پێ دەکەم.

لە لاپەڕەی ٤٨دا باسی دامەزراندنی ژ ـ ك دەکاو بە "کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان" ناودێری دەکا، هەرچەند وەك نووسەری پێشەکی بۆ کۆبەندی گۆڤاری نیشتمان دەنووسێ: "هەموو لایەك لە سەر ناوی کۆمەڵەی ژێکاف هاوڕاو تەبا نین ژیانەوەی کوردستان، ژیانەوەی کورد، ژیانی کوردو چەندی تریش، ئەم ناوانەی کە مێژوونووسانو لێکۆڵەرەوان پێ یان وایە تەعبیر لە ناوی راستەقینەی

ژێکاف دەکەن. ئێمە لێرە پشت دەبەستین بە لێدوانێکی زەبیحی لە رۆژنامەی "خەبات" ساڵی ١٩٦٠ بە عەرەبی کە لە جوابی ئارچی رۆزڤێلت دا گوتوویەتی: ناوی راستەقینەی ژ ـ ك "کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان بوو."

کاك حامیدیش هەر لەسەر ئەو بنەمایە لە هەموو شوێنێك بە "کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان" ناوی دەبا.

ئەمن پێم وایە ناوی ئەم رێکخراوە "کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد" بوە چونکو کوردستان نەمرد بوو خاكو ئاوو چیاکانو دەشتو دەری هەر لە جێگەی خۆی بوە بەڵام داگیرو دابەش کراوە. ئەوە نەتەوەی کورد بوو وەك خۆی نەمابوو و لە لایەن داگیرکەرانەوە زمان و کولتوورو جلوبەرگی لێ ستێندرا بووە. هۆویەتی نەتەوەیی لێ ئەستێندراوەتەوەو لە زۆر جێگە لە شوێنی خۆشی هەڵقەندراوەو بۆ شوێنگەلی دوور گوێزراونەوە، کوژراون، قەتڵوعام کراونو بەرەو نەمان براون، کەوابوو ئەوە نەتەوەی کورد بوو دەبوو زیندوو بێتەوە، بژێتەوەو بێتەوە سەر خاکی خۆی خاوەنداریەتیی کوردستان بکا. جا لە روانگەی منەوە "کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد" بوە.

من کاتی خۆی قوتابی مەلا عەبدوڵا داودی لە دامەزرێنەرانی ژ ـ ك بووم هەروەها دەگەڵ حوسێن فروهیر(زێرینگەران) کە یەکێك لە دامەزرێنەرانو ماوەیەکیش بەرپرسی یەکەمی ژ ـ ك بوە چەند ساڵ لە بەندا بووم، عەزیز زەندیشم لە تاران ملاقات کردوە ، مەلا قادر مدرسی، قاسم قادری قازیشم لە نزیکەوە دیوەو لەسەر ژ ـ ك پرسیارم لێ کردوون، ئەوانە هەموویان بە "کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد"یان دەناسیو پێم وایە ئەوە دروست ترە. ئەوەش راست نیە کە بڵێین سەرەتای ژ ـ ك لە ساڵی ١٩٣٨ دامەزراوە. رێکخراوی دی بە نهێنی هەبوە بەڵام دامەزرانی ژ ـ ك لە ١٣٢١/٥/٢٥ی هەتاویدا بوەو حاشا هەڵنەگرە. ئەگەر مەبەستیش لە کۆمەڵەی ئازادیخواز یان رزگاریخواز بێ ئەوە

بەرنامەو هەموو شتێکی دەگەڵ کۆمەڵەی ژـ ك جیاوازەو تەنانەت نەفەرەکانیش جگە لە یەك دوو کەس دەگەڵ دامەزرێنەرانی ژ ـ ك نین .

لەلاپەڕەی ١١دا لەو پێشەکیەی کە لە لایەن نەوزاد وەلی دا نووسراوە "کاتێك ستالین لەسەر نەفتی باکووری ئێرانێ دەگەڵ "قوام السلطنه" لەسەر بنەمای ٥١٪ بۆ سۆڤیەتو ٤١٪ بۆ ئێران ڕێکەوت سەرانی کورد دروشمی سەربەستیان لابردو باسی ئێرانی دێموکراتیان هێنایە گۆڕێ" بەڵام هیچ ئاماژەیەك بە سەرچاوەی ئەو هەڵوێستە نەکراوە پێویستە ئەو ڕووداوە زیاتر بە دیاری کردنی سەرچاوەوە ڕوون بکرێتەوە. حیزبی دێموکراتی کوردستان لەسەر بەرنامەی خۆی سوور بوو، بە ڕەسمی لە داوای خۆی پاشگەز نەببوەوە.

لە لاپەڕەی ٧٥دا باسی دامەزراندنی ئەنجوومەنی شار دەکا کە بە سەرۆکایەتی قازی محەممەد بۆ ئیدارەی کاروباری شار پێك هاتوە، لەوێدا ناوی ابراهیم ابراهیمیان (نوجوان) دەکا ئەو کەسە دواتر ناوی فامیلی خۆی گۆڕیبوو ببوو بە لاهوتی ، پیاوێکی خوێندەوار بوو کاری وەکالەتی دەکردو لە ئاخریەکانی عومریدا چوە پاوەو هەر لەوێش فەوتی کرد. یەکی دی لە ئەندامانی ئەنجومەن بە "سید محمد نظامی" (سید پیره) دەناسێنێ. بە باوەڕی من ئەو ناوە درووست نیە. ئەوکات سەید ڕەحیم نیزامی کە گەورەی بنەماڵەو باوکی سەید محەمەد نیزامیو مامی سەید پیره بوە لەم کارانەدا دەستی هەبوو، ئەگەر مەنزووریشی سەید پیره بێ ئەو ناوی خدر بوو.

هەر لەو لاپەڕەدا باسی زیندانی بوونو بەربوونی عەزیز یوسفیو غەنی بلووریان دەکا. حەق وابوو لە ڕەدیفی ئەوانەدا ناوی "حسین فروهر"یش بێ چونکە ئەویش یەکێك لەو کەسانە بوو کە سابیقەی تێکۆشانی بەر لەو دوو کەسە بووە، ماوەیەکیش سەرۆکی کۆمەڵەی (ژ ـ ك) بوەو لە سەر یەك ١٦ ـ١٧ ساڵ زیندانی کێشاوەو زۆریش خۆڕاگرو کورد بوو و هەتا ما تێکۆشاو کۆڵی نەدا. عەزیز یوسفیش ساڵێك بەر لە شۆڕش ئازاد بوو، بەداخەوە ڕاپەڕینی

گەلانی ئێرانو سەرکەوتنی شۆڕشی نەدیو لە جۆزەردانی ساڵی ١٣٥٧ لە تاران فەوتی کرد و یەکەم خۆپیشاندانی کوردان لە رۆژهەلاَت لەو مەرحەلە لە شۆڕشدا لە کاتی ناشتنو سێ رۆژانەی کاك عەزیز یوسفیەوە لە مەهاباد دەستی پێکردو سەریهەڵدا.

لە لاپەڕەی ٨٩دا ریکەوتی گرتنی شەهرەبانی مەهابادی لە لایەن ژ ـ ك ١٣٢٣/١٢/٢٦ نووسیوە، ئەو ریکەوتە دروست نیە، دروستەکەی ١٣٢٣/١١/٢٦یە.

لە لاپەڕەی ١٣٨ لە سەردێڕدا دەنووسێ: "فیرقەی دێموکرات کۆمار دادەمەزرێنێت"، ئازەربایجان "حکومەتی میللی ئازەربایجان"ی دامەزراندو کۆمار نەبوو.

لە لاپەڕەی ١٢٢ باسی یەکەم بەیانیەی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەکا کە ٨ مادده بوەو جەماعەتێك ئیمزایان کردوە. ئەو سەنەدە شتێك نەبوو کە دوکتۆر کەماڵ فوئاد بیهێنێ. ئەو سەندەکەی لە ناو کتێبخانەی پێشەوادا دەرهێنابوو کە لە رێگەی رەوانشاد فەتاح خان سەیفی قازیو عەلی قازی گەیشتبوە باشوورو تەحویلی دوکتۆر کەمال درابوو. بەلاَم لە ساڵەکانی دوای کۆماردا مەمانان بە پێی ئەو بەیاننامە ٨ ماددەیە دەبووینە حیزبیو ئەو سەردەمیش ئەو ئیمزایانەی پێوە بوو.

راستە ئیمزای هێندێك کەس لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی (ژ ـ ك)ی پێوە نیە بەلاَم بەشی هەرەزۆری ئەو کەسانەی کە ئیمزاشیان دیار نیە بەرپرسایەتییان لە کۆماردا هەبوەو زەحمەتیان کێشاوەو هاوکاریان کردوە. بەلاَم هێندێك لەو ناوانەش کە لە لاپەڕە ١٢٥ـ١٢٦دا وەك واژۆکەرانی بەیانییەکە نووسراون هەڵەنو من بەم شێوە ناوە هەڵەکان لە ناو دوو هیلال دا راست دەکەمەوە.

١ـ عەزیز صادقی (عەزیز صدیقی) ٢ـ گەلایی بایزیدی(گولاَوی) ٣ـ تاوانی زەرزا(موسی زەرزا) ٤ـ کامز عەزیزی(هەمزە) ٥ـ قاسم ممتمقی(قاسم وەتەمیشی) ٦ـ رەحیم سەید محەممەد تەقی زادە( سەید محەمەد تەها زادە) ٧ـ حاج رەحیم شیربەگی(حاجی رەحمان).

له لاپەڕەی ١٩٦دا باسی هاویشتنی تۆپ له رۆژی ئیعلامی کۆماردا دەکەن ئەو کات نه تۆپ هەبوو نه تۆپیش تەقێنراوه. بەڵکوو هەموو پێشمەرگەکان به تفەنگ تەقەی خۆشیان کرد.

له رۆژی ئیعلامی کۆماردا پێشەوا جل‌وبەرگی ئاسایی خۆی لەبەردا بوو. ئەوه جێژنی نەورۆزی ساڵی ١٣٢٥ بوو که پێشەوا بۆ هەوەڵ جارو ئاخر جار جل‌وبەرگی فەرمی دەبەر کرد که ئێستا بوه به سمبولی کۆمار.

له لاپەڕەی ٢٠٩ (فارسی)دا روژی ئیعلامی کابینەی کۆمار ١٣٢٤/١/٨ دەنووسێ ئەوه هەڵەیەو رۆژی ١٣٢٤/١١/٨ دروسته.

له لاپەڕەی ٢١٠ (فارسی) بەرپرسایەتی حاجی مستەفا داوودی‌و خەلیل خوسرەوی گۆڕاوه، وەزیری کار خەلیل خوسرەوی، وەزیری بازرگانی حاجی مستەفا بوه.

له لاپەڕەی ٢٣٨و٢٣٩ خەلیل خوسرەوی که وەزیری کار بوه نەنووسراوه، حاجی مستەفا وەك وەزیری کار نووسراوه که وەزیری بازرگانی بووه.

له لاپەڕەی ٣٨٠دا دەنووسێ: "به پێی رێککەوتن نامه واژۆکراوەکەی نێوان دەوڵەتی ئێران‌و نوێنەرانی ئازەربایجان ئەنجومەنی ئەیالەتی ئازەربایجان رۆژی ١٣٢٥/١٠/٢١ دەستی به کار کردو فەرمانی دا که سوپای نەتەوەیی ئازەربایجان‌و فیداییەکان زەنگان به جێهێلن...

ئەو رێکەوتەی سەرەوه درووست نیه چونکو له رێکەوتی ٩/٢١ سوپای ئێران گەیشتۆته تەورێز کەواته دەبێ زووتر له مانگی ٩ ئەو قەراره درابێ، جێگەی خۆیەتی رێکەوتی دروست بدۆزرێتەوەو چاك بکرێ.

له لاپەڕەی ٣٩٥دا دەنووسێ: "پاشەکشەی بارزانییەکان له مەهاباد گەڕانەوەی سوپای ئێران بۆ ئەوێ‌و رووخانی کۆماری کوردستانی بەدواوه بوو" وادەنوێنێ که ئەگەر بارزانیەکان پاشەکشەیان نەکردباو نەڕۆیشتبان کۆمار تێك نەدەچوو.

بە باوەڕی من ئەو بۆچوونە درووست نیە چونکە تەنیا بارزانیەکان نەبوون کە لە جەبهەکاندا چەند مانگ لە بەرامبەر هێرشی دوژمناندا خۆڕاگرانە بەربەرەکانیان دەکرد، خەڵکی دیکەش زۆر بوون بەڵام هەلومەرجی ناوخۆیی بەتایبەتی، ئاڵوگۆڕو مەعامەلاتی نێودەوڵەتیو هەڕەشەی ئامریکاو بەریتانیا لە سۆڤیەت بە تێکڕاو رووخانی حکومەتی میللی ئازەربایجان بەو هەموو ئیمکاناتەوە لە چەكو چۆڵەوە بگرە تا کادری سیاسیو نیزامی کە سۆڤیەت لە ئیختیاری نابوو و هێندێك فاکتەری دیکە هەموویان بە گشتی بوونە هۆی نەمانی کۆماری کوردستان.

٢٠١٢/٣/٢٠

# کورتە مێژووی بنەماڵەی قازی لە ویلایەتی موکری

میرزا خەلیل فەتتاحی قازی کە مرۆیەکی بە ئەزموونی کۆمەڵگای مەهاباد و لە بنەماڵەی قازی‌یەکانە، کتێبێکی لەژێر ناوی " کورتە مێژووی بنەماڵەی قازی لە ویلایەتی موکری" بە فارسی نووسیوە، لە لایەن کاك حەسەن قازی کراوەتە کوردی و چاپی یەکەمی لە ساڵی ٢٠٠٩ لە هەولێر بە ژمارەی ٢٧٤ی هەمان‌سال چاپکراوە.

ئەو کتێبە مێژوویەکی هەرە نیزێك لە راستی‌یەکانی ئەو بنەماڵە ناوبەدەرەوە بەرێزەیە و لە بنەرەتڕا هێناویەتی و هەوڵی داوە لە سەر بنەچەکەو کەسایەتی‌یەکانیان بدوێ و زۆر جێگەی سرنجەو گەلێك بە کەڵکەو هەم لە وتوویژەکانم لەسەر تلویزیونەکان و هەم لە دانیشتن دەگەڵ دۆستان کوتومە ئەگەر دەتانەوێ زانیاریی تەواوتان لەسەر بنەماڵە و رەچەڵەکی بنەماڵەی قازی هەبێ پیویستە ئەو کتێبە بخوێننەوە.

بێ گومان ئەو کتێبەش لە هێندێك شوێن‌دا هەڵەی تێدایە کە دەبێ راست کرێتەوە. هێندێك لەو هەلانە لە خوێندنەوەی‌دا بەرچاوی منیش کەوتوون کە حەز دەکەم بۆ روون کردنەوەی خوێنەڕان باسیان بکەم.

لە لاپەڕەی ١٢٧دا دەنووسێ: " دوای دامەزرانی کۆماری مەهاباد حەمەڕەشیدخان گوێڕایەلی لە قازی محەمەد کرد هاوکاری لەگەڵ کرد و لە لایەن قازی محەمەدەوە پلەی ژەنەڕالی درایەو هێندێك چەکیشی درایە بەڵام نێوبراو دوای وەرگرتنی چەکەکان گەراوە عێراق و کەمترین هاوکاریشی لەگەڵ قازی محەمەد نەکرد."

لێرەدا ناتەبایەکی زەق دەکەوێتە بەرچاو. لە پێش‌دا وەبیر دێنمەوە کە کۆماری کوردستان بوو نە کۆماری مەهاباد، پایتەختی کۆمار مەهاباد بوو. لە لایەك دەلی

گوێڕایەڵی لێ کرد و لە لایەکی دیکە دەڵێ کەمترین هاوکاری نەکرد. جگە لەوەش بە پێی ئەو بەڵگانەی کە بەدەستەوەن و بەشێکیان لە کتێبی " دەوڵەتی کۆماری کوردستان و بەڵگەکان" نووسینی خوالێخۆشبوو مەحمود مەلا عیزەتدا هاتوون و حاشا هەڵنەگرە کە حەمە ڕەشید خان فەرماندەیی گشتی بەرەی سەقزی لە لایەن کۆمارەوە پێ ئەسپێردراوەو لەو پەیوەندیەدا چەند یاداشت و نووسراوە هەیە و لە نامەیەکدا کە بۆ پێشەوای نووسیوە دەڵێ: " ئێمە هێزمان هەیە و دەتوانین سەقز بگرین و بەرەو پیش تا سنە برۆین و ئەو ناوە لە هێزی دوژمن پاك کەینەوە." پێشەوا لە وڵامدا بۆی نووسیوەتەوە: "هەل و مەرجی ناو دەوڵەتی جارێ ئەو ئیجازەمان پێ نادا دەنا منیش بە قەدرا ئێوە حەزدەکەم ئەو کارە بکرێ."

جگە لەوانەش لەو قارەمانەتی‌یەی کە پێشمەرگەکان بە فەرماندەری میرحاج، مستەفا خۆشناو، رەئیس بەکر و وەهاب ئاغا هەر لەوبەرەیەی شەڕ نواندیان و زۆریان لە دوژمن کوشت و ١٢٠ دیلیان لە دوژمنی هیرشگەر گرت و پاشەکشەیان پێ کردن حەمە ڕەشیدخان بە نامەیەك کە لە ڕێکەوتی ١٢،٢،١٣٢٥ بۆ پێشەوای نووسیوە شانازی بەو فەرماندانەوە کردوە و داوای دەستخۆشی لێ کردن و تەشویقیان بۆ دەکا.[٣]

راستە حەمە رەشید خان دوای تێکچوون و لاواز بوونی ئەرتەش و بەر لە کۆمار لە بانەو سەقز هێندێك پەلاماری خەلکی داوە و زیانی گەیاندوە، بەڵام کە بە خۆی و چەند سەت سوار هاتە مەهاباد و بەیعەتی بە کۆمار کرد و شانازی وەرگرتنی دەرەجەی ژینەراڵی پێ درا، وەك دڵسۆزێکی کۆمار کاری کرد.

کاتێك وتووێژ دەستی پێ کرد و لە کۆبوونەوەی حەمامیان دەگەڵ سەرتیپ هومایونی رێك کەوتن کرا و گومان لەوەدا نەما کە بەرەکانی شەر چۆل

---

[٣]. دەوڵەتی کۆماری کوردستان، نووسینی محمودی مەلا عیزەت. ـ قازی محمد و جمهوری کوردستان در آینە اسناد، لاپەڕەکانی ٢٠٢، ٢٠٣ نووسینی بێهزاد خۆشحاڵی.

دەکرێن حەمەرەشید خان وەك زۆر لە عیراقیەکان گەڕاوەتەوە و ئەگەر چەکەکانیشی نەبردبا وەدەست حکومەتی ئێرانێ دەکەوتن. هەروەك دوایە کە هاتنەوە کوردستان دستیان بە سەر هەموو ئیمکاناتی حیزبی دیموکرات و کۆماری کوردستان داگرت و نەیانهێشت کەس کەلکی لێوەرگرێ و بە میراتی کۆمار شاد بوون.

هەر لە لاپەڕەی ١٢٧دا نووسەر لە دێڕی ٣ لە ئاخرڕا نووسیویەتی " قازی محەمەد کە لە سەفەری پاییزی ١٣٢٣ی تاران گەڕاوە دیتی کە دەستەیەك لات و لووت پەلاماری شارەبانیان داوە، چەند پاسەوانیان کوشتوە و دەرك و پەنجەرەی شارەبانیان دەرهێناوە و شکاندویانن."

بێ گومان ئەوە روانگەی نووسەری کتێبە نە روانگەی قازی محەمەد. ئەو کارەش بە بڕیاری کۆمەڵەی ژ-ك و بە دوای قسە کردنی عەزیز خانی کرمانج و حوسێنی فروهر لە هەیوانی خانەقای نیهرێ بۆ خەڵك ئەنجام دراو نەتەنیا لات و لووت نەبوون بەڵکوو ئەندامی فیدا کاری ژ-ك بوون و ئێستاش وەك هەڵگرتنی ئاخرین پێگەی حکوومەتی ئەو کاتی پەهلەوی لە مەهاباد بە شانازی دەژمێردرێ و لەو پێناوەدا کەسێکیش بە ناوی عبداله مینە خاڵند شەهید بوو کە ئێستا وەك یەکەم شەهیدی ژ-ك و حیزبی دیموکرات دیتە ئەژمار. بە دوای خرکرانەوەی ئەو دوایین پێگەش لە لایەن (ژ-ك)ەوە هێزێك بە ناوی سپای میللی دامەزرا کە دواتر بوو بە هێزی پیشمەرگەی کوردستان.

ئەو رستەی لە سەرەوە لە لایەن "خەلیل فەتتاحی قازی"یەوە هاتووە لە چەشنی ئەو رستانەیە کە ئەوکات قەرەنی ئاغای مامەش لە لایەك و فەرمانداری میاندوئاو لە راپۆرتی خۆیاندا بۆ وەزیری ناوخۆی ئێرانیان ناردوە و هێرشکەران بۆ سەر شارەوانی واتە ئیدارەی پۆلیسی مەهاباد بە لات و لووت و ئەشرار ناو دەبەن.

لە لاپەڕەی ١٣٠دا لە ئاخری پاراگرافی ٣ دەنووسێ خانووی "فەتتاحی سولتانیان"یان بۆ مەلا مستەفا بەکری گرت.

ئەو خانوە لە ئاخر مانگەکانی کۆماردا بۆ ماڵە مەلا مستەفا بە کرێ گیرا کە پێشتر مەدرەسەی پەهلەوی دوایەش ببوو مەدرەسەی کوردستان. بەڵام ماڵە مەلا مستەفا و شێخ سلیمان یەکەم مەنزڵیان لە مەهاباد خانوویەکی گەورەی ئێمە بوو لە گەڕەکی قووڵەقەبران کە هەر لە پەنای ماڵەکەی خۆمان هەڵکەوتبوو[٤]. زۆر دواتر ماڵە مەلا مستەفای چوونە ئەو خانوەی سولتانیان.

لە پاراگرافی ٢ی لاپەڕی ١٣٤دا لە پەیوەندی دەگەڵ دژایەتی ئازەربایجانی و رووسەکان سەبارەت بە پێك هاتنی حاکمیەتی کوردان لە نێو خۆی کوردستان‌دا دەنووسێ " قازی محەمەد بڕیار دەدا خۆ بکوژێ"

ئەو مەسەلە راست نی‌یە چونکو پیشەوا مرۆیەکی بەهێزوو خاوەن ئیرادە و مەنتق و ئەهلی دیالۆگ بووە. هەر ئیستدلال و پێداگری ئەویش بوو کە توانی حەقانیەتی مافی کورد بە ئەوان بسەلمێنێ و کۆماری کوردستان ئیعلان بکا. پێشەوا کە دوای ئەو نەکسە ترسناکەی بەسەر کۆماردا هات. بریاری خۆکوشتنی نەدا. چۆن لە بەرانبەر موخالەفەتی ئازەربایجانی‌یەکان‌دا بریاری داوە خۆ بکوژێ!

لە لاپەڕەی ١٣٥ چەند هەڵەی تێدا. ١ـ لە ٢٦ی سەرماوەزی ١٣٢٤دا کۆمەڵە نەماوە و بۆتە حیزبی دیموکراتی کوردستان کە نووسەر هەر بە حیسابی "ژـك"ی گرتووە. ٢ـ ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەزی ١٣٢٤ ئاڵای سێ ڕەنگی کوردستان بە ئارمی ئەو کاتی حیزبی دیموکراتی کوردستان واتە دوو گوڵە گەنم و قەڵەم و تیشکی خۆر بە شیوەی رەسمی و شکۆیەکی تەواو هەڵدراوە و ئێستا ئەو رۆژە لە لایەن حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە ڕۆژی ئاڵاو لە لایەن حیزبی دیموکراتیشەوە بە ڕۆژی پیشمەرگەی کوردستان دیاری کراوە. ٣ـ لەو

[٤]. بەر لەوەی ماڵە مەلا مستەفا و شێخ سلیمان بێنە دەو خانووەوە، یەکەم مەدرەسەی کوردی شەوانەی تێدا دامەزرابوو کە ئێمە شەوانە لەوێ کوردیمان دەخوێند و ڕۆژانە دەچووینە مەدرەسەی حکومەتی و بە فارسی دەمان خوێند. بۆ ئەوەی ماڵە مەلا مستەفا جێگایان هەبێ، مەدرەسەی شەوانە گوێزراوە بۆ خاونوویەکی سەید عەولای سەید تەهای لە سەرەتای هەشت میتری ئێستا.

ڕێکەوتەدا هێشتا کۆمار ئیعلام نەکراوە تا کابینەکەی لە لایەن پیشەواوە بناسێندرێ. ٤ـ کۆماری کوردستان لە ٢ی ڕیبەندانی ساڵی ١٣٢٤ ئیعلام دەکرێ و کابینەی کۆماریش لە ڕێکەوتی ١٣٢٤/١١/٨ دەناسێندرێ.

لە لاپەڕەی ١٣٦دا باسی ناساندنی دە کەس خائین دەکا کە هەر لەو ڕۆژەدا ناسێندراون. ناساندنی ئەوانە لە ڕۆژی ئیعلامی کۆماردا بووە کە دەبێتە ٢ی ڕیبەندانی ١٣٢٤.

لەسەر یەك لەو بەشەدا نووسەر ڕێکەوتەکانی لێ گۆڕاوە و ڕۆژی هەڵکرانی ئاڵا و ٢ی ڕیبەندانی واتە ڕۆژی ئیعلامی کۆماری کوردستانی لێ شێواوە و ڕووداوەکانی تێکەڵ پێکەڵ کردوە.

ل ١٣٩ باسی محەمەد تۆفیق وردی دەکا و وەك جاسوس دەیناسێنی. لە حالێکدا محەمەد تۆفیق وردی یەکێك لەو مامۆستا و کوردە دڵسۆزانەی خەڵکی کۆیە بوو، قەلەمێکی زۆر باشی هەبوو، لە چاپخانەش کاری نەدەکرد بەڵکوو نووسراوو مقالەو مەتڵەبی بۆ ئامادە دەکردن و بۆی دەبردن. ئەو تۆمەتە نارەوایە لەوەی سەرچاوە گرتووە کە مامۆستا وردی دەگەڵ حەمە حسین خان کیشەیەکی هەبوو، ئەویش ئەوە بوو کە ڕەخنەی گرتبوو. بەڵام حەمە حسین خان بۆخۆی قەت ئەو باوەرەی نەبووە کە وردی یا هەرکام لە کوردە دڵسۆز و نیشتمانپەروەرەکانی خەڵکی باشوور جاسووس و پیاو خراپ بووبن. دیارە کاك حەسەنی قازی وەرگێری کوردی ئەو کتێبەش لە حاشیەدا ئەو تۆمەتەی ڕەدکردۆتەوە کە لە وردی دراوە.

ل١٤٠ نووسەر وا دەنوێنێ کە حیزبی دیموکراتی کوردستان دوای ژ-ك بەرەو لائیك بوون دەچێ. بەڵی لە حیزبی دیموکراتدا دینی کەس قەدەغە ناکری و تەبلیغاتیش بۆ ئائین ناکرێ. دەلیل لەوەی ڕوونتر کاتێك پێشەوای ئەو حیزبە کە دەبێتە سەرۆك کۆمار سوێند بە قورئان دەخوا. ئەویش کە دەڵێ ڕووسەکان دەستیان لەوکارەدا هەبوو بێ حورمەتی‌یە بەرانبەر بە ڕێبەرانی کۆمەڵە و حیزبی

دیموکرات و خودی پێشەوا. هەر ئەوان بوون توانیان لەو هەل و مەرجە سەخت و دژوارەدا و لە گێژاوی ناکۆکی هاوپەیمانان و دژایەتی ڕووس و ئازەریەکان دەگەڵ کورد بوونی کۆماری کوردستان مستوگەر کەن. هیچ مەلاو شێخی کوردی دڵسۆزی خاوەن شەرەف جگە لە یەك دوو کەس کۆنە پەرەست و مالکی زۆردار و شا پەرەست پشتیان لە حیزبی دیموکرات و کۆمار نەکرد. لە دوایەش‌دا تەنانەت ئەو دە کەسەی بە خائینیش ناسێندرابوون زۆر بەیان بوونەوە هەواداری کۆمار. بەڵام داخەکەم کورد لە کۆنەوە کوتوویەتی " کەس ڕەفیقی تێشکاوی نی‌یە."

ل ١٤٢ لە خەتەکانی دوایی‌دا دەڵێ: " دێبوکرییەکان لە وتوێژی نەهێنیدا بە مەلا مستەفایان کوتبوو قازی محەمەد مەلای ئاینیە و بە کاری سەرپەرستی و سەرۆکایەتی کۆماری کوردستان نایە بە باوەڕی من ڕەنگە چەند کەسێك وایان کوتبێ کە تەنیا لە فکری جێگەو پێگەی خۆیان‌دا بوون. مەرجیش نی‌یە هەموو دێبوکریەکان وایان بیر کردبێتەوە.

ل١٤٦ کۆماری کوردستان بە "حکومەتی خودموختاری کوردستان" ناو دەبا. ڕاستە بەرنامەی حیزبی دیموکراتی کوردستان باسی خودموختاری دەکا، بەڵام لە هیچ شوێنی دنیا نەدیتراوە لە وڵاتێکی کە بە سیستمی پاشایەتی بەرێوە دەچێ حکومەتێکی کۆماری لە بەشێك لەو وڵاتە ئێعلام بکرێ و هەر وەها زۆر تایبەتمەندی دیکەی کۆماری کوردستان بەرەو سەربەخۆیی خوازی دەچوو و هەر سەربەخۆش بوو. بەڵام بارودۆخ یار نەبوو، سەبارەت بە سات و سەودای سیاسی و ئابووری زلهێزەکان لێ‌یان تێك‌داین. وەزعەکە جۆرێك بوو کە کەس خۆی لە ئازەربایجان و کوردستان نەکردە خاوەن. بروانە هەر ئێستا ئەمریکا بە تایبەت لە عێراق ئەوەی دووپات کردۆتەوە و ناتۆ و بە تایبەت ئەمریکا دوای ئەو هەموو تەلەفاتە گیانی و ماڵی‌یەی کە لە عێراق داویەتی، لە ئەفغانستانیش

دووبارەی دەکاتەوە و گورگان خوار دوویان دەکا و خەریکە عێراق بە ئێران و شیعەکان و ئەفغانستانیش بە تالەبان و ئەلقاعیدە دەسپێرێ.

ل١٦١ لە پاراگرافی یەکەمدا باسی کەسێك دەکا کە خێرخواز بوو و دەگەڵ وەفدێك سەفەری کردوو بۆ لای شا لە تاران گۆیا دەڵێ: " قازییەکان پیاوی چاك بوون داوا لە شا بکەین لێیان ببورێ." دەنووسێ کە خەلعەت بەری بووە بەڵام سجیلەکەی لەبیر چۆتەوە. بە باوەڕی من ئەو کەسە هەمان " ئەرسەلان خەلعەت بەری"یە کە ماوەیەکی زۆر وەزیر بووە و نێوی خراپی لەسەر نەبووە.

ل١٧٧ ڕێکەوتی گەیشتنی بارزانیەکان بە شەڕ و پاشەکشە دەباتەوە بۆ مانگی پووشپەڕی ساڵی ١٣٢٦ و بوونە بە پەنابەری سیاسی لە سۆڤیەت.

ئەو ڕێکەوتە ڕاست نییە. بارزانیەکان لە ڕێکەوتی١٧ و ١٨ی جۆزەردانی ١٣٢٦هەتاوی بەرامبەر بە حوزەیرانی ١٩٤٧، لە چۆمی ئاراز پەڕینەوە و گەیشتنە خاکی سۆڤیەت.

هەر لەو لاپەڕەدا لە پاراگرافی ٣ دەڵێ: " کودتای عبدالکریم قاسم لە عێراق ١٣٥٨ـە بەڵام ڕۆژەکەی نەنووسیوە، ئەو ڕێکەوتە ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ـە کە ئێستاش هەموو ساڵێ لە عێراق وەك جێژن حیساب دەکرێ و پشووی ڕەسمیو سەرتاسەرییە.

بە لەبەر چاوگرتنی ئەوەی کە مێژووی بوونی ئەو بنەماڵە لە موکریان لە چوار سەت ساڵ زیاترە و ڕوایەتی جۆراوجۆر هەیە و کتێبێك لە ساڵی ٢٠٠٩ بە قەڵەمی میرزا خەلیل فەتتاحی قازی و پێداچوونەوەی لە لایەن کاك قادری کوڕپیەوە کراوە کە لە بیستەکاندا هاوکلاس و دۆستی نزیکم بوو، دوایە خوێندنی درێژە داو بوو بە مامۆستای زانکۆ. ئەو کتێبە لە لایەن حەسەنی قازی کراوەتە کوردی و لە هەولێر چاپ بووە، زانیارێکی زۆری تیدایەو دەوڵەمەندە هێندێك دەگەڵ شەجەرەنامەکەی ئەم لاپەڕە جیاوازی هەیە. من هیوادارم خاوەن قەلەم و خوێندەواران و لێکۆڵەرەوانی بنەماڵەی قازی کە شوکور زۆریشن

هەوڵبدەن هەئیەتێك پێك بینن بە موتاڵای هەموو ئەو بەڵگەو نووسراوانەی چاپ کراون یان چاپ نەکراون لە سەری ساغ بنەوە و مێژوویەکی تەواوی لەسەر بنووسن. ئەگەر وانەکەن لە داهاتوودا ئەو مێژووە پڕ شانازی‌یە دەشێوێندرێ.

گەلاوێژی ٢٠١٢

# پشکۆیەك لە خۆڵەمێشدا

لە ساڵی ٢٠١٠دا کتێبێك بەو ناوەی سەرەوە لە سوئید چاپو بڵاو بۆتەوە کە هاوڕێیەك بە دیاری بۆی هێنامو چونکو بەشێکی گرینگ لە ژیاننامەی تێکۆشەرو سەرکردەی ناسراوی کورد مامۆستا هۆمەر شێخ مووس بوو، لە یەکەم هەلدا کە بۆم رەخسا خوێندمەوەو زۆرم کەڵكو چێژ لێ وەرگرت بەتایبەتی ئەو ئارشیوو بەڵگەو وێنانەی کە لە دوای وتوویژەکەدا کە ئێستا بۆتە ئەو کتێبە بەنرخە هێناویەتی جێگەی هیوایە، بەڵکوو خەڵکی دیکەش فێر بێو بایخ بدەن بە ئارشیوو راگرتنی ئەو بەڵگە زێرینانەی کە هەرکام لاپەڕەیەکی خەباتو بەرخۆدانی رێگەی رزگاری گەلو نیشتمانن‌و نەهێڵن ئەو شتە بەنرخانە ون بن چونکو پاراستنیان بۆ مێژوو پێویستە.

وێڕای دەستخۆشی لە رێزدار مامۆستا هۆمەرو کاك نەوزاد عەلی کە وتوویژەکەی دەگەڵ کردوە، هێندێك مەتڵەبی سەبارەت بە حیزبی دێموکرات تێدایە کە پێویست دەزانم روونیان بکەمەوە.

لە لاپەڕەی ١٩٦دا بە خەتی درشت وەك سەردێڕ نووسیویەتی: "من لە سیاسەتی دووفاقی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران تێ ناگەم." پرسیار دەکاو لە کاك هۆمەر دەپرسێ:

"هەر لەو کاتەدا کە ئێوە هێزی پشتیوانتان نارد هێزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە چەند ناوچەیەکی ئازەربایجانی رۆژئاوادا رووبەڕووی چەند شکستێکی گەورە لە بەرانبەر هێزەکانی پارتی دێموکراتی کوردستانی عێراق بە هاوکاری هێزەکانی جمهوری ئیسلامی ئێران بوونەوە! بەڵام ئەوان ئێستاش پارتی دێموکراتی کوردستانی عێراق بە دۆستی خۆیان دەزانن نەك یەکیەتی نیشتمانی کوردستان؟"

پرسیارەکەی کاك نەوزاد لە جێگەی خۆی دایەو زەختو فشاری شەڕی پارتیش لەو شوێنەی کە باسی کردوە راستەو هەردوولاشمان زیانمان بە قازانجی دوژمنی هاوبەش وێکەوتو ئەو کارە دوور لە ئینساف بوو، ئەو ناوچەیەش ئازەربایجان نیەو کوردستانە. رەنگە هەموو ئەو ناوچانەی ئەو شەڕە ناڕەوایەی تێدا بوو ١٠٠ کەسی ئازەری تێدا نەبێ.

مامۆستا هەژار گوتەنی: "ماڵ لە خانە خوێ حەرام کراوە مەسەلی کوردەو لە کورد رووی داوە"

بەڵام ئەگەر ئەو رستەیەی لە سەردێڕەکەدا بە خەتی درشت هاتوە ولامی پرسیارکەر (نەوزاد عەلی) با رەنگ بوو گلەیی نەکەم کەچی بەداخەوە لە ولامەکەدا دەردەکەوێ ئەوە قسەی کاك هۆمەری بەڕێزە کە زۆر زیاتر لە نەوزاد عەلی شارەزای پێوەندییەکانی حیزبی ئێمەو یەکیەتی نیشتمانی کوردستانە.

راستە ماوەی چەند ساڵێك لەسەر ئەم وەزعەی یەخەی کوردی گرتو بوو بە شەڕمانو شەڕیش کۆتایی هات بەڵام یەکترمان بایکوت کردبوو. دەبێ بزانین لە سیاسەتدا نە ئاشتیو نە دوژمنایەتی زەمانەت ناکرێ، دەبێ ئەو شتانە لە جێگایەك کۆتایی پێ بێ. کورد گوتەنی "خوێن بە خوێن ناشۆرێتەوە" دەیان جار لە ناو کورددا ئەوانە روویان داوە.

ئێمە وەك حیزبی دێموکرات هەوڵمان داوە دەگەڵ هێزە کوردستانیەکان بە تێکڕا دۆست بین چونکو ئەوەی لە دۆستایەتی پەیدا دەبێ هیچ کات بە شەڕ پێك نایە. من هیچ کات هەستم بەوە نەکردوە لە بەینی ئەو دوو هێزەدا زیاتر لایەنگری پارتی بووبین، زەمانێکیش بوو بەڕێز مام جەلال بەتایبەتی کە هاوڕێیانمان بەر لە ٧٩ لە عێراق بوون ددانی خێری بە حیزبی دێموکراتدا نەدەهێناو هەوڵیدا کۆمەڵەش سازکاو بیکاتە ئالترناتیو. بەڵام ئێمە لەو کاتەوە یەکیەتی دامەزراوە بە هێزێکی رەسەنو هەڵقولاوی ناو ئاخی کوردستانمان زانیوەو بە ئاشکراو بە نەهێنی پەیوەندیمان دەگەڵیدا هەبوەو ئەوی لە بەرژەوەندی

گەڵدا بـووبێ كردوومـانەو درێخیشـمان نەكـردوە، بەتـایبەتی ئەو پێوەنـدیە دوای نـاردنی هێـزی پشـتیوان زۆر بەهێزتـر بـوە. بە نیسـبەت پـارتی دێمـوكراتی كوردستانیش ئەو ئیحترامەی پێویست بوە بۆیان قائیل بووین‌و حەزیـش دەكەیـن هاوكاریمان دەگەڵ پارتیش‌و یەكیەتیش زیاترو خۆشتر بێ چونكو گومان لەوەدا نـیە نیزیكـی هێزەكـان لەیەكتـر زەمیـنەی سـەركەوتن‌و گەیشـتن بە ئامـانجی نەتەوەییمان زیاتر دەكا.

ئێستا كە لە لاپەڕەی ١٩٨دا باسـی وتـووێژی سـاڵی ١٩٨٣ ـ١٩٨٤ی یەكیەتـی نیشتمانی‌و حیزبی بەعس هاتە گۆڕێ دەبێ بڵێم ئەو مەسـەلە ریشـەكەی بـۆ سـێ چوار ساڵ پێشتر لە ڕێكەوتی سەرەوە دەگەڕێتەوەو داستانێكی تایبەت هەیە كە لە ژێرەوە بۆ خوێنەرانی بەڕێزی دەگێڕمەوە:

هـاوینی سـاڵی ١٣٥٩ی هەتـاوی لەسـەر پێشـنیاری مـن بـۆ ئەوەی زۆر لە خەڵكەكەمان دوور نەكەوینەوە لەو پلینۆمەی كە لە داغە گرتمان قەرار درا چەند تیم لە ئەندامانی ڕێبەری حیزب پێك بێ هەر تیمەی بەرەو لایەك بڕوا بۆ كاری تەشكیلاتی‌و تەبلیغاتی لە نێو خەڵك دا.

من بۆ باكوور دیاری كـرام‌و دوای ئەوەی لە ڕێورەسـمی ٢٥ی گەلاوێـژ لە شاری مەهاباد بەشداریم كـردو وتـاری دەفـتەری سیاسـیش مـن پێشكەشـم كـرد بەرەو پیرانشار وەڕێ كەوتم‌و لەوێڕا بۆ شنۆ، تەرگەوەرو مەرگەوەر، بـۆ گەلـی بەردەڕەش‌و سۆماو برادۆست‌و شپیران‌و قوتورو ناوچەكـانی مـیلان‌و جەلالـی‌و تـا سەر چۆمی ئاراس چووم. لە زۆر شوێنی دوورو چەپەك دەیانگوت لەوەتـی مەلا مستەفا بێرەدا تێپەڕیوە هیچ كەس نەهاتوە كوردایەتیمان بیربخاتەوە.

ئەو سەفەرە زیاتر لە دوو مانگی خایانـد. كاتێـك گەڕامەوەو ڕاپـۆرتی كـاری خۆمم پێشكەش بە دەفتەری سیاسی‌و پلینۆمی كۆمیتەی ناوەندی كـرد زۆر ڕازی بوون چونكو ئێمە كە تیمەكەمان بریتی بـوو لە: مەلا حەسـەن شیوەسـەڵی، تـاهیر عەلیار، ئەبوبەكری هیدایەتی، سەرهەنگ ڕەبیعی، عەولا سـوور، سـەید عیـزەت‌و

چەند پێشمەرگە یەك، تا سۆماو برادۆست پەروین خـانم حەسەنخاڵیشـمان دەگەڵ بوو. لە شوێنێك دە کەمین کەوتین‌و موعجزە ئاسـا نەجاتمـان بـوو جـارێکیش لە گوندی بارمەقەی نزیك ماکۆ لە ماله حاجی عـەولای بـاوکی حەسـەن پشـوومان دەدا کە هێلیکۆپتەرمان هاتە سەرو... بەڵام هەر ناوچەیەك کە دەچـووین کلاسـی سیاسی‌و نیزامیمان بۆ هاوڕێیان دادەنا، دیار بوو بە گشـتی لە راپۆرتەکەمـان رازی بوون.

بەر لە گەڕانەوەی ئێمە لەو سەفەرە قەرار درابوو دوکتـور قاسـملوو سـەفەری بەغدا بکاو بەرپرسانی حکومەتی‌و سەددامیش ببینێ. پێشنیاری کردبـوو بـۆ یەکەم جار منیش دەگەڵ خۆی بەرێ.

مـن بەر لەو سـەفەرە لە شـەڕی سـێ مانگـەی سـاڵی ١٣٥٨دا وەك بەرپرسـی تەشکیلاتی گشتی سـەفەرێکی نیـوە قاچـاغم بە قەڵادزێ‌و سـلێمانیدا کردبـوو تـا نەوسودو... چوبـووم بەڵام دیـارە لە سـەفەری نەهێنیـدا ئەو جـۆرەی کە پێویسـتە مرۆڤ وڵات نابینێ.

لەو سەفەرەدا کە دەگەڵ دوکتور کردمان بە ئاشکراو بە تەشـریفاتی رەسـمی بوو، توانیم پڕ بە چاوان لەو ناوچە سنووریەی شێنی تا قەڵادزێ بـڕوانم کە دیـار بوو زەمانێك زۆر لێرەوارێکی جـوان‌و زۆر ئـاوەدان بـووە. مـن کە بە سـووتاوی دیتم زۆر بەپەرۆش بووم کە ئەو نیشتمانە جوانەمان بۆ دەبێ ئاوای لـێ بـێ ببێـتە زەوی سووتاو بێ گیاو گوڵ‌و ئاوو ئاوەدانی.

لە قەڵادزێڕا چووینە کەرکـووك‌و لەوێڕا بە تەشـریفات بردیانینـە بەغـدا. لە بەغــدا مــاڵ‌و بنکەیەکمــان هەبــوو یەك دوو رۆژ دۆســتانی کــورد لە لایەك‌و بەرپرسانی حکومەتیش دەهـاتن بـۆ سـەردانمان. بە پێـی ئەو قەرارەی کە خۆیـان دابوویان رۆژێك لە ماڵی حیزبڕا ئێمەیان بردە ناوەندی موخابەرات کە ئەوکات بارزانی برای سەددام لێی بەرپرس بـوو. ئێمەیـان لە هـۆدێکی گەورە دانـاو پـاش چارەگە سەعاتێك سەددام حسێن وەژوور کەوت. یەکەم جار و ئـاخر جـار بـوو

چاوم پێی دەکەوت‌و بە پێی ڕەسمی عەرەبان بە گەرمی بەخێرهاتنی کردین. کاك دوکتور، من‌و کاك سەلیم بابان زادە کە ئەوکات لە بەغدا بەرپرس بوو هەروەها مەلا ڕەحمانی کاژیی پێ ناساند. دوای چاك‌و خۆشی دەست بە قسان کرا، دیارە دوکتور قاسملوو وتەبێژی سەرەکی بوو دەستی بە قسان کردو ئەوەی سەبارەت بە وەزعی حیزب‌و دیفاع‌و چلۆنایەتی وەزعی ڕێژیم‌و هێرشەکانی پێویست بوو باسی کردو هەموو وەردەگێڕدراو سەددامیش سەری بۆ رادەوەشاندو جار جار بە پرسیارێك روون کردنەوەی زیاتری دەویست. ئەو باسانە نزیکەی سێ چارەگە سەعاتی کێشاو مونشیەکەی دەینووسی. دوای کۆتایی مەسەلە حیزبییەکان منیش داوام کرد چەند قسەیەك بکەم کە ئیزن درام گوتم: وێدەچێ کە قسەکانی من زۆر جێگای ڕەزامەندیتان نەبێ بەڵام دەیانکەم. سەددام گوتی: "فەرموو." جێگەی من لە دەستی راستی سەددام بوو، دوکتوریش دەناساندنمدا زیاتر لەوەی پێویست بوو گەورەی کردبوومەوە.

رووم وەرگێڕا بۆ لای سەددام بە رەوشتی خۆیان گوتم: سیدالرئیس، یەکەم جارە من بەم شێوەیە بۆ چاوپێکەوتنی جەنابت دەگەڵ کاك دوکتور سنوورم بەزاندوەو هاتوومەتە ئێرە. کە لە سنوور تێپەڕیم ناوچەیەکم دی کە دیارە زەمانێك ئاوەدان‌و سەرسەوزو شوێنێکی باسەفا بووە کە ئێوە بە بەشێك لە "شمال الحبیب" ناودێرتان کردوە. بەڵام سەد مەخابن ئێستا نە کەس لێی دەژی‌و نە دارودارستانی لێ ماوە، بە باوەڕی من زۆر حەیفە! بۆ هەوڵنادەن ئاوەدانی بکەنەوەو وەك رابردوو بیتەوە "شمال الحبیب"ی جاران؟

یا باشیان بۆ وەرنەگێڕا یان باش حاڵی نەبوو چەند پرسیارێکی وردی کرد دوایە کە حاڵی بوو بە چ ناوچەیەکدا هاتووم و مەبەستم کوێیە گوتی: بە برادەرە موخەڕیبەکانتان بڵێن با بێنەوە تا چی دی وڵات وێران نەبێ!

منیش زانیم مەنزووری چیە بەڵام گوتم: برادەرەکانی من کێن ئەوەتا دوکتور قاسملوو برادەری من !

گوتی: نا ئەو برادەرانەی ئەولاتان جلالو ئیدریسو مەسعود
گوتم: جا ئەوان برادەری جەنابتن دەبێ ئێوە ڕازیان بکەن کە بێنەوە.
گوتی: ئاخر ڕازی نابن کەس نازانێ چیان دەوێ
گوتم: قابیلە کەس نەزانێ چیان دەوێ، خۆ شێت نەبوون چوونە ئەو شاخو داخەو ژیانیان لە خۆیان حەرام کردوە بێ گومان داخوازیەکانیان دیارنو هەر بە جەنابیشت جێ بە جێ دەبن وابکە ئەوانیش بە گەڕانەوەی سەربەرزانە ڕازی بنو بە تێکڕا ئەو وڵاتە بکەنە بەهەشتەکەی جاران.

کە ئەوەم گوت پێکەنی، دەستی لەسەر شانی چەپم داناو ڕووی تێکردمو گوتی: ئەوەش کاتی دێو جێ بە جێ دەبێ بەڵام زەمانیشی پێویستە.

هەموو ئەو ماوەی کە من ئاوا قسەم دەگەڵ سەددامی دەکرد دوکتور بە ناڕاحەتی تەماشای دەکردمو پێی وابوو نەدەبوو من ئەو قسانە بکەم. کاتێك مەجلیسەکە تەواو بوو سەددام بە ڕووخۆشی ماڵئاوایی کردو ئێمەش هاتینە خوار بڕۆین دوکتور زۆر بە تووڕەیی گوتی :

ئەرێ ئەو باسە چ بوو داتمەزراند، کوا ئەوە جێگای ئەو قسانە بوو ئەویش دەگەڵ سەددام حسێن؟ وڵامم داوە خۆ من نەهاتووم هەر تەماشاچی بم ئەو مەسەلەش زۆر گرینگەو دەبێ دوای کەوینو بێ گومان سەددامیش پێی ناخۆش نەبوو، گومانم نیە لە داهاتوودا دێتە سەر ئەو باوەڕە هەر لە ڕێگەی حیزبی ئێمەوە داوا بکا دەگەڵیان دانیشێو خێریشی پێوە دەبێ.

ئەوە سەرچاوەی کانیەکە بوو، پاشان گەیشتە جێگایەك کە لە ڕێگەی سکرتێری حیزبی ئێمەوە سەددام دەگەڵیان دانیشتو ئەوەندە لە یەك نیزیك بوونەوە کە لە بەهاری ١٩٨٤ کە من لە پاریس وەك بەرپرسی دەرەوەی وڵات ئەرکی حیزبیم بەڕێوە دەبرد دوکتور قاسملوو لە بەغداڕا تەلەفۆنی بۆ کردمو

فەرمووی دەبێ لە فکری پێکهێنانی زەمینەی گرتنی جێژنێکی گەورەو بەشکۆدا بین، چونکو رێکەوتنەکە گەیشتۆتە ئەنجامێکی باش‌و لەبار.

چەند مانگێ دواتر کە گەڕامەوە کوردستان لە دەوەری مەرگەولەو لای کانی توو بە خزمەت مام جەلال گەیشتم فەرمووی: "ئەوەندە چووبووینە پێش گەیشتبوە مەرحەلەی واژۆکردن بەڵام بەداخەوە زەختی دەوڵەتی تورکیا لەسەر عێراق تێکی دایەوە."

کاك نەوزاد لە لاپەڕەی ١٩٧دا لە کاك هۆمەر دەپرسێ بۆ ناردنی هێزی پشتیوان بۆ یارمەتی حیزب لە دژی ئێران جۆرێك مەرحەبایی رێژیمی بەعس لە یەکیەتی تێدا نەبوو؟

هەرچەند بەعس ئاگاداری ئەو قەرارادە نەبوو بەڵام بێ گومان ئەو هاوکاریێیان پێ خۆشبوە، چونکو لە قەدیمەوە کوتویانەدوژمنی دوژمنەکەم دۆستمە.

ئەو رێکەوتنەی حیزب دەگەڵ یەکیەتی لە دیدارێکی مام جەلال‌و دوکتور قاسملوو لە گوندی مەزرای سوێسنایەتی سەردەشت سەری گرت کە نووسەری ئەو دێڕانەش وەك ئەندامی دەفتەری سیاسی حیزب ئامادەی بووم دوایە هاوڕێیانی دیکەی دەفتەری سیاسی هاتنە ناو مەسەلەکەوە.

بە باوەڕی من تا یەکیەتی نیشتمانی بە ناردنی هێزی پشتیوان‌و دانی ٢٢ شەهیدو زۆر پێشمەرگەی بریندار توانای خۆی بە جمهوری ئیسلامی نیشان نەدا، رێژیمی ئێران پەیوەندی‌و عەلاقەیەکی ئەوتۆی دەگەڵ یەکیەتی نەبوو، بەشداری لەو شەڕەدا توانای هیزی یەکیەتی بە رێژیم سەلماندو دواتر پەیوەندی توندو تۆڵیان دامەزراند کە تا ئێستاش بەردەوامە.

لە لاپەڕی **٢٦٥**دا باسی کۆبوونەوەی سێ سنوور لە ساڵی **١٩٤٥** دێتە گۆڕێ. ناوی دوو کەس لەوێدا بە هەڵە هاتووە یەکیان "قاسم قادری قـازی"یە کە ئەو بە عوسمان قادری ناوی بردوەو بە نـوێنەری کوردسـتانی ئێـران لەو کۆبـوونەوەیەدا ناسراوە. ئەوی دیکەیان نوێنەری کوردی عێراقە کە بە شـێخ عەبـدوڵای زینـوێی ناو دەبا ئەویش ناوی راستی "عوبەیدیلا"یە .

زستانی ٢٠١٢

# سەربردەی ژیانم

بەڕێز مـەلا ڕەسـوول پێشـنماز لـە سـاڵی ٢٠١٢ی زائینـی و ٢٧١٢ی کـوردیدا کتێبێکی لەژێر سەردێڕی " سەربردەی ژیانم" بـە ژمـارە ٤٤ی بنکـەی ڕۆشـنبیری شەهید و ژمارە سپاردنی ١٩٧٢ی بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتی‌یەکان لـە ٦٢٣ لاپەڕەدا چاپ و بڵاو کردۆتەوە و بـە وتـەی نووسـەر، مامۆسـتایان بـەختیار عەلی، سوارە قەڵادزەیی و ناسر ڕەزازی پێی‌داچوونەوە و هەڵە بڕیان کردوە. بـێ گومان ئەو سـێ بـەڕێزە زەحمـەتی زۆریـان کێشـاوەو دەسـتخەتەکەیان بـۆ چـاك کردوە بەڵام بۆخۆی حەوسـەلەی نـەبووە دوای تایـپ کـردن پێیـدا بچێتـەوە، لـە ئاکامدا هەڵەیەکی زۆری چاپی تێکەوتووە کە بەراستی حەوسەلەی خوێنەر دەباو ماندووی دەکا. هیوادارم لە چاپدانەوەی ئەو بەرگەو بەرگی دووهەمیشی هێندێك بە بەرپرسایەتی‌یەوە بەر لە چاپدان پێیدا بچێتەوە و بە پوخت و پاراوی چاپی بکا.

سەرەرای ئەوەش لـە ڕوانگـەی منـەوە هێنـدێك هەڵـەی زۆر زەق و بـەرچاوی سیاسی لە ڕووداوەکاندا هێناوە کە پێویستە روون کرێنەوە بۆ ئەوەی خوێنـەر لـە راستی‌یەکان حاڵی بێ و وەك خۆی بیان بینێ.

وێڕای دەستخۆشی لێ کردن لەو بـرا بـەڕێزو هاوخەباتـە دڵسـۆزەم پێـی دەڵـێم ئەرێ کانی مام قەمبەران لەکوێ و کانی مام قەنۆیان لە کوێ؟ فەتاحی کاوان لە کوێ و فەتاحی کاویان لە کوێ؟ و هتد....

دیارە ئەو کتێبەی کە بەدیاری بۆت ناردووم خوێندمـەوە لـە زۆر شـوێن هەڵـە چاپی‌یەکانم نیشانە کردوە، ئەگەر وازت لێ بێ دەتوانی کەلکی لێ وەرگری.

نووسەر لە لاپەڕە ٦٤و ٦٥دا باسی گیرانی من " جەلیل گادانی" لە مانگی ئوت واتە گەلاوێژی ساڵی ١٩٥٩ی زائینی دەکا کە تا ئەو دەم کادری نەهێنی حیـزب بووم و لە دەرەوەی مەهاباد و باقی شارەکانی سەردەشت و بۆکان و پیرانشارو....

تێکۆشانم هەبوو. ئێستا دەزانم بۆ ڕفاندنی من و ڕزگار کردنم جێبەجێ نەبوو. ماشاالله ئەوانەی قەرار بوە وەك مەلا ڕەسووڵ باس دەکا ئەمن ڕزگار کەن یەك لە یەك لەسەرخۆترو کەمتەرخەمتر بوون. نە کەس لە دەرێڕا کاك حەسەنی دیوە و نە ئەمن بە مەلا رەسووڵ کە دەرەجەدار بووەو لە پیرانشار خزمەتی کردوە رزگار دەکرام. ئەو پرۆژە ئەگەر بە خەیاڵیش دارێژرابێ هیچ کات عەمەلی نەکرا.

من کە ١٩٥٨/٨/١٧ واتە ١٣٣٨/٥/٢٧ی هەتاوی گیرام تا هەژدە ڕۆژ کەس نەیدەناسیمەوە، ناوم کەریمو ناوبانگم ئەمینی بوو، بە یارمەتی رەحمەتی حسین فەقێ زادە کە کوێخا سجیل و هاورێی حیزبیمان بوو ئەو سجیلە کۆنەم پەیدا کردبوو کە دواتر بە هیمەتی برایانی ئیدارەی سجیلی ئەوکاتی مەهابادێ بۆیان تازە کردبوومەوەو لە زۆر شوێن فریام کەوتبوو.

لەو بەینەدا کە لە بەندیخانەی سەربازخانەی مەهاباد بووم توانیم لەڕێگەی دەرەجەدارێکی شەریف و وەفاداری حیزبی کە ئازەری بوو، پیشتر دەمناسی و دەیناسیم و ماڵی ئێمەشی دەزانی و ئەوپەری مایەی لەگیانی خۆی دانا وایکرد دەگەڵ یەك دوو کەس لە ئەندامانی بنەماڵە زۆر بە نهێنی ملاقات بکەم و پێیانم گوت بچن بۆ لای کاك غەنی بلووریان بەڵکوو ڕێگایەك بدۆزنەوە بەدانی برە پارەیەك ڕزگارم کەن و من لێرە وەك مرۆیەکی دێهاتی هەژاری نەخوێندەوارم و بە ناوی کەریم گیراوم و تا ئێرە کەس نامناسێ، ڕەنگە بەدانی بەرتیل بتوانن ڕزگارم کەن.

هەرچەند کاکم ئامادە ببوو نیوەی پارەکە بدا بەڵام کاك غەنی کە ئەو کات خەریکی کاسبی بوو باقیەکەی جێ بە جێ نەکردبوو. دەنا بەراحتی ڕزگار دەبووم و نەدەکەوتە ئەو کاناڵەش کە وەك مەلا ڕەسووڵ نووسیویەتی "شیردا بۆ دایە پیردا، دایە پیر کلکە قوڵەم وێدا." لە دواییدا دوو ناجوانمێری خۆ فرۆش

رەحمان مدرسی و رەحمان شمسی برهان منیان لە ستادی سپا چاوپێکەوت هەر بەو مەبەستە تایبەتی‌یەش هێنابوویانن، ناسیانمەوەو ئاشکرایان کردم.

جگە لەوەش سمایلی قاسملوو کە مەلا ڕەسوو دەنووسێ دوای جەلیل گیرا! حەوت هەشت مانگ زووتر لە من واتە لە زستانی ١٣٣٧ گیرابوو، هەر ئەودەم وەك سەرەهەنگ مدرسی دوای ئاشکرابوونم باسی کرد فی سبیل‌الله و خۆ بەخشانە هەرچی لە هەر شوێنێك زانیبووی کوتبووی و ئاشکرای کردبوو. هاشمی جەلالیش حەوتوێك دوای گیرانی من کارێکی دوور لە عەقڵ و مەنتقی کردبوو، بە ئەندامانی حیزبی کوتبوو ماشێنی ئاغای گوندی قەدیم ئاور تێبەردەن و ئەوانیش ئەو کارەیان کردبوو. لەو پێناوەدا هاشمیش گیرابوو هێنایانە پاسدارخانەی پادگانی مەهاباد. بەڵام لەوێ کارێکی وامان نەکرد بزانن ئێمە یەکتر دەناسین.

جا ئەوەی کە کوتوویانە " عەجەم کەروێشکی بە عارەبەی دەگرێ" تەواو راستە. ڕێژیم لە دوای گرتنی سمایلی قاسملوو، چوار مانگ دوای گیرانی من و هاشمی جەلالی هەر خەریکی موتالای چلۆنایەتی گرتنی خەڵك بوون. لە پاییزی ١٣٥٨ هاشم و سمایلی قاسملوویان لە بەندیخانەی ساواکی تەورێزڕا بۆ ناسینەوەی خەڵك بردەوە مەهابادو لە یەك شەودا عالەمیان لە هەموو شوێنی کوردستان گرتن و هێنایانن بۆ تەورێز و لەوێڕا دووبارە لێ پرسینەوەو ئەشکەنجەو... دەستی پێ کردەوە و هێندێکمان حوکمی ئیعدامیشمان بەسەردا سەپاو دواتر بە ئاڵ و گۆڕی وەزعی سیاسی ئێران لە ئێعدام ڕزگار بووین.

ئەو شەش حەوت مانگەی دوای گرتنی سمایلی قاسملوو هاورێیانی تاران و بەرپرسانی مەهاباد بەتایبەتی کاك غەنی کە ئەو کات لەوێ بەرپرسی یەکەم بووە بە قسە خۆشەکانی ساواکیەکان باوەریان کردوەو بە ئێمەیان دەکوت سمایل وەك شێر راوەستاوە، کەچی هەر لە ڕۆژی یەکەم کە لە بانەڕا بردبوویانە مەهاباد دۆڕابوو، چونکو بازڕەسی تەشکیلاتیش بووە و هەموو شوێنێك چووبوو هەرچی

لە هەر شوێنێك زانیبووی ئاشکرای کردبوو. پاشانیش کە من و کاك عەزیز یوسفی لە تەورێز بۆ ماوەیەکی کورتی نیو کاتژمێری دەگەڵی بووین تا ئەو دەم هەر دوو کەس بە ناوەکانی دوکتور عەلی مەولەوی و رەحمەت شەریعەتی لە تاران گیرا بوون لێی پاڕاینەوە و داوامان لێ کرد حاشا لە وتەکانی بکا بە قسەی نەکردین و دەیکوت " لە داخی رەحمان و عبداڵە کە مەبەستی دوکتور قاسملوو و سید عبداله ئیسحاقی بوو بە ئانقەست ئیعترافم کردوەو هیچم نەپاراستووە و تازەش حاشای لێ ناکەم" لە ئاکامدا نیزیکەی ٢٠٠کەس گیران و دوای ئەشکەنجەو ئازار لە بەندیخانەکانی تەورێز و قزڵ قەڵا، زیندانی دێژبانی تاران و قەسرێ قاجار لە تاران کراین.

ئەو برادەرە دەرەجەدارەی مەلا ڕەسووڵ باسی دەکا ئەگەر مەنزوری حسینی روستەمپور بێ قەت باسی رفاندن و شتی ئاوای دەگەڵ من نەکردوە. بەڵام سوپاسی ئەو دەکەم کە بە جۆرێك لە کونی دەرگاکەوە وێرای ئەحواڵم بپرسێ. بە تایبەتی سوپاسی سەرکار جەعفەری تەورێزی دەکەم کە لە شەوی کێشکی ئەفسەر نیگەهبانی خۆیدا بەو پەڕی فیداکاری‌یەوە ملاقاتی بۆ من پێك هێناو بۆخۆی بە ماشێنەکەی حکوومەت چوبووە ماڵی ئێمە کە ساڵانی پێشتر لە کۆبوونەوەی حیزبی دەگەڵ چەند دەرەجەدار و ئەفسەری فیرقەو حیزبی توودە لەوێ کۆبوونەوەیان کردبوو° دایکم و... هێنابوو بۆ ملاقاتم کە ئەمن توانیم راسپاردەکانی خۆمی پێدا بنێرم.

لێرەدا پێویستە ئەوە بیربخەمەوە کە کاك غەنی بلووریان باوەری بە یەکێك لەو ساواکیانەی لەسەرەوە ناوم بردوون، کردبوو، خواهەڵناگرێ نە تەنیا پێشتر گیرانی سمایلی قاسملوو و ئێعترافاتەکەی لێ شاردبوەوە و فریوی دابوو، باوەڕی بە

°. ئەو کات تێکەڵاوی فیرقەو حیزبی تودە دەگەڵ حیزبی دیموکرات هاوکاریان بە یەکەوە ئەوەندە بەهێز بوو کە ئەندامی ئێمە لە لای ئەوان دەیانتوانی لە تەورێزو تاران دەگەڵ هی ئەوان و بەپێچەوانە هی ئەوان دەگەڵ هی ئێمە کۆبوونەوە بکەن.

ڕەفیقەکانی وەك کاك ڕەشەی قاچاغچی و ئەوانیش نەکردبوو. ئەوان پێیان کوتبوو ئەو هەموو ساواکی و ژاندارمە بە خۆرایی دەشاری مەهاباد نەڕژاوە با خۆبشارینەوەو هەڵێین، بەڵام نەهەر گوێی نەدابوونێ بەڵکوو کە گیرابووش بەوپەڕی بێ ئینسافی بە خەڵکی کوتبوو جەلیل بە گرتنی داوین! ئەوەشی بۆ داپۆشینی کەم کاری خۆی لەمەڕ من بڵاوو کردبۆوە بۆ ئەوەی کەم کاری خۆی سەبارەت بە ڕزگار بوونی من داپۆشێ. دەنا ئەمن لە ژیانمدا تا شەری سێ مانگە کە کۆماری ئیسلامی شەڕی پێ فرۆشتین، ڕاستەوخۆ کاری حیزبیم دەگەڵ ئەو نەکردبوو.

مـن هـیچ کـات ئـەو بـێ ئینسـافی‌یەی ئـەوم وەدڵ نـەگرت لـە بەندیخانـەش حورمەتم دەگرت و دوای نۆساڵ و نیوانیش کە ئازاد بووم زۆرم هەوڵدەدا ئەو و کاك عەزیزیش ڕزگار کرێن و دەچوومە ملاقاتیشیان و تا لە مەهابادیش بووم بە حوکمی وەزیفە سەردانی ماڵ و منداڵ و کەس و کاریانم دەکرد لەبەر بوونیشی‌دا ئەوی من بۆ ئەوم کرد کەس بۆی نەکردوە و لە چەکوسڵەواکی و ئاڵمانیش سەرم دەداو لە ناشتنەکەشی‌دا لە گۆڕستانی ڕۆژهەڵات لە هەولێر لە لایەن حیزبەوە من و کاك عومەر باڵەکی و کاك سمایل بازیار بەشدار بووین و من وەك نوێنەری حیزب قسەی باشم لەسەر کرد.

لە لاپەڕەی ١٣٢دا دەنووسێ "هەتا ئێمەش ئەو کۆمەڵە یەکگرتووە نەهاتبووینە عێراق نەیانوێرابوو خۆیان لە ئەحمەد تۆفیق نیزیك بکەنەوە و ڕەخنەی لێبگرن" من پێم وایە بۆچوونی کاك ئەحمەد تۆفیق لەو کاتدا لەبواری جیهانبینی و دیپلۆماسی‌یەوە زۆر لە هی ئێوە درووستتر بووە، چونکوو هەم رابردووی سیاسی هەم مەعلوومات و خوێندەواری و ئەزموونی زۆر لە ئێوە زیاتر و باشتر بووە. ڕەخنە لە جێگەی خۆی بەڵام خواهەڵناگرێ ئێوەش زۆرهەڵەشە و خراپ بوون، ئەوانەی دەگەڵیشتان بوون وەك کاك حسینی مەدەنی، مامەند قازی،

جەحفەر کەریمی و سمایل نمەشیری و زۆری دیکە دوایە خۆیان تەحویل دایەوەو تا سەرکەوتنی ڕاپەڕینی گەلانی ئێران جیکەشیان نەهات.

لە لاپەڕەی ١٣٣دا لەژێر ناوی " دوو شەهیدی لەبیرکراو" باسی ئەحمەد تۆفیقت کردوە و بەراستی سفەتە باشەکانت هەموو نووسیوە کە لێرەدا کورتەیەك لە نووسراوەکەی تۆ وەك خۆی دێنم و لە جێی خۆیدایە کە دەنووسی "ئەحمەد تۆفیق مرۆیەکی ئازاو نەترس و ماندوویی نەناس بوو، لەباری ماڵیەوە پیاوێکی دەست پاك و لەبەرانبەر داگیرکەرانی کوردستان و چەوسێنەران و ستەمکاران و دوژمنانی گەلی کورددا بە هەڵوێست و جیددی بوو. کوردێکی کوردستان پەرەست و نیشتیمان پەروەرو کارلێهاتوو بوو، لە قسەکردندا مرۆڤێکی ڕێك و راست و بێ فرۆفێڵ بوو. لە ڕۆژی تەنگانەدا دڵقایم و نەترس و بە جەرگ بوو، مرۆڤی ئازاشی خۆش دەویست ئەگەر لە دژی خۆشی بوایە. رقی لە مرۆوی ترسەنۆك و دووڕوو و بێ ورە بوو. هتد..."

هەموو ئەو نوسراوانەی جەنابت نیشان دەدەن کە ئەحمەد تۆفیق مەردی مەیدان و ئەهلی کردەوە بووە، نەیتوانیوە دەگەڵ مرۆی بێکارەو قسە زل و پڕ ئیدعای بێ عەمەل بگونجێ و دەستی خۆش بێ. یادی ئەو شەهیدە لەبیر کراوانەش بەتایبەت ئەحمەد تۆفیق کە لە ژێر شکەنجەی بەعسدا شەهید کرا بەخێر و ڕەوانیان شاد.

ئاخر لەو بیست کەسەی ناوت هێناون جگە لە چەند کەس کە بریتی بوون لە کاك سلیمان، بۆخۆت، رەستگار، خەلیل شەوباش، سەید فەتتاح، ئەحمەد جەوانمەردی هەموویان لەبەر ناتەبایی بەرپرسان و هێندێك هۆ تەسلیمی حکوومەتی شا نەبوونەوە؟

بەڵام وەك ئاگاداری منیش لەبەرگی یەکەمی پەنجاساڵ خەباتدا بە حەق تا ئەو جێگایەی ئاگادار بووم و هاوکلاس و هاوخەباتیان بووم لەسەر کاك ئەحمەد بە ئیجابی شتم نووسیوەو زۆربەی ئەو سفەتانەی تۆ هێناوتن و لەسەرت باس کردوون منیش هێناومە. بەڵام بە گشتی با ئەوەش بلێم کەس لە ئێمە بەرانبەر بە

یەك خراپتر نییە و قەت ویك هەڵناکەین و هەمیشە گۆنگەڵمان لەبن سەریدایە، خوا رەحم بە نەوەکانی دوارۆژمان بکا، ئێمە بەرەو تەبایی بچین و ئەوانیش زۆر پێکەوە تەباورەبابن!

بە تایبەتی مەلا رەسووی بەڕێز! لە هەموو ئەو کتێبەدا هەر باسی بەدفەڕی و شەڕو لێدان و کوتان لەم و لەو دەکەی و دەردەکەوێ لە ماڵێشدا سەرکێش و توورەو نەحاواوە بووی و دەگەڵ باوکی رەحمەتیشت هەر کێشەت بووە. ئەو دان پێدانانە شتێکی باشە بەڵام ئێستا هێندێك لەسەرەخۆو بە حەوسەلەبە!

لە لاپەڕەی ٢١٤دا باسی کاولانی سەرێ و چل پەنجا قەل دەکەی کە گۆیا بە پووڵی تفەنگی پادگانی مەهابادێ بووی بە خاوەنیان. ئەدی ئەوەت لەبیر چووە باسی بکەی کە جەنابت و دوو کەسی دی وەك خەڵك باسیان دەکرد دوای گرتنی پادگان بەپەلە خانووی جوان و لەبارتان سازکرد کە ئێستاش ئەو گومانە هەر هەیە. زۆر پێویستە ئەو مەوزووعە بەخاتری خۆتان و حیزب روون کەنەوە با چیدی لێرەو لەوێ باس نەکرێ. وابزانم زەمینەکە خاوەن مڵك پێی بەخشیبوون ماڵی سەد جار ئاوەدان بێ.

لە لاپەڕەی ٢٥دا ویڕای کاری پەیوەندی گرتن دەگەڵ خەڵك دەنووسی کە " تەنیا من (مەلا ڕەسووڵ) ئەویش لە ریگەی قاچاغچیانەوە هەروەها کەریم حەداد لە ریگەی گوندی هەرزنێ و... پەیوەندیمان هەبووە!" قوڕبەسەر ئەو حیزبە کە هەر ئەو دوانە پەیوەندیان دەگەڵ خەڵك بۆ بەرقەرا کردبن. لێرەدا زۆر بە توندی هێرش دەکاتە سەر کەریم حیسامی.

برای بەریز بە ڕاشکاوی دەڵێم ئەودەم کە کاك کەریم حیسامی لە ئاخری بیستەکانو سەرەتای سییەکاندا کاری تەشکیلاتی کردوە جەنابیشت و کاك کەریم حەدادیش هەر ئاگاتان لە حیزبایەتی نەبووە. کاری ریکخراوەییش زۆر بە هێزبوو. زۆر جار لە بەغداڕا نامەی نەهەر بۆ کوردستان بەڵکوو بۆ تارانیش

دەنارد. هەروەك بۆخۆت لەو کتێبەدا یەك دووجار نووسیوتە لە نوسیندا ئینساف شتێکی باشەو نابێ ناکۆکی شەخسی تێدا بەکاربێ.

لە لاپەڕەی ٢٥٠و ٢٥١دا باسی هێندێك رووداودەکە دەکەیو دەنووسی: "کەریم حیسامی و مەلا عبداڵە و دوکتور قاسملوو، جەلیل گادانی لە کتێبەکانیاندا باسیان لەو نارنجۆك و تەقینەوە و پەلاماردانانەی ساواك بۆسەر ئێمە نەکردووە." ئەوانی دی نازانم بەڵام من ئەودەم لە عێراق نەبووم و ئاگام لەو شتانە نییە. مەرجیش نییە هەرکەس کتێبی نووسی هەموو شتی لەبیر بێ و لەسیرتا پیواز بێنێتە سەر کاغەز. بەخۆڕایی دڵیشت لەوانە نەهێشێ کە باسی هێندێك بەسەرهات و ئەو شتانەیان نەکردوەو پێویست بە توورە بوون ناکا. وەك دەڵێن لوح المحفوظ، هەر لای خوایە!

لە لاپەڕەی ٢٥٤دا دیسان دێتەوە سەر کەریم حیسامی و دەنووسێ "حیزب لەسەر ئەو شتانە دەری کرد." هەتا ئێستاش هیچ بەڵگەیەکی زیندوو بەدەسەتەوە نییە کە کەریم کاری بۆ **K.G.B** کردبێ، بەڵام چەشنێك حەسادەت بوو. رەحمەتی دوکتور قاسملوو لای من دەیکوت "بۆ ئەوی دەعوەت دەکەن بۆ "سۆچی"[٦] ئەو جێ خۆشە بەلام ویزا نادەن بە من بچم بۆ سۆڤیەت؟"

دیارە ئەوە بە هیچ شێوەیەك دەلیلی ئەوە نییە کە ئەو جاسووسی بۆ کردوون. لە بنەڕەتیشدا بە پێی پیرەو دەرنەکرا و لەنەبوونی خۆیدا ئەو حوکمە دراوە کە ئیخراج کرێ، حوکمەکەش کە لە دەفتەری سیاسیرا هاتە پاریس من بە محمد مەدەنی "کاوە"دا کە بۆ کاری سەلاحی برای لەپاریسڕا دەچووە بولغارستان بۆم نارد.[٧]

لە لاپەڕەی ٢٥٧یشدا دیسان دێتەوە سەر کاك کەریم حیسامی و سەرەڕای ئەوەی جوابە جەنگی کردوە و بە گژیدا هاتووە کاك حەسەن رەستگاریش

---

[٦]. سۆچی شوێنێکی گەشتیاری خۆشی سۆویت بوو.

[٧]. ئەوکات سالی ١٩٨٤ ئەمن لەپاریس بەرپرسی کاروباری دەرەوەی حیزب بووم.

دەکاتە شەریکی ئەو قسەوقسەلۆکانەو تۆمەتی ئەوەی لێدەدا کە مەلا قادری وێردی بە کوشت داوە! بەڵێ زۆر لە مەلا قادرەکان لە پێناو کاری رێکخراوەیی گیراون و کوژراویشن بۆ دەبێ ئاوا بیربکەیتەوە کە کاك کەریم بە کوشتی داوە؟!

یا هەر لەو لاپەڕەدا دەنووسێ "ئێمە مەلا قادرنین بە کوشتمان بدەی." ئەرێ بۆخۆت وەك فەرمانەدە یا بەرپرسی پێشمەرگەکان بووی چەندەها کەس و تەنانەت براکانی خۆشت لەپێناو ئەرکی حیزبیدا شەهید بوون. دەبێ کەس بتوانێ بڵێ مەلا ڕەسووڵ بە کوشتی دان.

لە لاپەڕەی ٢٥٩دا جارێکی دی باسی چەند برادەرێکی دەکا کە کاریان بۆ خۆیان کردوە و پارەیان وەرگرتووە و حیزبیش شتێکی داونێ. دێتەوە سەر کاك کەریم و دەیشێلێ و دەڵێ لە کوێ و کوێ پارەی وەرگرتووە و چی و چی. ئەرێ برای بەڕێز لە هەل و مەرجی ئاوادا کەس بە یارمەتی حیزب دەژی؟ ئەوەنییە ئێستاش هەر حیزبی دیموکرات بە پێشمەرگەی خاوەن خێزان و سەڵت ئیزن دەدا لە مانگێدا چەند ڕۆژ بۆ بەڕێ چوونی خۆیان کار بکەن. ئەدی ئەتۆ بۆ خۆت لە چەند جێ ناڵێی کاسبیم کردوە، ئەدی دادە بەسێ بە کوێرەوەری و زەحمەتی زۆر ئەو منداڵانەی پێ نەگەیاندوە. ئەدی هەر ئێستا بۆخۆت کە کاریش ناکەی چۆن دەژی؟ یارمەتی لە دەروو ژوور وەرناگری؟

بەراستی هێنانە گۆڕی ئەو تۆمەتانە و ئەو وردەشتانە بۆ مرۆوی سیاسی نەشیاوە و هەر ئابڕووی حیزبی پێ دەچێ.

نووسەر لە لاپەڕەی ٣٥٤دا باسی عەزیز یوسفی دەکاو بێ ئەوەی قەت سەعاتێکی دەگەڵی دانیشتبێ بە "کۆنەتوودەیی و قین لە سك" ناویدەبا. ئەرێ کاکی برا هەر ئەو کاك عەزیز یوسفی‌یە نەبوو خۆتان بێ ئەوەی پرسی پێ بکەن ئەو لە بەندیخانەی ٢٥ ساڵیدا و ئێوەش لە بەغدا کردتان بە ئەندامی کومیتەی ناوەندی؟ هەر عەزیز یوسفی نەبوو قارەمانی بەندیخانەو خۆڕاگری بوو، دنیا

هەوڵی ڕزگارکردنی لە بەندیخانە بـۆ دەدا. ئـەرێ میزانـی ورەی پـۆلاینی عـەزیز دەگەڵ دوکتور عەلی مەولەوی زانا بەڵام ترسەنۆك و زۆر جار هاوکاری پۆلیس لە بەندیخانەدا وەك یەك بوو؟ ئەرێ ئەگەر فەرمایشتی جەنابت و هێندێك کەسـی دیکە لەسەر کاك عەزیز راستە بۆ هەوڵتان دەدا بێتە عێراق بۆلاتان. ئەرێ هەر ئەو کـاك عـەزیزە نـەبوو هـەزاران کـەس لـە ناشـتن و پرسـەیدا بەشـدار بـوون، مردنەکەشـێ بـوو بـە هـۆی ڕاپـەڕین و خۆپێشـاندان لـە مـەهاباد و دوایـەش لـە کوردسـتان و ئێـوەش وەك ڕێبـەرانی ئـەو دەمـی حیـزب لـە دەرەوەو لـە عێـراق زۆرتان خۆ پێ هەڵکێشاو تەبلیغاتتان پێوە دەکرد؟ ئەوانەی دەگەڵی لە بەندیخانەدا بوون بە کوردو عەجەمەوە شانازیان بە کەسایەتی و خوێندەواری و بە غیـرەت و کەرامەتی‌یەوە دەکرد. بە چی دوکتور مەولەوی هەڵدەڵێن، قەت جاریك هاتە ناو ڕیزی شۆرش و یارمەتی فیکری یا مادی شۆڕشیدا؟ ئەو دوای ئـازاد بـوونی لـە زیندان بێزاری خۆی لە کوردان دەربڕیبوو و لە ژن و پیاوی کورد تووڕە دەبـوو کە بە جلکی کوردیەوە چووبانە مەتەبەکەی. مـن یەکـەم جـارە ئـەوە دەدرکێـنم دوور خستنەوەی کاك غەنی و کاك عەزیز و خۆم بۆ دژی برازجـان " هەرچەنـد دوکتور بە زاهیر بەرانبەر بە من لـوتفی هـەبوو پێـی وابـوو کـوردێکی دلسـۆز و پاکم" لەویڕا دەزانم.

جاریکیان لەبـەر ئـەوەی مـن لەبەندیخانـەی قەسـر تەنانـەت ئـەودەم کـە لـە ژێـر حوکمی ئێعدامیشدا بووم خەریکی موتاڵاو زمان خوێندن بووم و لە بەنـدیخانەی قەسرێش کلاسم بۆ خویندنی هاورێیان و کوردە کەم سەوادو نەخوێندەوارەکان پێك هێنابوو بەندی ئێمە کوردەکان شلووق بوو. داوام لە دوکتور مەولەوی کـرد کە کارێك بکا بم گوێزێتەوە بۆ بەندی خۆیان کە زۆربەیان ئەهلی موتـاڵا بـوون و جێگایان زۆر لە ئێمە راحەت‌تر بوو کە لە باشترین حاڵەتدا لە بەندی ئێمە کە بە بەندی کوردان ناسرابوو ٤ یا ٥ کەس لە سلولێکی تاکەکەسـیدا دەژیـاین. لـە وڵامی داواکەم دا کوتی: " باشە، بەڵام تۆ دەبێ بچی بۆ لای رەئیسـی زینـدان و

بڵێی ئەو بەندەی ئێمە واتە بەندی کوردەکان هەموو کومونیست و چەپن بۆیە داوادەکەم بمگوێزیەوە بۆ ئەو بەندەی تر" هیچ کات بە فکرمدا نەدەهات کە دوکتور مەولەوی شتی ئاوا بە من بڵێ. کوتم: "دوکتور جا ئەوە قسەیە؟ کێ لەبەندی ئێمە توودەییە، ئێمە هەمووومان بە تاوانی ئەندامەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان گیراوین، ئەو مەلاو ئاغا و کرمانج و کاسبکارانە جگە لە کوردبوون چ تاوانێکی دیکەیان هەیە کە من بە کۆمونیست لە قەڵەمیان دەم و ئاوا بەرەئیسی زیندان بڵێم، حاشا من نایەمە بەندی ئێوە" قەتیش نەچووم و ئەو داوایەشم لەبیر خۆم بردەوە.

ئەوە لەنێو کورداندا بە تایبەتی لەنێو ئەحزابی سیاسی کورددا زۆر عەیبە هەتا کابرا زیندووە یا دەگەڵ خۆیان کار دەکا زۆر تێکۆشەرەو بە شاخ و باڵی هەڵدەڵێن، بەڵام هەرکە سەری نایەوە یا دەگەڵمان نەما هەزار تۆمەتی بۆ ساز دەکەین. بریا ئەو فەرهەنگە خراپە گۆڕاباو توانیبامان دێموکراتی واقعی و مرۆڤی راستەقینە بین.

لە لاپەڕەی ٣٨٢دا دەنووسێ " بە بۆچوونی من بۆ چوون و بینینەکانی دوکتور قاسملوو یەك تۆزقاڵ راستی و پاکیی تێدا نەبوو. برادەرانی دیکەش هەموو چوونە ژێر کاریگەری بۆچوونی دوکتور قاسملوو"

بەڵی دوکتوریش وەك هەموو مرۆیەك هەر ئەوەندەی کاری کردوە و هەوڵی داوە رەنگە هەڵەش دەکارەکانیدا بووبێ چونکوو وەك دەڵێن کەسێك هیچ کات هەڵە ناکا کە هیچ نەکا. بەڵام بەم شێوە کە " یەك تۆزقاڵ دروستی و پاکیتێدا نەبوو، بینینەکانی راست نەبوون" نادروستە. ئەرێ بەراستی ئەگەر لەسەر ئەو رووداوە بە پیچەوانەوە تەنیا بە قازانجی تۆ نەزەریان دابا ئەودەمیش بۆچوونەکانی ئەوت هەر پێ ناڕاست دەبوو؟

لە لاپەڕەی ٤١٣دا دەنووسێ " شەڕی سێ مانگە بە بەرپرسیاری من و لە ئەستۆی مندا مایەوە کە پاشان زۆر بە درێژی ئاماژەی پێدەکەم."

ئەو ئیدعایە بە هیچ شێوەیەك دروست نی‌یەو شەری سێ مانگە لە بەشی زۆری کوردستان هەبوو، بەڵام دەکرێ بفەرمووی ئەمن و هێندێك کەس لە دەوری مەنگوڕایەتی مەهاباد چەقینەوەو خۆراگرانە بەربەرەکانیمان دەکرد. با بزانین دوایە چۆنی باس دەکا.

لە لاپەڕەکانی ٤٣٤ـ ٤٣٣ـ ٤٣٢دا دوای باسێك لەخۆی و سەید ڕەسووڵ دەنووسێ: "بەلام هەتا ئەو کاتە زۆر بێ سەرەوبەرەبوون یەك دوو ڕۆژ چاوەڕوانی هەژار (جاویدفەڕ)مان کرد خۆی دەشاردەوە، دیاربوو خەریکی هێندێك فێڵ و تەڵەکە بوو، پاشان برادەرێك پێی‌وتم جاویدفەڕ ماشێنەکەی دێنێتە بەر دەرگای گورهانەکەی و پاشی ماشینەکەی پڕ دەکا لە ژێ سێی بێ قۆنداغ و ئاگام لێبووە حەوت دانەی تێهاویشتووە، لە پادگان بۆی مات بووم، هەتا هات نەیزانی من لەوێم، بە شێوەی جاران چۆوە گورهانەکەی و خۆی خافڵاند، پاشان چەند تفەنگێکی تێهاویشت کە هات بڕوا چاوی بە من کەوت سپی هەڵگەڕاو..."، زۆر شتی دیکەی لەسەر دەنووسێ و تۆمەتی سەیری وەپاڵ دەدا.

نە من بەڵکوو هاوکارەکانی پێشووشی کە لە پێش گەرانەوەی جەنابت لە گەرمێن‌ڕا بۆ مەهاباد دەستیاندا ئەو کارە گەورەی و پادگانیان تەحویلی حیزبدا هیچیان باوەڕیان بەوە نی‌یە کە جاویدفەڕ (هەژار) بەو هەموو پاکی و ئازایەتی‌و سەداقەتەوە کاری ئاوای کردبێ.

با منیش دوو کورتە چیرۆکتان لەو پێوەندیەدا بۆ باس بکەم.

یەك دوو ڕۆژێك لەگرتنی پادگانی مەهاباد تێپەڕیبوو. دەوری سەعات ١٠ی بەیانی خەڵکێکی زۆر لە پێش پادگان کۆببوونەوە دوای ئەوەی قسەیان بۆ کرا چوونە پێش دەرکی ماڵی مامۆستا شێخ عزالدین کە بەرپرسی شووڕای شار بوو، کوتبوویان "پادگان گیراوە، مەعلووم نی‌یە چی لێ دێ و کێ بەرپرسەو بەشمان دەوێ و..." مامۆستا تەلیفونی کردبوو بۆ پادگان و دەنگی گەیشتە من و

فەرمووی: ئەو خەڵکە حەقیانە داوایان هەیە، ئەوە چکارێك بوو کردتان وانابێ عالەم نیگەرانەو داوای بەش دەکەن کێ بەرپرسەو کێ وڵامیان دەداتەوە؟"

منیش عەرزم کرد مامۆستا گیان ئەوە بە رادیۆ مەهاباد دەڵێم ئامادەگیان هەبێ جەماعەتیش با دوانیوەرۆ نوێنەرەکانیان بنێرن لەوێ قسەیان بۆ دەکەم، با رادیۆ و خەڵکیش ئاگاداربن کە حیزبی دێموکرات بەرپرسایەتی ئەو کارەی وە ئەستۆ گرتووەو وڵامدەریشە. مامۆستا قبووڵی کرد و ئەوەی بە جەماعەت ڕاگەیاندبوو.

دوانیوەڕۆ چوومە ڕادیۆ، جەماعەتێك پەیدا بوون کە هەر کامیان بە ڕواڵەت نوێنەری توێژێك بوون چەند کەس خۆیان بە نوێنەری کرێکاران لەقەڵەمدا بەڵام دەمناسین کوری کێن و خوێندکارن و لە تەورێز دەخوێنن. بەهەر حاڵ گوێم بۆ قسەو داواکانیان گرت و دوایە کوتم: "ئەو حیزبەی ئێمە بەرپرسایەتی کۆمەڵگای لە ئەستۆیەو ئەو کارەشی کردوەو لەدواڕۆژیشدا وڵامدەرەو کەل و پەلی ئەو پادگانەشی بۆ دواڕۆژی ئەو خەڵکە و پاراستنی ئەم نیشتمانە دەوێ. بەشێکی لە تفەنگەکان بۆ پاراستنی ئەمنیەتی شار ناردوە بۆ شووڕا تا پارێزەران لەجیاتی داردەست و گۆپاڵ تفەنگیان پێ بدرێ. بەشێکیشی خەڵك ڕۆژی یەکەم و دووهەم بردویانەو ئەوی دیکەش دەپارێزرێ و حیساب و کتابی دەبێ و حیزب لێی بەرپرسیارە و ئێوە لەو بابەتەوە نیگەران مەبن. هەر بینا حیزب بە ڕەسمی هێزی پێشمەرگەی پیك هێنا. ئێوەش ئەگەر خوازیار بوون ئەو کات دەتوانن ببنە پێشمەرگەو چەك وەرگرن." بەخۆشی‌یەوە ئەوان ڕازی بوون و ڕۆیشتن.

ئەو چاوپێکەوتن و قسانە لە رادیۆی مەهاباد بڵاوکراوە و بۆ ماوەیەك هات و هاوار کۆتایی هات.

من دوای چەند ڕۆژێك گەڕامەوە تاران، بەینێك پێ چووبوو، ڕۆژێك دەوری سەعات ٨ــ ٩ دوکتور قاسملوو زەنگی لێداو دوای چاك و خۆشی فەرمووی: "ئەوە خەریکین شتەکانی پادگانێ ڕادەگوێزین بۆ دەرەوەی شار، کەچی ئەو

ئەفسەرەی برادەرت (ئەحمەد جاویدفەڕ)[٨] بەخۆی و جەماعەتێك بەر دەروازەیان گرتووە و ناهێڵن ئەم شتانە راگوێزین." منیش کوتم: "کاك دوکتور رەنگە ئەو خەلکە لەوە نیگەران بن کە گۆشتت بە پشیلە ئەسپاردبێ، ئەوانەی ئەو کاردە دەکەن دەبێ جێگەی باوەڕی خەڵك بن و خەڵکی بە پاك و راست و دروستیان بناسن. ئەگەر جاویدفەڕت لێ نیزێکە بفەرموو بێتە پای تەلیفون با قسەی دەگەل بکەم"، یەك دوو دەقیقە دواتر کاك ئەحمەدیان ئامادە کرد و پێم گوت: "ئەو کارە حیزبی دێموکرات دەیکاو بۆخۆی دەزانێ دەیباتە کوێ و کەنگێ و چۆنی دەکار دێنێ، ئەو خەڵکەی دڵنیا بکە حیزب هەموو بەرپرسایەتیەکی بە عۆدە دەگرێ و بۆخزمەت بە خەڵکەو بۆ پاراستنی کوردستان."

ئەویش زۆر بە دڵ ئاوالایی قبووڵی کرد و کوتی: "ئێستا کە تۆ وادەڵێی من باوەڕم بە قسەکانت هەیەو ئەوە بە خەڵکەکە دەڵێم بلاوەی کەن."

بە خۆشی‌یەوە دوای یەك دوو ساعەت دوکتور خەبەری پێدامەوە کە گرفتەکە حەل بووە و کارەکە مەیسەر بووە.

بەراستیش جاویدفەڕ لەو ئەفسەرە بە شەرەف و لەو مرۆڤە سادق و کوردپەروەرانە بوو کە هەرچەند لە سەرو بەندی شۆڕش‌دا ببوو بە حیزبی بەلام لەوکاتەوە بە هەموو وجوودەوە بەوپەڕی پاك و خاوێنی حیزبایەتی و پێشمەرگایەتی کرد. هەر بۆیەش لە کۆنگرەی پێنج بوو بە ئەندامی کومیتەی ناوەندی و بەلام زۆری پێ نەچوو بە داخەوە لە ڕێکەوتی ١٣٦٠/٩/٢٢ لە شەڕی جادەی سەردەشت_ بانە شەهید بوو، ئەو مرۆڤە پاك و فیداکارە و ئەو فەرماندە ئازاو بوێرەمان لەدەست چوو.

مەلا رەسوو لە لاپەڕەی ٤٤١و ٤٤٢دا باسی شەڕی نەغەدە دەکاو دەنووسێ: "ئەگەر ئەوان واتە دارودەستەی رژیم پێشتر مەبەستی خراپیان هەبوایە هەر لە تەقەی سەرەتاوە لە مەیدانەکەدا زیاتر لە سەدان کەسی ئێمەیان دەکوشت"

---

٨. ئەودەم هێشتا ناوی خوازراوی هەژاری وەرنەگرتبوو.

وادیارە ئەو کوژراوانەی پێ کەمە کە بەکرێگیراوانی ڕێژیم لە کوردیان کوشت و تارادەیەکی بەرچاو جگە لە زەهیر نژاد و مەلا حەسەنی ئەوانی دی لەو جنایەتە گەورە تەبرەئە دەکا.

چابوو کاك مەلا رەسووڵ لەجیاتی ئێمە دوای ئەو شەڕە خویناوی‌یە نەچوو بۆ لای خومەینی دەنا وای دەکرد حەزرەتی ئیمام! "زووتریش لە ٢٨ی گەلاوێژ کە فەرمانی پەلامارو جیهادی بۆسەر کوردستان دەرکرد" هەر ئەو کات بەدوای شەڕی نەغەدەدا ئەو فەرمانەی دەداو کوردی بەتەواوی قەلاچۆ دەکرد. لێرەدایە کە دەڵێن "توخودا دیفاعم لێ مەکە با مەحکووم نەبم."

نازانم چۆن خوا دەدڵی ناوە لە لاپەڕەی ٤٤٦دا قسێکی خێری بۆ کاك کەریم حیسامی کردوەو دەنووسێ " کەریمی حیسامی لەو ڕوداوە ناخۆشەدا نەقشی خراپی نەبوو" بەڵام هەر بەدوای ئەو رستەدا بادەداتەوە سەری و دەیکاتە پیاوی قیادە موەقەت.

لە لاپەڕە ٤٥٧دا سەبارەت بە شەڕی ئاغاو ڕەعیەت لە لای تکاب و شەهیدبوونی عەلی برای و مستەفا حەمیدی باسی ناردنی هێز لە لایەن سازمانی خەبات دەکا، بە باوەڕی من ئەو کات هێشتا سازمانی خەبات پێك نەهاتبوو، بەڵکوو هەر م. شێخ جەلالی ڕەحمەتی خۆی بوو کە هێندێك چەکداری بەدەورەوە بوو. سازمانی خەبات لە ڕێکەوتی ١٣٥٩/٦/٥ پێك هاتووە. شەهید عەلی برات و مستەفا حامیدی لە ١٣٥٨/٦/٦ لە زەنگان شەهید کراون.

لە لاپەرەکانی ٥٠٧و ٥٠٨دا داگژاوەتە سەر من و بە وەرگرتنی هێندێك لە نووسراوەکانی کتێبی "پەنجا ساڵ خەبات"ی من ئینکاری ئەو شتانە دەکا کە من نووسیومەو لەبیری چۆتەوە کە لەو نامەیەدا کە ئێستاش لە لامە و بە خەتی خۆی نووسیویەتی چ دەڵێ؟ بەڵام لەبەرئەوی بێ حورمەتی بە هەموو هاوڕێیان تێدایە، جارێ لە بڵاوکردنەوەی خۆ دەبوێرم.

لەپێشدا لە مشاور بوونی من لە کۆمیتەی ناوەندی حیزبدا حاشا دەکاو دەڵێ ئەمن ئاگام لێ‌نی‌یە، دەحالێکدا من ئەو کات لە تاران بووم و ئاگام لە یەکەم کۆبوونەوەی کومیتەی ناوەندی حیزب لە دوای گەڕاونەوە یان لە عێراق نەبووە، لە یەکەم کۆبوونەوەدا ئەو بڕیارەیان داوە و حوکمی مشاویریان بۆ من و دوکتور سادقی شەرەفکەندی ناردبووە تاران.[٩] هەموو کوردی دانیشتووی تارانیش لەو سەردەمدا و ئەوانەی کومیتەی ناوەندیش کە زۆر تاکەم ئاگایان لە تێکۆشانی ئێمە تەنانەت بەر لە شۆڕشی گەلانی ئێرانیش بووە و ئەو پۆستەمان بەشەڕە چەقەو هەڵلاو بەزم لە جەنابت وەك ئەندامی کومیتەی ناوەندی وەرنەگرتبوو.

دوایەش حاشا لەوە دەکا کە دوای گرتنەوەی مەهاباد من لە کۆبوونەوەی گوندی گوێچکەدەرێ نەبووم کە بڕیاری تێدا درا لەوە زیاتر پاشەکشە نەکەین و خۆڕاگرانە ڕاوەستین.

یەکەم ئەگەر قەرار با من شایدنامەی تێکۆشانی خۆم لە جەنابت وەرگرم هیچ کات خەباتم نەدەکرد. جا بۆیە رووداوەکەت بە وردی بۆ دەگێڕمەوە تا بزانی ئەوەی من نووسیومە راستە چوونکو لەو دانیشگایەم نەخوێندوە کە تۆی تێیدا پەروەردە بووی.

ئەوە چەند داستانی بەدواوەیە.

یەکەم: من کە لە دوای ئێعلامی جیهادی خومەینی لە تاران هەڵاتم و بە زەحمەتێکی زۆر دەگەڵ شەهید عبداله قادری و رەحمان حاجی احمدی هاتمە تەورێز دوو سێ شەو و رۆژ میوانی دوکتور خەلیقی بووین. لەوێڕا بە ئامبولانسی شێروخورشیدێ گەڕامەوە مەهاباد هەر کاك کەریم حیسامی و سمایلی حاجی لەوێ مابوونەوە. رۆژانە دەچوومە لای ئەوان لە خانووی خوداپەرەست کە ببوو بە بارەگای حیزب. ڕۆژانە هەواڵی توندبوونی هێرشی دوژمن لە دوو بەرەی شەڕ

٩. وابزانم تۆو کاك حەسەن رەستگار لە هەمووان درەنگتر هاتنەوە. ئەو دەم خەڵك شۆڕشی دەکرد جەنابت بۆکاری شەخسی خۆت و گەران چوبوویە ئوروپایەو وێدەچێ لەو کۆبوونەوەدا نەبووبی.

لە ئەمیراباد و کۆسەکەرێز دەگەیشت و دەرچوونی هاورێیانی دەفتەری سیاسی لـە شـاریش لـە لایـەکی دیکـەوە ورەی خـەڵکی دابەزانـدبوو. ڕۆژێکیـان کـاك ئەحمـەدی قـازی هاتـە ئـەو بنکـەی حیـزب و کـوتی: "ئـەو خەلکـە ورەی زۆر دابەزیوە حەق وایە فکرێك بۆ ئەم وەزعە بکەنەوە" بە ڕێکـەوت هـەر ئـەو ڕۆژە مامۆستاش لە لای سەردەشتڕا گەڕابۆوەو لەوێ بوو.

کەوتینـە تـەکبیران، چ بکـەین چ نەکـەین، لەسـەر ئـەوە سـاغ بووینـەوە کـە میتینگێك لە چوارچرا بدەین و بڕیـاردرا هـەوڵ بـدەین بـۆ یـەك دوو ڕۆژ دواتـر ئێوارەیەك خەڵك لەو شوێنە کـۆ بکەینـەوە، منیشـیان بـۆ قسـەکردن دانـا. لـەکاتی خۆیـدا چووینــە مەیــدانی چــوارچرا، جەماعــەتێکی زۆر خڕببــۆوەو بڵینــدگۆو کەرەستەی پێویست دامەزرابوو.

لەپێشدا مامۆستا رایگەیاند کە " ئەوە کاك جـەلیل گـادانی...." زۆری تـەعریف کردم "قسەتان بۆ دەکا." خەڵکەکەش کـە لوتفیـان هـەبوو پێشـوازێکی گـەرمیان کرد.

دەســتم پــێ کــرد و لەســەری ڕۆیشــتم، گەیشــتمە جێگایــەك کــە دەبــێ خۆڕاگربین‌و... ئێمە مەهاباد دەکەینە ستالین‌گراد، کۆڵان بە کۆڵان، مـاڵ بـە مـاڵ شەڕ دەکەین و تەسـلیمی زۆرداران نـابین. وام قسـەکردبوو کـە جەماعـەت یـەك پارچە ببونە هەست و روحی خۆراگری‌و ورەیان بەرز ببۆوە.

کە میتینگەکە تەواو بوو، گەڕاینەوە بـۆ بنکـەی حیـزب. دانیشـتین و خـەریکی چاخواردنەوە بووین کە کـاك کـەریم حیسـامی کـوتی: " تـۆ دەزانـی قسـەکانت خیلافی سیاسەتی حیزب بوون" منیش پێم سەیر بوو کوتم: "چۆن؟ بۆ وادەڵێی؟"

کوتی: "ئاخر ڕێبەری حیزب بڕیاری داوە لەشاردا شەڕ نەکەین."

کوتم: "ئەی بۆ پێشتر ئەوەتان بە من نەدەکوت ئەوە چەند ڕۆژە ئەمن لێرەم لەم بابەتەوە یەك وشەتان بە من نەکوتوە. ئەدی سبەینێ ئەمن چ جـوابی ئـەو خەڵکـە

بدەمەوە کە ئاوا گەرمم داهێنان و بوونە یەك پارچە هەست و گریان لێ هەڵدەستا؟"

درێژەم پێ داو پرسیم: "باشە ئێستا کە لە شار شەڕ ناکەین بۆ دەرەوە هیچ فکرێکتان کردۆتەوە، ئەو عالەمە بڕژێتە دێهات ئەو هەموو خەڵك و پێشمەرگە چ دەخۆن؟"

گوتیان: "پیش‌بینی ئەوەش نەکراوە."

هەر ئەو دەم لەسەر پێشنیاری من قەراردرا کومیتەیەك پێك بێ بۆ کۆکردنەوەی یارمەتی نەغدی و جنسی، کومیتەکە ناوزەدکرا بریتی بوون لە کاك سەدیق قەوی‌پەنجە، محمد تالاوی، قادر شەهابی، کاك اللە شیخ‌آقایی و کاك خەلیل گادانی. لە ماوەی چەند ڕۆژێك‌دا پارەو ئیمکاناتێکی باشیان کۆ کردەوەو بەهۆی چەند کامیون و چەند کەسێك لەژێر چاوەدێری خوالیخۆشبوو ساڵح قەساب بۆ چەند گوندێك بەرێ کرا. پارەکەش ئەگەر هەڵە نەکەم دوایە لە لایەن کاك سەدیق تەحویلی حیزب‌درا.

دووهەم: چەند ڕۆژێك دواتر کاتێك خەبەریان بۆ هێناینە دەفتەری حیزب کە هێزی دوژمن گەیشتە شیرکەتی نەوت قەرارماندا شار بەجێ بێڵین. کاك کەریم و کاك سمایلی حاجی سواری جیبەکەی حیزب بوون و ڕۆیشتن، من و کاك خەلیلی براشم بە هومیدی ماشێنی خۆمان بووین کە تا چارەگە سەعاتێك پێشتر لەوێ بوو، بەڵام ماشێن نەهاتەوە و بە پێ‌یان وەرێ کەوتین. لە لای مزگەوتی مەولەوی مهندس ئاریا بە ماشێنی خۆی گەیشتێ و ئێمەشی سوار کرد و بەلای ئەسحابە سپی‌دا چووینە بەردەسپیان و تا گردە بەردانی بردین. لەوێڕا تراکتۆرێك تا کیتکەی بردین.

لێشاوی خەڵك لە شارڕا گەیبوە کیتکەی، هەرچی داوامان لێ کردن، گەڕانەوە نەبوو. ئێمەش لەوێڕابەرەو گوندی ئامید گەڕاینەوە، هەر جەماعەت بوو دەهات.

کە گەیشتینە ئامێدی جەماعەتێکی زۆری لێ بوو. کاك کەماڵی دەبباغی و کەریم دانیشیاریش گەیبوونەوێ، دوایە مهندس ئاریاش هەر هاتە وێ.

رووم دە حاجی بایزی قاوەچی کرد و کوتم: "ئەری ئەو خەڵکەت ئەوشۆ پێ بەخێو دەبێ، وابزانم هێندێك شتیش لێرە داندراوە؟"

پیاوانە وڵامی دامەوە: "خەمت نەبێ هەر ئێستا کابانان دەنگ دەدەم."

ئێوارە بەرێ داوام لە مهندس ئاریا و کاك خەلیل و کاك کەریم کرد هەر چۆنێك بێ بچن خەبەرێکی ناوشار بێنن. زۆر ئازایانە چووبوونە یەك دوو گەڕەکی ناوشار و خەبەریان هێنابووەوە کە شار ئارامەو تا ئێستا تەق و تۆق نەبووە. تاریكداهاتبوو کە هێزە هاوکارەکانی باشووریش لەبەرەی شەڕەکانی ئەمیرئاباد لە جادەی مەهاباد میاندواو و کۆزەکەرێز لە جادەی مەهاباد ورمێ گەرابوونەوە، گەیشتنە لامان، سەرگورد عەبباسی بەخۆی و جیب تاویك و تۆپێکی سەدو شەش دەگەڵ ئەبوتارا گەیشتنێ. جەماعەت زۆر بوو. من و شەهید کەماڵی دەبباغی تەنیا نانی ئیشکیمان بەرکەوت.

دوای نانخواردن چەند کەسێکمان کۆبوونەوەیەکمان گرت و قەرار درا من بۆ خەڵکەکە قسە بکەم و داوایان لێ بکەم بگەرێنەوە.

چەند دەقیقەیەك قسەم بۆ کردن و زۆربەیان قانع بوون بگەرێنەوە و بەیانی زوو وەرێ کەوتن. من و سەرگورد عەبباسی و کەماڵ و ئەبوتارا و چەند کەسی دیکە بەرەو گوێچکەدەرێ چووین و لەوێ ئۆقرەمان گرت. لە لایەکی دیکەش ڕا مەلاڕەسووڵ و کاك کەریم و مەلا سمایل و چەند کەسی دیکە هەریەکەو بە لایەکدا گەیبوونە ئەوی.

ڕەنگە مەلا ڕەسووڵ ئینکار بکا بەڵام ئەوە من بووم کە کوتم: "بابە بالێرە بەولاوەتر نەچین و فکرێك بکەینەوە و خۆڕاگرین، دەنا هەتا ئەمە هەڵبێین عەجەمیش ڕەپێمان دەنێن و وەدوامان دەکەون."

بەخۆشـــی‌یەوە هـــەموویان پێشـــنیارەکەیان وەرگـــرت و قـــەراردرا لـــەوەی کـــە بەدەوروبەرمانەوەیە شتێك ساغ کەنـەوەو ئامادەگی هـەبێ ئەگـەر هێـرش هـات بەربەرەکانی دەگەڵ بکرێ. دوای ئەوەی قەراردرا کە لـەوێ بچەقینـەوە و زیـاتر نەرۆین هەر ئەو کات مەلا ڕەسووڵ بۆخـۆی کـوتی: "ئێمـە ئیمکانـاتێکی زۆری نیزامیی پادگانی مەهابادمان وەختی خۆی راگوێسـتوە و لـە دێهـاتی ئـەو مەسـیرە شاردۆتەوەو دەبێ دەفکری گوێستنەوەیان دابین با وەدەست دوژمن نەکەوێتـەوە." هەر ئەو بۆخۆی پێشـنیاری کـرد کـە مـن "جـەلیل" بگەمـە سەردەشـت و چەنـد ماشێنی گەورە پەیدا کەم و بێنم ئەو شتانەی کە ئـەو دەیزانـی لـە کـوێی دانـاون بگوێزینەوە و دووریان کەینەوە.

جەماعـەت پێشـنیارەکەیان قبـووڵ کـردو مـن یـەك دوو کەسـم هـەڵگرت و ڕەحمـەتی قـادر ئاغـای چوارگـاو کـاك فـەتتاحی ئامۆزاشـیم هـەتا دووریێـانی سەردەشتێ دەگەڵ هاتن. ئـەوان دەچوونـە هەنگـەوێ لای خزمـانو منـیش ڕووم کردە سەردەشت بەڵام شارم زۆر چۆل کەوتە بەرچاو.

کە چووینە دەفتەری حیزب مام مراد شکاك و عەلی عەجەمی ڕەحمەتی لەوێ بوون. پرسیم: "ئەدی کوا لە بەرپرسان کێ لێرەیە؟" کوتیان: "کاك حەمە ڕەسووڵ حەسەنپوور چۆتەوە ماڵێ ئێستا دێتەوە."

کاك حەمە ڕەسووڵ هاتەوە، پێم کوت بۆ ئەوەی هاتووم. کوتی یەك ماشێن لە شاردانەماوە چونکو دوێنێ ئێواریێ مامۆستا عبداله حەسەنزادەهاتوە لـە مزگـەوتێ قسەی بۆ خەڵك کردوە و کوتویە وێدەچێ تەیارە بێ بۆمباران بکا، با خەڵك لـە شاردا نەمێنێ. بۆیە شار چۆل بووە و ماشینی تێدانەماوە.

پرسیارم کـرد ئـەدی ئەنـدامانی دەفتـەری سیاسـی لـە کـوێن؟ وڵامـی داوە لـە بێوڕانن.

هەر دوو بێوران چووم نەمدیتنەوە، لە بنوخەلێفی دوکتور قاسملووم دۆزیەوە.

وەزعەکەم بۆ باس کرد، بەلام کوتی ئەتۆ نابێ بچیەوە، هەر ئەوشەوە مەئموریەتی پێ سپاردم کە بەیانی زوو بچم بە جیبەکەی لە بەردەپانیم ڕاگرتبوو لە سەردەشتێ ڕا ماڵ و منداڵی کاك غەنی بلووریان بێنمو لە بەردەپان تەحویلی کاك حامید گەوهەری و حەسەنی بلووریان بدەم بیانبەن بۆ قەلادزێ. وەختابوو لەو مەئموریەتە تێدا بچین و بەحاڵ لەدەست هێلی کوپتێر نەجاتمان بوو کە ئەوەش خۆی چیرۆکێکی دیکەیە.

دوای بەجی گەیاندنی مەئموریەتەکە لە گەڕانەوەدا ئیوارە بەر دیسان هێلی کوپتێر هاتنەوە سەرمان، بەلام لە شاخەکانی دەوروبەری بنوخەلێف و زووران و ئەو شوێنانەی‌دا، کە گەیشتمەوە بنوخەلێف جگە لە پیرێژنێك کە لە ماڵەکەی خۆی‌دا بێ کەس مابوەوە هەروەها دوو ڕۆژنامە نووسی خارجی[١٠] کەسی لێ نەمابوو، دێ‌یەکەیان لەبەر ئەو هێلی کوپتێرانە و راکێت باران چۆل کردبوو. بەدوای هاورێ‌یانـدا گەیشتمە کانی زەرد کەچی ئەوان گەیبوونە پشکاوێ. دووسێ ڕۆژان دواتر مەئموریەتم پێ سپێردرا کە دەگەڵ ئەبوو تاراو چەند پێشمەرگەیەك کە هێندێکیان وەك حەسەن بێکەس کە دوایە لە مەهاباد شەهید بوو، تاقمیك ماون بەلام جگە لە زینەبەڕەش ناوی ئەوانی دی نابەم لە نیزیك گوندی تووژەڵی سەردەشتێ بنکەیەك بکەینەوە. زیاتر لە مانگێك لەوێ خەریکی دابەشکردنی چەك و چۆڵ و ڕێکخستنەوەی هێزەکان بووین لەوانە هێزەکانی ئاوارەو شەهیدانی معینی و شەهیدانی وێردی‌و... بوون کە بوو بە هۆی ئەوەی لە هەموو لایەكڕا پەلاماری دوژمنی داگیرکەر بدرێ و ئەوەندەی لەبیرم بێ هێزی پێشەواش کە مەلا ڕەسووڵ هەموو سەرکەوتنەکانی لە وجوودی خۆیدا دەبینێ ولا غەیر چەند جارێك کەل و پەلیان برد.

بەدوای ئەوەش‌دا کە ئەرکەکانمان لەو بنکە تەواو بوو گەڕاینەوە پشکاو. بە پێچەوانەی بۆچوونی مەلا ڕەسووڵ و پێچەوانەی مەیلی خۆم کارەکەی کاك

[١٠]. هەر ئەو شەوە بە پێشمەرگەیەکدا ئەو رۆژنامەوانانەم لەسەر رەزامەندی خۆیان بەرێ کردەوە بۆ لای کەڵوی.

غەنی بلووریانیان کە بەرپرسی ڕێکخستن و تەشکیلات بوو دابە من[11] و ئیتر بۆ ئەنجامدانی ئەو ئەرکە بە شاهیدی بەشێك لە کومیتەی سەردەشت کە ئەوکات بەرپرسەکە کاك حەسەن ڕەستگار بوو، بۆخۆی لە گوندی ئەحمەد بریو دەژیا بەڵام بەشێکیان لەلای دەرماناوێ بوون، بە شاهیدی برایانی کومیتەی بانە کە ئەودەم لە دونێز بوون، هەروەها بە شاهیدی کومیتەی هەورامان کە ئەوکات لە نەوسوود بوون و کومیتەی مەریوان کە لە چیاکانی دەورووبەرو قەراغەکانی باکووری زرێبار بوون بەو پەڕی فیداکاری و لەخۆبردوویی ئەرکی خۆم بەرێوە بردوە. پێمخۆشە ئەوەش بڵێم کە هێزی عەزیز یوسفی، هێزی شەریفزادە و هێزی زرێباری مەریوان و هێزی شاهۆ و هەروەها هێزی سەرگەردعەباسی لە باکوور ئەمن ناوم لێناون، چونکە کاری ئێمە جگە لە ڕێکخستن بە یارمەتیی ئەو ئەفسەر و دەرەجەدارانەی لە سەفەرەکانمدا دەگەڵم بوون، ئەرکی تەعلیماتی نیزامی و ڕێکخستنی هێزەکانی پێشمەرگەشی دەگرتەوە.

ئەگەر مەلا ڕەسووڵ لە مەهاباد کاری کردوە، لە شوێنەکانی دیکەش ئەو کارانە کراون و بەڵام کاری حیزبی هەمووی هەر شەڕوو لوولەی تفەنگ نییە، دەبێ هەموو بەشەکان کار بکەن و هاوسەنگی و هاوکاریان دەنێو دابێ. دیارە لە مەهابادیش ئەگەر وەك زۆربەی شوێنەکانی دی هاوکاری بەشی تەشکیلاتی لەناو گوندو شاردانەبا ڕەنگە بوو ئەو سەرکەوتنانە بەدی نەکرابان. بەڵام لەراستیدا خومەینی ڕاپۆرتی عەمەلیاتی پێشمەرگەی لە هەموو لایەکڕا بە گوێ گەیشتبۆوە کە بە فێڵ هاواری ڕاگرتنی شەڕو دانیشتن و وتووێژی کرد. لە مانگی سێهەمی شەڕدا هێزی ڕێژیم لە هەموو شوێنی کوردستان و لە زۆربەی جادەو ڕێگەو بانەکان شکستی خواردبوو، هیچ شوێنێك نەبوو جەندەکی تانك و زرێپوش و زیلی عەسکەری لێ نەکەوتبێ.

---

[11]. هەتا کاك غەنی بۆخۆی نەیکوت ئەو کارە زەحمەتی زۆرە و بە من ناکرێ من ئەو بەرپرسایەتییەم وەرنەگرت.

لـەوەش کـە بـە تایبـەتی لـە لاپـەرەی ٥٠٨دا دەنووسـێ: "هـەرچی بیـرم لـێ دەکردەوە نەمزانی لەم کۆبوونەوەدا لە کە گوێچکەدەرێ کرا بەرپرسایەتی جەلیل چی بوو؟" بەداخەوە بیرەکەت هەر لـە پێشـداش یـا کـاری نـەکردوە یـا ئـەوەی قـازانجی خـۆت و بـاس و خـاس و بەرژەوەنـدی مـادی و مەعنـەوی خـۆتی تێدانەبووبێ وەبیـرت نایەتـەوە. ئێسـتا بیـری لـێ دەکەمـەوە بـۆ زیـاد لـە هـەموان پێشنیاری منت کرد بچمە سەردەشت ماشـێنی بێـنم و ئـەو کـەل و پەلـە نیزامیانـە بگوازینەوە کە هەر خۆت دەزانی چیان بەسەر هات و بۆ کوێ ڕاگوێزران! سەید رەســـوولی بـــابی گەورەش هەر لەو پێنـــاوەدا لە دەشـــتی مـــردواوێ بە تەقەی هێلی‌کۆپتێرەکانی ڕێژیم بە سەختی بریندار بوو.

من بەش بە حاڵی خۆم ئەوەندەم خەباتی خاوێن هەیە کە پیویستیم بـەوە نیـیـە شتی خەڵك بکەمە هی خۆم. ئەو کۆبوونەوەی گوندی کوورانیش بۆ ئاگاداریـت دوای کۆبوونـەوەی کوێچکـەدەرێ بـوە نـە پیشـتر. جونکـو تـۆ پـاش و پێشـی قسەکانیشت لەبیرچۆتەوە. بۆخۆت پێشتر دەڵێـی پاشەکشـەمان کـرد بـۆ کـەرێزەو لەوێڕا بەلای دێبوکری‌دا هاتینەوە بۆ سیاقۆڵ و گەیشتینە کوێچکەدەرێ.

ئەو کۆبوونەوەی مـن باسـی دەکـەم تـەنیا ڕۆژێـك پـاش گرتنـەوەی مـەهابادە. جەنابت ئەودەم بە قەولی خـۆت لەبـەرەی شـەڕدا پاشەکشـەت کـردوە. بەکوێـدا کـەنگێ ئـەو کۆبوونـەوە لـە کـووران کـرا. بـێ گومـان دوای کۆبوونـەوەی گوێچکەدەرێ بووە و وێدەچێ لە کووران ئەو دابەشکردنەی بەرپرسایەتی دیاری کرابێ. چونکو لە کۆبوونەوەی گوێچکەدەرێ مەلا مەزنەو مەلا محمدی عەجـەم بەشدار نەبوون.

پێم وایە وەختی ئەوەی تەواو بووە کەسێك بە هەموو دنیـا گاڵتـە بکـاو هـەموو کات قارەمانی یەکەم بێ و ئەوەی بە ئازایەتی پێشمەرگەو هێـزی خـەڵك کرابـێ هەمووی بڕژێنێتە حیسابی خۆی. منیش ئیدعام نەکردوە لە شەڕەکانی مـەهابادێ‌دا بەشدار بووم و دەشزانم ئەگەر بە درۆش با ناوی تـۆم وەك قارەمـان هێنابـا زۆرم

لێ ڕازی دەبووی و ئەو مەتەڵۆکانەشت نەدەهێنا گۆڕێ. ئەگەر کارێکیش لەوسەردەمدا کرابێ ئەوە لە ڕۆژنامەی کوردستاندا بڵاو دەبۆوە و بەداخەوە ئەو دەمی ڕادیۆمان نەبوو کە جەنابت بە دنیا بناسێنێ.

لە لاپەڕەی ٥٠٩دا ئەو کۆبوونەوەی پشکاوێ و تەقسیمی کارە ڕەت دەکاتەوە و ئینکاری ئەوە دەکا کە بەرپرسایەتی ڕێکخستنی واتە تەشکیلاتی درابێ بە من و لە ڕوانگەی مەلا ڕەسووڵەوە من هەر مشاوریش نەبووم. ئەوەندە دەزانم کە جەنابت ئەودەم جگە لەو ناوچە بچووکە و ئەو چەند کەسە و پێشمەرگە ئازاکانی بەدەورتەوە بوون ئاگات لە کاری حیزب لە شوێنەکانی دیکەی کوردستان نەبووە. دەنا زۆرن ئەوانەی کە لە سەراسەری کوردستان لە ڕێکخراوەکانی حیزبیدا کاریان کردوە و دەزانن کە من لەو کاتە عاستەمەدا وەك بەرپرسی کۆمیسیۆنی تەشکیلات، نە هەر ئەودەم بەڵکوو لە کۆنگرەی ٤و دوایەش هەتا کۆتایی کۆنگرەی پێنج بەو ناوە و لەو مەسئولیەتەدا کارم دەگەڵ کردوون.

بەلام وادیارە مەلا رەسووڵ ئەو شتانەی لەبێکارێ و وەڕەزی و دووره وڵاتیدا نووسیوەو سەری لێ ئەستوور بووە و کەسیشی وەدەست نەکەتووە شەری دەگەڵ بکا، ئاوای بەربینگ بە من و کەسانی دیکە گرتووەو دووچاری تەوەهوم بووە و پێی وایە هەرچی ئەو کوتوویە و نووسیویەتی ڕاستەو هی خەڵکی دیکە هەموو نادرووست و درۆیە.

بەڵی بە پێچەوانەی بۆچوونی تۆ من مشاویری ڕەسمی بووم، کراشم بە بەرپرسی تەشکیلات و کارنامەکەشم وەك لە پێشدا ئاماژەم پێ کرد روون و ئاشکرایە، دوکتوریش سکرتێرو لەهەمان کاتدا بەرپرسی کاروباری بەشی نیزامیش بوو چونکو هەتا لیستی پێشمەرگەی هێزەکانی نەدیباو تەئیدی نەکردبا و بۆ ئێمەی کە لە تووژەڵ بووین نەناردبا، ئێمە چەك و چۆڵمان نەدەدانێ. جا

ئەگەر جەنابت فەرماندەی گشتی دنیاش بی ئەوەی ئـەمن نووسـیومە راسـتە و دە کردەوەدا پیادە کراوە.

لـە لاپـەرەی ٥١٢دا ئیـدعا دەکـا کـە زۆر شـت کـوتراوە بـەڵام مـن "جـەلیل" نەموێراوە قسە بکەم. بەڵێ من هیچ کات بە زمانی تۆو فەرهەنگی تـۆ نـەدواوم و ناشتوانم بدوێم. جەنابت وەك خۆت باس دەکەی هەر لەسەرەتاوە ئـەوە رەوشـت و رەفتار و بەیانت بووەو تازەش بۆت تەرك ناکرێ. بەڵام من هەموو کات قسەی خۆم کردوە و زۆر راشکاوانە بە شێوەی مەنتقی و کاریگەر بۆ چوونەکانی خـۆم باس کردوەو زۆر جار لێم وەرگیراوە و ئەگەریش بە هەردەلیل پەسەند نـەکرابێ شەرم بە تەرەف یا بە حیزب و بەرپرسانی حیزبی نەفرۆشتووە و بێ کێشـەو بـاج وەرگرتن ئەرکی پێ سپێردراوی خۆم بە جێ گەیاندوە.

ئاخر هەر لەو گەشتانەدا کە لەم لاپەرەدا "٥١٢" ئاماژەی پێدەکەی بـە یەکـەوە کردومانە و کۆنفرانسەکانمان لە کومیتەکانی حیزب لـە بانـەو سـەقز و دیوانـدەرە بەرێوە بردوە من بەرپرسی تەشکیلات بووم و جەنابیشت ئەندامی ئەو کومیسـیونە بووی بەڵام رەنگە ئەوەشت پێ وا نەبی.

ئەدی پێم نالێی جەنابت دوای کۆنگرەی ٥ کـە نەبوویـەوە ئەنـدامی کومیتـەی ناوەندی بەڵام دوایە کرای بە ڕاوێژکار دەگەڵ ئەو هەموو بەرد لە سینگ دانە بۆ نیشتمان بۆچی وازت لە سیاسەت و حیزبایەتی هێنا. چەن ساڵ بێ کار دانیشتی و وەك دەورەی پیشوو کە لە عێراق بووی خەریکی کارو کاسـبی خـۆت بـووی و دوایەش نالێم دەستت دەگەڵ ئەوانـە تێکـەڵ کـرد کـە دەیانویسـت ئاشـبەتاڵ بـە حیزبی دیموکرات بکەن بەڵام پاشانیش چوویە سـوئێدو مـاوەی زیـاتر لـە بیسـت سـاڵ تـاك و تەنیـا مایـەوەو ئێسـتاش بـە خێـر بێیـەوە بـە خـەیاڵی راحـەت لێـی دانیشتووی و ئەم دیوەخان و ئەو دیوەخان دەکەی و لێت پیرۆز بێ.

لە لاپەڕەی ٥١٣دا روحمی بزووتووە و دەنووسێ "کـاك جـەلیل کـە مرۆڤێکـی لەمێژینەو سابیقەداری ئەو حیزبەیە پێویست ناکات شـتی نـەبوو بۆخـۆی دروسـت

بكات یان راستیەكان بخاتە ژێر پێ. ئەو لەژیانی خۆیدا ئەوەندەی ڕەنج كێشاوە و خزمەتی كردوە كە پێموایە لە زۆر جێگا لەسەریشیەوە ڕژاوە و لێرە بەدوا هەر پێویست ناكات بەو تەمەنەوە چیتر كار بكات و پێوسیتی بە پشوودان و نووسینی ژیانی رابردوویەتی نەخۆ بە كارێكەوە بخافڵێنیت كە بە گەنجێك دەكرێت كە هەموو ژیانی هێزو گورج و گۆڵییە."

من ئێستاش دەخۆم رادەبینم كار بكەم و ئەوەی هاورێیانی حیزبی پێشم بسپێرن دەیكەم، بەڵام لەسەر نووسراوەكان ووتەكانی خۆم سوورم، نە عادەتم گرتووە درۆ بكەم و نە كاری كەسیش دەكەمە هی خۆم و نە ئیرەییش بە كەس دەبەم و وەك زۆر كەس عیزەتی خۆم لە زیللەتی خەڵكدا نابینم. نە بە خۆم هەڵدەڵێم و نە لامە لامە لە بۆ كەس دەكەم سادەو ساكارو بێ ڕیاو ڕیاكاری دەژیم. هەتا ئێرەش حیزب دوای خانەنشین كردن و تەقاعودیش چی بە من ئەسپاردبێ كردوومەو حەز دەكەم بێ هیچ چەشمداشتێك و مەرایەك چم لەدەست بێ بە فكرو قەڵەم بەگیان و بە دڵ بۆ نەتەوەو نیشتیمانەكەمی بكەم.

لە لاپەڕەی ٥٢٠دا سەبارەت بەو ئەفسەرانە خراپ دەنووسێ كە كاتی خۆی لە دانشكەدەی ئەفسەری دەرسیان خوێندوە و بە دەرەجەی سەروانی تا سەرهەنگی گەیشتوون و مرۆی زۆر شەریف و كار لێهاتوو بوون و نەهەر پادگانی مەهابادیان بە هاوكاری دەرەجەدارە شەریفەكان بە بێ شەڕو خوێنرێژی خستە دەست حیزبی دێموكراتی كوردستان و خەڵك دوایەش بەو پەڕی دڵسۆزی و فیداكارییەوە كاریان دەكردو چوار پێنج كەسیشیان لێ شەهید بوون، دوو سێ كەسیان بەر لە شەهید بوون لە كۆنگرەكاندا بە دەنگی ئەندامانی كۆنگرە بوونە ئەندامی ڕێبەری حیزب و زۆریش كارئامە بوون.

دەنووسێ: "ئەوان بۆخۆیان نەیاندەشاردەوە كە حیزبی نەبوون، تەنیا هاتبوون دەگەڵ ئێمە دژی ڕێژیم شەر بكەن."

ئەریَ تۆ ویجدانت ئەوە بۆ چوونە؟ ئەریَ ئەگەر ئێمە لە تاران سەرگورد عەبباسیمان نەدیتباوەو بۆخۆم نەمهێناباوە مەهابادێ و بە دوکتور قاسملووم نە ناساندبا ئەتۆ با ئیبنوعەبباسیش بووبی هەر دەتزانی چ کارەیەو لە کوێیە؟ ئەریَ سەرگورد عەبباسی چۆن بە قسەی جەنابت و لەبەر خاتری جەنابت دەگەڵ ئەو ئەفسەرانە کاری دەکرد لە حاڵێکدا لە باری سەداقەت و پاکی‌یەوە نموونە بوو، فریشتە ئاسا دەگەڵ هەموو کەس و لە هەموو شوێنێك کاری بۆ حیزب دەکرد. ئەو کاتی ئەو ژنی کارمەندو جحێل و دوو منداڵی لە تاران بەجێ هێشت و بە دەعوەتی ئێمە کە وەك نوێنەری حیزب قسەمان دەگەڵ کرد کەم کەس ئامادە بوو ئەو کارە بکاو گیان لەسەردەست خۆی فیدای حیزب بکا. کاك مەلا رەسوو، جاویدفەڕ لە مێژ بوو لایەنگری حیزب بوو، هەر بۆیەش دەگەڵ کاك حامید گەوهەری و کەریم پوور قوباد بەسەداقەتەوە هاتە مەیدان و هاوکاری شەریفانەی کردن و هەتا ما وەفادارانە خزمەتی کردو سەنگ و حورمەتی خۆی هەبوو. پێم وایە لێرەدا ناوی سەرهەنگ قادریت لەبیر چۆوە کە پاش جەند ساڵ حیزبایەتی پلارێکی تێگری! ئەوانە هەموویان بەو پەڕی فیداکاری‌یەوە کاریان کرد. نەهەر بوونە ئەندامی حیزب بەڵکوو بوونە ئەندامی ڕێبەریش. سەرگورد عەبباسی، سەرگورد کەریم عەلیار، سەروان جاویدفەڕ و سەروان ئەفشین و چەند کەسی دیکەیان لەم مەسئولیەت و پۆستی فەرماندەیی‌دا شەهید بوون.

لە لاپەرەی ٥٤٠دا کە باسی هێنانەوەی دوکتور لە پشکاوێڕا بۆ مەهاباد دەکەی و ئەوانەی موخالفی گەڕانەوەی بوون بە ماستاوچی لەقەڵەم دەدەی. دیارە ئەو کات من لە نەوسوود و لە چیاکانی شاهۆو تەتە بووم و بێ گومان بۆ راووشکاریش نەچوبووم.

بەڵام ئەوانەی موخالەفەتیان دەکرد حەقیان بوو، چونکوو جگە لە پاراستنی گیانی ئەو، ئێمە لە پلینۆمی بەر لە دەستپێکردنی وتوویژ دەگەڵ ڕێژیم کە ئەگەر هەڵە نەبم هەر لە چیاکانی نیزێك سنوور و لەلای دۆڵەتوێ گرتمان و یەك

دوو ڕۆژنامەوانی بیانیشی لێ بوو لە سەر ئەوە ساغ بووینەوە کە نوێنـەران پـازدە ڕۆژ دەگەڵ حکوومەت وتـوویژ بکـەن ئەگـەر سـەری گـرت باشـە، ئەگـەریش سەری نەگرت بێنەوە. قەرار نەبوو لەو ماوەدا نە کادری حیزبـی و نـە پیشـمەرگە بچنەوە نیو شارەکان. کەوایە چوونەوە بۆ ناوشـارەکان بـەو پـان و بەرینی‌یـە کـە ئیدی کەس لە چیاو دەشت نەما پێچەوانەی بڕیاری کومیتەی ناوەندی بووە. هەر بە خاتری ئەوەش بوو کە من لە هەورامان را هاتمەوە مەریوان چوومەوە دەوری سەقز، چوومەوە بانە، لەوێڕا بە ماشێنی خوالێخۆشبوو حاجی دەروێـش هاتمـەوە بێورانی سەرێ و لەوێڕا بە پێ‌یان چوومەوە پشکاوێ. لـەوێش‌ڕا بـە پێشـمەرگەی شەهید محمودی مام قادری‌دا کە لە بنکـەی دەفتـەری سیاسـی مـابۆوە نامـەم بـۆ دوکتور ناردە مەهاباد، کە وڵامەکەی هاتەوە و نووسیبووی بگەڕێمەوە مـەهاباد و لە وێڕا بە پێ‌یان هەتا لیلانێ هاتم و ئینجا بە تیوتایەکی کرێ گەڕامەوە مەهاباد.

لە لاپەرەی ٥٤١دا باسی میتینگی دوای هاتنەوەی دوکتور قاسـملوو دەکـەی و دەنووسی "بۆ دوکتورم نووسیوە ئەگەر مەسەلەکەی بەغداش دووبارە بێتەوە وتـار هەر دەخوێنمەوە چونکە ئەو میتینگە سەدی نەوەدی بەرهەمی قارەمانیـەتی مـن و پێشمەرگەکانە."

دەزانم مەبەستت لە مەسەلەکەی بەغدا ئەو شـەرە شـەقەبووە کـە دەگـەڵ کـاك کەریم کردووتانەو بە حەق یا بە نا حەق هەردووکتان لەسەری هەڵپەسێردرابوون و دڵنیاشم ئەگەر لەو میتینگەدا ئیزنیان پێ نەدابای قسە بکـەی ئـابڕووی خـۆت و حیزبیشت دەبرد و شـەڕێکت بـەرپا دەکـرد. ئـەوە نیشـانەی زاڵ بـوونی رووحـی چەکداری و تەعلیماتی نیزامیی سەرەتاییە کـە رەنگـە هـەتا ئێسـتاش بەسـەرتدا زاڵ بێ، بۆیە کاری رێکخراوەیی و کومیتەی شارستان و تێکۆشانی سیاسـیت لـە بەرانبەر هێزی نیزامی‌دا زۆر پێ کەم بایخەو عەشـیرەتگەریەتی زەمـانی خولـەفای عەباسیشت بەسەردا زاڵە.

بەڵام کاکی خۆم کەس لە نووسیندا لانی کەم لە کتێبدا بە خۆی ناڵێ قارەمان. ئەو فەرمایشەی جەنابت ئەو نەقڵەی شاری سابلاغی خۆمانم وەبیر دێنێتەوە کە دەڵێن: "جەماعەتێك لە پیاوانی شار لە مەجلیسێك دانیشتبوون و باسی پیاوە بە ناوبانگ و کارئامەکانی ئەو شارە دێتە گۆڕێ. گۆیا حاجی ڕەحمانی عەتاری دەڵێ: ئەو شارە دوو پیاوی بەوەج و کارئامەی تێدا، یەکیان (سەدرالاسلام) و ئەوەی دیکەیان عەیبە پیاو تەعریفی خۆی بکا."

نووسەری کتێب لە لاپەڕەکانی ٥٤٢-٥٤٨دا هێندێك قسەی مەعقوولی تێداو ڕەخنە لەخۆی دەگرێ کە هەڵەشەیەو هەڵدەچێ و وڵامی خەڵك و پرسە حیزبیو ناتەباییەکانی حیزبی بە توندوتیژی وڵام دەداتەوە، بەڵام کەسێکی ناشارەزا بێ و حیزبی دێموکراتی کوردستان نەناسێ بە خوێندنەوەی ئەم لاپەڕانەی جەنابت وا دەزانێ حیزبی دیموکرات جێگەی لات و لووتەو هەموو کات گێرەو کێشەو شەروهەڵلای دەنیو دایەو ئەندام و کادرەکانی شەربە یەکتری دەفرۆشن.

بە تایبەتی لە لاپەڕەی ٥٤٦دا جارێکی دیکە بایداوەتەوە سەر من و شەرم پێ دەفرۆشێ و دەنووسێ "وادیارە شەڕی سێ مانگە لە قەولی برادەرانەوە دەبێ خدری زیندە هاتبێ ئەو شەڕە سێ مانگەی کردبێت. ئەوەی لە هەموو شتێك بۆ من زیاتر جێگای سرنج و لێ وردبوونەوەیە مەسەلەی کاك جەلیل گادانییە، ئەگەر ئاگادار نەبوایە قەیدی نەبوو. ئەگەر موو بە موو هەواڵی ڕۆژانەی لە قارەمانیەتی کورەکانی مەهاباد نەزانیبا دیسان هەر قبووڵم بوو، ئەگەر لە کۆنەوە وەك ئێمە بە قەدەر سەرە موویەك موداخەلەی ئەو ناکۆکیانەی ئێمەی بکردایە قسەم نەبوو، بەڵام ئاماژەی پێ نەکردوە؟ دەبی بۆخۆی روونی کاتەوە."

هەروەها دواتر هەر لەو لاپەڕەدا مامۆستا عبداڵە حەسەنزادەش دێنێتە ژێر پرسیار کە بۆ باسی ئازایەتی مەلا رەسووی لە شەڕی سێ مانگەو قارەمانەتی پێشمەرگەکانی نەکردوە.

ئەری کاکی برا بۆ پێت وایە ئێمە مونشی جەنابت بووین و دەبوو یاداشتەکانی ڕۆژانەت بۆ خڕ کەینەوەو لە کۆتاییدا جەمع بەندی بکەین و بیکەینە پەرتووکێك و چاپی بکەین؟ برای بەڕێز ئێستاش هێندێك شتت لەو هەموو فیداکاریانەی خۆت و پیشمەرگە ئازاکانی مەهابادت لەبیرە کە بەداخەوە بەشێکی زۆریان شەهید بوون خۆت گیف کەو دەست پێ بکە لە ڕۆژی یەکەمەوە تا کۆتایی شەڕی سێ مانگە بیان نووسەوە شوکر دەستیشت دەڕوا چاپیان بکەو چیدی پڕتەو بۆڵە بەسەر ئێمەدا مەکە. تەوسیە دەکەم ئەگەر ئەو کتێبەشت چاپ کرد و چاپت کردەوە ئەم جۆرە شتانەی لێ دەراوێ. بە دڵنیایەوە بەو کارە قورسترو سەنگین‌تر دەبی. بۆ تەکمیلی ئەو ڕیزە عەمەلیاتەی شەری سێ مانگەش دەتوانی لە ڕۆژنامەی کوردستانی ئەو سێ مانگە کە ڕەنگە گوزارشەکانی خۆتانی تێدابێ کەڵك وەرگری. کاکی برا من بیرت دەخەمەوە کە شەڕی سێ مانگە تەنیا لە مەهاباد نەبوو، لە پاوە و نەوسوود، لە پیرانشار، بۆکان، ڕەبەت، سەردەشت و بانە و سەقز و تەنانەت لە باکووری کوردستانیش شەڕ کراوە و هەمووی ئەو فیداکاریانە خومەینی هێنا سەر ئەو باوەڕە کە داوا بکا شەڕ ڕاگیرێ و کار گەیشتە وتوویژی ڕەسمی.

لە لاپەڕەی ٥٦٧دا نامەیەکی کاك غەنیت چاپ کردوە کە لە ڕێکەوتی ٩٠/٤/١٠ بۆت نووسراوە وەك بۆخۆت لە خوارەوە ئاماژەت پێ کردوە هی کاتێکە کە بەقەولی خۆت گروپی ٧کەسی دوایی پێ هاتووە.

بە پێچەوانەی ئەوەی سەرەڕای هەموو ئازایەتیت هەمیشە کە لەسەر مەسەلەی برایمەو هاتنتان بە پێشمەرگەوە حاشات لەوە دەکرد کە بەرنامەیەکتان بووبێ یا هیچتان دەبن سەری دانەبووە و هەر بەو پۆلە پێشمەرگەوە بەسوتفە و ڕێکەوت هاتوون، لەونامەدا بە ڕوونی دەردەکەوێ کە بە نیەتی هەڵکوتانە سەر ئەندامانی کومیتەی ناوەندی و کودتا لە ریبەری حیزب هاتبوون، چونکو کاك غەنی دەنووسێ: "بەلام بەراستی شتێکی سەرەکیت باس نەکردوە. ئەوەش بەردەوام

بوونی شەرە. بە بڕوای من ئەگەر قەڵای کۆچ کردووشت لەسەر کار لابردباو گشت کارەکان هەر لە کۆبوونەوەی برایمە[١٢] کەوتبا دەست ئێمەش مەسئەلە کە هیچ فەرقی نەدەکرد دوو ڕێگەمان لەبەردەم بوو، شەر نەکردن دەگەڵ ئەو ڕێژیمە چەپەڵە و ریك کەوتن بە قیمەتی چەك دانان، جا ئەودەم بە کەیفی خۆی ڕەفتاری دەگەڵ دەکردین و.... بەشی دووهەم ئەوە بوو کە وەك ئەوان درێژەمان بە شەڕدابا کە بەڕای من هەر تووشی دەهاتین"

بەڵام لەو نامە دەردەکەوێ کە جەنابت بەدوای کاك غەنیدا هاتبووی و ڕاست بۆ ئەوەش هاتبوون کە قەڵاکە بڕوخێنن، بە خۆشی‌یەوە سەری نەگرت و ئەگەر سەریشی گرتبا دەبوو بە تەواوی تەسلیمی ڕێژیم بن جا یا وەك ئەندامانی ڕێبەری و کادرەکانی حیزبی توودە هەمووتان دوای ئەو هەموو بەلارێ چوونەیاندا و نەناسینی خومەینی و خۆفریودان ئێعدام دەکران یا وەك کابرای بازرگانی وەرشکەستە و هەروەك بەسەر گروهی حەوت کەسیدا هات دۆش دادەمان و چارەنووسی ئەو هەموو گەنجەتان بەربادەدا کە بە یەك دنیا هیواو هومێدو هێزەوە هاتبوونە نیو حیزبی دیموکراتی کوردستان.

ڕەشەمەی ٢٠١٢

[١٢]. کۆبوونەوەیەکی کومیتەی ناوەندی لەگوندی برایمەی مەنگوڕایەتی گیرا کە تەنیا ئەندامانی ئەسڵی کومیتەی ناوەندی تێیدا بەشدار بوون تا لەسەر هێندێك مەسەلەی گرینگ باس بکرێ و قەراریان لەسەر بدرێ. ئەو دەمی مەلا ڕەسووڵ خۆی مشاویری کومیتەی ناوەندی بوو، بەڵام هیچ کام لە مشاویرەکان دەعوەت نەکرابوون. مەلا ڕەسووڵ بەقسەی کاك غەنی بەخۆی و پۆلێك پێشمەرگە هاتبوون و دەرکەوت بۆیە هاتبوون قەلا واتە حیزبی دیموکرات بڕوخێنن و بە کوردی کودتایەك بکەن.

# مێژووی کۆماری کوردستان لە وێنەدا

ڕۆژی ٧ی خاکەلێوەی ٢٠١٣ یان ١٣٩٢ی هەتاوی، لە لایەن دەفتەری سیاسی مەئموریەتێکم پێ سپێردرا بچم بۆ سلێمانی لە ڕێورەسمێك دا کە بە بۆنەی ١٠ی خاکەلێوە ڕۆژی شەهید بوونی پیشەوا قازی لە هۆڵی ئەمنە سوورەکە لە لایەن یەکێتی نیشتمانی پێك هاتبوو بنەماڵەی پێشەوا و کەسایەتیکی زۆریش ئامادە بوون بەشدار بم. بەم بۆنەوە سێ کتێب کە پێشتر چاپ کرابوون بڵاو بوونەوە کە بریتی بوون لە:

١ــ مێژووی کۆماری کوردستان لە وێنەدا" کە لە لایەن ئارام محمد غەریب و کاك شارئورەمار ئامادە کرابوو.

٢ــ " میناقازی هاوسەری پێشەوای نەمر" ئامادە کردنی کاك شار ئورەمار

٣ــ " یازدە مانگ و بیست ڕۆژ بەختەوەری " نووسینی "سمایلی ماملێ".

## کتێبی یەکەم

لەم کتێبەدا کە زیاتر وێنەکانی ئاڵبۆمی ماڵە پێشەوای لەسەر کۆماری کوردستان تێدا چاپکراوە و لە لایەن کاك عەلی قازی واتە کوڕی ڕەشەوە بە پێی یاداشتێك بەخەتی خۆی بە محەمەد غەریبی پێی بەخشیون چاپ کراون و لە ڕاستیدا وێنەی زۆر جوان و نایابی تێدا چاپکراوە و ئاڵبۆمیکی زۆر بەنرخە بەڵام هێندێك کەم و کووڕی تێدایە کە هەوڵدەدەم ڕاستیان بکەمەوە تا ئەگەر ڕۆژێك چاپکراوە بەرچاو بگیرێ. وێڕای سپاس لە زەحمەتی ئەو دوو بەڕێزەی ئامادەیان کردوە دەستخۆشی لە بنەماڵەی پێشەوا دەکەم کە ئەو وێنانەیان لە ماوەی پتر لە ٦٥ ساڵدا بە زەحمەتێکی زۆر لە فەوتان پاراستووە و بەم شێوە تەحویلی نەتەوەی

کوردی دەدەنەوە کە پێشەوای مەزن و هەموو شەهیدان خۆیان لە پێناو ئازادی ئەوان و رزگاری نیشتمانەکەیاندا بەخت کرد.

١ـ لە لاپەڕەی ١٢دا وێنەیەك هاتووە لە بنی نووسراوە هێزی " ئورمێ" ئێمە لەو کاتەدا هێزمان بە ناوی شارەکانەوە نەبووە. ئەو بەشە لە هێزی کوردستان لە ڕۆژنامەی ژمارە١٢ی کوردستان لە ئاماری هێزی چەکداردا بە ناوی " تاقمی بنەماڵەی سەید عبداله گەیلانیزادە بە سەرکردایەتی سەید فەهیم" ناودێر کراوە و لە ریزی نۆهەم نووسراوە و لە ٢٠٠ کەس پێك هاتووە.

وێدەچێ ئەوەی لە دەستی راستی حاجی سەید عبداله بە بالتۆی نیزامییەوە دانیشتوە سەید فەهیم بێ کە فەرماندەیان بووە.

٢ـ لە خوار لاپەڕەی ١٣دا لە بن وێنەکە نووسراوە " خانووی دادوەری شار"

لەو کاتدا ئەو خانوە کە مڵکی میرزا عبداله کەریمی بووە شوێنی " هەیئەتی رەئیسەی میللی کوردستان" بوو کە بەر لە پێك هاتنی کۆمار وەك بەرپرسانی حیزبی کاروباری حیزب و خەڵکیان رادەپەڕاند. وێدەچێ دواتر مەلا حسینی مەجدی کە وەزیری داد بووە ئەرکی خۆی لەوێ بەرێوە بردبێ.

٣ـ لە لاپەڕەی ١٤ لە خوار وێنەکە رەدیفی ٢ نووسراوە کەریم نزامی. ئەو ناوە هەڵەیە و ئەو کەسە " کەریم نازمی"یە. کە بەداخەوە دوای کۆمار لە بەندیخانەدا فەوتی کرد، زۆریش وێدەچێ لەژێر ئەشکەنجەدا لە بەندیخانەکانی تاران شەهید کرابێ. لە ریزی ٣دا نووسراوە ئەحمەد کەفاشی. ئەوەش " حوسێن خفافی"یە.

٤ـ لە لاپەڕەی ١٥ ئەگەر لە پێش ڕەستەکەدا وشەی "دیمەنێکی" لێ زیاد کرێ باشتر دەبێ، چونکو رەنگە سەدان وێنە لەو ڕۆژەدا هەلگیرابێ کە باشترین و ناسراوترینیان ئەوەی لاپەڕە ١٣یە.

٥ـ لە لاپەڕەی ١٦ نەفەری دووهەم لە دەستی راست زیاتر وەك مەلا حسینی مەجدی دەچێ. بەشێك لەوانی دیکەش لە راست و چەپ ناسراون ناویان بنووسرێ باشترە. لە راستەوە چوارەم محەمەد داودی نەفەری پێنجەم مەلا

محەمـەدی لاهیجـانی ناسـراو بـە مـەلا محەمـەدی درپکـە. نەفـەری ٦ سـەدیق حەیدەری‌یە لە چەپەوە مەلا سەدیق صدقی، مـەلا عبدالـە مدرسـی، سـەید عـەلی حسینی.

٦ــ لاپەڕەی ١٧ رەسوول سەرهەنگ " فەرماندە" ناوی کەسێکی ئاوا نەناسراوە، رەنگە ئەو رەسووئاغایە بێ کە لە ڕیزی ئێعدام کراوەکانی سەقزدا ناوی هاتووە.

٧ــ ل ١٩ ریزی دووهەم لە چەپەوە نەفەری ٢ "کەریم یـاهو" نی‌یـە، "محەمـەد یاهوە". نەفەری ٥ "سەعید هومـایون" نی‌یـە، " حوسـێنی فروهێـرە". لـە جـەدوەلی وەزیراندا وەزیـری کشـتوکاڵ "محەمـەد وەلـی‌زادە" نی‌یـە " مـەحمود وەلـی‌زادە" راستە.

٨ــ ل٢٠ دەبێ لە ئاخری نووسراوی ژێر وێنەکە بنووسرێ " و جەماعـەتێك لـە کار بەدەستانی کۆمار"

٩ــ ل٢١ زۆربەی ئەوانە وەزیر نەبوون، هەر نەفـەرەکانی ٢ــ٦ی دانیشـتوو ٤ــ٦ راوەستاو وەزیر بوون.

١٠ــ ل٢٢ ژمـارە ١٠ "محەمـەد ئـەمین شـەرەفی" راسـتە ١١ "محەمـەد دڵشـاد رەسووڵی" راستە.

دانیشتوان ٣ جێگەی پرسیارە ٥ " مامە غەنی خوسرەوی" راستە.

١١ــ ل٢٤ لە ئاخری نووسراوی ژێر وێنەکە کۆناری بکرێتە کۆماری

١٢ــ ل٢٧ "محەمەد وەلیزادە نی‌یە " مەجید وەلـی‌زادە" راسـتە. " سـەید عبدالـە شەمزینی " نا راستە، وێدەچێ "سەید عەلی" بێ کە دوایە بە "سەید عەلی رەزگە" دەناسرا. لەو بنەماڵە جگە لە "سەید عـەلی و سـەید عزیـز" "سـەید مووسـاش" بـۆ خوێندن چووبوونە باکۆ. "سەید عزیز" بۆ خوێنـدن لـەوێ مـاوە و تـا دەرەجـەی دوکتوراشی خوێند. دوو کەسەکەی دیکە دوای تێکچوونی کۆمار گەڕانەوە.

١٣ــ ل ٢٨ ژمارە ٣ " خەلیل بلوریان" ، ژمارە ٥ جێگەی پرسیارە. ژمـارە ٧ " قادر مەحمودزادە"، ژمارە ٢٣ " رەحیم شیرزاد"، ژمارە ٤٨ " عبـدالخالق (سـوورە

خوسروەی)" ، ٤٤ " کەریم کەریمی". لە نێو ئەو ناوانەدا ناوی چەند کەس نەهاتوە وەك١ــ رەحمان گەرمیانی ٢ــ مستەفا شەڵماشی ٣ــ سەید کەریم ئەیوبیان ٤ــ سەید تەها ئەیوبی ٥ــ رەحیم سەیف قازی ٦ــ حامید خوسروەی ٧ــ فەتتاح حەمیدی ٨ــ عەزیز فەرهادی ٩ــ هاشم نانەوازادە ١٠ــ عبدالخالق خوسروەی ( سوورەی خوسرەوی) ١١ــ لەتیف کەریمی ١٢ رەحمان حەلەوی ١٣ــ حەسەن حیسامی.

بێ گومان ئەوانە لە نێوە نەناسراوەکاندان.

پێویستە وەبیر خوێنەرانی بەرێز بخەینەوە کە بەشی هەرە زۆری ئەو خوێندکارانە گەڕانەوە. ئەوانە کەمتر کەسیان یا سیاسەتیان کرد یا خوێندیان. لەو تیپە دەتوانین غەنی بلووریان، ناو بەرین کە سیاسەتی کرد و هەروەها فەتتاح حەمیدی، رەحمان حەلەوی، محەمەد رەیانیم لەبیرە کە خوێندیان و بوونە شت. بەڵام ئەوانەی لەوێ مانەوە جگە لە عەزیز فەرهادی کە بە داخەوە زۆر زوو هەر لەوێ مرد ئەوانی دیکە هەموویان خوێندنی باڵایان تەواو کرد و تا دەرەجەی دوکتورا لە بەشە جۆراوجۆرەکاندا چوونە پێش. دوکتورەکان ئەوەندەی لەبیرمن ئەمانە بوون: " ١ــ عەزیز شەمزینی، عەلی گەلاوێژ، مستەفا شەڵماشی، سەید کەریم ئەیوبیان، حەمید خوسروەی، رەحمان گەرمیانی، رەحیم سەیفی قازی، قادر مەحمودزادە، سولتان وتەمیشی".

١٤ــ ل٣٠ خەجیج خانم خێزانی سەدیق حەیدەری‌یە نە خوشکی ئەو. سجیلەکەی "مەجدی"یە کچی مەلا حسین مەجدی وەزیری دادی کۆمارە.

١٥ــ ل٣١ میرزا مستەفا سوڵتانیان وەزیر نەبووە.

١٦ــ ل٣٢ سەعید خانی هومایون راستە.

١٧ــ ل٣٧ لەژێر وێنەکە " سەعادەتی " بکرێتە " سەعادەت"

١٨ــ ل٣٨ــ٣٩ ژمارە ٥ مەلا عبداله فاضلی ٧ عەلی مەحمودی راوەستاو لە راستەوە ٥ محەمەد حەبیبی ٦ ضیائی ١١ محەمەد سیگاری ١٤ مارف فتوحی.

ڕەدیفی ٣ نەفەری ٤ محەمەد صدقی ٨ قاسم حیجازی ڕەدیفی ئاخر ڕاوەستاو لە پشت حیجازی حەسەن کاکاغازادە.

١٩ــ ل٤٣ ژێر وێنەکە قەرە پەپاغ

٢٠ــ ل٤٤ سدیق حەیدەری ڕاستە ئەو سەید نەبوو.

٢١ــ ل٥٠ ڕیزی دانیشتوان ٣ محەمەد ئەمین شەرەفی ڕاستە. ڕەدیفی ٤ وەزیری دارایی نەبوو، وەزیری ئابووری بووە.

٢٢ــ ل٥١ ناوەکانی فروهیر و ئیلاهی گۆڕاوە.

٢٣ــ ل٦٩ سەید عوبەید لە سەردەمی کۆماردا مامۆستای ڕەسمی نەبوو، قوتابی ناوەندی بوو. کاتێك مەدرەسەی "گەلاوێژ" شەوانە لە ماڵی ئیمە دامەزرا کە ئەو لە شوێنێك ناوێکی دیکەی لێ نابوو قوتابی دەوری یەکەم بوو، دوایەش هەر لەوێ شەوانە دەرسی کوردی دەکوتەوە. زۆر بەهەست بوو. دوایە لە ساڵی ١٣٢٧ دەگەڵ پۆلێك لاو گیران. دوومانگ لە جیاتی بەندیخانە لە نەخۆشخانەمایەوە، پاشان کە ئازاد بوو لە حیزبایەتی‌و تێکۆشانی سیاسی بۆ هەمیشە دابڕا.

غەنی بلووریان لە بەرپرسانی یەکیەتی لاوان بوو. زەمانی کۆمار ئەفسەر نەبوو، بەڵام وەك خوێندکار بەرێ کرا بۆ باکۆ. دوای کۆمار بەشی هەرە زۆری ئەو نێردراوانە بەسەر پەرەستی غەنی گەڕانەوە بۆ کوردستان. غەنی وەك تێکۆشەری سیاسی مایەوە و ٢٥ ساڵ گیرا.

٢٤ــ ل٧٤ لە ژێر ئەو وێنە بنووسرێ " میرمیرێن لە دەورەی ژنك لە گەڕەکی رزگەییان" میر لە نێوەراست دوو وەزیر لە دەوری دەگەڵ دەست و پەیوەندەکەی. ئەو میرە نێوی قادر بوو دوای کۆماریش هیچ کات نەیوێرا بێتەوە مەهاباد هەر بە قاچاغی لە دێهات ژیا. میرێکی ئاواش لە گەڕەکی هەرمەنیان سازکرا. میرەکە صدیقی سیاسەری بوو کە ماوەیەکیش دواتر لەگەڵ لاوەکان و حیزب کاری کرد.

٢٥ـ ل٧٥ بوونی وێنەی قەرەنی ئاغای مامەش کە هەموو کات دژی ژـك و کۆمار و بە توندی شاپەرەست بوو لێرەدا مانای نییە. دەبێ بۆ حەمەرەشید خانیش بنووسرێ یەك لە چوار ژنەراڵەکانی کۆمار بوو.

٢٦ـ ل٧٧باوکی پێشەوا بە قازی عەلی بەناوبانگە نە بە عەلی قازی.

٢٧ـ ل٨٩ لە ژێر وێنەکەدا بە میناقازی ناسراوە نە مینا وازی.

٢٨ـ ل٩٠ سوهەیلا دروستە نە سوهەیلە.

٢٩ـ ل٩٤ گومانم هەیە ئەوە کوڕی ڕەش بێ!

٣٠ـ ل٩٧ ناسناوی سیفالقضات بووە شاعیری بەناوبانگی موکریان بووە.

٣١ـ ل٩٩ ژێر وێنەکە مستەفا سوڵتانیان.

٣٢ـ ل ١٠٣ نەوەکانی راستە

٣٣ـ ل١٠٥ گۆڤاری نیشتمان بەر لە کۆمار دەرچووە ئورگانی رەسمی کۆمەڵەی ژـك بووە.

٣٤ـ ل ١٠٧ کەسی یەکەم لە چەپەوە کاکە رەحیم جەوانمەردی قازی ٣ـ قازی محەمەدی حاجیاوا باوکی کاك ئەحمەدو کاك ئەمیر ٤ـ ئاغای سالاری میرزا فەتتاحی قازی باوکی کاکە رەحیم. حەسەنی قازی کوڕی رەحیم قازی ٥ـ میرزا وەهاب قازی ٦ـ وەك مستەفا قازی دەچێ.

٣٥ـ ل١١٠ پۆلێك دانیشتوانی چەك بە دەستن کە لە دەوری حاجی سەید عبدالـە ئەفەنـدی ( شـەمزینی ) دانیشـتوون. زۆربـەیان خـەڵکی تەرگـەوەڕ و مەرگەوەرن بە کڵاوی تایبەتی شکاکانەوە کە پێیان دەکوت زۆپا.

٣٦ـ ل١١٢ ژمارە ٨ مەلا عبداله مدرسی.

٣٧ـ ل١٢٢ وێنە گشتییەکە راوەستاو نەفەری ٧ـ حاجی سالح شاتری نەفەری ٤ راوەستاو سەعید شافیعی کوڕی میرزا رەحمەتی شافعی.

٣٨ـ ل١٢٤ وێنەی خوار لاپەڕە نەفەری شەشەم لە چەپ قەرەنی ئاغای مامەش راستە نە ماوەرەش

٣٩ــ ل١٢٥ لە وێنـەی خـوارێدا نەفەری لای چەپ نەناسـراو لەقەڵەمدراوە کە بە باوەڕی من "ڕەحمانی گەرمیانی"یە کە دەگەڵ خوێندکارەکان چووبووە بـاکۆ بە داخەوە وەك زۆربەیان نەماوە و هەر لەوێ فەوتی کردوە.

٤٠ــ ل١٣٤ لە نەخشەکەدا "زەرزا" لە قەڵەم کەوتووە.

٤١ــ ل١٣٥ سەید عبدالعزیز ڕاستە، کـە هـەمان خوالێخۆشبـوو "سـەید عـەزیز شەمزینی" کوڕی "حاجی سەید عەبدوڵلا ئەفەندی"یە.

خاکەلێوەی ٢٠١٣

## یای مینای قازی هاوسەری پێشەوای نەمر

لەسەر کتێبی "مینا خانم قازی هاوسەری پێشەوای نەمر" وێرای دەستخۆشـی لـە زەحمەتەکانی کاك شار ئۆرەمار بۆ ئامادە کردنی ئەو کتێبە و وتوویژ دەگەڵ مینا خانم هاوسەری وەفادار و فیداکاری پێشەوا قازی محەمەد پێم خۆشە بپرسم کاك شار بۆ لە لاپەڕە ۹ دا ئاماژە بە دامـەزرانی کۆمەڵەیـەکی بچـووك دەکـا؟ ئەگـەر شتێکی جیا لە "ژـ ك"ـە بۆ ناوی نابا تا ئێمەش بیزانین. ئەگەر مەبەستی کۆمەڵەی "ژـك"ـە کە ناوی بەشی زۆری دامەزرێنەرانی هێناوە بۆ کۆمەڵەی بچووك. ئـاخر کۆمەڵەی ژـ ك کە لە ۱۳۲۱/۵/۲۵ هەتاوی واتـە نیزیکـەی سـاڵێك دوای هـاتنی هاوپەیمانان بۆ ئێران و نـەمانی حکوومـەتی پەهلـەوی لـە بەشـێك لـە کوردسـتان دامەزراوە، پاش چەند مانگێك هـەموو موکریـانی تـەنیوە بگـرە بـەرەو باشـوورو باکووری کوردستانی ڕۆژهەڵاتیش چوو، هەستی کوردایەتی نـە تـەنیا لـە بەشـی زۆری کوردستان جووڵاند بەڵکوو بوو بە مایـەو پایـەی هاتنـە وجـوودی حیزبـی دێموکراتی کوردستانیش.

هەر لەو لاپەڕەدا ناوی هێندێك کەس بە هەڵە نووسراوە لەوانە قاسم قادری بـە قاسم حەیدەری نووسـراوە، محەمەدئـەمین شـەرەفی بـە محەمـەد ئـەمین شـەریفی نووسیوە، ناوی رەحمان هیولی هێانوە کە من یەکەم جارە دەیبیسـم، ئـەوە دەبـێ رەحمان کەیانی بێ. پێویستە ئەوەش بکوترێ کە بەشێك لەوانە دوایە کە بوون بە ئەنـدام تێکۆشـەر بـوون بـەڵام لـە دامەزرێنـەران نـەبوون. گوندەکـەی شـێخ مەحموودیش " سریل‌ئاوا" یە نە سیرلاوا.

لە لاپەڕەی ۱۰دا باسی سازبوونی کۆمەڵێك دەکا کە بەرپرسەکەی بـە محەمـەد خەدیو دەناسێنێ کە زۆربەی ئەندامەکانی لە توێژی هەژار بوون. گوایە ئەوانە لـە ژێر کاریگەری بۆلشویزمدا بوون و لە زەحمەتکیشان دەیفاعیان کردوە. وێـدەچێ

ناوەکەشی هەر حەمە خەدیوو بووبێ بەڵام دەسەڵاتدارە دەوڵەمەندەکان بە حەمە هـەتیو ناودێریـان کـردوە و ئاخریەکەشـی هـەر بـە دەهـۆی دەوڵەمەنـد و دژانـی بۆلشویزم کوژراوە. سەردەمێکیش وەك دەنگۆ بڵاو بۆتەوە کە گۆیا قـازی عـەلی باوکی پێشەوا ئەو حیزبەی کە کاتی خۆی بـە نـاوی "محەمـەدی" هـەبوە بـەرێوە بـردوە، وەك کـوتراوە پەیوەنـدیان بـە بزوتنـەوەی شـێخ محەمـەدی خـەیابانی لـە تەورێزیشەوە هەبوە.

هەر لە لاپەڕەی ١٠دا باسـی دوور خسـتنەوەی هێنـدێك کـەس لـە کوردسـتان دەکا و دەڵێ عەلی ئاغای حاجی ئیلخانی یەك لەوانە بووە. من پێم وانییـەناوبراو لە کوردستان دوورخرابێتەوە. ئەو لەقەبی ئەمیر ئەسعەدیش کە زیاتر هەر بەو ناوە ناسراوە لە لایەن خاوەن دەسەڵاتانی تارانەوە پێی دراوە. ناوبراو دەگەڵ کۆمەڵە و حیزبی دێموکراتیش ئاوی بە جۆگەیەکدا نـەرۆیوە و دوای ئـەوەی محەمـەدرەزا پەهلەوی لە مەهاباد حوکمی نەما ناوبراو لە لایـەن تارانـەوە کـرا بـە فەرمانـداری مەهاباد و ماوەیەکیش لەوێ بوو بەڵام خـەڵك پێـی رازی نـەبوون و چـۆوە ماڵـە خۆی، قەت ددانی خێرێ بە کوردایەتی و کۆماردا نەهێنا.

هەر لەو لاپەڕەدا باسی سەفەری ئەمیر ئەسعەد دەگەڵ هەیئەتی کوردان بۆ باکۆ دەکا، بەڵام عەلی ئاغا دەگەڵ نەبووە بەڵکوو عومەر ئاغای کوڕی دەگـەڵ بـووە. قەرەنی ئاغای مامەشیش دەگەڵ نەبووە.

لە پاراگرافی ئاخری ئەو لاپەڕەدا دەبـێ سـێ نـاوی " ئـەمیر ئەسـحەد، وپـوق، قوتاس" چاك کرێن و بکرێنە " ئەمیر ئەسعەد، وثوق و قۆیتاس".

لە لاپەڕەی ١١دا کە باسی کۆمەڵەی ژـك دەکا نـاوی نەجمەالـدین تەوحیـدی بە هەڵە تەوحودی نوسراوە. بە خۆشی‌یەوە دەبینم بۆ یەکەمجار ناوی مەلا عبدالـە داودی ناسراو بە خاڵە مەلا کە پیشتر وەك بەشداری دامەزرێنەران ناوی نەدەهاتـە نێو نێوان لێـرەدا باسـی کـراوە. ئـاخر ئـەو مرۆڤـە گـەورە و بـەڕێزە کـە هـەموو وجودی هەست و کوردایەتی بوو حەیفە مافی بفەوتێ و جێگـەی خۆیـەتی وەك

مرۆیەکی بەهەستی دامەزرێنەر و وەفادار بە کۆمەڵەو حیزبی دێموکرات وەك دامەزرێنەری یەکەم مەکتەبی کوردیش کە لە دوای دامەزرانی کۆمەڵەی ژـك ساڵی ٢٢، لە ماڵی ئێمە دانـدرا و ئێمە دوای خوێندنی دەرسی فارسی لە مەدرەسەی پەهلەوی رۆژانە، شەوانە پۆلێك لاوو تازە لاو دەچووین لەوێ دەرسی کوردیمان دەخوێند. من و کاك خەلیلی رەوانشادی براشم لە دەوری دووهەمی ئەم کلاسانەدا بەشدار بووین. ناوی قوتابییەکان لە رۆژنامەی کوردستانی ئەو سەردەمدا لە ڕیپۆرتاژێكدا هاتوە.

ل١١ ناوی نوێنەری باشوور لە کۆبوونەوەی سێ سنوور شێخ عبیدالله بووە نە شێخ عەبدوڵلا.

ل١٣ عەزیز خانی کرمانج و حسینی فروهەر کە هەردووکیان لە بەرپرسانی ژـك بوون ئێوارەی ڕۆژی ١٣٢٣/١١/٢٦ی هەتاوی لە هەیوانی خانەقای شەمزینان هەڵکەوتوو لە چوار ڕێیانی ئازادی ئێستا و دراوسێیەتی مزگەوتی هەباس ئاغا نوتقیان کرد و لەوێڕا خەڵکی چەکداری سەر بە ژـك دوایان کەوتن و بە مەیدانی چوارچرادا بەرەو ناوەندی پۆلیسی مەهاباد چوون و ئەو بنکەیان وەك دوایین پێگەی حکومەتی پەهلەوی گرت و پێنج کەسیان کوشتن و باقی پۆلیسەکانیان چەك کرد و ئازادیان کردن. ئەو چەکدارەی کۆمەڵەی "ژـك"یش کە شەهید بوو ناوی عبداله مینە خاڵند بوو کە وەك یەکەم شەهیدی ئەو سەردەم لە ریزی شەهیدانی حیزبی دێموکراتی کوردستان ئێستاش لە سەرووی لیست و نوێنگەی شەهیداندا هەر ماوە.

ل١٥ ئەندامانی کابینە لە هەموو بەڵگەکاندا چاردە کەس هاتوە هەر ١٤ش بوون. ئەگەر مەنزووری کاك شار پێشەوایە سەرکۆمار ئەندامی کابینە نییە بەڵکوو مەئموریەت دەدا بە کەسێك کابینە پێك بێنێ. خۆی لە کابینە بەدەرە. کابینە دوای ئێعلامی کۆمار لە ڕۆژی ١١ی فیورییە واتە ٢٢ی ڕێبەندان ئێعلام

کراو لە ڕۆژنامەی ژمارە      کوردستاندا چاپ و بڵاو کرایەوە کە بریتی بوون لە:

| | |
|---|---|
| سەرۆك وەزیر | حاجی بابە شێخ |
| وەزیری جەنگ | محەمەد حوسێن خانی سەیفی قازی |
| وەزیری کیشوەر | محەمەد ئەمین موعینی |
| وەزیری ئێقتیساد | ئەحمەد ئیلاهی |
| وەزیری پۆست و تەڵگراف | کەریم ئەحمەدەین |
| وەزیری فەرهەنگ | مەناف کەریمی |
| وەزیری تەبلیغات | سەدیق حیدری |
| وەزیری کار | خەلیل خوسرەوی |
| وەزیری تیجارە | حاجی مستەفا داودی |
| وەزیری کشاوەرزی | مەحموود وەلیزادە |
| وەزیری ڕێگاوبان | ئیسماعیل ئیلخانیزادە |
| وەزیری بیهداری | سەید محەمەد ئەیووبیان |
| وەزیری موشاویر | عەبدولڕەحمان ئیلخانیزادە |
| وەزیری عەدلیە | مەلا حوسێن مەجدی |

لە لاپەڕەی ١٨دا باسی عیسمەت خانم کچە گەورەی پێشەوای کردوە. ئەوە ڕاستە کە عیسمەت خانم کیژێکی خوێندەوار، وریا و چالاکی سیاسی بوو. لە ڕۆژنامەی کوردستانی زەمانی کۆماردا باس لەوە هاتۆتە گۆڕێ کە لە کۆبوونەوەی ژناندا وتاری هەبووە. ئەو کیژێکی دڵسۆز و ڕاستگۆ و بە ئیمان بوو. دوای کودتای ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٣٢ی هەتاوی کە شا بە دژی دوکتور مصدق کردی من بۆ ماوەیەك بەرپرسی تەشکیلاتی حیزب بووم و هەر لەو

بەرپرسایەتێشدا بووم کە دوو جار گیرام لە پاییزی ٣٢ و هەروەها لە پاییزی ٣٣. لەو ماوەدا عیسمەت خانم بەرپرسی یەکیەتی ژنان بوو. بەو پەڕی دڵسۆزیەوە دەگەڵ خانمە خانمی ئامۆزای کچی شەهید سەدری قازی و خێزانی دوکتور رەحیم سەیفی قازی و دایکی حەسەنی سەیفی قازی زۆر بە چالاکی تێدەکۆشان.

عیسمەت خانم لە ئاخریەکانی ساڵی ١٣٣٢ و سەرەتاکانی ٣٣ لە سەر موافەقەتی خۆی و بنەماڵەی و هەروەها بە دوای پرس و ڕا دەگەڵ حیزب لە دوکتور شیرازی مارە کرا.

دوایە دوکتور شیرازی دەگەڵ جەمعێکی وەك هاشم خەلیلزادە، عەلی خوسرەوی... لە لایەن بەرپرسانی حیزبی توودەوە ئێعترافیان لەسەر کراو گیران. ماوەیەك لە بەندیخانەی تاراندا مانەوە بەڵام دەگەڵ بەربوونی دوکتور شیرازی هەواڵی مەرگی عیسمەت خانم بڵاو بۆوە. ئەو کات من دەربەدەر بووم هێندێك جار لە شارە گەورەکان و زۆر جاریش لە دێهات بە نەهێنی خەریکی تێکۆشانی حیزبی بووم بەڵام هەتا ئێرەش بۆ حیزب روون نەبۆوە عیسمەت خانم بۆ خۆی کوشت و چۆن مرد. ئەو زەماوەندەش هەر نەکراو ناکام بوون. ئەو گۆرانیەی رەوانشاد محەمەد ماملێ: " زەمانە گوڵێکی دامێ لێی ستاندم ـــ بۆنم پێوە نەکرد لێی هەڵپساندم" شێعرو ئاهەنگی دوکتور شیرازییە و بێ هیچ گومانێك بۆ لە دەست چوونی عیسمەت خانمی کوتووە.

دیارە کاك شار لەو کتێبەدا بە درێژی باسی فیداکاری ئەو شێرە ژنە بە وەفاو بەقایەی پێشەوای کرد کە تەواوی تەمەنی لە خزمەت گەورە کردن و پێ خوێندنی حەوت کچەکەی دابوو، هیچ کات لە دەربڕینی هەستی کوردایەتی لە لای دۆستانی غافڵ نەبوو، بەڵام بەداخەوە کاتێك ١٧ی ڕەشەمەی ٩٨ فەوتی کرد لە شارەکانی مەهاباد و تاران و لە وڵاتانی ئاڵمان و فەرانسە و بەغدای پایتەختی عێراق و ... سەرەخۆشی بۆ داندرا کەچی بەداخەوە لە زەمانی سکرتێری مامۆستا

عەبدوڵلا حەسەنزادەدا لە ژێر کاریگەری کەسانێك کە هیچ کات مینا خانمیان نەدیبوو و نەیانناسیبوو حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران سەرەخۆشی بۆ دانەناو نەیانهێشت یەکێتی ژنانیش بەو ئەرکە هەستێ کە زۆریشیان حوز دەکرد ڕێوڕەسمی سەرەخۆشیی بۆ دابنێین.

لە ل٢١دا کاك شار باسی باوکی دەکا کە لە تەمەنی ١٣ساڵاندا پیشمەرگە بووە. ئەو کات ١٣ ساڵان نە تەنیا وەك پیشمەرگە وەرنەدەگیرا بەڵکوو بۆ ئەندامەتی یەکیەتی لاوانیش نەدەبوو تەمەن لە ١٥ ساڵ کەمتر بێ. بێ گومان باوکت یا تەمەنی زیاتر بووە یا هەر دەگەڵ هێزی ناوچە هاتۆتە مەهاباد.

لە پاراگرافی یەکەمی لاپەرەی ٢٦دا ٢٥ی ڕێبەندانی بە ڕۆژی ڕاگەیاندنی کۆمار داناوە کە ئەوە ڕاست نییەو دروستەکەی ٢ی ڕێبەندانە. لە زمان مینا خانمەوە هەر لەو پاراگرافەدا ڕەستەیەك لە زمان پیشەواڕا دەگێڕێتەوە کە گۆیا "لە نوتقی ئیعلامی کۆماردا فەرموویەتی: "میللەتی قارەمان و بەڕێزم، چوونی سەر تەخت چوونی سەرداریشی لەگەڵدایە، من لێرە چوومە سەر تەخت، هەر لێرەش دەکوژرێم، ئەوە باش دەزانم " ئەوەش ڕاستی نییە، چونکو دەقی فەرمایشەکانی پێشەوا لەو ڕۆژە پیرۆزەدا لە ڕۆژنامەی ژمارە ١٠ و ١١ی کوردستانی ئەو سەردەمدا چاپ کراوە و ئەوەی تێدا نییە. هەر لە عەقڵی سالم و مەتقیش دوورە لە ڕۆژێکی ئاوا پڕ لە شادی و مێژوویی‌دا کەسێکی وەك پێشەوا قسەی ئاوای کردبێ.

ل٢٧ پاراگرافی یەك مەئمورانی شارەداری نەبوون کە ماڵە پێشەوایان پشکنیوە. ئەوانە یا پۆلیس واتە مەئمورینی ئاگاهی و شەهرەبانی بوون یا کاربەدەستانی روکنی دوو بوون. شارەداری لە ئێران بە خزمەتی نێو شار رادەگا و کاری بە سیاسەت و پشکنین نییە.

ل٣٥ باسی شادرەوان زەبیحی دەکاو و دەنووسێ: "بۆ خۆی نەماوە و بەلام منداڵەکانی لە عێراقن."

بە داخەوە زەبیحی هەر بە تەنیا ژیاوە و ژنی نەهێناوە تا منداڵی هەبێ.

ل٣٦ لە دێڕی شەش‌دا باسی محەممەدی وەلیزادە دەکا کە وەزیـری کشـتوکاڵی کۆمار بوە. ئەو وەزیرە ناوی مـەحمودی وەلـی‌زادە بـوو. تـا سـێ سـاڵ پـێش لـە تـەورێز دەژیـا و بەداخـەوە کـۆچی دوایـی کـردوە. هـەر لـەم لاپـەڕەدا باسـی ئیسماعیلی ئیلخانی‌زادە دەکا. بەڵێ ناوبراو کە وەزیری ڕێگەوبان بوو هەتا ئێستاش ماوە و لە بۆکـان دەژی و بـاوکی عومـەری ئیلخـانی‌زادەی بەرپرسـی کۆمەڵەیـە. حاجی سمایل ئاغا ئاخرین وەزیری کۆمارە کە تا ئێستا کە بانەمەڕی ٢٠١٣یە لـە ژیاندایە.

ل٣٩ باسی دەرکردنی کوری ڕەش لە خوێندنگە دەکا. ئێمە هاوکلاس بووین و بە یەکەوەش بەینێك حیزبایەتیمان کردووە. ئەو لە مەکتەب دەرنـەکراوە، هـەر ئەو کات کە ئەندامی کومیتەی شارستانی مەهاباد بوو ئیزنی وەرگرت چوە تاران ملکە داگیرکراوەکانیان وەرگرێتـەوە تـا بتـوانن پێـی بـژین بـەڵام زۆری پێ‌چـوو نەهاتەوە. دوایە دەرکەوت چۆتە دەست ماچ کردنـی شـا کـە زۆر جێگـەی داخ بووا عیسمەت خانم کە لە ماڵی خۆیان ئەو خەبەرەی بە من دا وەك تاوی بـاران دەگریا و لەخۆی دەدا و دەیکوت: "ئابڕووی بردین کەرامەتی شکاندین!"

دوای ئەو چاوپێکەوتن و بە عسەتەی دەگەڵ پۆلێك کورە عەشیرەت و سەرۆك حێلەکان بە شایان کرد. شا ڕوحمـی بـزووت و قـەراری دا بـۆ خوێنـدن بینێرێتـە ئاڵمـان. چـوە ئاڵمـان بـە بورسـیەی حکوومـەتی شـا خوێنـدی و دوایـەش لـە سەفارەتخانەی ئێران لە ئاڵمان دایان مەزراند. ئەلعانیش ئـەوە شـوکر شۆرشـگێرەو سەرۆکی پارتی ئازادی کوردستانە!

ل٣٩ هێندێك لە ناوەکان لە پاراگرافی ئاخر و لاپـەڕەی دواتـریش‌دا گـۆڕاون. سەرهەنگ سەلاحیش خەڵکی باشووری کوردستان نەبوو، فـەیزووڵلا بـەگی بـوو خزمایەتیشیان دەگەڵ ماڵە پیشەوا هەبوو. بابی عەلی گـەلاوێژ و سـۆران سـەلاحی

ئەدیب بوو. ناوبراو دوای شەهید کرانـی محەمـەد نانـەوازادە بـوو بـە فەرمانـدەی هێزی پێشمەرگەی ناوەند لە مەهاباد.

ل٤٠ دڵشاد ڕەسووڵی لە باشوور لە لایەن شۆڕشی ئەیلوولەوە کوژراوە. لە سەر چ تاوانێك تا ئێستا بۆ ئێمە ڕوون نی‌یە.

ل٤٣ پـاراگرافی ٣ ئـەو کەسـەی بـە ناحـەق تێـرۆر کـراوە " غـەفوور مەحموودیان"ـە کە پیشەوا بۆ خۆی چۆتە سەرەخۆشی و لەوێ رایگەیانـدوە کـە حکوومەتی کۆمار و حیزب ئەو کارە مەحکوم دەکەن و ئەو کارە بە پێچەوانەی ئوسولی حیزب و کۆمارە، وەك ڕەشە کوژی شەرمەزاری کردوە.

ل٤٤ بارزانی‌یەکان کە هاتوونە ڕۆژهەڵات لە پێنج هەزار کـەس زیـاتر نـەبوون ئەوانەی لە هێزی پیشمەرگەش‌دا ریك خران سەرجەم ٢٠٠٠ کەسێك بـوون و لـە راستیدا ئەوی دەستی تفەنگی دەگرت ببوو بە پێشمەرگە.

ل٤٦ لە پاراگرافی ٢دا باسی چەند ئەفسەری خوراسانی دێتـە گـۆڕ. مینـا خـانم فەرموویەتی باشم لەبیر نەماوە، بەڵام ئەوەنـدەی منـی ڕەخنـە نـووس ئاگـادار بـم چەند ئەفسەرێك هاوزەمان دەگـەڵ پێـك هـاتنی حکوومـەتی میللـی ئازەربایجـان بەسەرۆکایەتی سەید جەعفەری پیشەوەری، لـە خۆراسـان نیوەقیامێکیـان کردبـوو بەڵام تێیدا سەرکەوتوو نەبوون. دوای شکستی کارەکەیان هاتبوونە ئازەربایجان و لە خزمەت فیرقەی دێموکرات و حکوومەتی ئازەربایجان‌دابوون. کاتێك ئەرتەش بەرەو تـەورێز دێ و بەرپرسـانی بـاڵای حکومـەت لـە ڕێگـەی جولفـاوە چوونـە سۆڤیەت. ئەو چەند ئەفسەرە ڕوو لە کوردستان دەکەن بەو هیوایەی کە ڕەنگە لە کوردستان مقاومەت بکـرێ و ئـەوانیش ئـەرکێك بـەرێوە بـەرن و پـارێزراو بـن. کاتێك بۆیان دەرکـەوت کـە بریـاردراوە شـەر نـەکرێ بـە دوای بارزانی‌یەکانـدا بەرەو نەغەدە رۆیشتن، کـە شـەر لـە نیـوان حکوومـەت و بارزانی‌یـەکان‌دا دوای گەڕانەوەی مەلا مستەفا لە تاران ساز بوو، ئەوان زۆر ئازایانـە بـە دژی لەشـکری شا هاوکاری بارزانیەکانیان کردو زۆریش توپچی چاك بوون. وێڕای پاشەکشـەی

بارزانیەکان بۆ عێراق ئەوانیش کە سێ یا چوار کەس بوون چوونە خاکی عێراق و خۆیان بە دەستەوەدا و گیران. دواتر کە ئێران لە ڕێگەی سەفارەتەوە ئاگادار بوو داوای کردن. دەولەتی عێراق بەو مەرجە تەحویلی دانەوە کە ئێعدام نەکرێن. ئێرانیش بۆ یەکەم جار وەفای بە قەولەکەی کردو نەیکوشتن بەڵام زیندانی هەتا هەتایان دانێ و چەند ساڵیش لە بەندیخانەدا مانەوە. دوایین کەسیان پاش ١٥ ساڵ ئازادکرا کە ئاغای تەفرشیان بوو. دوو کەس لەوان بیرەوەری خۆشیان نووسیوە و باسی ئەو شەڕانەی بارزانی‌یەکان دەگەڵ ئەرتەشی ئێران دەکەن.

ئێمە کە ساڵی ٣٨ گیراین و دوای چەند مانگ شکەنجە و ئازار بردیانینە بەندیخانەی قەسری قاجار، یەك دوو کەس لەوان بە ناوەکانی تەفرەشیان و زەر بەخت لەوێ مابوون و دوایی ١٠ــ١٥ ساڵ مانەوە لە بەندیخانە ئازادکران.

هەردوو کەسیان بیرەوەری خۆیان لەم شەرانە و لەسەر بارزانیەکان و چلۆنایەتی شەڕ کردن و ئازایەتیان نووسیوە و بۆ خوێندنەوە زۆر باشن. تا لە تاران بووم ئاگام لێیان بوو بەڵام لە هاوینی ١٣٥٨را کە لەترسی جەلادانی خومەینی تارانم بەجێ هێشت لەوان و زۆر لە دۆستانی تاران و یارانی قەدیمی بەندیخانەکانی چەند ساڵە بێ خەبەرم.

ل٥٢ باسی گێڕانی تەرمی سلیمان موعینی لە کوچەو کۆڵانی مەهاباد دەکرێ. ئەوە ڕاست نی‌یە، تەرمی سلیمان لە شاری مەهاباد نەگێڕدرا و دوای ئەوەی شەوێك لە ژاندارمەری ڕاگیرا بە ئامبولانسی شێروخورشید گەیەندرایەگۆڕستانی بوداق سوڵتان و لە نێو ئاپۆڕای خەڵكدا بە خاك سپێردرا.

بە نیازم چلۆنایەتی وەرگرتنەوەی تەرمەکەی و تەرزی ناشتنەکەی و سەرەخۆشی‌یەکەی بنووسم و هەر لەو پەرتووکەدا یا دواتر بلاوی بکەمەوە.

ل٥٣ لە پاراگرافی یەکەمدا باس لەسەر مەلا مستەفا دێتە گۆر و دەڵێ پیاوێکی زۆر گەورە، ئازاو شەڕوان و.... بوە هەر لەوێدا دەڵێ سلیمان موعینی، سمایل شەریف‌زادە و عەولای معینی بە دەستی کوردەکانی عێراق کوژران. ئەوەی

شەهيد كاك سليمان راستە بەڵام سمايل شەريف‌زادە لە گوندى دارينەى بانە و عبداله معينى و مينە شەم لە گوندى قالوێ گەوركان لە بەهارى ٤٧ لە سەردەمى شۆڕشى ١٨ مانگەى ساڵەكانى ٤٧ ـ ٤٦ لە شەر دەگەڵ هێزى نيزامى و جاش ( دلاوەر)ەكانى حكومەتى شادا شەهيد بوون.

ل٦٢ لە پاراگرافى ٢دا باسى جوولەكەيەكى زيرينگەر دەكا كە ناوەكەى " دەدە نيسان" بوو نە "دادە نيسانن" مينا خانم ئەو رووداوەى بە درێژى بۆخۆشم گێراوەتەوە. جوولەكەى دووهەميش ناوى دانيال بووە كە ئەو پياوەتى‌يەى كردوە و پارەى بەقەرز داوەتێ بۆ وەكيلى قازى‌يەكان كە ناوى سەروان شەريفى بوو و وێدەچێ بۆ بەرتيليش بووبێ. ديارە بە تايبەتى ماڵە دەدە نيسانى دەگەڵ خەڵك زۆر تێكەڵ بوون و زۆريان چاكە دەگەڵ خەڵك كردوە و نموونەى ديكەشيان زۆرە.

هەر لە لاپەڕە٦٢دا و لە پاراگرافى ٣دا باسى محاكەمەى پێشەوا دەكا و دەنووسێ "لە دادگوستەرى مەهابادێ محاكەمە كراون". مەسەلەكە وانى‌يە. ئەوانيان قەت لە پادگانى نەدەهێنا نێو شار. مەحكەمەكەشيان لە شوێنى داخراو و هەر لە پادگانى بوە. دواتريش كە ڕۆژنامەوانى گۆڤارى ئەرتەش بە ناوى كيومەرث شتێكى كورتى لە گۆڤارەكەى خۆياندا بلاو كردۆتەوە دوو سێ ساڵيان گرتووە. وەك بۆخۆى نووسيويەتى بە هەزار زەحمەت و واسيتە گەرى و پارتى بازى خاڵى ئەو كەسە كە سوپەهبود جەم و لە نيزكانى شا بووە لە بەنديخانە هاتوەتە دەرێ.

هەر لەو پاراگرافەدا ناوى كابرا " مەلا شەريفى" نى‌يە بەڵكوو مەلا " صديق صدقى" يە كە وەسيەتى بە پێشەوا كردوە.

ل٦٨ لە دێڕى ئاخردا دەنووسێ حاجى سەيد عبداڵە ئەفەندى لە عێراقەوە دەهات و سەرى دەدان. ديارە لە گەورەيى ئەو بنەماڵە بەڕێزەو فيداكاريان لە ڕێبازى كوردايەتيدا گومان نى‌يە بەڵام ئەو دانيشتووى گوندى دزە لە دەوەرى

مەرگەوەری سەر بە شاری ورمێ بوو، لە عێراقێرا نەچۆتە ماڵیان. لە ساڵەکانی دوایی تەمەنیشیدا ماڵی هاتبوە شاری ورمێ.

ل٦٩ لە پاراگرافی سێهەمدا ناوی یەکێك لە کچەکانی پێشەوای نووسیوە: " سویەیك" ئەو ناوە راستنییە و دروستەکەی " سوهەیلا" یە.

ل٧٢ وڵامی ئەو پرسیارە زۆر ئاڵۆزە. ئەحمەدی قازی کوڕی قازی محمدی حاجیئاوا مێردی فەوزیە خانمە. براکەی کاك ئەحمەد کاك ئەمیری قازی شووی شەهید عیفەت خانم بوو. رەنگە مەبەستی مینا خانم کاك ئاغا بێ کە لەسەر یەك لە بنەماڵەی قازی چوار کەس "رەحیم سەیفی قازی، رەحمان قازی، کاك ئاغا و حسین فەتاحی قازی" بۆ خوێندن نێردرابوونە باکۆ. "سوڵتان وەتەمیشی و سەید کەریم ئەیوبیان" لەو پاراگرافەدا ناویان بە هەڵە چاپکراوە. لە بنەماڵەی خوسرەویش دوو لاو بە ناوەکانی " عبدالخالق خوسرەوی ناسراو بە سوورە و حامید خوسرەوی" دەگەڵ ئەو تاقمە خوێندکارە بوون کە چوونە باکۆ.

ل٧٣ مەدرەسەی کچان زۆر پێش کۆمار و لەو کاتدا بنیاتنراوە کە قازی محەمەد خۆ بەخشانە بۆتە بەرپرسی فەرهەنگ و ئەوقافی مەهاباد کە ئەو کات و زۆر دواتریش ئەو دوو ئیدارەیەك بوون و لێك جیانەکرابوونەوە.

ل٧٥ لەسەر جیاوازی و میزانی تەبایی و ناتەبایی، دێموکراتیك بوون و نا دێموکراتیك بوونی حکوومەتی میللی ئازەربایجان و کوردستان ئارچی رۆزوێلتی ئەمریکایی سیاسەتوان و ڕۆژنامەنووس بە روونی باس دەکاو دەڵێ زۆریان فەرق بوو. گەلێك باسی دێموکراسی لە کوردستان و ئازادییەکان دەکا. بەڵام ئەو کوشتارە زۆرەی مینا خانم ئاماژەی پێ کردوە دوای هاتنەوەی ئەرتەشی ئێران بۆ شارەکانی ئازەربایجان بەتایبەت لە تەورێز رووی‌دا کە بە ریوایەتێك زیاتر لە یازدە هەزار کەس کوژراون. ئەوەش لەبیرنەکەین کە دوای هاتنەوەی هێزی حکوومەتی تارانیش بۆ کوردستان بە خۆشییەوە خەڵك بە تەبا و رەبایی پێکەوە ژیان و شەری ناوخۆیی و دوژمنکاری خەڵك لە شار و گوندەکان دا ساز نەبوو.

ل٧٧ لە کوردستان بە مەهاباد، بۆکان و سەقزەوە سەرجەم بیست کەس ئێعدام کران و دو سێ نەفەریش لە بەندیخانەدا فەوتیان کرد. لە شاری سنە کەس بە تۆمەتی هاوکاری دەگەڵ کۆمار ئێعدام نەکراوە. جونکو سنە هەر لە سەرەتاوە دوای ٢٠ی مانگی خەرمانانی ساڵی ١٣٢٠ی هەتاویش کە هاوپەیمانان هاتوونە ئێرانێ بە دەست حکوومەتی تارانەوە بووە.

ل٧٨ لە پاراگرافی ئاخر وشەی " بەساف" ناراستە دەبێ " بەسام " بێ.

ل٨٣ ئەو جۆرەی مینا خانم باسی ئێحسان نووری پاشا دەکا راستە بەڵام بە باوەڕی من مردنەکەی عادی نەبوو. چونکو لە سەردەمانی راپەڕینی گەلانی ئێران دا کە خۆ پیشاندان لە هەموو شارەکانی ئێران دەستی پێ کردبوو، ئەو بە رواڵەت لەساڵی ٥٧دا بەر موتورسیکلت کەوت. من پێم وایە رێژیمی شا لەوە نیگەران بوو کە ئەویش هێندێك ئاڵۆزی سازکا. بۆیە دەم و دەست بەم شێوە کوشتیان. وەك مینا خانمیش باسی کردوە زۆر کەس لەسەر ئەو باوەڕە بوون کە ئەوە شانۆ سازیەك بوە بە مەبەستی کوشتنی ئەو گەورە پیاوە دارێژراوە.

ل٨٤ لە پاراگرافی دوودا باسی شڕوشاڵات و ماڵ و حاڵ و ئیمکاناتی ئێحسان نووری پاشا دەکرێ کە گۆیا زارا خانم ناوێك کە خزمەتی کردوون و خەڵکی برایم ئابادی چۆمی مەجید خان بووە بردوویەتی. حەق وایە ئەو شتانە بە تایبەتی نووسراوەکانیان ون نەبن. بێ گومان دەبێ شتی زۆر بە کەڵکیان تێدا بێ کە پیویستە وەك ماڵی نەتەوەی کورد سەیریان بکرێ و بدۆزرێنەوە و کەلکیان لێ وەرگیرێ و لە مووزە دابندرێن.

ل٨٥ لە پاراگرافی دوودا ناوەکانی " عیسمەت شەریف وانلی و عبدالرحمان زەبیحی" خراپ نووسراوە دەبێ راست کرێنەوە.

لە ل٨٦دا مینا خانم باسی بەشداری کچان و ژنان دەکەن کە لەو سەردەمدا بە تایبەتی لە پ‌کاکا دا کاری چەکداری دەکەن و فیداکاری دەنوێنن. حەز دەکەم بیری خوێنەرانی بەڕێزی بێنمەوە کە زۆر پیشتر لەوان لە نێو حیزبی دێموکراتی

کوردستان و کۆمەڵەدا کچان شان بە شانی پیاوان لـە شـەرەکاندا بەشـدار بـوون. هەر ئێستا لیستێك لەبەردەستی من دایـە کـە دەسـەلمێنێ زۆر لـە کچـان و ژنـانی دیموکرات تا چەند ساڵ لەمەوبەر لە شەرەکاندا شەهید بوون یا ئیعدام کراون. تا ئەم ڕێکەوتە ژمارەی ژنانی شەهید لە لیستی گشتی شەهیدانی حیزبدا ۲۳ کەسە.

ناوناوبانگ، نـاوی بـاوك، سـاڵی لـەدایك بـوون، شـوێنی لـەدایك بـوون، سـاڵی شەهید بوون، شوێنی شەهید بوون، چۆنیەتی شـەهید بوونیـان زۆر روونە. ئەوەش ریزەکەیان:

۱ ئیحترام مینبەری، عەلی مراد، ۱۳۳۹، نیەر، ۶۹/۱۰/۲۲، سنە، ئیعدام.
۲ ئیلهام میرزایی، ،محەمەد، ۱۳۵۷، سنە، ۸۲/۲۱، ٤، کەرکووك، تەسادوف.
۳ پەروین رووحی، ـــــــ، ـــــــ سنە، ۷۳/٤/۲۱، بەردەقەل، دەرگیری.
٤ تەوریز رەحمـانی، عـەبباس، ۱۳۵۰، مێـراو، ٦٨/٥/١٠، کاکـەیانی کەمەرەسـیا، دەرگیری.
٥ حەیات لەك، حەبیبوڵلا، ۱۳٤٦، گەنمان، ٦/١٢/، سنە، ئیعدام.
٦ سەعیدە خالیدی، عەبدوڵلا،۱۳۳۷، دیولان، ۱۳٦۹، سنە، ئیعدام.
۷ سورەیا نیگەهدار، محەمەد، ۱۳٤٦، سنە، ٦٦/١٠/٢١، دۆڵەسوور، تەقینەوە.
۸ شەمسی فاتحی، ئەبولحەسەن، ۱۳٤٠، کەرجۆ، ٥٩/٨/٢٥، کانی سانان، ئیعدام.
۹ شاناز باجەلانی، بەهرام، ۱۳۲۲، کامیاران، ٥٩/٤/١، کامیاران، دەرگیری.
۱۰ کولسوم حوسێنی، ــــــ ۱۳٤۳، سەقز، ۱۳٥۹، سەقز، ئیعدام.
۱۱ خەدیجـە عەبـدوڵلاهی، سـاڵح، ـــــــ مـەهاباد، ٦٢/٨/٧، سـارم و میرقـاز، دەرگیری.
۱۲ شاناز قوربانی، تەیموور، ۱۳٤۱، مەهاباد، ٦٠/٦/١٦، مەهاباد، ئیعدام.
۱۳ کاڵێ کەڵهوڕی، عەلی، ـــــــ مەهاباد، ٦٩/٥/٧، مەهاباد. ئیعدام.

١٤ عەزیمــە عوســمانی، حوســێن، ١٣٤٣، خەڵیفــەلیان، ٦٩/٣/١٨، خــورینج، دەرگیری.
١٥ فاتمە دلاوەری، حەسەن، ١٣٥٣، دێلەکە، ٦٩/٤/١٩، دۆڵی پردانان ، تۆپباران.
١٦ مریــەم ئیبراهیمــی، عەبــدوڵلا، ـــــ مــەهاباد، ٦٠/٦/١٦، مــەهاباد، دەرگیری. شەهید بوون.

ل٨٧ پاراگرافی ٤ نووسراوە " سەدی شاری مەهاباد لەسەر مولکی ئێمە ساز کراوە". ئەوەنـدەی مـن ئاگـادار بـم سـەدی مـەهاباد لـە میشـەو زەویـەکانی دوو داشـتەمرەکـانی سـەرێ و خـوارێ، بەشـێك لـە هـەمزاوا و بەشـیك لـە قازیـاوای بەرکەوتوە. داشتەمری سەرێ و خوارێ، هی ماڵی سەید جامی بـوون، هـەمزئاوا هی مالە عەولای بایز ئاغا و قازیاوا هی مالە میـرزا وەهـابی قـازی بـووە. ئەگـەر مەنزووریشی شاخە گردەڵە و دەوەری گـڕاوان بـێ بـەر سـەد نەکـەتووە و بینـاو بنکەی ئیداری و... سەدی لێ ساز کراوە.

دیارە بەش بە حاڵی خۆم گلەییم لە خوا لێخۆش بوو مینا خانم نی‌یـە ئێسـتاش وەك هەمیشە مەمنوونی فیداکاری ئەوم. بە حوکمی ئـەوەی کـە دەگـەڵ کـوری ڕەش چەند ساڵێك هاوکلاس و بەینێك هاو حیزبی بـووین و دەگـەڵ ڕەحمـەتی مینـا خـانم و بـە تایبـەتی دەگـەڵ عیسـمەت خـانمی ڕەحمـەتی زۆر چـالاکی و هاوکاری نیزیکی ڕێکخـراوەییم هـەبووە، زۆرم هـاتووچۆی ماڵیـان کـردوە وەك دایکێکی دڵسۆز و ئەمەگناس و وەفادار بە نەتەوەکـەی و ڕێبـازی پێشـەوا قـازی محەمەد سەیرم کردوە. بەڵام تەمەنی زۆر بوو و ئـەوە کاریگـەری بـێ ئـەم لاو ئەولای لەسەر بیرو هۆش هەیە، بۆیە هەموو شتی وەك خۆی لەبیرنەماوە. گلـەییم لە کاك شار هەیە کە بەر لە چاپ بە کتێبەکـەدا دانەچۆتـەوە و پـرس و ڕای بە کەس نەکردوە. هەروەها گلەییم لە بەرپرسانی موزەخانەی ئەمنە سـوورەکە هەیـە و لە بنکەی ژین کە بۆ ئاوا بە پەلە و بێ سەرنج دان بەو هەموو هەڵەیـە چاپیـان

کردوه. هیوادارم جارێکی دیکە ئەو سێ کتێبەی لە سەرەتادا ناوم بردن دیسان چاپ کەنەوە.

لە کۆتاییدا رووحی مینا خانم شادو رێگای خەباتی شەهیدانی سەرفرازی رێگەی دابین کردنی مافی رەوای نەتەوەی کورد پڕ ڕێبوار بێ.

بانەمەڕی ٢٠١٣

# ۱۱ مانگ و ۲۰ ڕۆژ بەختەوەری

وەك پێشتر ئاماژەم پێ کرد هەر لەو ڕێورەسمەی کە لە لایەن موزەی ئەمنەسورەکەوە و بە هیمەتی یەکیتی نیشتمانی و بە تایبەتی هێرۆخانەوە لە یادی شەهید پێشەوا و هاورێیانی کە لە لایەن حیزبی دێموکراتەوە بە ڕۆژی شەهیدانی کوردستان ناسراوە بەڕێوەچوو کتێبێکی سەرنج ڕاکیش لە لایەن کاك سمایلی ماملێ بە ناوی " ۱۱ مانگ و ۲۰ ڕۆژ بەختەوەری " چاپ کرابوو بڵاو کرایەوە کە بە وێنە و دوکومینت و بەڵگە ڕازاوەتەوە. زەحمەتی کاك سمایل جێگەی ڕێز و سپاسە بەڵام وەك زۆر کتێب جێگەی تێڕامانەو کەم و کورتیشی هەیە. من لێرەدا هەوڵ دەدەم بۆ دەوڵەمەندتر کردنی کتێبەکە ئەو کەم و کووڕییانەی بەرچاوم دەکەون باس بکەم و بیخەمە بەرچاوی خوێنەرانی بەڕێز تا هەم ئەگەر ئەوان توانیان شتێکی لی زیاد کەن، هەم لە چاپەکانی دواتریدا کەم و کووڕی‌یەکان پڕ کرێنەوە و بەسەرنجێکی زیاترەوە چاپ کرێنەوە و نوقسانی‌یەکانی کەمتر و کەمتر بێتەوە.

وێنەی لاپەڕە ٤١ ئەوەی دەیانناسم لە ڕاستەوە ١ـ وەهابی شیرنێ ٢ـ برایم داودی کوڕی دووهەمی خاڵە مەلا ٣ـ نایناسم ٤ـ سید محی‌الدین نیزامی، دوو کەسی ئاخری ناناسم.

ل٦١ لەسەر پێك هاتنی ڕێکخراوی لاوانی کورد " سازمانی جەوانانی کورد " کاك غەنی بلووریان هەم لە ئاڵەکۆکدا کە بیرەوەریەکانیەتی و هەم لە وتووێژێکی درێژدا کە بەر لە نووسینی ئاڵەکۆك لە ئاڵمان کاك برایمی فەرشی دەگەڵی کردووە دەڵێ: " ئێمە کۆمەڵێك لاو بەر لە دامەزرانی کۆمەڵەی ژـك کۆ بووینەوە و خەریکی سیاسەت و کوردایەتی بووین و پاش ئەوەی کۆمەڵەی ژـك دامەزرا ئێمەیان دەعوەت کرد کە ڕێکخراوەکەمان دەگەڵ ئەوان هاوکاری بکا.

دیارە دوای دامەزرانی کۆمەڵەی ژــك و ناسینی ئەم ڕێکخراوە لە لایەن ئەوانـەوە هەردووکیان کاریگەری بەرانبەریان لەسەر یەکتر هەبووە و کاری باشیشیان زۆر کردوە. هەر بۆیە کاتێك کۆمەڵـە دەبێتـە حیزبـی دێمـوکرات چـالاکی لاوەکـان بـەرچاوتر دەبـێ و دوای ئیعلامـی کۆمـار یەکـەم بلاوۆکیـان بـە نـاوی هـاواری نیشتمان لە ڕێکەوتی١٣٢٥/٢/١٩ بەسـەر نوسـەری شـەهید صـدیق ئـەنجیری بـلاو دەبێتەوە.

ل٦١ لە وێنەکاندا کـە وەك ئاکتـەری شـانۆی دایکـی نیشـتمان هـاتوون نـاوی دروستی نەفـەری سـێهەم " عبدالـە نـەهری" یەکـە بـە عبدالـەی بـرایم شـەمزینی دەناسراو سەیدیش نەبووە. ئەو شانۆیە لە مـەهاباد و بۆکـان و نەغـەدە و شـنۆ لـە لایەن ئاکتەرە ئەسڵی‌یەکانەوە هاتۆتە سەر بـەرزەك و لەگـەرەکی قوولـە قـەبرانی مەهابادیش لە لایەن لاوەکانی گەڕەك بۆ ژنان نمایش دراوە.

ل٨٧ پیویستە بزانین بە پێی ئەو بەڵگانەی بە دەستەوەن بزانین کە شارەبانی واتە ئیـدارەی پۆلیسـی مـەهاباد لـە رۆژی ١٩٤٥/٩/٢٦دا نـەگیراوە کـە ئـاڵای تێـدا هەڵکراوە. ئیدارەی شارەبانی ئێوارەی لە ڕۆژی ١٣٢٣/١١/٢٦ گیراوە. بەڵگەکانیش ئەوانەن کـە لـە ڕۆژی ١١/٢٧ و ١٢/٣٠ لـە لایـەن قـەرەنی ئاغـای مامـەش و لـە لایەکی ترەوە فەرمانداری ئەو کاتی مەهاباد ڕاپۆرتی گیرانی شارەوانی مەهابادێ دەدەن بە تاران. ئەو کات ئێستا حیزبی دێموکرات نەهاتۆتە وجوود هەر کۆمەڵـە هەبووە. کەچی هەروەك هەموو لایەك ئاگادارن ئاڵای کوردستان پـێش نێـوەڕۆی ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەزی ١٣٢٤ی هەتاوی واتە ١٧ی دێسامبری ١٩٤٥ لەسـەربانی ئەنجومەنی میللی هەڵکراوە. ئێستاش لە لایەن حکوومەتی هەرێمـی کوردسـتانەوە بە رەسمی بۆتە رۆژی ئاڵا.

ل٩١ لەژێر ئەو وێنـە نووسـراوە ئەفسـەری کۆمـاری کوردسـتان، ئـەو کـات ئێستا کۆمار ئێعلام نەکرابوو. ئەو کەسانە بەر لە کۆمـار ئەفسـەری سـوپای میللـی بوون. ناویشی کەریم نیزامی نی‌یە، ئەو کەسە ناوەکەی کەریم نازمیـە کـە دوای

کۆمار لە بەندیخانەدا فەوتی کرد و براکەشی محەمەد نازمی یەك لەو چوار ئەفسەرە بوون کە حەوتویێك دوای شەهید کرانی قازی‌یەکان واتە لە ١٧ی خاکەلێوەی ١٣٢٦ لە چوار چرا ئێعدام کران. ئەوی دیش ئەحمەد کەفاش نی‌یە بەڵکوو حسینی خەفافی کوری حاجی رەحمان خەفافی بوو باوکی کەوش فرۆش بوو جیرانە دوکانی ئێمە بوون لە سەرای شافعی و ماڵیشیان لە ئاخر کووچەی گەڕەکی باغی سیسەی بوو. یەکێك لە براکانی حوسێنی خەفافی بە ناوی حەمەدەمین هاوکلاسی من بوو. دوو برای دیکەشی بە ناوی سەدیق و ئەحمەد هەبوو.

ل٩٣ ئەوانەی لەو وێنەدان هەموو قوتابی مەکتەبی گەلاوێژ نین، چونکو کچولەشیان دەگەڵن. مەدرەسەی گەلاوێژ کوڕانە بوو.

ل١١٥ چەند ناوی ژێروێنەکە بریتین لە ١٠ محەمەد ئەمینی شەرەفی ١١ دڵشاد رەسوڵی ٥ دانیشتوان مامە غەنی خوسرەوی.

ل١١٧ بۆ ئاگاداری هاونیشتمانان ئەفسەرەکانی ئەو کات دوو بەش بوون. بەشێکیان ئیداری و دەفتەری و بەشێکیان نیزامی بوون. بەشیکیش لەبەرپرسانی سیاسی دەرەجەی ئەفسەریان هەبوو. رادەی ئەفسەرەکان زیاتر لە ١٠٠ کەس بوو، زۆریان لە بیرچوونەوە. دەبێ هەوڵ بدرێ بیاندۆزینەوە با بۆ مێژوو بمێنێ.

لە هێندێك جێگا کەسێکی وەك شەهید نانەوازادە بە کاپیتان و لە هێندێك جێ بە سەرلەشکر ناسێندراوە لە حاڵێکدا فەرقی ئەوانە زۆرە، کاپیتان ئەفسەری جوزئە واتە دەرەجەی لە خوارەوەیە و سەر لەشکر ژینەڕاڵەو زۆر سەرترە. یا دەبێ دەرەجەکان بە دەقیقی بزانین یا هەروەك ئەفسەر بناسێندرێن باشترە. نانەوازادە لە کۆماردا دەرەجەی سەرهەنگی هەبوو هەر بە سەرهەنگ نانەوازادە ناسرابوو.

واژەکانی نیزامی ئەوکاتیش دوای پەسەند کردن لە لایەن کۆمیسیونی تایبەت بە شیوەی رەسمی لە لاپەڕەی ٣ی رۆژنامەی کوردستان ژمارە ١٢ چاپکراوە و لە چەمد ژمارەدا درێژەی هەیە و بۆتە فەرهەنگۆکێك.

ل١٣٢ بە پێچەوانەی نووسراوەی ژێرەوە ئەوانەی لەم وێنـەدان ئەفسـەر نـەبوون. نێردرابوونە باکۆ بۆ ئەوەی بخوێنن و لە ڕەدە جۆراوجۆرەکاندا پێ بگەن و ببنـە ئەفسەر کە بەداخەوە دەرسەکەیان بە تێکچوونی کۆمار و گەڕانەوەیان نیـوە چڵ مایەوە.

ل١٣٣ وێنەی لای ڕاست حامید مەنسووری نی‌یە، ئەوە " فەتتاحی حامیدی"یـە کە دوایەش درێژەی بە خوێندن دا و چووە دانیشکدەی ئەفسەری تاران و بوو بە ئەفسەرو مرۆیەکی زۆر باش و خاکی بوو.

ل١٣٤ لەسەر ئەم وێنەی خوێندکارەکانی باکۆ پێشتر دواوم و چونکو دووپـات بۆتەوە لەسەری نادوێم.

ل١٣٧ عیشرەت عەزیمی قوتابی بوو، تەمـەنی کـەمتر لـەوە بـوو ببێتـە مامۆسـتا. کچێکی زۆر جوان و وریا بوو. دوایە مێردی بە دوکتور عێراقی سـانی، خەڵکـی مەهابـاد کـرد کە پزشـك و ئەفسـەری ئەرتەش بـوو. لە پـاریس فەوتـی کـرد. عیشرەت خانم ئێستاش لە ژین‌دایە و لە پاریس دەژی.

ل١٣٨ لەسەر ئەم وێنە پیشتر زانیاری خۆم نووسیوە بەڵام ٤ وێلمـەی سـەییادیان ٥ عەلی مەحمودی ٧ مەلا عبداله فاضلی کە ناوو ژمارەی بـۆ دانەنـدراوە بـاوکی ڕەحمانی فاضلی مامۆستا و فوتبالیستە. ١٤ "محەمەد تۆفیق وردی"یە.

ل١٤٢ ئەم وێنە هی زەمانی کۆمـار نی‌یـە و هـی زەمـانی "ژ-ك"ــە. ئێمـە پۆلـە قوتابیەکی شەوانە دەچووینە ئەو مەدرەسەیە کە هەر بە شەو دەرسی کوردیان لێ دەکوتەوە. ئێمـە دەورەی دووهـەمی ئـەو کلاسـانە بـووین. مەدرەسـەکە هـەر لـە خانووی ئێمە دابوو لە تەنیشت مـاڵی خۆمـان. ئـەو ڕۆژەی بردوویـانین بـۆ بـاغی سیسـە لـە ریـزی دانیشـتووەکان لـە لای چەپـەوە نەفـەری دووهـەم ئـەمنم. ئـەو جاویلکەی دەچاوم دایە دیاری‌یە. شەوێك قازی محەمەد دیـاریی بـۆ هێنـابووین. هەرکام شتێکمان پێ بڕا منیش ئەو چاویلکەم پێ برابوو.

ل١٤٣ وێنەی سەرەوە ستافی کارگێری چاپخانەی کوردستانن. مەلا قادری مدرسی مودیر و کاك صدیق عەلائی پسپۆڕی فەنی بوو کە پێشتر لە ڕەواندز لە چاپخانەی حوزنی و گیو موکریانی کاری کردبوو. نەفەری نێوەڕاست کە ڕاوەستاوە " سەعید زەرگەیی" یە و " رزگەیی" نی‌یە.

ل١٥٨ من یەکەم جارە دەبیستم کە صدیق مفتی‌زادە لە زەمانی کۆماردا لە مەهاباد بوو‌بێ، هیوادارم وا بووبێ و دەرسیشی کوتبێتەوە. دوایەش چاکی خوێندوە و بە دەرەجەی دوکتورا گەیشت لە بواری ئەدەبی باش بوو بەڵام کارنامەی سیاسی خاوێن نەبوو.

ل١٦٠ لە پاراگرافی ٣دا باسی ئەوە دەکا کە دوو پێشمەرگە کابرایەکی ئازەریان بۆ ماڵی دنیا کوشتوە و دوایە هەردووکیان محاکمە و ئێعدام دەکرێن.

ئەم ڕووداوە ڕاستە بەڵام هی زەمانی کۆمار نی‌یە بەڵکوو سەرەتای شۆرشی نوێ و لە ساڵی ١٣٥٩دا بوو کە هێشتا ڕێبەری حیزب هەر لە مەهاباد و پێشمەرگەکان لە شاروگوندەکانی کوردستاندا ئەرکی خۆیان بەڕێوە دەبرد. کورتەی ڕووداوەکە ئاوا بوو:

ڕێژیم هێرشی کردبوو کوردەکانی نەغەدە و خەڵکێکی زۆری لای سەقز ئاوارە ببوون لە بۆکان و مەهاباد کەمپ بۆ ئاوارەکان دامەزرابوو. هەئیەتێك داندرابوو ئەو یارمەتیانەی خێرخوازان دەیانهێنا کۆیان دەکردەوە و بەشێوەیەکی گونجاو بەسەر ئاوارەکاندا دابەش دەکرا.

ڕۆژێك خێرخوازێکی ئازەری یەك تویوتای پڕ لە کەل و پەل لە میاندوئاوڕا دێنێ بۆ مەهاباد و تەحویلی بنیادەکەی دەدا دەگەڕێتەوە بەرەومیاندوئاو. لە کوێکتەپە دوو پێشمەرگە پێشی دەگرن و دەگەڵی سوار دەبن و دەیبەن بۆ جێگایەکی دوردەست و دەیکوژن.

کابراکە بۆ ئێوارە ناگاتەوە ماڵ عائیلەکەی لە میاندوئاو نیگەران دەبن و بە تەلەفۆن لە مەهاباد دەپرسن چۆنە نەگەڕاوەتەوە. بەیانی خەبەرەکە لە لایەن

بنیادەوە بە ئێمە گەیشت. کەوتینە دوای مەسەلەکە و لە پاریزەرانی ئەمنیەتی ئەو ناوچەکە ناوەندەکەی کویکتەپە بوو دەشك کەوتین. لە پیشدا بەرپرس و جێگری لکمان گرت و پاش یەك دوو ڕۆژ کە ئەوانیش هاوکاریان کردین و گەشت و لێکۆڵینەوە لە ناوجە درێژەی هەبوو بۆمان دەرکەوت دوو پێشمەرگە ئەو کارەیان کردووە. هەردووك گیران و بەراحەتی دانیان بە تاوانەکانیاندا هێنا. لە باغی کەشاوەرزی دادگایەکی خەڵکی پێك هات و جەماعەتێك و بنەماڵەی ئەو شەهیدە ئازەریەش دەعوەت کرابوون. باوەڕی حیزب بۆ ئێعدامی ئەوان و هەروەها ئەو تاوانە کەم وێنەیە بە کوردی و تورکی و فارسی بۆ خەڵکەکە باس کرا. جەماوەر بە تێکڕای دەنگ موافقەتیان بۆ ئێعدام کردنی هەردوو کەس کرد. بۆ ئەوەی جارێکی دی کەس کاری ئاوا نەکاو ئابڕووی حیزب و گەلی کورد نەچێ. هەر ئەو ڕۆژە نیو ساعەت دوای کۆتایی هاتنی مەحکەمەکە هەردووکیان ئێعدام کران و دوای ئەو ڕووداوە جارێکی دیکە کاری ئاوا روی نەداوە. خەبەرەکەش لە رادیۆ مەهاباد بلاو بۆوە و بە تەواوی دەنگی دایەوە.

لەبیرمە یەکێك لەو دوو پێشمەرگانە دەنگی خۆش بوو. پێشتر یەك دوو گۆرانی و سروودیشی کوتبوو کە لەناو خەڵکیشدا بلاو ببوونەوە، کاتی بردنیان بۆ ئێعدام کوتی: "ئیزنم بدەن با گۆرانیەك سروودێك بڵێم جا ئێعدامم کەن." وڵامی درایەوە: "کورد گۆرانی بێژی پیاو کوژی ناوێ، هەرچی زووتر سزا بدرێن و حوکمی دادگای گەل بەریوە بەرن."

ئەوەی کاك سمایل باسی دەکا و لە زەمانی کۆماردا ڕووی داوە، بریتی بوو لەوە کە: کابرایەکی سەید پارەیەکی پێ دەبێ دوو رەفیقی لێ پەیدا دەبن و خۆی لێ نیزیك دەکەنەوە و دەیبەن لە لای کاوڵان و کووران کە دوو گوندی ناسراوی ناوچەی گەورکی مەهابادن دەیکووژن و پارەکەی دەبەن. دوایە کە ئاشکرا دەبێ قاتڵەکان دەگیرێن و دوای مەحاکمە کردن لە لایەن وەزیری داد لە گۆڕستانی مەلا جامی کوژرانەوە.

ل١٦٤ عبداله نەهری دەنگ خۆش بوو بەڵام نە گۆرانی بێژ بوو نە سەید. کارمەند بوو لە ناو خەڵکدا بە " میرزا عەولای برایم شەمزینی " دەناسرا.

ل١٦٧ لە ژێر وێنەی خەلیل گادانی و حەسەنی ماملێ نووسراوە پێشمەرگەی زەمانی کۆمار بوون. ئەوان هەردووکیان لەو کاتدا تەمەنیان لەوە کەمتر بوو ببنە پێشمەرگە. کاك خەلیل قوتابی بوو. هەردووکیان چەند ساڵ دوای کۆمار بە یەکەوە چوونە سەربازی و لە ماکۆ خزمەتیان کرد. وێنەکەشیان هی ئەو سەردەمە.

ل٢١٣ ئەم وێنە مەلا سەدیق نی یە، زیاتر وەك مەلا عبداله مدرسی دەچێ.

ل٢١٤ نەفەری دووهەم عەزیز مامەش هەمان مام عەزیزی کوڕی قەرەنی ئاغای مامەشە. لە دوو خەتی خوارێدا " میرزا محەمەد ئەمین خاتەمی" دروستە.

ل٢١٥ هەڵبەستی کۆچی یارم بۆ شۆرشوانانی ٤٦ــ٤٧ کوتراوە کە زۆر بە بێ رەحمی و ناجوانمێرانە و زۆر بەیان لە هەرەتی لاوی شەهید کراون. حاجی هاشم نانەوەزادە کە دوای تێکچوونی کۆمار لە باکۆ گەڕابۆوە. نە ئەدیب بوونە شاعیر، ئەو هەستە جوانەی دوایە لە ئاکامی ئەوینێکی ناکامدا بۆ پەیدا بوو.

ل٢١٦ مەلا محەمەدی ماوەرانی بە مەلا رەشە ناسرابوو. پیاوێکی زۆر باش و زەحمەتکێش و موسڵمان بوو بەڵام پێم وانی یە ئەو مەلا سپی و سۆڵە وێنەی ئەو بێ.

ل٢٣١ ئەو برایەی غەفووری مەحمودیان کە بە گۆچانی لە لاقی پێشەوای دا ناوی میرزا برایمە شەلی مەحمودیان بوو.

ل٢٣٢ پاراگرافی ٢ ئەو سێ شەهیدە لە سێدارەدرابوون واتە بە تەناف خنکاندوویانن و تەرمەکانیان خوێناوی نەبوو.

ل٢٤٢ هەرچەند هەموو ساڵێ یادی ئەو چوار ئەفسەرە نیشتمانپەروەرە دەکرێتەوە کە رێك دوای کۆمار لە لایەن رێژیمی پاشایەتیی عێراقەوە ئێعدام

کراون بەڵام هیچ شتێك لە سەر هۆی گەڕانەوەیان بۆ عێراق نەنووسراوە و ئەگەر نووسرابا لە مێژ بوو درکابوو.

ل٢٤٨ لە پاراگرافی ٢دا باسی خۆ فرێدانی مامۆستا عوسمان دانش دەکا لە ڕۆژی هەڵکردنی ئاڵادا.

ئەو شادرەوانە خۆی فڕێ نەدا. خۆی تاودا کە خۆی فڕێدا گرتیان و نەیانهێشت، ئەگەر خۆی فڕێداباو بەسەر خەڵك داکەوتبا بە ١٢٠ تا ١٣٠ کیلۆ وەزنەوە چەند کەسێکی پانەکردەوە. من نەمکوتوە خۆی فڕێداوە، کوتوومە خەریك بووە خۆی فڕێدا گرتیان. هیچ کات نەمکووتووە خۆی فڕێداوە.

ل٢٥٢ نەفەری ٦ قەرەنی ئاغای مامەش دروستە نەمامە رەش.

جۆزەردانی ٢٠١٣

# نسکۆ و دابڕان

له سەرەتای ساڵی ٢٠١٥دا کاك مستەفای هیجری دوای تەمەنێکی زۆر خوێندن و مامۆستایەتی و سیاسەت کردن بە دەخۆڕادیوی هاتە سەر ئەو باوەڕە کـە نـابێ لە گەلی نوسەران بەجێ بمێنێو شندڵی له خۆیداو کتێبێکی لە ژێر ناوی "نسکۆو دابڕان" نووسی و بـە پەلـە چـاپ و بـڵاوی کـردەوە. هرچەنـد دەقە ئەدەبـیەکەی کــوردیەکی ڕەوانو تەواوە بەڵام بەڕاســتی نــاوەرۆکەکەی زۆری شرڕوشــاڵاتی نارێك و ناڕاست تێدایە. دەڵێی بەتایبەتی پێی‌گوتراوە بۆئەوەی ڕەوتی یەکگرتنەوە وەدوا بخاو بەر بە درێژەدانـی دانیشـتنەکانی پێشـوو بگـرێ و بـە هەر وشـەگەلو تۆمەت لێدانێك بێ چەت دەرەوتەکە بخـاو چـاوەڕوانی خەڵـك بـە لاڕێـدابەرێو هەوڵەکانی لە زوەوە دۆستانو دڵسۆزانی حیزبی دێموکرات داویانـە قسـر بکـا. لە بەشی یەکەمدا هەوڵ دەدا بسەلمێنێ ڕێبەرانی شەهید بڕیارەکانی کە لە دەفـتەری سیاسیو کومیتەی ناوەندی دراون بە هێندیان نەگرتوونو پێشێلیان کـردوون بۆیـە لە داوی دوژمنانی گەلو تێرۆریستانی کۆماری ئیسـلامی کەوتـوون. ڕەنـگ بـوو ئەگەر دادگـای میکونـووس ئەو ئـازایەتی‌یەی نەنوانـداباو قەراری مەحکـومیەتی تاوان بـاران و دیپلومـات تێرۆریسـتیەکانی کۆمـاری ئیسـلامی ئێرانـی نەدابـا لەوە زیاتریشیان پێ‌گوترابا بـۆ ئەوەی کـاك مسـتەفا خـۆی بـە دێمـوکراتی ڕاسـتەقینەو مرۆیەکی وریاو ئازا لە قەڵەم بدا!

بەڕاستی ئەگەر نوسەری "نسکۆو دابڕان" مەبەستی تایبەتی لـە بـڵاو کـردنەوەی ئەو کتێبە نەبایە دوای ٢٥ ساڵو پاش چاپو بڵاوبوونەوەی چەنـد کتێـب کـە لـە سەر ئەو مەسەلانە نوسراوەو دوای تێپەڕبوونی نۆ ساڵ لە دابڕانی بە قەولی خـۆێ هاوڕێکانی پێشووی، ئێستا کاتی ئەوەی بـوو ئەوانـە بێنێتـەوە گـۆڕێ و بە وەگەڕ

خستنی قەڵەمەکەی کە لە تەواوی تەمەنیدا ئەوەندەی پێنەنووسیوە، ئەو کتێبە بەو هەموو تۆمەت لێدانو قسە سووكو چرووکانە بنوسێ کە هەرچەند کوردیەکەی ڕەوانە بەڵام بەدەغەڵی و ناڕاستی نوسراوە.

بە هەرحاڵ منیش بە نۆبەی خۆم هەوڵ دەدەم تا ئەو جێگایەی دەگەڕێتەوە سەرمنو "حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ" وەڵامی بۆچونەکانی بدەمەوەو هەڵە یا تۆمەتەکانی ڕاست کەمەوە.

بەرلەوەی بێمە سەر لاپەڕەکانی کتێبەکە وەبیر خوێنەران دێنمەوە پێش یەکگرتنەوەی پێشووش کاك مستەفا کە هەستی کردبوو بەرەو یەکگرتنەوە دەچین بۆ لە باربردنی ڕەوتەکە دووکاری سەیروسەمەرەی کردبوو.

یەکەم: فەرمانی دابوو بۆمبێکی بەهێزیان ئامادە کردبوو کە بینێرێ لە نێو ئێمەدا بیتەقێننەوە و زەبرێکمان لێدەنو ئێمەش حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەو تاوانە مەحکوم کەینو وتووێژەکانی نێو دوو باڵی حیزبیش کە دەستی پێکردبوو فەشەل بێنن. بەختەوەرانە هەر کادرەکانی خۆیان پێیان زانیو پێشی ئەو پیلانەیان گرت.

دووهەم: بەدوای پوچەڵ بوونەوەی ئەو پیلانەی سەرەوە، چەند پێشمەرگەی ناردبوو تا دوای چەندساڵ تەنیا ماشینێکی کە کاتی جیا بوونەوە هاوڕێیەك بۆلای ئێمەی هێنابوو، بفڕێننو بیبەنەوە خزمەت ئەوان. نێردراوە ژیرەکان ئەوکارەیان کرد! هاوڕێیانی ئێمە کە پێیان زانی وەدوایان کەوتنو لە جادەی بێستانە ــ کۆیە گەیشتنە سەریان و بوو بە شەڕ، کاك مستەفا هێزێکی بە هاوارەوە ناردن کە ماشینێکی لوکسی کاك مستەفا یا سکرتاریاشیان بۆ ئەوشەرە هێنابوو کە ئاوری تێبەردرا. بەڕاستی ئەگەر مەحافزی ئەوکاتی سلێمانی کاك سالار عەزیز لەودەمەدا بەڕێکەوت بە خۆیو پێشمەرگە پارێزەرەکانی نەگیشتبانایە ئەو شوێنەو لێکی نەکردبانەوە، وەك شەڕەکانی کە پێشتر لە پۆستی بەرپرسایەتی سیاسی نیزامیدا کاك مستەفا پێی فرۆشتبووین لەوانە بوو جگە لەو ٢٢ پێشمەرگەی ئێمە کە پێشتر

له شەڕی براکوژی دووباڵی دێموکراتدا بە ناحەق شەهید کرابوون، چەند کەسێکی دیکەش لە هەردووباڵ لەو شەڕەدا شەهید بن.

کاك مستەفا لە لاپەڕەی ٤ی ئەو کتێبەدا دەنووسێ تا ساڵی ۱۳۵۷ حیزبی نەبووم و گۆیا لە ساڵی ۱۳۵۷ بوەتە حیزبی. نەخێر من وەك بەرپرسی تەشکیلاتی ئەوکاتی حیزب عەرزت دەکەم کە جەنابت ئەوساڵە حیزبی نەبووی، بڵکوو لە ۱۳۵۸یش‌دا تا کۆنگرەی ٤ نە هەر حیزبی نەبووی بەڵکوو بە شاهیدی بەرپرسانی ئەوکاتی ڕێکخراوی حیزب لە نەغەدە زۆریش موخالیف بووی‌و زیاتر لایەنگری چریك‌و جارجاریش لایەنگری کۆمەڵە بووی. هەتا کۆنگرەی ٤ ناویشت لە نێو ئەندامان‌و لایەنگرانی حیزب لە تەشکیلاتی نەغەدەدا نەبوە، لە کۆنفرانسی نەغەدەش بەشدار نەبووی. ئەوە دوکتور قاسملوی شەهید بوو کە جەنابتی وەك میوان بۆ کۆنگرە دەعوەت کردو لەوێ هێنایە نێو لیستی کاندیداکانەوەو هەڵبژێردرای. هەمووشمان دەزانین کۆنگرەی ٤ لە ڕێکەوتی ۵۸/۱۱/۳۰ تا ۵۸/۱۲/۵ بەڕێوە چوە.

لە لاپەڕەی ۷۵دا لە پەیوەندی لەگەڵ کۆنگرەی ۸ و لیستەی فیکس‌دا دەنووسێ: "بەڵام هاوڕێیانی ناڕازی ئامادە نەبوون لیستێکیش بۆ خۆیان ئامادە بکەن‌و لە گەڵ لیستەی دیکە بکەونە کێبڕکێ، لە ئاکام‌دا لیستی دیاریکراو دوای کشانەوەی ئەو چەند هاوڕێیەو پڕکرانەوەی جێگای ئەوان بە کەسانێکی دیکە دەنگی زۆربەی ئەندامانی کۆنگرەی بە دەست هێنا."

ئاخر کە ئێمە هەر لە بنەڕەت‌دا موخالیفی لیستی فیکس بووین‌و پێمان ڕەوتێکی نادێموکراتیك بوو، چۆن دەکرا لیستە بدەین؟ لەڕاستیدا ئەو لیستە هەر بە مەبەستی وەلانانی هێندێك کەس هاتبووە گۆڕێ! ئەوەندە کەسیشمان ئەو سەردەمە لە حیزب‌دا نەبوو کە دوو لیست بدەین‌و بە کۆ ئەندامان‌و ڕێبەری دیاری بکەین و بکەوینە کێ بەرکێ.

زۆر لـە هاوڕێیـان لـە بیرمانـە، سـمایڵە چکـۆڵ کـە ئەنـدامی کـۆنگرە بـوو لـە دوکتــوری پرســی،ئەدی جــێگەی ئەو هاوڕێیــانەی لە لیســتەدا نــامێنن چــۆن پــڕدەکەنەوە؟ دوکتـور فەرمـووی هەربەو کەسـانەی مـاونەوە بەڕێـوەی دەبەیـن. پێویست ناکا کەسی دی زیاد کەین و هەرواش بوو کەسی‌دیکە لە لیستەکە زیـاد نەکراو بە پێچەوانەی فەرمایشی کاك مستەفا جێگەی ئەوان لە لیستەدا بە کەسـانی دیکە پڕنەکرایەوە.

هەر لـە لاپەڕەی ٧٥دا دەنووسـێ: "زۆرتـری ئەنـدامانی ڕێبەرایەتـی ئەو تاقمـە گاڵتەیـــان بەو تەوجیهـــات و پاســـاو هێنـــانەوە دەهـــات وباوەڕیـــان پێ‌یـــان نەبووبەڵکووهەڵگری بیری دژ بەم پاساوانە بوون بەڵام بەیـانیەی جیابوونەوەکەیـان ئیمزا کردبوو."

کاك مستەفا ی بەڕێز! زۆرجـارم گوتـوە کـە نە لە کـۆنگرەدا و نە دوایەش تـا ئاخرین دانیشتن دەگەڵ دوکتور کە بۆ خۆشی دەعـوەتی کردبـووم نـە ئاگـام لـە جیابونەوە بوو نە باوەڕم بە جیا بوونەوە هەبـوو، دوای ئەو دانیشـتنەو سـووربوونی دوکتور لە سەر بۆچوونی خۆی بۆ درێژەدان بە دژایەتی و غەیبەتی ئەو هاوڕێیانـە عەرزم کرد: "مـن لـە گەڵ حیزبێـك نـابم کـە هەر یەك کـەس بڕیـار بـداو هـیچ پێشنیارێك بۆ پێشگیری لەلێك بڵاوبوونی حیزب قبووڵ ناکا."

بەڵام بەڕاستی کەسێك باوەڕی بە مەسـەڵەیەك نەبـێ دەتـوانێ بەیـانیەی ئیعلامـی لەدایکبوونی حیزبێك ئیمزاکاو ماوەی نزیك بـە ٩ سـاڵ بـۆ ئـەو ئامـانج و بەرنامـە داڕێژراوە بە فیداکاری تەواو کار بکا؟

لـە لاپـەڕەی ٧٧دا دەنووسـێ( مـاوەی نزیـك بـە ٩سـاڵ هـەوڵ و تێکۆشـانیان بەکردەوە سەلماندیان کە هیچ شتێکی تازەتریان لە حیزبی دێموکرات پێ‌نەبوو.)

هەر لەو لاپەڕەیەدا ئاماژە بە ڕاپۆرتێکی من وەك سکرتێری حیزبی دێمـوکراتی کوردستانی ئێران، ڕێبەرایەتی شۆڕشگێر دەکا کە چوومە وڵاتی فەڕانسـە، ئاڵمـان دانمارك هولەند، نورویژ، سوئید، بریتانیا، ئوتریش و سویس و لە مـاوەی ئـەو سـێ

مانگـەدا ١١٠ كـۆنفرانس‌و سـمينارو ديـداری سياسـی‌و وتـوويژی ڕاديـويی‌و ڕۆژنامەنووسيم هەبووە.

نەخێر كاك مستەفا ئێمە زۆرشتی تازەمان پێ‌بوو. ئێوە پێتـان وابـوو ئێمـە تـاقمی حـەوت كەسـين‌و خۆمـان دەباوەشـی كۆمـاری ئسـلامی داوێـين‌و ئێـوەش پێی‌هەڵدەپەڕن‌و خوشحاڵ دەبوون. بەڵام وەك ديتتان لە مەيداندا ماينەوەو بەحەق شۆڕشگێڕ بووين‌و بە كردەوە سەلماندمان ڕۆڵەی گەلين، بۆ شۆڕش هـاتوين‌و لـە گەڵ دوژمن بە لێبڕاوی بەربەرەكانی دەكەين‌و لە درێژەدانـی خـەباتی رەوامـاندا سوورين. ئەو ئەخلاقە شۆڕشگێرانەی لە نيـو ئێمـەدا هـەبوو وايكردبـوو كـە هـيچ جياوازيەك لە بەينماندا نـەبوو، درێغيمـان لـە ژيـانی بەرانبـەر دەگـەڵ پێشـمەرگە نەدەكرد. هەرچی هەمان‌با برايانە دەزاندراو كەڵكی لێ‌وەردەگيرا ڕۆحی تەفاهوم‌و برايەتی بەئەندازەيەك بوو كە ئێستاش ئەوەی وەك پێشمەرگەو كادر ماوە يا چۆتە دەرەوە هەموو يەك گيانين‌و لە گەڵ ئەوەی بێ دەغەڵی حيزبايەتی دەكـەين وەك خزمی نزيك‌و براو هاوخەبات لێـك دەڕوانـين‌و هەرئـەو برايەتی‌يـە ئێسـتاش ئێـوە دەترسێنێ پێتان وايە تەشكيلاتی ئەودەميمان وەك خۆی مـاوەو بـە ڕەش‌بينـی لـەو تەفاهوم‌و برايەتی‌يە دەڕوانن.

ئێمە فەرهەنگێكی نوێ‌و ڕۆحيەتێكی تازەمان بـردە نێـو بەدەنـەمان‌و فەرهـەنگی بەخاڵەت، بەرچاوتەنگی، خۆ بەزل‌زانی بێ مەورد، دەستەبەندی‌و پاوانخوازيمان بە جارێك لە خۆمان دووركردەوە. بەڕاستی هەتا ئێوە لە بنەوە دەستتان لە كاروباری ئێمە وەرنەدا ئەو ڕەوتە ئەوەندە بەهێزو ئەو حيزبە ئەوندە ساغ بوو كە لـە مـاوەی ٨-٩ ساڵدا لـە هـەموو بارێـكدا جێـی خـۆی كـردەوەو چـوە نـاو دڵـی خـەڵكی كوردستانەوە، ئێستاش لە دەروژوور حەسرەتی بۆ دەخوازن.

ئەو تێكوشانەی لەو مـاوەش‌دا لەبـواری سياسـی و نيزامـی كردمـان بـە ئـەركی خۆمـان زانيـوە. هـاتووچۆی ئـەو وڵاتانـەش‌و پەيوەنـدی پێـوە گرتنيـان نـە هـەر پێچەوانەی بۆچوونە زانستيەكانی ئێمە نـەبوو بـەڵكوو ئـەركێكی حيزبـی بـوو كـە

دەبوو دەگەڵ حیزبە پێشکەوتوەکانی ئەو وڵاتانە پەیوەندی بگرین‌و بەرنامەی کارەکانمان بەرەو پێش بەرین. دیارە جەنابت پێت وابوو ئێمە دەستەوەستانین چمان لەدەست نایەو هەروەك لە پێشدا بە دایك‌و بابی پێشمەرگەکانی ئێمەتان ڕاگەیاندبوو کە کوڕەکانیان لە برسان قڕدەبن! هیچ‌کاتیش نەچووینە خەتی ئیمپریالیزمەوە. ئەوەش بزانە دنیا دەئاڵ‌و گۆڕدایە، نە سوسیالیزم ڕەنگی جارانی ماوەو نە ئیمپریالیزم وەك خۆی ماوەتەو. لەدەوروبەرت بڕوانە تالێت حاڵی بێ. زەمانی بیرو فکری دۆگم‌وچەق‌بەستوو نەماوە. ئەگەر پێویست بوو لە جێی خۆی‌دا زیاتری شی دەکەمەوە.

هەر لە ئاخری لاپەڕەی (٧٧)دا دەفەرمووی چۆنە جەلیل وەك سکرتێری حیزب سێ مانگ لە وڵاتانی ئیمپریالیستی دەخولێتەوە؟

ئێستاش ئەتۆ لەمانای ئیمپریالیست حاڵی نی لە زۆربەی ئەو وڵاتانەی کە ئەمن چووم سوسیالیستەکان یا سوسیال‌دێموکراتەکان لەسەر حوکم بوون‌و حیزبی چەپی دیکەشی لێبوون کە دەبوو وەزعی کوردو کوردستانیان بۆ ڕوون کرێتەوە.

ڕەنگە سەفەریشم بۆ وڵاتانی شەرقی کردبێ بەڵام لە بەر هۆی تایبەت باسم نەکردوە. نیگەران مەبە ئێستاش ئەگەر سوسیالیزمێك بەڕاستی مابێ من هەر لاینگریم. بەڵام جارێ با ئەتۆ بتوانی بە کردەوە ببی بە مرۆڤێکی دێموکرات‌و لە حیزبەکەت‌دا مافی مرۆڤ بپارێزی‌و دادوەرییەکی ڕێژەیی بەڕێوەبەری جا ئەو دەم دوو قسان دەکەین!

لە لاپەڕی ٧٨دا ئەمن سەرکۆنە دەکا کە بۆ چوومە ئەمریکا و دەگەل کۆنگریسمان و سەناتوورەکان و زۆر شوێنی دیکەی ئەو وڵاتە ملاقاتم کردووە.

هاوڕێی پێشوو! باشت لە بیرە کە شەهید دوکتۆر زۆری حەز دەکرد بچێتە ئامریکا بەڵام بە داخەوە بۆی جوور نەبوو. هەروەها چەند جار داوای چوونی سۆویەتی کرد بەڵام هیچ کات نەیتوانی ویزا وەرگرێ، دیارە ئەوەش دەگەڕایەوە

پەیوەنـدی حیزبـی تـوودە و  حیزبـی دێمـوکرات و جـەریانی دوبچێـك لـە چێکوسلۆواکی.

بەڵام بزانە ئەمن کاتێك چوومە ئامریکا کە ئەو وڵاتە سیاسەتی بەرامبەر کـورد گـۆڕاو و هێلـی ٣٦ی دانـابوو بـۆ پاراسـتنی بەشـیك لـە کوردسـتان و پایگـای ئەنجیرلیکی تورکیەشی بۆ کردە پشتیوان. جا کە چوومـە ئامریکـا بـۆ وەرگرتنـی یارمەتی مادی نەچوبووم، هەر چەند برادەرانی ئێوە منیـان لـە لای ئامریکایـەکان بە چەپ ناساندبوو، بەڵام بۆ تەرحی مەسەلەی کورد لە ئێران چووم، کـە بیریـان بخەمەوە کە ئەوان لە سەدەی ٢٠دا وەك بریتانیا گەورەترین غەدریان لە کـورد و ئێران کردووە. تێکدانی کۆماری کوردستان و کودتای دژی دوکتۆر موسـەدیق، پشت تێکردن لە کورد دوای ١٤ساڵ شۆرش لـە کوردسـتانی عێـراق و تێکـدانی ئەو شۆرشە درێژخایەن و بەشکۆیە.

پێم گوتن هەتا ئاوابوون ئێمەش دژتان بـووین و هـەین، بـەڵام ئیسـتا کـە ئێـوە خەریکن کورد دەناسن و چەپەری پاراسـتنتان لـە بەرامبـەر سـەدام و بـەعس بـۆ کورد داناوە، ئێمەش بەوە دەزانین و هاتووین داواتان لێ بکەین چیدی دژایـەتی کوردمەکەن و پشتیوانی سیاسی لەو نەتەوە چەوساوە و گـەلی ئێمـە لـە بەرامبـەر کۆماری ئیسلامیدا بکەن کە جگە لە تاوان و جینایـەت بەرامبـەر بـە نەتـەوەکانی ئێران و گەلی ئێمە و لەسەریەك وێرانکردنی ئێران هیچی بۆ خەڵك نەکردووە.

بەلێ بە نووسینی ئـەو نامـەی ئامـاژەت پـێ کـردووە لـە مـاوەی ١٠ رۆژدا ٤٠ مەلاقاتمان هەبووە و شەوانەشـم بـۆ کوردەکـان دانـابوو کە بـەخزمەتیان بـگەم و راوتەگبیریان دەگەڵ بکەم.

برای بەرێز ئەودەمیش ئێمە موخالیفی پەیوەندی گرتن نـەبووین بـەلام دەگـەل هەموو لایـەك بـە قـازانجی نەتەوەکـەمان، نـە بـە قـازانجی شەخسـی و سـەپاندنی بیروبۆچوون بە سەر خەڵکدا.

جا ئەگەر جەنابیشت وەك سكرتێر دوای ٣٠ ساڵ دەخۆت رادەبینی ئاوا خـۆت ماندووكەی فەرموو، ئێمە نە بەخیل و نە كورسی پەرەستین كە هەموو حـەولمان بۆ ئەوە بێ.

بەڵێ من دەگەل ئەو سەفیرە وێنەم گرتووە كە ئاماژەت پێ كردووە. چۆنكە لە مێژ ساڵ بوو دۆستی كورد بوو و لە دۆستانی نیزێكی بارزانی نەمریش بووە!

ناوبراو زۆر جاریش نسیحەتی كوردانی كردووەو بـە مـەلا مەسـتەفای گوتبـوو جـەنابت بـەو هـەموو تەجرەبـەوە چـۆن فریـوی درۆ و دەلەسـەی كسـنجێرت خواردووە و باوەڕت بە قەوڵ و قەراری كردووە؟

كاك مستەفا ئەوەش فێر بە كە لە سیاسەتدا نە دۆست هەتاهەتاییە و نە دووژمن. گرینگ ئەوەیە ئەخلاق و پرنسیپ نەخرێتە ژێرپێ، بۆ كورسی و بۆ مەقام یـاری بە چارەنووسی خەڵك و نەتەوەیەك نەكرێ.

هەموو كاتیش منی خزمەتكاری گەل و نیشتیمان خاوەنی قسەی خـۆم بـووم و پێشم شك نایە وەك زۆران بۆ ئەوەی لە كورسی دوور نەكەومەوە واز لە قسـە و بۆچوونی خۆم بێنم.

لە لاپەڕی ٨٠دا باسی شەری حیزب و كۆمەڵە دەكەی، دەكردەوەدا ئەو شـەرە بە قازانجی كەس تەواو نەبوو، خوێنی سەدان رۆلـەی تێـدا رژا. بـەڵێ ئێمـە وەك حیزبی دێموكراتی كوردستان ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ یەك لایەنە شـەرمان راگـرت و جێگەی شانازی و خۆشحالی هـەموو خـەلكی كوردسـتان بـوو، بـەلام مـن لـە یەكەم شەردا كە ساڵی ٦٠ لە گوندی حاجیاڵیكەند لە نێوان حیزب و كۆمەڵـەدا ساز بوو، لە بۆكان بە دانیشتن دەگەل كاك عەبدوڵڵای مهتدی و سەید عومـەری كـوڕی سـەیدی زەنبیـل وەك نوێنـەری شـێخ عـزەدین حوسـێنی دانیشـتم و قەراردادێكمان نووسی و شەرەكەمان تەواو كرد، وێنەكەشـم ئـەو كـات داوە بـە سكرتاریا بەلام رەنگە وەك زۆربەی بەڵگەكانی دیكە لای ئێوە دەست نەكەوێ و مەسلەحەت نەبێ نیشان بدرێ بەلام وێدەچێ لای كاك عەبدوڵڵا دەست كەوێ.

ئاخر له قەدیمەوە گوتوویانە خوێن بو خوێن ناشۆرێتەوە، بەڵی کاتێك ئێمە وەك ڕێبەرایەتی شۆرشگیر یەك لایەنە ئەو شەڕەمان لەگەڵ کۆمەڵە ڕاگرت ئێوە بە خائین و جاش و.... نێودێرتان کردین. بەڵام ئێوە پاش یەك دوو سال ئەو کارەتان کرد. کەچی مەتنەکەتان ئەوەندە ناشیانە و خۆبەزل زانانە بوو کە زیاتر وەك ئیعلامی شەرێکی نوێ دەچوو. ڕەنگە ئێستا کە تەجروبەیەکی درێژترت هەیە ئەگەر پێیدا بچیتەوە بۆ خۆشت پێت سەیر بێ!

له لاپەڕەی ٨٠دا دەست پێ دەکا لە سەر پەیوەندی ئێمە و موجاهیدین ئەوەی دەیلێ نایلێتەوە و دەست دەکا بە نەقل و نەزیرە و جەعلیات و شتی دروست کراو.

کاکی برا، بەر لە هەموو کارێك مەترسێ جارێکی دی بەرگی دووی پەنجا سال خەبات بخوێنەوە و بە ڕۆژنامەکانی کوردستانی ئەو دەمی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان ڕێبەرایەتی شۆڕشگێردا بچۆوە تا بزانی تەنیا ڕێکخراوی موجاهیدین نەبوو کە مەوزعی ئێمەیان تائید کرد و پشتیوانیان لێ‌کردین، بەڵکوو زۆربەی حیزبە کوردستانی و ئێرانی یەکان مەوزعی ئێمەیان بە جێ و بە حەق زانی.

بەڵام پێشم خۆشە ئەوە بزانی کە موجاهیدین لە سەرەتادا موخالیفی جیابوونەوەی ئێمە بوون و هەولێشیان زۆردا ئەو کارە نەکرێ، بەڵام بە قسەمان نەکردن، لانی کەم هەتا مانگێك دوای هاتنە خوارەوەی برادەرانیش لە بۆلێ ئێمە پەیوەندیمان بەوانەوە نەبوو، بەڵام دوایە وەك زۆربەی هێزەکانی دیکە هاوکاریان کردووین. بەڵام پێم خۆشە ئەگەر تا ئیستاش نەتزانیوە بزانی کە من وەك هێندێك کەس لەپڕێك نەبوومە کوڕێك کە لەناکاو بە سەر حازریدا کەوتبم بۆیە عادەتم بە گوێ لە مستی نەگرتووە.

ئێمە ئەگەر گوێ لە مست باین ئەوەندی بڵێی یەك و دوو دەبووینە ئەندامی شوورا، زۆرێشیان پێ‌خۆش دەبوو، بەڵام ئەتۆ کە عادەتت بە گوێ لە مستی

گرتووە ئیستاش هەر دەلێی لە شۆرا هاتینە دەر. چونکوو کاتی خۆی وایان پێ دیکتە کردی.

هێندێك مەسەلەی ڕیز دەکەی و لە زمان ئەبریشمەچیەوە تۆمەتمان لێ دەدەی. بۆ تۆی سکرتێر عەیبە، ئێمە ئەگەر کەمیشمان بووبێ بە قەناعەتەوە دەگەڵ بەدەنەی خۆمان بەراستی و دروستی خەرجمان کردووە، بەڵام هیچ کات گوێمان بۆ قسەی دوور لە مەنتقی کەس شل نەکردووە، ئەبریشمچی کێیە کە ئەمرو نەهی بەسەر جەلیل گادانیدا بکا!؟ ئەگەر بۆ ئەو تۆمەتانە بەڵگەیەکت هەیە بۆ بڵاوی ناکەیەوە!؟

ئەتۆ جورئەتت نەدەکرد جارێك لەسەر شەهید کرانی دوکتۆر قاسملوو بە گژ بەرپرسانی دەوڵەتی ئۆتریشدا بچیەوە و لە حالێکدا ئەو دەم کە ئێمە لە ئێوە جیا بووین و جار جار وشەی جاشیشتان بۆ بەکار دەهێناین بە شاهیدی عەلی مازووچی لە ویەن زۆر بە جدی بە گژ دوکتۆر فیشیردا چووم کە ئەو دەم سەرۆکی پارلمان بوو و ئێستا سەدری ئەعزەمی ئۆتریشە و داوام لێ کردبپرسنەوە و قاتڵەکانی بەرێتان کردونەوە داوابکەنەوە و بە پەروەندەکە رسیدەگی بکەن، هەروەها پێشم گوت کە بێدەنگیان لەو بابەتەوە ریسوایی و ئابروچوونە!

کاتی خۆشی لەو جۆرە بەیت و باڵۆرانەتان زۆر کوت و دووپاتتان کردەوە، بەڵام چۆنکە هەرواتان بەو قسە پروپووچانە باوەر کرد کە جاسووسەکانتان بە درۆ بۆیان دروست دەکردن وبۆیان دەگێرانەوە و سەریشیان بە رێژیمەوە بەند بوو، ئەو حیزبە خاوێنەتان گردەنشین کرد و کردتانە قوربانی هەوا و هەوەسی خۆتان!

بەلێ لە واقعدا من نەچوونە ناو شۆڕام ئاوا بە پەلە و بە بێ پەسند کردنی دەفتەری سیاسی پێ دروست بوو، نە ئەم تەرزە رەفتارانەی کە دوای ئەو هەموو پێدا هەڵگووتنە بە شۆرا ئاوابە سادەیی لە شۆرا ئیخراج کرێین کە بە پاڕانەوەش رامان نەگرنەوە و دوایەش بەدەنەی خۆمان فریو دەین و بڵێین هاتینە دەر.

پێم وایە دەبێ لێرە بەس بێ و چیدی ئەو قسە هەڵە و بێ بنەمایانە تەحویلی خەلك نەدەی!

لە لاپەرەی ٥٨دا باسی گۆڕینی شعار لە خودموختاری بۆ چارەنووس دەکا و دەنووسێ موجاهیدین پێمانی گوت دەبێ بیگۆڕن!

ئێمە هەتا دەگەل ئێوە بەو نرخەی کە باسی دەکەی تێکەڵ نەبووینەوە، دۆستایەتی خۆمان دەگەڵ ئەوان پاراست و هیچ کات نە داوایەکی ئاوایان لە ئێمە کردوو نە ئەگەریش کردبایان بە قسەمان دەکردن، ئەگەر ئەهلی خوێندنەوەبای و چاوت لە بەرنامەی ئێمە کردبا، ئەوەت دەزانی هەتا تێکەلیش بووینەوە هاوکاریان هەر کردین. زۆریش لە جەنابت پیاوتر بوون، ئەوان کە کوتیان دۆستایەتی دەکەن، دەیکەن و بە کردەوەش کردیان. وەك هێندێکان لەسەرەوە دۆستنین و لە بنەوە پیلان بگێرن!

بەڵام داخەکەم کە تێکەڵ بووینەوە ئێرانچیتی دەستی پێ کرد و تەنانەت لە کۆنگرەی یازدەش کە دوای یەکگرتنەوە گیرا باس لە سەر فیدرالیزمیش کە ئێمە هێنامانە گۆڕێ لە روانگەی ئێوەوە بە خیانەت و.... لە قەڵەمدرا و هەتا یەك دوو پلینیۆم پیش کۆنگرەی ١٣ش هەر بڤە بوو!

لە لاپەڕەی ٨دا باسی بێ دەرەتانی مادی ئێمە واتە حیزبی دێموکڕات ڕێبەرایەتی شۆرشگێر دەکا و زۆر جاریش باسیان کردووە کە دەبێ ئێمە لە برسان داوای تێکەڵ بووونەوەمان کردبێ، رەنگە ئێستاش کە حیزبی دێموکراتی کوردستان زۆر هەوڵ بۆ یەکگرتنەوە دەدا، ئێوە هەر وا بیر بکەنەوە! لە سەرەتاشەوە وات بیر کردبۆوە کە پاش چەند مانگ نامێنین!

کاك مستەفای بەرێز! رەنگە ئێمە وەك ڕێبەرایەتی شۆرشگێڕ لە ماوەی نیزیك ٩ ساڵ تێکۆشاندا هیچ کات نە هەروەك ئێستای ئێوەمان لێ نەهاتبێ کە تلویزیون داخەن، چەند مانگ یارمەتی کادر و پێشمەرگەکانتان بۆ نەدرێ، تەماح لەو ١٥٠ هەزار دینارەی پێشمەرگەش بکەن کە کۆمەڵایەتی حکومەتی هەرێم دەیانداتێ،

ڕەنگە ئەوانە لە هەل و مەرجی عاستەمدا ڕوویدەن و بۆ حیزبێکی سیاسی و بەرپرس دێتە پێش. بەڵام ئێمە نەگەیشتینە ئەو وەزعە.

ئاخر بێجگە لەو ١٠ـ١٢ دەزگا ماشێنە و ئەو هەموو چەك و چۆل و کەل و پەلی ڕادیۆ و بێ سیمەی کە لە تێکەل بوونەوەدا لە لایەن ئێمەوە تەحویلتان دراوە و لیستەکەم بۆخۆم پێشتر تەحویلی کاك حەسەن شەڕەفی و کاك مستەفا مەولوودیدا بوو پارەی، نەقدیشتان لەلایەن کاك حەسەن ڕەستگار وەك بەرپرسی ماڵی و سکرتێر تەحویل درا. خۆ ئێمە ئەگەر نیوەی ئەو ماشین و ئیمکاناتەمان فرۆشتبا دوو سێ ساڵ بەڕاحەتی پێی دەژیاین. کە وابوو ئەوانەی بە هەستی خاوێن و بێ گەردی ئێمە یاری دەکەن و دەڵێن لە ئێحتیاجیان تێکەڵ بووینەوە نە هەر بە هەڵە چوون بەڵکوو بە ئاشکرا حاشا لە ڕاستیەکان دەکەن! ئەوانە یاری بە خەباتی ڕەوای لەمێژینەی هاوڕێیانی ئێمە لە پێناو ڕزگاری گەل و نیشتمان دەکەن! کە ئەگەر عەیبە مابێ، ئەو درۆ کردنە عەیبێکی زۆر گەورەیە!

ئەو کاتی کە ئێمە یەکمان گرتەوە ئێوە ئەو ئیمکانات و شتانەی حکومەتیش دەیدا بە بنەماڵەکان بەخۆڕایی نەتاندەدانێ و چەند جاریکیش هەڵکەوتووە کە پێشمەرگە خێزاندارەکانتان پارەیان نەبوو دەرمانی بۆ منداڵە نەخۆشەکانیان پێ بکرن و لە ئێمە مانانیان داوادەکرد و ئێمەش بە گوێرەی ئیمکان دەریغیمان لێ نەدەکردن.

دواتر ئێمە پێمان سەلماندن کە ئەوە هەقی بنەماڵەکانە دەبێ پێیان بدرێ. بەڵام ڕەنگە سبەینی ئەگەر یەکگرتنەوەیەکی دیکە ڕوویدات بە حیزبی دیموکراتی کوردستانیش هەروا بڵێی! سەلا لەو عەقلە!

بەلام زۆر عەیبە! یاری بە هەستی خاوینی ئێمە بەرامبەر بە نەتەوە و کوردستانەکەمان مەکە! ئەوە فێڵی ئێوە و هەستی خاوێنی ئێمە بوو کە بەستێنی بە دڵ و گیان یەکگرتنەوەی ئێمەی دەگەڵ ئێوە پێك هێنا، نە موخالیفەتی کوێرانە و هەست بە بەرپرسایەتی نەکردنی ئێوە و موخالیفانی یەکگرتنەوە. دیتنی ئەو خەونە

ترسناکه و ئـەو بیرکـردنەوە ڕەشـبینانە کـاتی بەسـەر چـووە و کـۆن بـوون. ئەوە ئێمەش نەبووین جیایی دوبارەمان کرد، نامودیری و دڵڕەشی و تێکدەری جەنابت وای کرد!

باسی وتوویژ خوازی دەکەی، من بەش‌بەحالی خۆم ئیستاش وتوویژ دەگەل ئـەو ڕێژیمەم پێ بێسوودە، هـەر چاوەروانیـەك بـۆ سـازش دەگـەل ڕێژیمـی کۆمـاری ئیسـلامی بـە خۆفریـودان دەزانـم. داوای موجاهدەکانیشـم بـۆ نـەکردنی وتـوویژ دەگەل ئەو ڕێژیمە بە ڕەوا زانیوە و بە دروسـتی دەزانـم. چۆنکـە حیـزب قـەولی دابـوو تـا رووخـانی کۆمـاری ئیسـلامی خـەباتی هـاوبەش درێـژە بـدا و لـەو چوارچێـوەدا کۆمـارێکی دیموکڕاتیـك دابمـەزرێنێ. بـە وتـەی فارسـەکان (شـتر سواری دولا دولا نمیشه.)

به دڵنیاییەوە دەڵێم ئەم وتوویژخوازیـەی ئـەو کـاتی کـە بـەو نرخـە لە قـیمەت نەهاتوویەی حیزبەکەتان تەواو بوو قەول و قەراری دیکەی لە پشت بووە!

له لاپەڕەی ٩١دا دەڵێ،" گەلۆ وەلانانی تەنیا کەسێك لـە ڕێبەرایـەتی حیزبـدا، ئەوەندەی دێنا ئەو حیزبە تووشی ئەو هەموو کێشە و کەند و کۆسپە بکرێ."

مەسەلە چارەنووسـی یـەك کـەس نـەبوو، چارەنووسـی حیـزب بـوو، سـەپاندنی دەسەلات بـوو، زەوت کردنـی مـاف بـوو، هـیچ دەزانـی ئەگـەر ئـەو هەڵوێسـتە نەگیرابا حیزب بەرەو کوێ دەچوو، شتی زۆر خراپتر لە لیسـتەی فـیکس دەهاتـە گۆڕێ؟ ئەوەنـدە دێموکراسـیەی مـابوو ئـەوەش نـەدەما؟ ئەو کەنـدو کۆسـپانەی باسیشی دەکەی کەسانی وەك جەنابت کە هەر بەڵێتـان کوتـووە، بەسـەر حیزبتـان هێنا نە ئێمە.

ئەرێ ئیمە بە گشتی و من بـە تایبـەتی کـە لـە هـەموو هەلوومەرجێکـدا و لـە زەمانی نهێنی کاری و مەیدانی ئاشـکرادا قـەدیمی‌ترین یـار و پشـتیوانی دوکتـۆر قاسملوو بووم، بۆ قسەی حیسابی لێ وەر نەگرتین. بۆ کۆنفرانسی فوقالعـادەی بـۆ نەهێشتنی ئەو ناراحەتیەی کە چەند هەزار کـەس بـە نووسـراوە داوایـان کردبـوو

نەگرتەوە؟ دوایەش بۆ فەرمانی هێرش بۆ ئێمەتانداو شەڕتان پێ فرۆشتین و شەڕی براکوژی دێموکراتەکانتان سازکرد. ئەگەر لیستەی فیکس بۆ هەڵبژاردن باش بوو بۆ دوایە بۆ خۆتان وەلاتان ناو دووپاتتان نەکردەوە؟

دیارە بۆتان دەرکەتوە شتێکی نادێموکراتیكو زیانبارە بۆیە وازتان لێهێناوە، بەڵام لە بەر ئەوەی ئێوە هێندێکتان هەر فێری بەڵی کوتن بوون و ئەوکات چاوتان لە زاری کەسانی دیکە بوو و عەقڵتان بە میزانی زیانی ئەو لیستە فیکسە نەدەشکا و کوێرانە قەبووڵتان کرد، وای لێهات.

لە لاپەڕەی **٩٣**دا جارێکی‌دی نەفی کوردپەروەریو خەباتی دڵسۆزانەی ئێمەو بەتایبەتی من جەلیل گادانی دهکەی و دەڵێی بۆ مەسڵەحەتی خۆیان وایان کردوە.

ئەرێ پێم ناڵێی ئەمن لە هەموو درێژایی ماوەی خەباتمدا جگە لە قازانجی مەعنەوی کە باوەڕی خەڵكو متمانەی جەماوەرە چیدیکەم پێبڕاوە، هەموو شتێکی خۆم تەنانەت لاوەتی و بنەماڵەو ژنو منداڵیشم فیدای ئەو خەباتە ڕەوایە نەکردوە کە تەنیا بۆ بەختەوەری نەتەوەکەم کردوومە؟

خەڵکی کورد باش لە نییەتی پاکی من حاڵیە بۆیە ئەو دەم کە ساواكو ساواکیەکان هەرەشەیان لە ژیانی خەڵك دەکرد، جەنابیشت دەستت بەکڵاوی خۆت گرتبو و قروقەپ دانیشتبووی و ئاگات لە مەحموودی بێ زەواد نەبوو، بە قسەی من ملیان لە تیغ دەناو بە قبووڵی گیران و ئەشکەنجەو مردنیش رازی دەبوون چ لە زەمانی شاداو چ دواتر دەهاتنە مەیدانی خەباتو بەربەرەکانی. سەرەڕای ئەوەش نەهەر منەت لە سەر خەڵك دانانێم زۆریشیان سپاس دەکەم و بە دڵ پێشمەرگەی گەل و نیشتمانم و بە کردەوەش نیشانم داوە پۆست و مەقام بۆ من بایخی نی‌یە!

ئەگەر لە لاپەڕەکانی بەرگی ٢ی ٥٠ ساڵ خەبات کە کارنامەی نیزیك بە نۆ ساڵی حیزبی دێموکرات ڕێبەرایەتی شۆرشگێڕ وردبیەوە، بێ ئەوەی هیچ

نیازێکمان لە باری مادیەوە هەبێ گەلاڵەی پێشنیاری بۆ یەکگرتنەوەی حیزبمان هەبووەو لەو کتێبەدا نووسراوە. ئەگەر لەبەر داخوازی خەڵك نەبێو بۆ بەرژەوەندی نەتەوەیی نەبێ بۆ ئامادەم دەگەڵ جەنابتی نێوچاوان گرژی میر ئاسا دانیشم حیزبایەتی بکەم. حیزبەکەی ئێمە ئەوکاتیش‌و ئێستایش لەچی کەم بوو، لەچی کەمە؟

ئەوەشت بۆ دەسەلمێنم کە هەموومان دەنگمان بە شەرعیەتی کۆنگرەداو قسەکانی منیشت لە کردنەوەی کۆنگرەی ١٣دا لە بیرە. بەڵام مەرج نیە هەر خیلافێکیش دوای کۆنگرە کرا کادرو ئەندامان قڕوقەپ دانیشن. من بە خۆشی‌یەوە لەو جیابونەوەدا موداخیلەیەکی ئەوتۆم نەبوەو بەر لە لێك‌دابڕانیش گوتوومەو چەندجاریشم دووپات کردۆتەوە کە "حیزبی دێموکرات بەیەکەوە جوان‌و سەرکەوتوەو بە هەردوولام گوتوە ئەگەر یەك بوونی حیزب بە تاڵە موویەکەوە بەندە دەبێ بۆ پاراستنی تێکۆشین‌و نەهێڵین بپسێ."

خوا غەزەبیش لەوە گرێ کە لە سەرەتاوە دەستەو دەستەبەندی لەو حیزبەدا سازکردو ماڵی ئەوانەش وێران بێ کە بوونە هۆێ لەت‌بوونی حیزب!

زۆر سەیرە لە لاپەڕەی ٩٤دا ئێستاش باسی گۆڕانی نێوی حیزب دەکاو پێیان ناڕەوایە ئێمە ئەوکات یا ئێستا ناومان "حیزبی دێموکراتی کوردستان"ـە، ئەرێ بۆ دەتەوێ ئەو کوشتارەی لە پێشمەرگەکانتان کردین لە ژێر عینوانی ناودا بشاری‌یەوە؟ تاوانی ئەو ڕۆڵانە چ بوو؟ کەم بەگژ دوژمنەکاندا چوبوونەوە؟ پێشمەرگەی ئازاو قارەمان نەبوون؟ ئەوە هەتا کەنگێ ئەو فەرهەنگە بێ مەعناو ناسالم دەبێ ڕەواجی هەبێ؟ ئەگەر دەگەڵ تۆبووم پیاوی چاك‌و ئازاو فیداکار و قارەمانم، بەڵام هەر فاسیلەم لێ‌گرتی دەبمە جاش‌و پیاو خراپ‌و خائن؟!

لە لاپەڕەی ٩٥دا ئاماژە بە بەشێك لە نامەی دوکتور قاسملوو دەکا کە بەر لە ئیعلامی مەوزعی ڕێبەرایەتی شۆڕشگێر بۆ کاك "فەتاح کاویان"ـی نوسیبوو. بەڵام ئەو بەشەی لێ قرتاندوە کە بۆی دەنووسێ دەستتان ماچ دەکەم ئەگەر بێنەوە!

یەکەم ئەوەی کە لەو نامەدا هەموومان بە بێعەقڵ دادەنێ. لە لایەکی دیکە بە ڕاستی هەرتاکێك لە کۆمەڵگادا مافی نیی‌یە نێو بۆخۆی دیاری بکا؟! هەتا دەگا بە حیزبێکی گەورە و گران.

مەگەر ناوی حیزبی دێموکرات قەباڵەکەی بە ناوی ئێوە نووسرابوو؟! جگەلەوەش ئێوە کە لە زەمانی شادا بێ دەسەڵاتترین‌و گوێ لە مستترین کەس بوون بۆ گوتنی جاویدشا، بۆ حەقتان بە خۆتان دەدا ئەو ناوەتان لە سەربێ بەڵام ئێمەمانان کە هەموو لاویەتی و ژیان‌و هەست‌و نیستی خۆمان لەو پێناوەدا دانابوو مافی ئەوەمان نەبوو ناوی خۆمان بۆ خۆمان دیاری بکەین! لە ڕوانگەی ئێوە ئەوە دێموکراسی‌یە؟ ڕەچاوکردنی مافی مرۆڤ بە کوشتنی پێشمەرگەیە یا بە ڕەچاوکردنی دێموکراسی؟

ئاخر ئێمە "ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ"مان لە ناوەکەمان زیاد کردبوو تا فەرق‌و جیاوازی هەبێ. لە دنیای پێشکەوتوودا تەنانەت ئەگەر دوونا‌و ویرگولیان فەرق بێ سەبت دەکرێ‌و بە ڕەسمی دەناسرێ. هەتا ئەم دوایانەش جەنابت هەر ئەو باڵۆرەت لێدەدا!

ئێوە دەبێ وڵامی دنیاو گەلی کوردو بنەماڵەی ئەو شەهیدانە بدەنەوە کە نەتەنیا شەهیدتان کردن بەڵکوو گوللەی خەلاسیشتان لێدان.

بۆ ئێستاش پێتان وایە چەك بۆ سەپاندنی قسەو توانای خۆتانە بە سەر خەڵکدا؟ ئەوە بۆ هێندێك لە بەرپرسانی کورد ئەگەر پارەو پووڵو چەکو چۆڵ و پێشمەرگەیان لە دەوری خۆیان دی دەبنە میرغەزەب، فیرعەون‌و جەلادو شەڕ بە خەڵك دەفرۆشن؟ دوایەش نێوی دەنێن شەڕی براکوژی. ئەوە کەی ڕێی بە برایەتێدا بردوە؟ وای چ برایەتێکی پڕ لە تاوان‌و شەرم‌و شوورەییە!

لە لاپەڕەی ٩٦دا هێندێك شەلاحەت و فەلاحەت دەکاردێنێ و دوایەش دەڵێ "ئاخریەکەی نەبوون بە حیزبی دێموکرات."

زۆر سەیرە ئینکاری وجوودی حیزبێکی دەکا کە دوای ٩ ساڵ تێکۆشانی سەربەخۆ و فیداکارانە لە سالی ١٣٧٥ جێژنی یەکگرتنەوەی لەگەڵ گرتووە، ئەدی ئەگەر نەبوونە حیزب ئەو دەم لەگەڵ کێ یەکتان گرتەوە؟ حیزبێك کە لە سیفرەوە دەستی پێ کرد و ئێوە لە هەموو بوارێکەوە بە ڕەقیبی خۆتان دەزانی.

ئەگەر تا ئێستا لێت حالّی نەبوە دیسان داوات لێدەکەم جارێکی دێ سەرچاوەی زانیاریەکانت واتە بەرگی یەك‌و دووی ٥٠ ساڵ خەبات بخوێنەوە تا باشت لێ حالّی بێ حیزب بووە. بێزەحمەت ئەو ئیعلامیەی هاوبەشی هەردوولای حیزبیش لە کاتی یەکگرتنەوەدا بخوێنەوە کە لەوێدا بە ئاشکرا بوونی ئەو حیزبەت وەك واقع سەلماندوە.

جگە لەوەش مامۆستا عەبدوڵا حەسن‌زادە، دوای کۆنگرەی ١٣ کە ئێوە زۆرتان تەعنە لێدەدا لە کۆبوونەوەیەکی گشتی‌دا بە ئاشکرا بۆ دیفاع لە خۆی هاواری کردوەو گوتویەتی "ئەمن بەو تێکەڵ کردنەوەی ڕێبەرایەتی شۆڕشگێر گەورەترین ڕەقیب‌و کۆسپم لە سەر ڕێگەی حیزب هەڵگرتوە!"

کاك مستەفای بەڕێز! ئەوە بۆ ئێستا کە خۆت وا لە سەرەوە دەبینی‌و بە لە خۆبایی بوونەوە دەڕوانیە خەڵك‌و حورمەتی هاوخەباتی‌و جیرانەتی‌و هاوحیزبی‌بوونت بە جارێك وەلا ناوەو پاشا ئاسا دەڕوانیە ئەو کەسانەی کە نە لە باری ڕابردووەوە، نە لە باری سەوادو زانیاری‌و سیاسەت‌و ئەخلاقەوە ناگەیە گەردیان بەڵام بەم شێوە بێ‌حورمەتیان پێ دەکەی؟

بەسە! ئەو چاویلکە ڕەشانە لە چاوت داگرە، دڵە ڕەشەکەت کەمێك ڕوونکەوە، لەو قسەو قسەڵۆکانەی کە زۆر کۆن بوون‌و ئیتر ڕەنگیان نەماوەو کاڵ بوونەوە واز بێنە! سووکایەتی کردن بە خەڵك بۆ خۆتی پێ سووك دەبی، بزانە دوای ئەو کتێبە چیان بۆ نوسیوی‌و چت پێ دەڵێن؟

بۆ بەشی سێهەمی کتێبەکەشت کە لە سەر جیابوونەوەی دوای کۆنگرەی ١٣یە من جارێ هیچ ناڵێم. هەر ئەوەندەت بۆ دەنووسم کە دۆڕاو بۆخۆتی کە پاش ٣٥

ساڵ حیزبایەتی‌و ئەندام بونت لە ڕێبەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا بەداخەوە تا ئێستا نە سیاسەت دەزانی نە دەزانی بدوێی‌و نە ئەدەب فێربوویو نە دەزانی بنووسی، هەمووکەسیش دەزانێ ئەوە ئینشای جەنابت نییە بەڵام ئەگەر پیاوێکی ڕاستگۆبای لانی‌کەم لەو **١٩٣** لاپەڕەی‌دا یا لەبەشی ئاخری‌دا شەهامەتی ئەوەت دەبوو بنووسی دوای ئەو بڕیارەی کە بە پەسەندی کۆمیتەی ناوەندی دوای کۆنگرەی ١٢ گەیشتوەو دەڵێ "هەرکەس بە نهێنی دەستەبەندی بکا بە خائن دەناسرێ‌و تا سەرحەدی ئیخراج لە حیزب سزا دەدرێ" جەنابت ئەو بڕیارەت پێشێل کردو بۆ خۆشت لە پلیونۆمدا ئیعترافت بە کردنی ئەو کارە کرد بەڵام لە سزادانت چاوپۆشی کرا!

زۆر ئیرادە ڕاست لەو هەل و مەرجەدا کە وتوویژ بۆ یەکگرتنەوەی دووباڵی حیزبی دیموکرات دەگۆڕێ‌دابوو بە بڵاوکردنەوەی ئەو جنێونامە جارێکی دی دانیشتنەکانت وەدواخست و مەسەلەکەت بەبن بەست گەیاندوە.

# بەشی دووهەم

# چەند بیرەوەریەك

# بیرەوەریەك

زۆر لە مێژە دۆستان و هاوڕێیان داوام لێ دەکەن بیرەوەرییەکانی ژیانی خۆم بنووسم، بەڵام هێندێك جار دەمگوت بەکەڵکی چ دێ و چ سوودێکی بۆ کۆمەڵگا هەیە؟

ئێستا کە چەند بیرەوەری دۆستان و هاوڕێیان دەخوێنمەوە هەست بەوە دەکەم کە هەر نووسینێك بە تایبەتی ئەگەر پەیوەندی بە چارە نووس و رابردووی نەتەوەکەمەوە هەبێ با زەمانیشی زۆر بە سەردا تێپەڕیبێ و لە روانگەی کەسانێکەوە کۆن بنوێنێ کەڵکی خۆی هەیە، یەکەمیان ئەوەیە کە زۆر شت لەبیر دەکرێ و بە مرووری زەمان لە زەینی خەڵك و تەنانەت خودی نووسەریش دەڕوا و پاك دەبێتەوە و هەرچی دوایەش هەوڵبدەن بیریان نایەتەوە و ئەگەریش شتێکی بیر بێتەوە کەم و کووڕی زۆر دەبێ و لە ئاکام دا دەفەوتێ بە تەواوی فەرامۆش دەکرێ.

دوو هەمیش ئەوەیە کە ئەو نەوانەی دوای ئێمە چۆن لەو رووداوانە ئاگادار بن تا پەندیان لێ وەرگرن بیکەنە وانە بۆخۆیان و لە کردەوەدا ئەوەی بەکەڵکە سوودی لێ وەرگرن و بە شێوەیەکی مۆدێرن تروتێکەڵاو دەگەڵ زانستە نوێیەکان پەیوەندیان کەن و ئەزموون کراوەکان ئەزموونی نەکەنەوە، ئەوانەی زیانیشیان لێداوین و لە کردەوەدا سەرکەوتوو نەبوون وەلای بنێن و دووپاتیان نەکەنەوە.

بۆیە هاتمە سەر ئەو باوەڕە ئەوەی لەبیرم ماوە بیخەمە سەر کاغەز و رایانگوێزم بۆ بیر و رای گشتی تا هەم ئەگەر بە سوود بوو کەڵکی لێ وەرگرن و هەم کەم و کووڕی‌یەکانی پڕ کەنەوە و بە هاوبیری و تەگبیر دەگەڵ ئەوانەی لە من لاوتر یا گەنجترن و رووداوەکانیان باشتر لە بیر ماوە بەرەو تەکمیل بوونی بەرن.

بەو هیوایەی وەك بۆخۆم چاوەڕوانیم هەیە لەو بوارانەدا زەینی خوێنەرانی بەڕێز رونتر بێ و هێندێك شتی شاراوەیان بۆ روون بێتەوە.

***

لە رۆژی ١٢ی رەشەمەی ١٣١٢ی هەتاوی لە بنەماڵەیەکی مام ناوەندی لە گەڕەکی قوولە قەبرانی شاری مەهەباد لە دایك بووم رەنگە مامانی دایە رەزیەم لە بوونی مندا هەروەك خوشك و براکەی دوای خۆم پوورە مروەتی خوشکی بابم بوو بێ و بە شێوەی ئەو سەردەم هەر لە ماڵی خۆمان لە نێو جێ و بانێك دا کە دەور و بەری بە خۆڵە مێش و لەتکە دەوە و تەپاڵە دەچندرا، بۆ ئەوەی خوێن بڵاو نەبێتەوە منیشی لە دایکم جیا کردبێتەوە و هەر لەجێ نێوکی بڕیبم.

ئاخر ئەو ژنە بە مروەتی گادانی ناسرا بوو ژنێکی هەڵکەوتوو، بە کردار و قیافەی ئاماڵ پیاوانەوە وەك مامانی گەڕەك ناسرا بوو، بەشێك لە کاری رۆژانەی مامانی بووە، وەك دەیانگوت قەدەمیشی سووك بووە و ئەو ژنانەی ئەو خوالێ خۆشبووە مامانیان با زوو لێ دەبوونەوە.

نازانم بۆ ناویان ناوم جەلیل، ئایا لە بەر ئەوەی یەکێ لە براکانی گەورەتر لە خۆم ناوی خەلیل بووە یا لە بەر گەورەیی سیفەتی خوا بووە؟ چوونکە بابم ئەهلی تەریق و سۆفی بووە و مریدی ماڵە سەیدی تەهای شەمزینی بوو. زۆری حەز لە بەزمی سۆفی و دەروێشان بوو. گەلێك جار دیوەخانی بۆ ئەو بەزمانەو بە دەفەو شمشاڵ و شێعر و ئاهەنگ دەڕازایەوە.

جەلیل خڕکەڵە دەبێ نازانم چۆن بوو جگە لە دایکی خۆم سێ دایکی دیکەشم بۆ پەیدا ببوو کە هەرسێکیان ناویان خورشید بوو، خورشیدی دایکی وەستا حەمەدی خورشیدێ و خورشیدی پوورە ئایشێ و خورشیدی خدر مەولانێ. هەرسێکیان لەمێژە بە ڕەحمەت چوون.

دوو دایە خورشیدی یەك و سێ هەر لە ماڵە خۆمان دا بوون، دایە خورشیدی سێیەم لە كۆڵانی ئەولاتری ماڵە خۆمان بوو، باشم لە بیر نی یە مەمكیان داومێ یا خێر بەڵام زۆریان خۆش دەویستم و بەقەد پشیلەی ماڵە میرانی[١٣] پێم رادەگەیشتن، هەرچی خواردنی خۆشیان لێ نابا بەشیان بۆ هەڵدەگرتم و رۆژێ سەدجاران خۆیان بە قوربان دەكردم.

لە بیرمە گەورەش ببووم لە چوونی مەدرەسە نیزیك ببوومە جار جار مەمكە چەرمە چەقالتەكانیانم دەمشت، خوا هەڵناگرێ تەلپاتی تەڕیشیان تێدا نەبوو! خوا پێداو بووم و وەعەرزێ نەدەكەوتم هەر دەم بە باوەشی یەكیانەوە بووم.

١. لە گەرەكی ئێمە ئەگەر پشیلەیەك زۆر خۆشەویست باو پێی ڕاگەیشتبان و لە هەموو چێشتێك بە میاوە میاو بەشی خۆی پێ بڕابا پێیان دەكوت دەڵێی " پشیلەی ماڵە میرانی" یە.

# بۆ عەجەمی شین‌پۆش[١٤] بێزار بووم؟

شەش ساڵە بووم دەگەڵ پۆلێك لە منداڵەکانی گەڕەکێ لە کۆڵانێ یاریمان دەکرد، عەڕابەیەکی چکۆلەیان لە قەراغی لاستیکی ماشین بۆ دروست کردبووین دەمان سووڕاندن، لەگەرمەی ڕکەبەری یەکتردا بووین بە غار لێمان دەخوڕین لە ناکاو تووشی سێ ژاندارم "ئەمنیە" بووین کە دیار بوو لە راو و رووتی دێهاتی دەهاتنەوە بە سواری گەیشتنە راستی ئێمە، عەڕابەکەی من راست چووە بەر پێی ئەسپی یەکێك لە ژاندارمەکان کەئەوکات پێیان دەکوتن "ئەمنیە" ئەسپەکەی سڵەمیەوە و هەستا سەرپاشوان کابرای ژاندارم جنێوی دامێ و هەڕەشەی لێ کردم، منیش لە ترسان بەرە و کۆڵانی بەرانبەر هەڵاتم.

ژاندارمی زەلام دابەزی عەڕابەکەی لە دەستی ئەسپەکەی دەرهێنا و بە سواری وەدوام کەوت، بە توندی هەڵاتم چەند قەدەم ئەولاتر گرتمیەوە، شەپەلاغەیەکی لێدام و دەگەڵ خۆشی بردم بۆ شوێنی خۆیان کە ئەو دەمی لە خانوویەکی ماڵە سەید عەلی چل سەیدان بەرانبەر بە ماڵی حاجی ساڵحی شاتری دا بوو، دەپازدە ساڵ دواتر هەر ئەو شوێنە بوو بە مەدرەسەی ناوەندی ئێمە، چەند ساعەتێك لەوێیان را گرتم. هەتا منداڵەکانی هاواریم بابمیان ئاگادار کرد و هات بەریدام هەر لە ژێر زەمینەکەی بنکەی ژاندارمەکاندا رایان گرتم.

جارێکی دی گەورەتر بووم بەڵام بە رەسمی ئەو دەم کوڕانیش هەتا حەوت هەشت ساڵی هەر دەگەڵ دایکیان دەچوونە حەمامەکانی گشتی شار، لە ماڵاندا حەمام نەبوو.

---

٢. لەو سەردەمدا پاسەوان و ژاندارم جلوبەرگی رەسمیان شین بوو.

دایکم دەگەڵ چەند ژنی دەر و جیران دەستی منی گرتبوو دەچووینە حەمام. دایکم چارشێوی بەسەرەوە بوو، لە ناکاو پاسەوانێك[١٥] بە جلکی شینکەڵەوە پەیدا بوو، رووی لە دایکم کرد و بە نیوە کوردی و نیوە تورکی کوتی: نازانی چارشێو قەدەغەیە، پڕی دا چارشێوەکەی کە لە سەری دایکمی بکاتەوە، دایکم زوو قەرەپوولێکی لە مستی نا جا دەستی هەڵگرت.

رۆیشتین، لە دوور و نزیکی حەمامی شوجاع الملکی، کە خەڵك پێیان دەکوت حەمامی شوجاعە ملکی، ئاژانەکە بەلایەکی دیکە دا هاتەوە سەر رێمان، ئەوەندەی بلێی یەك و دوو چارشێوی لەسەری دایکم و ژنەکانی دی داماڵی، پێچایەوە بردی و رۆیشت. دایکم بەپەلە خۆی گەیاندە دەرگای حەمام و زۆر بە نارەحەتی لە پێپیلکانەکان چوە خوارێ. ناوی پاسەبانەکە ژنەکان دەیان زانی "مەمەد عەلی یا محە عەلی بوو" ئەو کە دەرۆیشت لە پشتەوە ژنەکان هێندێك جنێویان دایە بەلام، دەستکەوتی خۆی برد بووا!.

بەدیتنی ئەو دوو عەجەمە و ئەو زوڵمە بۆ هەمیشە رق و تووڕەیی بەرامبەر بە ژاندارم و پۆلیس لە دڵمدا جێی گرت. دوایەش کە چوومەوە مەدرەسە هێندێك مامۆستا کە بە فارسی و توورکی قسەیان دەکرد، ئەو دوو روو داوەم بیر دەکەوتەوە و رقم لێیان دەبوەوە.

پۆلی دووهەم بووم، تەعتیلاتی هاوینێ بوو چووبوومە دووکانی بابم کە کەوش فرۆش بوو. کاك خەلیلی رەحمەتی براشم لەوێ بوو. بابم پێی گوتین بچینە دووکانی کەوش فرۆشی قاسمی حاجی عەولای کە دوایە ناوبانگیان بوو بە مەرجانی شتێکی بۆ ببەین، کارەکەمان ئەنجامدا. لە گەڕانەوەدا گەیشتینە نێو مەیدانی قەپانی سەرای شافعی کە لە پڕ گرمەیەك هات، کاك خەلیل دەستی منی بەرداو هەڵات، بۆ کوێ نازانم. منیش لە نێو راکە راکەو تێك هاویشتنی خەڵکدا

---

٣. ئەودەم بە پاسەوانیان دەکوت " ئاژان ".

خۆم گەیاندەوە دووکانی بابم. کاك خەلیل نەچووبووەوە دووکانێ هەر کە گەیشتمەوە، بابم دە میرزا محەممەدی مەنسووری کە ئەو کات میرزای دووکانێ بوو راخوڕی و گوتی: "محەممەد ئەتۆ بە غار جەلیلی بگەیێنە لای دایکی لە ماڵێ، من بۆ خۆم دووکانێ خڕ دەکەمەوە!"

میرزا محەممەدیش هاتە خوارێ دەستی گرتم و رفاندمی، ئەو پیاو و ئەمنیش منال، دەگەڵی دەر نەدەچووم، هەر بە دوای خۆی دا دەیکێشام.

کە گەیشتینەوە ماڵێ قفڵێکی گەورە لە دەرگا درابوو. دایکم و هەموو ئەو کەسانەی لە ماڵ و حەوشەدا بوون رۆیشتبوون. یەکێك لە دراوسێکان گوتی: "چوون بۆ حەوشی دارایی."

ئیدارەی دارایی ئەوکات لە ساختومانێکی تایبەتدا بوو لەلای مزگەوتی شادەروێش، بەڵام حەوشەیەکی گەورەو پڕ دارو درەختی هەبوو، دواتر هەر ئەو خانو بەرەش بۆ چەند ساڵ بوو بە دەبیرستان واتە (ناوەندی و دوا ناوەندی) یەك دوو ساڵێك بە تایبەتی لە زەمانی کۆماردا لەوێمان دەخوێند کە گەیشتینە ئەوێ، دایکم و خوشکەکانم لەوێش نەبوون، لە خەڵکی خۆوەشێر و جەماعەتمان پرسی، گوتیان: "چوونە باغی هەباس ئاغای."

میرزا محەممەد بێ راوەستان پەلکێشی کردم و بەرەو ئەو شوێنە چووین و دایکم و دەرو جیرانەکانمان لە باغی ناوبراودا دۆزیەوە بەڵام، لە رێگادا چاومان بە چەند بریندار کەوت کە بە کۆڵێ دەیان بردنە ماڵە حەکیم "وێنەتان" کە تەنیا دوکتوری شار بوو. دەیانگوت بە بومباران بریندار بوون.

لەو باغە بە دیتنەوەی دایکم خۆشحاڵ بووم و هاتینەوە سەر خۆ. خەڵکی دیکەشی زۆر لێ بوو باسی فڕۆکە رەشە هاتە گۆڕێ، هەرکام لەو پیاوانەی لەوێ بوون بە دڵخوازی خۆیان تەعبیر و تەفسیریان دەکرد. دوای ئەو رووداوە لە مەهاباد و دەوروبەر ساڵەکەیان بە ساڵی تەیارە رەشە یا ساڵی بۆمباران ناودێر کرد. لە راستیدا ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ هێرشی هاوپەیمانانی ئەو کات بۆ داگیر

کردنی ئێران بە مەبەستی گەیاندنی یارمەتی بە سۆڤیەت. ئەو هاوپەیمانانە دەوڵەتانی سۆڤیەت، ئینگلیس و ئامریکا و فەڕانسە و چین بوون. ڕێکەوتی هێرش و داگیرکردنی ئێران ٢٠ی خەرمانانی ١٣٢٠ی هەتاوی بوو.

پاشان دەرکەوت سێ چوار کەس بەو بۆمبارانە لە ناو شار کوژراون دوویان لاو بوون لە ماڵە وەلیزادە بوون کە یەکێکیان ناوی عەزیم بوو لە مەدرەسەی پەهلەوی لە پۆلی ئێمە دەیخوێند، ئەوی دیکەیان ئەگەر هەڵە نەبم ڕەحمەتی برای دوکتور سوڵتانی وەتەمیشی بوو، ڕۆحیان شاد بێ.

ئێوارەی هەر ئەو ڕۆژە  کە تاو پەڕی، ئێمە هەموومان بە جادەی باغی میکاییلی دا و پە پشت کووره خانەی میرزا وەهابی شافعی لە لای پردی سوور چووینە داشتەمری خوارێ، یەك دوو ڕۆژ لەوێ بووین بابم کە هەر لە ماڵ و لە شار مابووەوە وڵاغی شوانکارانی بۆ ناردین و گەڕاینەوە بۆ مەهاباد.

لە تاقەدار بەرەو شار دەهاتینە خوارێ دیار بوو رووسەکان سەربازخانەیان گرتبوو تانگ و زرێپۆشان لە دەوری جادە ڕاگرتبوو.

دایکم بە چاو پێکەوتنی ئەوانە گوتی: "هەر کافرەکانی زەمانی قەدیمن، هەموو خەڵك قەتڵ و عام دەکەن" هەر ورتەشی دەهات دەلەرزی و دوعای دەکرد.

کە گەیشتینەوە شار، دیار بوو ئارامی تەواوی تێدا بوو بەڵام بابم بۆ ئێحتیات هەر بە وڵاخی شوانکارەکانی ئێمەی بەڕێ کرد بۆلای مەنگوڕایەتی و چووینە گوندی لمونج و لەوێ گیرساینەوە.

لە بیرمە من و ئایشیلێ خوشکمیان هەریەك لە لا تیژێك نابوو هەتا گەیشتینە شوێنی مەبەست هەر ئاوا بووین. زیاتر لە دوو حەوتووماینەوە هەوایەکی سازگار و خەڵکێکی تا بڵێی بە مێهر و ئەهوەن و بە ڕەحم، هەر خۆش بوو لە نێویان بی.

خاڵ بابەکری رەحمەتی ناسراو بە بابەکری حەمەد وەیسی و پوورە گوڵێ خێزانی و کچەکانی و هەروەها دەر و جیران و ماڵە مام حەسەنی برای خاڵە بابەکر کە هەردووکیان شوان کارەی بابم بوون ئەو پەڕی گەورەییان کرد.

پاشان هاتینەوە شاری مەهاباد، وڵاتێکی ئەهوەن و بێ عەجەمم[١٦]، ئەی چەند خۆش بوو!

دوایە بۆمان دەرکەوت کە هەر بە تەقینەوەی یەك دوو بۆمبی گچکە سەرباز خانە بڵاوەی کردوە خەڵك و عەشیرەتیش پادگانیان بە تەواوی تاڵان کردوە.

خەڵك چەکیان وەدەست کەوتبوو، بابیشم کە هەموو کات ئەسپی سواریەی هەبوو رۆژێك چەند ریز فیشەکدان لە قەدی خۆی دەبەستێ و سوار دەبێ و برنوو لە شان دەکاو دەچێتە ناو شار و بە شەقامی شاردا دێ و دەرِوا خەڵك دەپرسن مام حاجی ئەوە چ باسە وا خۆت شەتەك داوە؟ لە وەڵامدا دەڵێ خوا رۆژی کوردی داوە و بەختی بزووتوە ئەگەر برای دینی لێ گەرِێ بەشتێك دەبێ. لەو دەم را زۆر لە خەڵکی سابلاغێ بە بابمیان دەگوت: "برای دینی".

دوای ئەوەی ئەرتەشی سوور گەیبوە کوردستان خەڵك هەستی کوردایەتی بزووتبوو، هەستیان بە ئازادی دەکرد و تا رادەیەك بە سەر بەستی دەژیان. ئەوانەی زەمانی رەزا شای، لە بەندی خانەکاندا بوون یا بۆ شارە دوورەکانی ئێران وەك تاران و شیراز و... دوور خرابوونەوە، گەرِابوونەوە، لە زۆر ماڵان یەك لەوان لە ماڵی ئێمەش پیاو لە دەوری یەك کۆ دەبوونەوە باس باسی شەرِ بوو، ناوی هیتلێر و ستالین لە سەر زاران بوون. تاق و لۆق رادیۆ پەیدا ببوو. تەنیا چەند ماڵێك هەیان بوو، خەڵکی دیکە دەچوون لەو ماڵانە دادەنیشتن و گوێیان بۆ خەبەران شل دەکرد و دوایە دەچوون لە ماڵان و کۆچەو بازاری بۆ برادەر و کەسانی

---

١٦. تەنیا شارەبانی واتە پۆلیس مابوو، ئەوانیش زۆر کەم دەردەکەوتن.

دیکەیان دەگێڕاوە. ئەوەی من ئەو کات دەم بیست کە بنەماڵەکانی قازی محەممەد، میرزا رەحمەتی شافعی و غەفووری مەحموودیان رادیۆیان هەبوو.

لە نێو ئەو مقۆ مقۆ و باس و خەبارانە دا ناوی "کۆمەڵە" ش هاتبوە گۆڕێ.

ئێوارەیەك چەند پیاوی خەڵکی شار دەگەڵ بابم هاتنە ماڵی ئێمە و لە جیاتی لە میوان خانەی گەورە دانیشن چوونە هۆدەیەکی گچکە کە پێمان دەگوت باڵە خانە و لەوێ دەستیان کرد بە قسە کردن. من کە چام بۆ دەبردن زۆر لە قسەکانیان حاڵی نەدەبووم. دواتر بۆمان دەرکەوت کە بابم و یەك دوو کەس لەوانی دیکە ئەو رۆژە سوێندیان خواردوەو بوونە ئەندامی کۆمەڵەی ژ- ك.

کۆمەڵە ماوەیەك تەواو نەهێنی بوو، دوایە وردە وردە ئاشکرا بوو، گەلێك کاری باشی کرد. هێزێکی باشی لە خەڵکی گەڕەکەکان ئامادە کردبوو، هەر تاقمێك لەوانە شەوانە ئەمنیەتی گەڕەکی خۆیان بە ئەستۆوە بوو، ئەوانە لە کاتی بەڕێوە بردنی ئەرکی پێ ئەسپێردراودا پارچەیەکی سووریان لە قۆلیان دەکرد کە لێی نووسرا بوو "ژ-ك" بە نەفەرەکانیان دەگوت "قۆل سوور" بەرپرسی قۆل سوورەکانی گەڕەکی ئێمە خوا لێ خۆش بوو "سەعیدی حەمە قالە" بوو کە دوایە چوە باشوور و بە مام قادر ناسرا، هەر ئەو ئامادەگی و وریا بوونە بوو بە هۆی ئەوەی کە هێندێك سەرۆك عەشیرەتی تەماح کار نەتوانن بۆ ماڵی دنیا و تالان و بڕۆ هێرش بکەنە سەر شار.

بەرپرسانی ژ-ك هەوڵیاندا ئەو بۆچوونە سیاسی و کۆمەڵایەتی‌یە هێدی هێدی بۆ ئەندام گیری لە دێهات و دەرەوەی شاریش بگوێزنەوە. ئەوکات فەرمانداری سابلاغ بە فەرمانی حکومەتی ناوەندی لە سەرۆك هۆزەکانی وەك قەرەنی ئاغای مامەش، عەلی ئاغای حاجی ئیلخانی دێبوکری و کاکە سواری مەنگور دادەندرا. دامەزراندنی هێزی خودی زۆری لە دەسەڵاتی ئەوان کەم کردەوە و بەرەو ئەوە چوو دەسەڵات ببێتە هی خەڵك.

# چوار پیاوی ئازای شار

زۆرجار بە ڕۆژی ڕوناك خەبەرێك بڵاو دەبۆوە، ئەوە مامەش خۆ ئامادە دەكەن، یا مەنگوڕ خەریكن دێن خۆ دە شار باوێن و تاڵانی بكەن. زیاتر دەنگۆ بوون، بەڵام سێ چوار پیاوی قەدیمی كە شەڕی یەكەمی دنیا گریان دیبوو، وەك غەزاو ئەركی ئایینی دەگەڵ عروسانیش بەشەڕ هاتبوون و بە تفەنگی ڕەشۆكی و وەڕەندیل دەستیشیان كردبۆوەو پیاوی وەك میرزا فەتاحی قازیان لە پەنا شەهید ببوو، هەركە دەنگۆ پەیدا دەبوو، ئەوەندەی بڵێی یەك و دوو بۆ دیفاع لەشار لەبەرامبەر عەشیرەتەكاندا ئامادەی جەرگەی مەیدان بوون و دەچوونە لووتكەی شاخەكانی دەوری شار بە چەكەكانی پێنج تیر و سێ تیر و بڕنۆو چەند فیشەكدانەوە وەك هەڕەمە وەسەر دەكەوتن و سەنگەریان ساز دەكردوو ئامادەی شەڕ بۆ دیفاع لەشار دەبوون.

ئەوانە حاجی ڕەحیمی سەڵاكەری، حاجی سمایلی خاریجە، سەید باوەجان و حاجی ئەحمەدی گادانی ناسراو بە "برای دینی" بوون. لەڕاستیدا ئازایەتی و ئامادەیی ئەو چوار ڕدێن سپی و پیاو ماقووڵانە بە چەشنێك بوو كە ئەگەر لەوانە بوو عەشیرەت بەرەو شاریش هاتبا لەشان و شەوكەت و ویقار و ڕیشی سپیان شەرمیان كردبا بەخۆدا شكابانەوەو بە بێدەنگی پاشەكشەیان كردبا.

هەر لەبەر ئەو ئازایەتی و گەورەیی و لەخۆبردوویەی ئەو جوامێرانە بوو كە دواتر لە دەوری ژ ـ ك یان لە زەمانی حیزبی دێموكڕات و كۆمارە ساواكەی كوردستاندا لەهێندێك لە ڕێوڕەسم و سان دیتن و ڕێژەكان دا ئەو چوار كەسەیان پێش هەمووان دەخستی و بە شانازییەوە كەسانی هەوەڵی سەفەكان بوون.

# دامەزرانی مەدرەسەی کوردی شەوانە "گەلاوێژ"

هەر لە زەمانی ژ-ك را کە هێشتا لە مەدرەسەکانی رۆژانەی "پەهلەوی"، "سەعادەت" و "پەروین"دا وەك رابردوو تەنیا دەرسی فارسی دەخوێندرا بەڵامساڵی ٢٤ دوو مەکتەبی شەوانە بۆ خوێندی کوردی کرانەوە. یەکێکیان لە گەڕەکی قووڵە قەبران، لە خانووی ئێمەدا کە لە پەنا ماڵی خۆمان بوو کە ناوی مەکتەبی گەلاوێژ بوو دامەزراو دواتر بوو بە رۆژانە، ئەوی دیکەیان لە گەڕەکی ئەرمەنیان لە کووچەی ماڵە حەمەدی مەولوودیدا بوو بە ناوی "ئازادی".

یەکەمیان لە لایەن خوا لێ خۆش بوو مەلا عەبدوڵڵای داودی ناسراو بە خاڵە مەلا دامەزرا بوو کە ماڵەکەشی یەکێك لە ناوەندەکانی تێکۆشانی کۆمەڵەی ژ-ك بوو. ئێمە رۆژانە دەچووینە خوێندنگەی فارسی و ئێواران دەچووینە مەدرەسەی گەلاوێژی شەوانە. بەر لە ئێمە پۆلێك لاوی خوێندەوار چوو بوون، خوێندن و نووسینی کوردی فێر ببوون، هێندێك لەوان کە دەورەکەیان بە باشی تەواو کردبوو شەوانە ئەگەر مامۆستایەك نەهاتبا دەرسیان دەگوتەوە.

مامۆستاکانمان لە سەرەتادا بریتی بوون لە خاڵە مەلای داودی، سەعیدی داودی، رەحمان تەلعەتی و دواتریش عوسمان دانش، نووری ئەحمەد تەها و محەمەد تۆفیق وردی هاتن. لە قوتابیەکانی دەورەی پیش ئێمەش مەحمود سمێڵ خادمی، هاشم موسازادە، عەلی فەرهادی، عوبەیدیلای ئەییوبیان، حەسەن حەسەنپوور، دەگەڵ دوو کوڕی خاڵە مەلا بە ناوەکانی محەمەد و ئێبراهیم لە مەدرەسەی ڕۆژانە دەرسیان پێ دەکوتین.

وەك لە رۆژنامەی کوردستانی ژمارە ١١ تا ١٣ی زەمانی کۆمار لە وتووێژێکدا کە لە گەڵ خاڵە مەلای داوودی کراوە دەردەکەوێ دوای ئەوەی

قازی محەممەد دەبێتە ئەندامی ژ-ك میتینگێك بۆ ئەندامان لە قۆرغی مەولەوی[١٧] بەرێوەدەچێ. دوای میتینگەکە قازی بە خاڵە مەلا پێشنیار دەکا دەبێ مەدرەسەی کوردی دانێین. خاڵە مەلا لەولامدا دەڵێ: "قوربان ئەگەر یارمەتیمان بدەی زۆر زوو ئەو کارە دەکەین." بەدوای ئەو باسەدا بوو کە یەکەم مەدرەسەی کوردی بەناوی گەلاوێژ لە ماڵە حاجی ئەحمەدی گادانی و لە ڕێکەوتی ١٣٢٤/٣/١٢ دادەمەزرێ.

قازی محەممەد زۆری پێخۆش دەبێ و شوێنی مەکتەبەکە دەپرسێ. شەوێك لە سەر کلاس بووین گوتیان قازی محەممەد هاتووە، پاش بەینێك دانیشتن لە گەڵ مامۆستاکان هاتە کلاس و بۆ هەمومانی دیاری هێنابوو. چاوێلکەیەکی ڕەش بەر من کەوتبوو کە زۆرم شایی پێی بوو، گەلێك جار لە چاوم دەکرد و پۆزم پێ لێ دەدا.

هێندێك لەو مامۆستایانە لە مەدرەسەی ئازادیش دەرسیان دەکوتەوە. نازانم کێ مەدرەسەی ئازادی دامەزراند بوو، بەڵام چەند جارێك کە بۆ ڕکەبەرایەتی دەچوینە ئەوێ "میرزا عەلی گولجەبینی"م لەوێ دەدی.

هەر لە دەورەی کۆمەڵەی ژ-ك دا میر میرێن لە دو گەڕەکی ڕزگەییان و ئەرمەنیان بە مەبەستی ئاشنایی خەڵك لە گەڵ کولتووری ڕابردوو، هەروەها تەمرینی حکومەت داری بە شێوەیەکی زۆر ڕێك و پێك بەڕێوەچوو. میری گەرەکی ئەرمەنیان سدیق سیاسەری بوو کە مرۆڤێکی کوردپەروەر و خاوێن بوو. میری گەرەکی ڕزگەیان محەممەدی حەسەن زارا بوو کە دوای کۆمار بێ سەروشوێن بوو، ساڵی ١٣٣٧ی هەتاوی کاتێك کادری نەهێنی بووم لە بەری

---

١٧. بەشێك لەو شوێنە بوو کە ئێستا بەر سەدی مەهاباد کەتووە، جێگایەکی سەرسەوز و بەرین بوو کە چوار دەوریشی دار بوو کە زۆربەی بەهاران خەڵك بۆ سەیر و سیاحەت دەچوونە ئەو شوێنە.

میرگان تووشی بووم کە ببوو بە سەید. بەڵام، هەر بە قاچاغی دەژیا و ناوی خۆی گۆڕی بوو.

# هاتنی بارزانی‌یه‌کان بۆ مه‌هاباد

هه‌ر له‌سه‌رده‌می ژ ـ ك دا جار جاره باس له بارزان و بارزانیان ده‌کرا ناوێك بوو که ئێمه تازه لاوه‌کان ده‌گه‌ڵی ئاشنا نه‌بووین، باس له شه‌ڕ و ته‌یاره‌و... ده‌کرا به‌ڵام ئه‌وکات حه‌قمان نه‌بوو یان باشتره بیڵێین له‌و سه‌رده‌مه‌دا سامی باوکان گران بوو نه‌ده‌کرا پرسیاریان لێبکه‌ین و بپرسین، بارزان کوێیه‌و بارزانی کێه چین؟! به‌ڵام له کلاسی شه‌وانه‌ی کوردی زۆر به‌ئاسووده‌یی له مامۆستاکانمان پرسی که له وڵام دا باسی ناوچه‌که‌و عه‌شیره‌ته‌که‌یان بۆ کردین و حاڵیان کردین که ده‌گه‌ڵ حکومه‌تی مه‌لیکی عێراق و بریتانیا شه‌ڕیانه.

چه‌ند مانگێکی پێچوو له‌ناو خه‌ڵك دا بڵاوبۆوه که بارزانیه‌کان له به‌رامبه‌ر هیرشی دڕندانه‌ی حکومه‌تی عێراق و فڕۆکه‌کانی بریتانیا دا له‌دیوی گه‌رمیان ڕا هاتوونه دیوی کوێستانێ. خه‌ڵك به په‌رۆش بوون و ناڕه‌حه‌ت له‌و غه‌دره‌ی لێیان کراوه‌و له‌سه‌ر زێدی خۆیان دوور خراونه‌وه به‌ڵام به گه‌رمی باوه‌شیان بۆ کراوه‌ته‌وه.

ڕۆژێك کوتیان بارزانی‌یه‌کان دێنه سابلاغێ. ئێمه‌ش کۆمه‌ڵێك قوتابی مه‌دره‌سه‌ی کوردی شه‌وانه وه‌دوای کۆمه‌ڵه پیاوێك که‌وتین و تا شه‌ڕگه‌ی[18] چووین دیاره بارزانیه‌کان وه‌عزیان زۆر شڕبوو، گه‌لێك ماندوو ده‌هاتنه به‌رچاو، به‌ڵام خه‌ڵکێکی ئازاو به‌ته‌حه‌مول، شه‌ڕکه‌ر و نیشتیمان په‌روه‌ر بوون. بۆ ماوه‌یه‌ك پیاوه‌کان له‌نێو مزگه‌وته‌کان دا به‌ش کران و ژن و منداڵیش دران به ماڵان دواتر ده‌رکه‌وت که زۆر ئازاو ڕه‌شیدن و له‌شه‌ڕه‌کانی زه‌مانی کۆماردا زۆر شه‌ڕی حه‌ماسییان تۆمار کردوو چه‌ند شه‌هیدیشیاندا.

---

۱۸شه‌ڕگه شوێنێکه که قه‌دیم شه‌ڕی کوردو عه‌جه‌می لێ کراوه له نێوان شاری سابلاغ و گوندی که‌ریژه‌ی دایه.

سەرمای سەختی پاییز بەسەردا هاتوو ئەوانیش لە مزگەوتەکان دابوون و شوێنی مانەوەیان خاوێن نەبوو حەمامی گشتی ئەو زەمان نەیدەتوانی وەڵامدەربێ، تووشی نەخۆشی تیفۆئید بوون و بە جەماعەتێکی زۆریان هەر لە مزگەوتی عەباس ئاغای بەداخەوە ژیانیان لەدەست داو چونە ناو کاروانی شەهیدانی کورد و کوردستانەوە. سەرەڕای ئەو وەزعە خراپەی تێیدا بوون ئێوارەو بەیانی داوەتیان دەگرت و بە قامی خۆیان و شمشاڵ و شتێکی وەك توزەلە هەڵدەپەڕین. بەڕاستی ئەوکات هەڵپەڕکێیەکانیان زۆر حەماسی و ڕەزمی بوون و خەڵکێکی خۆشمان فێر ببوون و دەگەڵیان هەڵدەپەڕین.

لەو سەرو بەندەدا ڕۆژێك پێیان کوتین مەکتەبی شەوانەی گەلاوێژ دەگوازرێتەوە. ئێمەش کە زۆرمان حەز لە کوردی خوێندن بوو پێمان خۆش نەبوو. بەتایبەتی من و کاك خەلیل لەبەر ئەوەی دەرگای ئەو خانوەی مەدرەسەی تێدابوو، هەر ملکی خۆشمان بوو ڕاست بە دەرگایماڵی خۆمانەوە نووسابوو، زۆرمان پێ ناخۆش بوو. بەهەر حاڵ مەکتەب گوازرایەوە ئەوبەری شەقام و سەرەتاکانی گەڕەکی هەشت میتری ئێستا کە ملکی ماڵە سەید عەولای سەید تەهای بوو. نەمان دەزانی ئەو گواستنەوەیە بۆ چییە؟

کەچی چوار پێنج ڕۆژ دواتر خاوخێزانێکی زۆر هاتن لەشوێنی مەکتەبی پێشوو نیشتەجێ بوون. ئەوان ماڵ و منداڵی مەلا مستەفا و شێخ سلێمان بوون.

شەهید لوقمان مستەفا بارزانی تازە لاوێکی هاوتەمەنی کاك خەلیلی برام بوو لە منیش هەر یەك دوو ساڵ با خۆشتر بوو شێخ سلێمانیش کوڕێکی گچکەتر لە منیان هەبوو بەناوی عبدالسلام.

هەرکە ئەو ماڵانە هاتنە ئەو خانوە لە سەرەتاوە دەگەڵیان تێکەڵ بووین. جا ئەو دەمی حاڵیبووین کە مەدرەسەکەمان لەبەر ئەوە گواستۆتەوە کە ئەو خانووە گەورەترە و هۆدەی زیاترە بۆ دوو ماڵی قەوغای وەك بنەماڵەکانی مەلا مستەفا و شێخ سلێمان زۆر باشترە.

لەو هەل و مەرجە دا بە ئەمری پێشەوا تەواوی ئەو خاوخێزانە لە دێهات و شارەکانی وەك شنۆ، نەغەدە، مهاباد و بۆکان بەش کران.

# گیرانی شارەوانی "ئیدارەی پۆلیسی مەهاباد"

هەر لە دەورەی ژ-ك دا بوو کە بە پێی بەڵگە زیندوەکانی بەدەستەوەن لە ڕێکەوتی ٢٦ ڕێبەندانی ١٣٢٣ی هەتاویدا[١٩] ئیدارەی پۆلیسی مەهاباد واتە شارەوانی دەگیرێ کە خۆم بە شێوەی خوارەوەم ئاگام لێ بوو:

ئێمە پۆلێك مناڵانی گەرەك چوبوینە نوێژ و لە خانەقای نەهرێ لە نوێژی جەماعەت دا بووین کە لە هەیوانی خانەقا غەڵبەغەڵبێك پەیدا بوو، یەکێك بە دەنگی بەرز قسەی دەکرد. بە بیستنی ئەو دەنگە رانەوەستاین جەماعەت تەواو بێ. نوێژمان بڕی و هەڵاتینە دەرێ تاوەك خەڵکێکی ٤٠ – ٥٠ کەسی چەك بە دەست کە گوێیان دابوە قسەی کابرای، لە هەیوان راوەستاین و گوێماندا قسەکان.

ئەو قسەکانی تەواو کرد و یەکی دیکە دەستی پێکرد[٢٠] و دیار بوو لە قسەکانیدا هێرشی دەکردەسەر بە حکوومەتی تاران و خەڵکەکەی هان دەدا. دوای قسەکانی ئەو فەرمان بۆ چوونە شارەوانی(ئیدارەی پۆلیس) دراو تێکرا بە توندی وەڕێ کەوتن و بە شەقامی شاپووری ئەو کات دا هاتنە خوار، کە گەیشتنە چوارچرا، قۆل سوورەکانی لەوێ ئامادە بوون ئیزنی پیاوەکانیان دا بەرەو رۆژهەڵات بە شەقامی پەهلەویدا بەرەو شارەوانی سەرکەون بەڵام، پێشی ئێمەیان

١٩.ئەو ڕاستی‌یە لە ڕۆژنامەی کوهستانی ژمارە یەکی ڕۆژی حەوتی مانگی ڕەشەمەی ١٣٢٣دا کە لە تاران چاپ بووە نوسراوە. ئەویش لە نێورۆکی دوو تلگراف کە یەکیان هی قەرەنی ئاغای مامەشە وە ئەوی دیکەیان هی ئەفشار پەنایە کە بۆ تاران بەڕێ کراون. یەکەمیان لە نەغەدە و ئەوەی دیکەیان لە میاندواو نێردراون.

٢٠. دوایە دەرکەوت کە عەزیز خانی کرمانج و حوسێنی فروهێر، بەڕێوەبەری ئەو بەرنامە بوون و ئەوان بوون کە قسەیان بۆ خەڵکەکە کردبوو.

گرت و نەیان هێشت بڕۆین. بەڵێ ئێمەی منداڵ دەگەڵ پۆلە پیاوێکی بێ چەك لە وێ ماینەوە، بەینی چوارچرا و شارەوانی کەمتر لە کیلو مترێك بوو.

زۆری پێ نەچوو، تەقە دەستی پێ کرد کە نیزیك نیو ساعەتێکی کێشا، دوایە کە تەقە نەما و ئێمەشیان رێ دا بەرەو سەر بڕۆین، بە غار و نیوە غار گەیشتینە شارەوانی دیتمان خەڵك دەچنە ناو ئیدارەکە، ئێمەش خۆمان گەیاندە ژوورەوە هەر لە دالانەکە دوو سێ جەنازەی پاسەوانان کەوتبوون.

سەیری دیوەکانمان دەکرد کە بیستمان دەرگای زیندانیش کراوەتەوە و دەتوانین بچین هەرچۆنێك بوو خۆمان گەیاندە ئەوێ، یەك بەندی تێدا نەما بوو، بەڵام لە گۆشەی حەوشەکە تەرمێکی زەلام کەوت بوو، خەڵك دەچوونە سەری تەماشایان دەکرد و دەیان گوت ئەوە "مەمدەلی"یە. دەگەڵ منداڵەکان چووینە سەری، ئەگەر روانیم هەمان پاسەوانی تەنگەزل بوو کە لەبەر دەرگای حەمامی شوجاعەملك چارشێوی لەسەری دایکم و ژنەکان کردبۆوە و بردبوو کە لە پێشدا ئاماژەم پێ کردوە.

خەریك بووین لە شارەوانی دەرکەوین، دیتمان سەیدێکی زەلامی سوورفل ئەوا خەریکە بە بەردی ددانە زێڕەکانی وەکیل باشی کوژراو دەشکێنێ لەو دەمەیدا خوا لێ خۆشبوو سەید پیرەی نیزامی گەیشتێ و بەسەر سەیدیدا گوڕاندی و گوتی: "بێشەرمی دز، پێتوایە شارەوانی بۆ دزی و تالان گیراوە، هەستە راست بەوە دەنا پڕ شەقت دەکەم."

سەید لە ترسان دەستی لەو کارە ناشایستە هەڵگرت و هەڵاتە دەرێ. ئێمەش ئەو چەند منداڵە کە بە یەکەوە چووبووین، لە شارەوانی‌یەوە بەرەو ماڵەکانمان گەڕاینەوە و رووداوەکانمان بۆ دایك و خوشك و براکانمان گێڕاوە. هەرچەند رۆژی دواتر شارەوانی مەهاباد لە لایەن "ژ- ك"ـەوە بە سەرپەرەستی سەید پیرە دامەزراوەو دوای ئەو رووداوە قۆڵ سوورەکان نەزم و ئاسایشی شاریان بەڕێوە دەبرد.

چەند مانگ دواتر لە کارپێژێك کە بە کارپێژی عرووسان ناودێر کرابوو شانۆی سوڵتان سەلاحەدین هەر وەها شانۆی بەناو بانگی دایکی نیشتمان هاتنە سەر بەرزەك و خەڵکێکی زۆر لە چەند رۆژدا چاویان پێ کەوت.

رۆڵی ئەسڵی دایکی نیشتمان بە خوا لێ خۆش بوو عەبدوڵڵای برایم شەمزینی بوو کە بە عەبدووڵای نەهری ناسرا بوو، هێندێك ئەکتەرەکان کە بریتی بوون لە غەنی بلووریان، عەبدوڵڵای حەکیم زادە، عەزیز حەکیم زادە، سیرووس حەبیبی ناسراو بە "داڵی"، یووسف هەورامی، سەید سمایل ئەیووبیان بوون و چەند کەسی دیکەش رۆڵی گرینگیان دەگێرا کە ناوەکانیانم لە بیر نەماوە.

لاوەکانی گەڕەکی خۆمان شانۆ نامەی دایکی نیشتمانیان وەرگرتبوو کە بۆ ژنانی گەڕەکێی نماییش بدەن[21]. باشم لەبیرە لە نێو چوار دیوارێکی موڵکی سەید رەحمانی ئەیووبی کە پڕ بوو لە داری خانوو و کاریتەی داندراو بە هەرەوزی کوڕەکان بەتاڵ کرا بە جاجم و بەرەی ئەم ماڵ و ئەو ماڵ بەرزەکێك ساز کرا و پاش چەند رۆژ تەمرین بۆ ژنانی گەڕەك نمایش درا کە پێشوازییێکی زۆر گەرمی لێ کرا بەڵام، خێزانی محەممەد موبەللیغی - مودیری مەکتەبی پەهلەوی کە شانۆکەی زۆر بە کەیفێ بووە بۆ مێردەکەی باس کردبوو. جەنابی مودیر بەیانی کە هەمووومان بە سەف راوەستابووین ناوی بەرێوە بەرانی شانۆکەی خوێندەوە و بەتاوانی ئەوەی شانۆی دایکی نیشتمانمان بۆ ژنانی گەڕەکێ نمایش کردوە یەك یەك دە فەللاقە کراین و چەند شەللاقمان وەبەری پێ کەوت کە زۆری پێ ناراحەت بووین.

ئێوارەی هەر ئەو ڕۆژە کە بە شەلە شەل چووینەوە بۆ مەدرەسەی کوردی، رووداوەکەمان بۆ خاڵە مەلا و مامۆستاکانی تر گێڕاوە. هەر ئەو شەوە خاڵە مەلا ناردی سەعیدی حەمە قالەی بەرپرسی قۆڵ سوورەکانی گەڕەکی بانگ کرد و

---

٢١. تا ئەو کات ژنان لەم جێگا گشتیانەی وەك تئاتر و سینەمادا دەگەڵ پیاوان بەشداریان نەدەکرد.

پێی گوت بە زووترین کات دەبێ موودیر و سێ مامۆستای مەدرەسەی ڕۆژانە بێنێ بۆ مەدرەسەی شەوانەی کوردی.

کاك سەعید بە پەلە بە ئەرکی پێ ئەسپێرداو هەستا لە ماوەی نیو سەعاتدا هەر سێ و چواری کۆ کردبوونەوەو هێناینی[٢٢]. ئێمە ئەو چەند قوتابی‌یەی شەوانە کوردیمان خوێند و دەفەلاقە کرابووین بانگ کراینە دەفتەر، بە ئامادە بوونی ئێمە داوایان لە مامۆستاکانی ڕۆژانە کرد کە داوای لێ بوردن بکەن بۆ ئەو کارە خراپەی بەرامبەر ئێمە کردوویانە.

ئەوانیش کە زۆر ترسابوون و ڕەنگیان بە ڕوویانەوە نەما بوو. بە تایبەتی کە عوسمان دانیشی ڕەوان شاد وەك شێر بە سەری دا گوڕاندنو گوتی: "مەگەر ئێوە کورد نین؟ تا کەنگێ خۆ بە عەجەمان دەفرۆشن، ئێوە نێوی خۆشتان ناوە مامۆستا!" بەتەواوی نە ترەی بردن. مامۆستاکانی بانگ کرابوون بریتی بوون لە محەممەد موبەلیغی، فەهیمی، محەمەد حەبیبی و قاسم حیجازی لەبەرامبەر ئەو کارە خەراپەی کردبوویان بەناچاری داوای لێبوردنیان کرد و قەولیاندا جارێکی تر کاری ئاوا دوو پات نەکەنەوە.

ئەو مامۆستا بەڕێزانەی مەدرەسەی شەوانەی کوردی ئەوەندەیان زەحمەت لەگەڵ کێشاین کە لە ماوەی سێ چوار مانگدا فێری نووسین و خوێندنەوەی زمانی کوردی بووین. دواتریش کە بەر لە ڕاگەیاندنی کۆمار مەدرەسەکەمان بوو بە ڕۆژانە و لە تەنیشت کتێبخانەی ئێستای ڕەحمەتی میرزا خەلیل موەفەقی و حەسارەکەی پشتەوە هەڵکەوتبوو، چاپخانەی کوردستانیش هەر لە پەنای ئەو مەدرەسە بوو کە دوای تێکچوونی کۆمار بوو بە مەدرەسەی خەییام.

٢٢. ئەو دەمی مەدرەسەی شەوانەی گەلاوێژ لە ماڵەکەی ئێمەدا نەمابوو چوو بوون بۆ ئەو بەری کوچە خانووبەرێکی ماڵی سەید عەبدوڵڵای سەید تەها ماڵەکەی ئێمە گەورە بوو درا بوو بە ماڵی مەلا مستەفا و شێخ سولەیمان بارزانی کە تازە هاتبوونەوە مەهاباد.

چاپخانەکەش حکوومەت بردی و لە مەهابادی نەهێشت جێگاکەشی بۆ ماوەیەك کرا بە زۆر خانە واتە شوێنی وەرزشی باستانی.

گومان لەوەدا نییە کە بارزانی ئەو کەسایەتیەیە کە بەکردەوەی خۆی نیشانی دا چەند کورد و نیشتیمان پەروەرەو شیاوی زۆر لەوە زیاتریش بوو کە لە کۆمار دا بوو بە ژەنەراڵ و ئەگەر گونجابا دەبوو خانویەکی زۆر لەوەی گەورەتریشی بدرێتێ. دیارە سێ چوار مانگ پێش تێکچونی کۆمار ماڵە مەلا مستەفایان گواستەوە بۆ ساختمانی پێشوی مەدرەسەی پەهلەوی کە لە زەمانی کۆمار دا ببوو بە مەدرەسەی کوردستان و هەر لەوێرا سابلاغیان بەجێ هێشت. بەڵام بنەماڵەی شێخ سلێمان تا ئەو کات هەر لەخانوەکەی ئێمەدا مابوونەوە.

# شاری مەهاباد لە زەمانی ژ-ك و کۆماردا

شارەکەمان لەو سەردەمدا ٣ مەدرەسەی سەرەتایی بە ناوەکانی پەهلەوی، سەعادەت بۆ کوڕان و، "پەروین" بۆ کچان هەبوو یەك مەدرەسەی ناوەندی هەبوو کە تەنیا تا پۆلی سێ دەیان توانی لەوێ بخوێنن ناوی "ئیرانشەهر" بوو.

١١ ناوی مزگەوتەکانی شار بریتی بوون لە بەناوەکانی شادەروێش، ڕۆستەم بەگ، قیبلە، عەباس ئاغا، حاجی سەید حەسەن "فەقیران"، سەید نیزام، عەجەمان، مزگەوتی سوور، حاجی سەید باییز، دارۆغە، بازار، حاجی ئەحمەد.

دوخانەقای هەبوو، یەکیان هی خانەدانی نەهری و ئەوی دیکەیان هی خانەدانی سیراجەدین نەقشبەندی بوو.

تەکیەی بابە خەلیفە و تەکیەی شێخ باباش هەبوون.

گەڕەکەکانی شار بریتی بوون لە گەڕەکی شوانان، رزگەییان، قوڵەقەبران، یونجە، خڕێ، هەرمەنیان، حاجی حەسەن، بەرداش و گەڕەکی جوولەکان، گەڕەکی مزگەوتی سوور، گەڕەکی باغی سیسە.

مەدرەسەی گەلاوێژ کە پێشتر شەوانەو نیوە نەهێنی بوو لە زەمانی کۆماردا بوو بە رۆژانەو شەش پۆلی هەبوو. مەدرەسەی تایبەتی بۆ جولەکەکانیش هەر لە گەڕەکی خۆیان دامەزرا کە بە کوردی و عیبری دەرسیان دەخوێند.

گەڕەکی کۆپین ئاوا بناخەی ئاوەدان کردنەوەی لە زەمانی کۆماردا داندرا کە لە پێش‌دا تەنیا لای رۆژهەڵاتی چوارڕێیانی مەولەوی بوو، بەرەو بداغ سوڵتان و ئەسحابەی سپی. بەری رۆژئاوا سەوزیخانەی میرزا سوڵتان و باغی شێخی بوون و درێژاییەکەشی زەوی بوو کشت و کاڵی لێ دەکرا.

لە باشووری شار را بەرەو باکوور خڕێکی سەر ئاوەڵە بوو کە ئاوەڕۆی سەربازخانە و بەشی زۆری ماڵەکانی گەڕەکی قیبلە و خڕێ و چەند مزگەوت و

بازار و دەورو بەری تێدەڕژا و بە نێوە راستی شار و بەشێك لە بازاڕدا دەڕۆیشت و لە خوار مەیدانی چوار چرا لە نیزیك پردی تازە تێکەڵ بە چۆم دەبوەوە.

بەختەوەرانە لە زەمانی کورتی تەمەنی کۆماردا بە تاقی خشتی سوور داپۆشرا و ئەو کارە خزمەتێکی گەورە بە پاك و خاوێنی شار بوو.

# کۆمەڵەی ژ-ك چۆن بوو بە حیزبی دێموکراتی کوردستان؟

بەرپرسانی ژ-ك و هێندێك کەسایەتی ناسراو بە سەرۆکایەتی قازی محەممەد کە دوو جار سەردانی باکووی پایتەختی ئازەربایجانی شورەویان کرد بوو لەگەڵ بەرپرسانی سۆڤیەت وتووێژیان کرد بوو راوێژی زاری ئەوانیان زانی بوو بۆیان دەرکەوتبوو لە و هەل و مەرجەدا بە شێوەی بەرنامەی ئەوکاتی کۆمەڵەی ژ – ك سەرکەوتوو نابن و وەك هەتا ئێستاش دەیبینن کورد جارێ هەر لە چوارچێوەی قسەدا سەر بەخۆیی دەبینێ بۆیە کەوتنە رێگە حەللێکی گونجاوتر.

لە یادی ساڵڕۆژی کۆمەڵەی ژـــك لە ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢٤ی هەتاوی مەسەلەکە دێتە گۆرێ و دێنە سەر ئەو باوەڕە کە ببێتە سوژەیەکی جێ باس و بەدوادا چوون.

لەناو بەرپرسان و ئەندامانی سەرەوەدا ئەوەندی لەسەر دەدوێن کە ئەنجامەکەی بوو بە دەرکردنی بەیان نامەی ٨ مادەیی ١٣٢٤/٨/١ و بوونی کۆمەڵە بە حیزبی دێموکراتی کوردستان.

حیزب لەسەر بنەمای ویستی نەتەوەیی و رێکخراوەیی کۆمەڵە دامەزرا بوو رێکەوتنی دامەزرانی حیزبیش هەر ئەو رۆژە دیاری کرا کە لە رێکەوتی ١٣٢١/٥/٢٥ کۆمەڵەی تێدا دامەزرا بوو.

وەك ئاشکرایە دەگەڵ ئامادە کردنی ئیعلامیەی ٨مادەیی دا خەڵکیان بۆ گرتنی کۆنگرە بانگ کرد بوو لە رێکەوتی ١٣٢٤/٨/٢دا کۆنگرەی یەکەمی حیزب بە بەشداری دەیان نوێنەر لە چین و وتوێژەکانی کۆمەڵگا دەگیرێ. لەو

کۆنگرەیەدا ئیعلامیەی سەرەتایی ٨ مادەیی دامەزرانی حیزب دەبێتە پەیڕەوێکی ٢٢ مادەیی و دروشمی ستراتیژی و ئاڕمی حیزب دیاری دەکرێ.

دوایە رێبەرانی حیزب دەکەونە بیری هەڵکردنی ئاڵا، و رۆژی ٢٦ی سەرماوەزی ١٣٢٤ بۆ یەکەم جار لە مێژووی کورد دا بە بەشداری هەزاران کەس و لە کەسایەتی‌یەکانی ناوداری کورد بە شێوەی رەسمی ئاڵای سێ رەنگ بە ئاڕمی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە کە لە کۆنگرە پەسند کرابوو لە مەیدانی چوار چرا بە تەشریفاتی رەسمی لەسەر شانی شەهید کەریم نازمی گەیشتە شوێنی مەبەست و بردرا بۆ سەربانی ساختومانی ئەنجومەنی بەرێوەبەری حیزب و لەوێ هەڵکرا، چەند کەس وتاریان پێشکەش کرد. عوسمان دانشی رەحمەتی لە پەنا ئاڵای شەکاوە راوەستا بوو دوای دیتنی ئاڵای شەکاوەو بیستنی وتارەکان بە ڕادەیەك هەستی بزوت بوو کە خەریك بوو لەوێڕا خۆ فڕێدا، بەڵام گرتیان و نەیانهێشت. لەو رێوڕەسمەدا بۆ دەربڕینی شادی هەزاران فیشەك تەقێندرا چوونکە کورد ئیتر حیزب و ئاڵای بە هی خۆی دەزانی و ئەو حیزبە توانی لە ماوەی کورتی ٣٦ رۆژەدا زەمینەو ئیمکانات بۆ ئیعلامی کۆمار پێك بێنێ.

# رۆژی راگەیاندنی کۆماری کوردستان

چەند رۆژ بەر لە ٢ی ریبەندان ئەوانەی لیٚیان گێردرا بوەوە دەستە دەستە لە شوێنە هەرە دوورەکان را روویان لە مەهاباد کرد بوو هەرکە دەگەیشتنێ جێگا و رێگایان لە ماڵی دانیشتوانی شار بۆ ئامادە کرا بوو هەر کەس بە پێی توانای خۆی باوەشی بۆ وەرگرتنیان[٢٣] کردبوەوە بە جۆرێك کە کەم ماڵ هەبوو توانای راگرتنی میوانی هەبێ و میوانی بۆ نەچووبێ.

هەر وەها چەند رۆژ پێشتر لە زۆربەی مەدرەسەکان و شوێنی چەك دارەکانی رەسمی حکوومەتی واتە سەربازخانە کە دواتر ناوی پێشمەرگە خانەیان بە بەژنی بڕی تەمرین کردن دەستی پێ کرد بوو و خۆیان بۆ بەشداری لەو رێورەسمەدا ئامادە دەکرد.

سەر لە بەیانی ئەو رۆژە هەر تاقمێك لە جێگا و رێگەی خۆی بە پێی رێنوێنی بەرنامە دارێژان جێگیر دەبوو.

سوارە بە جیا[٢٤] پیادە بە جیا، قوتابی بەجیا، ئیداری بەجیا و خەڵکی ئاسایی ناوشاریش هەر سینفەی شوێنی خۆی بۆ دیاری کرا بوو. لە هەموو شوێنێك شادی دەباری، بەرپرسانی حیزبی و مەلا و سەرۆك هۆزەکان لە ریزێکی کەمانیدا ریز ببوون، دەتوانم بڵێم رادەی میوان گەلێك کە لە شارەکان و گوندەکان را هاتبوون چی وا لە ژمارەی دانیشتوانی ئەو کاتەی شار کەمتر نەبوو. وڵات لە هەموو لایەك را بە ئاڵای سێ رەنگی کوردستان رازا بوەوە.

---

٢٣. تا ئەو جێگایەی من لەبیرمە ئەوکات لە مەهاباد جگە لە چەند قاوەخانەیەك شتێك بە ناوی میوانخانەو هۆتێل لە شار دا نەبوو.

٢٤. ئەو کات ماشێن وە سەیارە ئەوەندە کەم بوو کە خەڵك زیاتر لە ئەسپ و بارە بەر کەلکیان وەردەگر.

هەرکەس لە شوێنی خۆیان بە خۆشحەڵی و دەم بە بزە چاوە روانی ئەوە بوون کە قازی محەممەد لە ماڵ بێتە دەر. کاتێك بە بەرگی ئاسایی خۆیەوە دەر کەوت و بە لێژاییی‌یەکەی بەر ماڵی خۆیاندا هاتە خوار و گەیشتە بەرامبەری سەفی خەڵك، بە پێی بەرنامەی ئامادە کراو دەنگی هورای شادی گشتی، گەیشتە ئاسمان و زیاتر لە چەند خولەکی کێشا تا جارێکی دی بێ دەنگی بەرقەرار بوو. قازی محەممەد لەوێ را بە ماشێنی تایبەت چوەوە ئەو سەری سەف و ئاخری سەف واتە لە سەرەوەی شێر و خورشید ڕا لە حاڵێكدا دەستی بەرز کردبۆوەو وسانی لە خەڵك دی، خۆشەویستی و لوتفی بەرامبەریان دەر دەبڕی.

ئەو کاتەی گەیشتە مەیدانی چوارچرا جارێکی دی هورای شادی لە هەموو لایەکەوە دەستی پێ کرد. بە دوای ئارام بوونەوەی خەڵکەکەدا پێشەوا لە شوێنی خۆی کە پێشتر دیاری کرا بوو راوەستا و بۆ دەستپێکی بەرنامە، خوا لێ خۆش بوو مامە غەنی خوسرەوی بەرپرسی شارەداری بە گەرمی بەخێر هاتنی میوانە بەڕێزەکان و خەڵکی بەشدار بووی شاری لەو ڕێوڕەسمە مێژووییەدا کرد. دواتر بەپێی بەرنامەی ژێرەوە لە دوعای خێری مەلا حوسینی مەجدی را بگرە و دواتر سوێند خواردنی پێشەوا قازی و وتە بەنرخەکانی بەرنامەیەکی ٢٢ مادەیی بە شێوەی ژێرەوە بەڕێوە چوو[٢٥].

١. دوعای مەلا حوسێنی مەجدی
٢. وتاری پیشەوا قازی محەمەد
٣. وتاری حاجی بابە شێخ
٤. وتاری حەمە حوسێن خانی سەیفی قازی
٥. خوێندنەوەی شێعر لە لایەن "هەژار و هێمن"ـەوە
٦. وتاری سەید محەمەد تەها زادە

٢٥. ئەو بەرنامە لە ڕۆژنامەی ژمارە ١١ی کوردستانی سەردەمی کۆمار وەرگیراوە.

٧. وتاری شێخ حەسەنی شەمسەدینی
٨. وتاری عومەر خانی شکاك
٩. وتاری زێرۆ بەگی هەرکی
١٠. وتاری محەمەد ئەمینی موعینی
١١. وتاری سەید عەزیز شەمزینی
١٢. وتاری برایمی ئاغای ئەدهەم "مەنگور"
١٣. وتاری محەمەد خانی فەیزوڵلابەگی
١٤. وتاری محەمەدی نانەوازادە
١٥. سرودی قوتابخانەی کوردستان
١٦. سرودی قوتابخانەی پەروانە "کچان"
١٧. وتاری خانم ویلمە سەییادیان
١٨. وتاری خانم خەجیج حەیدەری
١٩. سرو‌ودی قوتابخانەی گەلاوێژ
٢٠. سرو‌ودی قوتابخانەی سەعادەت
٢١. وتاری ئەحمەد ئاغا ئیلخانیزادە
٢٢. وتاری محەمەدی قادری "مامەش"

دوای کۆتایی ریورەسمەکە، خەڵکی ئاسایی لە چوارچرا مانەوە و دەستیان بە شایی و هەڵپەرکێ کرد. بێگومان مەهاباد هەتا ئێستاش رۆژی وا خۆش و پڕشکۆ و شادی بەخشی بە خۆیەوە نەدیوەتەوە. هەتا ئێوارەیەکی درەنگ شایی و هەڵپەرکێ درێژەی هەبوو.

ئێمەش قوتابییەکانی مەدرەسەی گەلاوێژ وەك هەموو قوتابیانی خوێندنگەکانی دیکە حەزمان دەکرد رۆژەکە هەرچی درێژتر بێ چونکە نە ئێمە بەڵکو باب و باپیرانیشمان رێورەسمی ئاوا پڕ شکۆ و هیوا بەخشیان بە خەونیش

نەدیبوو، ئەو وشە بەنرخ و رستە پڕ بایەخانە و ئەو سرووده جوان و موسیقا دڵنەوازانەیان نەبیستبوو. بەڵێ کورد بۆتە خاوەن کەیان و کۆمار!. بۆمنیش یەکێك لە رۆژە هەرە خۆشەکانی ژیانمە و لەو کاتیشەوە بۆ دیتنەوەی رۆژێکی ئاوا عەودالّم.

بەلەبەر چاو گرتنی ئەوەی کە کارە گرینگەکانی کۆماری کوردستانم لە بەرگی یەکی پەنجا ساڵ خەباتدا هێناوە ئاماژەیان پێ ناکەمەوە بەڵام دوو سێ کاری گرنگی کۆمەڵایەتی وەبیر دێنمەوە.

بە ناشوکری نەبێ بێ کاری بەتایبەتی بۆ لاوەکانی کورد هەموو کات هەڕەشەیەك بووە. ئەو سەردەمیش لاو و تازە لاوێکی زۆر بێکار بوون یا لە کووچەو کۆڵان دەخولانەوە یا حەمباڵیان دەکرد. کۆمار بڕیارێك ئەو حەمباڵ و بێکارانەی کە سەد کەسێك دەبوون کۆ کردەوە، بەسەر ماڵە دەوڵەمەندەکانی دابەش کردن کە دەبوو وەك منداڵی خۆیان بیانێرنە مەکتەب لەبەر خوێندنیان نێن. بە خۆشیەوە بەرنامەیەکی سەرکەوتوو بوو، زۆر لەوانە دوای کۆماریش درێژەیان بە خوێندندا و بوونە مرۆڤ گەلێکی بەسوود بۆ کۆمەڵگا.

هەروەها فەقیر و سوالکەری گەورەشیان بە ژن و پیاوەوە کۆ کردنەوە، ژن بە جیاواز و پیا و بە جیا لە شوێنی تایبەت دایانان و بەخێویان دەکردن تا واز لە سواڵ بێنن.

کۆمار لە ساڵێکدا بە هەموو قوتابیانی شارەکانی ژێر حوکمی کۆمار دوو دەست لیباسی یەك رەنگی دا تا جیاوازی دەوڵەموند و فەقیر لانی کەم لە قوتابخانەکاندا بەرچاو نەمێنێ هەموو پۆشتە بن، ئەوە هەنگاوێك بەرەو سوسیالیزە کردن بوو کە لەو سەردەمدا بایەخی تایبەتی خۆی هەبوو.

سەیر و سیاحەتی حەفتانە و مانگانەی مامۆستایان و قوتابیان بە کۆمەڵ، شادی و ورەیەکی تایبەتی دەدا بە هەموولایەك و بۆ خوێندن و وانە گوتنەوە دڵگەرمی دەکردن.

جێژنی نەورۆزی ١٣٢٥ی هەتاوی بۆ یەکەم جار بەشێوەیەکی رەسمی بە بەشداری زۆربەی کەسایەتییەکانی حکوومەتی کۆمار و مەلا و پیاو ماقوولان بەڕێوە چوو، تەنیا ئەو رۆژە بوو کە بۆ یەکەمین جار و ئاخرین جار پێشەوا جل و بەرگی رەسمی لەبەر کردبوو، لەسەر نەورۆز و پێویستی بەڕێوە بەردنی وەك جێژنێکی نەتەوەیی قسەی کرد و فەرمووی پێویستە نەورۆز رێزی لێ بگیرێ و هەموو ساڵێ بە شێوەی رەسمی بەڕێوە بچێ[٢٦].

لەو جێژنەدا چەندین سروود و نمایشی وەرزشی زۆر سەرنج راکێش لە لایەن قوتابیانەوە بەڕێوە چوو، بۆ یەکەم جار بە جل و بەرگی رەنگا و رەنگی وەرزشیەوە بە چوونە سەر شانی یەکتر، ئاڵای سێ رەنگی کوردستانیان لە خۆیان دەر خست و بۆ یەکەم جار سروودی "شاخی رەنگا و رەنگی کوردان باعیسی کەیف و سروور - هەر دەمە بەرگێك ئەپۆشێ گا سپی گا سەوز و سوور" خوێندرایەوە. هەموو قوتابیانی شار بە جل و بەرگی نوێی خەلاتی کۆمار لەو جێژنەدا بەشدار بووین و زۆرمان شایی بە خۆمان بوو، خۆزگەم بەو رۆژە.

ئەو وێنەی ئێستا وەك سومبولی کۆمار نیشان دەدرێ لە رێورەسمی ئەو نەورۆز هەڵگیراوە کە بە مانای واقعی خۆی زیندوو کردنەوەی جێژنی نەورۆزیشە. بۆ من یەکێك لە رۆژە خۆشەکانی ژیانمە و هیچ کات لەبیری ناکەم.

دوو جاریش کە پێشەوا لە سەفەر دەگەڕاوە، جارێك لەلای تەورێز و جارێك لەلای ورمێ، ئێمە هێندێك لە قوتابیەکان بە مەیلی خۆمان لەگەڵ جەماوەر کەوتین و چووین بۆ پێشوازی لە رێی میاندواو تا نزیك کەڵکی بەگزادان و لە جادەی ورمێ هەتا پردی بەردە زەردێ بەپیریەوە چووین. هەر دوو جار لە ژێر چاوەدێری مامۆستایانی خۆماندا بووین و لە عەینی کاتدا کە

---

٢٦. بەرلەوە لە سالانی پیشوودا زۆر جار لە ژێر کاریگەری ئائینی دا بە ئێمەیان دەگوت: "ئەوە جێژنی عەجەمانە، پیویست ناکا رێزی لێ بگیرێ."

جۆرێك تەمرینی شێوەی پێشوازی بوو گەلێك بە خۆشی دوو رۆژەکەمان تێپەڕ کرد و هەتا چەند چرکە پێش گەیشتنەوەی پێشەوا خەریکی جەفەنگ و گاڵتەو گەپ بووین.

کە پێشەوا گەیشتێ هەر کام لە جێگەی خۆمان بە سەف راوەستاین، پێشەوا لە سەری سەفەکان را لە ماشێن هاتە خوار و بە پێیان و بە دەست و سەر تەکان دان گەورەیی خۆی نیشاندا و لە هێندێك جێ رادەوەستا و لەگەڵ کەسانێك دەدوا و پرسیاری لێ دەکردن.

جارێکیان من هەر لە خوێندنگەی گەلاوێژ پۆلی شەش بووم. پێشەوا بە عادەتی خۆی هێندێك جار سەری قوتابخانەکانی دەدا. دەفتەری کاری لە قوتابخانەی ئێمە هەر دووسەد قەدەم دەبوو، خەبەریدا بوو کە دێتە سەردانی قوتابخانەکەمان. مامۆستاکان بە پەلە گوزارشێکی وەزعی مەدرەسەیان ئامادە کرد بوو، وەك زۆر جاری دی لە رێوڕەسمەکان دا دایان بە من بیخوێنمەوە.

کە پێشەوا هات مامۆستا و قوتابی ریز ببوون، ئەو جۆرەی کە تەعلیم درابووم بە رەسمی تایبەتی چوومە پێش و راپۆرتەکەم وەك بولبول پێشکەش کرد. بە گەورەیی خۆی تۆقەی لەگەڵ کردم و ئافەرینی پێ گوتم. دوای قوتابیەکان هەمووومان چووینە سەر کلاسەکانمان پێشەوا سەردانی هەموو پۆلەکانی کرد و دوایە چۆوە دەفتەری مەکتەب. چەند خولەك دواتر لە دوای من هاتن بردیانمە خزمەت پێشەوا، دوای ئەوەی کە لێی پرسیم کێم و کوڕی کێم میداڵیایەکی گچکەی ئالآی کوردستانی دامێ کە ئەو کات ئەوە بۆ من گەورەترین شانازی بوو.

ئەو میداڵیایە و ئەو چاوێلکەی پێشتر لە خوێندنگەی شەوانەی دەوری کۆمەڵەی ژ-ك پێیی دابووم چەند ساڵ دوای کۆماریش پاراستبوومن. دوایە کە تووشی گیران و ئاوارە بوون هاتم نەمزانی چیان بەسەر هات و داخەکەم لە دەستم چوون.

ساڵی **١٣٢٥** ئێمە هەر لە مەدرەسەی گەلاویژ دەمانخوێند. بۆ تاقی کاری پۆلی شەش کە نەهایی بوو ئێمەیان بردە خوێندنگەی کوردستان. دوایە کە ئاکامی تاقی کاریان داینەوە بۆ ساڵی خوێندنی نوێ چووینە تەنیا قوتابخانەی ناوەندی کە لە شوێنی ئیدارەی دارایی پێشوو دا بوو لە تەنیشت مزگەوتی شا دەروێش. کوڕی رەشیش[٢٧] هەر لەوێ لەگەڵ ئێمە لە پۆلی یەك بوو. ماڵی پێشەوا لەو شوێنەش ئەو پەڕەکەی سێ سەد قەدەم دوور بوو پێشەوا جار جار بەیانیان کە وەدەر دەکەوت، بچێ بۆ دەفتەری کاری خۆی دەهات سەرێکی دەبیرستان "ناوەندی و یەکەم پۆلی دواناوەندی" ئێمەی دەدا. هەموو جارێك کە دەهات سەری کلاسەکانی دەدا و جار وا بوو پرسیاریشی لە دەرسەکانمان دەکرد.

جارێکیان کە هات دەرسی رووسیمان هەبوو[٢٨]، مامۆستاکەمان یەکێك لە دوو برای کوردی کرمانجی خوراسان بوون کە لە رووسیە گەڕابوونەوە ناویان محەممەد و مولوود بوو پێشەوا گوێی دایە دەرس گوتنەوەکەی، دیار بوو لە شێوەی دەرس کوتنەوەکەی رازی نەبوو. دوایە پێشنیاری کردبوو کە ئەو مامۆستایە لاوازە، مامۆستایەکی دیکەیان بۆ هێناین!.

٢٧. کوڕی رەش هەمان عەلی قازی تاقە کوڕەی پیشەوایە.

٢٨. لە زەمانی کۆماردا لە پۆلەکانی ناوەندی لە جیاتی دەرسی زمانی فەڕانسە کە پیشتر باو بوو دەرسی روسیمان دەخوێند.

# دوو بیرەوەریی ناخۆش

سەرهەنگ محەممەد نانەوازادە یەکێك لە دامەزرێنەرانی هێزی پێشمەرگەی کۆمار بوو، لە ئاوەدان کردنەوەی سەربازخانەی نیوە وێرانیش دا کە دوایە بوو بە پێشمەرگەخانە رۆڵی بەرچاوی هەبوو. لە فەرماندە هەرە کارامەکان و ماوەیەکیش بەرپرسی یەکەمی پێشمەرگەخانە بوو. لە رێورەسمە نیزامیەکانی رۆژی ئێعلامی کۆمار و نەورۆزی ١٣٢٥ی هەتاویش ئەو فەرماندە بوو، بەدەنگی شێرانەی فەرمانی بەرێوە چوونی تەشریفاتی نیزامی دەدا.

دوایە لە رێکەوتنێکی نێوان حاجی بابە شێخ سەرۆکی وەزیرانی کۆمار و سپەهبود رەزم ئارا وەك سەرۆکی ستادی ئەرتەشی ئێران بەرپرسایەتی تایبەتی پێ ئەسپێردرا. بەڵام، چوونکە لە کارەکەیدا زۆر ورد بوو، نەچووبووە ژێر کاریگەریی لامە لامە و ریشوەتی عەجەمان و بەو پەڕی پاکیەوە ئەرکی خۆی بەڕێوە دەبرد، عەجەم لێی کەوتنە فێڵ، ئەو فرۆکەیەی هاتوو چۆیان پێ دەکرد سووتاندیان و لە حەوا را بەریان داوە، خەلەبانەکە خۆی رزگار کرد و سەرهەنگ نانەوازادەش لە تەیارەدا سووتا.

کە خەبەرەکە گەیشتە مەهاباد، هەموو خەڵك بۆی بە پەرۆش بوو، کاتێك کە تەرمی سووتا و برژاویان هێناوە مەهابادو بردیانە مزگەوتی هەباس ئاغا، هەر لەوێ لەسەر تاتی حەوشێ شووشتیان و لە توورەکەیانەوە پێچا، عالەم هەڵپشکووتبوو، گەورە و چکۆڵە بۆی بە خەم بوون و پەژارەی لە دەست چوونی ئەو فەرماندە بەتوانایەی دێموکرات دایگرتبوون.

بۆ یەکەم جار تاقمی موسیقای هێزی پێشمەرگە بە لێدانی مارشی عەزا و بە تەشریفاتی تەواو نیزامی تەرمەکەیان بەرەو گۆڕستانی مەلا جامی برد و لەوێ بە خاکیان سپارد.

دەتوانم بڵێم تەواوی شار عەزادار بوو، بەڵام چونکە پێشتر لەگەڵ ئێمە جیرانە دووکان بوو زۆر ئاشنا و تێکەڵاو بووین. شەهید بوونەکەی بنەماڵەی ئێمەی بە توندی و بۆ ماوەیەکی زۆر خەمبار کرد و بەتایبەتی منی تازە لاو نەمدەتوانی باوەڕ بکەم کەسایەتیکی ئاوا کارامە وا بە ئاسانی ببێتە قوربانی سیاسەتی چەپەڵی دەوڵەتی تاران.

هەواڵی شەهید بوونی خۆشەوی خەلیل شەڕوانی ئازا و قارەمانی بارزانیش لە بەرەی شەڕی سەقزدا هەر رووداوێکی دڵ تەزێن بوو، تەرمەکەیان هێناوە مەهاباد و بە تەشریفاتی نیزامی لە نێو ئاپۆڕای خەڵکی خەفەت باری مەهاباد بەرەو گۆڕستانی مەلا جامی بەڕێ کرا و لەوێ بە خاکی نیشتمان ئەسپێردرا.

# تێکچوونی کۆمار

ڕۆژی ۲۱ی سەرماوەزی ساڵی ۱۳۲۵ی هەتاوی لە شاردا دەنگۆ بڵاو بووەوە کە ئەرتەش گەیشتۆتە تەورێز و حکوومەتی ئازەر بایجان وەك تەنیا هاوپەیمانی کۆماری کوردستان تێك چووە و پیشەوەری و زۆربەی بەرپرسان هەڵاتوون بۆ سۆڤیەت و لە تەورێزدا شەڕێکی خوێناوی لە گۆڕێدایە! دواتر ئەو دەنگۆیە وەڕاست گەڕا و دەیانگوت ڕادیۆ کانی لەندەن و دێهلی باسیان کردوە. بێ گومان بە دوای ئەو ڕووداوە چاوەڕوان نەکراوە کوردستانیش لە مەترسیدا بوو.

پێشەوا دەستوور دەدا کۆمیتەی ناوەندی حیزب کۆ دەبێتەوە، وا ساغ دەبنەوە بناخەی کار لە سەر خۆ ڕاگری بێ، بەڵام هەوڵی دیپلۆماسیش بدرێ تا ڕێگا چارەیەکی دروست پەیدا بکەن. حیزبێکی دێموکرات بە خەڵکەوە حیزبە و دەبێ حورمەتیش بۆ بۆچوونی خەڵك دانێ. ئەگەر خەڵکی لەگەڵ بێ شەڕی پێ دەکرێ و خۆ ڕادەگرێ،بەڵام ئەگەر خەڵك پشتیوانی نەکەن ئەو شەڕە سەرکەوتوو نابێ.

لەسەر ئەو بنەمایە بە ئەمری پێشەوا سەرۆك هۆزەکان و ئەو بەرپرس و پیاو ماقوڵانەی لە شاری مەهاباد ئامادە بوون بە حوزووری پێشەوا و بەرپرسانی حیزبی و کۆمار لە مزگەوتی هەباس ئاغا کۆدەبنەوە.

دوای لێکدانەوەی وەزعی مەوجوود لە لایەن پێشەوا و باس لەسەر بڕیاری کۆمیتەی ناوەندی، خوازیاری دەر بڕینی نەزەری خەڵکی ئامادە و بۆچوونی بەشدارانی کۆبوونەوەکە دەبێ. پاش مەقۆ مەقۆیەکی زۆر و مینگە مینگی هێندێك لە ئامادە بووان دەر دەکەوێ کە لەو کۆبوونەوە بەرینەدا تەنیا دوو کەس بە ڕاشکاوی موافقی شەڕ و درێژەدانی بەربەرەکانین، یەکەمیان نەمر مەلا مستەفا بارزانی و دووهەمیان ڕەوانشاد سالاری میرزا فەتاحی قازی.

بەو هەڵسەنگاندنە دەر دەکەوێ کە جگە لەو دوو کەسە ورەی خەڵکەکە لەخوارێیە تا بۆشتی درێژەدانی شەڕیان نیە. بۆیە دەکەونە ڕێگەی دیپلۆماسی، پێشەوا و حاجی بابە شێخ لە لایەك و فەرماندەی تیپی سەقز و بنەماڵەی حاجی ئیلخانی دیبۆکری لە لایەکیتر دەست بە وڵام و وڵامکاری دەکەن و پێشەوا لە گوندی حەمامیانی بۆکان لەگەڵیان دادەنیشێ و لەسەر گەڕانەوەی ئەرتەش بۆ مەهاباد ڕێك دەکەون.

بارزانییەکان کە بڕوایان بەو بۆچوونە نابێ لە یەك دوو ڕۆژدا هێزی چەك دار و بنەماڵەکانیان لە مەهاباد دەرخست و بەرەو دێهاتی ناوچەی نەغەدە و شنۆ پاشەکشەیان کرد. مەلا مستەفا داوا لە پێشەوا دەکا دەگەڵی لە شار وەدەرکەوێ و بەڵێنی دەدا وەك پێشمەرگە تا ئاخر لە پشتی رادەوەستێ بەڵام، پێشەوا قەبووڵ ناکا و دەفەرموێ: "ئەو خەڵکە بڕوایان بە من کردوە و کردوویانمە سەرکۆمار، سزاوار نیە لە ڕۆژی لێ قەومان و تاڵدا بەجێیان بێلم، من ناڕۆم با کوردستان وەك ئازەربایجانی لێ نەیە و خەڵك لە ناو نەچێ."

بەو ئاکامە دەگەن کە هێزی حکوومەتی بە هێدی و هێمنی، دوور لە تێوەردانی عەشیرەت و عەشیرەت گەری بێتەوە مەهاباد و کەس خوێنی لە لووتی نەیە، خەڵك هەموو دڵ بە خەم و نیگەران چاوە ڕوانی چارە نووسی خۆیان لە ڕۆژانی داهاتوون. بەڕێوەبەرانی کۆمار کە هاتنەوەی ئەرتەشیان لە ئەستۆ گرت بوو فەرمانیاندا هێزی پێشمەرگە لە بەرەکانی شەڕ بە وریایی و هێمنی بەرەو مەهاباد پاشەکشە بکەن بۆ ئەوەی شڕەخۆر و هەلپەرەستان بە شکست خواردوویان نەزانن و پەلاماریان نەدەن و لەگەڵیان تووشی تێك هەڵ چوون نەبن و نەبێتە شەڕی نێو خۆیی، لە لایەکی دیکەشەوە دوو سێ شەو خەریکی سووتاندن و لە ناو بردنی ئەو بەڵگەو دیکۆمێنتانە دەبن کە ئەگەر وەدەست عەجەمان کەوتبان خەڵك زیانێکی زۆری دەبینێ.

بەم شێوە هەم هێزی پێشمەرگە بەرێك و پێکی پاشە کشەی کرد و جگە لە تێك هەڵچوونێك لە ناوچەی یەلتەیمووری مەنگوڕان "لە گوندی گوێچکە دەرێ" کە بەزیانی هێرش کەران تەواو بوو، زێرۆ بەگی هەرکی فەرماندە مەجالی پێ نەدابوون و پاشەکشەی پێ کردبوون لە هیچ شوێنێکی تر دەرگیر نەبوون هەم بەڵگە و دیکۆمێنتێکی ئەوتۆ نەکەوتە دەست دوژمن کە خەڵك تێوەردرێ و دوچاری گیر و گرفت بن.

من بە حوکمی خۆشەویستی پێشمەرگە و خاڵێکیشم لەگەڵ ئەو پێشمەرگانەی بەرەی سەردەشت بوو، دەگەل یەك دوو برا و جەمعێك لە خەڵکی شار هەتا تاقە دار کە پێشتر پێیان دەگوت "چاکی قۆڕغێ" بە پێشوازیانەوە چووم. لە شوێنێك ڕاوەستاین تا گەیشتنە ڕاستی ئێمە. بە دیتنیان فرمێسك لە چاوەکان هاتە خوار، دنیامان لەبەرچاو تاریك بوو. ئێمە کە ئەوەندە غەمبار و بە پەرۆش بووین ئاخوا بۆ فەرماندە یا پێشمەرگەیەکی کە رزگاری کوردستان ئەو پەڕی ئاواتی بوە و چەندین هاوڕێی لە سەنگەری دیفاع لە کەرامەتی نەتەوەیی و نیشتیمان لە پەنای ئەو لە بەرەی شەڕدا گیانیان فیدا کردوە ئەو وەزعە چەند دڵتەزێنە کە ئاوا بە سادە و ساکاری پاشەکشە بکا و بەرەی شەڕ چۆڵ بکا، بەڕاستی وەك دەڵێن ئەو ئەفسەر و پێشمەرگانە تۆزی خەم و خەفەتیان لەسەر نیشتبوو بە هۆی ئەو پاشەکشە نەخوازراوە تۆزی خەفەت و خەمباریان لەسەر نیشتبوو.

دیارە ئەوان بە تێکڕا چوونەوە پێشمەرگە خانە و دوایە بە ئەمری فەرماندەکانیان بڵاوەیان کرد و هەر کەسە چوەوە ناو شوێن و بنەماڵەی خۆی و خاڵە حاجیشم ناسراو بە "ڕەشید عەلەمدار" گەڕاوە لامان.

بەڕاستی ئەوکات کە خەبەری تێکچوونی کۆمار لەشاردا بڵاوبۆوە، هێزی پێشمەرگە خەریك بوو بڵاوەی لێدەکرد. شڕەخۆر بە پێشمەرگە خانە وەربوون و

هەرکەس بەشی خۆی دەپچڕی و لەسەر کۆڵ و شانان شتیان دەبردەوە. جەرگی بنی ئادەمی دڵسۆز ئاوری تێبەردەبوو.

# بارزانی‌یەکان مەهاباد چۆل دەکەن

وەك باس کرا، بارزانی‌یەکان قەراریان دابوو شار بەجێ هێڵن. دەستیان بە کۆچی دووبارە کردەوە و بەرەو نەغەدەو شنۆ ڕۆیشتن. ڕۆیشتنی ئەوانیش بوو بەمایەی خەفەت و دڵگرانی زیاتری خەڵك، چونکوو لەو ماوەدا کە لە کوردستانی ژێر دەسەڵاتی کۆماردا مابوونەوە بە ئازایەتی خۆیان لەبەرەکانی شەڕ وە بە قەناعەت، ئەدەب، هێدی، هێمنی و ورەی بەرزیان جێگەی خۆیان لە نێو دڵی خەڵكدا کردبۆوە و ببوونە خۆشەویستی هەموو کارگێڕای کۆمار و جەماوەری شار و دێهات.

بەتایبەتی ئەوکاتەی کە ماڵە شێخ سلێمان ناوماڵیان پێچابۆوە و ماڵ ئاواییان لە دایکم و خوشکەکان دەخواست و یەکتریان لە ئامێز دەگرتوو فرمێسکیان بە چاوو کوڵمانەوە بەند نەدەبوو دیمەنێکی ئەوەندە خەماوی بوو کە هیچ کات لەبیرم ناچێتەوە.

بیرەوەریەکی سەرسوڕینەرم لەو کاتەدا هەیە کە نیشانەی ئەوپەڕی دڵسۆزی پێشەوا لەوکات و ساتە ناخۆش و نالەبارە دابوو کە بەبیری پێشەوا دا هاتبوو.

شێخ سلێمان و دوسێ پێشمەرگە ئاخرین کەس بوون کە لە هۆدەکانی سەرێ هاتبوونە خوار و خەریك بوون بە درێژایی حەوشەکە دا بڕۆنە دەرەوەی ماڵەکە. من و کاکە خەلیل و باجە خانزادم زۆر بە پەرێشانی و خەمباری لەبەر پەنجەرەیەکی ماڵی خۆمان کە دەیڕوانییە حەوشەکە بەغەمباری ڕاوەستابووین.

ڕاست لەبەر پەنجەرەکە ڕەحمەتی مەلا قادری مودەڕیسی کە زۆر جێ باوەڕی پێشەوا بوو، لە دەرێ ڕا هاتبووە حەوشەی ماڵە شێخ سلێمان، دیار بوو پەیامێکی پێ بوو، کە گەیشتە شێخ سلێمان و دوای سڵاو، وتی: "قوربان! پێشەوا

ناردوومی عەرزت بکەم، لە چەك و چۆڵ و خواردەمەنی و ئازووقە هەرچی بۆتان دەردەچێ دەگەڵ خۆتان بەرن. ئەو شتانە حەلاڵی ئێوەو حەرامی خەڵکی دیکەن. بێ دریغ هەرچی پێویستتانە لە ئیختیارتان دایە."

شێخ سلێمان وەلامی داوە: "گەلێك سوپاسی جەنابی پێشەوا دەکەم. هەرچی پێویستمان بووە و توانیومانە بەڕێمان کردووە و لەوە زیاتر هیچمان بۆ دەرناچێ. ئەو فەرمایشەش نیشانەی ئەوپەڕێ جوانمێری و دڵسۆزی جەنابیانە بۆ ئێمە و ماڵئاوا."

دوو سێ رۆژ حاڵەتێکی سەرگەردانی و دڵە راوەکێ بەسەر خەڵکدا زاڵ بوو. ئاخریەکەی ٢٦ی سەرماوەزی ١٣٢٥ جەمعێك لە خەڵکی شار و ئێمەی قوتابیش بە ناچاری لە لایەن خوێندنگەوە بەرەو جادەی میاندواو رەکێش کراین و لەسەر جادە و لە پیش پردی یەرغوو بە ریز رایانگرتین کە پێشوازی لە هێزی حکوومەتی تاران بکەین کە بە خوێنی سەرمان تینوو بوون و لەوەتی هەن مافمان پێشێل دەکەن. هەرچەند هێزی پێشمەرگەی کوردستان هەڵوەشاوەو توابۆوەو لە شاردا هیچ کەس چەکی بە شانەوە نەمابوو یا خەنجەرۆکێکی لە بەر پشتێندی دا نەبوو بەڵام، عەجەمی نەترە چووی فێڵەزان دوو سێ تەیارەی وەحەوای خستبوو بە سەر شاخ و کێوی دەوری مەهاباد دا دەخولانەوە و هێندێك جار وا نیزیك دەبوونەوە کە نیشانی دەدا لە دار و بەردەکەش بە شك و گومانن.

نیزیك سەعات ١٢ی نیوەڕۆ لەشکریانی زوڵم و زۆرداری حەمەڕەزا شا کە چەند ماشێنی خۆ ماڵیان لە پێش بوو گەیشتنە لای ئێمەو دەستی بە درۆیان بۆ هەڵدێنایین. پاش چەند خولەکێك فەرماندەکانیان لە ناوەندی کۆمار و شوێنی کاری پێشەوا جێگیر بوون، سەربازەکانیش بە پێی دەستوور بەشێکیان بە قەولی خۆیان ئەمنییەتی شاریان بە عۆدە گرت و باقی دیکەش لە پێشمەرگە خانەی کۆمار کە لەو کاتەوە ئیتر بۆوە بە پادگان جێگیر ببوون، هەر ئەو رۆژە وڕێنە و ماکەر مەلەیی هێندێك کەس وەك میرزا مستەفای بلووری و چووکەڵی شافعی لە

مەیدانی چوار چرا دەستی پێ کرد و وەك کوندی شووم دەستیان بە قسە کردن دژی مێرخاسان کرد .

تیمسار هومایوونی هەر ئەو رۆژە بە نەڕە نەڕ لە چوار چرا وێڕای هەڕەشەو گوڕەشە گوتبووی کوا ئەو "حەمەدی مەولوودی" کە خوێنی دەیان سەربازی رشتووە؟[٢٩]

ئای کە چ رۆژێکی رەش و نەگبەتبار بوو!

جگە لە حەمەدی مەولوودی ئەو کەسانەی لە ژێرەوەش ناویان دێ و لەبیرمن لە مەهاباد نەمان و چوونە نێو بارزانییەکان و دواتر چوونە عێراق و زۆریان لەوێ مانەوە و تاق و لۆقیش دوای عەفوو گەڕانەوە : هەژار و هێمنی شاعیر، سدیق حەیدەری، قازی کاکە حەمەی بۆکان، حەسەن قزلْچی، رەحمان زەبیحی، دلْشاد رەسوولی، مام هاشمی بەزاز، سەید ئەحمەدی سەید تەها، رەحمانی ئامانی، محەممەد قادری سەرۆکانی و براکانی بە بنەماڵەکانیانەوە، سەیدە گوڵەی سەمەدی. رەنگە زۆریشم لەبیر نەمابن داوای لێبوردنیان لێ دەکەم. هەروەها چەند ئەفسەری پێشووی ئەرتەشی ئێرانی کە لە قیامی خوراسان شکستیان هێنابوو هاتبوونە نێو فیرقەی دێموکراتی ئازەربایجان و دوای رۆیشتنی پێشەوەری هاتبوونە کوردستان، دوایەش چوونە لای مەلا مستەفا و زۆریش بەکەڵك بوون لەوانە تەفریشیان و زەرڕبەختم لەبیرە کە هەردووکیشیان بیرەوەرییان نووسیوە. لە ئاخریدا عێراق تەحویلی دانەوە و هەرکام دە پازدە ساڵ لە بەندی خانەدا بوون سەفەر خانی قارەمانیش هەر ئەفسەری حکوومەتی ئازەر بایجان بوو لەگەڵ ئەوان چووبوە لای بارزانییەکان و دوایە چووە ئێراق. لە سەفەرێکدا کە لە ساڵی ١٣٢٧ بە نهێنی بۆلای ورمێی کردبوو لە لایەن کاربەدەستانی رژیمی شاوە

٢٩. بەلام حەمەدی مەولودی هەر کە لە جەبهەرا گەیشتبوەوە مەهاباد و وەزعەکەی دی بوو چووبووەوە پاڵ بارزانییەکان و لە مەهاباد نەمابوو.

گیرا و نزیکەی ٣٠ ساڵ زیندانی کێشا و لە شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ٥٧دا ئازاد بوو.

چەند ڕۆژ دوای هاتنەوەی ئەرتەش دەستیان کرد بە گرتنی خەڵك، پێشەوا و حەمە حوسین خانیان گرت و دوایە سەدرولئیسلامیان لە تاران را هێناوە. بە دوای گیرانی ئەواندا لە کرێکاری چاپخانە را تا وەزیر، ئەوەی بیستبوویان بەرپرسایەتی هەبوە گرتیان و بە شێوەیەك کە لە بەندیخانەی مەهاباد جێگە نەبوو هێندێکیان بردن بۆ بەندیخانەکانی ورمێ و مەراغە و تەورێز و لەبەناو دادگا نیزامییەکان بە ئێعدام، بەندی هەتا هەتایی، زیندانی درێژ خایەن و دوور خستنەوە لە زێدی خۆیان حوکم دران.

پێشەواو حەمە حوسین خان و سەدری قازی لە پاسدارخانەی پادگانی مەهاباد ڕاگیرا بوون. جارێکیان ئێمە بۆ پیاسە لەگەڵ چەند ئاواڵێك چووبووینە لای چاکی قۆڕغێ. لەوێڕا دیتمان پێشەوا و ئەوانیان بۆ هەوا خۆری هێناوەتە دەر. ئەوەندەمان خۆش دەویستن کە هێندێك ڕۆژ دوای هاتنە دەر لە مەکتەب لەگەڵ ئەو یەك دوو برادەر و هاو پۆلەمان بە بێدەنگی هەر بە کتێبەوە و بە بیانووی دەرس خوێندنەوە دەچووینە ئەو شوێنە تا لە دوورەوە چاومان پێیان بکەوێ. بەدیتنیان لە دوورەوەش دڵمان خۆش و چاومان ڕوون دەبۆوە، هومێدمان لێ پەیدا دەبوو کە ڕۆژێك بە ئازادی بیان بینینەوە.

# ناخۆشترین بیرەوەری ژیانم

بەهار خەریکی گەشە کردن بوو بەڵام بەهاری ساڵی پێشوو نەبوو، لە جێگەی خۆشی و شادی بەهاری پار، خەم و پەژارە دڵی خەڵکی دەگوشی و قورسایی خستبۆوە سەر دڵان، نەشە لەبەر دڵی کەس و بزە لەسەر لێوی کەس نەما بوو، جەماعەتێکی زۆر لە بەندیخانەکانی ڕێژیمداحوکم درا بوون یا چاوەڕوانی حوکم بوون، گەلێك کەس لە زێدی خۆیان دوور خرابوونەوە، دادگای دووهەمی پێشەواو قازییەکانی دی دەستی پێ کردبوەوە و خەڵك نیگەرانی پشت ڕاست کردنەوەی حوکمی دادگای یەکەمیان بوو کە ئێعدام بوو. لە نێو خەڵکیدا قاو بوو، لە زمان وەکیلەکەیان سەروان شەریفی گێڕدرا بوەوە کە ئەوە قازی محەممەد ئەندامانی دادگا محاکەمە دەکا و هەموو شتێکی بە دەلیل پێی سەلماندوون کە کورد مافی خۆیەتی وەك هەموو نەتەوەی دنیا بە ئازادی بژی و...

لە لای چیاو پێدەشتەکانی نەغەدە و شنۆ و لاجانیش شەڕی بارزانییەکان و حکوومەت گەرم و بەر دەوام بوو. شپرزەیی و ناڕاحەتییەکی زۆر باڵی بە سەر کوردستان بە تایبەتی مەهاباد دا کێشابوو. هەواڵی ئێعدامی ١١ ئەفسەری دێموکرات لە سەقز و عەلی بەگی یەك شەوە لە بۆکان خەڵکی زۆر نیگەران کرد بوو. ناهومێدی باڵی ڕەشی بەسەر دڵ و دەروونی خەڵکدا کێشا بوو. ڕۆژ نەبوو دەنگۆی تازە بڵاو نەبێتەوە و هەر کەسە تەعبیر و تەفسیری خۆی هەبوو. هەرچەند بە حوکمی تەمەن ڕەنگە بێ یەکی وەك من وا ڕەش بین نەبووبێ بەڵام، ئێمە لاوەکانیش تووشی دڵە خورپە هاتبووین و خەونی ئاڵۆز باڵۆزمان دەدی و بەیانیان لە خوێندنگە بۆ یەکتریمان دەگێڕاوە. گەورەکان لە بەر فکر و خەیاڵان زۆر جار لە خەوێدا تووشی مۆتەکە دەبوون و نیوەشەوێ هاواریان

دەکرد یا لە قڵپەی گریانیان دەدا. ئەوە قسەی هاو پۆلەکان بوو کە بۆ یەکتریمان دەگێڕاوە.

ئێوارەی ڕۆژی پێشتر زۆر خەریکی دەرسەکانم ببووم، هەر بۆیە شەو زووتر خەوتبووم. کتێب و دەفتەرەکانی بەرنامەی سبەینێم کە دوو شەممە و ١٠ی خاکەلێوە بوو ئامادە کرد بوو، لەسەر یەکم دانا بوون.

بەیانی لە بەینی خەو و بێداریدا بووم گوێم لێ بوو کە خوشکە ئامین لە دیوێکی دیکە کە پێمان دەگوت "خەڵوەتی" و هێندێك شڕ و شاڵاتی لێ داندرا بوون بە ئەسپایی قسەی بۆ دایکم دەکرد. نێوی پێشەوام بە باشی بیست و بە دوای رستەکانی خوشکە ئامین دایکم لە قڵپی گریانیدا و هاواری کرد: "خوایە ئەو زوڵمە گەورەی هەڵ نەگری"

بەپەلە جێ و بانەکەم بە نیوەڕووتی بەجێ هێشت و چوومە لای دایکم و گوتم: "دایە گیان ئەوە چ بووە، بۆ دەگری؟" خوشکە ئامینیش فرمێسکی هەڵدەوەراندن و گۆزەی ئاویشی هەر بە دەستەوە بوو[٣٠]. دایکم قەدەرێکی لەبەر گریانێ جوابی نەدامەوە، خوشکە ئامینیش لاڵ ببوو قسەی بۆ نەدەکرا.

چەند چرکەیەك دواتر دایکم بە دەنگی گیراو لە بوغز و ناڕەحەتیان بە زەحمەت کوتی: ئامین دەڵێ پێشەوا و ئەوانیان لە دارێ داون، رووم دە خوشکە ئامین کرد و گوتم: "چ بووە بەو بەیانەی چیت دیوە بۆ قسە ناکەی؟"

بە نووزەو دەنگی گیراو گوتی: "سێ کەس لە دار دراون دەڵێن پێشەوا و ئەوانن."

---

٣٠. خوشکە ئامینی خێزانی خوالێخۆش بوو وەستا حەمەدی خورشیدێ بوو کە پیاوێکی زۆر روح سوك و کورد پەروەر و شەریف بوو کاری بەنایی دەکرد لە ماڵی ئێمەدا بوون ئەوکات خەڵکی گەرەکی ئێمە کە ئاوی بن حەرزەکەی سوێر بوو دەچوون لە چۆمی ئاویان دێنا. ئەو خانمە کە وەك هەموو بەیانیان چوو بوو لە چۆم ئاو بێنێ لە گەرانەوەدا کە هەوا ڕوناکتر ببوو دیت بووی لە چوار چرا سێ کەس هەڵاوەسراون. پرسی بووی کێن، نولاّمیان دابۆوە پیشەواو ئەوانن.

هەرکە رستەکەی تەواو بوو چوومەوە ژووره خەوەکەمان و کاك خەلیلی برام لە پەنای من نووستبوو لە خەو هەستاندم و پێم کوت کە پێشەوا و ئەوانیان لە سێ دارە داوە، ئەویش بە پەلە هەستا خۆمان پۆشتە کردەوە و بەپەلە لە پلیکانەکان هاتینە خوار و لە ماڵ دەرکەوتین و بەکۆڵاندا بەرەو مەیدانی چوار چرا ملی رێگامان گرت.

لە هەرشوێنێك دا کە دەهاتینەوە سەر شەقامی شاپوور تا لەوێڕا بەرەو چوار چرا بڕۆینە خوار سەرباز و دژبان بە چەکەوە راوەستابوون و نەیان دەهێشت بچمە سەر خەیابان. ئاخری شوێنێکمان دیتەوە و هەرچۆنێك بوو خۆمان گەیاندە مەیدانی چوارچرا.

کە ئێمە گەیشتینێ دووسەت سێسەت کەسێك هاتبوون لە دەوری مەیدان کۆ ببوونەوە. سێ تەرمی بێ گیانی پێشەوا و حەمە حسین خان و سەدری قازی برای پێشەوا و نوێنەری مەهاباد لە مەجلسی شۆڕا بە سێدارەوە هەڵاوەسرا بوون، دیمەنێکی یەکجار دڵتەزێن بوو. ئێمە مانان کە سێزدە مانگ لەمەو بەر هەر لەو شوێنە شاهیدی پێك هاتن و ئێعلامی مەوجوودییەتی کۆماری کوردستان بووین و هەموو چین و توێژەکانی کوردستان دەورەی یازدە مانگەی کۆماریان بەو پەری خۆشی و شادمانی‌یەوە تێپەڕ کرد بوو بە دیتنی دیمەنێکی ئاوا لە دەروونی خۆماندا دەکۆڵین و خۆمان دەخواردەوە و لەبەر دەیان سەرباز و دژبان کە دەورەی مەیدانیان گرتبوو و لە خەڵکەکە را مابوون نەمان دەتوانی بە ئاشکرا شیوەن بکەین و هەستی خۆمان دەربڕین بە هەڵوەراندنی فرمێسك ئارام بینەوە. لە دڵ و دەروونی خۆمان‌دا دەسووتاین و لە تەرمە پیرۆزە هەڵاوەسراوەکانیان دەڕوانین و ئەم پێ و ئەو پێمان دکرد و جار و بار چاومان بە کەسانی ئاشنا و نزیك دەکەوت و بە تەکانی سەر و چاو تێکبڕین هاو خەمی خۆمان بەیەکتر رادەگەیاند.

سەرگوردێکی زەلامی سوورکارە بە نێو مەئموورەکانی بەناو پارێزەری ئاسایشی مەیدانە کە دا دەگەڕا.

کەسێك بە ناوی میرزا برایمە شەلەی مەحموودیان[٣١] لێی نیزیك بۆوەو سرتەیەکی لەگەڵ کرد. دوای ئەو سرتە ئیزنی پێدا بە شەلە شەل و گۆچان بە دەست بچێتە بن تەرمەکان. لە تەرمی هەڵاوەسراوی پێشەوا نیزیك بوەو گۆچانەکەی هەڵێنا و لە لاقی پێشەوایدا و بەقەو گوتی: "ئۆخەی ئەوە دیتم قاتڵی براکەم بە سزای خۆی گەیشت و تەرمی هەڵواسراوی لەبەر چاومە."

زۆربەی خەڵکی ئامادە لە دەوری مەیدان کە رادەیان زۆر زیاتر لەوکات ببوو کە ئێمە گەیشتینێ گوێیان لەو بێ حورمەتی و قسە ناخۆشە بوو، بەڵام کەس جگە لە سەید حەکیم حوسێنی کە حەکیمە شێتیان پێ دەگوت و هاو پۆلی ئێمە بوو، جار جاریش فێی دەگرت، جورئەتی دەنگ هەڵبڕینی نەبوو، سەید حەکیم کە چاوی بەو کارە نا مرۆڤانەی کابرا کەوت چووە لای سەرگوردەکە و سرتەیەکی لەگەڵ کرد و گۆیا ئیزنی وەرگرتبوو بچێتە بن تەرمەکان. سەرگورد وای زانی بوو ئەویش هەر بە هەوای میرزا برایم دەدوێ و ئیزنی پێدا بوو. خەڵکیش زۆر نیگەران بوون کە نەکا سەید حەکیمیش کارێکی وەك ئەو بکا.

سەید حەکیم تیژ تێپەڕی و گەیشتە بن تەرمەکان و خۆی لە میرزا برایم نیزیك کردەوە و لێی راسا و هەتا هێزی هەبوو شەپەڵلاغێکی لێدا و شەقێکی

---

٣١. لە زەمانی کۆماردا کەسانێکی سوود پەرەست بە کەڵکی خراپ وەرگرتن لە بەرپرسانی خۆیان بێ ئاگاداری کۆمار، میرزا غەفووری مەحموودیان کە پیاو ماقووڵ و دەوڵەمەندێ شاریان بە بیانووی ئەوەی دەیبەنە شارەبانی لەماڵی خۆی را دەبەن و لە کووچەی جوولەکەکان کوشتبوویان دوایە پێشەوا چووبوەوە سەرە خۆشی و رایگەیاند بوو کە حکومەتی کۆماری کوردستان ئاگای لەو جەنایەتە نیە و مەحکوومی دەکا. برایمە شەل برای ئەو کوژراوە بوو کە بە ناحەق کوشتنی براکەی دەخستە سەر شانی پێشەوا.

تێهەڵدا و هاواری کرد: "چۆن دەوید بابی نامەرد، پێشەوای کوردستان وای لێ هات ئەتۆ بە گۆچان لە لاقی دەی، قسەی بێ جێ بکەی و ئەو بوختانە ناڕەوایەی پێ بکەی"، وەری گەڕایە، هەتا مەئموورەکان گەیشتنێ چاکی کوتا و پڕ شەقی کرد.

مەئموورەکان لە بەر دەستیان دەرهێنا و حەکیمیان بەرەو گرتووخانەی شارەوانی خڕ و چۆم کرد و برایمە شەلیان هەستاندەوە و هێنایانەوە نێو خەڵك.

برایمە شەل خۆی نەگرت و بەرەو ماڵ چۆوە.

جەماعەت هەروا سەرگەردان لە تەماشای تەرمەکان ڕاوەستا بوون، لە ناکاو هاوار و رۆڕۆی چەند ژن و منداڵ بە گوێ گەیشت. خەڵك ئاوڕیان داوە دیتیان ئەوە ژن و منالّی پێشەوا و عایلەی قازییەکانن لە بانگێ دەدەن و هاوار دەکەن. بەڵام مەئموورِیان وەسەر گەڕان و نەیان هێشت بێن لە نزیکەوە بۆ ئاخر جار تەرمی ئازیزەکانیان ببینن.

پاش یەك دوو کاتژمێر چەند کەسێك لە بنەماڵەی قازی و خێر خوازان داوایان کرد با ئەو تەرمانە چی دی ئاوا نەمێننەوە، جا ئەودەم ئیزنیان دا تەرمەکان لە سێدارە بکەنەوە. خەڵك بە پەلە لە مزگەوتەکانڕا تابووتیان هێنان و بە حورمەتەوە بردیاننە مزگەوتی حاجی ئەحمەد لەوێ شۆردیانن و بە حورمەتەوە لە نێو ئاپۆڕای خەڵکدا و لەسەر شانی لاو و پیاوە دڵسۆزەکانی کورد بردیانن بۆ شوێنی ئێستای گڵکۆکانیان کە ئامادە کرا بوون و بە خاکی پیرۆزی نیشتمان ئەسپێردران. هەر لەوێڕا عالەم بڵاوەی کرد و بە داخەوە نەیان هێشت مەجلیسی پرسە و سەرە خۆشیان بۆ دانێن. من و کاکە خەلیلی براشم بە کۆڵێك خەمەوە گەڕاینەوە ماڵێ و ئەوێ رۆژێ بەشی هەرە زۆری قوتابیان نەچوونەوە مەدرەسە. بە قەولی ئەو دەمی ژنەکانی گەڕەکی خۆمان ئاسمانیش ئەو رۆژە ماتەم دایگرت بوو.

حەوتووی دواتر ڕاست لە بەیانی ڕۆژی دوو شەممە ١٧ی خاکەلێوە خەڵك ئاگادار بوون کە هەر لە چوار چرا چوار ئەفسەری فیداکاری کۆمار بە ناوەکانی حامیدی مازووچی، ڕەسووڵ نەغەدەیان، محەممەد نازمی و عەبدوڵڵای ڕۆشنفکر بە بێ دەنگی لە دار دراون و تەرمی پیرۆزیان چەند سەعاتێك بە هەڵاوەسراوی مایەوە تا خزم و کەس و جەماوەر بردیانن لە گۆڕستانی مەلا جامی بە خاکیان سپاردن.

بەڵام پێویستە بزانین کە هەر ڕۆژی ئیعدامی پێشەواو هاوڕێیانی تاقمێك لاوی دڵسۆز و ئەمەگناس بە دیتنی ئەو غەدرە گەورە کە بە چاوی خۆیان دیتیان لە کورد کرا و بەم شێوە پێشەواو یەکەم سەرۆك کۆماری کوردستانیان بە برا وئامۆزاکەیەوە لە سێدارە دا و چەند سەعات تەرمەکانیان بە هەڵاوەسراوی مانەوە، بە شێوەیەکی مێرانە بڕیاریان دا نەهێڵن ڕێگایان بزر بێ و هەتا هەن درێژە دەری ڕێگایان بن. کوشتنی ئەفسەرەکانی کۆمار لە سەقز، بۆکان و مەهاباد و پاشانیش بە کۆمەڵ کوشتنی زیاتر لە ٢٠ ئەفسەری فیرقەی دێموکراتی ئازەربایجان کە لە تەورێز بەدیل گیرا بوون و هێنابوویاننە پادگانی مەهاباد و بەرە بەیانی ڕۆژێکی بەهاری لە کلکەی باشووری مەلاجامی بە کۆمەڵ تیرەبارانیان کردن هێندەی دیکە ئەو لاوانەی هاندا و هەستی خەڵکی زیاتر لە جاران ڕووشاند.

***

لە کۆماری کوردستاندا هەموو ئیدارەکانی پێویست بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکانی خەڵك بە شێوەی ئاسایی خەریکی بەڕێوە بردنی ئەرکی خۆیان بوون و بەوپەڕی فیداکاریی‌یەوە تێدەکۆشان ئەرکی سەر شانیان ڕاپەڕێنن و خەڵکیش بەبوونی کۆمار و ئازادی و دێموکراسی زیاتر دڵخۆش کەن.

ناوی هێندێك لە بەرپرسانی کۆمارم لەبیرە، جگە لە وەزیرەکان کە بۆ هەموو کەس ناسراون ناوی هێندێك لەوانی دیکە دێنم تا بەشیك لە ڕابردووی

ژیانیان بیر بخەمەوە. قاسم ئاغای ئیلخانیزادە کە دوایە بوو بە موهتەدی هەروەها ڕەشید عەزیزی و برایم خانی نادری بە تەرتیب هەرکام بۆ ماوەیەك بەرپرسی ئیدارەی فەرهەنگ بوون. دیارە برایم خان نادری کە کرماشانی بوو تەنیا کەسێك بوو کە خوێندنی باڵای تەواو کردبوو، مرۆوێکی دڵسۆز و لێزان بوو.

هەروەها چەند مامۆستای لێوەشاوەی وەك عوسمان دانش، محمد توفیق وردی، کەریم زند، مامۆستا جەمیل بارزانی، مامۆستا قانع، مامۆستا سەعید ناکام و... کاریگەری بەرچاویان لەبواری پەروەردە و چاپەمەنی هەبوو کە لە باشووری هاتبوون.

# له بواری نیزامی

چوار ژێنراڵ محەممەد حوسین خانی سەیفی قازی، مەلا مستەفای بارزانی، حەمە رەشید خانی قادرخانزادە و ئەمەرخانی شکاك هەبوون سێ یەکانی ئەوڵ کار ئامەدی خۆیان بە کردەوە نیشان دا، بەڵام ئاشکرا ببو کە ئەمەرخان پەیوەندیی نەهێنی لەگەڵ حکوومەتی تاران هەبوەوە، زۆر بەر لە تێك چوونی کۆمار چۆوە گوندی خۆی لە باکووری ورمێ.

ئەوەندەی لەبیرمە چەند ئەفسەری کوردی عێراق کە ئەندامی حیزبی هیوا بوون و هاتبوونە مەهاباد رۆڵی بەرچاویان هەبوو.من دەرەجەکانیانم باش لەبیر نیە بەڵام، بریتی بوون لە:

١. میرحاج
٢. مستەفا خۆش ناو
٣. عێزەت عەبدولعەزیز
٤. محەممەد مەحموود قودسی
٥. خەیرولڵا عەبدولکەریم
٦. رەئیس بەکر حەویزی
٧. نووری ئەحمەد تەها
٨. سەید عەزیز شەمزینی

سەید عەزیز لەگەڵ ئەو لاوانەی بۆ خوێندن بەرێ کرانە باکۆی پایتەختی ئازەربایجانی سۆڤییەت بۆ درێژە دانی خوێندن چوو بوو باکۆ و لەو چەند کەسە بوو کە دوای تێکچوونی کۆمار نەگەڕانەوە. ناو براو لە سۆڤییەت دوکتورای

مێژووی وەرگرتبوو تێزەکەشی لەسەر کوردستان بە رووسی نووسیبووی و بە کوردیش وەرگێڕدراوە.

هەر لێرەدا بە پێویست دەزانم ئەو چەند کەسەی دوای هەرەس هێنانی کۆمار لە باکۆ نەگەڕانەوەو درێژەیان بە خوێندندا ناو ببەم کە بریتی بوون لە:

١. سەید کەریم ئەیووبی
٢. حامید خوسرەوی
٣. رەحمان گەرمییانی
٤. قادر مەحموودزادە
٥. مستەفا شەڵماشی
٦. عەزیز فەرهادی
٧. عەلی گەلاوێژ
٨. رەحیم سەیفی قازی
٩. سوڵتان وەتەمیشی
١٠.سەید عەزیز شەمزینی.

جگە لە عەزیز فەرهادی ئەوانی دیکە هەموویان تا وەرگرتنی دەرەجەی دوکتوورا لە بەشی جۆرا و جۆردا درێژەیان بە خوێندندا، بە داخەوە هیچیان لە ژیاندا نەماون.

ئەوانەی هاتیشنەوە جگە لە دوو سێ کەسیان وەك دوکتوور رەحمانی حەلەوی، فەتاح حەمیدی کە درێژەیان بە خوێندن دا و رەوان شاد غەنی بلووریان لە درێژەی خەبات و سیاسەت دا بەردەوام بوو دوو سێ نەفەریشیان بوونە مامۆستا و کارمەند باقی دیکە بوون بە کاسب و بازاڕی.

لە کۆماردا دوو بەش ئەفسەرمان هەبوون، بەشێکیان سەفی بوون، واتە لە شوێنی جۆرا و جۆری هێزی پێشمەرگەدا خزمەتیان دەکرد بەشێکیشیان سیاسی بوون و خەریکی کار و باری ئیداری و حیزبی بوون.

لە ئەفسەرە سیاسییەکان کە رادەیان کەمتر بوو ئەوانەم لەبیرە کە دەمناسین.

١. حوسین فرووهێر ناسراو بە حوسینی زێڕینگەران[٣٢]
٢. مینە شەرەفی
٣. محەممەد یاهوو
٤. دڵشاد رەسووڵی
٥. رەحیم جەوان مەردی قازی
٦. سەعید هومایوون
٧. سەید محەممەد ئیسحاقی
٨. سەید خدر نیزامی ناسراو بە سەید پیرە سەردەمێك بەرپرسی شارەوانی بوو
٩. حامید مازووچی بەرپرسی شارەبانی بوو
١٠. سەعیدزادە
١١. حوسەین خەفافی
١٢. کەریم نازمی
١٣. محەممەد تۆکمەچی
١٤. عەزیز مرادی

٣٢. حوسینی فروهەر یەکێك لەو ئەفسەرانە بوو کە چەند جار گیرا لەسەریەك زیاتر لە ١٥ ساڵ لە زینداندا بوو. یەکێك لە وەفادارترین ئەفسەرەکان بوو کە هەتا ما بە هەموو هەستیەوە پیرەوی رێگەیی قازی و حیزبی دیموکراتی کوردستان بوو. دوای ئەوەی لە زیندان چەند نەخۆشی گرت ئازادیان کرد بەڵام زۆر نەژیاو لە تاران فەوتی کرد.

١٥. عەزیز سدیقی
١٦. میرزا وەهاب قازی
١٧. هاشم هەمزەیی
١٨. سەید ئەحمەدی سەید تەهای

بێگومان نێوی زۆر لەوانەم لەبیر نەماوە و زۆریش سروشتییە و داوای لێبوردنیان لێ دەکەم.

لە ئەفسەرانی سەفی ئەوانەی ژێرەوەم لەبیرە:

١. سەرهەنگ محەممەد نانەوازادە کە لە سەرەتاوە فەرماندەری هێزی پێشمەرگە بوو
٢. برایم خانی سەلاح بەگ زادە کە دوایە جێگەی نانەوازادەی گرتەوەو بوو بە فەرماندەی هێزی پێشمەرگە.
٣. عەلی بەگی یەکشەوە
٤. سەرهەنگ زێرۆ بەگی هەرکی
٥. سەرهەنگ عەلی خانی قادری مرۆتێ "مەنگوڕ"
٦. جەحفەر ئاغای کەریمی دێبوکری بەرپرسی ستادی پێشمەرگە
٧. محەممەد نازمی
٨. رەسووڵ نەغەدەیان
٩. عەبدوڵلای رۆشەنفکر
١٠.حەمەدی مەولوودی "راتبی"
١١.محەممەد داوودی "میرزالە"
١٢.محەمەد ئەمین قادری "مامەش"
١٣.محەمەد قادری "مامەش"
١٤.باپیر ئاغا قادری "مامەش"

١٥. عەبدوڵلا قادری "مامەش"
١٦. ڕەسوڵ قادری "مامەش"
١٧. هەمزەئاغای گاگەشی مەنگوڕ
١٨. حەمەدی باییز ئاغای مەنگوڕ
١٩. محەممەد مەستانی
٢٠. قادری پیرمەندی
٢١. محەممەد موبەلیغی
٢٢. ئیسماعیل سمایل زادە
٢٣. ئەحمەد ئاغای سیسێری گەورك
٢٤. جەعفەر ئیلخانیزادە "دێبوكری"
٢٥. سلێمان عەلیار "دێبوكری"
٢٦. عومەر عەلیار "دێبوكری"
٢٧. هاشم سەعید قادر "حاجی هاشمی بەزاز"
٢٨. محمد ڕەسوول كوردپوور

بەشی بەرچاو لەو یازدە كەسەی دوای كۆمار لە سەقز شەهید كران ئەفسەر بوون كە بریتی بوون لە:

١. ئەحمەد خان فاروقی
٢. عەبدولا خان مەتین
٣. محەمەد خان دانیشوەر
٤. محەمەد خان فەیزوڵلابەگی
٥. حەسەن خان فەیزوڵلابەگی
٦. ئەحمەد خان شەجیعی
٧. عەلی خان فاتح

٨. شێخ سەدیق ئەسعەدی
٩. شێخ ئەمین ئەسعەدی
١٠. ڕەسوڵ ئاغا مەحمودی
١١. عەلی ئاغا جەوانمەردی

دیارە ڕادەی ئەفسەرەکان زۆر لەوە زیاترە بەڵام من هەر ئەوانەم لەبیرە کە لە مەهابادی ئەو کات دیومن و دەنا لە هەموو عەشیرەت و شارەکاندا پیاوی باش و جێ موتمانە هەبوون کە دەرەجەی ئەفسەریان هەبوە. لە لاپەڕەکانی ٣٠ تا ٣٥ی ڕۆژنامەی کوردستان کە لە لایەن بنکەی ژینەوە چاپ کراوەتەوە، ناوی زۆر لە بەرپرسانی زەمانی کۆمار نووسراوە.

لەو سەردەم دا دوکتوور واتە پزیشك لە مەهاباد نەبوو، تەنیا دوکتورێکی ئێرانی وا بزانم لە شەڕی سەقز یا لە شوێنێکی ئاوا بە دیل گیرا بوو لە مەهاباد مەتەبیان بۆ کردبوەوە و تەبابەتی دەکرد ناوی "دوکتوور موبەسیری" بوو خزمەتی چاکی کرد و دوای کۆماریش چەند ساڵ هەر لە مەهاباد مایەوە.

ئەو دەم لە مەهاباد تەنیا نەخۆشخانەی شیر و خۆرشیدێ هەبوو کە ئەو پەڕەکەی جێگەی ٢٠ نەخۆشی دەبوو. ئیمکاناتی زۆر کەم بوو، نەخۆش بۆ عیلاج زیاتر دەچوونە ورمێ وتەورێز.

# له بواری بێهداشت و فەرهەنگەوە

شار سێ دەوا خانەی هەبوو "مەرکەزی، شەفا، مەولەوی" زۆرجار هەر ئەوان بۆ خۆیان دەرمانیان بۆ نەخۆش دیاری دەکرد. مەهاباد لە بواری فەرهەنگیەوە دوا کەوتوو بوو. تەنانەت چەند ساڵ دوای کۆماریش مامۆستاکانمان لە ناوەندیش هەر دیپلۆم بوون، لە ساڵی ١٣٣١ی هەتاوی بۆ یەکەم جار مامۆستای لیسانسیان بۆ مەهاباد نارد ئەویش یا تورك بوون یا فارس.

لە زەمانی کۆماردا هونەر تا رادەیێکی بەرچاو گەشەی کرد. جگە لە گۆرانیبێژەکانی خۆیی، تاقمی موسیقای زۆر پێشکەوتوو کە لە شەست پارچە پێك هاتبوو بۆ هێزی پێشمەرگە دابین کرا بوو.

دوو نەفەر کەمانژەن واتە "ویۆلۆن" ژەن هەبوون، عەلی تابانی و مەحموودی وەلیزادە کە زۆریان یارمەتی قوتابیان دەدا بۆ فێربوونی سروودەکان مامۆستایەکیش وا بزانم هەرمەنی بوو لە ورمێڕا هاتبوو لە خوێندنگەی ناوەندی دەرسی موسیقای پێ دەگوتین.

لە ماوەی دامەزرانی ژ-ك تا تێك چوونی کۆمار دەیان سروود فێری قوتابیان کرا بوو کە لە مەکتەب یا لە ڕێوڕەسمەکاندا دەخوێندرانەوە. مامۆستا محەممەد تۆفیق وردی لەو بارەشەوە زۆر هاوکاری دەکردین و هەر کامێکمان دەفتەری تایبەتی سروو دانمان هەبوو ستودیۆیەکی رادیۆیی **FM** داندرا بوو کە دەنگەکەی بە بڵیندگۆ لە چەند شوێنی مەهاباد بۆ خەڵك بڵاو دەبوەوە، زۆر جار ئێمە قوتابیان، هەرجارە لە مەدرەسەیەك را دەبرد بۆ ئەوەی لە ستۆدیۆی رادیۆ کە هەر لەو ساختومانەدا بوو کە دەفتەری کاری پێشەوای لێ بوو. دەنگ خۆشان و قام بێژانی شاریش زۆر جار دەعوەت دەکران تا لەوێ گۆرانی بڵێن. عەبدووڵڵا

نەهری، حوسین ماملی، محەممەد ماملێ کەسەرەتای گوتنی بوو، حوسینی تەدەیون، برایانی رۆستەم پوور چەند لاوێك بوون کە لێیان دەگێڕانەوە بۆ کاری هونەری و شێعر و سروود خوێندنەوە. زۆر جار تاقمی سروودی خوێندنگەکانیشیان بۆ خوێندنەوەی سرود دەبردە ستودیوی رادیو.

بەشێك لەو سروودانەی کە ئەو سەردەم دەخوێندرانەوەو ئاهەنگ وریتمەکانیشم لەبیر ماون ئەوانەن:

١. ئەی رەقیب
٢. نیشتمانم رەنگینە
٣. خوایە وەتەن ئاواکەی
٤. براینە لە خەو هەستن بەیانە
٥. مەکتەب مەتلەعی سەعادەتمانە
٦. ئاڵای بەرزی کورد با بلەرێ لە ئاسمان
٧. شاخی رەنگاو رەنگی کوردان
٨. بەرزکەن بەرزکەن ئاڵای کوردستان
٩. مزگێنیم دەیە دەگەی بە ئاوات
١٠. ئەی کوردینە ئەی مەردینە
١١. سەرێ بۆ بەرزی وەتەن نەکا دەرد

خۆشییەکانی ئەو چوار پێنج ساڵەی کوردستان دوای نەمانی حکوومەتی رەزاشا چ لە زەمانی کۆمەڵەی ژ - ك و چ لە زەمانی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا بەتایبەتی لە یازدە مانگەی کۆماردا بە رادەیەك بوو کە هەر کەس بە تایبەتی لە تەمەنی ئێمە ماناندا دیتبێتی هیچ کات لەبیری ناچێتەوە.

منداڵان هەموو دەبوو بچنە مەدرەسە، بە حوکمی کۆمار هەرمنداڵێك تەمەنی ٧ ساڵ با چ کوڕ و چ کچ دەبوو بچێتە قوتابخانە. لە شارەکان خوێندن ئیجباری

بوو. بۆ گچکەترەکانیش ئەوەندەی من ئاگادار بووم هەر لە مەدرەسەی گەلاوێژ کلاسێك وەك باغچەی ساوایان کرابوەوە، سێ چوارێکم لەو مندالانە لەبیرە بەناوەکانی حەسەن شەرەفی، محەممەد گادانی، عەبە سوور یا عەبدوولاّ سەیفی قازی کە لە پۆلی ساوایان بووین.

منداڵ لەلایەن قوتابخانەکانەوە ئەوەندەیان کار لەگەڵ دەکرا کە کاتی ئەوەیان نەبوو بە خۆڕایی لە کوچەو کۆلاّنان بخولێنەوە خەریکی شەڕەشەق و قوماران بن. گەورەکانیش لە لایەن حیزب و بەرپرسانی حیزبییەوە وا عاملێندرا بوون کە ئیتر لە کۆلاّن و سەربانان مێشێن و جگێن و ماتین نەکەن و ئەوانەی نەخوێدنەوار بوون، دەبوو بچنە کلاسی شەوانە کە لەلایەن پەروەردەوە بۆیان داندرابوو.

هەرچەند خەڵك بەگشتی نەداربوون بەڵام لەو پەڕی ئاسایش و ئازادی و دڵخۆشی دا بوون.

ئەوانە هەموو لەلایەك پەیوەندی مەکتەبەکان و بنە ماڵەکان، پەیوەندیەی زۆر دۆستانەو رفیقانەی مامۆستاکان و قوتابییەکان و دڵسۆزی و ئەمەگ ناسیان بۆ یەکتر لە روانگەی منی تازە لاوەوە ئەوەندە گرینگ بوو کە قەت فەرامۆشی ناکەم.

داخەکەم بە تێك چوونی کۆمار قەلاّی ئومێدم رووخا و بە شەهید کرانی پێشەوا و هاوڕێیانی هەروەها  بە لە سێدارە دانی ئەو هەموو ئەفسەرە شایستە و فیداکارانە لە مەهاباد و سەقز و بۆکان و گرتنی بە کۆمەڵی بەرپرسان و زەخت خستنە سەر خەڵك و دانانی حکوومەتی بە تەواو مانای وشە نیزامی لە شار و بازار و شەقامەکان و کووچە و کۆلاّن و تەنانەت مەدرەسەکانیش هیوای ژیانی ئاسایی لە خەڵك بڕی بوو. منیش خەوم نەما بوو، ئەگەر دەشنوستم خەونی ئالۆز باڵۆزم دەدی. شەوێك خەونم دی بوو، راپەڕیم و هاوارم کرد لەبەر زەینم گوڵەکانی پێش پەنجەرەی گەورەی هۆدەکە لێم ببون بە پێشەوا و حەمە حوسین

خان و سەدری قازی. لێکدا لێکدا بە دایك و بابم کە بە دەنگی من وەخەبەر هاتبوون دەگوت: "بابە ئەها پێشەوا،ئەوی دیش ئاغای سەدرە و..." ئەوانەم دەگوت و دەگریام. ئەوانیش دڵداریان دەدامەوە و ژیریان دەکردمەوە.

ئەو کارەساتانەی یەك لە دوای یەك روویان دەدا منی لە خوێندنیش سارد کردەوە، ئەمن کە تا ئەو کات هیچ ساڵێك لە خوێندن رەت نەببوومەوە و کلاسی چوار و پێنجی سەرەتاییشم بە ساڵێك تەواو کرد بوو، ئەو ساڵە پڕ نەکبەتە لە پۆلی یەکەمی دەبیرستان واتە یەکی ناوەندی کەوتم ودەر نەچووم.

بەڵام، وەك شاعیری فارس دەڵێ:

در نا امیدی بسی امید است پایان شب سیه سفید است

هێدی هێدی لەگەڵ وەزعەکە راهاتین و دەستمان کردەوە بە فارسی خوێندن و حوکم کرا کە وەك زەمانی رەزا شا لە هەموو مەدرەسەکان بە فارسی قسە بکەین و وانەکانیش بە فارسی بگوترێن و بخوێندرێن. ساڵێکیشی پێ چوو بوو کوردی و فارسیمان هەر تێکەڵ دەکرد.

***

دوای هاتنەوەی ئەرتەشی ئێران بۆ مەهاباد هەروەك پێشتر ئاماژەیەکی کورتم پێ کردوە گرتنی خەڵك و قەڵاچۆ کردن دەستی پێ کرد و تەمی غەم باڵی بەسەر شار و دێهاتی کوردستانی ژێر حوکمی پێشووی کۆماردا کێشا بوو، گەزمەکان خۆیان بە ماڵاندا دەکرد، پەڵپیان لە خەڵك دەگرت بۆ چەك و چۆڵ و حکومەتی نیزامیان راگەیاند بوو. شەوو رۆژ گەزمە و دیژبان لە شەقام و کۆڵاناندا دەخولانەوە. دەبوو لە مەکتەب بە فارسی بخوێنیین و لەسەر کلاس دەگەڵ مامۆستا کوردەکانیش بە فارسی بدوێین.

دوای ئێعدامی پیشەوا و ئەفسەرەکان و بەرپرسانی حیزبی لە مەهاباد و بۆکان و سەقز و بە تایبەتی دوای ئەوەی هەر بە هێرشی ئەرتەش و

گەلەکۆمەکی بەشێك لە خۆفرۆشانی دێبوکری و مەنگوڕ و مامەش، مەلا مستەفا و هێزەکەی پاش چەندین شەڕی قارەمانانە بە ناچاری بەرەو عێراق گەڕانەوە و ئیدی ئەرتەش و حکومەت بە تێکڕا ترسیان نەما هێندەی دیکە هۆی ئازارو نارەحەتیان بۆ خەڵك فەراهەم کرد و هیچ کەس هەستی بە ئاسایش و ئارامش نەدەکرد و خاوەنی سەر و ماڵی خۆیان نەبوون. نە هەر بنەماڵەی بەندی‌یە سیاسی و کاربەدەستەکانی کۆمار بەڵکوو هەموو عالەم بە پەرۆش بوو، نیگەرانی ئێعدامی باقی گیراوەکانیش بوون، کەس خەبەری راستی نەدەزانی و ئاگای لە چارەنووسیان نەبوو. لە مەهاباد و شارەکانی دیکەی کوردستان و بەندیخانەکانی تەورێز و وورمێش لە دادگا داخراوەکانی ئەرتەش‌دا محاکمە دەکران و زۆر جاران بۆ ماوەی چەند مانگ سەردان و ملاقاتیان قەدەغە دەکرد.

نە دوکاندار هۆشی لە کاسبی بوو، نە کارمەند و مامۆستا بە شێوەی واقعی دەیانتوانی بە ئەرکی خۆیان هەستن. ئاخر ئەو هەموو نارەحەتیەی دەبیستراو دەبیندرا، سەری لەعالەم شێواندبوو، خەڵك رووداوەکانیان بە ترس و لەرزەوە زمان بە زمان بەوپەڕی پەرێشانی‌یەوە بۆ یەکتر دەگێڕایەوە و ئێمەی قوتابیش کە ئەو شتانەمان دەدی نە ماندەتوانی خۆمان لەو هەموو گیر و گرفتەی رووی دە خەڵك کردبوو بێ تەفاوت بین، هەر بۆیەش نەماندەتوانی بە شێوەی پێویست خەریکی دەرس و دەوری خۆمان بین. ئەو ساڵەی هیچ کە ڕەد بوومەوە بۆ ساڵەکانی دواتریش شوێنەواری لەسەر دانام.

تۆ بڕوانە منی تازە لاو لە ماوەی کەمتر لە ساڵێك دا جگە لە بیستنی خەبەری ئەو هەموو ئێعدامانە و ئەو خەڵکە زۆرەی کە گیرابوون و لێکدا لێکدا محاکەمە دەکران، لە نیزیکەوە دیق کردن و دڵ تۆقینی یەك لە دوای یەکی مامۆستا مەلا عبدوڵلای داودی واتە خاڵە مەلای دڵسۆز و کادری بەوەجی ژ-ك و حیزبی دێموکرات و دامەزرێنەری یەکەم قوتابخانەی کوردی لە مەهاباد و هەروەها مردنی بێ وەختی دوو کوری لاوو پێ گەیشتووی ئەوم بە ناوەکانی

محمد و برایم بیست کە هەردووکیان مامۆستا بوون و بەوپەڕی دڵسۆزی و ئەمەگناسی‌یەوە شەو و ڕۆژ خزمەتی قوتابیەکانی مەدرەسەی شەوانەو دوایەش ڕۆژانەی گەلاوێژیان دەکرد.

دەیان بنەماڵەی هەناسە سارد و کوڕ و کچی تێکۆشەرانی دێموکرات لە دڵەڕاوکێی دائمی دا دەژیان چونکە یا سەرپەرستی خۆیان یا لە دەست دابوو یا لە گۆشەی بەندیخانە دیل کرابوون و حوکم درابوون و یا لە چاوەروانی چارەنووسی نادیار دابوون یا بە بێ محاکەمە و بە زۆرە ملی بۆ شارەکانی دووری ئێران دوور خرابوونەوە.

ئاخر دڵی ئەو کوردە دەبێ چەند بە هێز بێ کە توانیویەتی ئەو بارە قورسەی خەم، ئەو بە حرە پڕ شەپۆلەی پەژارە تەحەممول بکا و هەوڵ بدا نەچەمێ و نەبەزێ. بۆیە بە فەرمایشی حاجی قادری کۆیی کە باوکم لە خەفەتان زۆر جاران زەمزەمەی شێعرەکەی دەکرد و دەیووتەوە :

گەردنی کوردی لە کێوی بێستوون موحکەمترە
بۆیە چەند ساڵە لە ژێر باری خەما دا ناکەوێ

بەڵام دیار بوو سەرەڕای ئەو وەزعە ناخۆشە لاوی عەگید و جوانمێر هەبوون کە بێنەوە مەیدان و ئاڵای خەباتی رەوا شەکاوە ڕاگرن و بۆ ئازادی و دێموکراسی و وەدی هێنانی ئارەزوەکانی پێشەوا و کۆمارە جوانمەرگەکەی کوردستان تێکۆشن. هەروەك هێندێك لەوان جار جار دەیان درکاند کە هەر لە پای سێ دارەکەی پێشەوا و هاورێیانی ئەو بەڵێنەیان بە خۆیان و بە گەل دابوو کە ڕێگای شەهیدان درێژە بدەن. وابزانم هەر لە بەر ئەوەش بوو زۆر جار لە کلاسەکەمان‌دا هێندێك مامۆستای کورد و جارجاریش قوتابی‌یەکان هەڵبەستگەلێکی پڕمانایان دووپات و چەندپات دەکردەوە و بۆ ورەدان بەو کەسانەی وەك ئێمە کە ئاگامان لەو بەڵێن و بڕیارە جوانمێرانە هەبوو وەك سوژەی ئینشا نووسین دیاریان دەکردن:

در ناامیدی بسی امید است    پایان شب سیه سفید است

---

مرد باید در کشا کش دهر    سنگ زیرین آسیا باشد

---

گر بزرگی بکام شیر در است    شو خطر کن ز کام شیر بجوری

لەسەر یەك ئەو بابەتانە واداری دەکردین بیر بکەینەوە و بیرەکانمان بێنینە سەر کاغەز و بە پێی پوختی و ناپوختی نمرە لە مامۆستا وەرگرین، بەڵام نمرەی زۆرو کەم زۆر گرینگ نەبوو، لەسەر کلاس کە نووسراوەکانمان بۆ باقی قوتابیان دەخوێندەوە جگە لە مامۆستای ئەدەبیات خوالێخۆشبوو عزیزی مەولەوی کە پیاوێکی مەند و قوول و ئارام و بێدەنگ بوو سەری تەکان دەداو دەچوو لە بەحری بیرو فکرەوە، هێندێك لە هاوکلاسەکانیشمان کە تازە سمێڵیان خەتی دابوو یا چەند سمێڵ بە کەیفێکیشمان کە دەگەڵ بوو گوێیان لێدەگرت و فیکەی سمێڵیان دەهات و ئەوەی هەستی بزواندبا بزەیەکیشیان بۆ دەهاتە سەر لێوان. ئەوە هەر هەست بوو لە دەروونَدا دەماوە و هێدی هێدی هەڵی دەدا. جارێ شەپکە زۆر توند بوو، کاتی دەربڕینی سۆزی دەرون نەهاتبوو.

دوای تێپەڕ بوونی شەش حەوت مانگ لە ئێعدامی پێشەوا جار جار نوسراوەی دەستخەتی کۆپی کراو لەناو شار دەست خەڵك دەکەوتن یان لەنێو قوتابییەکاندا دەبیندران و بەم شێوە دەردەکەوت کە وردە تێکۆشانێك خەریکە شکڵ دەگرێ و لە سەرەتاکانی ساڵی ٢٧یشدا دەنگۆیەك هەبوو دەیانگووت ڕادیۆیەکی سڕی واتە نهێنی پەیدابووە و باسی ڕووداوەکان دەکا و هەرچەند ئەوکات ڕادیۆ زۆر کەم بوو بەڵام لە زمانێك ڕا بۆ زمانێکی ترو... وەك دەنگۆش با دەچۆ ناو خەڵك و هیوایەکی دەدا بە خەڵك و هومێدەکان سەریان هەڵدەدایەوە.

دەمێك بوو ڕێژیم خەریکی بیانووگرتن بە حیزبی تودە بوو، کە ئەودەم تەنیا حیزبی چەپی سەرتاسەری ئێران بوو. لە ڕێبەندانی ١٣٢٧ دا بەدوای تەقە کردن لە شا لە زانکۆی تاران لەلایەن کەسێك بەناوی ناسری میر فەخرایی، هەرچەند شا بە برینێکی سووك قوتار بوو، بەڵام بیانوو کەوتە دەست ڕێژیم. لە تاران و زۆربەی هەرە زۆری شارەکان پەلاماریان دا سەر هێندێك لاوو زیندانەکانیان پێ ئاخنین. ئەو گرتنە شاری مەهابادیشی گرتەوەو حەوت هەشت کەس گیران، هێندێك لە کوڕە دەوڵەمەندەکان زوو بە بەرتیل بەربوون و کوڕە زوحمەتکێشەکانیش کە بریتی بوون لە قادر یوسفی، عەزیز یوسفی، صدیق خاتەمی هەریەکەی بە چوار ساڵ مەحکوم کران و ئەو ماوەیان لە بەندیخانەکانی ورمێ و تەورێز تێپەڕ کرد. "کاك ڕەشەی فەلاحی" شیان دەگەڵ گیرابوو بەڵام لەبەر ئەوەی نەخوێندەوار بوو لەوان زووتر بەربوو.

پاش ئەو ڕووداوەش، ئەگەرچی بۆ ماوەیەك بێدەنگی بەسەر خەڵکدا هات، بەڵام ئەوجاریش ئەو ئیعلامیە خەتییانە کە جار جار بە تایپ کراویش بڵاو دەبوونەوە بەو واتایە بوو کە تێکۆشان هەر بەردەوامە، بەڵام زۆر بە نهێنی.

دوای کۆمار دەبیرستانی ئێمەیان یەك دووجار گوێستەوە، دوسێ مانگ لە ساڵی خوێندن تێپەڕیبوو دەبیرستان گوێزرابۆوە بۆ خانووی سەید عەلی چل سەیدان واتە ئەو خانووەی گۆشەی کووچەی حاجی سالحی شاتری، ڕاست ئەو خانوە بوو کە پیشتر ئاماژەم پێ کرد بوو بە منداڵی دەعارەبە سووراندندا ژاندارم گرتمی و بردمی لە ژێر زەمینەکەیدا بۆ دووسێ سەعات زیندانی کردم. بیرەوەری ناخۆشم لەو خانووە هەبوو، دڵم تێیدا نەدەپشکووت.

ڕۆژێك هاوپۆلێکم کە بە قەڵافت لە من باخۆشتر بوو، بەینێك بوو هەستم دەکرد حەز دەکا بمدوێنێ و پەیوەندیەکی ڕەفیقانەم دەگەڵ دامەزرێنێ. داوای لێ کردم دوای تەواو بوونی دەرس بە یەکەوە بەرەو بازاڕ بچین و پیاسەیەك

بکەین. منیش قبوولم کرد و دوای دەرسی ئاخر بە یەکەوە وەدەر کەوتین. بە پیادەڕەوی خەیاباندا بەرەو چوارچرا ڕۆیشتین. لە نێوان پیاسەکەدا پرسی:

ــ وا هەست دەکەم کوردستانت زۆر خۆش دەوێ، حەز دەکەی هەوڵ بدەی تا جارێکی دی کورد چارەنووسی بە دەستەوە بگرێتەوە و حکومەتی عەجەمان لە کوردستان نەمێنێ؟

ــ جا چ کوردێکی دڵسۆز هەیە ئەوەی پێ خۆش نەبێ، تۆ بڵێی کەس هەبێ بتوانێ بۆ ئەو کارە هەوڵبدا؟

ــ دیارە کەسانێك هەن، کۆزیلەیەکیان هەیەو خەریکن، لە لایەن خۆم و ئەوانەوە ئەو پرسیارەم لێ کردی.

ــ بە جوانمێرێکی کە دەتۆیدا دەبینم پێت دەڵێم زۆرم پێ خۆشە منیش لەو بوارەدا کار بکەم، بەڵام دڵنیای و موتمانەت پێیان هەیە، باوەڕت ئەوەندە پێیانە کە بە خوڕایی تووشی گرتن و چەرمە سەری نەبین؟

ــ بێ گومان ئێمە سوێندمان بۆ یەکتر خواردوە و بەڵێنیمان بە یەکتر داوە بەو پەڕی نەهێنی‌کاری بەو ڕێگایەدا بڕۆین.

ــ زۆر باشە بەڵام چۆن و دەمانەوی، چ بکەین؟

ــ سبەی نووسراوێکت بۆ دێنم بیخوێنەوە جا بڕیاری خۆت بدە!

ــ زۆر باشە، لەوەی کە باوەڕت بە من کردوە و ئەو مەسەلەت دەگەڵ باس کردم مەمنوونم.

هەر بەو ڕێگایەدا کە ڕۆیبووین گەراینەوە. درێژەی بە قسەکان داو و گوتی:

ــ ئەو ڕۆژەی پێشەوا و براکەی و حەمە حوسێن خانی ئامۆزای لەو چوارچرایە ئێعدام کرابوون منیش هاتبووم دیتم چەند خەفەتباری و چەند ڕۆژ دواتریش لە کلاس پەژارەت بە روخسارەوە دیار بوو. بەڵام بە خەمخواردن چ ناکرێ کار پێویستە و دەبێ هەوڵبدەین.

ـ راستە بە بێ هەوڵ چ ناکرێ، گرینگ ئەوەیە شتێك ساز بێ و هێندێك کەس فیدا کاری بکەن و رێگاکە بگرن و بەری نەدەن.

ـ هەموومان لەسەر ئەو باوەڕەین.

بەو قسانە گەیشتینە چوارڕێیانی مزگەوتی هەباس ئاغا (( چوار رێی ئازادی ئێستا )) و لەوێ ئەو بەرەو ماڵی خۆیان لە گەرەکی هەرمەنیان ڕۆیشت و منیش بۆ گەرەکی قووڵە قەبران بەرەو ماڵ چوومەوە.

ئەو ڕۆژە و شەوێش هەتا خەودایگرتم بیرم لەوەی دەکردەوە، دەبێ راست بێ، ئەم بەڵێنیە دەچتە سەر، ئەو کاغەزەی قەرارە سبەی بۆم بێنێ دەبێ چی بێ؟

بەیانی کە چوومەوە خۆی گەیاندمێ و دوای چاك و چۆنی کتێبێکی جوغرافیای داوا لێ کردم. ساعەتی یەکەم ئەو دەرسەمان هەبوو. کتێبەکەم لە کەشۆی میزەکەم دەرهێناو دامێ. چووە دەرێ و هاتەوە بە ئەسپایی گوتی:

ـ شتەکە لەوێدایە زوو هەڵیگرەو لە گیرفانی باوێ.

کە وای گوت، دڵم توندتری لێدەدا بەڵام زۆر بە ئارامی لە شوێنی خۆم دانیشتمەوە و کاغەزەکەم بە کاوەخۆ دەرێنا خستمە باخەڵی کۆتەکەم و خەریکی خوێندنەوەی کتێبەکە بووم. توشی شوورو هەیەجانێك ببووم، هەم خۆشی و هەم ناخۆشی. خۆشی لە تۆفیقێکی ئاوا کە دەست دەدەمە ئەو کارە گرینگە، ناخۆشی ئەوەی کە بڵێی تووشی گیر و گرفت نەبم و ئەو کاغەزەم بە دڵ بێ و هەتا سەر بتوانم درێژە دەری ئەو رێبازە بم؟

بی ئەوەی کەس بزانێ شەش دانگی فکرم لەسەر کاغەزەکە و راگرتن و پاراستنی بوو. تا دەگەمەوە ماڵێ. بە دڵنیایی ئەو ڕۆژی چی وانە لە دەرسی جوغرافیاو نە لەوانی دی حاڵی بووم.

زەنگی مەرەخەسی لێدراو بە پەلە هەر بە کووچەکەدا خۆم گەیاندەوە ماڵێ. بەر لەوەی نان و چابخۆم چوومە دیوە چکۆلەکەی بالەخانەو خەریکی خوێندنەوەی بووم. ئێمە بەر لە کۆمار هەر لەزەمانی ژـك دا لە مەدرەسەی شەوانە

کوردیمان خوێندبوو. له زەمانی کۆماریشدا زۆر زیاترمان خوێند. چونکوو وانەکان هەموو بە کوردی دەوترانەوە.

ئەو بەڵگە یەکەم ئێعلامیەی و بەرنامەی هەشت مادەیی حیزبی دێموکرات بوو. جاری یەکەم کە خوێندمەوە لە بەر دڵەراوکێ و پاراستنی بۆ ئەوەی لەماڵەوەش کەس نەزانی بە تەواوی لێی حاڵی نەبووم. جارێکی دیکەشم خوێندەوە، تێیگەیشتم و بە دڵم بوو.

بۆ سبەینێ‌ڕا دەگەڵ خۆم نەمبردەوە مەدرەسە. لە ماڵێ و لە نێو کتێبەکانم دا تاقەتم کرد. کە گەیشتمەوە دەگەڵ هاوپۆلەکان بە تێکڕا چاك و چۆنیمان کرد. تا دوای دەرسی یەکەمی ئەو ڕۆژە هیچمان یەکترمان نەدواند. لە پشوودانددا هاتە لام و پرسی:

ــ خوێندتەوە؟ پێت چۆن بوو؟

ــ زۆر باشە و بە تایبەتی نەمهێناوەتەوە بۆ ئەوەی یەك دوو جاری دیکەشی بیخوێنمەوە و ئەگەر موافق بی لەرووشی دەنووسمەوە، لە داهاتوو دا پێویست دەبێ.

ــ دەتوانی کۆپی کەی بەڵام ئەسڵەکەم بۆ بێنەوە.

ــ بەڵێ هەر وا دەکەم.

لە یەك دوو ساعەتی پشوویدا نیوەڕۆیە جارێکی دیکەش هەر لە ماڵێ خوێندمەوە و لە بەرم نووسیەوە.

وەسبەینێ ڕا بۆم بردەوە و زۆر بە نەهێنی لە نێو دەفتەری یادداشتی دەرسەکانمدا وێمداوە.

چەند ڕۆژ دواتر کوتی:

ــ ئەگەر ڕازی کارێ بکەی دەبێ دەگەڵ یەك دووکەسان بە یەکەوە کار بکەین. بۆخۆشم جار جار کۆبوونەوەتان بۆ دەگرم، بەڵام لە نەهێنی پارێزی غافڵ مەبە!

ـ بێ گومان، ئەو کارە ئاوا نەبێ ناکرێ و دەبێ هەموو هەوڵی خۆمان بدەین.

**ئەو کەسە کێ بوو کە هیچ کات لە بیری ناکەم؟**

ئەو کەسە هاوکلاس و هاوڕێم سەید عەبدوڵڵا ئیسحاقی بوو کە لەو کاتەوە تا دوایین هەناسە ی ژیانی بە جوانمێر و دڵسۆزی گەل و بەفیداکار و ئازام ناسی و بەو پەڕی نیاز پاکی و کەڕامەتەوە ژیا و زۆریشی خزمەت بە حیزب و گەل و نیشتمان کرد و گەلێك لە قارەمانەتی یە کانیشی یا بە ناوی خەڵکی دیکەوە سەبت کراوە یا پێ لە مافی ڕەوای خراوە و بۆتە قوربانی دەستی ناپاکان و سەریشی هەر لەسەر ئەو جوانمێری وخاوێنی و دڵسۆزی یە دانا و بە دەستی جەلادانی بەعسی نا پاك و جینایت کار لە ژێر ئەشکەنجە دا گیانی لە دەستدا. هەتا لە ژیان‌دا بوو دژی تەنبەڵی و بێکاری و تەوەزەلی و هەروەها دژی ناراستی و ناپاکی بوو. هەر بۆیەش لە ڕوانگەی هێندێك بە ڕواڵەت ڕۆشنبیری پڕ ئیدعای بێ کردەوە مرۆیەکی توند و... لە قەڵەم دەدرا. بە دڵنیایەوە دەڵێم ئەوەندەی ئەو خزمەتی حیزبی دێموکرات و گەل و نیشتمانی کردوە چ لە بواری سیاسی و چ لە بواری مەیدانیدا کەم کەس کردوویەتی. ڕۆحی شاد بێ و ڕێگای خەباتی ئەوو هەموو شەهیدانی سوورخەڵاتی ڕێگای ڕزگاری کورد و کوردستان پڕ ڕێبوار بێ.

چەند ڕۆژ دواتر بە ڕێنوێنی نێو براو خۆم لە ناو پۆلە لاوێکی خوێن گەرمی یەکیەتی لاوانی دێموکرات‌دا دیتەوە کە بەشێك لە شەبەکەی قوتابیانی ئەو شوێنە بوون کە بەیەکەوە لێمان دەخوێند بەڵام پۆلەکانمان یەك نەبوو. کاری ئەو کاتمان لەوشانەی لاوان دا بەشداری حەوتووی جارێك لە پۆلی سیاسی بوو کە بە نەهێنی هەر جارە لە ماڵێك لە ماڵەکان بەڕێوە دەچوو کە لەوکلاسە دا دەگەڵ ئەرکی لاوێکی خەباتگێر ئاشنا دەبووین. دەبوو حەوتووی هەرنەبێ سەد لاپەڕە کتێب بخوێنینەوە و دواتر بۆ ڕفیقەکانمانی بگێڕینەوە. نووسینی درووێشم لە دار و دیوار بەگوێرەی بۆنەکان یا بە دژی حکوومەتی تاران و بە قازانجی

حیزب یا بڵاو کردنەوەی ئیعلامیەی حیزبی لە نێو مەکتەبەکان و کووچەو بازاڕی شار دا.

پاش یەك دوو مانگ بڵاو کرانەوەی یەك دوو رۆژنامەش کە لە تاران و بە فارسی چاپ دەبوون و بە حیزب دەگەیشتن لە نێو بەشێك لە هاوڕێیانی حیزبی ناو بازار و ئیدارەشیان خستە ئەستۆم.

بۆ منێکی تەمەن نزیك شازدە ساڵ ئەو کارانە قورس بوون بەڵام ئەرك بوو دەبوو بەڕێوە بچێ. جا هەرکەس بە گوێرەی تواناو ئیمانی خۆی.

بۆ ئەو کارانەش کۆنترۆڵ هەبوو، لەسەر بڵاو کراوەکان و نووسینی درویێشم و بەشداری لە کلاسی سیاسی و گەیاندنی رۆژنامەکان تا رادەیەك چاوەدێری دەکران. لە موتاڵاو دەرسە سیاسی یەکانیش‌دا لێ پرسینەوە هەبوو...

هەرشانە یەك دەبوو سووڕەت جەلەسەی کۆبوونەوەکان بنووسێ مانگێ جارێك کورتەی ئەوان بدا بەسەرەوەتر بەم شێوە فێر کردن و فێر بوون هەبوو. وەك پێویستی ئەرکی قوتابیش دەبوو باش بخوێنین و بێ‌منەت نمرە وەرگرین. ئەوە چلۆ نایەتی کارکردن لە نێو شانەکانی لاوان دا بوو. بەرنامەی کار بەو مەبەستە داڕێژرابوو کە بە تایبەتی دەبوو وا پەروەردە بکرێن بۆ دوارۆژ کە دەبن بەحیزبی ئەرکی قورستر وە عۆدە گرن و لە عۆدەی ئەو بەرپرسیارەتیانە بێنە دەرێ کە پێ یان دەسپێردرێ.

# شەهید کرانی سلیمانی معینی(کاك فایق ئەمین) و ناشتنەکەی

بەهاری ١٣٤٧ خەباتی کورە ئازاو دلێرەکانی دێموکرات دەگەرمەی خۆیدا بوو، چەند شەرێکی گرینگ قەوما بوو. هیزەکانی رێژیمی شا زۆریان لێ کۆژرا بوو. یەك دوو جاریش بەکرێ گیراوانی رێژیم جەنازەی پێشمەرگەی شەهیدیان هێنا بۆوە شاری مەهاباد و لە چوار چرا یا لە مەیدانی مەلا جامی بە نەردیوانێك یا یەك دوو داری لیك بە ستراو هەڵیان واسیبوون بۆ چاو ترسین کردنی خەڵك و داپۆشینی ئەو زەبرە قورسانەی وێیان کەوتبوو.

ئیوارەیەکی درەنگ دەنگۆیەك کە دیار بوو لە لای پیرانشار (خانێ)را هاتبوو لەناو مەهابد بڵاو بۆوە کە سلیمان معینی کە لە گەرمینێ بە(فایق ئەمین) ناسرا بوو دوای گیران بە دەستی ناپاکان لە گەرمێن شەهید کراوە و تەرمەکەیان لە پیرانشار بە ناو خیابان دا گێراوە. خەڵك زۆر نیگەران و نارەحەت بوون لەوەی دەنگۆکە وەراست گەرێ. پاش سەعاتێك باسەکە داغتر بوو کوتیان:" تەرمەکەیان بە هێلیکۆپتێر هێناوە تەوە ژاندارمەری مەهاباد."

هەموو دەیانگوت راستە تەرمێك هێندرا وەتەوە ژاندارمەری بەڵام مەعلووم نییە، تەرمی سلیمانە یا هی کەسیکی دیکەیە.

من دەگەڵ دایك و باب و خوشك و براکانی سلیمان هاتووچۆم هەبوو. زۆر جار دایە زارام دەدی و خەبەری کورەکانیشم زیاتر لە رێگەی ئەوەوە پێ دەگەیشت. خانە بە غیرەت بوو بەڵام بابی هەمیشە نیگەران بوو. هەر لە دوای کۆمارەوە کە گرتبوویان و دوایەش بەینیك دووریان خستەوە ترساندبوویان . بیرم کردەوە بە شیوەیەك پەریزادی خوشکی بنیرین بۆ ئەوەی بۆمان روون کاتەوە ئاخوا

تەرمەکە هی کاکیەتی یان نا. هەر چۆنێك بوو پەریزاد کە نێرسێکی ناسراوی شیروخورشید بوو،گەیبۆە لای تەرمەکە.

هەرچەند دوایە بۆمان دەرکەوت کە زۆر شەمزاوە و رەنگە ناسینەوەی هاسان نەبێ بەڵام پەریزاد ناسیبوویەوە و ودەستی کرد بوو بە گریان و لە خۆدان . لە تەرمەکە دووری دەکەنەوە و دەیگێرنەوە بۆ ماڵی خۆیان. لەو دەمی را لە نێو خەڵك وبە تایبەتی لە لای لاوەکان کە زۆریان هەرچەند شەو درەنگیش ببوو بەڵام هەر لە خەیابان مابوونەوە لامان یەقین بوو کە تەرمی سلیمانە. زۆر کەس و یەك لەوان ئەمن پێم وا بوو بەیانی بە نێو کوچە و کۆلاندا تەرمەکە دەگێرن یا وەك چەند کەسەکەی پێشولە شوێنێك هەڵی دەواسن بۆ ئەوەی لاوەکان چاوترسین کەن منیش پیشتر دەگەڵ رەحمەتی شیخ محمدمەعسومی نەقشبەندی کە ئەوکات ماڵی لە مەهاباد بوو، نفوزیکی زۆری. هەبوو، زۆر کەسیش بە خاتری ئەوەی هەموو لایەك و مەئمورە کانی حکوومەتیش حورمەتیان دەگرت و هاتوچۆیان دەکرد دەیانگوت ساواکییە.

سەعات نیزیك دەی شەو بوو تەلیفونم بۆ کرد و پێم کوت: "بێ گومان بیستووتە کە تەرمی سلیمانیان هێناوەتەوە. ئەگەر بێتوو بێ حورمەتی پیبکرێ و هەڵیواسن یا بیگێرن شتی خراپی لێ دەکەوێتەوە. رەجا دەکەم قسەیە کیان دەگەڵ بکە و بفەرموو ئەوکارە نەکەن و بیدەنەوە بە بنەماڵەکەی با بوخۆیان بە خاکی بسپێرن و هەرای لێپەیدا نەبێ.

شیخ فەرمووی:" راستەو پێشنیارێکی بەجێیە و هەوڵ دەدەم. دیاربوو بەراستی هەولێ دابوو، قسەی دەگەڵ بەرپرسان کردبوو، پێشنیارەکەیان لێ وەرگرتبوو. ئەو شەوە دوور و درێژە لە سەر جیگاکەم هەر جینگلم دا و خەو بە چاومدا نە هات، فکرو ئەندێش دایگرتبووم ئاخر سلیمان هاورێ و هاوکلاس و رەفیقی نیزیکم بووە، هەموو ئەو بیرەوەریانەی دەگەڵێم هەبوو یەك بە دوای یەکدا وەك پەردەی سینەما بە پێش چاوم دا دەهات و دەرۆیشت. سەعات حەوتی بەیانی

تەلیفون زەنگی لیدا، بە پەلە هەستام و گووشیم هەڵگرت جەنابی شیخ بوو. پاش ئەحواڵ پرسیٚ فەرمووی:" بەباس و قسە کردنێکی زۆر بەوە رازی بوون کە تەرمەکەیان وەرگرنەوە و بیبەنە گورستان و بە بیدەنگی بینێژن بەڵام پێویستە کەسیکی خۆشیان بچیٚ وەدوای کەویٚ تا پشت گویٚ نەخریٚ."

زۆرم سپاس کردو دوایی فکرم کردەوە براکانی و خوشکەکانی زۆردڵ بە خەمن و ئەوکارەیان لە دەست نایە، میرزا حەمەدەمین  و دایە زاراش تاقەتی ئەوکارانەیان نی‌یە.

دوای هیند یك فکر کردنەوە بەوە گەیشتم کە مەسەلەکە دەگەڵ کاك لەتیفی کەریمی کە زاوایانە باس بکەم.

زەنگم بۆ کاك لەتیف لیدا و پێم کوت:" موافەقەتیان کردوە بەم چەشنە تەرمەکە یەکڕاست بەرنە سەر قەبران. برۆ بە هاوکاری پەریزاد کە خۆی لە نەخۆشخانەی شیروخۆرشید کار دەکا ئامبولانسە کە وەرگرن و تەرمەکە بەرنە سەرقەبران و کارتان نەبیٚ، باقی مەسەلەکان بۆ ئیمە."

زۆر نەترسانە پێشنیارەکەی وەرگرتو وەدوایکەوت.

ئەوو پەریزاد وەدوای ئەو کارە کەوتن و منیش بە تەلیفون چەند کەسی جیٚ موتمانەم لە مەسەلەکە ئاگادار کرد کە خەڵکی ناو شار و بە تایبەتی قوتابیان ئاگادار کەن وردە وردە بێنە سەر قەبران و لە گومبەزان کۆ بنەوە.

من و براژنەکانم کۆبرا خانم و فەوزیە خانم خۆمان ئامادە کردو بە ماشین چووینە گومبەزان[٣٣] کە ئێمە گەیشتینە ئەو شوێنە نیزیك سەت کەسێك گەیبونە

---

٣٣. گومبەزان بە شوینی گلکۆی بداغ سوڵتان دەڵین کە ئەودەم قەبرستانی مەلا جامی ببوو بە شار و دەوروبەری گومبەزان ببوو بە قەبرستان و هەر لەوێش مردووشور خانە و مەلایەکیان دانابوو. مردووشی دەشوشت و تەڵقینیشی دەدا.

ئەویٚ و ئامبولانسەکەش گەیشتیٚ، بە پەلە تەرمەکەم داناو گەڕامەوە. ڕاست لەو دەمەدا ئەندامانی بنەماڵەشیان گەیشتنیٚ، بوو بە ڕۆژی حەشریٚ دارو بەرد دەگریا!

خەڵك هەروا دەهات و زۆر دەبوو. تەرمەکەیان بە دوای مەلاکەدا بردە شوینیٚ شوشتن و بنە ماڵەش بەدوایاندا. لەوکاتیدا ڕەحمانی کابانی گەیشتە لام. زۆر لە پێشدا لە لای من باسی کردبوو کە یەك دوو مانگ پێشتر لە شاری سلیمانی چاوی بە فایق کەوتووە، زۆر بەیەکەوە گەراون و قسەیان کردوە و ڕانكو چۆغێکیشی بۆ کریوە.

داوام لە ڕەحمان کرد، کوتم:" کاکە برۆ ژووری لێی بروانە با ئەتۆش خاتر جەمبی هەوە یان نا. مەبادا پەریزاد باشی نەناسێبێتەوە."

زۆر پیاوانە چوو تەماشای کرد و هاتەوە گوتی:" بەداخەوە بۆ خۆیەتی و هەر ئەو ڕانكو چوغەی گوریینیش دەبەردایە کە من بۆم کڕیوە." مەلا کەس و کارەکەی بەریٚ کردەوە دەری و فاتحایەکی خویندو قۆلی هەڵماڵی خەریك بوو رووتی کاتەوە و بیشوا بەڵام بە پەلە گەراوە، هاتەوەدەر و کوتی:" مەیتەکە شپرزەیە لە چەند جیٚ لیدراوە، باتووی بە شەق و پێلاقە تەواو شەمزاوە و بۆنی کردوە و ناتوانم بیشۆم."

منیش چوومە ژووریٚ بوخۆم تەرمەکەم بینی مەلا ڕاستی دەکرد. هەم بۆنی کردبوو هەم زۆر شپرزە کرابوو. هاتمە دەریٚ بە براژنە بەرێزەکانم کوت:" بە پەلە سوار بن و بچن هەرچی عەتر و ئودکلۆنی لە ماڵیٚ هەیە دەگەل پۆپەشمین و پارچەیەکی سوور بیهێنن و وەرنەوە!"

زۆر بە وریایی و بە پەلە ئەو کارەیان کرد و هاتنەوە، عەتر و ئودکلۆنەکانیان دا بە مەلاکە. لەو بەینەدا جەماعەتێکی زۆر لە خەڵکی شار بەتایبەت قوتابی و لاوەکان هاتبوون.

مەلا چۆوە سەر تەرمەکە عەتر و ئودکلونی بە تەرمەکە و دەوروبەردا کرد، هەتا مەیتەکەی شوت زیاتر لە هەزار کەس کۆببوونەوە.

لەدوایە بە حورمەتەوە کفن کراو پۆیەشمین و تارای سووری بە دابی شەهیدانی کوردستان بەسەر تابوو تەکەی کە لەوێ ئامادە بوو دا درا و لە سەر شانی کوردانی دڵسوز و نیشتمان پەروەری مەهاباد گوێزراوە بۆ شوێنی گڵکۆکە و بە حورمەتەوە بە خاك سپێردرا و مەلای ناوبراو تەڵقینی دا. لەو بەینە دا کار بەدەستانی رێژیم کە هەستیان بە مەترسی کرد بوو هێندیك هێز و چەند زرێپوشیکیان هینابووە ئەم بەرو ئەوبەری رێگای قەبرستانەکە. بەڵام هیچ نەقەوما و خەڵکەکە بە ئارامی بەرەو شار گەرانەوە و لە بەردەرگای ماڵە میرزا حەمەدەمین کە لە زارکی گەرەکی ئەرمنیان بوو بڵاوەیان کرد.

ئیمەش چوینەوە ماڵێ. دوای خواردنی نانی نیوەرۆ وباسێکی زۆر لەسەر چلونایەتی شەهید کرانی سلیمان بە دەستی ساواك یا کەسانی دیکە تەلیفونم بۆ دوو سێ هاورێ و هاوزنجێری پێشووم کرد کە بە خۆشیەوە جگە لە خۆم دوویان " مەنافی حەق تەڵەب و یوسف خوسرەوی ماون" هاورێ کەریم خامچی بە داخەوە کۆچی دوایی کردوە. هەر چوارمان لە بەر دەرگای مزگەوتی هەباس ئاغا کۆبوینەوە، تەکبیرمان کرد بچین بۆ ماڵە موعینی و سەرەخۆشیان لێ بکەین، قەرارمان دا ئەگەر لە ماڵێ سەرخۆشیان دا نەنابێ هەر دەچینە ژوورو دوایە هەوڵدەدەین یا لە ماڵێ یا لە خانە قای نهرێ سەرەخۆشی دابنێین.

بەرەو ماڵیان وەرێ کەوتین، کە گەیشتینە بەردەرگا دیتمان کاغەزیکی گەورەیان بە دەرگاوەداوە و بە فارسی نووسیویانە " لەبەر خەم و نارەحتی سەرخۆشی دانانێین." بە دیتنی ئەونوسراوە واقمان ورما! زانیمان ئەوە فیتی ساواکە. دەرگا دانەخرابوو، چووینە ژوور ویەك دوو کەس لە بەر دەرگای چوونە سەر بو قاتی دوو راوەستابوون. فەرموویان کردین و ئەگەر چووینە سەر جەماعەتیك لە کەسایەتی‌یەکانی شار کە چەند کەسیکیان ئەندامی ئەنجومەنی شاریش بوون لە لای میرزا حەمەدەمین دانیشتبوون و دڵخۆشیان دەداوە. ئیمەش بە پێی عادەت فاتیحامان دادا و دوایە رووم  دە باوکی سلیمان کردو کوتم:" میرزا حەمەدەمین

پێت وانەبێ سلیمان هەر کوڕی تۆیە،سلیمان هیﯼهەموو خەڵکی کورد و بە تایبەتی هی خەڵکی سابڵاغە. ئەو کاغەزە بێ مانایە چیﯼیە بە دەرگاتانەوە داوە،ئەگەر جەنابت ناوێری لە ماڵە خۆت سەر خۆشی دابنێی ئێمە دەچین لە خانەقای نهرێ سەرخۆشی دادەنێین هەر چی دەبێ با ببێ."

میرزا حەمەدەمین دەستی کرد بە گریان و کوتی:" سلیمانم لە دەست چوو داخوا عبداله ئێستا چ وەزعیکی هەبێ ولە چ بن بەردو لە چ ئەشکەوتیك دابێ!"

هەموومان بەو گریان و وتانەی میرزا حەمەدەمین کڵووی گریانمان هەستا. هەر کە وەزعەکە هێور بۆوە ڕووم لە کورەکانی کرد کە دوو سێ یەکیان لەوێ بە پێوە ڕاوەستا بوون "گوڕاندم و کوتم:" هەر ئێستا بچن ئەو کاغەزە لێ کەنەوە عەیبە بۆ ئێمە دوای کوشتنی کورەکانیشمان نەوێرین سەرەخۆشیان بۆ دا بنیین." یەك دوویەك لە کورەکان کە قسەکەی منیان بە دڵ بوو چوون بە پەلە کاغەزەکەیان دراند و هاتنەوە. کاغەز درا و خەڵك سەری کرد و هاتن بۆ سەرەخۆشی. پرسەکە چەند شەو و ڕۆژ درێژەی هەبوو.

یادی بەخێر ڕەوانشاد مەلا غەفووری دەباغیش زۆر لەوێ دەمایەوە یا قوڕئانی دەخوێند یا شێعری حەماسی دەخوێندەوە و بەم شێوە ناشتن و سەرەخۆشی شەهید سلێمان بەڕێوەچوو.

دە پازدە شەو دوای شەهید بوونی سلێمان ئێوارەیەك لە دووکانی براکانم کاك خەلیل و کاك محەممەد دانیشتبووم حاجی عەولای چەڵەبی وەژوور کەوت. دیار بوو منی نەدەناسیﯼیەوە ڕووی دە کاك خەلیل کرد و پرسی:" ئەرێ جەلیلی براتان لەکوێﯼیە؟"

کاك خەلیلیش بە دەست منی نیشاندا و کوتی:" ئەوەتا لە خزمەتتدایە چ کارێکت پێﯼیەتی؟"

_ کارێکی خۆمم پێﯼیەتی.

رووی بۆلای من وەرگێڕا و کووتی:" دەکرێ چەند دەقیقەیەك بچینە دەرەوە؟"

_ بەڵێ مام حاجی لە خزمەتدام، ئەمرکە!

بەیەکەوە دەرکەوتین و چووینە کووچەکەی تەنیشتی دووکان. بە قەو دەستی دەملی کردم و ماچی کردم و کوتی:" من لەلای عەبدووڵلا را هاتووم، ئەو کوتوویە لە جیاتی ئەو سەت جارت ماچ کەم و دەڵێ هەتا ئەمن هەم قەت ئەو چاکە و گەورەیی و فیداکاری کاك جەلیلم لە بیر ناچێتەوە و بۆ من لە جێی کاکمە و دنیایەك سوپاسی دەکردی!" ئەوە راسپاردەیەك بوو دەبوو پێت بلێم و ئێمەش هەموو سپاسی ئەو دڵ سۆزی و هەستە خاوێنەی کوردایەتیت دەکەین."

من دەمزانی کە سلێمان لە دایکی را خزمی حاجی عەولایە و زوو حاڵی بووم کە مەنزووری لە عەبدووڵلا، عەبدووڵلای موعینی برای شەهید سلێمانە کە بە منداڵی دیتبووم بەلام لەمێژبوو ئاگادار بووم کە بۆتە پێشمەرگە، مرۆڤێکی ئازا پیشمەرگەیەکی بە ورەو دڵسۆزی گەلەکەیەتی.

منیش لە ولامی حاجیدا کوتم:" چاوی ئەو و هاوخەباتەکانی ماچ دەکەم و پێ یان بلێ، ئەوە سپاسی ناوێ، من کارێکی گرینگم نەکردوە بە ئەرکی خۆم هەستاوم. ئێمە کە چەند ساڵ دەگەڵ سلێمان هاوکەلاس و هاوخەباتی شار و شاخ بووین و بەیەکەوە بۆ کوردایەتی دەر بەدەر بووین و بەندیخانە و ئەشکەنجە و کوێرەوەری زۆرمان دیوە، دەکرێ لە رۆژێکی ئاوا تاڵ و لەشەهید بوونی خۆشەویستێکی ئاوا کە خەریك بوو شۆرشێك بەرێوەبەرێ قڕ و قەپ لە ماڵە خۆمان دانیشین و بلێین ئاورە سوورە لە خۆم دوورە؟"

حاجی بە قسەکانی من دەستی کرد بەگریان جارێکی دی ماچی کردم و ماڵ ئاوایی کرد و رۆیشت.

بە داخەوە زۆری نەخایاند عەبدوولّلای براشی لە شەڕێکی نابەرانبەر دەگەڵ هێزێکی زۆری ڕێژیم لە گوندی قالوێ شەهید بوو. ١٠ساڵ دواتر (١٣٥٧) سەعیدی برا چکۆلەشیان کە لە مەهاباد بە "خانە" دەنەسرا لە هاوکاری دەگەڵ یەکیەتی نیشتمانی لە ناوچەیەکی کوردستانی باشوور لە نیزیك قامیشەی دۆلّی سەفرە و زەروون شەهید بوو کە بەیەکەم شەهیدی کۆمەڵە دێتە حیساب.

# کۆچی دوایی کاك عەزیزی یوسفی بوو بەهۆی ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان

**کەسێك کە هەموو تەمەنی لەپێناو ئازادی، دیموکراسی و بەختەوەری نەتەوەکەیدا خەباتی بەخت کرد.**

کاك عەزیزی یوسفی لەدایك بووی ساڵی ۱۳۰٦ی هەتاوی شاری مەهابادە. لاوێکی وریاو خاوەن هەست بوو لە ڕزی ئەو کەسانەی‌دا بوو کە دەگەڵ شەهید کرانی پێشەوا بەڵێنیان بە خۆیاندا ڕێگەی خەباتی رەوای پیشەوا قازی درێژە بدەن و بۆ ڕزگاری خاك و وڵات تێکۆشن.

هەر بۆیە زحر زوو دەگەڵ هێندێك لاوی هۆشیار دوای کارەساتی چوارچرا زۆری نەکیشا دەستیان کردەوە بە کار و تێکۆشان.

لە ڕێبەندانی ۱۳۲۷ی هەتاوی کە ناسری ئارایی بۆچی و لەبەرچی خەریك بوو شاری تێرۆرکا بەڵام سەرنەکەوت وەك لەیەك دوو جێگای دیکەش باسم کردوە لە تاران و زۆر شوێنی ئێران ڕێژیم خەڵکێکی زۆری گرت لە مەهابادی ئێمەش هێندێك لاویان گرتن، پاش ماوەیەك دەوڵەمەندەکان بە پارەو پووڵ بەربوون بەڵام بەشێکیان راگیران و حوکم دران.

ئەوانەی حوکم دران قادر یوسفی برا گەورەی عەزیز، صدیق خاتەمی، عەزیز یوسفی و رەشیدی فەلاحی بوون کە دوایە ناوبانگی رەشەی قاچاغچی دەرکرد. رەشە زووتر هاتە دەر بەڵام سێ کەسەکەی دیکە چوار ساڵ لە تەورێز مانەوە لەو بەینەدا دەگەڵ مێرانی سیاسی زەمانی کۆماری و ئازەربایجانی‌یەکان زۆر شت فێر ببوون.

ساڵی ٣١ ئازاد بوون، لە ماڵە گچکەی حەمە سیسی باوکی قادر و عەزیز چەند شەو و ڕحژ خەڵك دەچووە سەردانیان و شەوانە لاوەکان لە دەوریان کۆ دەبوونەوە و مەجلیسی گەرم و گووڕ و پڕ لە شادی و گێڕانەوەی تەجربەی بەندیخانەیان بۆ باس دەکردن.

دواتریش ئەو سێ چوار کەسە چ بە کردەوە چ بە زمان تێکۆشانی بەرچاویان هەبوو. عەزیز زۆری گەشە کردو جارێکی دیکەش گیراوە و بەر بوو. بەڵام لە تێکۆشان نەوەستا، چوە تاران و لە لایەن دۆستانی وەك ڕەوانشاد عبدالرحمان ئیمامی لە دانشکەدەی کەشاوەرزی کەرەجێ دامەزرا بەڵام تێکۆشانی هەر هەبوو.

ساڵی ٣٧ جاری ئاخر لە ڕێگەی بەینی ورمێ و مەهاباد لە گوندی باڵانیش دەگیرێ و هەتا ساڵی ١٣٥٦ لە زینداندا ماوە. پەروەندەکەی دەگەڵ گیرانی بە کۆمەڵی کادر و ئەندامانی حیزبی دێموکرات کە لەسەر ئێعترافی خیانەتکارانەی سمایلی قاسملوو ئامۆزای دوکتور عبدوالرحمان قاسملوو تێکەڵ کرایەوە و دەگەڵ چەند هاوڕێی دیکە بە ئێعدام مەحکووم کرا.

دیارە چەند کەس لەو بەناو دادگا نیزامیانەدا بە ئێعدام مەحکووم بوونن کە یەکیان کاك عەزیزی یوسفی بوو. ئەوانی دی غەنی بلووریان، ڕەحمەت شەریعەتی، سمایل قاسملوو بوو. لە دادگای دووهەم سمایل دەبێتە ئەبەد.

لەدەستەی دووهەمیشدا نووسەری ئەم دێڕانە بە ئێعدام مەحکووم کرا بەڵام چونکوو هەوای سیاسی ئاڵ و گۆڕی بەسەرداهات و لە کوردستانی باشوور خۆ پێشاندان بە پشتیوانی بەندیەکانی کوردی ڕۆژهەڵات کرابوو، هەروەها لە ڕێگەی شۆرشی ئەیلولەوە و مەلا مستەفا خۆی داوا لە مارشال دوگول کرابوو دەگەڵ شا بۆ ڕزگاری لە ئێعدامی کوردەکان قسە بکا و زۆر کاری دیکە کە کرابوو بو بە هۆی ڕزگاری کوردەکان لە ئێعدام.

کاك عەزیز لە بەندیخانەدا مرۆیەکی بە باوەڕ و خۆراگر بوو، لەو ماوەیەدا کە لە زینداندا بوو باوك و دایك و دوو برای فەوتیان کرد بەڵام خۆڕاگرانە لە بەندیخانەکانی ورمێ، تەوریز، قزل قەڵا، دیژبانی تاران، قەسر، تەبعیدگای برازجان، ئامل[٣٤]، ئەو دلێرانە مایەوە بەڵام تووشی چەند نەخۆشی هات. لە ئاکامی ئێقدامی سازمانەکانی ئامنیستی و مافی مرۆڤ و لە ساڵی ١٣٥٥دا زەخت خرایە سەر حکوومەتی شاو ئازاد کرا[٣٥]. بەڵام بەداخەوە زیاتر لە ساڵێك نەژیا.

کاك عەزیز لەو ماوەیدا کە لە دەرەوەی بەندیخانەدا بوو وەك سیمایەکی دیاری شاری مەهاباد و هەروها سیمایەکی دیار و خۆش ناو و کۆڵنەدەر لە ناو خەڵکی کوردستان و خەباتکاری ئێرانیدا دەناسرا. جار جار بۆ معالەجە دەهاتە

٣٤. کاك عەزیز لە بەندیخانەدا سەرەرای بێ بەشی و مەحرومیەتێکی زۆر وێڕای موتاڵای هەموو جۆرە کتێبێکی سیاسی زمانی ئینگلیزی خوێند و سێ چوار کتێبی زحر باشیشی هەر لە بەندیخانەکاندا لە ئینگلیزیەوە کردە فارسی و دو سێ بەرگ لەو کتێبانەی وەك "سرزمین کف و یاداشتهای یك معلم" چاپ کران و بلاو بوونەوە.

٣٥. شەوی پێش ئازاد بوونیان تەلویزیون لیستی ئەو کەسانەی سبەی ئازاد دەبوون ئیعلام کرد. من کە زانیم کاك عەزیزی ئازاد دەبێ هەر ئەو شەوە بە تێرادیوی تەواو لە دوو دۆستی زۆر نیزیکم داوا کرد کە بەیانی زوو یەکیان بچێتە بەردەرگای بەندیخانەی قەسر و ئەوی دیکەیان بچێتە بەر دەرگای بەندیخانەی "کومیتەی" کە تایبەتی ساواك بوو و پێم کوتن کاك عەزیز ئازاد دەبێ و لە هەر لایەك بوو کە هاتە دەرێ راستەوخۆ نەیهێننە ماڵێ ئێمە بەلکوو بیبەنە ماڵە حسینی کاکاغازادە کە برایەکی بەڕێز و دڵسۆز و کورد و ئەندامی حیزبی بوو. ئەو دوو کەسەی ناردبوومن یەکیان عەلی کاکاغازادە بوو، ئەوی دیکەیان سەید حەسەن ئیسحاقی بوو. من بەیانی قەرارم هەبوو چووبوومەوە شیرکەت. ئێوارێ کە هاتمەوە ئەسمەر خانمی خیزانم کوتی سەید حەسەن بە تەلیفون پێی راگەیاندووم کە میوانەکەم بردۆتە ماڵە کاك حسین. ئیدی من خۆم نەگۆڕی و دەگەڵ خێزانم بەپەلە چووین بۆ ماڵە کاك حسین و لە "سەلسەبیل" لە ڕیگە بۆ خێزانم باس کرد کە دەچینە کوێ بۆ دەچین و میوانەکەمان کێیە. کە گەیشتینێ یەکترمان دە ئامێز گرت و بە گەرمی بە خێرهاتنەوەم کرد تا درەنگان دانیشتین. براژنە تووبا یادی بەخێر شێوی ساز کردبوو نەیهشێت بڕۆین. دوای نان خواردن کاك عەزیزمان دەگەڵ خۆمان بردە ماڵێ و چەند ڕۆژێك لەوێ پشوویدا. دوایە یەك دوو خزمی لە مەهابادڕا هاتن و دو سێ ماشێنیان رێك خست بەرەو مەهاباد وەڕێ کەوتین.

تاران و هەروەها هەوڵمان دەدا پاسپۆرتی بۆ وەرگرین بچێتە دەرەوەی وڵات و نەخۆشییەکانی دڵ و گورچیلە و سییەکانی عیلاج کا بەڵام، سەرەڕای هەوڵی زۆر سەرکەوتوو نەبووین تا دەهاتە تاران میوانی من دەبوو، زۆر جاریش دەگەڵی دەچوومە سەردانی دۆست و ئاشنایانی کورد و غەیرە کوردی هاوبەندە قەدیمییەکانی.

گەلێك جاریش بە تەنێ دەچووە دەرێ بۆ پیاسە یا ماڵە هێندێك دۆست و ئاشنای وەك ماوەرانییەکان کە هەر لە جیرانەتی ئێمە لە کوویی "گەڕەکی" فەرهەنگیان بوون.

بەر لە جاری ئاخر کە هاتە تاران لە مەهاباد ئەنفاکتووسی کرد بوو، بە هەوڵ و هیمەتی دوکتوورەکان بە تایبەت دوکتور متەلیب خوسرەوی رزگاری ببوو.

کە هاتە تاران وەك هەموو جارێك میوانی من بوو. نازانم نیوەڕۆیە لە کوێ دەعوەت ببوو. تا ئێوارێ نەهاتبۆوە ماڵێ، من دوای سەعاتی کاری خۆم تازە گەیشتبوومەوە ماڵێ، ئایفۆنی ماڵێ لێدرا، خێزانم گووشی هەڵگرت کوتی کاك عەزیزە، دەڵێ با جەلیل بە پەلە بێتە خوار.

بێ راوەستان لە تەبەقەی ٤را هاتمە خوارێ، دیار بوو پشووی سوار ببوو، ناڕەحەت بوو.

کوتی: " بەپەلە بمگەیێنە دوکتور"، منیش بێ راوەستان بردمە دەرمانگای نیزیك ماڵمان و لەوێ زۆری خەریك بوون بەڵام عیلاجیان بۆ نەکرا و پاش سەعاتێك کوتیان ببیە نەخۆشخانەیێکی تەیار و بە ئیمکان هەر لەو شەقامەی کە ناوی "دام پزشکی" بوو خەستە خانەی "مەیمەنەت" هەبوو، بەپەلە گە یاندمە ئەوێ هەرچی عەقڵیان پێ شکاو لە دەستیان هات کردیان.

لەو بەینەدا لە لایەن ئەسمەری خێزانم، برایانی ماوەرانی کە دراوسێمان بوون ئاگادار کرابوون گەیشتنێ.

دواتر دوکتور خوسرەویش لە سەر قەراری پێشوو کەدەگەڵ کاك عەزیز دایـنابوو لە مەهابادێرا هاتبوو. لە ماڵی ئیمەرا رینوێنیان کرد بوو گەیشتێ.

زۆر بۆ کاك عەزیز بەپەرۆش بوو، دەگەڵ دەکتورەکان هێندێك هەوڵیدا. دیار بوو دوکتورەکان بۆیان عیلاج نەدەکرا.

رووم تیکردن و کوتم: "چ نەخوشخانەیەك لەو تارانە لە هەموان پێشرەفتەترە تا بیبەینە ئەوێ." کوتیان: "نەخوشخانەی ئەمریکایی".

بەپەلە تەلیفونەکەم لە بنکەی رێنوینی نەخوشخانە وەرگرت، و تەلیفونم بۆ کردن جێگام بۆ گرتەوە.

بەدوکتور خوسرەویم گوت تا دوکتورەکان ئاگادار بکا هاوکاریمان بکەن بیبەینە دەرو بیگەێنینە ئەو نەخۆشخانەیە. هاوکاری کراو بە پە لە ئوکسیژنە کەیان لێ کردەوە و بە برانکار هینایانە دەرێ. لە نێوەڕاستی ماشینەکە دامانـنا، ئەمن لەلای راستی و متەلیب لە لای چەپی دانئشتین، متەلیب نەبزی گرت. ئیستا سەیارەکە وەرێ نەکەوتبو متەلیب هاواری کرد: کورە خۆتەواو بوو!

ئەی هاوار! چەند خەبەریکی جەرگ بر و ناخۆش بوو! هاواری دوکتورەکانی خەستەخانەمان کردەوە بەپە لە برانکارەکەیان هێناوە بردمانە ژوورێ هەر لە سەر ئەوتەختەی خۆی دریژیان کردەوە بەڵام هەرچی کردیان فایدەی نەبوو نە نەفەس و نەدەنگ و نە نەبزو نەرەنگی ما، تازە تەواو بوو. ئەوە ئاخرین هەناسە بوو کە لە ماشینەکەدا دابووی و تەواو.

بە داخی گرانەوە کاك عەزیزمان لە دەست چوو، بە ئامبولانسی نەخوشخانە بردیانە پزشکی قانوونی و ئیمەیش بە دوایدا. لەوێ بردیانە سەردخانە و کوتیان تابەیانی هیچ ناکرێ و بەیانی وەرن دوکتور گەرمان[٣٦] دەیبینێ و تەحویلتان

٣٦. دوکتور گەرمان لە بنە مالەیەکی سیاسی گەورەی تاران بوو، ساڵە کانی ٣١و ٣٢ لە ورمێ خزمەتی دەکرد و دەگەڵ کوردان نێوانی زۆر خوش بوو. پیاوێکی لە سەر دڵان چەپێکی خوشفکر بوو. لەودەمەدا بەرپرسی پزشکی قانوونی تاران بوو.

دەدەنەوە. ئیمەش کە تا ئەوکات ببووینە چەند کەسیك گەراینەوە ماڵی ئێمە و لەوێ لە سەر پێشنیاری من قەرارماندا تەرمەکەی بەرینەوە مەهابادێ. هەر ئەو شەوە جگەلە دۆست و ئاشنایانی کورد جەماعەتیکی، زۆر لە هاو زنجیرانی پیشوو ودۆستانی سیاسی غەیرە کوردیشمان ئاگادار کرد کە سبەینێ بۆ بە ڕێ کردنەوەی جەنازەکەی بۆ مەهاباد یا بێنە بەر پزشکی قانوونی یا لە مەیدانی شەهیاد کۆ ببنەوە.

بەیانی زوو ئیمە جەماعەتێك لەگەرەکی فەرهەنگیانی دامپزشکیرا چووینە پزشکی قانوونی کەلە پشتی پارکی شار بوو. دوکتور گەرمان کەلە مردنی کاك عەزیز بە و رابردۆوە زۆر نیگەران بوو بەپەلە کارەکانی بۆ جێ بەجی کردین و مەیتەکەیان تەحویل داین، دیارە پێشتر تابوتی ئامادە کراو هە بوو لە و را لەسەر ماشین دامان مەزراند و بەرەو شەهیاد چووین.

نیزیك سەعات ١٠ بوو کە گەیشتینە ئەوێ. نیزیکە ٤٠٠ تا ٥٠٠ کەس ئامادە بوون. لەوێ ئەمن سپاسی ئەو دۆست و خەڵکە دڵسۆزەم کرد کە ئەمەگناسانە بە خەممانەوە هاتبوون و سارمخانیش کە عەزیزی باش دەناسی و ئاگاداری فیداکاریەکەی بوو وتاریکی کورتی بە فارسی پیشکەش کرد و لە سەری دوا. دیارە قسەکانی زۆر بە ئاشکرا سیاسی و بۆندار بوون. پاشان مەجموعەیەکی بیست تا سی کەسی خۆمان و چەند هاورێی ئازەری و فارسی هاوبەندی قەدیمیشمان دەگەڵ بوو بەرەو مەهاباد وەرێ کەوتین.

ئیوارەیەکی درەنگ لە گەڵ چەند ماشینیکی دیکە کە هەتا کویکتەپە و کەڵکی بەگزادان[٣٧] بەپیر جەنازەکەوە هاتبوون. لەسەرەتای بولوارێ را هەتا سەرەتای شەقامی جامی جەم لەهەردووبەری بولوار و خەیابان و مەیدانی مەلا جامی هیزی ئینتیزامیان دانا بوو. نیگەران بوون خەڵك خۆپیشاندان بکەن. بەڵام بە

٣٧. کویکتەپە گوندیکە لە ٢٠ کیلو متری مەهاباد .کەلکی بەگزادان گەردەنەیەکە لە بەینی مەهاباد و کویکتەپە هەلکەوتوە.

هێۆری و ئارامی راست بە نێو خەلکێك‌دا کە ئاگاهانە و نائاگاهانە لەوبەر و ئەم‌بەری شەقام و مەیدان راوەستا بوون تێپەرین. لە سەرەتای شەقامی جامی‌جەم هێزی ئینتزامی نەما و چۆل بوو.

دیار بوو قەولیان لە خزمانی وەرگرتبوو راست بیبەنە سەر قەبران و بە خاکی بسپێرن بە لاّم ئیمە کە بە ئامانجی تایبەت تەرمەکەمان هێنابۆوە. کاتیك گەیشتینە سێ رێ‌یانی فەرەح و جامی‌جەم، ئیشارەتم دا کە بە دوام داوەرن لە جیاتی ئەوەی بەرەو با شوور برۆین بۆسەر قەبران بە شەقامی فەرەحدا باماندا‌وە و هەتا نەچوینە ماڵە کاك "حسین تەدیون" و فاتمە خانمی خوشکی کاك عەزیز کە لە گەرەکی رزگەیان بوو را نەوەستاین. لە و ماڵە کە لە کۆلانی تەوحیدی دابوو شین وگریان بەرز بوو، خەڵك وە سەر گەڕا.

تا سەعات ١١ی شەوسێ جار ساواکییەکان هاتن داوایان کرد بیبەین و بە خاکی بسپیرین، ئاخری کە زەختیان زۆر خستە سەر بنە ماڵەکەی کوتمان دەیبەینە خانەقای نهرێ و بەیانی دەینیژین. دوای سوشتن و کفن کردن رامان گوێست بۆ خانەقا و یەك دوو مەلا و قورئان خوێنی خۆماڵیمان دانا تا لەسەری بخوێنن. هەر لە ئیوارێ‌را بە هاورێ‌یانمان راگەیاند کە خەلك ئاگادار کەن لە شارو گوندەکانی دەوروبەریش بێن بۆ بە خاك سپاردنی. کارێکی باش بۆ ئەم مەبەستە کرابوو.

بێ گومان بەیانی کەلە خانەقا را حەرەکەتمان کرد زیاتر لە دوو هەزار کەسی دەگەل بوو. لەسەر قەبران رادەی خەلك گەیشتبوە سێ هەزار کەسێك.

بەرنامە وا دارێژرا بوو کە لە سەر قەبران دوای بە خاك سپاردن من قسە بکەم. تەرم بەخاك سپێردرا و من زیاتر لە ٢٠ خولەك قسەم کرد کە خەلکەکە سەر تا پا گوێ بوون و کاریگەری باشی هەبوو. ئەوەی شیاوی کاك عەزیز بووگەیاندم. دوایە رووم لەو چەند ماموستایانەی ئاینی کرد کە لەوێ ئامادە بوون

و كوتم: "داواده‌كه‌م كاك عه‌زیز كه بۆ كورد ژیا و بو كورد مرد به كوردی ته‌ڵقینی بده‌ن ".

ماموستاكان چاویان له یه‌كتر ده كرد به‌ڵام دیار بوو دوو دڵ بوون و ده‌خۆیان رانه‌ده‌دی. ئاخریه‌كه‌ی م.شیخ عزالدین كه پێشتریش چه‌ند جاریك یه‌كترمان دیتبوو،سرت و خورتمان به‌یه‌كه‌وه هه‌بوو، یه‌ك دووشه‌ویش له تاران میوانم ببوو مه‌ردانه هاته سه‌ر گڵكۆكه‌ی و به‌و شێعره‌ی پیره‌مێرد ده‌ستی پی كرد:

"پێی ناوێ بۆ شه‌هیدی وه‌ته‌ن شیوه‌ن و گرین
نامرن ئه‌وان وا له دڵی میلله‌تا ده‌ژین"

به دوای ئه‌و شێعره‌دا به كوردی ده‌ستی به ته‌ڵقین كرد و پێم وایه یه‌كه‌م جار بوو كه له هه‌موو كوردستان مردوویه‌ك به كوردی ته‌ڵقین ده‌درا "دوای ته‌ڵقینه‌كه هێندێك قسه‌ی كوردانه و نیشتمانپه‌روه‌رانه‌شی كرد و كوتی: "رووی من له زیندوه‌كانه و ده‌بێ به ئه‌ركی خۆمان بزانین كه خزمه‌تی خاك و وڵات بكه‌ین."

به‌دوای ئه‌وه‌دا خه‌ڵك به‌ره‌و شار گه‌ڕانه‌وه و بێ ئه‌وه‌ی هیچ شتیك رووبدا. له دوا نیوه‌ڕۆی رۆژی ١٥ی جۆزه‌ردان را كه به هه‌ڵه له سه‌ر گڵكوكه‌ی ١٦نووسراوه له خانه‌قای نهرێ بۆ ماوه‌ی سێ رۆژ سه‌ره خۆشی داندرا.

له‌وێدا جارجار هێندێك له دۆستان و رۆشه‌نبیرانیش قسه‌یان ده‌كرد. ئه‌وكات له چله‌وشتی وا له كوردستان خه‌به‌رێك نه‌بوو، ته‌نیا رۆژی سیهه‌م ده‌چونه سه‌ر گڵكۆی له ده‌ست چوو. هه‌رله‌و سێ رۆژه سه‌ره‌خۆشی‌یه‌دا بۆ رۆژی سیهه‌م خه‌ریكی دارشتن و ئاماده كردنێ به‌رنامه بووین. له دوانیوه‌رۆی رۆژی سیهه‌م‌دا شاری مه‌هاباد ببوو به شتێكی دیكه به پێی ئه‌و كاره‌ی كرا بوو نه‌هه‌ر له شاری مه‌هاباد به‌لكوو له هه‌موو شاره‌كانی كوردستان و دیهاتیش را خه‌لك هاتبوون نه‌ته‌نیا خانه‌قا و مزگه‌وتی هه‌باس‌ئاغا به‌لكوو ده‌ره‌وه‌ی حه‌وشه‌ش پر بوو. ده‌یان

دەستە گوڵ ئامادە کرابوو. بۆ میژوو دەبێ ئەوە باس بکەم کە ریزدار ماموستا شیخ عزالدین کە ماڵەکەی لە کۆڵانی پشتی مزگەوت و خانەقا بوو، ئەوەی بیستبوو کە ئەو جەماعەتە زۆرە کۆ بۆتەوە، وابزانم ساواکیش هەرەشەی لێ کرد بوو، پێش نیوەرۆ دووجاری تەلیفون بۆ کردم. لە تەلیفونەکەدا دەیکوت: "کورە کاك جەلیل ئەوە غەوغای لێ پەیدا دەبێ، خەلك دەگیرێ و رەنگە کوشتنیشی لێ بکەویتەوە بەوعالەمە بلێ با وانەکەن. پێشیان بگرە مەهێلە ئاوا بچنە سەر قەبران."

منیش دەمکوت: "مامۆستا خۆ ئەمن ئەوە لە ما لێم خەڵك بۆ خۆیان خڕ بوونەوە ئەگەر ئەوان چون ئەمنیش دەچم دەنا ئەوە لە ماڵە خۆم دانیشتووم."

دیار بوو زۆر نیگەران بوو، ئەویش هەروەك ئەو کە سانەی ئیستا میژوو دەگۆڕن و دەڵێن جەریانەکە خۆرسك بوو، نەیدەزانی ئێمە هەر هێنانە وەی تەرمەکەمان بۆ مەهاباد بە بەرنامە بوو، دەمانویست حەرەکەتێك لە کوردستان ساز بێ و خەلك تەکانێك بخۆن و ئەو حالەتە بیدەنگی یەی دوای شۆڕشی ٤٧-٤٦ بەسەر کوردستان دا هاتوە بشکێ و ئیستا کەلە هەموو ئێران جگە لە کوردستان شۆڕش دەستی پێ کردوە و هەموو رۆژێ خۆپیشاندان دەکەن با لە کوردستانیش دەست پێ بکا. لەوە زیاتر هەروا بە داماوی‌دا نەنیشین عەیبە! کاتێك چەندکەس لە کوڕەکان هاتن لەدوام بمبەن بۆ نێو جەماعت، لێم پرسین: "خەڵك هەموو گەیشتونێ، ماشین‌و بڵێندگۆ ئامادە کراوە. بۆ قسە کردن[٣٨] خاترجەمیان کردم".

کە دەگەڵ ئەو کورە فیداکارانە گەیشتمە چوار ریێ ئازادی سەرم لە کۆبوونەوەی ئەو هەموو جەمعیەتە سوڕما. لە کاتی دیاری کراودا

٥. من بەیانی ئەو رۆژە زۆر کەم وەدەر کەوتم بەلەم لاوەکان و هاورێیانی میوانی دوور ونیزیکم رێ نوینی‌دەکرد و ئەوانیش منیان لە چلۆنایەتی چوونە پیشی کارەکان ئاگادار دەکرد. ٢ قەرارمان دا بوو لە ماشینیکی جیب‌دا کە دەزگای زەبتی تێدا داندرابوو قسە بکەین..

حەرەکەتمانکرد، لە وێرا هەتا چوار ریێ مەولەوی بە پانایی شەقام خەلك دەرۆیشت و ژن و مندالی ماڵەکانی ئەمبەر ئەوبەری شەقامیش راوەستا بوون و هەریەکە بە جۆریك هاودەردی و هەستی خۆیان دەردەبری. کە پاش نیزیك بە سەعاتیك گەیشتینە سەر قەبران ،جەمعیەت هەموو جیگیر بوون. ئیمەش سێ چوار کەس کە قەرار بوو بە پێی بەرنامەی دارێژراو قسان بکەین چووینە نێو ماشینە جیبەکەی کە پیشتر بە دەزگای زەبتەوە ـ"تەسجیل"ـ ئامادە کرا بوو.

لەو رێورەسمەدا رەنگە لە ژێر کاریگەری ماموستا شیخعزالدین یا لەترسان بوو بێ، جگە لە مەلا غەفووری دەباغی یەك مەلاش نەهاتبو بۆ سەر قەبران.

لەناو جیبەکە دا لە پێشدا من قسەم کرد و دواتر حەوسەت خانمی دەبباغی خوشکی شەهید کەماڵ دەباغی، دوای ئەو مهندس سلیمان تیکانتەپە و دواتریش مەرزیەی جەوانمەرد. مەلاغەفووریش شێعرێکی پرناوەرۆکی بۆ دانابوو بەیانی کرد. وا داندرا بوو کە لە سەر یەك سەعاتیك بکێشێ. دوای دانانی دەستەگوڵەکان لە سەر گڵکوو دەوری وێنەی کاك عەزیز بەرەو گڵکوی شەهید سلیمانی معینی و مەلا محمود زەنگەنە شەهیدانی شورشی ٤٧-٤٦ وەرێ کەوتین.

لەویش کاك عمر قازی سەید و محمدنیزامی هێندیك قسەیان کرد و شعاریان دا و بە رەو شار گەراینەوە. ئەو جەمعیەتە لە سەرەتای خیابانی شاپوورەوە دەستیان کرد بە شعار دان دژی رێژیم و بەرەو چوار رێی ئازادی و لەویشەوە بەرەو چوار چرا رۆیشتن.

دیار بوو پۆلیس و دیژبان گوێ بە زەنگ بوون و پەلاماری خەلکیان دا جەماعەتیکیان هەرئەودەم گرت و دواتریش هێندیك کەسیان لە مالەکانی خویاندا گرتبوون.

من بە لایەکی‌دیدا دەرباز بووم و بە یارمەتی هاورێ یان و براکانم بەرەو میاندوئاو رۆیشتم و لە ویرا بەرەو مەراغە چووم و هەر ئەو ئیوارەی بە قەتار بەرەو تاران گەرامەوە.

دوایی دەرکەوت کە کاك حەسەنی ماوەرانیش کە خۆی و براکانی نەقشی بەر چاویان هەبوو هەر وەك من دەرباز بووە خۆی گەیاندوتەوە تاران. هەر شەوەکەی براکانم کاك خەلیل و کاك محمد و ئاموزایەکم بە ناوی عبدالە دەگرن. دایکم و براژنەکان و مندالەکانیشیان دەبەن بۆ ساواك، ئەوان باشیان دەزانی کە من لە ماڵی ئەوان دەمێنمەوە و ئەو ماڵەش مەکۆی ئەو بەرنامە بوو، بەڵام چونکو حاشا لە هەمووشت دەکەن و چییان لێ هەڵناکرێن، پاش چەند سەعاتێك ژن و مندالە کە بەر دەدەن بەڵام براکان و ئامۆزاکەم دەبەنە بەندیخانەی شارەبانی. نیزیکەی ٤٠ کەس لە سەر ئەو مەوزووعە گیران. منیش کە بەیانی رۆژی دواتر بە قەتار گەیشتمەوە تاران نە چوومەوە ماڵە خۆمان و یەکراست چوومە ماڵە تەهای حەقتەلەب لە قولهەك، سێ چوار رۆژ لەوێ بووم و نە چوومەوە ئەو شیرکەتەی کارم لێ دەکرد. چەند جاریك تەلیفونم بۆ مەهاباد کرد، دیار بوو گیران وەستابوو، بەڵام یەك دووجار لە منیان پرسیبوو.

زۆرم گوێ نەدایە و سێ چوار رۆژ دواتر جوومەوە شیرکەت. پێشتر بۆ ماڵی خۆمان لە تاران تەلیفونم کرد کە دەچمەوە شیرکەت، ئەگەر گیرام نیگەران نەبن وە ڕنگە بێن ماڵێش بپشکنن، کە چوومەوە شیرکەت هەر سەعاتیك دەبوو خەریکی کار بووم لە بەشی حیفازەت پێیان کوتم چەند کەسێك هاتوون کاریان پێتە، کە هاتن سێ کەس ساواکی بوون. کارتیان دەرێناو یەك دوو کەشەوی میزەکەیان تەماشا کردم و بردیانمەوە ماڵێ بۆ گەران لە نێو کاغەز و کتێباندا.

ئەفسەرەکە پیاویکی باش بوو لە ئاخر یشدا خۆی ناساند و کوتی "کوردم" دوای پشکنینی ماڵ بردیانم بۆ شوێنێك لە نیزیك " شارەبانی کول" پێ یان دەکوت کومیتە.

پاش ٤٨ سەعاتان کە لەوێ رایان گرتم بەیانێکی زوو هاتن هەڵیان گرتم دوو ماشێن کە یەکیان من و ئەفسەریك بە لیباسی شەخسی و ئەوی دیکەشیان ئەفسەرێك و چەند نەفەر چەکداری تێدا بوو بردیانمەوە مەهاباد.

شەو کە گەیشتینە مەهاباد لە ساواك رایانگرتم و بەیانی بردیانم بۆ سلولی تاکەکەسی لە پاسدارخانەی[٣٩] پادگانی مەهاباد کە پێشتریش لە ساڵانی رابردوو دا لە وێ لە بەندداا بووم. هر ئەوی رۆژێ یا بو سبەینێ را بوو حەسەنی ماوەرانیشیان کە هەڵاتبۆوە تاران و لەوێ گیرا بوو گەیاندەوە مەهاباد. هەر کامیان لە سلولێکی تایبەتدا راگرتبوو. چەند رۆژیك لەوێ ماینەوە دوایە بە شیوەیەك دەگەڵ حەسەن دەنگمان گەیشتە یەکتر و قەرارمان دا رابگەیێنین ئەگەر نەمانبەنە شارەبانی و بەندیخانەی شار بۆلای بەندییەکانی دیکەی کەلە سەرئەم مەسەلە گیرابوون مان دەگرین. داوای کاغەزمان کرد، نامەیەکمان نووسی بۆ سەرهەنگ پزشکپور فەرماندەی پادگان و سەروکی دادگای شاری، نامەکە بەرێ کراو پاش دوو رۆژ بەرلە وەی دەست بە مانگرتن بکەین هەر دوکمانیان بردە بە ندیخانەی شارەبانی و لەوی بە دیداری هاورێیان شاد بووینەوە. بێجگە لە کەسانیکی کە ئێمە دەماناسین چەند کەسیکیش هەروا بە شك و گومان گیرابوون و وەبەر هاتبوون. تا ئەوکاتی ئێمە نەچو بووینە لای هاورێیان هیچ ئیقدامیکیان نە کرد بوو. بەڵام لە رۆژی دواتر را دەستمان کرد بە نامە نوسین ئیعتیراز گرتنی خۆمان و کانوونی وەکیلانی تارانیشمان ئاگادار کرد و لە تاران چەند وەکیلی بە ناوبانگی وەك سارم خان، دوکتور لاهیجی، دوکتور مەتین دەفتەری و.... کە بە محامی ـ"وەکیل"ـ هەرە پایە بەرز ناسرابوون و لە مەهاباد و ورمێش عەزیز مامڵێ ئەنور ئیرانزادە و ماشائەللا بوزچلومان وەك وەکیل دیاری کرد.[٤٠] پیاو حەق بڵێ ئەو

---

[٣٩]. دیارە لە زەمانی شادا پاسدار نە بوو بەڵام ئەو شوێنە لە پادگانی مەهاباد هەر لە قەدیمەوە وای پی کوترابوو، چونکە یەکم شوێنی چوونە ژووری پادگان و بەندیخانەی سەر بازخانەش بوو.لە هەوەڵەوە شوینی ئەوانە بووە کە پاسیان داوە و پاریزەری پادگان بوون.

٤٠. بۆ یەکەمجار ساڵی ٥٧ لایحەکە لە پارلمان تەسویب بوو کە بەندیی سیاسی دەتوانێ وەکیلی شەخسی و غیرە نیزامی هەبێ.

مرۆڤە مەزنانە چ لە تاران و چ لە ورمێ و مەهاباد زەحمەتێکێ زۆریان کێشا و پاش یەك دوو مانگ لە ئاکامی کۆششی ئەواندا لێژنەیەکی ساواکی بۆ لێ پرسینەوە هاتبوە مەهاباد وئاکامی باشی لێکەوتەوە و دوای دواندنی یەك یەکی بەندیەکان و گەڕانەوەیان بۆ تاران بەشی زۆری هاوبەندیەکانمان بەربوون و باقی کە ١٧ کەس بووین پاش چەند رۆژ بە رێ کراین بۆ ورمێ و لە بەندیخانەی دەریا بووین.

دوای یەك دوو حەوتوو ملاقاتیان داینێ. خزمان و دۆستان دەهاتن. کە وەزعی شارەکانی کوردستان بە تایبەت مەهابادمان دە پرسی، دیار بوو خۆپیشاندان بەردەوام بوو بەڵام مەلاکان لە تیکەڵ بوون خۆیان پاراستبوو.

رۆژیك چەند ماموستا یەك لە مەهابادەوە هاتبوون بۆ ملاقاتم، لە وەزعی مەلا شیخ عزالدینم پرسی. وڵامیان دامەوە: باشە بەڵام تێکەڵ نابێ. بە تایبەتی بە م.حەمەرەسوڵ بۆکانیم کوت: لە لایەن منەوە بچۆ لای ماموستا و پێی بڵێ: تازە خۆبواردن لە تیکەڵ بوون دەگەڵ ئەوخەڵکە زۆر عەیبە و خەڵك دوای ئەوقسانەی لە چوار چیوەی تەڵقین‌دا لە سەر گڵکوێ کاك عەزیز کردی حیسابیکی دیکەی بۆ دەکەن با دەگەڵ جەماعەت کەوێ و خۆی دوور نە خاتەوە. بە خۆشیەوە بە قەولی هێندێکان رۆژیك خەڵکەکە لە کاتی رێ پیواندا دە داوی دەخەن و دەگەڵ خۆیان دەیبەن تا چوار چرا و ترسیان شکاند. بەدوای ئەو خۆپێشاندانانەی مەهاباد دا لە هەموو شارەکانی کوردستان یەك لە دوای یەك رێ پێوان و خۆ پێشاندان ساز بوو، جار لەجار توندتر دەبوو. لە هێدێك جێ کوشتەو بریندارێشیان هە بوو. ئەم کارە بە تایبەت لە مەهاباد زۆر بە گەرمی درێژەی پەیدا کرد.

هەرچەند دوای یەك دوو حەوتوو ئێمەیان بردە دادگای نیزامی لەشکری چوار و لەوێ بۆمان دەرکەوت کە دادستان بە پێی مادەی ٣١٧ داوای ئیعدامی بۆ کردووین، بەڵام تەوژمی خەڵك و درێژەی خۆپێشاندان لە شارەکانی

کوردستان بە تایبەت لە مەهاباد هەروەها هەوڵ وتێکوشانی وەکیلە بەرێزەکانمان نەیانهێشت ئێمە شەش حەوت مانگ زیاتر لە بەندیخانە دابین. هەل و مەرج بەتەواوی گۆڕا، چەند سەرۆك وەزیریەك بەدوای یەکدا دەگۆران حکومەت شەق و شڕو بێ توانا ببوو، وەزع گەیشتە جیگایەك کە بە زەمانت، ئەویش بە زەمانەتی قوڵیخانی باوکی وەکیلەکەی ورمێمان ئاغای بوزچلوو بە رۆژی جومعە بەریان داین و بە پێشوازی هەزاران کەس و بەدرەقەی سەدان ماشێن کە لە مەهاباد را هاتبوون ئیوارێ درەنگ گەیشتینەوە مەهاباد.

رەنگە لە لای خوێنەری بەرێز سەیر بێ کە بڵیم هەر لە بەندیخانە، بەر لەوەی ئازاد بین هەر بەیانەکەی کە ماشااللەخان هات کوتی ئازاد دەبن قەرارمان دا هەر کات گەیشتینەوە مەهاباد راست بچینەوە سەر گلکۆی کاك عەزیزی و دوایە بچینەوە ماڵەکانمان. هەر واشمان کرد، بێ ئەوەی یەکێکمان لە ماشێن دابەزین یەك سەر چوینەوە سەر گلکۆی کاك عەزیز و لە بەر نووری دەیان چرای تۆری کە پیش گەیشتنمان لە قەبرستان هەڵکرا بوون جارێکیدی من دەستم کردەوە بە قسان و دژی وەزعی مەوجوود دوام، پاش منیش ماشالاخانی بوز چلوی وەکیلمان کە ئەندامی جەبهەی میللی بوو وە قسەهات و قسەی زۆر باشی کرد. لە ئاخریدا محیالدینی ماورانیش کە باوکی حەسەن و قادر بوو کە دەگەڵمان بوون و گیرابوون چەند قسەیەکی باشی کرد و کۆبوونەوەی سەر قەبرانمان تەواو کرد و هاتینەوە نێو شار بەڵام رەنگە لە لاتان سەیرتر بێ کە هەمووومان بە تێکرا چووینە ماڵە شەهید جەمال یەعقوبی کە سێ رۆژ پێشتر لە خۆپێشانداندا شەهید ببوو، دوایە چووینە نەخوشخانەی شێرو خورشید بو سەر دانی چەند بریندارى رێ پێوانەکان و لە ئاخری دا هەر ئەو شەوە چووین سەردانێکی ماموستا شیخ عزالدینیشمان کردو جا پاش هەموی ئەوانە بلاوەمان لێ کرد و چووینەوە ماڵە کانمان. سبەینێ بەیانی خەڵك دەستیان کرد بە سەردانمان و بە سەدان کەس لە ماوەی سێ چوار رۆژدا هاتن بۆ

سەردانمان و لە شارەکانی دیکەش ڕا هەر دەهاتن. ڕۆژیکیان سەلاح موهتەدی و چەند کەسی دی کە بە ئازاد بوونمان دڵخۆش بوون لە بۆکانی را هاتبوون، بەڵام بە تەلیفون ئاگاداریان کرد کە لە بۆکان خۆپێشاندان بووە و دو سێ کەس شەهید بوون. خوا هەڵناگرێ بە پەلە گەڕاوە بۆکان. ئیوارەی هەر ئەو ڕۆژە ئاگادار کراین کە سبەینێ شەهیدەکان دەنێژن. سبەینێ ئێمە چەند کەس لە ئازاد بوە کانی مەهاباد دەگەڵ یەك دوو ئۆتوبووس خەڵکی دی‌کە زیاتریان لاو بوون بەیانی بەرەو بۆکان چووین لە ناشتنی شەهیدەکاندا بەشداریمان کرد و لەوێش بە شێوەیەکی شاراوە لە نێو خەڵکدا بە نوێنەرایەتی بەندییە سیاسی یەکان پەیام و وتارم دا. دوایەش دەگەڵ خەڵکەکە چووینە مزگەوت‌و وتا درەنگانی ئیوارێ لە سەرە خۆشی دەگەڵ خەڵکی بۆکان دانیشتین. پاشان سەردانی نەخۆشخانەمان کرد و لە بریندارەکانی خۆپیشاندانمان پرسی جا گەراینەوە مەهاباد.

باشم لە بیرە نەیانهیشت زیاتر لە یەك حەووتوو لە مەهاباد بمێنمەوە وە، لە ساواك را دەسەرم بوون کە دەبێ بگەریمەوە تاران و چیدی لە مەهاباد نەمێنمەوە. چونکە ماڵم هەر لەوێ بوو و شیرکەتیش هەر داوای لێدەکردم بگەرێمەوە. بە ناچاری مەهابادم بەجێ هێشت وگەرامەوە بۆ.

کە گەیشتمەوە تاران دوو سێ رۆژ لە ماڵێ مامەوە و دوست و ئاشنا بو سەردانم دهاتن و دوایی چوومەوە سەر کارەکەم مودیری شیرکەت و جێگرەکەی و هەموو کارمەند و کریکارەکان بە هاتنەوەم گەلێك خۆشحاڵ بوون. سەیر ئەوە بوو کە دواتر بۆم دەرکەوت پارەی مانگانەی ئەو چەند مانگەی کە گیرا بووم لە لایەن مدیرو جیگرەکەی زۆر سەخاوەتمەندانە بێ کەم و کەسری درا بوو بە بنەماڵەکەم. دەلیلەکەشی ئەوە بوو کە ئەوان هەردووکیان پێشتر لە سەر سیاسەت گیرا بوون و چەند ساڵ لە بەندیخانەدا ما بوونەوە.

مودیرەکە " بیهزادی " ناو بوو، قەدیم ئەندامی کومیتەی " کاك[٤١] " و هاوکاری سارم خان و دوکتور قاسملو بووە و نەفەری دووهەمیش دوکتور حسین گەرمان لە بەندیخانەی قەسر ماموستای زمانی فەرانسەم بووە. دوای ئازاد بوونیشم لە تاران هاتو چۆمان زۆر بوو. هەر لە ڕیگەی ئەویشەوە لەو شەریکە دامەزرابووم.

لە شارە کانی ئێران و بە تایبەت لە تاران خۆپێشاندان گەرم بوو. ڕۆژی دووهەم کە چومەوە شیرکەت بە شیك لە کارمەندو کریکارەکان هاتنە لام و پێیان لە سەر ئەوە داگرت کە هەموو کۆ دەبنەوە و دەبێ قسەیان بوبکەم. هەرچی کوتم تازە لە بەند هاتوومە دەر و با ئەو کارە یەکی دی بیکا فایدەی نەبوو. باوەرێکی توندیان پێم بوو لێیان قبوڵ نەکردم، هەر لە مەیدانی پێش ساختومانی ئیداری شیرکەت خەڵکەکەیان هەموو خڕ کردەوە و میزێکیان داناو بردیانمە سەری. منیش دەستم پی‌کرد لە سەر وەزعی سیاسی رۆژ و غەدری ڕێژیم لە خەڵك و هۆیەکانی نا رازی بوونی خەڵك و خۆپیشاندانەکان نیو سەعاتیك قسەم بۆ کردن. ئەوەندەم هەست بزواندن کە دوای قسەکانم بە تیکرا کاریان جێ هێشت و چوونە گومرگی رۆژ ئاوای تاران کە کیلومیترێك لە شەریکەی ئیمە دوور بوو. منو یەك دوو هاوکار لەوێش بۆ جەماعەت قسەمان کرد، خەڵکی ویش تیکەڵ بە هی خۆمان بوو، بەرەو شار وەرێ کەوتنی و بە جادە و چەند شەقامی ناوشار دا بە شعاردان رویشتین تا گەیشتنە بەر دەرگای گومرکی ناوەندی لە شەقامی ئەمیرئابادی باکوور. بێ گومان کە گەیشتنە ئەوێ جەماعەت لە سەت هەزار کەس تێدەپەری. وەزع بە شێوەیەك گۆڕابوو کە هەرکەس و گرووپێك وەڕێ کەوتبا خەڵك بە دژی ڕێژیم دوای دەکەوتن و

٤١. کومیتەی " کاك " بۆ هاوئاهەنگی و هاوکاری حیزبی دیموکراتی کوردستان فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان داندرابوو لە ساڵی٣١و٣٢ تا چەند مانگ دوای کوودتای ٢٨ی گەلاویژ تیکۆشەرانە کاری دەکرد.

تێکەڵ دەبوون. لەوێ بریارنامەیەك درا بە ئیدارەی گشتی گومرك و بڵاوەیان کرد.

تا لە بیرم نەچووە با بۆ میژوو ئەمەش بیگیرمەوە رەنگە چێژی خۆی هەبێ.

رۆژێك لە و رۆژانەدا کە دوای ئازاد بوون لە مەهاباد مابوومەوە، بە کاك عمرقازی و سەید حەسەنی هاشمیم پێشنیار کرد کە بچینە لای م.شیخ عزالدین و دەعوەتی‌کەین بە شێوەی رەسمی هاوکاری حیزبیمان بکا بەڵکوو بتوانین جگە لەوانی خۆمان پەیوەندیمان پێ یانە وە هەیە جەماعەتێکی زیاتر بۆ لای حیزب راکیشین و رێك و پیکتر و جیدیتر کار بکەین.

ئەوانیش پێشنیارەکەیان قبووڵ کردم و چووینە ماڵە ماموستا. کە چووین بە خۆشی‌یەوە خەڵکی لێ نەبوو بەڵام کوتمان هێندیك مەسەلەی تایبەتمان هەیە دەگەڵی باس دەکەین. بەگەرمی خولْقی کردین بۆ ژوورێکی جیاواز لە دیوەخان. لە خزمەتیدا دانیشتین و لە سەر ئیزنی هاورێ‌یان من سەری قسەکەم کردەوە و کوتم: " هەتا ئێستا کارەکان باش چوونە پێش بەڵام حەق وایە ئەو خەڵکە ریك و پیکتر بێ و سازمان بدری تا کاری زیاتر و باشتر ئەنجام بدەن." وڵامی دایەوە: "فکرێکی زۆر باشە و هەر دەبێ ئاواش بێ، پێشنیارەکە زۆر بە جێ‌یە بەڵام بە چ ناویك بیکەین..."

هەرمن وڵامم دایەوە و کوتم: "ماموستا جا ناو لە ناوی حیزبی دیموکراتی کوردستان " جوانتر و خاوێنترهەیە؟ " هێندێك بەگرژی کوتی: " نابێ بەو ناوە بێ، حیزبی دیموکرات خۆش نێو نی‌یە با بە ناوێکی دیکەبێ." کوتمان: "ماموستا بۆ بەدناوە، چ حیزبێکی دیکە لەو خۆش ناوتر و بە رابردووترە، کەمی قوربانی داوە، لە هەموو هەل و مەرجێك‌دا بە پێی ئیمکان خەباتی کردوە، دەیان قوربانی داوە. بۆ بەم ناوە نەبێ؟"

زۆر بە راشکاوی کوتی بەوناوە من نایکەم!

ئیمەش هیچ ریکخراوو حیزبیکی دیکەمان پیّ شك نەدە هات و تەنیا حیزبیك بووە کە لە مەیدانی کردەوەدا خەباتی کردوە. ئێمەش هەرسێکمان لەسەر ئەو حیزبە چەند جار دەربەدەر و تەبعید و بەند کراوین چۆن ئاوا سووك و هاسان ناوی حیزبەکەمان بگۆرین. ئەودەم هیچ ناونیشانیشکیش لە کۆمەڵە دیار نەبوو. ماڵئاواییمان خواست و هاتینە دەر. لە دەرەوە بە هاوریّیان کاك عمر و کاك حەسەنم کوت: " بە باوەری من یا زۆر ترساوە و ناوێری واردی کاری جیددی بیّ، یا ئەوەی کە لە قەدیمەوە دەگەڵ ئیلخانیزادە و موهتەدییەکان تیکەڵ بووە و لە گوندەکانی ئەوان بەتایبەت حەمامیان خویندوویەتی و چۆتە ژێر کاریگەری ئەوان و شتیکی دیکەی بە دەستەوەیە.

ئیتر بەو مەبەستە جاریکیدی سەرماننەداوە. بەڵام کاتێك دوای سەرکەوتنی گەلانی ئیران لە تاران و شارەکان بە دەستەی هێندیك لایەن وەك مەلایەکی ساواکی ناسیندرا هەر حیزبی دیموکرات بوو لە سەری وەجواب هات و دیفاعی لیّ کرد دوکتور قاسملوو بە هاوکاری نوسەری ئەو دیرانە ئیعلامیە کیشمان بە بەرگری لە شێخ لە تاران نووسی و بلاومان کردەوە. لەو ئیعلامیەدا نەتەنیا وەك مرۆیەکی پاکی ئاینی ناساندمان بەڵکو بە عینوانی رێبەری مەزهەبی کوردانی ئەهلی سوننەتیشمان ناساند. بەڵام ئەو رەحمەتییە بەرێزە هیچکات قەدری حیزبی دیموکراتی کوردستانی نەزانی. سەرەرای ئەوەی حیزب کردیيە سەرۆکی شوورای شار و موتمانەی پیّکرد و دوای چوونی، هەیئەتی حیزب بۆ لای خومەینی رێگەی چاوپیکەوتنی خومەینی بۆ ئەویش خۆش کرد و چووە تاران و قوم بەڵام تا لە کوردستان مایەوە هەر لە چەپی ئیفراتی نیزیك بوو. ئاخریەکەی چووە سوئید ووەك دەزانین لەویّ لە تەنیایی و بیکەسی دا پووچایەوە. دیارە من وەك ئەرکی مروڤایەتی تا چووبامە سوئید دەچوومە ئوبسالا و سەرم دەدا.

چەند مانگێك بەر لە فەوتی شەویکیان لە سوئێدرا تەلیفونی بۆ کردم، نازانم وەرەز ببوو یا غەریبایەتی هەستابوو لە تەلیفوونەکەدا کوتی: "ئەی کاك جەلیل هەتا من و تۆ لە مەیدان دابووین و قسەمان بۆ خەڵك دەکردو روونمان دەکردنەوە کەس دیار نەبوو، ئێستاش ئێمە فەرامۆش کراوین و هەر کەس بە کەیفی خۆی دەکا و هەر یەك لەو حیزب و ریکخراوانە بە لایەکیدا دەروا و کاروانی خەبات بە رێی دڵخوازی خۆیدا دەبا! "

منیش عەرزم کرد: "مامۆستا گیان دنیا دەوران دەورانە و ئێستا ئێمە بە کەللەی کۆن دەزانن، ئاخری نەتەوەکەمان خێر بێ." روحی مامۆستا و هەموو ئەو شەهید و کۆچکردوانە شاد بێ کە ڕۆژێك لە رێی رزگاری نەتەوەکەیاندا بە راستی و پاکی تێکۆشاون.

# بەربوونی کاك غەنی بلووریان لە بەندیخانە و هێنانەوەی بۆ مەهابادی زێدی خۆی

کاك غەنی بلووریان یەکێك لەو لاوانە بوو کە سەرێکی پڕ لە شوور و هەستی نەتەوایەتی هەبووە، وەك بۆخۆی لە وتووێژەکانی دا باس دەکاو لە دوو کتێبی " ئاڵەکۆك" ی خۆی و "سەردەمی کارەسات"ی برایمی فەرشی دا هاتووە هاوزەمان دەگەڵ هەلومەرجی ئاڵوگۆر بەسەر داهاتووی شەڕی دووهەمی جیهانی لە کوردستان دەگەڵ پۆلێك لە لاوەکان هەوڵیان داوە لاوەکان لەدەوری یەکتر کۆبکەنەوە و هەستی نەتەوایەتیان تێدا بخوڵقێنن و بەهێزیان کەن. زۆر جار سەری لە گێچەڵان خوراوە وەك بۆخۆی بۆی گێڕاومەوە کاتی خۆی لەبەر بزۆزی و هەستی بەرزی نیشتیمانی پێشەوا پێی گوتووە " ناپلیئۆن".

هەر ئەو هەستە گەیاندوویەتە ئەو جێگایە کە وەك باڵی لاوانی هاوکاری ژ ـ ك بناسرێ و بۆخۆشی باسی دەکرد کە جار جارە ئەفسەرە فیداکارەکانی کوردی عێراق هەندێك کلاسی جۆراو جۆر و یەك لەوان کلاسی مارکسیستی و ماتریالیستیان بۆ داناون و زیاتر ناوی میرحاج و مستەفا خۆشناوی لەو بابەتەوە باس دەکرد.

ئەو ڕێکخراوەیەی لاوان دوای پێکهاتنی کۆماری کوردستان ڕەسمیەتی پەیدا کردووە و بۆتە ڕێکخراوی لاوانی دێموکرات و زۆریشی سەرنجی لاوەکان ڕاکێشاوە و گۆڤاریان دەرکردووە و میرزا عەلی خوسرەوی بەرپرسی بووە. دیارە لە بواری نوسین و بڵاوکردنەوە بەشێکی بەرچاو لەو لاوانە یەك لەوان شەهید صدیق ئەنجیری... جێ پەنجەیان لە ئەدەبیاتی ئەم سەردەمدا دیارە.

کاك غەنی یەکێك لەو پۆلە لاوە بووە کە بۆ خوێندن نێردرانە باکۆی پایتەختی ئازەربایجانی سۆویەت. بەڵام دوای تێکچوونی کۆمار بۆتە سەردەستەی ئەوانەی ویستوویانە خوێندن بەجێ بهێڵن و بگەڕێنەوە ئێران. دیارە کە گەڕانەوە تەنیا یەك دوو کەس لەوانە وەك دوکتور حەلەوی و فەتاح حەمیدی توانیان درێژە بە خوێندن بدەن ئەوانی دی زیاتر کەوتنە بازاڕی کار و کاسبی و کارمەندی.

کاك غەنیش دوای گەڕانەوەی کە باکۆ هەوڵی داوە لە تاران بچێتە دانیشسەرا "مەعهەد" یان دەبیرستانی نیزام بەڵام وەرنەگیراوە. دەبێ بڵێین یەك لەوانە بوو کە ڕێگای خەباتی گرتەبەر، یەکێك لەوانە بوو کە دوای کۆمار حیزبی دێموکراتی کوردستانیان ژیاندەوە. دوایەش بە ڕینوێنی سارم خانی سادق وەزیری بوونە هاوپەیمانی حیزبی توودەو تێکۆشان بوارێکی جیدیتری بەخۆیەوە گرت و چالاکانە درێژەیان بە خەبات دا. لەو پێناوەدا لانیکەم سێ جار لەلایەن دەزگای ئەمنیەتی ڕێژیمی پاشایەتی گیراو سەرجەم نیزیکەی ٢٥ ساڵ لە بەندیخانەکانی شا دابوو. تا ئەو جێگایەی من بزانم لە بەندیخانەکانی سنە، مەهاباد، ورمێ، تاران، تەورێز، برازجان و شیراز دا بووە.

جاری ئاخر لەساڵی ١٣٣٨هەتاوی لە گرتنە بەکۆمەڵەکەو هێرشی ساواك دا گیراو هەتا ئاخیری پاییزی ١٣٥٨ لە بەندیخانەکان دا مایەوە.

تەوژمی خۆپێشاندانەکان لە هاوینێ ١٣٥٨ڕا بەدژی حکومەتی پاشایەتی زۆر توند ببوو. لە پازدەی جۆزەردانی ١٣٥٨ لە بەخاك سپاردنی تەرمی شەهید عەزیز یوسفی کە وەك باس کرا لەتاران فەوتی کرد و لە سابلاغ نێژرا خۆپێشاندان لە کوردستانیش و هەر لە شاری مەهاباد دەستی پێ کردو نەپسایەوە و هەموو شارەکانی دیکەی کوردستانی ڕۆژهەڵاتی گرتەوە.

هەرچەند ئێمە چل کەسێك لەسەر ناشتنی کاك عەزیز و سازکردنی ڕێوڕەسمی سێ ڕۆژەی لە مەهاباد گیراین، پاش دوو سێ مانگ هێندێکیان بەر

بوون و دواتر شازدەیان بردینە بەندیخانەی دەریا لە ورمێ و لە لایەن دادستانی سپاوە داوای ئێعدامبان بۆ کرابوو بەڵام بەهیممەتی خەڵك و نەبڕانەوەی خۆپێشاندان و داواکردنی ئازادیمان لە لایەن خەڵکەوە دوای شەش مانگ بەپێچەوانەی هەموو یاسایەك ڕۆژی هەینی ئازادیان کردین. شارەکان یەك لەدوای یەك خۆپێشاندانەکانیان توند دەکرد و سەرتاسەری ئێرانی گرتبەوە دە ڕاستیدا ئێمە یەکەم دەستەی بەندییە سیاسییەکان بووین کە بێ چوونی دادگا بەزەمانەت ئازاد کراین.

وردە وردە لە هەموو بەندیخانەکان دەستە دەستە بەندی سیاسی ئازاد دەبوون. تا خەبەر گەیشت کە سەفەرخانی قارەمانیش وەك کۆنترین زیندانی سیاسی کە چوارساڵ لە برازجان هاوبەند بووین ئازاد بووە. ئێمە دەگەڵ چەند کەس لە هاوڕێیان بە باقە گوڵێکی گەورەوە لە تاران چووینە سەردانی کە یەکجار زۆری پێخۆش بوو.

ڕۆژێك لەلایەن بنەماڵەی شەهید پەرویزی حیکمەت جوو[٤٢] خەبەرم پێگەیشت کە ئەفسەرە توودەییەکان کە پێشتر گوازرابوونەوە بۆ بەندیخانەی شیراز هەروەها کاك غەنیش کە دەگەل وان بوو ئازاد کراوە.

هەر کە خەبەرەکەم بیست چووم دەگەڵ بنەماڵەی یەکێك لە ئەفسەرەکانی ئازاد بوو پەیوەندیم گرت و بلێتێکی تەیارەی ئەو شیرکەتەم بۆ کڕی کە ئەوانی لە شیراز ڕا پێ دەهاتەوە و تەحویلم دان دەگەڵ خۆیان بۆی بەرن. بلێت ڕۆیشت و دوو ڕۆژ دواتر دەگەڵ پۆلێك لە هاوڕێ و دەرو جیران بە چەند چەپکە گوڵەوە چووینە فڕۆکەخانە و لەوێ جاوەڕوان بووین. پاش نیو سەعاتێك تەیارە گەیشتێ و خەلك دابەزی. زۆربەی ئەوان لە ئەفسەرەکان بوون کە لە بەندیخانەی

.ئەفسەرێکی پێشووی هێزی ئاسمانی بوو کاتی خۆی بۆئەوەی نەگیرێ چووبووە دەرێ و بۆ تێکۆشان گەڕابۆوە ئێران و لەلای

**42**ئاستارا گیرابوو دوای چەند ساڵ زیندانی ئێعدام کرا.

قەسر و برازجان ماوەیەکی زۆر دەگەڵیان بووم. دوای چاکو چۆنی و بەخێر هێنانەوەیان پرسیم: ئەرێ غەنیتان بۆ دەگەڵ نی یە؟

وڵامیان داوە: "هەر لە بەندیخانە هاتۆتە دەرێ لە ئێمە دابڕاوە و نازانین چۆتە کوێ و چی بەسەر هاتووە بیتاقەکەشی پی گەیشتبوو بەڵام دەگەڵ ئێمە نەهات."

ئێمەش هەموو گوڵەکانمان پێشکەشی ئەو هاو زنجیرە کۆنانەم کرد و بە نائومێدی گەڕاینەوەماڵەکانمان کە لە گەڕەکی فەرهەنگیانی دامپزشکی نزیك فرۆکەخانەی مێهرئاباد بوو.

زۆری بۆ نیگەران بووم و نەمدەزانی چی بەسەر هاتووە. لە مەهابادیشم دەپرسی دەیانکوت نەهاتۆتەوە. دوو ڕۆژ پێچوو هیچ خەبەر نەبوو.

ڕۆژی سێهەم لە " شەریکەی عەمبارە گشتیەکانی ئێران" لە هۆدەی کاری خۆم دانیشتبووم تەلەفونێك هات. دەنگی کابرا ئاشنابوو بەڵام نەمدەناسیەوە. پرسیم:

جەنابت کێی؟ وڵامی داوە من خەلیلی بلوریانم، ئامۆزای غەنیم. کوتم: بابە ئەمن زۆر نیگەرانم، چی لێهاتووە لەکوێیە؟ کوتی: هەر بۆیە تەلەیفونم کرد کە پێت بڵێم کاك غەنی ئەوە لێرەیە لە ماڵی ئێمە و حەز دەکات زووتر چاوی پێت بکەوێ.

ئادرەسی ماڵەکەم لێ وەرگرت کە لە " تهران پارس" بوو. شوێنی منیش لە جادەی قەدیمی کەرەج بوو. لانی کەم ٤٠ — ٣٠ کیلۆمیتر لێك دوور بووین.

گوتم دێم. تەلەفونەکەم داناوە. خۆم ئامادەکرد بۆ وەدەرکەوتن لە شەریکە. بەفکرم داهات کوتم با دوکتور سادق شەرەفکەندیش ئاگادارکەم. تەلەیفونم بۆ کرد و کوتم کاك غەنی وەدیهاتۆتەوە ئەمن ئەوە وەڕی دەکەوم و لەقەراغ حەوت حەوزی تێهران پارس یەکتر دەبینینەوە و دەچین بۆ ماڵی کاك خەلیلی ئامۆزای.

کوتی: زۆر باشە بەختەوەرانە ئەمڕۆ منیش دەرسم نی یە و ئێستا وەڕی دەکەوم.

هەرکام لە لایەك ڕا وەڕێ کەوتین. ئەو دە خولەك زووتر لەمن گەیشتبووە شوێنی دیاری کراو. بە هەرحاڵ پاش سەعاتێك لە تڕافیك ڕزگارمان ببوو گەیشتینە یەك.

کۆڵان و ماڵەکەمان دۆزیەوە و چووینە لای کاك غەنی. بە گەرمی یەکترمان لە باوەش گرت و لە ماچ کردن دەرچوبوو، یەکترمان لێستەوە و دانیشتین و دەستمان بە قسان کرد.

پرسیم: ئەرێ تۆ بۆ دەگەڵ ئەفسەرەکان نەهاتی یەوە؟ ئاخر بلیتمان بۆ ناردبووی بۆ ئەوەی دەگەڵ ئەوان بێ یەوە عالەمێك بە پیرتەوە هاتبووینە فرۆکەخانە و هەموو گوڵمان هێنابوو.

ـ ڕاستییەکەی ئەوە بوو کە لە ماڵەوە یونسی برامیان ناردبوو تا تارانێم بێنێتەوە و مامە حامیدم کوتبووشی لەوێش‌ڕا با جەلیل عەزیزی یوسفی کە ئازاد بوو چۆنی هێناوەتەوە بۆ مەهاباد با غەنیش ئاوا بێنێتەوە .

ـ پەکوو ماڵت خرا نەبێ جا هەلو مەرجی ئێستا و ئەودەمی دەبێتە یەك تا ئەمن وەك ویت بەرمەوە مەهابادێ.

— بەراستی وەزعەکە زۆر گۆڕاوە؟

ـ کورە ماڵت خرا نەبێ هەلوو مەرجەکە عەرز و ئاسمانی فەرقە،ئەتۆ پێت وایە ئەگەر ئاوا نەگۆڕابا هەر وا بە سووك و هاسانی ئەو هەموو بەندی یە سیاسی یە بەر دەبوون؟

ئاماژەیەکم بە دوکتور سادق کرد و کوتم ئەتۆ بۆی باسکە چ قەوماوە و چ ڕووی داوە !

د. سادق دەستی پێ کرد و کوتی کاك جەلیل ڕاست دەکا. ئێستاو ئەو دەم نابنە یەك . ئەو حکوماتە چی وای بە بەرەوە نەماوە و ئەگەر هەر ئاوا برواتە پێش

زۆر ناخایەنێ و ڕێژیم دەڕوا . ئێستا خەڵك خۆپێشاندانی میلیونی دەکەن و ڕاستەوخۆ دروشمی دژی شا دەدەن . شەوانە دەنگی "الله اکبر"تا دەرەنگانی شەو لە سەر بان و بەر پەنجەرەی ماڵەکان لەسەرتا سەری تاران دەگاتە کەهکەشانی فەلەك. خەڵك بە ئاشکرا دروشم دژی سەڵتەنەت دەدەن .

ــ یانی بەوجۆرەی ئێوە دەڵێن حکومەت ئاوا کەم دەسەلآت بووە؟

جەلیل: کوڕە لەوەش زۆر خراپترە هەتا بە چاوی خۆت نەیبینی و بە گوێی خۆت ئەو دروشمانە نەبیسی باوەر ناکەی.

ــ جا باشە چۆن دەڵێن ئاوا دەکەین . ئێستا کە وایە منیش لە سەر دڵی ئێوەم.

جەلیل ــ ئەمن دەچمەوە ماڵێ و هێندێك دۆست و برادەری دەوری خۆمان خڕدەکەمەوە. تەرتیباتی پەزیرایی خەڵك دەدەم . ئەتۆش پاش سەعاتێکی دیکە دەگەڵ دکتور سادق وەرێ کەون و ئەو ماڵی ئێمە پێ دەزانێ دەتگەیێنێتە ئەوێ، چەندت پێ خۆش بوو بمێنەوە و دوایە بۆ چوونەوەی مەهابادێ زیاتر بیری لێ دەکەینەوە.

د.سادق ــ پێشنیارێکی باشە و ئاوا دەکەین.

جەلیل — کاك خەلیل ئەگەر حەزت لێ بوو ئەتۆش وەرە .

ــ ناوەڵا ئەمن دەبێ بچمە سەر کار ئەمڕۆ لەبەر کاك غەنی نەچووم.

ــ زۆر باشە جا ئەگەر وا بێ ئەمن ئەوە دەڕۆم و ئێوە دوای سەعاتێك وەرێ کەون با ئەمن زوو بگەمەوە کارەکان بکەم . مالەکەی ئێمە دوورە ئەگەر بکەومە ترافیك ناگەمەوە.

ــ زۆر باشە ئەتۆ بڕۆ بە خێرچی!

ماڵئاواییم کردو وەرێ کەوتم . هاتمە مەیدانی شەهناز و لەوێڕا بۆ مەیدانی ٢٤ی ئیسفەند و سەرئەنجام خیابانی ئەیزنهاور و نەواب و دامپزشکی و پاش تێپەرین لە دەیان ترافیك لایت گەیشتمەوە ماڵێ. خەبەری هاتنەوەی کاك غەنیم

دا بە ئەسمەری خێزانم و کوتم ئەوەی چەند ڕۆژ لەمەو بەر قەرار بوو بیکەی دەست بە کار بە . نانی ٢٠-٣٠ کەسان بۆ شەوێ ساز کە ڕەنگە دوو سێ سەعاتێکی دیکە بگەنێ. منیش ئەوە بە تەلیفون دۆست و ڕەفیقانی دەوروبەر ئاگادار دەکەمەوە. لەبەر دەرگای دەرێ پێشوازییەکی گەرمی لێ دەکەین.

چوومە پای تەلیفون دەستم کرد بە ئاگادار کردنی هاورێیانی دەوروبەر و بنەماڵەکانیان . نیو سەعات زووتر لە گەیشتنەوەی ئەوان ٧٠-٨٠ کەس هێندێك بە چەپکە گوڵ و هێندێك بێ گوڵ لە بەر دەرگا ئامادە بوون. هەلوو مەرجەکە بە ڕادەیەك گۆرابوو کە هێندێك ترسنۆکی پێشوش بەشدار بوون. منداڵەکانی منیش لە قاتی چوار ڕا هاتبوونە خوار و وێرای جاماعەت ڕاوەستابووین.

سەعات دەوری پێنج بوو دوکتور سادق دەگەڵ کاك غەنی گەیشتنە نێو مالی گەڕەکی فەرهەنگیانی ئاخری شەقامی دامپزشکی و هاتنە بەر دەرگا. خەڵك کە لە هەردووك بەری کۆڵانی خۆمان ڕاوەستابوون دەستیان بە هوڕا کێشان و شادی کرد . کاك غەنی و کاك سادق لە سەیارە دابەزین دەگەڵ جەماعەتی هەردوولا تۆقەیان کرد . ئەوەی گوڵی پێ بوو پێشکەشی کرد و دروشمی "سەرکەوێ دێموکراسی، سلاو لە ئازادی" سلاو لە کاك غەنی بە پلیکانان دا بردمانە سەر[٤٣]

کاك غەنی لەو پێشوازی و هەستی خاوێنی خەڵك و ئەو شعاردان و شادی یە سەری سوڕمابوو، لە خۆشیان دەلەرزی.

هەر ئەو ئێوارەیە زۆر لە هاورێ و دۆستانی کورد و ناکوردی قەدیم و نەدیمان ئاگادار کردو موژدەی گەرانەوەی کا غەنیمان هەر ئەو شەوە بە ماڵ و منداڵەکەی دا . ئەو شەوە بێجگە لەو خەڵکەی بە پێشوازی هاتبوونە بەر دەرگا خەڵکی گەرەك و بەتایبەت کوردەکان زۆر هاتن بۆ چاوپێکەوتنی. وە سبەی ڕا

43.عەیبی ئەو ماڵانە ئەوە بوو ئاسانسۆریان نەبوو.

کە بەربوون و هاتنەوەی کاك غەنی بڵاوبۆوە بۆ ماوەی چەند ڕۆژ ناسیاوو نەناسیاو، دۆستانی قەدیم و تازەی خۆی و ئێمە سەرەیان گرت. ٦-٧ ڕۆژکێك کەلەلای ئێمە بوو هیچ کات ماڵ چۆل نەبوو . ئەگەر بڵێم زیاتر لە دوو هەزار کەس بۆ چاوپێکەوتنی هاتوون زۆرم نەکوتوە .

لەو ماوەیەش دەگەڵ برایانی ماوەڕانی وئەندامان و لایەنگرانی حیزب کە ئێمە خۆمان لە تاران و مەهاباد و چەند شارێکی دیکەی کوردستان بەر لە گەڕانەوەی هاورێ یان لە عێراق ڕێکمان خستبوون پەیوەندیمان دەگرت و ڕێ و شوێن و چلۆنایەتی بردنەوەی کاك غەنیشمان دەکێشا.

چەند کەسێك لە هاوڕێ و دۆستان کە ئامادەبوون دەگەڵ کاك غەنی بێنەوە مەهاباد تەگبیرمان کرد و قەرارمان دا بە قەتار بچینەوە. قەرار درابوو ئێمە لە تاران تا مەراغە بچین و جەماعەتێکیش لە مەهابادڕا بێن و خەڵکیش لە بولْواری شاری مەهاباد پێشوازی بکەن. لەسەر ئەو قەرارە ساغ بووینەوە و بڵیتی قەتاریمان بڕی و ئێوارەیەك لەنێو کۆمەڵێك لە دۆستان و برایان سواری قەتار بووین و بەرەو مەراغە وەڕێ کەوتین. یەك دوو کوپەی قەتارمان گرتبوو. من و کاك غەنی لە یەکێك لە کوپەکان دەگەڵ چەند چەند کەسی دی لە هاوڕێیان دانیشتبووین. لەو ڕێگا دوور و درێژە دا کە تا سەعات ٧-٦ ی بەیانی کێشا لەسەر وەزع و چلۆنایەتی ئاڵ و گۆڕەکان قسەمان دەکرد. کاتی نان خواردنی شەو هاتبوو، خەڵك لە کۆڕیدۆڕی قەتار دا دەهاتن و دەچوون.

لەپڕڕا مرۆیەکی تیشکەڵەی جحێل هاتەلامان و بەحورمەتەوە کوتی:

"کاك جەلیل دەمهەوێ بۆ شێو خواردن دەگەڵ کاك غەنی میوانی من بن!"

بەلامەوە سەیر بوو، ئەو کورە کێیە کە ئاوا گەرم و گوڕ دەعوەتمان دەکا و ڕەنگە واش بزانێ هەر ئەمن و کاك غەنی هاوسەفەرین. دەگەڵ سوپاس بۆ ئەو دەعوەتە لێم پرسی؟

کاکە ئەتۆ کارت چی یە و بە چ مەشغوڵی؟

ــ دەرەجە داری ئەرتەشم و گروهبان دووم.

ــ بیرم کردەوە ئەو کوڕە بەو ماجبەی وەری دەگرێ، گوناحە ئەو خەرجیەی تووش کەین. زۆرم سپاس کرد و بەڕێم کرد و کوتم ئێمە دوو کەس نین زۆرین بەیەکەوە نان دەخۆین.

کاك غەنی پرسی ئەوە چی دەوێ و دەڵێ چی؟

ــ دەیەوێ من و تۆ بۆ نان خواردن لە قەتارەکە دا دەعوەت بکا. منیش قەبووڵم نەکرد و بە سوپاسەوە بەڕێم کرد.

ــ جا دڵی بەوە خۆش بوو بۆ لێت قەبووڵ نەدەکرد؟

ــ کاکە گیان ئەمە جەماعەتەکەمان زۆرە. ئەو کوڕە بەو ماجبە کەمەی وەری دەگرێ تاقەتی بەو میوانداریيە ناشکێ.

ــ کوڕە جا ٧-٦ تمەنی هەرپێ دەدرێ.

ــ شەش حەوت تمەنی چی؟ ئەو کوڕە ڕەنگە مانگێ ١٥٠-١٠٠ تمەن وەرگرێ، گوناحە تاقەتی بەو میوانداریيە ناشکێ ئەو کاتی تۆ گیراوی پۆرسیك خواردن بە ٢٥ قڕان بووە ئێستا ١٥ تمەن کەمتر نی یە لە قەتاریدا زۆریش لەوەی گرانترە.

ــ بەڕاستیتە؟

ــ بەڵێ ئەرێ وەڵا. ئەو زەمان نەماوە، مرۆڤ بە زەحمەت دەژی!

ــ وادیارە ئەو خەڵکە وەگیان هاتوون بۆیە ئاوا ڕاپەڕیون.

ــ بەڵێ ژیان زۆر سەختە و خەڵك لە هەموو بوارێکدا لە ژێر زەخت دان و کێرد گەیوەتە ئێسکانیان.

ئەوکات من وەزعیماڵیم زۆر باش بوو، ئەو چەند ڕۆژە کە کاك غەنی لەماڵم بوو پەزیراییم لەو هەموو حەشیمەتە کرد، لەو سەفەرەش دا بەبێ یەك و دوو خەرجەکەم کێشا و لە خزمەت گرووپەکە دابووم. چووینە ڕەستوورانەکە نانمان خوارد و گەڕاینەوە، ڕێگا دوور و درێژبوو نەدەبڕایەوە، هەرکەس ئازاد

بوو لە شوێنی خۆی هەر لە کورسی یەکە بە دانیشتنەوە بخەوێ. جێگەی ئێمە دەرەجە ٢ بوو شوێنی خەوتنی تێدا نەبوو. قسەش کەم ببوونەوە، دوای نان خواردن مەعدەکان قورس ببوون و وردە وردە پرخ و هۆڕ پەیدابوو. کاك غەنی و منیش کەوتینە چۆرت لێدان و هەر بە دانیشتنەوە خەو بردینیەوە بەکام زوو زوو بە شەقە شەق و گرمەی قەتارەکە وەخەبەر دەهاتین.

دنیا ڕووناك ببوو. قەتار بە نیزیك بوونەوە لە ئیستگەی مەراغە  کە ئەودەم ئاخری خەت بوو لەوێ زیاتر بەرەو کوردستان نەدەڕۆیشت بووقێکی دوور و درێژی لێداو پاش چەند خولەکێك گەیشتە ئیستگە و هاتینە خوار. جەماعەتێکی زۆر کە لە مەهاباد ڕا هاتبوون دەوریان داین، ماچ و موچ دەستی پێکرد. کاك غەنی سەری سوڕمابوو.

بەرەو پارکینگی ئیستگەکە چووین، دە پازدە ماشێنی خەڵك هاتبوو. کاك غەنی دەگەڵ یەك دوو لە خزمان سواربوو. منیش دە ماشینێکی دیکەدا وەڕێ کەوتین.

لە کەلکی بەگزادان کە ئەوکات ٥-٤ کیلۆمیتر لە شار دووربوو، ماشێنەکەی ئێمە پەنچەر بوو. ئەوانی دیکە ڕەدبوون و ئێمە بەینێك بۆ گۆڕینی تایەی سەیارەکە مەحتەل بووین. وەڕی کەوتین و بە توندی هاتین کە گەیشتینە سەرەتای بولوارێ دیتمان دنیا هەڵپشکوتووە. ڕێگە نەبوو ماشین بڕواتە پێش. دابەزین و هاتینە نێو خەڵك ترسی نەمابوو دەیانزانی ئەو ڕێژیمە دەڕوا و لە ڕاستیدا حکوومەت دەستی کورت ببوو بە تایبەتی لە بەرانبەر ئەو جەماعەتدا هیچی بۆ نەدەکرا. جەماعەت وەك دەرویش جەزم ببوون و هاواریان دەکرد:

"مامە غەنی هاتەوە یاخوا بەخێر بێتەوە! "

کوڕگەل ڕێگایان بۆ دەکردمەوە و خەڵکیان دڕ دەدا تا گەیشتمە نێوەڕاستی حەشیمەتەکە.

پرسیم: ئەرێ کاك غەنی کوا؟

وڵامیان داوە ئەوە لەو پێشە دە ماشێنێکی سەواری دایە.

بە هاوکاری جاماعەت کە زۆریان دەیان ناسیم و ڕێگەیان بۆ دەکردمەوە. خۆم گەیاندە ئەو ماشێنەی کاك غەنی تێدابوو.

کە تەماشام کرد کاك غەنی لەگەڵ مەلا شێخ عیزالدین و مەلای مزگەوتی عەجەمان لە ماشێنێ دا بێ خەیاڵ دانیشتوونە.

لێی چوومە پێش و کوتم بۆ ئاوا دانیشتووی و کوا ئەوە جێگەی تۆیە، نابێ ئاوا مات و بێدەنگ بی! بەدوای ئەوەدا دە لاوەکان کە لە دەورووبەری سەیارەکەی مام غەنی بوون ڕاخوڕیم و کوتم ماشێنێکی ژیان پەیداکەن و بیگەیننە پێش ئەو ماشێنە.

زۆری نەخایاند ئازایانە ماشێنێکی ژیانیان دەتوانم بڵێم لەسەر دەستان گەیاندە شوێنی مەبەست.

کوتم کاك غەنی وەرە سواری ئەو سەیارەیەبە. بە مامۆستا شێخ عیزالدین و مەلای حەجەمانیشم کوت ببوورن ئەو دەبێ بچێتە ناو خەڵك.

کاك غەنیمان گواستەوە بۆ ناو ماشێنە "ژیان"ـەکە و لەسەرەوەڕا دەریچەی ماشێنەکەیان کێشا و هاوارم لە برایان حەسەنی بلووری و عەزیزی ماوەرانی کرد و کوتم:

ئەو بڵێندگۆیەی بێنن بیدەنە دەستی کاك غەنی، کاك غەنی بڵێندگۆکەی وەرگرت. کوتم: جا هەستە بە پێوە ڕاوەستە با خەڵك بتبینن و ئەتۆش بەخێرهاتنی خەڵك بکە و سپاسیان بکە کە بە پیرتەوە هاتوون.

کاك غەنی هەستا سەر پێو سەری لە ماشێنەکە هێنا دەرێ کە چاوی بەو هەموو خەڵکە کەوت لە لایەك سەری سوڕمابوو لەلایەکی دیکە لە خۆشیان دەنگی دەلەرزی بەڵام هەم ئەو خەڵکی دیت و هەم خەڵك کەم و زۆر لە نیزیکەوە چاویان بە کاك غەنی کەوت.

دوای ئەوەی چەند خولەکێك دە خەڵکەکەی ڕوانی، وێڕای سپاس بەخێرهاتنی کردن و دانیشتەوە.

حەسەن و عەزیز بڵندگۆکەیان لێ وەرگرتەوە.

ڕووم تێکردن و کوتم ئەوە بەسە " مامە غەنی هاتەوە یاخوا بەخێر بێتەوە" هێندێك ڕەنگی سیاسی و داخوازی خەڵك بدەن بە دروشمەکان کە ئەو خەڵکە ئاگاداربێ غەنی بۆ گیراوە، بۆ بەربوو. ئەو خەڵکە بۆ ئاوا بە شەوق و زەوقەوە لە دێهات و شار ڕا هاتوونە پێشوازی و بەخێرهاتنەوەی کاك غەنی دەکەن.

ئەوانیش هەواکەیان گۆڕی و شیعاری دیموکراسی و ئازادیان دەدا و خەڵکیش دوپاتیان دەکردەوە. زیاتری لەسەر ناڕۆم هەتا گەیشتینە مەیدانی مەلا جامی و لەوێوە بە شەقامی جامی جەم دا هاتینە شەقامی "وەرەهرام"ی ڕۆژهەڵات و گەیشتینە چوار ڕێ یانی "ئازادی" زیاتر لە دوو سەعاتمان پێ چوو. بەڕاستی لەبەر زۆری خەڵك ماشینەکان نەیان دەتوانی بڕۆن وەك هەڵسەنگێندرا زیاتر لە ٦٠ هەزار کەس هاتبوونە پێشوازی و هەموو دانیشتوانی ئەو ماڵانەی سەر ڕێگاشمان لەپێش مالەکانیان و لە پیادە ڕەوی شەقامەکان، ڕاوەستابوون و لەو دیمەنەیان دەڕوانی.

کە ماشێنەکەی کاك غەنی گەیشتە چوارڕێی ئازادی. بڵێندگۆکەم لە کوڕەکان وەرگرت. سوپاسێکی گەرمی ئەو خەڵك و ئەو هەستە خاوێن و دڵسۆزیەم کردن و کوتم:

چونکە لە ماڵە کاك غەنی نیزیك بووینەوە و کۆڵانەکە ئەو جەماوەرە ناکێشێ دەگەڵ سوپاسی گەرم و بەردەوامیتان لە خەبات دژی دیکتاتۆری و پەرە پێدانی هەستی کوردایەتی داواتان لێدەکەین بڵاوەی بکەن و ئێمەش کاك غەنی دەبەینەوە نێو ماڵ و منداڵ و ئازیزانی.

سەرەڕای ئەوەش هەتا لە چوار ڕای ئازادی ڕا گەیاندمانەوە ماڵێ کە بەپێیان ڕێگەی ٥ خولەك دەبێ نیو کاتژمێرمان زیاتر پێ چوو.

کە گەیشتینەوە بەردەرگا، کاك غەنیمان کە زۆر ماندوو ببوو دابەزاند. قۆڵمان گرت و بردمانە ژوور و بە براژنە مەرزیەی فیداکار و کچەکان و برا و خزمەکانیمان ئەسپاردەوە. دوایە ڕوخسەتمان خواست و بەجێمان هێشت.

# چلۆنایەتی پێکهاتنی کۆمەڵەی کوردەکانی دانیشتوی تاران

خەزەڵوەری ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی بوو، تازە لە مێژ نەبوو لە بەندیخانەی ورمێ ئازاد ببووم و چەند ڕۆژێك بوو بە زەختی ساواك لە مەهاباد گەڕابوومەوە تاران. لە زۆربەی شارەکان خۆ پێشاندان دەکرا بەتایبەتی تاران ناوەندی ئەو جوڵانەوەیە بوو. هەروەك لە شوێنێك دا باسم کردوە لەو شەریکەی منیش کارم لێ دەکرد، یەك دوو ڕۆژ بوو چووبوومەوە سەر ئیشەکەم کە فەرمانبەران و کرێکارەکان بە ڕەجا و تکای زۆر واداریان کردم قسەیان بۆ بکەم و میتینگیان بۆ وەرێ خەم و بۆشم کردن.

ئێوارەیەك کە دەچوومەوە ماڵ ڕۆژنامەیەکی" ئایەندەگان "م کری و چوومەوە ماڵێ دەستم کرد بە خوێندنەوەی لە خوێندنەوە دا چاوم بە تیترێك کەوت نووسیبوی "کوردستان دیسان کەوتە بیری جیاوازی خوازی".

زۆرم پێ سەیر بوو! کە خوێندمەوە بۆم دەرکەوت کە ئەو مقالە پێنووسی تیمسار قەرەباغی یە کە ئەو کات بەرپرسی ستادی ئەرتەش یان شتێکی لەو بابەتە بوو. کورتە مەتڵەبەکەی سەرەڕای ئەوەی چەند مانگێك بوو لە هەموو شارەکانی ئێران خۆپێشاندان ڕۆژانە دەگۆڕێ دابوو بەڵام ئەو تەنیا دە کوردستانی هەڵ کێڵابوو. بە بێ حورمەتی باسی سەر بزێوی کوردانی کردبوو.

منیش کە لەو بۆچوون و ڕوانگە چەوتە نارەحەت بووم، سەرەرای ئەوەی دەمێك بوو بۆ خۆمان نە هەر لە تاران بەڵکوو لە چەند شاری دیکەش نیمچە ڕێکخراوەیەکی حیزبیمان ساز کردبوو، تێکۆشانی بەرچاویشمان هەبوو بێ ئەوەی دەگەڵ کەس مەشوەرەت بکەم هەر شەوێ وڵامێکم بۆ قەرەباغی نووسی یەوە و

سبەی ئێوارێ دوای کار بردم بۆ ئیدارەی ڕۆژنامەی ئایەندەگان کە لە شەقامی شا بوو. لە وێ دۆستێکی کرماشانی باشم هەبوو بە ناوی " گۆران" کە مرۆیەکی تێگەیشتوو، ڕوناك بیر و کوردێکی خاوەن هەست بوو.

داوام لێ کرد نوسراوەکەم لە وڵامی قەرەباغیدا بۆ چاپ کەن. دوای ئەوەی خوێندیەوە کوتی وڵامێکی زۆر بەجێ و بە وەختە و چاپی دەکا. پرسیاری کرد: بەناوی خۆم چاپی کەن یان بە ناوێکی دیکە؟

منیش نیگەرانی ئەوە بووم کە بۆ چەندەمین جار بمگرنەوە، لە مێژیش نەبوو بەر ببووم کوتم بە ناوی "کوردێکی نەناسراو"چاپی کەن. قەبووڵی کرد و لە ژمارەی ڕۆژی داهاتوو دا چاپیان کرد.

چاپی ئەو وڵامە لەو ڕۆژنامە دا کە تیراژیشی زۆر بوو، ڕاستی یەکانی دەنووسی لە نێو کوردەکان دا بە تایبەتی لە نێو خوێندکار و ڕۆشەنبیرەکاندا کاریگەرێکی باشی هەبوو. زۆر کەس تەلیفونیان بۆ کردم و بێ ئەوەی ئاگاداری ئەوە بن کە من نووسیومە باسی بەجێ بوونی ئەو وڵامە بەجێ و بە وەختەیان بۆ دەکردم. پاش چەند ڕۆژێك مەسەلەکە دەنگی دایەوە و ئێمەش وەك کۆمیتەی حیزب دەگەڵ دوکتور سادق کە هەتا ئەودەمیش هەر بە نەهێنی و پارێزەوە کاری دەکرد و هەروەها دەگەڵ پۆلێك خوێندکار و لایەنگری حیزب تەکبیرمان لێ کرد و هاتینە سەر ئەو باوەرە لە چوار چێوەی کاری زانکۆ و لاوەکان دا هێندێك کاری عەلەنی بکەین و هەستیان ببزوێنین و بیبەینە مەیدانی کردەوە و وەك کوردەکانی تاران جووڵەیەك بکەین.

چەند ڕۆژێك ئەو بۆچوونە کاری بۆ کرا کە هەستمان کرد ئەو زەمینە ڕەخساوە لە ڕێگای خوێندکارەکانەوە لە یەکێك لە دانشکەدەکانی زانکۆی تاران سالۆنێکی مام ناوەندی بۆ ئاگادارکردنی لاوەکان بگرینەوە. پێمان وابوو هەر ٦٠-٥٠ کەس خڕ دەبێتەوە. بەڵام نیزیکەی دووسەت کەس هاتبوون.

لەو سەردەم ڕا کە جار جار ئەو کۆبونەوانە دەگیران، ئەگەر سەر بە زانکۆ و بەرپرسانی حکومەتی نەبا، مەئمورانی لیباس شەخسی پەلاماریان دەدا و دەیان شێواند. لەبەر ئەوەی نیگەران بووین هەر لە کوڕە چالاکەکان پارێزەرمان دانابوو تا ئەگەر هێرشمان کرایە سەر بتوانن دەست بکەینەوە و زیان بە خەلکەکە نەگا.

زۆرم حەز دەکرد دوکتور سادق قسە بکا کە هەم تیتری هەبوو هەم لە باری سیاسی یەوە بناسرێ یا هەر نەبێ یەکی دی لە هاوڕێیان قسە بکا لەبەر ئەوەی من زۆر ناسرابووم و نە هەر بە کوردێکی جێ گومانی ڕێژیم بەڵکوو بە چەپیشیان دەناسیم و دوور نەبوو وەك زۆر وەخت لە ژێر چاوەدێریش دابم. بەڵام هاوڕێیان یەك دەنگ کوتیان من دەبێ قسە بکەم.

خەڵکەکەش دیاربوو بە ورەیەکی بەرز و هەستێکی کوردانەوە زۆر زیاتر لەوەی ئێمە چاوەڕوانیمان دەکرد کۆببوونەوە. بە حەماسەتێکی زیاتر لە وڵامی قەرەباغی و بە گوڕوتینێکی هاندەرانە ٢٠ خولەکێك قسەم بۆ خەڵکەکە کرد کە پێشوازیەکی زۆر گەرمی لێکرا. دوای منیش بە چەند کەسێك ئیزن درا قسە بکەن و بەگشتی خەڵکەکە زۆر باش کەوتبوونە سەر باری کوردایەتی.

لە ڕاستیدا بێ ئەوەی پێشتر فکرمان زۆر لێ کردبێتەوە، هەر لەوێ کە ئەو هەست و سۆزە خاوێنەمان دی دەگەڵ دوکتور سادق و یەك دوو کەسی وەك شەهید تەها حەق تەڵەب و خوسرەوی مەعروفزادەی ڕەوانشاد و.... کە کەوتینە سرت و خورت و کوتمان با پێشنیار بکەین کۆمەڵێکی کوردانی دانیشتووی تاران پێك بێنین. هەموو ئەوانەی مەشوەرەتیان پێ کرا موافق بوون.

لەسەر پێشنیاری ئەوان جارێکی دی چوومەوە پشت تریبوون و ڕامگەیاند:

"ئەو هەستە خاوێنەی من و هەموومان دیتمان و ئەو کۆبوونەوە گەورە و گەرمەی دەیبینن دەبێ ئاکامی خۆی هەبێ بۆیە پێشنیاری ئەوەی لەو هەلومەرجە دا ئێمە کوردەکانی دانیشتووی تارانیش با بۆخۆمان کوزیلەیەکمان هەبێ هەم بتوانین خۆمان وەك کورد مەترەح کەین تا سەرمان دەنێو سەراندا دیاربێ. هەم

ناوەندێکمان هەبێت کە بتوانێ کاتێك کەسێکی وەك قەرەباغی یا ئۆرگانێکی حکومەتی هێرشمان دەکاتە سەر بەشێوەیەکی ئوسولی و مەنتقی وڵامی بدەینەوە. وێدەچی بواریش بڕەخسێ و بتوانین زۆر کار و چالاکی دروست و بەسوودیشمان هەبێ بە قازانجی گەل و نەتەوەکەمان، جا کۆزیلە نێوی چ دەبێ و ئەرکی چ دەبێ قابیلی بیر لێ کردنەوەیە. پێشنیاری یەکەم ئەوەیە کۆمەڵەی کوردانی دانیشتووی تاران بێ، ئاخر لەو تارانە زیاتر ٤٠٠-٣٠٠ هەزار کورد هەیە ئەگەر شتێکی وامان نەبێ کەس حیساب بۆ کورد ناکا و بگرە لەوەش زیاتر کە تا ئێستا کردوویانە مافمان پێشێل دەکەن.

بە خۆشییەوە پێشنیارەکە پەسەندکرا و بە تێکرای دەنگ موافەقەتیان کرد و سەلماندیان کە لەو هەلومەرجە ڕێکخراوێکی ئاوا پێویستە.

کاتێك کە بۆمان دەرکەوت کە هەستە کە بەهێزە و بە گەرمی پێشوازیان لە پێشنیارەکە کرد کوتم: ئێستا کە وایە با دەرفەت لە دەست نەدەین لێژنەیەکی چەند کەسی دیاری بکەین. بۆ ئەوەی وەدوای مەسەلەکە کەون و لە کەمترین کات دا بەرنامەو پەیڕەوێکی پێشنیاری ئامادە کەن و دوای ئەوەی تەواو بوو بخرێتە بەر نەزەری دۆستان و دوای ئاڵوگۆڕی بیروڕا لەسەری ساغ ببینەوەو دەست بەکاربین.

بۆ ئەوەش موافقەت کرا هەر لەناو خەڵکەکە من و کاك حەمەدەمین مەجیدیان، کاك محمد ڕۆستەمی، کاك فەتاح قادری و کەسێکی دیکە کە دوای ٣٤ ساڵ ناوەکەم لەبیر نەماوە دیاری کراین.[٤٤]

کۆبوونەوەی ئەو ڕۆژە لێرەدا کۆتایی هات. لێژنەی هەڵبژێردراو لە ماوەی حەوتوویەك دا ئەرکی خۆی بەجێ گەیاند و گەڵاڵەکەی ئامادە کرد و بە کۆبوونەوەیەکی دیکە خستیە بەر چاوی بەشدارانی کۆبوونەوەی دووهەم و بە

**44**. هەر کەسە من داوای لێبوردنی لێدەکەم. بەناوی فارسی مۆمەڵەی جمعیت کردهای مقیم مرکز بوو.

هێندێك تێبینی و بۆچوون پەسندکراو لەسەر ئەو بنەمایە ئەندامگیری کراو لەو گەڵاڵەدا ئاماژە بە چاپ کردنی ڕۆژنامەیەکیش کرابوو.

له دووهەمین حەوتوو دا هەڵبژاردنێك بۆ کۆمیتەی بەڕیوەبەری کرا کە لەوێش دا لەوانەی کاندید کرابوون ساڵحی نیك بەخت، ڕەحیمی فەرەهمەند و مستەفا ئەبریشەمی و.... نوسەری ئەو دیزاینە و ئەگەر هەڵە نەکەم بێ ئەوەی خۆی لەوێ بێ سارم خانی سادق وەزیریش هەڵبژێردران و زۆر بە جدی دەست بەکار بووین و شوێنێکی گچکەشمان لە فەرعێکی شەقامی "شاە رضا" پەیدا کرد و کردمانە ناوەندی" جەمعیەت" و کۆبوونەوەکانی کۆمیتەش زیاتر لەو شوێنە بەڕیوەدەچوو.

هەر لە کۆتاییەکانی کۆبوونەوەی گشتی دووهەم یا سێهەم دابوو کە چەند لاپەڕە ئێعلامیە هاتە ناو جەلەسەکە و لەوێڕا خەڵکیان دەعوەت کردبوو سبەی بەیانی خەڵك لە مەیدانی قەزوین کۆبنەوەو ڕێپێوانێك لەوێڕا بەرەو زانستگەی مەجید واقفی کە وابزانم ئەوکات ناویکی دیکەی هەبوو ڕێ پێوان دەکرێ.

دوای مەشوەرەت دەگەڵ هاوڕێیان و ئەندامانی کۆمیتەی بەڕێوەبەری قەرارماندا بەشداری بکەین. من کە وەك بەرپرس دیاری کرابووم لە " سەید محمدی کولیجی" م داواکرد ئەگەر پارچەیەکی تازەش دەست نەکەوت بە خەتە خۆشەکەی خۆی لەسەر مەلافەش بێ یەك دوو بلاکات ئامادە بکا و بەیانی دەگەڵ خۆی بیان هێنێ. ئەویش قەبوڵی کرد.

شەوێش بە تەلەفون هێندێك کەسمان ئاگادار کرد. بەیانی لە کاتی دیاری کراودا نیزیکەی ٨٠-٧٠ کورد لە مەیدانی قەزوین ئامادە بووین بەڵام زۆر چاوەڕوان بووین جگە لە خۆمان کەسی دیکە نەهات. زۆرمان پێ سەیر بوو، هاوڕێیان جار جار ئیعلامی یەکەیان تەماشا دەکرد و ڕاست ئەو شوێنە بوو. وا دیاربوو لەبەر مەترسی و هێرشی پۆلیس یا هەر هۆیەکی دی شوێنەکەیان گۆڕیبوو بەڵام ئێمە ئاگادار نەبووین.

هەر لە پیادەڕۆی ڕۆژهەڵاتی مەیدانەکە سرت و خورتمان بوو ئاخرێکەی دوای ڕاو تەکبیری پێویست دەگەڵ هاوڕێیان و هێندێك لە وانەی بە تەمەن و تەجرەبە لە ئێمە گەورەتر بوون هاتینە سەر ئەو باوەرە کە پلاکاتەکان هەڵدەین و بە شەقامی "سی میتری" دا بەرەو باکوور بڕۆین و بە بادانەوە بە شەقامی "ئەیزەنهاوێر" دا خۆ بگەیێنینە شوێنی مەبەست و هەر بەوەندە کەسە دەستمان پێ کرد، هەم بە کوردی و هەم بە فارسی شعارمان دەدا خەڵکیش بەگشتی لە تاران وەجۆش کەوتبوون لە خوایان دەویست دەنگێك بێ و دەگەڵ کەون. لە تەواوی ئەم ڕێپێوانە دا کە نیزیکە کاتژمێرێکی کێشا خەڵکمان لێ زیاد دەبوو، لە یەك دوو شوێن ساواکیەکان خەریکی تێکدانی سەفەکانمان بوون بەڵام هاوێیانی وەرزیشکار و چوارشانە و بەخۆوەی وەك کۆچ کردووی خوسرەوی مەعروف زادە و سەید محمد کولیجی وەك پڵینگ پەلاماریان دەدان و دوریان دەکردنەوە. بۆ یەکەم جار سرودی ئەی ڕەقیب لە تاران لەم ڕێپێوانە دا چەند جار بە کۆمەڵ کوترا.[٤٥]

کە گەیشتینە دەرگای زانکۆ ببوینە دوو سێ هەزار کەس. بە چوونمان بۆ ناو زانکۆ هورای شادی و بژی گەلی کورد بەرز بۆوە. جێگەیان بۆ دیاری کردین خەڵکەکەمان وەك ئەوانی دی بە پێوە ڕاوەستان. خوێندنەوەی وتار و پەیامی هێزە بەشدارەکان درێژەی کێشا. ناوی ئێمەش نوسرا کە بە ناوی جەمعیەتی کوردانی دانیشتوی تاران قسە بکەین. هاورێ یان پێشنیاریان کرد من کە لە زۆربەیان زیاتر ناسرابووم قسە بکەم.

---

٢. هەر لەو ڕێپێوانە دا سەید محمد ناوی "حیزبی دێموکراتی کوردستان" لە سەر مقەبایەکی نووسیبوو،خەریك بوو هەڵی واسێ بەڵام پێم کوت جارێ کاتی نییەو لەوە گەرێ. بە قسەی کردم و بەرزی نەکردەوە. دەبوو هەر بە ناوی "جەمعیەتی کوردانی تاران "بێ.

کاتێك ناویان خوێندمەوە و کوتیان بە نوێنەرایەتی گەلی کورد قسە دەکا و لە نێو ئەو خەڵکە کە بێ گومان ٤٠-٣٠ هەزار کەس دەبوو، هەل هەلە و هورا کێشان و چەپڵە ڕێزانێکی زۆر بەرز بۆوە. کە گەیشتمە پشتی تریبونەکە و کوتم:بە نام خلق قهرمان کرد و جمعیت کردهای مقیم مرکز" بە مردم بپا خواسته ایران و به شما حضار عزیز درود می فرستم" بۆ چەند چرکەیەك لە بەر هاواری" زنده باد خلق کرد" مەجالی قسە کردنم پێ نەدرا.

خەڵکەکەم بە دەست هەڵێنان و سپاس هێور کردەوە و ماوەی یەك چارەگە سەعات لە سەر خەباتی کورد و تێکەڵاوی دەگەڵ گەلانی ئێران بۆ درێژە دانی ڕێگەی ڕزگاری و نەهێشتنی ناعەدالەتی و بێدادی دوام و ئەوەندەی پێویست بوو هانم دان و سەرەتای تێکەڵی ئاشکرای خەباتی کورد لە تاران لەو بەر بەرەکانی یە ڕەوایەی دژی ڕێژیمی پەهلەوی و تێکەڵ بوون دەگەڵ کۆڕ و کۆمەڵی ڕۆشەنبیری سیاسی لەوێوە دەستی پێ کرد.

لەو ڕۆژەوە هەتا ڕووخانی پاشایەتی لە هەر شوێنێکی تاران کۆبوونەوە و میتینگێك بوایە، جەمعیەت دەعوەت دەکرا. دیارە بە گورج و گۆڵی بەشداری دەکرد و پەیام و وتەی خۆشی هەبوو.

بڵێین جەمعیەت یا کۆمەڵەی کوردەکانی دانیشتووی تاران ببوە جێگای موتمانەی چین و توێژەکانی کورد و نوێنەری هێزە ئێرانی یەکانی وەك حیزبی تودە، موجاهیدین و چریکیش وەك ئێمە بێ ئیتکێت کاریان دەکرد و تێکۆشانی بەرچاویان هەبوو ئەو ڕێکخراوە تازە دامەزراو، بەڵام چالاکی کوردیان بە هێند دەگرت و لەگەڵی لە پەیوەندی دابوون.

ئێستا مابووی شا هەڵێ وەك کۆمیتەی حیزب کە لەمێژ بوو لە تاران و چەند شوێنی دیکە دامان مەزراندبوو قەرارمان دا بە بۆنەی ٢ی ڕێبەندان ڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان ڕێ و ڕاسمێکی باش لە سالۆنێکی گەورەی دانشگا بەرێوە بەرین دیارە هاوکارانی بەرێوە بەری جەمعیەتیش زۆریان پێ باش


بوو پێشنیارەکەیان پەسەند کرد و چەند ڕۆژێك بۆی خەریك بووین. نەتەنیا سالۆنەکە کە ئەگەر لە بیرم مابێ "تالاری فیردەوٚسی" پر لە خەڵك بوو، زۆریش لە ژووری و لە دەرێ بە پێوە ڕاوەستابوون. هەم لە دەرێ و هەم لە ژووری بۆ باری ئەمنیەتی و وڵام دانەوەی ئەگەری هێرشی مەئمورانی حکوومەتی تەرتیب درابو.

ڕێو ڕەسمێکی بە شکۆ بوو، بە پێی بەرنامەی داڕێژراو قەرار بوو لەپێشدا من بە کوردی قسە بکەم و دوایەش سارم خان بە فارسی بدوێ. چونکە بەشێکی زۆر لە خەڵکەکە بە تایبەت غەیرە کوردەکان ئاگادار نەبوون ئەو ڕێ و ڕەسمە بۆ چی و لەبەر چی یە.

کاتێك چوومە پشت تریبوون و ناوی پێشەوا و کۆمارم بە زمان دا هات خەریك بوو بە چەپڵە و هوڕا میچی سالۆنەکە هەڵگرن. ئاخر بۆ یەکەم جار لە مێژوودا لە شاری تاران و لە کۆبونەوەیەکی ئاوا بەرین دا باسی پێشەوا و کۆماری کوردستان دەکرا و ڕادەگەیەندرا کە لە ٢ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٢٤ی هەتاویدا ئەو ڕوداوە گرینگ و مێژوویە بوەو ئەو ڕێو ڕەسمە بەم بۆنەیەوە پێك هاتوە. پێشوازیەکی زۆر گەرم و گور لە وتەکانم کرا و دوایەش سارم خان هەر بەو شێوەیە و بە زمانی فارسی قسەی بۆ خەڵك کرد و ئەگەر فارسەکان پێشتر باش لە مەوزوعەکەو کوردی یەکە حاڵی نەبون بە فەرمایشەکانی سارم خان جارێکی دی سالۆن بە چەپڵە ڕێزان و دەربڕینی هەست و دانی دروشم بە فارسی تەقیەوە و هەستێکی پاکی بە بەشدارانی کۆبوونەوەی بۆ هاوسۆزی گەلانی ئێران دەگەڵ گەلی کورد دەرخست. ئەو ڕێکخراوە مەدەنی دێموکراتیکە کاریگەرییەکی زۆر باشی لە خۆپێشاندانەکان و بە بەشداری کوردەکان لەو کاتانە دا هەبوو. ببوە جێگای ئومێدی کوردەکان و جێگای تێکۆشانی سیاسی لە زۆر بابەتەوە هاریکاری کوردەکانی بە تاك و بە کۆمەڵ دەکرد. بۆ نموونە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئەوکات لە ناوچەکانی پیرانشار، شنۆ و نەغەدە جوتیارەکان

کەوتنە ژێر هەرەشەی ملکدارە گەورەکان و لە حیزبەوە چەند نوێنەرێکیان بۆ سکالا کردن هاتبوونە تاران، نە تەنیا لە تاران بردمانن بۆ لای سەرۆك وەزیران "بازرگان" بەڵکوو بۆ چوون و دیتنی خومەینیش خۆم وەك بەرپرسی جەمعیەت و حیزب لە تاران دەگەڵیان چووم و ئەوەی بە قسە و بە کردەوە لە دەستمان هات بۆمان کردن.

دوایەش ڕۆژنامەی" بروسکە، تروسکە" وەك ئۆرگانی ئەو ڕێکخراوە بڵاو بۆوە. بەڵام دواتر کە من پاش ئیعلامی جیهاد و فەرمانی هێرشی هێزی کۆنە پەرەستی لە سەر کوردستان لە لایەن خومەینی یەوە درا من کە بە چەند هۆ زۆر ناسرا بووم و مەترسی گرتن وکوشتن و تیرۆر کردنم لە سەر بوو هەڵاتم و هاتمەوە کوردستان و دەربەست خەریکی کاری حیزبی بووم و هاوکاران و هاوڕێ یانی حیزبی و جەمعیەتیش کەوتنە ژێر زەخت و بەینێك کارەکانی ڕاوەستا، دوایەش ناوو پەیڕەوەکەی گۆڕاوە و بە خۆشیەوە تا ئەو جێگایەی بۆیان بلوێ تێکۆشانیان بەردەوامە.



# RASTÎY RÛDAWEKAN

CELÎL GADANÎ

ROJHALAT
PRESS AND PUBLISHER ESTABLISHMENT
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی
رۆژهەڵات

2015